# گەردەلوولی سیاسەت

کۆکراوەی بەرگی یەکەم و دووەم و زیادکردنی دیمانەی دیکە

**فوئاد سدیق**

نەورۆزی 2015 هەولێر

## له جیاتی پێشەکی

ئەم کتێبەی لەبەردەستایە، کۆکراوەی هەردوو بەرگی یەکەم و دووەم و هەندێکیشی خراوەتە سەر، ئەم کتێبە وەك بەناوەکەیەوە دیارە هەر بە راستی گەردەلوولەو پێشمەرگە بە چنگە رنێ خەباتی نەپچڕاوەی کردووە،بۆیە بەهۆی ئەم کتێبەوە دەتوانی تا رادەیەك سەردەمە تاڵ و شیرینەکانی قۆناخی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی دەستنیشان بکەیت، دەزانم هەندێك لەم رووداوانە ئازارێکی شیرینن و مقاوەمەت و گیانفیدایی ئەم کوردە دەردەبڕن،بەڵام زۆریش لەم رووداوانە تاڵ و بەسوێن، بەڵام ئەمڕۆ کاتی هاتووە وەکوو خۆیان بیانبینین و بیانخوێنینەوە، لەپێناوی شیکردنەوەیەکی زانستیانە، کۆمەڵایەتیانە، دەروونزانیانە، سیاسیانە، بۆئەوەی بتوانین، بنەمایەکی پتەوتر لە هی ئەمڕۆ دابنێین.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بزووتنەوەیەکی ئاسایی نەبووە، بگرە لە مێژووی خەباتی گەلانی جیهانیشدا، ناوازەیە،نەبوونی وشیاری سیاسی و رووناکبیریی وایکردووە زۆر هەڵکشان و داکشان بەخۆیەوە ببینێت.. تەمەنی ئەو بزووتنەوانە، قۆناخ بە قۆناخ گۆڕانکاری قووڵی تێکەوتووەو،بەردەوام هەڵوێستی سیاسی پێکناکۆك و ئاڵۆزبووە... هەر لە سەرەتای قۆناخی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیدا فیکرو بۆچوونی جودا بۆ شۆڕش هەبووە، ئەنجام جیابوونەوەی لێ هاتۆتە بەرهەم و دواتریش شۆڕش شکستێکی زۆر گەورەی پێگەیشت و جارێکیدیکە شۆڕشی نوێ سەریهەڵدایەوە و ئەمجارە بە چەندین ئایدۆلۆژیا و کاریگەریی چەندین شۆڕشی جیهانی، شۆڕش لە شاخەکانی کوردستان داگیرسایەوە.

تا ئێستا چەند کتێبێك کە بیرەوەری هەندێ کەسایەتی سیاسین، کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەران، لێ گرفتەکە ئەوەیە، لە هەموو ئەو بیرەوەری و یاداشت نووسینانەیاندا کەسێکمان نەدی پاڵەوانی دۆڕاندنەکان بێت، بەڵکو هەموویان پاڵەوانی داستانە نەمرەکان و سەرکەوتنە هەمیشەییەکانن. لە دوو توێی ئەم کتێبەدا

هەندێ ڕاستی مێژوویيت بۆ دەردەکەوێ، دەزانی ئاراستەی شۆڕش لە کوێوە بۆ کوێ چووە، سەرکردەکانی چۆن بوونە، چ ئایدۆلۆژیایەك بەسەریاندا زاڵ بووە، لەناو دوو توێی ئەم کتێبەدا تا رادەیەك ڕووی ڕاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەدۆزیتەوە،ئەگەرچی بێگومان ئەم قۆناخی ڕزگاریخوازییە پێویستی بە چەندین بەرگ هەیە، زۆر کەسایەتی دیکەش ماون، دیمانەی لەم شێوەیان لەگەڵ بکەم کە ئەزموون و ڕۆڵێکی گرنگیان بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبووە، هیوادارم بتوانم، بەشێکی تری ئەو کەسایەتییانە بخەمە ناوی، کە ڕۆڵیان هەبووە، هیوادارم توانیبێتم حەقیقەتی ئەو شۆڕش و ئەو قۆناخ و زهنیەتی سەرکردە کوردەکانم بە خوێنەر گەیاندبێ، کە دەکرێ خوێنەر بۆ خۆی لێکدانەوەی خۆی بۆ بکات.

# مەلا عەلی عەبدولعەزیز

رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا

بزووتنەوەی ئیسلامی، تاکە بزووتنەوەو ڕێکخستنی سیاسی- سەربازی بەناو ئیسلامی بووە کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکان (1987)دا خەباتی چەکداری دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ڕاگەیاندووە، بەڵام پێکهاتەی بزووتنەوە، بەتایبەتی لە ئاستی سەرکردایەتی زۆر ناڕێك و ناتەبا بووەو، لەو بارەیەوە بزووتنەوە بە یەکێك لەو حزبانە دەدەنرێ کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەزموونێکی زۆر تاڵی چەشتووە، هەر ئەو ئەزموونە تاڵەش بوو، وای لە بزووتنەوە کرد لە هێزێکی کاریگەریی عەسکەری و ئینجا سیاسییەوە بچووك بێتەوە، بۆ ڕێکخراوێکی... کورد گوتەنی"پڵنگ بوو، بوو بە پشیلە"، ئیتر کە سەیرێکی ئەو ئەزموونەی بزووتنەوە دەکەی زۆر پەندو وانەو پرسیار خۆیان قووت دەکەنەوە، لەبەر ئەوەش بوو بە پێویستمانزانی ڕابەری ئێستای بزووتنەوەی ئیسلامی بدوێنین، لە ڕێگای دواندنی ڕابەری بزووتنەوەشەوە، بەشێکی باشی گرفتەکانی بزووتنەوەو هۆکارەکانی شەڕ لەگەڵ "ی.ن.ك"و دروستبوونی ئەو هەموو گروپ و ڕێکخراوە توندڕەوانەو دەرچوونیان لە بزووتنەوەو ئینجا یەکگرتنەوەی بزووتنەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی ئیسلامی و دواتر جیابوونەوەی مەلا عەلی باپیرو مەلا کرێکارو تەکەتولاتی جیابوونەوەی عەلی باپیرو دانیشتنی مەلا سدیقی عەبدولعەزیز دوای ئەو تەکەتولاتانەو چەندین پرسی دیکە، ڕوومان لە شاری هەڵەبجە کرد، بۆ بینینی مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیزی ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی، هەر کە نزیك سکرتاریەتی بزووتنەوە بووینەوە، هاوکات مەڵبەندی بزووتنەوەش لە تەنیشت سکرتاریەتە، بینیمان کچ و کوڕێکی لاو، قۆڵیان لە قۆڵی یەکدی هەڵکێشاوەو بە بەردەم هەردوو بارەگای سکرتاریەت و مەڵبەندی بزووتنەوەدا ڕەت دەبن یەکسەر تێگەیشتم بزووتنەوە لە هەڵەبجە هیچ بەهایەکی نەماوەو بزووتنەوە تەواو چۆتە قالبی خۆیەوەو...هتد.

لەم دیمانەدا هەوڵمانداوە تاڕادەیەك گرفتە ئاڵۆزەکان بخەینە بەر پرسیار، بەو هیوایەی توانیبێتمان تێنوویەتی خوێنەران بشکێنین.

*** ئێوە بنەماڵەیەکی ئایینی بوون، کەچی مامۆستا مەلا سدیق حیزبێکی دروستکرد، شێخ عوسمان حیزبی دروستکرد، چی وای لە ئێوە کرد بچنە ناو ڕێکخستنێکی سیاسییەوە؟**

- لە راستیدا ئەو کاتەی مەلا مستەفا لە رووسیا هاتەوە، بارودۆخێکی زۆر خراپ لە عێراق روویدابوو، ئەو کاتە کوردە نەتەوەییەکان زۆر لاوازبوون، حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمیش بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە شیوعییەکان دەکرد، جەماعەتێکی دیکەش بەناوی نەتەوەیی عەرەبییەوە خەریك بوون، کە پێیانوابوو عێراق غەیری عرووبە شتێکی دیکەی نییە، باسی ئیسلامی تێدا نییە، ئەوە کورد هەر کەس نەیدەتوانی ناوی بێنێ، هەتا کوردەکان "کە ئێستا زۆریان ماون، وەکو عەلی شاوەیس-ێك هەیە لێرە، کاتی خۆی کادیربوو، دەیانگوت کوردستان، ئەوانی دیکە لە بەرامبەر ئەوە هەڵدەپەڕین و دەیانگوت قلیاسان، واتە گاڵتەیان بە کوردستان دەکرد. کە مەلا مستەفا لە رووسیا هاتەوە، خەڵکێك چەپڵەیان بۆ لێدەدا، وایان دەزانی بووە بە رووس، بەڵام کە ئێمە چووینە لای، گوتی من بەهیچ شێوەیەك ئەو مەیل و فکرانەم وەرنەگرتووە، بەڵکو لەوە حاڵیبووم کە لە غەیری ئیسلام هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ ئازادی، لەبەرئەوە سوێند بەخوا ئامادەم سەربازێك بم لە دەوڵەتێکی ئیسلامی خاوەن عەقیدەو ئەخلاق، بەمەرجێك مافی کورد بپارێزێ. ئامادەنیم سەرۆکی دەوڵەتێك بم لە حکوومەتێکی بێ ئەخلاق و بێ عەقیدە. مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە سەرۆکی وەفدی ئێمە بوو، کاتی خۆی دەرسی بە مەلا مستەفا گوتووە، مەلا مستەفا زۆر زۆر ڕێزی دەگرت، لەو دانیشتنە پەیمانێکمان بەیەکتر دا کە کوردو ئیسلام لەیەکتر جیانەکەینەوە، هەزار دەوڵەت بێ، بڵێ ئیسلامم، ئەگەر دان بە مافی کورد نەنێ، ئێمەش دانی پیانانێین.

بێگومان ئەو کاتە ئێمە لە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان و جیهانی ئیسلامیدا دیاربووین، مامۆستا مەلا ساڵح بەرامبەر بە شێخی ئەزهەر دادەنرا، مامۆستا مەلا عوسمان بەرامبەر بە موفتی سعودیەو وڵاتانی دی دادەنرا، لای هەموو

حکوومەتان قسەیان دەڕۆیشت، لەو کاتە هەرچی موفتی و کەسایەتییەکانی لە دەوڵەتە عەرەبییەکان هەبوو، کۆیانکردنەوە، لە کاتی قسەکردن، قسەی مامۆستا مەلا ساڵح بەسەر قسەی هەمووواندا سەرکەوت. جا لەبەرئەوە ئێمە ئەو کاتە لەگەڵ مەلا مستەفا ئەو بڕیارەمان دا، لەراستیدا ئەو تاوەکو مابوو راستی کرد، لێرەش هەر راستمانکرد، بەلامانەوە واجب و شەرع بوو بەرگری لەم میللەتە بکەین، ئینجا بەچی بەرگری لێبکەین! بە هاوکاری مەلا مستەفا یەکێتیی زانایانمان دروستکرد، من سکرتێری ناوچەی سلێمانی بووم، کاك عوسمان کرایە لێپرسراوی گشتی، بەڵام قبوڵی نەکردو گوتی من لێرە دوورناکەومەوە، مەلا عەلی هەولێری لە باتی خۆی دانا.

*** بەڵام دەڵێن مامۆستا مەلا عەلی عوسمان لە ساڵی 1954 چووبووە ناو ئیخوان موسلمین؟**

- ئەی لەگەڵ کێ بین؟ دیارە ئەو کاتە بزووتنەوەیەکی ئیخوانی جیهانی هەبوو، ئێمە پشتگیریمان لەوان دەکرد.

*** عەرەبی بوو، چونکە لە میسر سەریهەڵدا؟**

- نا، جیهانی بوو، لە پاکستان هەیە، لە ئەندەنووسیا هەیە.

*** بەڵام سەرچاوەکەی میسر بوو...**

- چ قەیدییە، لە هەر کوێیەك بووە، مادام بزووتنەوەیەکی جیهانی بووەو فکرەیەکی ئیسلامی بووە، واتە زیندووکردنەوەی ئیسلام بووە، لەبەرئەوەو لەبەر ئەمەش ئەو کاتە حکوومەتی عێراقی سەر بە حلفی مەرکەزی بوو، ئێمە پشتگیریمان لە ئیخوان دەکرد.

*** بەڵام ئیخوان پەیوەندی بە کوردایەتییەوە نەبوو؟**

- چۆن نیەتی؟

*** چونکە ئیخوان مۆرکێکی عەرەبی هەبوو، سەرچاوەی بڕیارە گرنگەکانیشی مورشیدی میسرە...**

- ئێوە نایزانن، چونکە ئێمە لە بناغەکەی بووین، لە ئێوە باشتر دەیزانین، ئێوەو هیچ کەسێك نایزانێ، بێگومان کاك مەسعودیش نایزانێ ئەوەی کە ئێمە دەیزانین و تیابووین و چووینەتە میسرو وڵاتانی سەرگۆی زەوی، من هەرچی ویلایەتی ئەمریکا هەیە گەڕاوم، هەروەها چوومەتە ئەلمانیا، فەرەنسا، میسرو سعودیە، من لە پشتی ئیمامی سعودیەوە بووم کە دوعای بۆ سەرکەوتنی کوردو نەمانی سەدام کرد، من ئەوەم پێ وت، ئەو کاتە میوانی مەلیك بووم. جا لەبەرئەوە ئەو شتانە ئێمە دەیزانین، ئەسڵی فیکرەکە، فیکرەیەکی ئیسلامی بووە، نەك عەرەبی، هەتا دژی نەتەوەیی عەرەبی بووە، بۆیە سەید قوتب و حەسەن بەننایان کوشت، دژی ئینگلیزو جولەکەو داگیرکەربوون، یەکێك لەو ئیخوانانە کە وەختی خۆی لە سوپای عێراقی ئەفسەر بوو، زۆر هاوکاری دەکردین، من بە دەمانچەوە چوومەتە وەزارەتی بەرگری و کەس نەیپشکنیوم، لە زەمانی عەبدولکەریم قاسمدا کۆمەڵێك گەنج لەگەڵ هەندێك عەرەبدا ویستمان کودەتا بکەین، ئەو ئەفسەرە ئەو کات زۆر یارمەتی دەداین، ئێمەش لەگەڵ ئەو هاوکاربووین، بەڵام لە ساڵی 1992 لەگەڵی بەشەڕ هاتم لەسەر ئەوەی گوتی: ئێوە بۆچی بەیانتان دەرکردووەو گوتووتانە فیدرالیمان دەوێ بۆ کوردستان، منیش وتم فیدرالی واتە حوکمی ولایات، ئەی تاکەی ئەم کوردە بێ سەر بێت، بۆ ئێوەی عەرەب 50 دەوڵەتتان هەبێ، ئێمە دەوڵەتێکمان نەبێ! ؟ ئیتر مشتومڕمان بوو، ئیحسانی کوڕیشم لەگەڵدا بوو، دەعوەتی کردبووین، ئەو گوتی: وەختێك وەڵڵاهی من ئێستا لای سەدام مەحکومم بە ئیعدام، بەڵام ئەگەر فیدرالی بدرێ بە کورد، دەگەڕێمەوە لای سەدام و تەشەبزی پێ دەکەم و لە دژی کورد چەك هەڵدەگرم، ئیحسانیش گوتی وەڵڵاهی ئێستا بە تەلەفزیۆن عێراق دەبینی، ئەو جارە وات لێدەکەین بچیە وڵاتێکی وەها بە تەلەفزیۆنیش عێراق نەبینی، لێی توڕەبوو، وەلحاسڵ شەڕێکی خراپمان بوو لەسەر ئەم قسەیەی کردی، ئێمە هەمیشە ئیسلام و کوردمان لەیەك جیانەکردووەتەوە.

*** تۆ بەرەسمیساڵی چەند چوویە ناو ئیخوان؟**

- لە راستیدا من بەڕەسمی نەچووم، بەڵێ منیان کردبووە لێپرسراوی سلێمانی، بەڵام نەك بەو ناوەوە، بەو ناوەی هەر کەسە خەریکی فکرەیەکە، ئێمەش وەکو فکرەی ئیسلام هەوڵبدەین کە ئەو خەڵکە موسڵمان بێ، بێگومان ئەو کات ئێمەو نەتەوەییەکان بەتایبەتی پارتی لە بەرەیەکدا بووین، شیوعی و خەڵکی دیکە لە بەرەیەکی دیکەدا بوون، ئێوە ئەو شتانە نازانن، لە پیاوی ریشسپی بپرسن تا بزانن چیبووە، شیوعییەکان لە هەموو شوێنێکدا خۆپیشاندانیان دەکرد، وێنەی عەبدولکەریم قاسم و مارکس و لینینیان بەرزدەکردەوە، خەڵکی شارەزووری فەقیریان حاڵی کردبوو، دەیانگوت بیگرە، بیکوژە، ئەمە کوردیشە، لاویشە، پارتیشە. ئەوە مەسەلەیەکی مەشهور بوو، ئێمە لە بەرامبەر ئەوان دەوەستاینەوە، ئەحمەد نەقیب هەبوو لە سلێمانی، ئێستاش ماوە، بڕۆن لێی بپرسن دەوری مامۆستایانی هەڵەبجە چی بوو.

*** ئەو کاتە مامۆستا مەلا عوسمان لە ئیخوان دابوو....**

- ئەمە ئیخوان نەبوو، حیزبێکی ئیسلامی دروست بوو، کاکە من بەڵگەم هەیە...

*** بەڵام ئەو حیزبە ئیسلامییە درێژکراوی ئیخوان بوو..**

- راستە لەسەر ئەو فکرە بوو، بەڵام ئەوە حیزبی ئیسلامیی عێراقی بوو، یەکەمجار کە داوای دامەزراندنیان کرد، عەبدولکەریم قاسم مۆڵەتی نەدانێ، وتی ئەوانە چەند کەسێکن، مامۆستاو ئەندازیارن، ئەوانەش نوێنەرایەتی هەموو عێراق ناکەن، تەنها نوێنەرایەتی بەغداو رومادی دەکەن. ئەوانیش هاتن بۆ ئێرە بۆ لای کاکە مەلا ساڵح، چووبوونە هەولێرو سلێمانی، دیارە وەڵامیان نەدابوونەوە، کە هاتن بۆ ئێرە، کاکە مەلا ساڵح گوتی ئەگەر ئێوە راست دەکەن و بۆ حکوومەتی ئیسلامی بێت، ئامادەم هەرچی بڵێن بۆتان بکەم، ئەوانیش زۆر مەمنون بوون. ئێمەش چووینە سلێمانی و کەسایەتی زۆرمان بینی، ئینجا کاکەم مەلا ساڵح کاغەزێکی بۆ مەلا مستەفا نووسی، مەلا مستەفا ئەو کاتە لە قەسری سەباحی نوری سەعید دابوو، کاکەم منی نارد، مامۆستایەکی دیکەشم لەگەڵ بوو، کە چووین یەکسەر تەلەفۆنم

کرد، مەلا ساڵح کە خوشکەزای مەلا مستەفایە، ئێستاش ماوە، هات ئێمەی برد، کە چووین لە قەراخ بەحرەکەوە هەزار کەس لەناو باخەکە وەستابوو، رێ نەبوو ئەوەندە قەڵەباڵغ بوو، مەلا ساڵح ئێمەی لە گوێی بەحرەکەوە بە سەیارەیەکەوە بردە ژوورێ و وەڵڵاهی پێنج دەقیقەی پێنەچوو مەلا مستەفا لە دەرگایەکەوە هاتەوە ژوورەوە، ئیتر مەرحەباو چاك و خۆشیمان لە یەکترکرد، تەنها سەید عەزیزو نوری ئەحمەد تەها لەو ژوورە وەستا بوون، کاغەزەکەی مەلا ساڵحمان پێدا، کە لە نامەکە گوتبووی پێشتر ئێمە شتێکی وامان لەگەڵ تۆ گوتووە، ئێستاش حیزبێکی ئیسلامی داواکارییان پێشکەش کردووەو داوای پشتیوانی لە ئێمە دەکەن، ئایا جەنابت رات چییە؟ (مەلا مستەفا)ش گوتی کێ ئەمە دەکا؟ من باش نایانناسم، زۆر کەس بەناوی ئیسلامەوە درۆ دەکات، کێ لە پشت ئەوانەیە؟ منیش گوتم وەڵڵاهی نازانم، فەرمووی برۆن ئەگەر ئەمجەد زەهاوی پشتگیری کردن من لەگەڵ ئەوم، شێخ ئەمجەد کورد بوو، ئەو کاتە موفتی هەموو عێراق بوو، سەرۆکی رابیتەی عالەمی ئیسلامی بوو، ئێمەش چووین بۆ خزمەت شێخ ئەمجەد، ئەویش نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا نووسی، کە ئێمە داوای عێراقێك دەکەین مافی هەموو کەسێکی تێدا مسۆگەر بێ، یەکێ لەوانەی ئومێدمان پێی هەیە، تۆی، لەبەرئەوەی لە نەوەی شێخ عەبدولسەلامی، ئومێدمان هەیە عەموودی فەقەری ئەو مەسەلەیە بیت. ئەوە ساڵی 1961 بوو.

*** واتە تەقریبەن لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول بوو؟**

- بەڵێ. برا! بناغەی شۆڕشی ئەیلول ئێمە بووین، ئێمە بەناوی ئیسلامەوە کردمان، دەمانگوت واجبی شەرعیەو دەچووینە لای خەڵکی لادێ و ریشسپییەکان و هانمان دەدان بۆ موزاهەرەکردن، کەچی شوعییەکان دەهاتن مەقەری پارتیەکانیان دەسوتاند، ئێمەش دەچووین (انا فتحنا)مان تێدا دەخوێندو بارەگاکەمان دەکردەوەو بەشەق شیوعییەکانمان دەردەکردن، ئێستاش شیوعییەکان لە پێشترن.

*** کەی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی دامەزرا....**

- کوڕە پەیوەندی چی! ؟ ئەو پەیوەندی و مەیوەندییە هەر نەبووە، ئەمە ئیخوان دروستیکردبوو، ئێمە بزووتنەوەمان بە رێککەوتن لەگەڵ کاك مەسعودو مام جەلالدا دروستکرد، کە بۆردومانی هەڵەبجەیان کرد، ئێمە دەرچووین جیهادمان راگەیاندو لەسەر مەسەلەی کورد فەتوامان دەرکرد. ئەو ئیخوان موسلمینەی تۆ باسی دەکەی ئەو یەکگرتووەیان دروستکرد بۆ ئەوەی بەرگری لە ئێمە بکات، هەتا لەسەر ئەوە تەفرەقەمان کرد، ئەو سەلاحە (ئەمینداری یەکگرتوو) گوتی نابێ ناوی کوردستان لەو مەنهەجەدا ببێ، ئێمەش گوتمان دەی بڕۆن خوا حافیزتان. رۆیشتن.

*** مەبەستم ئەوە بوو کە مامۆستا مەلا عوسمان بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی (الرابطة الاسلامی) دروستکرد؟**

- نا، رابیتەی دروست نەکرد. بزووتنەوەی دروستکرد لە 1987، پێش ئەوەش هەر خەریك بووین و هاتوچۆمان دەکرد، هەتا ئەوکات لولەی تفەنگی جاش چاوی پیاوی دەردەهێنا، ئێمە لەناو جاشەکان شتمان دروست دەکرد، موزاهەرەمان دروستدەکرد.

*** مەبەستم ساڵی 1978 بوو؟**

- نا، ئێمە لە 1987 بزووتنەومان راگەیاند.

*** ئیعلانی بزووتنەوە نا، ئیعلانی رابیتە لە 1978 بوو...**

- نا نا، ئێمە خۆمان جەماعەتێکمان نارد، ئێستا ئەو مەلا مەحمود ئازادیە ماوە، بزانە خۆم رەوانم کردن بۆ ئێران یان نا؟ دەیانگرتن، لە هەڵەبجە لەبەر من نەدەوێران بیانگرن، بەڵام لە سلێمانی دەگیران، ئەرێوەڵڵا من ناردمن، وەکو شێخ مەحمود بەرزنجی، مەلا مەحمود، مەلا عەلی بیارەیی، مەلایەکی دی لە پێنجوێن شەهید بوو، بەڵام شێخ محەمەد ئێران خۆیان بانگیان کردو رۆیی.

*** کاریگەریی مامۆستا مەلا عوسمان نەبوو کە تۆش پەیوەندیت بەو حەرەکاتانەوە کرد؟**

- کوڕە ئێمە لە ژیانمان هەر حەرەکی بووین.

*** واتە کاریگەریی برا گەورەکەت نەبوو؟**

- لە هەموو شتێکدا تابعی بووم، بەڵام لە راستیدا ئێمە باوکیشمان هەر حەرەکی بوو، وەختی خۆی لەگەڵ شێخ مەحموددا دۆست بووە.

*** لە ساڵی 1971 کە مەلا عوسمان لەناو ئیخوان کاری دەکرد، لەو ساڵەدا ئیخوان چالاکی خۆی راگرت تا ساڵی 1979؟**

- بەڵام خۆ ئێمە لەگەڵ ئەوان نەبووین، رەفزیان کرد.

*** مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین دەڵێ مامۆستا مەلا عوسمان لەگەڵ ئێمەدا بوو....**

- ناوەڵڵا.. ئێمە داوای حیزبێکی ئیسلامیی موستەقیلی عێراقیمان کرد، بۆ ئەوەش 3600 ئیمزامان بۆ بەغدا برد، لەبەر ئەوەش ئیجازەکەیان دا، ئەگەرنا نەیاندەدا، بێگومان رای (مەلا مستەفا)شمان وەرگرتبوو، ئەمجا دوایی هاتینەوە خوا لێیان خۆشبێ شێخ عوسمان بیارەیی، مەلا صاحب، مامۆستا مەلا رەحیم لە سلێمانی، مامۆستا سەید عارف، هەروا لە هەولێر مەلا عەولای کونەفلوسەیی و مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی، هەرچی مەلا هەبوو یەکدەنگ بوون لەسەر پشتگیریکردنی ئەو مەسەلەیە، پشتگیریمان کرد، ئیجازەکەش عەبدولکەریم قاسم نەیدا، دادگا دای، چونکە بوو بە جەماوەری.

*** کێ بوو بە ئەمینداری گشتی؟**

- هەر ئەو کات کەسێکیان هەڵبژارد بەناوی مەلا نورەدین کە کورد بوو، خەڵکی کەرکوك بوو، بەڵام ئەو نەیکرد. دوایی لە نێوان کاکم عوسمان و(د. نعمان سامرائی) کە ئێستا لە سعودیەیە مایەوە، کاکم عوسمان رەفزی کردو گوتی من ناتوانم هەڵەبجە بەجێبێڵم و ئەو مەسئولەش دەبێ لە بەغدا بێ، بۆیە (د. نعمان) کردی.

*** دوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هات، لە ئێران کێ ئەمینداری گشتی ئیخوان بوو؟**

- نەما دوای ئەوەی کە گیران.

*** لەناو ئۆردوگاکان و خەڵکی ئاوارە لە ئێران چالاکیان دەنواند....**

- ئەوە دوایی بوو. لە دژی ئێمەش بوو، دەچوون پارەیان دەدا خەڵك، دەیانگوت مەبن بە بزووتنەوەو گوناحە عەسکەری عێراق بکوژن.

*** کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە 1987 دامەزرا بە تەوجیهی ئێران بوو، یان بیرکردنەوەی خۆتان بوو، کێ یەکەمجار فکرەی دامەزراندنی بزووتنەوەی دانا؟**

- ئێران دەوری نەبوو لە دروستبوونی بزووتنەوەدا. وەکو پێمگوتی لەوەوپێش لەگەڵ مەلا مستەفا هەماهەنگیەکمان هەبوو، لە دواییشدا لە بزووتنەوەی کوردیدا، رۆژێك لە رۆژان بێبەش نەبووین لەگەڵیاندا، هەتا لە زەمانی مەلا مستەفا، من خۆم چەند جار بەشداری جەبهەم کردووە.

*** وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە، لە ساڵی 1987 کە بزووتنەوەتان دامەزراند، بیرۆکەکە هی کێ بوو؟**

- وەڵڵا بیرۆکەکە هی خۆمان بوو، هیچ کەسی دیکەی تێدا نەبوو، یەکەمجاریش دەستەڵاتدارانی ئێران نەیانهێشت بچینە ناو ئێران، تا گفتوگۆمان کرد، ئەو کات شەڕی عێراق- ئێران بوو، هەڵەبجە بۆردومان کرا، رێیان لێگرتین، تەقەیان لێکردین، هەندێ خەڵکی عەشایەرمان بۆ لایان نارد، چوون پێیانگوتن ئەوانە مامۆستاکانی هەڵەبجەن، سەرداری ئەو ناوچەیەش گوتبووی ئێمە ناتوانین رێگایان بدەین، ئەمرمان پێکراوە لێرە کەس هاتوچۆ نەکا، بەڵام با نامەیەك بنووسن، ئێمە بەبێ سیم دەینێرین بۆ خامەنەیی وا لە کرماشانە، ئەو کات سەرۆك کۆماری ئێران بوو، ئیتر من چووم لەگەڵ ئەفسەرەکان قسەم کردو گوتم من فارسی نازانم، گوتی بە عەرەبی بینووسە، بە عەرەبی نووسیم کە ئێمە لەگەڵ عێراق شەڕمانەو ئێوەش شەڕتانە، ئێستا هاتووین ئەگەر بەو 8 بڕگەیە رازین پێی، ئەوە دێین، ئەگەرنا ئێمە تا ئاخیر قەترەی خوێنمان لێرە شەڕ دەکەین.

*** ئەی ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی کێ داینا؟**

- ئێمە خۆمان دامانناو، هەتا ناوی رادیۆکە (دەنگی ئیسلام) من دامنا، کابرای ئێرانی زۆری لاسەیر بوو کە گوتم تەلەفزیۆنێك دادەنێین بەناوی دەنگ و رەنگی

ئیسلام، به رادیۆکەش دەڵێین دەنگی ئیسلام، به فکرەی ئێمه زۆر سەرسام بوون. هەتا که لەگەڵ دکتۆر ویلایەتیدا چووم بۆ ئەوروپا، کوڕی خۆم لەگەڵدا بووایه، قەسەم بەخوا ئەوەندە ئیتاعەی نەدەکردم. هەر شێخ شێخ و ئوستادی پێدەگوتم، خۆ ئێمه منالّی ئێستا نین. وەڵڵاهی کاتی خۆی که لەگەڵ مەلا مستەفا دەچووینه ژوورێك، فەرمووم لێکرد که پێش من بکەوێ، گەڕایەوەو گوتی دەتەوێ خەجاڵەتم بکەی، گوتم (استغفر الله) جەنابت برا گەورەی و هەموو شتێکمانی، گوتی نا، نا شتی وا نییه، مەبەستم ئەوەیه بڵێم خۆ ئێمه منالّی ئێستا نین برا! ئێستا هەندێك هەتیو پەیدابوونه.

**❋ که بزووتنەوە دامەزرا تۆ بووی به جێگری رابەر؟**

- بەڵێ هەر ئەوکاته منیان دەستنیشانکرد، زۆرم هەوڵدا که من نەبم، بۆ وەفدی خارجییش که یەکەمجار بۆ دەرەوە ناردمیان، زۆر ئیلحاحم کرد که من نەچم، لێرە بەسەر پێشمەرگەدا بگەڕێم، هەروەها مەسئولی مەکتەبی عەسکەریش بووم، گوتم نایکەم، کەسێك لێرە بوو، مەیلی پارتی هەبوو، کوڕێکی باش و عەقید بوو، بڕیار وابوو بێته دەرەوەو بیکەین به مەسئولی مەکتەبی عەسکەری، گوتم به شەرتێك دەیکەم تا کەسێك دێ، ئینجا ئەو شێخ محەمەد بەرزنجیه کاتی خۆی له مەکتەبی سیاسی بوو، گوتی بابه تۆ خۆت لەوە مەشارەوە، ئێران هەر له خامەنەییەوە هەتا خوارەوە حورمەتت دەگرن، پێشمەرگه ریزت لێدەگرێ، تۆ دەورت هەیه، ئێستا من بڕۆم بڵێم کێم، کوڕی کێم، چیم کردووە! نەوەڵڵا هەر دەبێ تۆ بیت، ئیتر ئیسراریان کردو منیش گوتم چارنییه فەرمانەو قبوڵی دەکەم. من دەمویست له شوێنێکدا بەجیا دابنیشم و پاڵپشتی بزووتنەوە بکەم، ئێرانییەکان زۆریان هەوڵدا که من چی بڵێم بۆم بکەن و بەشەرتێ جیابم وەکو ئیمام جومعەو هەموو جار به دۆستی ئیمام خۆشی ئامەد پێشوازیان دەکردم.

**❋ کارێکی قورس نەبوو، دوو برا رابەرو جێگرین؟**

—ئاخر لەسەر ئەساسی برایەتی نەبوو، ئەسڵەن لە عولەمای عێراقیدا کەسێکی دیکەی وەکو کاکەم عوسمان نەبووە، نەك لێرە لە بەغداش، ئەگەر هەبووایە ئەو دەبوو، دواتر کاکەم عوسمان دەوری هەبووە، هەزاران مامۆستای کرمانشان و پاوەو بانەو ئەو وڵاتانە هەموو قوتابی ئەو بوون. ئینجا ئێمە وەکو خێزان و بنەماڵە ماڵی خۆمان سەرفکردووە، کاکەم عوسمان وەکو پێشمەرگەیەك جارجار مەعاشی وەردەگرت، شەخسیەن قەسەم بەخوا ئێستا حیسابی بکەم دوو سێ ملیۆن دینارم بۆ خەڵك خەرج کردووە.

*** کە بزووتنەوەتان دامەزراند، بە کۆبوونەوە بوو، یان بڕیارێك بوو لەلایەن مامۆستا مەلا عوسمان و جەنابت؟**

- ئێمە ئەو کاتە ناومان لێنەنابوو، چونکە حیزبی بەعس زۆر موسەیتەر بوون، زۆریش مەلعون بوون، جارێکیان لەگەڵ (شکر الحدیپی) کە پارێزگاربوو، ئەندامی (مەجلیسی قیادەی سەورە) بوو، تێکچووین ئەو گوتی من ئەندامی (مجلس قیادە پورە)م و موخەوەلم، منیش گوتم نوێنەری خوام لەو مزگەوتە، ئیتر خوا گەورەترە یان (مجلس قیادە ثورە) ؟ بەڵام ئەو عەرەبانە هەندێکیان ویژدانیان هەبوو، گوتیان وەڵڵا (الله اکبر)، ئێ گوتم قسەت ماوە، گوتی ناوەڵڵا، بەخوای ئێمە هەمیشە راشکاوبووینە، بەخوای مەوزوعەکەش زیاتر لەسەر کوردایەتی و مەلا مستەفا بوو.

*** کە بزووتنەوەتان دامەزراند ئێوە لە هەڵەبجە بوون؟**

- ئێمە لێرە کۆبوونەوەمان هەبوو، یەکەمجار کە کۆبووینەوە مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە، کاك عوسمان، کاك عومەر، من و هەندێك خەڵکی دیکە بووین، ئەسڵی فیکرەکە هی ئەو سێ چوار کەسە بوو، خوالێیخۆشبێ شێخ جەمیل موفتیش لە هەموو فکرەیەکدا لەگەڵمان بوو، ئیتر ئێمە نیازمان نەبوو دەربچین، بەڵام خەبەری راستیان داینێ کە دەتانگرن و دەتانبەن بۆ بەغداو لەوێ هەرچی خۆیان حەز بکەن بۆتان دەنووسن و دەبێ لەسەر تەلەفزیۆن و رادیۆ، ئەو قسانە بڵێن، ئەگەر نەیڵێن ئەو وڵاتە نابیننەوە، ئەوە دۆستێکی خۆمان لە ئیدارەی پارێزگا پێیگوتین، من پێش ئەوە زیندانیکرابووم، 6 ساڵ لە ناوچەی رومادی و ناسریە بووم.

*** مەلا سدیق لەگەڵتان نەبوو؟**

- نەخێر.

*** لە دیمانەیەکدا  مامۆستا عەلی باپیر دەڵێ من ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی-م بۆ مامۆستا مەلا عوسمان پێشنیارکردو ئەوانیش قبووڵیان کرد؟**

- ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەسڵەن عەلی باپیر هەر نەماندیوەو نەماننناسیوە.

*** دەڵێ هاتووچۆمان لەگەڵیان هەبووە؟**

- وەڵڵاهی درۆ دەکا، تەنها ئەوەبوو لەلایەن یەکێتییەوە فەرمانی گرتنی هەبوو، نازانم لەسەر چی بوو، ئێمەش کاغەزمان بۆ عەباسی بایز ئاغا نووسی، خۆی ئێستا ماوە، من شەخسەن کاغەزم بۆ عەباسی بایز ئاغا نووسی، کە ئەم کوڕە دێتە لای جەنابت، دەبێ پارێزگاری بکەی.

*** کەواتە دەتنناسی؟**

- وەکو قوتابی، وەکو منالێك دەماننناسی، دوای ئەوەی کە ناردمانە لای عەباس ئاغا ئیتر نازانم چۆنی تەکبیرکرد، بەڵام جارێکیان عەباس ئاغا گوتبووی وەرەقەی فورسانیم بۆ کردو لای خۆم دامنا، 3-4 ساڵ لای عەباس ئاغا بوو، مووچەی دەدایێ، عەلی باپیر لای ئێمە بە خەوێك خۆی چەسپاند، 20 شاهێد هەیە، ئێمە کە چووینە ئێران، عەلی باپیر هەر لە بیرمان نەبووە، ئایا هەیە، نییە، ئێمە کە مەلاکانمان نارد بۆ ئێران دەمانگوت بڕۆن بزانن ئەو ئێرانە چی دەکا، ئایا راستە موسڵمانە، چییە، (صیادی شیرازی) لە نێوانمانداببوو، بۆمان دەنووسین ئەگەر ئێوە موسڵمانێکی راستەقینەبن، تەماشا رەفتارو رەوشتتان دەکەین، ئەوە ئەهلی سوننە لە ئێران هەن، کورد هەن، ئەگەر راستتان کرد مەسەلەی شیعەو سوننەو فارس و غەیرە فارسی تێدا نەبێ، ئامادەین پشتگیریتان بکەین، ئینجا وەك گوتم کە چووینە ئێران نامەکەم بۆ خامەنەئی نووسی، ئەویش زۆر بە پیاوانە وەڵامی دایەوە کە قسەکانتان قبوڵەو وڵاتی خۆتانەو فەرموون، کە ئەمری کرد ئێمە 600 کەسمان لەگەڵدا بوو،

بەلەمیان دابەست لە بەحرەکەوە رۆیشتینە ئەوبەرو پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردین، وەزیری داخیلی و هەیئەتێك و نوێنەری خامەنەئی لە کرماشان هاتنە پێشوازیمان و بۆ کرماشان داوەتیان کردین و دواتر بۆ تاران، یەکسەر بۆ لای خامەنەئی و رەفسەنجانی، بەڕاستی لەوێ چیمان گوت رازی بوون لەسەری، ئینجا باقر حەکیم هات بۆ لامان، شەخسیات لەملاولەولا بۆ لامان دەهاتن، ئینجا ئەو جەماعەتەی پێشتر کە ناردبوومانن، ئەو رابیتەیەی تۆ دەیڵێی دروستیانکردبوو شێخ محەمەد مەسئولیان بوو، بەڵام هەموو جار بۆ ئێمەیان دەنووسی، ئەگەر ئێوە نەیەن و فریامان نەکەون، گرنگیمان پێنادەن و دەڵێن ئێوە کەمن، ئێمەش ئەو کات بە بەرژەوەندمان نەدەزانی عێراق بەجێبێڵین، کە لە ئێران بووین بزووتنەوەمان دروستکرد، ئەو جەماعەتە هاتن تکایان کرد گوتیان دێینە ناو بزووتنەوە، ئێمەش گوتمان لاریمان نییە، بەڵام ئەو ناوەمان قبوڵ نییە، دوایی ئێوە کە هاتوون بەڕاستی بوونەتە پیاوی ئێران، ئێمە لای خامەنەئیش گوتومانە، وصایەتی کەس قبوڵ ناکەین، هەموو دەسەڵاتێك دەبێ هی خۆمان بێ، ئەوانیش رازی بوونە، بەڵام ئێستا ئێوە وەکو پاسدارتان لێ هاتووە، بە مەلا مەحمودمان گوت کە ئەوان ناردبوویان، دواتر بە شێخ محەمەدو ئەوانی دیکەشمان گوت، ئینجا ئێمە چووین و بڕیارماندا ناوی بنێین بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، ئەگەر عێراقمان نەگوتایە، لەوانەیە ئێران دەترسا لە کوردستانی ئێرانیش خەڵك وەربگرین، زۆرکەس دەیوت هەر ناوی کوردستان نەیەت، گوتمان نابێ ئێمە لە کوردستانداین و پێشمەرگەشمان هەمووی کوردە.

*** لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەبوون ئەو رایەیان هەبێ؟**

- **نەخێر.** ئینجا دوای ئەوە ماوەیەکی پێچوو ئۆردگایان بۆ کردینەوە، لەشکرمان دروستکردو هێزمان هێنا، من خۆم لەگەڵ هێزێك کە 70-80 کەس بووین هاتم بۆ ناوچەی ماوەت و بڕیاربوو بچینە قەرەداغ. دوایی بروسکەیان بۆ کردم، گوتیان بگەڕێوەو من گەڕامەوەو لەوێ مەلا برایمی کاك عوسمان-مان لەگەڵ جەماعەتەکە نارد، ئینجا 3-4 مانگ دوای ئەوە دوو سێ کەس بۆ لای ئێمە

هاتن، یەکێکیان سەید مستەفایەك بوو لە هەولێر کوژرا، ناوی لەخۆ نابوو محەمەد مەهدی، کە هاتن ئێمە لە ماڵی کوڕێکدا لە ئۆردوگای سەریاس دەعوەت بووین، عەلی باپیریشیان لەگەڵدا بوو، گوتیان 3-4 قوتابی هاتوون دەڵێن دەمانەوێ چاومان بە مامۆستا مەلا عوسمان بکەوێ، کاکەم عوسمان-یش گوتی بابێن نان بخۆن، ئەوەی دەعوەتی کردبووین خاڵۆزامان بوو، هاتن بۆ ئەوێ، ئیتر عەلی باپیر تەبیعەتێکی هەیە، چونکە لە ماڵی خۆیان لە خۆی گەورەتری تیا نەبووە، کە دەڕۆیی یەکێکی لەگەڵ بووایە خۆی بەکێخوا دادەنا، ئێمەش پێمانخۆش بوو کوڕی گەنج و ڕێکوپێك بێنە ناو بزووتنەوە، خواخوامان بوو یەکێك لە حکوومەت جیابێتەوە، هات گوتی من نەختێك پرسیارم لە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان هەیە، حەزدەکەم تۆزێك چۆڵی بکەن، 7-8 کەس لە ژوورەکە بوون، جەماعەتەکە ڕۆیشتن دوو سێ کەس ماینەوە، گوتی قوربان من نەمزانیبوو کە جەنابتان هیجرەتتان کردووەو بۆ ئێرە هاتوون، من لەوەوپێش جارێکی دیکە هاتم بۆ لای مامۆستا شێخ محەمەدو ئەوانە، بەڵام کە دیم ئەوان پیاوی پاسدارن، بۆیە لای ئەوان گلم نەخواردو بە مەئیوسی گەڕامەوە، بەڵام حەزم لە جیهاد کردووە، گوتی لەو شەوانە خەونێکم بینی لە شوێنێکدا دانیشتبووم، وەکو گردۆڵکەیەك بوو، ڕێگەیەکی لە بەردەمدا دەڕۆیی، خەڵك پێیدا دەڕۆیشتن، تەماشام کرد قەرەباڵغیەکی زۆر گەورە هات، یەکێك لە پێشیانەوە بوو، زۆر عەجایەب و بەشەوکەت بوو، پرسیم ئەرێ ئەوە کێیە، گوتیان پێغەمبەرەو سەحابەکان لە خزمەتیدا دەڕۆن، منیش رامکرد بکەومە شوێنیان، تا من گەیشتمە سەر ڕێگاکە ئەوان قەدەرێك ڕۆیشتن، دوایی یەکیان لەدواوە بەدەست ئیشارەتی کردو گوتی مەیێ، گوتی هەر ویستم بچم، ئەو وەکو حەرەس لە پشتەوە بوو دەیگوت مەیێ، ئاخیرجار کە هەر ویستم بچم، ئاوڕی داوەو بە دەست ئیشارەتی بۆ دواوەم کرد کە بۆ دواوە بگەڕێمەوە، منیش ئاوڕم دایەوە قەرەباڵغیەکی دیکە بەهەمان ڕێگادا دەهات، تەماشام کرد جەنابت (مامۆستا مەلا عوسمان) لە پێش هەموویانەوە بوویت. منیش وەستام تا ئێوە هاتن، مامۆستام ناسی و چەند کەسێکی دیکە کە لە خزمەتیاندا بوون ناسیم، بەڵام هەموویم نەناسی،

منیش هاتم دەستی جەنابتم ماچ کردو کەوتمە تەکتا، لە پاشان لەپڕ خەبەرم بووەوە، کاکەم عوسمان پێیگوت ئەو خەونەت چۆن لێکداوە، گوتی قوربان وام تەئویل کرد ئەوە پێغەمبەرەو ڕێڕەوەکەی پێغەمبەر ڕۆیی و من لە زەمانێکی تردام، فریای کەوتم، ئیتر ئەو ڕێڕەوەی جەنابتان وەك ڕێڕەوەکەی پێغەمبەرەو من کە لە خەوەکە هەڵسام، بڕیارمدا بێم بۆ ئێرەو بکەومە تەك ئێوە، ئەوە مەسیرەکەی پێغەمبەرەو تەواوە، ئیتر کاك عوسمان-م گریاو گوتی خوا دەکا قبوڵمان دەکات، بەخوا ئێمەش مەبەستمان دینەو مەبەستمان ئەوەیە ئەو میللەتەی خۆمان چیدیکە ژێردەست نەبێ، گوتی قوربان من لە خزمەتتاندام، ئینجا داوایکرد بەیعەت بکا، کاکەم عوسمان-یش بەیعەتەکەی قبوڵکرد، دوای ئەوەی ڕۆژێك مایەوەو بە کاکەم عوسمان-ی گوت قوربان دەمەوێ بگەڕێمەوەو تەوجیهاتێك دەدەم بە خەڵك، ئەویش گوتی باشەو ئەو مەلا مەحمودەشی لەگەڵدا نارد، ئەوکات شێخ مستەفای زینوێی کە موستەشار بوو تازە لەناورژێم دەرچووبوو، جەماعەتی یەکێتی چەك و پارەو شتیان لێسەندبوو، ئەویش خەبەری ناردبوو کە من هەر بۆ لای ئێوە هاتووم و بەڵام وا لێرە تووشی ئەو بەزمە بووم، ئێستا وا لە ناوچەکەی خۆمانم، کەسێك بۆ لام بنێرن، کاکەم عوسمانیش بە عەلی باپیرو مەلا مەحمودی گوت، ویستم عەلی برام بنێرم، بەڵام مادام ئێوە دەچن، هەندێك پارەو یەك دوو دەمانجەش بوو، پێیدان و گوتی بیدەن بە شێخ مستەفا ئەوانیش ڕۆیشتن بۆ لای شێخ مستەفاو لەوێوەش لەسەر تەوجیهاتی شێخ مستەفا بڕۆن، بەڵام دیاربوو وەکو دواتر شێخ مستەفا باسیکرد، نەچووبوون بۆ لای شێخ مستەفا بۆ شوێنی دیکە چووبوون و زۆر گەڕابوون بەناوی نوێنەری بزووتنەوە. ئەوجا ئەوەبوو مەسەلەی عەلی باپیر، کە پاش ئەوەی هەموو شتێك تەشکیل کرابوو، ئینجا هات، لە ڕانیەوە هات، وەکو گوتم ئێمە حەزمان دەکرد یەك زەلام بێت بۆ لامان، هەر چەندە لە ناوچەی ڕانیەو قەڵادزێ-وە نامەیەکی زۆریان نووسیبوو، جەماعەتێك ئیمزایان کردبوو کە ئەم شەخسە وەرمەگرن و زۆر خەتەرەو مەلاو شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە لێی ڕازی نین، بەڵام ئێمە گوێمان پێنەدان.

*** ئێوه كردتانه ئەندامی شورا؟**

- ئەو وەختە نەبووە شورا، وەكو ئامر هێزێك بوو.

*** ئەو دەڵێ لە 1988 بوومە ئەندامی شورا؟**

- نا، راست نییە.

*** بە كۆنگرە بووە ئەندامی شورا؟**

- وەڵڵا، ئێمە ئەو كاتە بڕیارماندا هەر كەسێك لە هەر شوێنێكەوە بێت و خەڵكێكی لەگەڵدا بێت بیكەینە ئەندامانی شورا، تەنزیمی نەبوو، هەتا كابرایەك بە تەنیا لە دهۆكەوە هاتبوو كردمانە ئەندامی شورا، بۆ ئەوەی نوێنەری ئەو ناوچەیە بێ كە لێی هاتووە.

*** مەلا كرێكار لە ساڵی 1987 لە پاكستان بوو، لە ساڵی 1988 كە هاتەوە پەیوەندی بەئێوە كردو یەكسەر كردتانە ئەندامی شورا، بۆچی خەڵك بە ئاسانی دەبووە ئەندامی شورا؟**

- راست دەكەی زۆر ئاسان بوو، بەڕاستی راستە ئێمە حەرەكی بووین و دینمان خۆش دەویست، بەڵام هیچمان لێنەدەزانی، وەكو پارتی و یەكێتی نەبووین، كابرایەك بێ بڵێن ئادەی بڕۆ دوو زەلام بكوژە، ئینجا قسەت بۆ دەكەم، هەر كەسێك دەهات قسەی خۆشی دەكرد، دەمانكردە مەسئول، جارێ ئەگەر عەلی باپیر خەوەكەی گێڕایەوە، لەبەر چاوی كاكەم عوسمان عەلی باپیر ببووە هەموو شتێ، گوایە ئەوە لە خەودا پێغەمبەری دیوە، كوڕە بابە كێ دەڵێ راست دەكا! ؟ دوایی رەفیقەكانی خۆی پێیاندەگوت ئەگەر ئەو خەوەت راستبووە، مانای وایە تۆ تەمەرودت لە پێغەمبەر كرد، ئەگەر خەوەكەت درۆ بووە، ئەوە هەر لە ئەوەڵەوە ماڵت وێران بووە.

*** دوای ئەوەی مەلا كرێكار لای ئێوە بووە ئەندامی شورا، هەر زوو تەمەرودی كردو لە ساڵی 1991 چووە سۆران و بارەگایەكی كردەوە، لەسەر چی بوو؟**

- دەزانی چییە؟ ئەو بزووتنەوەیە وەكو تەجەموعێك بوو، خەڵك لە دژی بەعس و بارودۆخە خراپەكە كۆببوونەوە، ئەوەنەبوو لەسەر ئەساس و تەنزیمێك بێ، نەوەڵڵا هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو، ئەو مەلا ئەمینە كە وەختی خۆی كوشتیان یەكێ بوو

لەوانە، من چووم وتم بابە مزگەوت داگیر مەکە، کەچی پێشمەرگەکانی هەموو بەرامبەر ئێمە لە حاڵەتی ئامادەباشی وەستابوون، پێم وت هەتیو ئێستا من تۆ بکوژم، خەڵك چیم پێ دەڵێن، کە گەڕامەوە فەرمانێکمان دەرکرد کە ئەو کەسە هی ئێمە نییە، یەکسەر چوو بووە یەکێتی، ئەو جارە لە یەکێتیەوە هات بۆ لای پارتی و بووە پارتی، پارتیش لە بەستۆرەی دانا، پاش ماوەیەك کوژرا، ئیتر رەفیقی خۆی کوشتی، یان نازانم چۆن کوژرا..

*** شێخ زانا لە ئیعترافاتەکانیدا دەڵێ من کوشتم...**

- وەڵڵاهی ئەو ئیشەی باشبوو، ئەوانی دی هەمووی خراپ بوون، بەڵام ئەوەی باش بووە.

*** لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992، ئێوە مامۆستا مەلا عوسمانتان دانا بۆ رابەری هەڵیبژێرن؟**

- ئەوە خەڵك داینا، بەڵام من هەتا کاك نێچیرڤان باش دەزانێ کە من بووم، مەلا ئەحمەد بوو، نێچیرڤان بارزانی بوو، ئازاد بەرواری بوو، جەماعەتێك بووین لەسەر ئەو مەسەلەیە دانیشتبووین، وتیان ئێوە کێ هەڵدەبژێرن بۆ رابەری، گوتم من کاك مەسعود هەڵدەبژێرم، کاك نێچیرڤان گوتی لەبەرچی؟ گوتم وەڵڵا لەبەرئەوەی کوڕی مەلا مستەفایەو کە قسەشم لەگەڵ کردووە بەبێ ئیمانی نازانم، ئیمانێکی هەیە، ئینجا رابەری کوردستانیش بە ئێمە ناکرێ، دەکرێ راوێژکارێکی دینی بین و کاك مەسعودو مام جەلال بە قسەمان بکەن، بەڵام کاك مەسعود بناغەو ئەساسێکی هەیەو خەڵك دەیناسێ و ئیمکانیاتێکی هەیە، باوکی بناغەیەکی بۆ دروستکردووە، ئێمە بناغەی دینی و مەلایەتیمان لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە، ئێستا من بچم بۆ میسر وەکو ئەوەیە بچمە ماڵی خۆمان، زانایانی دینی و شێخی ئەزهەرو هەموویان دەناسم، بۆ سوریا، بۆ تورکیا بۆ هەر وڵاتێك بچم ئاوایە، بەڵام لەبارەی مەسەلەی کورد، ئەوەی بە کاك مەسعود دەکرێ، بە ئێمە ناکرێ.

*** ئەی بۆ مەلا عوسمانتان هەڵبژارد؟**

- نا، نەمانکرد، ئێمە ئەو بڕیارەمان سەحب کردەوە، لەسەر ئەوەشە مام جەلال تۆزێك لێمان عادز بوو.

*** بەڵام چووە هەڵبژاردن و خەڵك دەنگی بۆدا؟**

- رەنگە خەڵك دەنگی پێدابێ، بەڵام ئێمە بڕیاری خۆمان دابوو کە ئەوە بە ئێمە ناکرێ.

*** ئێوە کە لە ساڵی 1994 لەگەڵ یەکێتی بەشەڕ هاتن و شەڕێکی چەکداریتان کرد، تەسەورتان دەکرد دەرەقەتی یەکێتی دێن، بۆیە ئەو شەڕەتان کرد، یان نەتان دەزانی کە ئەوە لە ئەساسدا شەڕێکی دۆڕاوە، چونکە هێزی ئێوە لە ئاستی هێزی یەکێتیدا نەبوون؟**

- ئێمە هیچ کاتێك شەڕمان نەکردووەو حەزمان لە شەڕ نەکردووە.

*** بەڵام شەڕەکە بوو..**

- ئاخر لە گەرمیان، یان لە رانیە لەسەر شتێکی شەخسی هەڵیاندەگیرساند ، دەهات ئێمەشی دەگرتەوە، دەنا قەت ئێمە لەگەڵ شەڕ نەبووینەو بڕیاری شەڕیشمان نەداوە.

*** بۆچی زوو کۆنترۆڵتان نەدەکرد؟**

- وەکو پێمگوتی هەریەك لەلایەك مەسئولێك بوو، مەلا ئەمین-ێك بەناوی جیهادو عەلی باپیر-ێك لەلایەن و لەو لاوە کرێکارێك، ئێمە هەر بەناو مەسئول بووین، هیچ سەیتەرەمان نەبوو، ئەگەر هەمانبا، وای لێنەدەهات.

*** تۆ لە ساڵی 2001 نامەیەکت بۆ پیاوماقوڵانی سیروان نووسیوە، لەوێ دەڵێی هۆکاری داگیرساندنی شەڕی یەکێتی و بزووتنەوە، دڵشاد کەلاری و عەلی باپیربوون، خەڵکێکی دیکە عەبدولقادر برایەتی تاوانبار دەکا بەوەی کە ئەو دەوری هەبووە لە داگیرساندنی شەڕ؟**

- نا، عەبدولقادری برایەتی لە هەولێر بوو، لە دواییدا بۆ شەڕەکە هات، کاتی خۆی شەوکەتی حاجی موشیر لە دێیەکەی خۆیاندا خانووێکی دروستکردبوو، ئێمە

لەگەڵ یەکێتی بەینمان ناخۆش بوو، بەڵام نەماندەویست ئەو شتانە درێژە بکێشێ، دڵشاد کەلاری جەماعەتێکی هێنابوو تا بچن خانووەکەی شەوکەتی حاجی موشیر بتەقێننەوە، ئێمەش بەوە رازی نەبووین و دوایی لەسەر ئەوە جۆرە تێکچوونێك لەنێو خۆماندا بوو، یەکێتی چەند جار هەوڵیدا یارمەتیمان بدا دژی ئەوان، ئێمە نەمانکرد، ئەوانیش هەوڵیان دەدا شەڕ لە نێوان ئێمەو پارتی و یەکێتی دروست بکەن، بەڵام هەر خۆمان لادەدا، بەتایبەتی بە تەوجیهاتی خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا عوسمان، چونکە ئەو زۆر لاشەڕ بوو، وەڵڵاهی کە شەڕمان بوو گوتیان جەماعەتێکی یەکێتی کوژران، بۆیان گریا، دەیگوت ئەوە بێ بەختیە، ئێمە کەی چەکمان بۆ ئەوە هەڵگرت لەگەڵ کورددا شەڕ بکەین.

*** دەڵێن شەڕەکە بۆیە دروستبوو، پێشمەرگەیەکی بزووتنەوە کوژرابوو، بەڵام بە مەراسیم ناشتتان و مەراسیمەکەش بەپێش کۆمیتەی رانیەی یەکێتیدا چووبوو و لەوێ شەڕ دروستبوو، عەلی باپیر داوای کردبوو بامەراسیم نەکرێ، لەبەرئەوەی وەزعەکە ئاڵۆزە، بەڵام مامۆستا مەلا عوسمان گوتبووی بامەراسیم بکرێ...**

- بەپێچەوانەوە، عەلی باپیر گوتبووی بامەراسیم بکرێ، مامۆستا مەلا عوسمان هەر لە هەڵەبجە بوو، وەڵڵاهی ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەوانە مێژوو هەڵدەگێڕنەوە، ئەو پیاوەی کە کوژرا پیاوێکی چاك بوو، ناوی محەمەد سوڵتان بوو، ئەوە کوڕەکانی هەر لەگەڵ ئێمە بوون، وەڵڵایی ویستی بەتایبەتی ئەو شەڕە دروست بکا، چونکە وەختی خۆی لەسەر مەسەلەی ژن و شتی وا غەرەزەکی تایبەتیان لەو محەمەد سوڵتانە بوو، سوێند بە قورئان ئێستا مەلا عەلی مامك ماوە، تەگبیریان کردبوو بچن محەمەد سوڵتان بکوژن، ئەو کاتە لە بێتواتە بووم، مەلا عەلی مامك هات بەمنی گوت کە شتێکی وا هەیە تۆ رازیت، گوتم نەوەڵڵا، ئەوکات مەلا شەریف مەسئولی مەکتەبی عەسکەری بوو، بانگم کرد گوتم شتێکی وەها هەیە، گوتی وەڵڵا ئەوە بڕیارێك دراوە، گوتم بڕیار بەبێ ئێمە چۆن دەدرێ، کاکەم عوسمان زانیویەتی، گوتی ناوەڵڵا جا ئەو بزانێ چۆن دێلێ، پێمگوتن وەڵڵاهی بەپێش دەرگاکەشیان دابڕۆن، من تۆ دەکوژم، چۆن شتی وا دەکەن ئێوە

دەتانەوێ شەڕ بۆ ئێمە دروست بکەن، ئینجا کە پرسیارم کرد بۆم دەرکەوت کە لەگەڵ عەلی باپیر دوژمنداریەکی کۆنیان لە نێواندا هەبووە. وەڵڵایی برام ئەو شتانەی گوتوویانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەوانە دەڵێی شەیتانن دەچن خەڵك لەو نەوعە شتانە تێدەگەیەنن، وەڵڵاهی قەت لە شەڕ نەترساوم، وەختی شەڕ بووبێ، هەرچی تۆپی دنیا باریبێ، وامدەزانی مێشوولەیە، چوومەتە ناو شەڕ، خەڵکم هانداوەو لە پشتی هەموویان بووم، هەتا پێشمەرگەکان دەیانگوت ماموٚستا تۆ مەڕۆ، کوڕە گوتم جیهاد دەکەم، کابرا دێتە سەرم، چۆن ناڕۆم، ئیتر بەپێش هەموویان دەکەوتم، قەت نەشترساوم، بەڵام بە ژیانیشم حەزم لە شەڕ نەکردووە، خەڵکیشمان لە یەکێتی گرتبێ ئێستا زۆریان ماون قەت نەمهێشتووە بیانکوژن، گوتومە هەر کەسێك یەکیان بکوژێ، دەیکوژمەوە. هەزاران ئەسیرم بەردان، نەمهێشت کەس بکوژرێ، مەگەر نەمزانیبێ.

*** ساڵی 1993-1994و لەکاتی هەڵبژاردنیش، لە شارەکان دوکانی مەشروب فرۆشی لەلایەن بزووتنەوە دەتەقێنرایەوە، ئافرەتی مۆدە هۆیهای لێدەکرا، تیزاب بە قاچی دادەکرا...**

- ئەوە هەمووی دژی ئێمە بووە، وەختی خۆی سیروان جاف کە ئەو کاتە وەزیر بوو لە حکوومەتی بەعس، خۆی هات تەشەبزی پێکردم کە حکوومەت لێرە ئۆرزدییەك دابنێ، وتم بە شەرتێ عەرەقی تیانەبێ. من عەرەقخانەی هەڵەبجەم دەرکرد، گاوری تێدابوو، ویستیان ماڵیان بۆ دروست بکەن، من دەرمکردن گوتم نابێ عەرەقفرۆشی لێرە هەبێ، بەڵام قەت رازی نین بەو حیزە فیعلانە کە دەچن پیرەژنێك دەکوژن، کابرایەك لێرە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی بوو، مەلا عەلی بیارەییان گرتبوو، منیش لێم کۆڵیەوە بۆم دەرکەوت بە فەرمانی (غسان العسکری) گیراوە، لە پێش چاوی قایمقام، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری هەواڵگیری بانگم کردو پێمگوت ئەم مەلا عەلیە بکوژرێ، دەتکوژمەوە بچیە ژێر باڵی هەور، دوایی نەڵێن فلان راپۆرتی ناردو فلان وتی، قەسەم بە عیزەتی خوا دەتکوژم، گوتم تۆ گرتوتە،

تا 48 سەعاتی دیکە نەیهێننەوە ئێرە، قەسەم بە عیزەتی خوا ئیجرائاتتان لەگەڵ دەکەم، وەڵڵا چاری نەما، بروسکەی کردو بەریاندا.

*** واتە لەگەڵ ئەوە نەبووی دوکانی مەشروبفرۆشی لەشار بتەقێنرێتەوە؟**

- نا، لەگەڵ ئەوە بووم دەریبکەن و نەیهێڵن.

*** بەڵام حکوومەت هەیە، نیزام و قانوون ئەو مەسەلانە رێکدەخەن...**

- قانوونێك ئەوەندە گەوادبێ، ئیجازەی ئەوەبدا عارەق لەسەر جادە دابنێ، من قانوونی ئاوام بۆ چییە؟

*** ئەی بۆچی هۆیها لە ئافرەتی مۆدە بکرێ؟**

- ئەوە نابێ. ئێمە بە مەوعیزەو نەسیحەت گوتومانە ئافرەت باوابێ، قەت لەگەڵ ئەوە نەبووینە ئافرەت ناوچاویشی لێ گرژ بکرێ، ئەو خۆی مادام وا ئیختیار دەکا، ئارەزووی خۆیەتی.

*** کتێبخانەی بیر لە هەولێر تەقێنرایەوە کە تەنها کتێبی مارکسی تێدا بوو، لە کاتێکدا زۆر کتێبخانە کتێبی ئایینی دەفرۆشن، کەسیش کاری بەسەریانەوە نییە، بۆچی وا دەکەن؟**

- ئەوە نە فەرمانێکی رەسمی بووە، نە ئێمە گوتومانە برۆن وا بکەن، چونکە ئەوە زیانی بۆ خەڵکی دیکە هەیە، قەیناکە گەر خۆپیشاندانێك بکرێ و بڵێن ئەوە دینی ئێمە قبوڵ ناکاو ئەوە خورافیاتی مارکسیە، بەڵام لەگەڵ تەقاندنەوە نین، وەك ئێستا دەچن ئۆتۆمبێل دەتەقێننەوە، ئێمە ئەو جۆرە کارانە بە شەرعی نازانین.

*** ئەو کات ئێوە بۆچی هەڵوێستێکی توندتان لە بەرامبەر ئەو کەسانە وەرنەدەگرت کە ئەو ئیشانەیان دەکرد؟**

- لەبەرئەوە یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج نەبوون، بەرگریشیان لە یەکتری دەکرد، ئائەوانە بوون کە ئێستا یەکیان جوندول ئیسلامەو یەکێك نازانم چییە، ئەو کاتە نە ئێمە بەوان رازیبووین، نە ئەوان بە ئێمە رازی بوون.

*** ئێوە کە لەگەڵ یەکێتی شەڕتان کرد، لە هەموو ناوچەکان وەك یەك شەڕتان نەدەکرد، لە هەولێر شەڕەکە ئەهوەنتر بوو، وا بزانم لە هەڵەبجە هەر نەکرا، لەکاتێکدا لە رانیە شەڕ گەرم بوو، خەڵکی بزووتنەوە هەموو تەفروتونا بوون، ئیزدواجیەتێك لە سیاسەتەکە هەبوو، ئایا تەوجیهاتێکتان نەبوو بۆ هەولێرو هەڵەبجە کە دەست بەشەڕ بکەن، چونکە ئێوە یەك حیزب بوون، بارەگاتان لە هەر شارێك بێ هی بزووتنەوە بووە؟**

- ئێمە بروسکەی کۆنمان هەیە، هەتا لە شەڕی ئێمەو یەکێتیدا، من مەسئولی مەکتەبی عەسکەری بووم، بروسکەم داوە کە هێرش مەکەن، کەس مەکوژن، هەتا لە تواناتان دادەبێ، با کوشتار نەبێ، بەڵام ئەگەر کەسێك هاتە سەرتان بەرگری لە خۆتان بکەن، ئەمەش بزانە ئێمە بێ هێز نەبووین، بەڵام شەڕمان نەدەکرد، ئەگینا هێزی ئێمە لە هیچ نەدەترسان...

*** دوایی شەڕەکە کرا. مەبەستم ئەوە بوو ئێوە چۆن رازیبوون، مەلاغەنی بۆ خۆی لە هەولێر دانشێ شەڕ نەکا، یان هەندێك لە هەڵەبجە، کەچی لە شوێنەکانی دیکە بە گەرمی شەڕ دەکرا!**

- مەلا غەنی بە گوێی دەکردین، دەمانگوت مەلا غەنی شەڕ مەکە، ئەویش بەخوارەوەی دەگوت شەڕ مەکەن، لە سلێمانیش هەبوو بە گوێی دەکردین، ئەوەش کەوا بەگوێی نەدەکردین هەر دەیویست شەڕەکە گەرمتربێ.

*** باشە ئەگەر مەراسیمەکە نەکراباو هێرش بۆ سەر کۆمیتە نەکرابایە ئەو شەڕە هەر دەکرا؟**

- نەوەڵڵا.

*** کەواتە بزووتنەوە موسەبیبی شەڕەکەیە..**

- ئیتر..

*** ساڵی 96 بزووتنەوەی ئیسلامی (7) پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی تەسلیم بە ئێران کرد...**

- ئەسڵ و ئەساسی نییە، تۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێك چۆن ئاوها بەیەقینیەوە ئەوە دەڵێی؟

*** لە دیمانەی مامۆستا عەلی باپیر لەگەڵ هەرێمدا دەڵێ من دژی ئەوە بووم کە ئەو 7 کەسەیان تەسلیم کرد؟ هەروەها ئەو کاتەش حیزبی دیموکرات قسەی کرد..**

- قسەی کرد ئێمە جوابمان دانەوە، وتمان بێن بە شەرعی ئیسپاتی بکەن، ئێمە هەر کەسێك ئەو کارەی کردبێ، چاوی دەردەهێنین، وەڵڵایی کوڕی خۆمان بێ، تەسلیمتان دەکەین، هەرچی دەڵێن دەیکەین مفاوەزەمان لەگەڵ کردن، بە نامە نووسیمان، بەیانمان دەرکرد...

*** دیارە حەوت پێشمەرگەکە وجودیان نەما بۆیە حیزبی دیموکرات دەڵێ تەسلیم کراونەتەوە؟**

- ئاخر قەیناکە، ئەو حەوت پێشمەرگەیە مریشکی مەکینە بوون، چی بوون، بۆ تەقەیەك نەبوو، کێ زانی، چۆن گیران، چۆن تەسلیم کران، جارێ قەسەم بەخوا ئێران بە حەیاتی هەر رقی لە ئێمە بووە، لەبەرئەوەی ئێمە دیفاعمان لە جەماعەتی دیموکرات و ئەوانە دەکرد، وەڵڵایی کاکم عوسمان لەلای خامەنئیا گوتی ئەگەر ئاوا بڕوا، حکوومەتی ئیسلامیەکەتان لێ دەبێتەوە، کورد میللەتێکەو داوای حەقێکی خۆی دەکا، خۆ ئێستا فەرمانبەرێکی کورد لە ناوچەی کوردستانی ئێراندا نییە، گوتی وەڵڵا ڕاستە ئینشائەڵڵا تەگبیری دەکەین بەس ئێمە نامانەوێ کەسانێکی مارکسی خۆیان بکەن بە خاوەنی کوردستان، بەوە جوابی داینەوە.

*** محەمەد بازیانی ماوەیەك ئەندامی شورا بوو لە بزووتنەوەی ئیسلامی کتێبێکی لەسەر ئێوە نووسی، بەناوی (واقیعی بزووتنەوەی ئیسلامی، گیروگرفت و چارەسەر) لەوێ تۆزێك هێرش بۆ سەر جەنابت و مامۆستا مەلا عوسمان دەبا، دەڵێ ساڵانی 92-93 وەفدێکی بزووتنەوە بەرەو دەرەوە بەڕێکەوت، بەسەرپەرشتی مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز، سەفەرێکی دیکەش لە ساڵی 93 بوو بەسەرپەرشتی مامۆستا مەلا عوسمان، دەڵێ لە دەرەوە پارەوپولێکی زۆریان کۆکردەوە، بەڵام مامۆستا مەلا عەلی کە هاتەوە هیچ باسی ئەو پارەوپوولەی نەکرد کە بۆ بزووتنەوەی کۆکردبووەوە، هیچ دەنگی نەکرد، دەڵێ تا ئێستا ئەو پارەیە باسی لێوە نەکرا، دەڵێ جاری دووەمیش کە مامۆستا مەلا عوسمان لە مەسیف بوو، دوای ئەوەی کە گیراو چووە لای پارتی و لەوێندەر بوو، دەڵێ بەناوی ئەوەی کە وەزعی بزووتنەوە خەراپ بووە، یارمەتیەکی زۆر کۆکرایەوە بۆ بزووتنەوە، بۆ ئەوەی تۆزێ خۆی کۆبکاتەوەو خۆی خڕبکاتەوە، دەڵێ ئەو پارەوپوولە درا بە مامۆستا مەلا عوسمان لە مەسیف، تائێستاش ئەو یارمەتیە هیچ دەنگی لێوە نەما؟**

- وەڵڵاهی ئەو شتانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، جارێ من چووم بەڕاستی کەسایەتیەکان یارمەتیان دام، منیش بەوەسڵ تەسلیمی مالیەی خۆمانم کردو ئێستاش کامیلی حاجی عەلی ماوە، بەڵام مەلا مەغدید نەماوە خوا لێیخۆش بێ، من وەسڵەکانیشم ماون، چی هەبووبێ هەموویم تەسلیمی ئەوان کردووە، من هەتا یەکێك لەوانە جارێکیان ئەو شێخ لەتیف-ەم لەگەڵدا بوو گوتی وەڵڵاهی مەگەر عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ئەمەی کردبێ، تۆ نەیکەی، قەسەم بە عیزەتی خوا، من خۆم شکور پارە هەبووە هیچ وەختێ موحتاج نەبووم، وەڵڵاهی وەختێ کە چووم بۆ لای مەلا مستەفا وتی زانیومە فەسڵکرای و نازانم چی و ویستی هەندێ پارەم بداتێ، گوتم: باسی پارە بکەی، ئەوە ئاخیر جارە دەتبینم، من بە مەلایەتی ئیدارە دەکەم، تۆ خەڵکێکی زۆر دەورەی لێداوی و شەهیدت هەیەو خەڵك خۆی

بۆت بە كوشتداوەو پێشمەرگەت هەیە، قەسەم بە خوا لێم وەرنەگرت، مستەفا ئاغایەكی لەلابوو، ئەو مستەفا ئاغایە پارەكەی هێنا بیخاتە ناو تورەكە، نەمهێشت گوتم نەء، ئەگەر عەبایەك، یا شتێك بێ قەیناكە، بەڵام پارەم قبوڵ نییە.

*** ئەی كێشەی محەمەد بازیانی لەناو بزووتنەوە لەگەڵ جەنابتان چی بوو، كە دوایی بزووتنەوەی بەجێهێشت و وازی هێنا؟**

- وەڵڵا محەمەد بازیانی ئێستاش لەگەڵ ئێمە كێشەیەكی نییەو خۆی بە دڵسۆز دەزانێ، بەڵام ماوەیەك كردمان بە وەزیر، لەگەڵ مەلا عەبدولغەنی، لەگەڵ مەلا غەنی ڕێك نەبوون، ئەو دەیویست مەلا غەنی دەربكرێ، مەلا غەنیش دەیویست بازیانی دەربكرێ، زۆریشمان هەوڵدا ڕێك نەكەوتن. ئینجا لە دوایدا كە ئێمە لەگەڵ یەكێتی سوڵحێكمان كرد، پارتی وەزیرەكانی ئێمەیان ئیقالە كرد، ئینجا محەمەد بازیانی لە ڕاستیدا مەیلی هەبوو لێرەش بكرێ بە وەزیر، نەكرا، چونكێ نۆبەی ئەوان نەبوو، نۆبەی جەماعەتێكی دیكە بوو، ئیتر ئەگەر لەبەرئەوە عاذز بووبێ.

*** كێ پێشنیاری كرد محەمەد بازیانی ببێتە وەزیری كشتوكاڵ لە هەولێر؟**

- وەڵڵا ئێمە خۆمان، وەختی كاك مەسعود پێی گوتین دوو وەزیرتان بۆ دانراوە، ئیتر لەبەرئەوەی مەلا غەنی خۆی لەوێ بوو، محەمەد بازیانیش دەیگوت من موهەندیسی زراعیم، بەگوێرەی پسپۆڕی دامانناا.

*** بازیانی كە بزووتنەوەی بەجێهێشت بە ئێوەی گوت لەبەر ئەو خیلافاتانە بزووتنەوە بەجێدێڵم؟**

- وەڵڵا ڕەخنەی دەگرت، بەڵام ئێستاش نەیگوتووە من بزووتنەوە نیم و بەڕەسمی دەستی لەكار نەكێشاوەتەوە.

*** بەڵام خۆی بە كەسایەتی سیاسیی سەربەخۆ، یان كەسایەتی ئیسلامی دەناسێنێ! دەڵێ لە بزووتنەوە نەماوم؟**

- ئێمە مانعمان نییە، ئێمە نە بە كەسمان وتووە، وەرە، نە بە كەسیشمان گوتووە بڕۆ، هەر كەس بە كەیفی خۆی هاتووەو هەر كەس بە كەیفی خۆی ڕۆیشتووە..

*** ئێستاش پەیوەندیتان لەگەڵی باشە؟**

- خراپ نییە.

*** سەردانی ئێرە دەکا؟**

- وەڵڵا زوو دەهات، بەڵام بەینێکە دیار نییە، بەڵام سەلام و دوعای هەر هەیەو دەینێرێ.

*** کە مامۆستا مەلا عوسمان لەو شەڕەی لای رانیە گیرا مامۆستا سدیق کە برا بچووکتان بوو، ئەو مەوقیفی چۆن بوو کە برایەکی گیراوە، چونکە ئەو کاتە ئەو حیزبێکی دیکەی بوو؟**

- ئاخر حیزبەکەی خۆ چەکدار نەبوون، جەماعەتێ موعەلیم بوون، ئەویش وەکو ئەو عالەمە پێی ناخۆش بوو، موتەئەسیر بوو، بەڵام چی بکا.

*** یانی وەکو راپەڕینی ئیسلامی پشتگیری ئێوەیان نەکرد، بەپارە بە چەك؟**

- نا، نەیاندەتوانی. دەستەڵاتێکیان نەبوو...

*** بۆچی لەو حیزبە ئیسلامیانە بزووتنەوە گروپی توندڕەوی لەناو دروست بوو؟**

- خۆی هەمیشە چەك وایە، لە راستیدا ئێمە وەختی خۆی کە بادینانیان سوتاندو قەرەداغیان سوتاندو هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد، ئێمە کۆبووینەوەو گوتمان تا ئێستا بە مەوعیزەو نەسیحەت و خوتبەی مینبەرو ئەمانە دەمانکرد، بەڵام مادام سەدام چەك بەکاردێنێ، دەبێ ئێمەش ئیعلانی جیهاد بکەین و چەك بەکاربێنین، کە ئیعلانی جیهادمان کرد، ئەو کاتە یەکگرتوو ئەو شتانە نەبوون، دوایی پەیدابوون، هەڵبەت بە ئیعاز پەیدابوون، ئەو کاتەی ئێمە ئیعلانی جیهادمان کرد، لەو سۆنگەیەوە بوو کەوا مەعقول نییە، حیزبەکان و کورد لە شەڕدا بن و ئێمەش لێرە بۆ خۆمان دانیشین، بۆچی کابرا بەناوی حیزبێکی قەومیەوە بچێ خۆی بە کوشت بدا ئێمە بۆ بە ناوی ئیسلامیەوە نەیکەین، ئیسلام ئەمرمان پێ دەکا کە ئێمە دەبێ نەتەوەکەمان رزگار بکەین و پارێزگاری لە دینەکەمان بکەین، چەکمان هەڵگرت و خۆمانمان رێکخست، ئیتر لە دواییدا لە هەموو لایەکەوە روومان تێکرا بەبێ تەنزیم،

له دهۆكەوە، له رانیەوە، له گەرمیانەوە لەملاولەولا، ئیتر هەر كەس بە خەیاڵی هاتە ناوێ و قەرەباڵغیەكە زۆر زۆر بوو.

*** ئەو خەڵكە كەوا رووی تێدەكردن، ئاوها زۆر دەبوون، ئێوە كە مەسئولی یەكەمی ناو بزووتنەوە بوون، بۆ بەرنامەیەكتان دانەنا تاپلانێكتان هەبێ ئەو خەڵكەی كە دێن تەنزیمی بكەن، نەك ئاوها بێ سەروبەر بێ؟**

- وەڵڵا ئیتر لای خۆی دامانابوو، مەنهەجمان داناو بەپێی مەنهەج و تەنزیم خەڵكمان دانا، بەڵام ئەی بۆ پارتی چەند حیزبی لێ جیابۆتەوە، ئەی بۆ پارتی هێشتی ئەو خەڵكەی لێ جیابێتەوەو بەرامبەری بوەستن!؟

*** جیابوونەوە تەبیعییە، بەڵام توندڕەو نەبوون، بەڵام ئەوانەی لە ئێوە جیابوونەوە زۆریان توندڕەو دەرچوون؟**

- چۆن ئەوان توندڕەو نەبوون، كوڕە بابە من خۆم لەناو پێشمەرگەدا بووم، لەناو پارتی پێشمەرگە هەزار جوێنی بە هەندێك سەركردەی خۆی دەدا، لەناو یەكێتیش هەزار جنێویان بە مام جەلال و باوكی مام جەلال داوە كەو وەختە دەیانگوت باوكی وا لە كەركوكە، بۆچی باوكی ئێمە لەسەر ئێمە دەگیرێ، بۆچی باوكی ئەو ناگیرێ، هەزار قسەی وا دەكرا..

*** ئەوانە قسەن، بەڵام ئەوانەی ئێوە بە كردەوە دەرچوون ئیشی خراپیان دەكرد؟**

- بۆ ئێستا لەوێ شتی خراپ ناكرێ، بۆ نموونە ئەو شتانەی لەناو ئەوان دەكرێ، عەقیدەم وایە نە مام جەلال پێی رازییە، نە كاك مەسعود پێی رازیە، دەشكرێ.

*** هێزی دووی سۆران كێ دروستیكرد؟**

- هێزی دووی سۆران لە وەختی خۆی لە هەولێر دروستكراو لە هەولێر بوون، بەڵام دوایی لەگەڵ پارتی رێك نەبوون، هێناومانەوە بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی بۆ خۆیان دابنیشن، بەڵام دیارە لەژێرەوە ئیتیجاهات و كرم لەناویاندا هەبوو، تەوجیهاتی خۆیان هەبوو، هی ئێمەیان قبوڵ نەدەكرد.

*** کە ئێوە لەگەڵ راپەڕینی ئیسلامی فکرەی یەکگرتنەوەتان هەبوو، فکرەکە لەلایەن دەرەوە بوو تەوجیە کرا کە ئێوە دوو حیزبی ئیسلامین یەکگرن، یان خۆتان فیکرەکەتان لەناودا دروست بوو؟**

- نەوەڵڵا خۆمان هەمان بوو، ئێمە چووین بۆ لیبیا کۆنگرەیەکی گشتی جیهانی ئیسلامی لەوێ بەسترا، من دەعوەت کرابووم، بەڵام گوتیان وەفدێك لەگەڵ خۆت بێنە، منیش ئەو کاتە نزیکەی 10-12 کەسم لەگەڵ خۆم برد، مەلا ئەحمەدی کاکە مەحمود بوو، 3-4ێکی دیکە بوون، عەلی باپیریشمان برد، ئیتر کە چووین هەڵبەت ئێمەیان دەناسی، لەولاو لەملاوە خەڵکێك هاتبوون، لە سودان و لە میسرەوەو لە ئەوروپاو ناوەندەکانی ئیسلامی و لە سوریاو لوبنان و ئەمانە دوایش هەر لە سوریا میوانی موفتی سوریا بووین، بەڕاستی هەموویان سەرزەنشتی ئێمەیان دەکرد کە ئێوە ئەساسن و برا گەورەن بۆ بزووتنەوەکانی ئیسلامی و دەبێ ئێوە ئەمانە هەموو کۆبکەنەوەو بیانخەنە ژێر باڵی خۆتان و باجیاوازی نەبێت، ئێمەش گوتمان ئینشائەڵڵا هاتینەوە بەیانێکمان نووسی و داوامان لە هەموویان کرد بابێن یەکبگرین.

*** داواتان لە کێ و کێ کرد؟**

- لە یەکگرتوو لە هەموو ئەوانەی بەناوی ئیسلامیەوە کاردەکەن، گوتمان، هیچ پێویست نییە، با یەکبگرین جەماعەتی مەلا سەدیقی برام گوتیان ئێمە ئامادەین، لیژنەی هاوبەشمان دانا بۆ نێوانی خۆمان و راپەڕین و لیژنەکان کەوتنە وتوێژو ئەو کاتە زۆر کەس ناڕازی بوون هەتا مەلا عەلی باپیرو دڵشاد کەلاری و ئەمانە ناڕازی بوون بۆ یەکگرتنەکە، هەندێکی دیکەیان دەیانگوت ئەوان لاوازبوونە. دەیانەوێ بەئێوە راست بنەوە، مەیکەن، بەڵام ئێمە بەتایبەتی من خۆم بەتاوانبار دەزانم، چونکە هەوڵم بۆ یەکگرتنەکە دا، بەخوا تەنها لەبەرئەوەیش بوو کە یەکگرتن ببێ، چونکە ئێمە خۆمان دەمانزانی نیەتی خراپمان نییە، هەڵبەت ئەندامی ئێمە هەبوون ناڕازی بوون، ئەندامی ئەوانیش هەبوون ناڕازی بوون، دوایی زۆربەی دەنگ لەسەر ئەو رایە بوون بیکەین و هەندێ موسڵمانی دیکەش حەزیان لێ بوو،

کردیان، کە کردمان، زۆری پێنەچوو، ئەوانەی موعاریزبوون لای ئێمەو ئەوانەی موعاریزبوون لای ئەوان یەکیان گرت.

*** ئێوە لە ئایاری 2000 یەکتان گرت، لە ئابی 2000 کۆنگرەتان بەست، ئەو کۆنگرە بووە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی یەکبوون، واتە تەکەتولێك دروست بوو لە بەینی عەلی باپیرو مامۆستا سدیق، تۆ دەڵێی عەلی باپیر دژی یەکگرتنەکە بوو، کەچی ئەو لەژێرەوە لەگەڵ راپەڕین یەکیگرت لە بەرامبەر ئێوە، جەنابت یەك لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی کەچی ئێوە لە کۆنگرە دۆڕاندتان، تۆ دانرایەوە وەکو رابەرو 3 کەسیش سەر بە جەنابت دەرچوون، ئەوانی دی هەمووی سەر بە عەلی باپیر بوون، بۆچی؟**

- نا، سێ کەس نەبوون، ئاخر هی ئێمە یەکێ لەوانە خۆی سەرۆکی لیژنەکە بوو، پیلانیان بۆ داناوەو دەرنەچوو، ئەوان دیارە هەر لە پێشترەوە تەختیتێکیان هەبوو، کە باسی مەسەلەیەك دەکرا، بۆ نموونە ئەوان مێزەر لارکردنەوەیان بووبووە ئیشارەتدانی خۆیان، واتا کەمێزەریان لارکردەوە واتە رەئی بدەن، ئێمە ئەوانەمان نەدەزانی، واتا دەزانی ئەوە ئیسلامەتیەو پاکی و راستیەو ئەوانەمان نەکردبوو، دەمانویست بەڕاستی و بەڕاشکاوی بیکەین، منیش بۆیە قبوڵم نەکردن، ئێران هەوڵیدا، خۆیان هەوڵیاندا، هاتن بۆ لای من، چەند جار عەلی باپیرو جەماعەت هاتن گوتیان تکات لێدەکەین، چی دەڵێن ئێمە بۆت دەکەین، گوتم ئاخر بێ شەرعیە، ئێوە بە تەکەتولات کردووتانە، بە شەرعی نەتانکردووە، من قبوڵی ناکەم.

*** مامۆستا کۆنگرەتان کرد، خۆی کە کۆنگرە زۆربەی ئەندامانی دەنگیان دا دەبێ مولزەم بی بە کۆنگرە، لە هەموو حیزبێك وایە، جەنابت بەبێ هەڵبژاردن بەرابەر دانرایەوەو رکابەرت نەبوو، بەڵام مولزەم نەبووی بە بڕیارەکانی کۆنگرە،(دەڵێن ئەگەر جەنابت) بەو بڕیارانەوە پابەند بای ئەو یەکبوونە هەڵنەدەوەشاوە، بەڵام تۆ ئەو بڕیارانەت رەتکردەوە لە کۆنگرە دەرچوون، بۆیەش عەلی باپیرو ئەوانی دی لە بزووتنەوە دەرچوون؟**

- نا، ئەوانە پێشتر جیابوون، بۆشم دەرکەوت ئەوە بە دەستێکی بێگانەکرا بۆیە بەبێ شەرعیم زانی، چونکە ئێمە کە لەسەرەتاوە بەیعەتمان بە مامۆستا مەلا عوسمان دا لەسەر ئەو ئەساسەی چەندە ئەو میللەتە سەر بەرزبێ، ئێمەش سەربەرزین، چەندەش سەرشۆڕ بێ، ئەوەندەش سەرشۆڕ دەبین، هەرچی پێغەمبەرانیش هاتوون هەمووی بە (یا قومی یا قومی) هاتوون، ئێمەش پێمانوابوو ئەم نەتەوەی خۆمان رێکبخەین و هۆشارییەکی ئیسلامی، کوردایەتی راست بچێتە مێشکی خەڵکەوە، بەڵام لای ئێمە ئەو دوو شتە نەما، نە نەتەوەیی تێداما، چونکە شەڕی ناوخۆ کە دروستبوو ئێمە پێی رازی نەبووین، لەلایەنی دینیش لای ئێمە هەبوو زۆر زوڵمی لە خەڵك دەکرد، هەتا کەسی نزیکی منیان گرتووەو ئەزیەت داوە، هەتا ببێتە دوژمنی من.

*** زۆر رەخنەت لێنەدەگیرا لەلایەن ئەندامانی شوراوە، کە تۆ بڕیار دەردەکەی هیچ پرس بە ئەندامانی شورا نەکەی؟**

- قەت شتی وا نەبووە.

*** مەبەستم سەردەمی یەکبوونە؟**

- هەر هیچ وەختێك وا نەبووە، هەتا من کاغەزم نووسیوە بۆ کاك مەسعود یان بۆ مام جەلال پێم نیشانداون ئەوە ئەو کاغەزە ئاوا دەنێرم، قەت کەسی وەکو من نەبووە تەنازول بکات، بەڵام دەمزانی ئەوان بە تەکەتول ئەوە دەکەن بۆ نموونە وەختێك دەیانگوت فلان لابەن، کە من لام دەبرد، هەموویان دەچوونە لای، ئێ منیش ئەوەم قبوڵ نەدەکرد.

*** ئەوان وا باسی دەکەن کە تۆ لە هیچ بڕیارێك نەدەگەڕایەوە بۆ شوراو مەکتەبی سیاسی، زۆر شتت کرد لەگەڵ ئەحزابەکان و پرسێکت پێیان نەکردووە؟**

- قەت شتی وا نەبووە، یەکەم رێککەوتنمان لەگەڵ پارتی ئیمزاکردووە لە راژان، دووەم رێککەوتنمان لە یاخسەمەر، لە مەقەڕەکەی مام جەلال بوو هەتا ئیقتراحی من بوو کە لە عێراق بیکەین، ئینجا چەند رێککەوتنێکمان کردووە لەگەڵ ئێران، لەگەڵ ئەحزابەکان، زۆربەی من ئیمزام کردووە، بەڵام بە ئیجماعی هەموویان داوایانکردووە کە من چووم. بەڵام کە مام جەلال زۆر زیاتر لە حەد ریزی ئێمەی دەگرت، کاك مەسعود هەروا، بێگومان هەندێ کەس ئەو رەسیدەیان نەبوو، بۆیە پێیان ناخۆشبوو، کە بۆچی ئەو پیاوانە وا رێزیان لێدەگیرێ.

*** واتە تۆ دەتزانی جەماعەتی عەلی باپیر جیادەبنەوە دوای ئەوەی لە دوای کۆنگرە تۆ هەڵوێستت وەرگرت، کە دەتزانی ئەوان دەڕۆن نەدەکرا مرونەتێك بنوێنی، بۆ ئەوەی لەناو بزووتنەوەی یەکبوون بمانایەو پارچە پارچە نەبان؟**

- مرونەتمان نواندو جەماعەت رۆیشتن و جەماعەتی مەلا عەلی باپیریان دەعوەتکردو زۆر بەرێزەوەو با ئەمە نەبێ و با ئەوە نەبێ، بەڵام لە هەمانکات ئەوان بەناوی میوانیەوە چوونە مەڵبەندی سلێمانی و مەڵبەندەکەیان داگیرکرد، خەڵکی ئێمەش هاتن کۆبوونەوەو بچن بەشەڕ بیسەننەوە، گوتم بابە "دیاربوو پەنجەی خەڵکی تیابوو" ئێستا ئێمە بڕۆین لە بەرچاوی ئەو عالەمە خەڵك بکوژین، بۆ خاتری خوا نابێ، مەکەن نەمانهێشت.

*** جیابوونەوەی مەلا کرێکار لەسەر چی بوو چونکە ئەو لەگەڵ عەلی باپیردا یەکینەدەگرتەوە؟**

- لەگەڵ ئەو یەکینەدەگرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئێمەش رێك نەدەکەوت.

*** ئەو دەیویست چی بکا؟**

- وەڵڵا هەر کەسەو ئیتر خەیاڵێکی هەبوو.

*** راستە کۆمەڵ ئێستا بنکەکانی فراوانترە لە بزووتنەوە؟**

- کۆمەڵ پارەی زۆرو زەبەنیان هەیە، ئێمەش ئابلۆقەی ئابوورییان خستوینەتەسەر ئێمە ئەفرادمان زۆر زۆرە، لە هەموو شوێنەکان، ئێستا 300-400 قوتابیمان لە زانکۆدا هەیە.

*** ئەوانیش دەڵێن خانووی تەلەفزیۆنمان بەکرێ گرتووە؟**

- بەڵام پارەیان هەیەو مام جەلال پارەی باشیان دەداتێ، لەبەرئەوە پارەیان لێنەبڕاوە، ئێمە تەقریبەن 3 ساڵە تا ئێستا یەك عانەی هیچ لایەکمان بۆ نەهاتووە، ئەوە دیارە خەلیج ئەمریکا بەسەری زاڵە کەس ناتوانێ دینارێك بۆ کەسێك بنێرێ، ئینجا حکوومەتەکانی ئێرەش ئابلۆقەی ئابوورییان لەسەر داناوین چەند جار پێیان دەڵێین، دەڵێن قوربان وەڵڵا راست دەکەی حەقی خۆتانەو کەچی هیچیش نییە.

*** ئەی بەچی دەژین؟**

- وەڵڵا هەروا، ژیان نییە، ئێمە ناتوانین ئێستا مەسەلەن خانوویەك بگرین بۆ بارەگایەك، ئەوە دیارە ئێوەش، ئێوە بە ئیعتیباری هەولێر، بارەگایەکەتان داگیرکردین، کە ئێمە بەخوێن گرتوومانە، چەند پێشمەرگەی تیا شەهید بووە، یەکەمجار عەبدولموهەیمەن ویستی داگیری بکا، کاك مەسعود عادز بوو، قسەشی پێ وت گوتی هی خۆیانە تۆ چۆن شتی وا دەکەی.

*** ئێوە بۆچی لە هەڵبژاردنی2005/1/30 ئەمجارەدا بەشداریتان نەکرد؟**

- وەڵڵا فریانەکەوتین.

*** لەبەر کێشەی ناوەخۆتان فریانەکەوتن؟**

- ناوەڵڵا ئەویش هەر مەسەلەی عیللەتی بێبەرگییە هەتیو مەیلی هەتاو دەکا، مەسەلەی بێپارەیی بوو، لەسەرەتاوە داوای 6-7 هەزار دەکرا 15-20 هەزار دۆلاریشی بۆ پروپاگەندە دەویست تاقەتی ئەوەشمان نەبوو، بەڕاستی ئەوەی کە ئێمە کردوومانە چەکمان هەڵگرتووەو شەهیدمان داوە، بۆ ئەوە نەبوو کە ببینە وەزیرو گزیرو ئەوانە، کە لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەشداری حکوومەتمان کرد، لەسەر تەکلیفی ئەوان بووە، هەتا وەختێ کاك مەسعود گوتی وەزیرتان دیاری بکەن، گوتم

دەی با فازیل میرانی وەزیری ئێمە بێ، پیاوەکی باشەو ڕێکوپێکەو قبوڵمانە، گوتی بۆچی؟ گوتم وەڵڵا ئەگەر فازیل بێ ئیشمان بۆ دەکاو لای تۆش قسەی دەڕوا، بەڵام ئەگەر هی خۆمان بێ نە قسەی دەڕواو نە هیچیشی پێ دەکرێ، لێرە لەگەڵ مام جەلال کە دانیشتین بۆ ئەو مەسەلەیە، من زۆرم هەوڵدا گوتم کاکە ئەوە شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ئەوقافە، من ئەوم دەوێ کەسم ناوێ، لەگەڵ عیماد ئەحمەد، من ئەو دوو وەزیرە دادەنێم، گوتی وەڵڵا فێڵمان لێ دەکەی، نابێ دەبێ وەزیری خۆتان دابنێن. هی ئەوانمان دانابا باشتربوو، ئەوانی خۆمانمان دانا هەر خۆیان دەوڵەمەندکردو هیچیان بۆ ئێمە نەکرد، دوایش لایان بردن.

*** ئێستا جەنابت لە هەڵەبجە دانیشتوویت، واتە مەڵبەندی سەرەکی بزووتنەوە لە هەڵەبجەیە، هەستناکەی هەڵەبجە دوورە لە پارێزگاکان، پێویستە لە پایتەخت بای، یان شوێنێکی نزیك بای، لێرە گۆشەگیرییەك نییە؟**

- ئێمە ئەوەی کە کردوومانە دوو ئامانجمان هەبووە، ئامانجێکی ئیسلامی و ئامانجێکی کوردایەتیمان هەبووە، ئامانجە کوردایەتیەکە هاتۆتە پێش، ئەوە ئێستا سەرۆکی هەرێم هەیە، مام جەلالمان لێ بوو بە سەرۆك کۆمارو پێشتر خواخوامان بوو پۆلیسێك مەرحەبامان بکا، ئێستا لەگەڵ بۆشدا دادەنیشن، ئیتر کە ئەوان حکوومەتن بە هەموو شتێ راسپێردراون، ئێمە ئیشمان نییە بەو نەوعە شتانە، نەوەڵڵا نە بە ئینتیخابات و نە بەهیچ شتێ دیکە.

*** کە عەلی باپیر جیابۆوە لە بزووتنەوە دەڵێی دەستەکی تێدابوو، دەستەکە هەندێك بۆ ئێرانی رادەکێشن؟**

- وەڵڵا دەستی زۆر کەسی تێدا بووە، عێراقی تێدا بوو بە ئاشکرا، ئەوە خۆیان زەلامیان گیراوەو شایەتیان داوە، دەستی عێراقی بەجدی تێدا بووە، بەهێزو پارەش و بە هەموو شتێك، ئێرانیش حەزیان بە ئێمە نەدەکرد، چونکە ئێمە قسەی راشکاوانەمان دەکرد، هەتا لە ناحیەی مەزهەب، لەلای وەزیری ئیتیلاعات دانیشتبووم تەلەفزیۆنەکە باسی (فاتمە زهرا)و ئەوانەی دەکرد، گوتم بابە ئەو درۆو

دەلەسەیە چییە بیکوژێننەوە، لایبەن، پێمکوژاندنەوە (فاتمە زهرا)ی چی و شەهیدی چی.

*** ئێستا لەگەڵ یەکگرتوو پەیوەندیتان چۆنە؟**

- وەڵڵا دۆستین و مەرحەباییمان هەیە.

*** باش وەکو هەر حیزبێکی دیکە، یان زیاتر؟**

- هەروەکو حیزبێکی دیکە.

*** ئەی لەگەڵ مەلا کرێکار کە ئێستا لە دەرەوەیە، پەیوەندیتان هەیە؟**

- ناوەڵڵا هیچمان نییە.

*** ئەی عەلی باپیر لە سجن بەربوو سەردانیتان کرد؟**

- نەوەڵڵا، ئەو هات، بەڵام برادەرانمان ناردو چوونە سەردانی، بەڵام ئەو هات و چووە زیارەتی قەبری کاکەم عوسمان و ئیتر هەندێ قسەی باشی کردو منیش زۆر بەخێرهاتنم کردو پێشم گوت کەوا نیوەڕۆ لێرە بە، وتی وەڵڵا موعیدمان هەیە لە سلێمانی لەبەرئەوەش ئێستا هاتم گوتم نەوەکو جارێکی دیکە بۆم رێك نەکەوێتەوە لەو ماوەش کۆبوونەوەیەکی حیزبەکان بوو لە سلێمانی، لەوێ دیم، راستی ئەو هات بۆ لای من و مەرحەبای یەکترمان کرد. ناخۆشیەکمان لەگەڵ یەك نییە.

***مامۆستا سدیق کە لەگەڵ عەلی باپیر لە تەکەتولاتەکە دابوون، بۆ دوایی دانیشت؟**

- بۆ خۆی دانیشتووەو نەخۆشە.

*** ئێوە بڕواتان بە موخابەراتی ئیسلامی هەیە؟**

- هەڵبەت باوەڕمان بە هەرچی شتێکە کە ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی کردوویەتی، ئەی دەوڵەتی ئیسلامی نابێ بزانێ ئەو خەڵکە چی دەکاو چی ناکا، بەڵام نەك موخابەراتی وەکو ئەوانەی ئێستا کە ئۆتۆمبێل دەتەقێننەوەو خەڵك دەکوژن، من بە نووسینیش نووسیومەو بەیانم دەرکردووە، کە ئەو کردەوانە هەمووی لە ئیسلام بە دوورە.

*** ئێوە قەناعەتتان بەوە هەیە ئیمپراتۆریەتێکی وەکو سەردەمی عەبباسییەکان و عوسمانییەکان دروست بێتەوە؟**

- ئەی بۆ ئەمریکای سەگباب هەزار ویلایەتی هەبێ، ئەی بۆ ئیسلام دەوڵەتی نەبێ، ئێستا ئەمریکا دەیەوێ هەتا لەگەڵ ئەوروپاش ببن بەیەك، بەڵام دەیەوێ دوو ماڵ، بەیەکەوە لە وڵاتی خۆمان قسە بەیەکەوە نەکەن، ئێستا ئەمریکا نایەڵێ ئەم ئیدارەیە ببن بەیەك ئەوە کاك مەسعود، مام جەلال هەر کەس حەقی خۆی وەرگرتووە، وەڵڵاهی ئەو کافرە نایەڵێ ببن بەیەك، ئەی باشە بۆ ویلایەتی یەکگرتووی ئەمریکی ببێ، بۆچی ویلایەتی ئیسلامی نەبێ، ئێمەش وەختی خۆی نووسیمان کە ئیپراتۆریەتی دەوڵەتی ئیسلامی ببێ و کوردستانیش بەشێك بێ لە جیهانی ئیسلامی، نەك لە جیهانی عەرەبی.

*** رات لەسەر ئوسامە بن لادن چییە؟**

- کورە ئەوە شێتە، من بەشێتی دەزانم، ئەسڵەن من رقم لەوانەیە، بەڵام رەبانیم خۆش دەویست، وەختی خۆی من چوومەتەماڵیان، ئەحمەد شا مەسعود هات بۆ لام لە پاکستان لە پێشهاوەر، ماڵی بورهانەدین رەبانی لەوێ بوو، دەعوەتی کردین چووین بۆ ئەوێ، ئەسڵەن کۆنگرەیەك لەوێ هەبوو هی جەماعەی ئیسلامی، دەعوەتیان کردین، بەتایبەتی چووین، ئیتر کە چووین لەوێش چووینە لای ئەفغانییەکان، ئەوانەی لە پێشهاوەردا بوون وەکو بورهانەدین رەبانی و ئەوانی تر، بورهانەدین دوو سێ جاری دی لە ئێران دیبوومان، پیاوێکی زۆر بەرێز بوو، دوایی کە تاڵیبان پەیدابوو بەراستی من رقم لە کردوەیان دەبووەوە، ئەو وەختەی حکومەت بوون، لە خەلیج جارێکیان لەگەڵ سەفیرەکەیان تێکچووم، گوتم سەنەدت دەدەمێ کە ئێوە نامێنن، گوتی بەچی دەزانی، وەڵڵاهی ئێمە ئەوروپاش داگیر دەکەین، گوتم وەڵڵاهی هەر لە ئێستەوە ئەگەر تا دوو ساڵی دیکە ئێوە لە نەخشەدامان، من باڵێکی خۆم دەبڕم وەڵڵاهی نەگەیە ساڵێك نەمان.

*** دەڵێی بن لادن شێتە؟ ئەی رات لەسەر مەلا کرێکار چییە؟**

- وەڵڵا ئەویش شێتێکە هاتووە لێرە حیکمەتیار چ کڵاوێکی دەکردە سەری، ئەویش وا خۆی نیشان دا، پیاوێکی زیرەکە خەتیبێکی چاکە بەڵام زۆر زوو بەمدیو بەودیو هەڵدەگەڕێتەوە، جارێك مام جەلال دەعوتی کردبوو، هاتووە دەیگوت لە دینادا قائیدی وەکو مام جەلال نییە، کەچی پاش بەینێك دەیگوت کافرە، کوڕە بابە نە ئەوهاش و نە ئەوهاش.

*** پێتوایە ئێستا مەلا کرێکار هیچ رەبتێکی بە ئەنسار و ئیسلام هەیە؟ یان نییە؟**

- وەڵڵاییی وابزانم هەر ئەو وەختیش زۆرینەیان مەلا کرێکاریان خۆش نەدەویست و لێی رازی نەبوون، ئەویش لە هەندێکیان رازی نەبوو دەیگوت زۆر توندڕەون...

*** ئێستا ئێوە لە ئێران هیچ پاڵشتی مادی وەرناگرن؟**

- نەوەڵڵا، ناماندەنێ ئەگینا وەریدەگرین، بەڵام کەس ناماندانێ.

*** پێشتر دەیاندا ئێستا بۆ نادەن؟**

-قەت نەیانداوە، تا لە ئێران بووین، ئەو وەختە 5ملیۆن تمەنیان دەدا بە ئێمە، 30ملیۆن تمەنیان دەدا بە پارتی، 30 ملیۆنیاشیان دەدا بە یەکێتی، ئەوەی باسدەکرا، ئینجا نازانم بەدزی چیدیکەیان دەدانێ یان نا، بەڵام بەخوا هەر ئەو پێنج ملیۆنەیان دەدا ئێمە، پێشمەرگەی5هەزار تمەنمان بۆ بڕیبۆوە، بەخوا کاکە عوسمانیش وەکو پێشمەگەیەك 5هەزار تمەنی وەردەگرت.

*** مامۆستا ئێوە لە هەڵەبجە تا ئەو فەترەیەی شەڕ هات، حاکمی موتلەق بوون، بەڵام هیچیشتان بۆ هەڵەبجە نەکرد.**

- ئاخر بەچی بیکەین؟

*** ئێ خۆ کە دەبنە حکوومەت دەبێ شتێکیش بکەن.**

- واریداتەکە بەدەستی برایم خەلیلەکەی لای ئێوە بوو کە پیرەژنێك وتبووی ئاخ ئەو برایم خەلیلە دەستم بیگاتێ، شەرت بێ بمخنکاندبایە، ئێ کاکە برایم خەلیلەکەی ئێوە نەیدەدا بە ئێمە. ئێ ئەو لایەش گومرگەکە هەموو هی مام جەلال بوو!

*** ئەی حکوومەتایەتیان بۆچی بوو لێرە؟**

**-** وەڵڵاهی کاک مەسعود جارێك باسیکرد، کە لەسەر داوای ئەو چووین دیدەنیمان کرد، گوتی مامۆستا پێشمەرگە بنێرن با بەیەکەوە بچین گومرك وەرگرن، گوتم وەڵڵا کاک مەسعود ئێمە گومرك وەرناگرین، گوتی بۆ؟ گوتم حەرامە، گوتی وەڵڵاهی نابن بە هیچ، حەرامی چییە خەڵك هەروا بەخۆڕایی دێ و دەڕوات، گوتی ئێمە وەریدەگرین، گوتی دەی پێشمەرگە بنێرن، گوتم وەڵڵا کە ئێمە وەرینەگرین پێشمەرگەش نانێرین، نەماننارد...

## حەمەی حاجی مەحمود

سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان

حەمەی حاجی مەحمود، چارەگە سەدەیەك زیاترە، پێشمەرگەیەو، بە قەولی خۆی(6) جاریش برینداربووە، ناوی حەمەی حاجی مەحمود یەکەمجار لە ناوچەی شارەزوور بڵاوبووەوەو ئیدی شەڕ لە دوای شەڕ ناوی ئەو دوورتر ڕۆیشت، تا هەموو کوردستانی تەنییەوە، لە هەشتاکان و نەوەدەکانیش، حەمەی حاجی مەحمود، زیاتر وەك کەسێکی عەسکەری خۆی بە خەڵك ناساند، زیاتر لەوەی سیاسی بێت، ڕەنگە هەر ئەو کاریگەرییەش بێت، لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانی راشکاوانە دەدوێت، قسەی خۆی دەکات، گرنگ نییە دوایی سەرکۆنە دەکرێت یان نا، زۆر حەز لە هاوپەیمانێتی دەکات لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستانی (بێجگە لە پارتی و یەکێتی) بەڵام، ئەوەیشی بۆ نەچۆتە سەر، جا چ لەبەر گوشاری دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە بێت، چ لەبەر خۆویستی هەندێك سەرکردەی حزبەکان بێت. هەرێم بە باشی زانی هەندێك لاپەڕەی مێژووی خەباتی حەفتاکان تا نەوەدەکان بە کاك حەمەی حاجی مەحمود هەڵداتەوە، زۆر بە جورئەتانەش وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، بەو هیوایەی توانیبێتمان تینوویەتی خوێنەران بشکێنین.

*** سەرەتای هاتنت بۆ نێو دنیای سیاسەت لە کوێوە دەستپێدەکات؟ ئایا لە بزووتنەوەی یەکگرتنی دیموکراتی سۆسیالیستی کوردستانەوەیە؟ یان پێشتر رۆڵێکت هەبووە؟**

- من پێشتر پێشمەرگە نەبووم، کاری سیاسیشم نەکردووە، هەفتاکان یەك حیزب لە کوردستان هەبوو، هەمووی هەر پارتی بوون، بەڵام من زۆر هەوڵمدا بمکەنە پێشمەرگە نەیانکردم، واستەشم کرد هەر نەیانکردم. بە چەکی خۆشمەوە هەر نەیانکردمە پێشمەرگە، لە شەڕیشدا وەکو عەشایەر بەشداریم کرد.. ئیتر نازانم هۆیەکەی چی بوو؟!

بەس لەساڵی دوای نسکۆی شۆڕش، هەوڵی زۆرمدا کە شتێك بکەین، ئەوە بوو لەگەڵ زۆر لە برادەران هەوڵماندا، بەڵام ئەوکاتە نەکرا، ئیتر بەرەبەرە هەوڵی پەیداکردنی کۆمەڵێ خەڵکماندا، وەکو رێکخراوێك توانیمان رێکخستنەکانمان بڵاوبکەینەوە، پاشان بیرمان لەوە کردەوە کە پەیوەندی بە رێکخستنی دیکەوە بکەین، ئەمە بوو پەیوەندیمان بە بزووتنەوەوە کرد، ئەوکات بزووتنەوە هێشتا فکرەیێك بوو.

*** ئەوە کەی بوو؟**

- هەر چەند رۆژێك دوای رێککەوتنی جەزائیر، دەتوانم بڵێم لە 1975/4/4 پەیوەندیم بە برادەرانەوە کرد، لە 1975/5/10 جارێکی دیکە دانیشتینەوە، ئەو دانیشتنانە بەردەوام بوو تا رۆژانی مانگی 6، بە درێژایی ساڵی 1976 ئیشمان کردو هەوڵمانداو چەکمان کڕی و لەژێر زەوی شاردمانەوە، پەیوەندیمان بە خەڵکەوە کردو تابیعەمان پەیداکرد، ئەو کات دوو سێ جۆرە رێکخستن هەبوو، بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان هەبوو، کۆمەڵەی رەنجدەران هەبوو، کۆمەڵەی مارکسی- لینینی هەبوو، هەریەك لەلایەکەوە خەریکی کاری رێکخستن بوو، دوایی ئێمە توانیمان بڕیاری دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان بدەین، ئەوە بوو لە 1976/6/26 بڕیاری دروستکردنی یەکەم مەفرەزەمان دا.

*** تۆ خەڵکی ناوچەیەکی خێڵەکی کە ناوچەی شارەزوورە، بۆچی بە مارکسیەت و سۆسیالیزمی زانستی دەستت پێکرد، بەڵام حزبێکی نەتەوەیی، یان جۆرێك لە حزبێکی عەشایری دەرەبەگیت هەڵنەبژارد؟**

- بەراستی وەکو فیکر، من فیکرێکی نەتەوەیی و نیشتمانیم هەیە، ئەو کاتیش لەسەر هەمان فکر بووم، بەڵام ئەوکات لە دوای رێکەوتنی جەزائیرو ئەو بارودۆخەی بەسەر کورد داهات، پەرچەکردارێك دروست ببوو، کەوا لێکدەدرایەوە شۆڕش پشتی بە ئەمریکا و ئێران بەستووە، ئەو پەرچەکردارە وایکردبوو خەڵك هەوڵ لەگەڵ چەپەکان بدات، خۆت دەزانی کورد هەوڵی لەگەڵ هەمووان دا، لە ماوەیەکدا لە رێگای خانەقاو تەکیەو شێخەکانەوە هەوڵیدا شتێکی بۆ بکرێ، بۆی نەکرا. لە رێگەی سۆڤیەت و شیوعیەتەوە هەوڵیدا، ئەوەبوو نەگەیشتە ئەنجام، کۆماری مەهاباد نموونەیەکە لەو بارەیەوە. لە رێگەی ئینگلیزو بەریتانیا هەوڵیدا، نەگەیشتە ئەنجام، بارزانی رەحمەتی بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەمریکاو ئێران هەوڵیدا، ئەویش نەگەیشتە ئەنجام. ئەمانە هەمووی هەوڵدانی بێ ئاکام بوون.

وەکو گوتم نسکۆی شۆڕش وایکرد پەرچەکردارێك دژی ئێران و ئەمریکا دروست بێ، گوایە ئێران وای لە ئێمە کردو ئەویش سەر بە ئەمریکایە، کەواتە ناچاربووین پەنا بۆ شتێکی دیکە بەرین کە خەڵك قەناعەت پێ بکەین. خۆی دوو شت دەتوانێ زوو کار لە گەنجان بکات، یەکیان بەناوی ئیسلامی، ئەویدیکەیان بەناوی مارکسیەت، ئەوەی یەکەم زوو تاقیکرابۆوە، ئەوەی دووەمیان مابوو، وەك ئەوەی مرۆڤ دەکەوێتە ناو ئاوێکەوە بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکا دەست بۆ پوشیش دەبا، واتە کورد ئەو کات هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو، ئەوەش لە گۆڕێ بوو دەیانگوت حزبی شیوعی هەڵوێست وەردەگرێ، پێمانخۆش بوو، گرنگ ئەوەیە دژی عێراق بێ، رۆژێك دوو سێ کەسم بانگکرد، دوای ئەوەی قەناعەتیان کرد ئیشمان لەگەڵ بکەن، پێمگوتن ئەو رێکخستنە رێکخستنێکی مارکسیە، هەرچەندە بزووتنەوە لە بنچینەدا رێکخراوێکی مارکسی لینینی نەبوو، (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) بوو، بەڵام کە بزووتنەوە چووە شاخ لە دەرەوە مەرجیان لەسەر

بزووتنەوەکە دانا کە سۆسیال دیموکرات ئیمپریالیزمی دووەمە، دەبێ ناوەکەی بگۆڕن.

*** کێ مەرجەکەی دانا؟**

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان داینا، کۆمەڵەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوتیان سۆسیال دیموکرات ئیمپریالیزمی دووەمە، ئەگەر وشەی دیموکرات لە ناوی حزبەکەتان لانەبەن، نەبێتە بزووتنەوەی سوسیالیستی، کەواتە ئێوە باوەڕتان بە چەك نییە، ئەوەش فیکرەی ئیمپریالیزمی دووەمە لە جیهاندا، لەبەر ئەوە ئەگەر وا نەکەن لەبەرەی ئێمە قبوڵ ناکرێن. ئەو کات نیمچە بەرەیەك لەگەڵ یەکێتی کرابۆوە، لەبەر ئەوەش وەزعی میللەتەکە ئەوەندە لە مەترسی دابوو، پەنا بۆ هەموو شتێك دەبردرا، هەر بیروباوەڕێك بووایە گرنگ ئەوەبوو چۆن ئەو میللەتە رزگار بکرێ.

*** ئێوە کە ئەو کات لەگەڵ یەکێتی زۆر رێك بوون، بۆچی لە سەرەتای ساڵی 1979 شەڕێکی گەورە لە نێوانتان دروست بوو؟**

- خۆی ئەو کات کۆمەڵە ئەو فکرەیەی هەبوو کە ئەوەی لەگەڵت نەبێ دوژمنتە، بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ناوخۆ ئەگەر لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتی شەڕیان هەبا، هیچ کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوە نەبوو، بەڵام کە شەڕیان لەگەڵ کەس نەدەما، ئینجا لەگەڵ بزووتنەوە دەیانکرد.

*** ئێوە وەکو بزووتنەوەی سۆسیالیستی بڕواتان بە خەباتی چەکداری هەبوو، ئەو بزووتنەوەیە کۆمەڵێك کادیرو سەرکردەشی لێ دروستبوو، کەچی سکرتێرەکەتان بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبوو، یان لەبەر هەر هۆیەك بێ نەهاتە شاخ، ئێوە وەکو سەرکردایەتی ئەو کات چۆن قەناعەتتان بەو سکرتێرە کرد کە ئەو لە بەغدا بێت و خەڵکیش لە شاخ خەبات بکات؟**

- سەیداساڵح یوسفی پیاوێکی ئاشتیخوازو نیشتمانپەروەر بوو، دەیویست میللەتەکەی لەو بارودۆخە رزگار بکاو شتێکی دەسکەوێ، هەتا کاتی خۆی چ کاك عەلی عەسکەری، چ کاك خالید، چ عەلی هەژارو شەهید کاردۆ گەلاڵی و

ماموستا مەلا ناسیح بەو فکرەیە لە ئێران گەڕانەوە کە ئەگەر حکوومەتی عێراقی هەندێ گۆڕان لە سیاسەتی خۆی بکاو چیتر نەڵێ ئیتر شۆڕش تەواو بووەو میللەتی کوردیش تەواو بووە، ئەوان ئامادەبوون لەگەڵ عێراقدا وتوویژ بکەن، ئەوە خاڵی یەکەم بوو، خاڵی دووەم سەیدا یوسفی بڕوای وا نەبوو کە ئەرکی هێزە کوردییەکان رووخانی رژێم بێ، بەلای ئەو ئەرکی هێزە کوردییەکان ئەوەبوو مافی کورد بەدەستبێنن لە چوارچێوەی عێراقدا، لە دیدی ئەو ئیشی ئێمە ئەوە نەبوو شەڕ بکەین تا رژێمی عێراق دەڕووخێت، بەڵام لە راستیدا دوژمنەکەت جوابی نەدەدایەوە، تۆ ناچار دەبووی پەنا بۆ چەك بەریت تا دوژمنەکەت ناچار بکەیت گفتوگۆت لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی هێندێك لە داواکانی میللەت جێبەجێ بکا.
مەسەلەی نەهاتنە دەرەوەی سەیدا ساڵح یوسفی بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، یەکەم تەمەنی زۆر بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی بێتە شاخ، دووەم کێشەی ماڵەوەی هەبوو، ئێمە هەوڵماندا بچێتە دەرەوە، ئەوەبوو بڕیاربوو لەگەڵ کاك عەزیز عەقراوی و چەند کەسێکی دیکە پێکەوە بچنە دەرەوە، ئەوان لە سوریاوە رۆیشتنە دەرەوەو لەوێوە هاتنە لامان لە شاخ، بەڵام ئەو نەیتوانی بچێتە دەرەوە، ئەوەبوو لە کۆنگرەی یەکەم ئێمە سکرتێرمان هەڵنەبژارد، حکوومەتی عێراقی زۆرجار پرسیاری دەکرد بۆ ئەوانە سکرتێریان نییە؟ یان سکرتێرەکەیان لە کوێیە؟ پاشان شەڕی ناوخۆی بەسەر داهات و زۆرجار دەگوترا سکرتێرەکەیان لە بەغدایە، ئەمانە وایکرد حکوومەتی عێراقی پێی بزانێ و ئەوەبوو لە رێگای نامەیەکەوە شەهیدیان کرد.
*** لە هەشتاکان زۆر جار باس لەوە دەکرا کە ئێران سەیتەرەی لەسەر حیزبی سۆسیالیست کردووە، ناوی هەندێك سەرکردەی بەرچاویش دەهات، بەتایبەتی لە شەڕی ناوخۆدا ئەو شتانە زۆر باس دەکران کە ئێران لە رێگای ئیتلاعاتەوە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی سۆسیالیستی کڕیوەو دەستی بەسەر ئەو حزبەدا گرتووە، لە راستیشدا دوای ساڵی 91 دەرکەوت هێندێکیان راستن، ئەوە لە کاتێکدا حزبی سۆسیالیست بە حزبی چەوساوەکان خۆی دەناساندو بنکەیەکی**

**جەماوەری بەرفراوانیشی دروستکردبوو، ئایا ئەو مەسەلەیە چەندە راستە کە خۆشت لەسەرکردایەتی بووی و یەکێك بووی لەوانەی ناوت دەهات؟**

- لە راستیدا کە رژێمی شا نەماو شەڕی عێراق و ئێران دەستیپێکرد، ئێمە لە یەکێتی نیشتمانی جیابووینەوە، کە لێی جیابووینەوە دژایەتی زۆر توندی کردین. هەروەها شەڕی ناوخۆش زۆر ئازاری داین، یەکێ لەو فاکتەرانە بوو کە فشاری زۆری لەسەرمان دروستکرد، هەروەها ئێرانیش فشاری زۆری خستە سەرمان، هەوڵیان دەدا ناوی حیزب بگۆڕین، بەو بیانووەی ئەگەر ئێمە ئەو ناوەمان گۆڕی ئەوان پشتیوانیمان لێ دەکەن، بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر ئەو بارە، گوتمان ئێمەو ئێوە هەردوولامان دژی عێراقین، با لەو خاڵە یەك بگرین. بۆیە دەڵێم ئێمە نەچووینەتە ژێر باری حکوومەتی ئێرانی و هیچ رۆژێکیش لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئێران نەهاتووە لەسەر ئێمە شەڕی حزبێکی دیکە بکات، بەڵام لەسەر زۆربەی حیزبەکانی کوردستان شەڕی کردو تۆپ و راجیمەشی دانێ.

*** ئەوە دوای راپەڕین بوو...**

- لە پێش راپەڕینیش هەر یارمەتی ئەوانی پتر دا، لە زۆر بابەت پشتگیری ئەوانی کرد، لە دوای راپەڕینیش ئێران بە پێشمەرگەی هەموو حزبەکان بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی کوشتن، بەس ئێمە ئەوەمان نەکردووە، تۆپ و راجیمەی بۆ هەمووان تەقاند، خۆم بینیم هەر سەیارەکەی قەرارگەی رەمەزان کاتیۆشاکەی لەسەر یەکێتی شەڕیکرد، لەسەر پارتی شەڕیکرد، لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی شەڕیکرد، بەڵام لەسەر ئێمە یەك راجیمەی نەتەقاندووە.ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: ئێران هیچ کاتێ ئەوەندە یارمەتیەی نەداوین کە بتوانین بەرگری پێ بکەین، چونکە ئێمە نە شەڕمان بۆ ئێران کرد، نە ئێرانیش تەکلیفی لێکردین شەڕی بۆ بکەین، هەتا ئێمە زۆر جار لەسەر مەسەلەی حزبی دیموکرات لەگەڵ ئێران تووشی کێشە بووینە، سەید کاکە ئێستاش لە ژیانداماوە لەسەر حزبی دیموکرات زیندانی کرا، ئەوان دەیانگوت دەبێ ئێوە شەڕی حزبی دیموکرات بکەن، بەڵام ئێمە نە شەڕی کوردی تورکیامان کرد، نەهی کوردی ئێرانیش.

*** ئەی ئەگەر ئەو حزبە ئەو هەڵوێستانەی هەبووە، بۆچی وەکو گەڵای پایز هەڵوەری؟**

- دوو هۆ هەبوو، یەکەمیان سەرکردایەتی حزب لەناوخۆیدا کێشەی هەبوو، بەتایبەتی لە نێوان کاك رەسول و کاك د. مەحمود، دووەم سەرکردایەتی حیزب لە ئاست ئەو بنکە جەماوەریە بەرفراوانە نەبوو کە حزب هەیبوو، هەروەها هەر دوو حزب پارتی و یەکێتی کۆکبوون لەسەر ئەوەی لە حزبی سوشیالیست بدەن، جگە لەمانە لەکاتی هەڵبژاردندا مەرجی 7%یان دانا، ئێمەش نەمانتوانی ئەو رێژەیە بێنین و بچینە پەرلەمان. دوای ئەوە سەرکردایەتی حزب هەندێ شتیان لە دەستداو نەیانتوانی خۆیان رابگرن. هەر لەبارەی پەیوەندی ئەو حزبە بە ئێران رەنگە زۆر جار باسی من بکرێ کە من لێیان نزیك بوومە، من خۆم پەیوەندیم لەگەڵ ئێران هەبووەو ئێستاش هەمە.

*** پەیوەندییەکە چۆن بووە؟**

- پەیوەندیەکەمان ئاوا بوو، ئێمە لەسەر ئەو سنوورانە بووین و هێزێکی کاریگەریی شەڕکەر بووین، هێزێك بووین لە ناوچەکە دەمانتوانی هاوسەنگی هێز بگۆڕین، ئێرانیش دژی عێراق بوو، ئێمە رێککەوتنی سیاسی و ستراتیژیمان لەگەڵ ئێران نەبووە، رێککەوتنی کاتی و رۆژانەییمان کردووە، بۆ نموونە گوتومانە هێزی حکوومەتی عێراقی لەو ناوچەیەیە با پێکەوە هێرشیان بۆ بکەین و دەسکەوتەکانیش دابەش دەکەین، هەمیشە رێککەوتنەکانی ئێمە لەگەڵ ئێران رۆژانەیی بووە، نەك سیاسی، چونکە ئێمە بە درێژایی شەڕەکانمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق یەك دیلی خۆمان تەسلیمی ئێران نەکردووە.

*** بەڵام بریندارەکانتان دەچوونە ئێران و لەوێ یارمەتی دەدران؟**

- بەڵێ، بریندارەکانمان دەچوونە ئێران و لەوێ برینەکانیان سارێژ دەکران، هەروەها جێگاو رێگای300 ماڵە ئاوارەیان بۆ دابینکردین، کە تا ئێستاش هەندێ ماڵمان لەو ئۆردوگایانە ماون.

*** چەك و ئازووقەشتان وەردەگرت؟**

- ئازووقەشمان وەردەگرت.

*** باشە پێتوایە ئێران وەك دەوڵەتێكی گەورەی ناوچەكە بەتایبەتی لە كاری هەواڵگریدا دەستێكی درێژی هەیە، بەبێ بەرامبەر شت دەدا بە حزبەكان.؟**

- بەرامبەر چییە؟ ئێمە شەڕمان كردووە، ئەو یارمەتیانەی بە هەموو كورد دەدا. هی وا هەبوو هەر لە ترسان رایكردبوو هاتبووە ئێران و ئەویش ئازووقەو یارمەتی پێدەدا، بەڵام ئەو چەكانەی بە حزبەكانی دیكە درابوو، بە ئێمە نە دراوە، ئەو پارەیەی درابووە حزبەكانی دیكە، نە دراوە بەئێمە، تەكلیفی شەڕو رفاندنی خەڵك و تەسلیمكردنی بە ئێران، بە ئێمە نەكرا.

*** ئەوان تەكلیفیان لێنەكردن؟**

- با تەكلیفیان كردووە، بەڵام ئێمە نەمانكردووە.

*** كە نەتاندەكرد ئەوان هەڵوێستی دیكەیان وەرنەدەگرت؟**

- با، كاتی وا هەبووە لەسەر سنوور پێشمەرگەیان گرتووین، كاتی وا هەبووە كێشەی جۆراوجۆریان بۆ دروستكردوین، بەڵام برسیەتیمان هەڵبژاردووە، ئەوەمان نەكردووە.

*** ئەی باشە بۆ وا هاتووە كە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ دەزگاكانی ئێران هەیە، بەڵام ناوی سەركردەكانی حزبەكانی دیكە نایێت؟**

- بۆ ئەوە دوو سێ حاڵەت هەیە، كاتێ ئێمە شەڕمان لەگەڵ عێراق كردووە، هەندێ لە حزبەكان لەوانەیە نەیانتوانیبێ لەسەر سنوورەكانیش سەیری عێراق بكەن. بۆ نموونە ئێمە تۆپخانەمان گرتووە، مەعەسكەرمان گرتووە، ئێران پشتیوانی لێكردووین و یارمەتی داوین، ئەمانە وایكردووە ئەوان وا بزانن ئێمە سەر بە ئێرانین، بەڵام ئێران دەوڵەتێكی گەورەیە لە ناوچەكە، ئێمە وەكو حزبێكی سیاسی مامەڵەمان لەگەڵدا كردوون و پەیوەندیمان لەگەڵدا بەستوون، لەگەڵ توركیاو سووریاش هەروا بووە، ئێمە لەسەر P.K.K لە توركیا بارەگامان پێداخرا، تا ئێستاش بارەگامان لە

سوريا هەیە، لەگەڵ ئێرانیش وەك گوتم پەیوەندییەکەمان رۆژانەیی بووە، زۆر کەس هەوڵیداوە بەرهەڵستکارانی ئێرانی بگرێ و تەسلیمی ئێرانی بکا، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێمە بەرهەڵستکارمان لەبەر دەستی ئێران رزگارکردووە.

*** تۆ، چ لە ساڵانی 79 بەدواوەو چ لەبەرەی جودو کاتی شەڕی ناوخۆدا لە شاخ و لە دوای راپەڕینیش، زیاتر لای یەکێتیت گرتووە؟ ئایا نەدەکرا وەکو حزبی شیوعی هاوسەنگییەك لەو نێوانە دروست بکەیت و هەردوولا لە خۆت رازی بکەیت؟**

- ئێمە لەکاتی بەرەی جود دا کە جودو یەکێتی شەڕیان بوو، هەوڵماندا بگەڕێینەوە ناوچەکان، لایەنەکانی دیکە نەیاندەکرد، پارتی و یەکێتیش ئامادەنەبوون هێزەکانیان بێننەوە سەر سنوور، تەنها هێزێکیش رۆژانە تووشی شەڕدەبوو، ئێمە بووین، ئەگەر نامەکانی مام جەلال و یەکێتیت لە کتێبەکانی مندا بینیبێ کە چۆن داوای ئاشتبوونەوەمان لێدەکەن، خۆ کاتی خۆی داوایان لە پارتی و شیوعیش کرد، لە ساڵی 1984 دوو سێ جار چوونە بارزان کۆبوونەوە کرا، نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، سەرەتا ئێمە لەگەڵ یەکێتی تەنسیقمان کرد. مەسەلەی کەوتنە بەرەی شەڕ، ئێمە شەڕمان نەکرد، پارتی کە هاتەوە هەولێر یەکەمجار بارەگاکەی ئێمەی گرت و تەلەفزیۆنەکەی ئێمەی لەسەر قەڵای هەولێر داگرت.

*** رەنگە بارودۆخەکە ئیستیسنا بێت، ئەوکات ماڵی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتیش تالانکران....**

- نا لەبەر ئەوە نەبوو، چونکە دوای ئەوە من هاتمەوە چوومە لای کاك مەسعود و ئەوم بینی، دوایی هاتن بارەگای سلێمانیشیان گرتین، دوایی بۆ گرتنی بارەگای دیکەشمان هاتن، ئیتر قابیلە ئینسان بەرگری لەخۆی نەکات؟!

*** ئێوه كه لەگەڵ پارتی گەل و پاسۆك یەكگرتنتان راگەیاند وەك بڵێی قۆناغێكی گواستنەوە بێ بۆ چوونە نێو حزبێكی دیكە، ئەوەبوو دوایی چوونە ناو پارتی، ئایا لە سەركردایەتی خۆتان دیراسەی ئەو یەكگرتنەتان كردبوو؟**

- ئەو یەكگرتنە بە سروشتی نەبوو، یەكگرتنی ئێمەو پاسۆك پێش هەڵبژاردنی گشتی بوو كە كاك رەسول مامەند لە دژی د. مەحمود عوسمان كردی، یەكگرتنەكەی پارتی گەل و پاسۆكیش د. مەحمود لە دژی كاك رەسول كردی، واتا هەردوولا لە دژی یەك هەوڵیاندەدا خەڵك بێنن.

*** ئێوە وەكو سەركردایەتی هەڵوێستتان بەرامبەر هەڵسوكەوتی ئەو دوو كەسە چی بوو، ئایا لە راكێشانی خەڵك بۆ خۆیان پێویستیان بە دەنگی زۆرینە نەدەبوو؟**

- لە راستیدا ئێمە بۆ خۆمان لەگەڵ یەكگرتنەكان بووین. پێمان باشبوو یەكگرتن هەبێ، بەڵام بۆ ئەوە بێ تا هێزی سێیەم دروست بێ، ئەو هێزی سێیەمە بتوانێ یارمەتی یەكێتی و پارتی بداو پشتیوانیان لێ بكا.

* پێتانوابوو بە پاسۆك هێزی سێیەم دروست ببێ؟

- مەوزوع ژمارە نەبوو، مەوزوع لایەنە مەعنەوی و ئیعلامی و سیاسییەكە بوو، ئەگینا خۆتان دەزانن سۆسیالیست پێویستی بە ژمارە نەبوو، ئێمە هەوڵماندا هێزی سێیەم دروست بێ، بەڵام بەپێچەوانەوە برادەرانی پاسۆك ئاراستەیەكی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەندێكیان دەیانگوت گرنگ ئەوەیە ئەو حزبە بگەیەنینە ناو حزبێكی دیكەو ئەگەر ئێمە نەشیكەین گرنگ نییە. هەروەها هەندێك لە برادەرانی (پارتی گەل)یش ئاوا بیریان دەكردەوە، ئەمانە وایانكرد یەكگرتنەكە هەر لە سەرەتاوە یەكگرتنێكی ناكامل بێ. لەگەڵ ئەوانەشدا فشاری یەكێتی نیشتمانی كوردستانیشمان لەسەر بوو.

* فشاری ئەوان چۆن بوو؟

- ئەوكات ئێمە لە حكوومەتی هەرێم بودجەمان 2ملیۆن دینار بوو، وەزیری دارایی یەكێتی بوو، سەرفیان نەدەكرد، دەیانگوت جارێ نییە، سێ مانگ جارێك بۆیان سەرف دەكردین. لەو سێ مانگە برادەرانی خۆمان دەهاتن دەیانگوت ئەوا یەكێتی

فشارمان دەخاتەسەر، جا ئەوەی حەزی لێ بوو بچێتە ناو پارتی، دەیگوت با بچینە ناو پارتی، ئەوەشی حەزی لەناو یەکێتی بووایە، دەیگوت با بچینە ناو یەکێتی، بەڕاستی ئەو کات لەگەڵ یەکێتی زۆر هەوڵمدا گوتم هەندێك بڕیار دەدەین خۆشمان باوەڕمان پێی نەبێ، کەچی وازیان لێ نەهێنایین، فشاریان خستەسەرمان، کێشەیان بۆ دروستکردین، ئەوەبوو گەیشتینە ئەو بڕیارانە.

* ئەو کات بڕوات بە یەکگرتنەکە هەبوو، یان بۆچی چوویە ناو پارتی و پاش ماوەیەکی کەم جیابوویەوە، لە کاتێکدا دکتۆر مەحمود یەکسەر ڕۆیشت و نەهاتە ناو پارتی؟

- دکتۆر مەحمود بە منی گوت، منیش دێمە ناو پارتی، بە فاکسێك پیرۆزبایشی لێکردین. لەگەڵ چوونە ناو پارتی دابوو.

* ئەی بۆ وا زوو هاتیە دەرەوە؟

- پێش ئەوەی بچینە ناو پارتی تێبینی خۆم هەبوو، لە یەکەم کۆبوونەوەش وتم تەحەفوزم لەسەر ئەو بابەتە هەیە، من لەسەر ناو و ڕەنگی ئاڵای حیزب رازی نەبووم، پارتی دەیگوت ناوەکە ببێ بە پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو، منیش گوتم (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) بێ، لەسەر ئەوە نەگەیشتینە ئەنجام، لە یەکەم بەیانیشدا من قسەی خۆم کردو گوتم من تێبینیم هەیە، لە راستیشدا من حەزم لەو یەکگرتنە نەدەکرد، لەو ماوەیەدا ئامادە نەبووم یەك فیشەکیش وەربگرم، هەتا موچەی پاسەوانەکانی خۆشم وەرنەگرت. زۆر لە برادەران دەیانگوت ئەوەی هەیە با وەریبگرین و ئیشی خۆمانی پێ بکەین، بەڵام بڕوام بەوە نەبوو، پێم باشبوو دۆستی پارتی بم باشترە لەوەی لەناو پارتی ئیش بکەم.

* کە هاتیە ناو پارتی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی قسەت نەکرد کە تۆ داواکاریت چییە؟

- لە یەکەم کۆنگرەو لە کۆبوونەوەکانی دوای کۆنگرەش، پەشیمانیەك هەبوو لەو شتانەی کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوو باسکرابوون.

* پەشیمان بوونەوەکە لەلایەن پارتی بوو؟
- بەڵێ، کە من ئەوەم بینی گوتم با مانەوەم درێژە نەکێشی و حەزیشم نەکرد ببمە زەرەرێك، دواتر ئەوان هەست بەوە بکەن کە من فێڵم لەوان کردووە.
* کە ویستت جیاببیەوە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی. باستکرد کە من جیا دەبمەوە؟
- بەڵێ، من کاغەزم بۆ جەنابی کاك مەسعود نووسی، چونکە ئەو گوتبووی کۆبوونەوەمان هەیە، منیش گوتم ناتوانم لەو کۆبوونەوەیە بەشداری بکەم، چونکە ناتوانم ئیش بکەم، بۆ ئەوەی دەستی ئێوەش نەبڕم.
* هیچ وەڵامیان نەبوو؟
- با، سەردانیانکردم. گوتم ناتوانم ئیش بکەم.
* ئەو کات دەگوترا جیابوونەوەت لەژێر پاڵەپەستۆی ئێرانە، ئەمە چۆن بوو؟
- بەپێچەوانەوە، باوەڕ بکەن ئەو کاتەی دەمویست جیا ببمەوە زۆربەی بەرپرسانی ئیتلاعاتی ئێران بۆ ماوەی 11 رۆژ لە ماڵمان بوون، تکاو رجایان لێکردم لەگەڵ پارتی بمێنمەوە، دەیانگوت ئەگەر لەگەڵ پارتی نەمێنییەوە خۆت تووشی شەڕو گێچەڵ دەکەی، گوتم خوای دەکرد تێدەچووم. ئەمە بڕیارێکەو داومە، هەموو ئێران هەوڵی لەگەڵمدا، گوتم نەء. مام جەلالیش گوتی لەگەڵ پارتی بمێنەوە، گوتم ناتوانم.
* باسی ئەوەت کرد کە پارتی هاتەوە هەولێر دەستی بەسەر بارەگای ئێوەدا گرتووە، بەڵام ئێوە پێشتر لەگەڵ یەکێتی دۆست بوون و نەیاری پارتیش بوون...
- نا بەپێچەوانەوە، ئێمە لەگەڵ پارتی دۆست بووین، کە یەکەکە هێرشی کردە سەر پارتی، زۆرم هەوڵدا ئەو هێرشە رابگرم. هەتا یەکێتیش نیازی هەبوو لەو شەڕە بەشداری بکا، من سەبەب بووم نەمهێشت یەکێتی داخلی شەڕەکە ببێت.

* ماوەیەك دەنگۆیەكی زۆر هەبوو كە ئێوە لەگەڵ حزبی زەحمەتكێشان یەكدەگرن و قادر عەزیز دەبێتە سكرتێری حزب، بەڵام دەگوترا ئێوە پێداگیری لەسەر مانەوەی ناوی حزب دەكەن، بۆچی رازی بووی قادر عەزیز ببێتە سكرتێری حزب؟

- لای من ناوی حزب (حزبی سۆسیالیست) زۆر گرنگترە لەوەی من سكرتێری بم، یان نەبم، سكرتێر زۆر زۆر (3) ساڵە (6) ساڵە، با (12) ساڵ بێت، گرنگ نییە. ئێستاش ئەگەر بزانم حزبێك بە بڕواوە دەیەوێ بێتە ناو حزب، سكرتێرییەكەی دەدەمێ، بەمەرجێك ناوی حزب وەكو خۆی بمێنێتەوە.

* ئێوە كە رازی بوون سكرتێرییەكە بۆ ئەوان بێ، ئەی بۆچی یەكتان نەگرت؟ - لەسەر ماوەی سكرتێریی بوو، ئێمە گوتمان (3) ساڵ سكرتێری، قادر عەزیز دەیگوت (6) ساڵ، ئێمەش گوتمان زەمانەتی (6) ساڵ نادەین، پێمگوت تۆ (3) ساڵ تەواو بكە، وەعدت دەدەمێ خۆم هەڵنابژێرم، هەروەها ئەوان كۆمەڵێ مەرجیان دانا، هەموومان لێ قبوڵكردن. هەموو شتێكمان تەواو كردبوو، هیچ كێشەیەكمان نەمابوو، تەنها ماوەی سكرتێریی نەبێ.

* بۆچی ناوی سۆسیالیست لای ئێوە قودسیەتی وەرگرتووە، لە كاتێكدا زۆر حزبی دیكە شەهیدی داوەو مێژوویەكی زۆر لە هی ئێوە درێژتریشی هەبووە، بەڵام ناوی خۆی گۆڕیوەو بەردەوامیشی بە تێكۆشانی خۆی داوە؟

- دوو سێ حاڵەت هەیە، ئێستا ئێمە حزبێكی سۆسیال- دیموكراتین، خۆت دەزانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لەلایەن حیزبە سۆسیال دیموكراتەكانەوە سەركردایەتی دەكرێن، یان حزبی یەكەمن، یان دووەمن لە دەستەڵاتدا. سۆسیال دیموكرات بۆ ناوچەكەی ئێمەش شتێكی نوێیەو ئێستاش دەبینی هەندێ لە حیزبەكان زیاتر بە ئاراستەی سۆسیال دیموكراتدا دەڕۆن.

جگە لەوەش ئەو حزبە قاعیدەكەی وا دەخوازێ، بۆ نموونە بڕۆ هەر كوێرە گوندێك بڵێ حزبی سۆسیالیست، خەڵكەكە دەیناسن، بەڵام ئەگەر ناوەكەی بگۆڕین، دەبێ ماڵ بە ماڵ بگەڕێین و پێیان بڵێین ناوەكەمان گۆڕیوەو ئێستا شەهیدەكەی ئێوە بەو ناوەوەیە.

ئێستا ئێمە زیاتر لە 1500 شەهیدمان لە حکوومەتی هەرێم بەناوی سوسیالیستەوە کراون، سبەی ئەگەر ناومان بگۆڕین هەر ئەو حکوومەتە دەڵێ سۆسیالیست نەماوەو ناوەکەی بخەنەسەر خۆمان.

* کۆمەڵەی رەنجدەران وەك رێکخراوێکی مارکسی لینینی سەربەخۆ قاعیدەیەکی زۆر فراوانی هەبوو، بەڵام کە لە ساڵی 1988 خۆی هەڵوەشاندەوەو چووە ناو یەکێتی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دروست نەکردو یەکێتیش ئێستا حزبێکی دەسەڵاتدارە..

- ئەوە جیایە، کۆمەڵە خۆی لەناو یەکێتی بوو. شتێکی دیکە لێرەدا دەمەوێ بیڵێم، ئێمە حزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانین، زۆرجار دەڵێن حزبی ئیسلامی، یان عەلمانی، ئێمە نە حزبێکی ئیسلامیین، نە عەلمانین، بەڵکو نەتەوەیی و نیشتمانین، باوەڕمان بەوە هەیە کە ناوی حزب لەگەڵ هەڵومەرجی ئێستا ناکۆك نییە.

* تا چەند پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا هەیە کە لە دەسەڵات بەشدارن؟ ئایا ئەوان دەزانن ئێوە وەك حزبێکی سۆسیال دیموکرات کاردەکەن؟

- بەڵێ. لەگەڵ سۆسیال دیموکراتی نێودەوڵەتی پەیوەندیمان هەیە، پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی فەرەنسا، چین، هۆڵەنداو ئەڵمانیا هەیە، بەڵام پەیوەندییەکانمان نەچوونەتە ئاستێکی وا کە لێی رازی بین.

* حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا هەمیشە خەڵکی رۆشنبیرو بیرمەندەکان لەگەڵیاندان، بەڵام لە حزبی ئێوە هەستدەکرێ لەو بوارەدا هەژارن و خەڵکی رۆشنبیر لەناو ئێوە زۆرکەمن، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- بە دڵنیاییەوە حزبی ئێمە لە خەڵکی رۆشنبیر بێبەش نییە، خەڵکی رۆشنبیر لە بواری جۆربەجۆر لەناو حزبی ئێمەدا هەن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی سیاسی و ئیداری و ئابووری کاریگەریی لەسەر زۆری و کەمی ئەو توێژە لەناو حزب هەیە.

* وەك لە رۆژنامەكان باسكرا، ماوەیەك لەمەوپێش مەڵبەندی كەركوكی حزبتان لێتان جیابوونەوە، هۆی چی بوو؟

- هۆیەكیان ئابوورییە، چونكە ئابووری لە دەست حزبە دەستەڵاتدارەكانە، ئەو كەسانەی ئەویَ رەنگە سەیری هاورێكانیان كردبیَ كە پێكەوە پێشمەرگە بوون و ئێستا ئەوان خاوەن خانووی چەند قات و ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێلن بیر لەوە دەكاتەوە بۆچی ژیانی لەو هاوڕێیەی خراپترە، لەوانەیە فشاریشیان لەسەر هەبوویَ.

* لە كاتی باس و خواسی یەكگرتنتان لەگەڵ زەحمەتكێشان باس لەوە دەكرا كە تەكلیفی د. مەحمودتان كردبیَ بۆ وەرگرتنی پۆستی سكرتێری حزب، ئەوە چۆن بوو؟ - من و كاك قادر عەزیز لە سلێمانی پالاس لەگەڵ كاك د. مەحمود دانیشتین، لە بەغداش لەگەڵی دانیشتین، پێمان گوت ئێمە هەردوولا یەكدەگرین، حەز دەكەین تۆش ببیتە سكرتێر.

* قادر عەزیزیش بەوە رازی بوو؟

- ئەی ئەگەر رازی نەبیَ بۆ دەیڵیَ.

* چی گوت؟

- گوتی ئێستا پێمناكریَ و ئیمكانیات لەبەردەست نییە، حزبیش ئیمكانیاتی دەویَ، گوتی من دەمەویَ حزبێكی عێراقی دروست بكەم، پێمانگوت باوەڕ ناكەین پێت دروستبكریَ.

* دكتۆر مەحمود كاتی خۆی دەیگوت سیَ شتمان پێویستە كوردایەتی، كوردایەتی، كوردایەتی، ئێستا بۆ بیر لە حزبێكی عیراقی دەكاتەوە؟

- چاو لە حزبەكانی دیكە دەكا، بارەگا لە كوت دادەنیَ، لە بەسرە دادەنیَ.. * بەڵام ئەوانە حیزبی كوردین؟

- قەیناكە حزبی كوردین، بەڵام كیَ بەڕێوەیان دەبا؟ عەرەب بەڕێوەی دەبەن و ئەو عەرەبانە بانگهێشت دەكەن و دەیانهێنن لە كوردستان زەوییان دەدەنیَ.

* بەڵام دەکرا دکتۆر مەحمود بیری لە دروستکردنی حیزبی کوردی بکردایەوە بنکەی جەماوەریش لە باشور دروستبکا؟

- من چیبکەم. دەتوانی لە دکتۆر مەحمود بپرسی.

* بۆچی زۆربەی حیزبە بچووکەکان، سکرتێرەکانیان دەبێتە ئەندام پەرلەمان، یان وەزیر، کەچی کەسێك لە مەکتەبی سیاسی یا لە سەرکردایەتی بۆ ئەو پۆستانە تەرخان ناکەن؟

- بەنسبەت ئێمە...

* حزبەکانی دیکەش ئاوان نەك هەر ئێوە...

- هی ئێمە بەشەرتی چەقۆیە!

* چۆن ؟

* زۆر جار کە راشکاوانە قسە دەکەی، لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە رەخنەت لێ نەگیراوە؟

- نەوەڵڵا.. رەخنەم لێ ناگیرێ، بۆچی رەخنەم لێبگرن؟ ئەوان هەموو شتێکیان بۆ خۆیان بردووە، لە زاخۆوە تا دەگاتە خانەقین هەرچی شتی باشە بۆ خۆیان بردووە. ئێمە تەنها قسەمان بۆ ماوەتەوە، نەیەڵن قسەکەش بکەین!؟ ئێمە لە پێناوی هاتنەدی ئەو بارودۆخەدا هەزاران کەسمان شەهید بووە، بێ دەست و قاچ ماونەتەوە، من خۆم 6 جار بریندار بوومەو دوایین جار لە کەرکووك بریندار بووم. لە پێناوی ئازادیدا خەباتمان کردووە، کە رەخنە دەگرم بۆ چاککردنە، ئەوەی من دەیڵێم لە ناخی دڵی خۆشیاندایە، بەڵام ئەوان ناتوانن بیڵێن لەبەر ئیلتزاماتیان بە حکوومەتەکانی ناوچەکەو بە وەزعی سیاسی. دواتر ئێمە نە لە دوای شەڕی عێراق- ئێران دروستبووین و نە لە دوای راپەڕین و رزگارکردنی عێراق دروستبووینە، لە شاخ پێشمەرگە بووین، ئێستاش کە گەورەترین قوربانی و فیداکاریمان بەرکەوتووە، بچووکترین ئیمتیازاتی ئەو وڵاتەمان بەرنەکەوتووە، هەردوولاش وابیر دەکەنەوە کە ئیمتیازاتە زۆرەکەی خۆیان پێ کەمەو کەمەکەی ئێمەیان پێ زۆرە.

* باشە وەك خۆت دەڵێی ئەوەندە ساڵە خەباتتان هەیەو پێشمەرگە بوونە، ئێستا خۆت لە کوێدا دەبینیەوە، ئایا بەوەی ئێستا تێیدایت رازیت؟

- من لەیەك شت مورتاحم، ئەو خەباتەی کردوومانە درێژەپێدەری تێکۆشەرەکانی پێشوومانە کە بە نائومێدی سەریان نایەوە. ئێستا گرنگ نییە خۆم، یان حزبەکەم لە پەراوێزداین، گرنگ سەرکەوتنی میللەتەکەیە، من پێشتر کە لە پەرلەمانی عێراق بووم هەندێك کەسی تێدابوو، دەیانگوت پێشتریش لە پەرلەمانی عێراق بووینە تا رووخانی سەردەم، وێنەم گرتوون کە لەم دیوو لەودیو دانیشتبوون و لەمن زیاتر قسەیان دەکرد.پێموایە ئەوە بۆ قیەمی سیاسی دەگەڕێتەوە، بۆ یەکێتی و پارتی دەگەڕێتەوە کە تا چ رادەیەك ئەو خەڵکە تێکۆشەرو ماندووەی ساڵانی خەبات بە کۆنە مستەشارێك ناگۆڕنەوە، لەوانەیە زۆرکەس بەمنی گوتووە تۆ بۆچی چوویتە ناو پەرلەمان، بەڵام من پەرلەمان بە شوێنێکی پیرۆز دەزانم، جا کەسەرەکەی پەرلەمان چۆن بێ و چۆن نەبێ گرنگ نییە، قسەی خۆشمی تێدا دەکەم، جا پێیان خۆشبێ، یان ناخۆشبێ، لە کۆبوونەوەی ئەو رۆژە کاك عەدنان بەمنی گوت تۆ لە پێشدا قسە مەکە، لەبەر ئەوەی من دەزانم ئەو و کاك دکتۆر کەمال هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین و لە کۆبوونەوەکان بەشداردەبن و رێك دەکەون، دێنەوە هەریەکەیان لیستەکەی خۆیان بانگ دەکەنە ژوورێك وەکو مەڵبەندو لق قسەیان بۆ دەکەن و دەڵێن لەسەر فلان مەسەلە موناقەشەی یەکتر مەکەن، هێندێکی وەك ئێمە بەپێی پەتی تێدەکەوین و موناقەشە دەکەین، دەڵێین کاکە خاڵە سەرەکییەکانمان پێ بڵێن کە خۆتان لەسەری رێك کەوتوون، با دەنگتان بدەینێ، بۆ 4 سەعات ئێمەی پێ هیلاك دەکەن، سەیرەکە لەوەیە ئەوان لەسەری رێککەوتوونەو دێن ئێمەی پێ هیلاك دەکەن، جا ئێمە ئەو شتانە دەزانین، بەڵام هەندێك پەرلەمانتار ئاگای لە هیچ نییەو دێ موناقەشە دەکا. شتێکی دیکە دەمەوێ باسی بکەم، ئێستا ئێمە وەکو حزبێکی سیاسی لە بڕیارەکانی عێراق و کوردستان بەشدارین و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو وڵاتانی دونیا هەیە بە ئەمریکاشەوە.

* پەیوەندییەکە لە چ ئاستێکدایە؟
- وەکو یەکێتی و پارتی نییە، بەڵام پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەیەو دەمانناسن، خەڵکمان داوەت دەکەن، بۆ نموونە لەو ڕۆژانە ڕۆژنامەکەی ئێمەیان بۆ ئیمارات داوەتکردووە.
* ئەمریکا رای لەسەر کۆنترۆڵکردنی وەزعی سیاسی کوردستان لەلایەن ئەو دوو حیزبەوە چۆنە؟
- ئەمریکا گیرۆدەی گروپە تیرۆریستیەکان بووە، ئەگینا خۆتان دەزانن لە سەرەتا هاتە عێراق هەموو بازگەکانی پێچایەوە، هەتا ژمارەی پاسەوانانی کاك مەسعودو مام جەلالی دیاریکرد کە دەبێ یەکەو 40 پاسەوانیان هەبێ. بەڵام پێموایە ئەو کێشەو گرفتانەی عێراق لە قازانجی کورد بوو، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، دەبێ ئەوان لە خوا بپاڕێنەوە کە وەزعی ناوەڕاستی عێراق هەروا بەردەوام بێ بۆ ئەوەی ئەمریکا نەپەرژێتە سەریان.
* بەڵام ئەگەر ئەمە بەردەوام بێ ناپەڕێتەوە ناو کوردستانیش، وەك دەبینن ئەوا ئیرهاب گەیشتە ناو شارو ماڵەکانی کوردستانیش؟
- راستە گەیشتە کوردستان، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی دەزگاکانی ئاسایش گەیشتووە، خۆ لە دەرەوە نەهاتووە، لێرە ئاسایش کەمتەرخەم بووە. ئەو هەموو تەقینەوەیە روویدا رۆژێك کەس نەبوو بڵێ ئەرێ کاکە حکوومەت تۆ چیت کردووە؟ وەزیری ناوخۆ یا بەڕێوەبەری ئاسایش دەست لەکار بکێشەوە، لە هەولێر ژوورەکەی وەزیری ناوخۆیان تەقاندەوە، لە سلێمانیش چوونە ماڵی کاك بەرهەم و چوونە ژوورەکەی، کەس گوتی وەزیری ناوخۆ دەست لە کار بکێشەوە؟!
* لە قسەکانت باست لەوەکرد کە پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی 1992 یەکەو 44% یان هێناو لە هەڵبژاردنی ئەو دوواییەش 39%یان هێناو گوتیشت ئەمجارە کەمتر دێنن، لەسەر چ بنەمایەك وا دەڵێیت؟
- داواکاری خەڵك جێبەجێ ناکرێ، بۆ نموونە سەرەتاییترین پێداویستی خەڵك کارەبایە، کەچی تا ئێستا چارەسەرنەکراوە.

* بەڵام کێشەی کارەبا کێشەی هەموو عێراقە"؟

- ئێمە پەیوەندیمان بە هەموو عێراقەوە چییە؟ ناڵێن ئێمە 13 ساڵە کێشەمان نییە. دوای کارەبا، ئاو نییە، لە سلێمانی ماڵی وا هەبووە 7 رۆژ ئاوی نەبووە، یا مەعقولە دەبەی بەنزین بگاتە 15000 دینار، بۆ کەس قسە ناکا؟ خەڵك لە دڵی خۆی نارازییە، بەڵام قسە ناکا، ئەوەش هەموو بۆ نەبوونی دەستوور دەگەڕێتەوە. لە سلێمانی گوتوویانە ئەو تەکسیانەی ژمارەی مووسڵ و بەغدایان بەستاوە، نابێ کار بکەن، ئەی باشە ئەو شارانە شاری عێراق نین، ئەگەر تۆخۆت بە عێراقی دەزانی، بۆ لە نێوان ئێرەو سلێمانی تەلەفۆن کار ناکا، لەبەر بەرژەوەندی دوو کۆمپانیایە، باشە بەرژەوەندی میللەت گرنگترە یا هی دووکەس و دوو ئیدارە؟

# دکتۆر مەحمود عوسمان

د. مەحمود عوسمان کەسایەتییەکی دیارو ناسراوی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانییەو هەر لە شۆڕشی ئەیلولەوە، رۆڵێکی کارای هەبووە، بەڵام زیاتر رۆڵی ئەو مرۆڤە خزمەتکردنی پێشمەرگە بریندارەکان بووە. دوای نسکۆی 1975 د. مەحمود رێکخراوێکی بچووکی راگەیاند، کە لەگەڵ چەندین سەرکردەو هەڤاڵی ئەوکاتی بوو، دواتر پێکەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە چوونەتە نێو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. بەڵام د. مەحمود لە کۆنگرەی 1981 سەرکردایەتیی لە دەستداو تا ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی هیچ حزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە. هەرچەندە زۆر لە کادیرانی سۆسیالیست، نەیاندەزانی د. مەحمود لە سەرکردایەتی نییە، چونکە وەك کەسی دووەمی سۆسیالیست دادەنرا.

بە هەرحاڵ د. مەحمود کەسێکە وەك خۆی دەڵێ، چۆلەکەیەك بە دەستی ئەو یان بە فەرمانی ئەو نەکوژراوە، لەنێو ئەم هەموو شەڕی ناوخۆییەشدا، سەرکردایەتی هیچ بەرەیەکی شەڕی نەکردووە، هەندێ جاریش کە بێ ئومید بووە، حزبی بەجێهێشتووەو پەنای بردۆتەبەر هەندەران، ئەمەش بۆ ئەوانەی کاری سیاسەت دەکەن زۆر ناگونجێ، چونکە سەرکردە ئەو کاتە سەرکردەی سەرکەوتوو دەبێت، کە بەرگەی رۆژی تەنگانە بگرێ و لە گەرمەی شکستەکاندا، بەرنامەی سەرکەوتن دابڕێژێتەوە.

د. مەحمود حەزدەکا رۆڵی پیاوچاکانەو ریشسپییانە ببینێ، هەمیشەش لەبەردەم راگەیاندنەکانی بێگانەو کوردی وجودی هەیە، حەز بە راگەیاندن دەکات و نایەوێ بوونی ئەو لە هەر لیژنەو رووداوێکدا کە هەیبێت، پەراوێز بکرێت، بۆیە لە رێگای راگەیاندنەکانەوە لە پەراوێزبوون خۆی قورتار دەکات..

* سەرەتای هاتنت بۆ ناو شۆڕشی ئەیلول بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
- من لە ساڵی 1954 هاتمە ناو پارتی، ئەوکات پۆلی چواری دواناوەندی بووم، لە مانگی ئاداری (1963)ش هاتوومەتە ناو شۆڕشی ئەیلول.
* هەمزە عەبدوڵڵا لە دامەزراندنی پارتییەوە تا ساڵی 1958 رۆڵێکی کارای هەبوو لەناو پارتیدا، بەڵام دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت، هەمزە لادرا، ئەوەندەی ئاگاداربیت، هەمزە بۆچی لادرا؟
- ئەو ماوەیەی کە خوالێخۆشبوو سەرۆك بارزانی لە سۆڤیەت بوو، ئیبراهیم ئەحمەدو هەمزە عەبدوڵڵا رۆڵی سەرەکیان لەناو پارتیدا هەبوو، جارێك ئەو سکرتێر بوو، جارێك ئەویدیکە، جیاوازیشیان لەنێواندا هەبوو، ئەو کاتەی بارزانی لە سۆڤیەت بوو، هەرچەندە سەرۆکی حیزب بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەی ئێرە زۆر ئاگایان لە یەك نەبوو، چونکە پەیوەندیکردن بەیەکدییەوە ئەستەم بوو، ئەو ناکۆکییەی نێوانیان هەر مابوو، کە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا لە ساڵی 1958 لە سۆڤیەت هاتەوە، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد رێکنەبوو، هەتا پێش ئەوەی بچێتە سۆڤیەتیش لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد زۆر رێکنەبوو، لەبەرئەوە کە هاتەوە، ناکۆکی یەکەم لە نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد دەستیپێکرد، پێی باش نەبوو ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر بێ، یەکەمجار ئەوی لاداو هەمزە عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێر. واتا کە بارزانی هاتەوە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر بوو، لە پێشدا ئیبراهیم ئەحمەد لادرا، بارزانی پشتگیری هەمزە عەبدوڵڵای کرد تا بۆ سکرتێری پارتی هەڵبژێردرێ، ئەوەبوو بوو بە سکرتێر، بەڵام ماوەی سکرتێریاتییەکەی لە ساڵێك کەمتر بوو، مەکتەبی سیاسی تازە دانرا، هەمزە عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێر، ئەوەبوو هەمزە عەبدوڵڵاو مەکتەبی سیاسی لە رادەبەدەر بەرەو حیزبی شیوعی چوون و پشتگیری و پشتیوانی حیزبی شیوعی بوون.

* ئەوە لە چ ساڵێك؟
- لە کۆتایی ساڵی 1958و سەرەتای ساڵی 1959 بوو، کە زیاد لە رادە رۆیشتن، لە هاوینی 1959، بیرم دێتەوە هەڵبەت بەهۆی حیزبی شیوعیەوە لەگەڵ کەریم قاسم تووشی کێشەبوون، مەلا مستەفاش لێیان رازی نەبوو، چونکە ئەو رازی نەبوو کە ئاراستەکە بەرەو حیزبی شیوعی و ئەوانە بڕوا، لەبەرئەوە ئەو هەنگاوێکی دیکەی هاوێشت، هەمزە عەبدوڵڵاو جەماعەتی لابرد، بەو ئیعتبارەی ئەوانە لەجیاتی ئەوەی پارتی بن، مەیلەو حیزبی شیوعین و بەرەو حیزبی شیوعی دەڕۆن، ئینجا جارێکی دیکە ئیبراهیم ئەحمەد بووەوە سکرتێر.. هەڵبەت هەمزە کە لادرا، لابردنەکەی وا دانا کە بەشێوەیەکی نیزامی نەبووە، مەکتەبی سیاسییەکەش کەسیان هیچیان نەکرد.
* ئەوانەی مەکتەبی سیاسی کێ بوون؟
- خوایان لێخۆشبێ خەسرەو تۆفیق و نەژادی ئەحمەد عەزیز ئاغاو حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری بوون، هیچیان نەکرد بڵێن حیزب دروست بکەن، یان رێکخستنێك دروست بکەن، ئیبراهیم ئەحمەدو ئەوانی دی هاتنەوە سەرکارو ئیبراهیم بووە سکرتێر.
* تۆ لە ساڵانی شەستەکان تا هەفتا پەیوەندیت لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد چۆن بوو؟
- ئێمە کە لە ساڵی 1963 هاتینە ناو شۆڕش، زیاتر وەکو دکتۆرێك رۆڵی خۆمان زۆر دیت، چونکە ئەوکات لەناو هەموو شۆڕشدا دوو دکتۆر هەبوون، من و دکتۆر ئەحمەد کەمال ساڵح، ئەو لەلای ناوچەی مەکتەبی سیاسی بوو، منیشیان بۆ لای بارزانی نارد لە ناوچەی بارزان، ئەو ساڵە شەڕی قورس لەسەر ناوچەی بارزان بوو، بە مەسەلەی بریندارو خەستەخانەو سەرقاڵ بووین، نە دەپەرژاینە سەر هیچی دیکە. بەو هۆیەشەوە پەیوەندییەکی زۆرمان لەگەڵ مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەدو ئەوانەی لە بارزان بوون، پەیداکردبوو، لەو ماوەیە پەیوەندییەکی ئاساییمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەبوو، لەبەرئەوەی دووربووین لە مەکتەبی سیاسی، وەك گوتم

ئێمە لە ناوچەی بارزان بووین، ئەوە لە ساڵی 1963، کە هاتینە ناو ساڵی 1964 ئینشقاقەکە دروست بوو...

* لەو ئاخیرەدا، هەردووکتان لە لەندەن بوون، پەیوەندی نێوانتان چۆن بوو؟

- ئاسایی بوو.

* لە کاتی گفتوگۆکانی ساڵی 1970، تۆ لەناو پارتی لە ئاستێکی بەرزدا بوویت، ئەو کات هەڵوێستت چی بوو لە بەرامبەر گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعس؟

- من سەرۆکی وەفدی کوردی بووم لەو گفتوگۆیانەدا، هەڵبەت گفتوگۆکان لە 1969 دەستیانپێکرد، بەڵام لە 1970 ڕێککەوتنەکە کرا کە بە ڕێککەوتنی 11ی ئادار بەناوبانگە. * ئەی لە لێخۆشبوون لە باڵی مام جەلال، ڕۆڵت هەبوو؟

- بەڵێ پێم باشبوو.

* پێشنیارەکە لەلایەن کێ کرا؟

- وەڵڵا، مەلا مستەفا بۆ خۆی لە هەمووان زیاتر پێی باشتر بوو، ئێمە زۆربەی هەرە زۆرمان رامان وابوو، لەجیاتی ئەوەی ئەوان لە بەغدا بمێننەوەو کە ئێمە لەگەڵ بەعس تێکچووینەوە، بەعس لە دژی ئێمە بە کاریان بێنێتەوە، بێنەوە ناو شۆڕش باشترە ئەوانیش پێیان باش بوو کە یەکبگرینەوە بۆ ئەوەی ئەو وەرەقەیە لە دەست رژێمی بەعس لابەرین، چونکە بڕوامان وابوو کە ڕێککەوتن رەنگە ئاسان نەبێ، لەبەرئەوە لە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاردرا، ئەوانیش وەڵامیان باش بوو، گفتوگۆیان لەگەڵ کراو هاتنەوە، یەکگرتنەوەکەش یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی 11 ئادار.

* لە ساڵی 1974 پارتی 7 ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەبوو، بەڵام مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد لەو مەکتەبی سیاسییە نەبوون، ئایا لەبەر هەڵوێستی پێشتریان بوو، یان هۆکارێکی دیکە هەبوو کە ئەوانە نەبنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی؟

- خۆی لە تەمموزی ساڵی 1970 کۆنگرەی (8) بەسترا، لەو کۆنگرەیە ئێمە لەگەڵیان ڕێکنەبووین، ئەوان لە بەغدا بوون، هەتا بیرم دێتەوە لە کۆنگرە، باسی خیانە عوزما کرا، پاش کۆنگرەکە ئەوان هاتنەوە، لەو وەختەی کە ئەوان هاتنەوە تا

شۆڕش تێکچوو، کۆنگرەی دیکە نەبەسترا، کۆنگرەی 9 کەوتە ساڵی 1979، لەبەرئەوەی هیچ کۆنگرە نەکرا، عادەتیش وایە کە یەکێك دوورکەوتۆتەوەو دێتەوە، دەبێ کۆنگرە بڕیاربدا، ئێمە هاوکاریمان دەکردن، بەڵام نەهاتنە سەرکردایەتی، چونکە لە دوای هاتنەوەیان هیچ کۆنگرەیەك نەبەسترا کە سەر لە نوێ سەرکردایەتی حیزب هەڵبژێرێتەوە.

* هەڵوێستی تۆ لە بەرامبەر نسکۆی 1975 چۆن بوو؟ ئێستا دوای 30ساڵ لەو نسکۆیە دەتەوێ بڵێی چی؟

- لە کاتی خۆی خۆی دەربارەی نسکۆی 1975، کوڕاسێکمان نووسی، شەرحمان کردووە، من ڕام وابوو، ڕێککەوتنی جەزائیر ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەو نسکۆیەدا، چونکە ئەساسەن سەدام ئەو ڕێککەوتنەی بۆ لەناوبردنی شۆڕش کردبوو، سەدام پێش ئەوە بە ئێمەی گوتبوو: من ساڵێك شەڕتان لەگەڵ دەکەم ئەگەر نەمتوانی بە شەڕ کۆتاییتان پێبێنم، ئەوا تەنازول بۆ هەر لایەنێك بێ دەیکەم، بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشەی کورد کۆتایی پێبێت.

* بە ئاشکرا ئەوەی گوت؟

- نا، خەبەری بۆمان ناردبوو، بەڵام پێمان نەگەیشتبوو، هەندێ جار، بەهۆی هەندێ ئیعتیبارات، هەواڵ بە نهێنی دەمێنێتەوە، ئەو کاتەی ئەو نسکۆیە دروست بوو، واقعێك بۆ ئێمە دروست بوو، ئێران یارمەتیمان لێ دەبڕێ، سەرکردایەتیش کۆبووەوەو بڕیاریدا شەڕ نەکات، بەڵام ئەو کاتە من ڕایەکی دیکەم هەبوو، پێموابوو ئەگەر وەکو شەڕی پارتیزانیش بێ، هەندێ شت بکرێ، لەوانە بوو ببێتە هۆی تێکچوونی ڕێککەوتنی جەزائیر، چونکە سەدام ڕێککەوتنەکەی بۆ کۆتایی پێهێنانی شۆڕش کردبوو، کە ببینێ شۆڕش کۆتایی نایێت، ئەویش ئەو تەنازولە بۆ ئێران ناکات، هەڵبەت ئەوە ڕایەك بوو، ڕای دیکەش هەبوو دەیگوت ئەمە ناکرێ، چونکە ئەگەر شەڕ بکرێ، عێراق و ئێران و هەموویان پەلامارمان دەدەن، ئەوە ڕای زۆرینە بوو، ئێمە کە پێمان وا بوو شەڕی پارتیزانی بکەین، چونکە خەڵك تەئیدمان دەکاو پارەمان هەیەو چەکمان هەیە، کەمینەیەك بووین.

* دوای نسکۆ بۆ کوێ چوویت؟

- دوای نسکۆ من ساڵ و نیوێك لە ئێران بووم، لە نەخۆشخانەی کەرەج وەك دکتۆر کارم دەکرد، بۆ ئەوەی پارە پەیداکەم و پێی بژێم، لە دواییدا چوومە سوریا، لەوێ ماوەیەك مامەوە، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1977 هاتمەوە کوردستان. لە پاشان چوومە دەرەوەو هاتمەوەو بەم شێوەیە.

* ئەو کاتی ئەو نامیلکەیەتان نووسی ئەوەی لیژنەی تەحزیری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران بوویت؟

- من لە ئێران بووم، هەندێکمان لە ئێران بووین، هەندێکیش سوریا، چونکە نامیلکەکە لە سوریا دەرچوو.

* ئەو کاتەی کە ئەو نامیلکەیەتان نووسی، سەرکردایەتی کاتی دامەزرابوو؟

- با، دامەزرابوو، یەکێتیش هەبوو، هەردووکیان دروست بووبوون، یەکێتی لە 1975/6/1 دروست بوو، سەرکردایەتی کاتی وا بزانم دوو هەفتەیەك پێشتر دروست ببوو. * ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی نەبوو؟

- نەخێر.

* هەردووکیشتان خۆتان بە مەرجەعی پارتی دەزانی؟

- ئەوان خۆیان بە مەرجەعی پارتی دەزانی، لەبەرئەوەی بنەماڵەی بارزانییان لەگەڵ بوو، هەرچەندە ئەو سەرکردایەتییە رەخنەیەکی زۆریان لە کاك ئیدریس هەبوو، دەیانویست وا خۆیان نیشان دەن، کە لەگەڵ کاك مەسعودن، بەڵام نەیانتوانی جیاوازی (تەفریقە) بخەنە نێوان ئەو دووەوە، چونکە ئەوانە یەکن، ئەوان (سەرکردایەتی کاتی) لە ناوچەیەکی دووربوون، لە سنووری تورکیا بوون، سەدی سەد لەژێر ئەوامری ماڵی مەلا مستەفا نەبوون، بەڵام پەیوەندییان هەبوو، کە لە ساڵی 1979 کۆنگرەی نۆیەم کرا پارتی بە تەواوی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی ماڵی بارزانی و بە رەسمی کاك مەسعود وەکو سەرۆك دانرا، کاك ئیدریسیش لە مەکتەبی سیاسی مایەوە، ئەوانی سەرکردایەتی کاتی بوون لادران و نەمان، هەرچی ئێمەین، خۆمان وەکو لیژنەیەکی تەحزیری دانابوو، نەك مەرجەعیەت.

* هەر بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو؟
- بەڵێ، وەکو لیژنەی تەحزیری پارتی دیموکراتی کوردستان، نامیلکەیەکمان دەرکرد، رای خۆمان بڵاوکردەوەو هەندێ بەیاناتمان دەرکرد، پاشان هاتینەوە کوردستان، بینیمان نزیکترین لایەن لە ئێمە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە، لەگەڵ ئەوان تێکەڵ بووین و وەکو لیژنەی تەحزیری زۆر نەماینەوە.
* بیرۆکەی سەرکردایەتی کاتی کێ داینا؟
- خۆی مەبەست لە سەرکردایەتی کاتی چ بوو؟ مەبەستیان ئەوەبوو بەردەوامی بە خەباتی پارتی بدەن، کاك مەسعودو کاك سامی دەوریان لە دروستکردنی ئەو سەرکردایەتییە هەبوو.
* بۆچی ناویان نابوو سەرکردایەتی کاتی؟
- چونکە سەرکردایەتییەکە لە کۆنگرەیەکدا هەڵنەبژێردرابوو، تا کۆنگرەی نۆیەم بەسترا، ئەم سەرکردایەتییە مایەوە.
* ئەی فیکرەی لیژنەی تەحزیری هی کێ بوو؟
- وەڵڵا کۆمەڵێك بووین، من و کاك شەمسەدین موفتی و عەدنان موفتی و قادر جەباری بووین.
* تۆ ئەو کات و ئێستاش بیری سۆسیالیستیت نییە، زیاتر بە کەسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ناسراوی، چۆن سۆسیالیستت وابینی کە لە ئێوەوە نزیکە؟
- خۆی زۆر فیکرەو شت لەناو کورددا بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئێمە هەموومان نەتەوەیین، ئەگەر بێیتە سەر راستی، پارتی و یەکێتی و سۆسیالیست و هەمووی هەر نەتەوەیی بوونە، بەس ناویان جیاواز بووە.
* بەڵام سۆسیالیست باسی سۆسیالیزمی زانستی دەکرد!
- بەڵێ بەڵێ. باسی مارکس و دواتر کاڵبووەوە بۆ سۆسیالیزمی زانستی و وردە وردە لەمەش کاڵتر بووەوە، بەڵام بەرای من ئێمە سۆسیالیستی دیموکراتی بووین، نەك زانستی، چونکە ئەگەر گوتت سۆسیالیزمی زانستی واتا شیوعییەت، کەچی وا نییە. ئەو برادەرانەی لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوون، دوو جۆر

بوون، بەشێکیان کۆنە جەلالی بوون، بەشێکیشیان کۆنە مەلایی بوون، پاشتر جیابوونەوە، کاك رەسوڵ و کاك عەلی والی و ئەوانەی پێشتر لە شۆڕشی ئەیلول بوون لەوانی دیکە جیابوونەوە، ئێمەش پێشتر لە شۆڕشی ئەیلول بە فیکر لێك نزیکبووین، ئەو سۆسیالیستی زانستییەشیان کەمتر ببووەوە، ئێمەو ئەوان دوو جەماعەت بووین لە لایەنەکانی دیکە لێکنزیکتر بووین و هەردوولامان پەروەردەی شۆڕشی ئەیلول بووین، یەکترمان گرت، یەکەمجار حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوومان دروستکرد، پاشان بوو بە حیزبی سۆسیالیست. مەسەلەی فیکریش، زۆر حیزب شتی فیکری دەنووسن، بۆ نموونە لە زەمانی مەلەکی پارتی لەسەر مارکس و لینین شەڕی لەگەڵ شیوعی دەکرد، بەڵام بە کردار نەتەوەیی بوو، ئەو شتانە هەبوو، ئێستا بزووتنەوەی کوردی واقیعبینترە.

* ئێوە لە 8/8 لەگەڵ سۆسیالیست یەکتانگرت؟

- ئێمە پێشتر یەکمان گرتبوو، بەڵام لە 8/8 بە رەسمی یەکمان گرت و لە کۆنفرانسێکدا سەرکردایەتییەکی یەکگرتوومان دروستکرد، پاشان بوو بە حیزب.

* لە کۆنگرەی ساڵی 1981 خۆت هەڵنەبژارد، بۆچی؟

- بەڕاستی لەو کۆنگرەیەدا تەیاری چەپ هێزی زۆر بوو، مەوزوعی ئیشتراکی زانستی تۆخ بوو، بەڵام من بڕوام پێ نەبوو، وام دەبینی کە لەگەڵ واقیعەکە ناگونجێ، ئەوان وایان دەبینی رەنگە ئێمە کار لە چەپەکە بکەین، بەو ئیعتیبارەی ئێمە لە شۆڕشی ئەیلول بووینەو هەندێك راستڕەوین، بۆیە خۆم نەپاڵاوت، گوتم هەر ئیشێکتان هەبێ، لە دەرەوە بم یان لە ناوەوە، بۆتان دەکەم، بەڵام من نامەوێ لە سەرکردایەتی بم.

* بەڵام تا ساڵی 1992 کە بووە یەکگرتن تۆ لە هیچ کۆنگرەیەکی دیکە خۆت هەڵنەبژارد؟

- ئاخر هەریەك کۆنگرەیان بەستا، ساڵی 1992 کە لە کۆنفراسێکدا خۆی هەڵوەشاندەوەو بووە یەکگرتن، من نەچوومە ناو یەکگرتن.

* ئەگەر بیرت بێ یەکەم کەس کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دامەزراند کێ بوو؟
- کاك رەسوڵ و تایەر عەلی والی و عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری و دکتۆر خالیدو سەید کاکەو سەعدی گچکەو ئەوانە بوون، ساڵح یوسفیش رۆڵی هەبوو، بەڵام ئەو سەرپەرشتی دەکردن، وەکو برا گەورەیەك وابوو، لە بەغداش بوو، بەڵام بڕوای بە سۆسیالیزمی زانستی و شتی وا نەبوو، ئەو رای وابوو و دەیگوت ئێوە ئیشتراکی دیموکراتی بن، ئەگەر هەر دەڵێن سۆسیالیزمی زانستی ئەوە بڕۆنە ناو حیزبی شیوعی، زۆر لەگەڵ چەپێتی دانەبوو، بەڵام ئەوان زیاتر چەپ بوون، لەبەرئەوە هاتن بوونە ئەندام لە یەکێتی، لەناو یەکێتیش هەندێك ناکۆکی پەیدابوو، لەسەر جەلالی و مەلایی، زۆربەی ئەوانەی کە کۆن لە شۆڕشی ئەیلول بوون جیابوونەوە، کە جیابوونەوە لەگەڵ ئێمە تێکەڵکێش بوون.
* هەندێك دەڵێن کە ساڵح یوسفی شەهیدکرا سکرتێری حیزب نەبوو لە کۆنگرە لادرابوو، رەسوڵ مامەند سکرتێر بوو؟
- لە راستیدا لە کۆنگرە هەر ساڵح یوسفییان بە سکرتێری گشتی حیزبەکە دانا، بەڵام هەڵەش بوو، پێشمانگوتن کە ئەو کابرایە لە بەغدایە، بەغداش خەتەرەو پێویست ناکا باسی بکەین، یان بێتە دەرەوە.
ساڵح یوسفی بڕیاربوو بێتە دەرەوە، بەڵام دواکەوت و تا شەهیدیان کرد، ئەو کات حیزبی سۆسیالیست رازیبوون کە ساڵح یوسفی سکرتێریان بێت، بەڵام فیعلیەن کاك رەسوڵیان بۆ سکرتێری حیزب هەڵبژارد، پێش ئەوەش ئەو حیزبە لەلایەن من و کاك رەسوڵ و کاك تایەر عەلی والی بەرێوەدەبرا، کاك رەسوڵیش کە بووە سکرتێر هەر لەژێر تەوجیهاتی کاك ساڵحدا کاری دەکرد، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو، کاك ساڵح لە بەغدابوو، نەشیدەتوانی دەنگی خۆی بگەیەنێ، ئەوەبوو ئاشکرابوو تیرۆریان کرد.
* رەسوڵ مامەند کە بۆ سکرتێری هەڵبژێردرا رکابەری هەبوو؟
- نا، شتێکی وانەبوو.

* دکتۆر خالیدو عەلی عەسکەری تا ئێستا یەکێتی بە شەهیدی خۆی دادەنێ و سۆسیالیستیش بە شەهیدی خۆی دادەنێ.. ئەو شەهیدی کام لایە؟

- هی هەردوو لایە، چونکە بەڕاستی ئەوانە لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیست بوون، بەڵام بزووتنەوەی سۆسیالیستیش بەشێك بوو لە یەکێتی، لە ڕاستیشدا شەهیدی هەموو کوردن، بەڵام لەوانەیە یەکێتی زیاتر حیسابیان بۆ بکات.

* لە ساڵی 1977 کە بزووتنەوە بووە باڵێکی یەکێتی، ئەو کاتەی مام جەلال کردبوویە مەرج کە دەبێ ئەو سکرتێری گشتی یەکێتی بێت، ئینجا لە سوریا دەگەڕێتەوە، دەڵێن لە بزووتنەوەی سۆسیالیست تەنها سەید کاکە ڕازی نەبوو، ئەوانی دیکە هەموو ڕازیبوون، ئەمە چۆن بوو؟

- خۆی هەندێك شت هەیە، گرنگە خەڵك بیزانێ، بۆ ئەوەی هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی لێکینەداتەوە، ئەوانەی پەیوەندیان بەو مەوزوعەوە هەیە، ماون، وەکو سەید کاکەو ئەوانە دەزانن ڕاستییەکە چۆن بوو.

* سەید کاکە دەڵێ بەس من دژی بووم؟

- بەڵێ، کاتی خۆی کە کۆمەڵە دروستبوو لە کوردستان دروستبوو، بزووتنەوەی سۆسیالیستیش لە کوردستان دروستبوو، یەکێتی نیشتمانیش سەرکردایەتییەکەی لە سوریا دروستبوو، مام جەلال دروستیکرد، بەڵام ئەو سێ لایەنە پەیوەندیشیان لەگەڵ یەك هەبوو، لەناو کۆمەڵەو لەناو بزووتنەوەش هەندێك هەبوون بۆ نموونە شەهید ئارام و سەید کاکەو هی تریش هەبوون، تەقدیری ڕۆڵی مام جەلالیان دەکرد کە لە هەموویان گەورەتر بوو، چەك و ئیمکانیاتی لە سوریا بۆ پەیدا کردبوون، بەڵام حیسابی یەك شتیان دەکرد، دەیانگوت ئەگەر مام جەلال سکرتێری گشتی بێت، ماڵی بارزانیش لەو بەرەوەن، دیسان بەزمی جەلالی و مەلایی زیندوو دەبێتەوەو دەمانخاتە ناو شەڕێکی دیکەی براکوژی و لەبەرئەوە پێیان ناخۆشبوو، بە کرداریش ئەگەر تەماشای بارودۆخەکان بکەین، مام جەلال پارەو چەکی پەیدادەکرد، پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان هەبوو، لە ڕاستیدا بێ ئەو نەیاندەتوانی شتێکی گەورە بکەن، بۆیە قبوڵکرا.

* دەڵێن ناکۆکی لە نێوان تۆ و ڕەسوڵ مامەند هەبووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی تۆ لە کۆنگرە خۆت هەڵنەبژێری؟

- جارێ من ماوەیەکی کەم لە سەرکردایەتی مامەوە، چەند مانگێك بوو، پاش ئەوە خۆم بۆ سەرکردایەتی هەڵنەبژارد.

* بەڵام قورساییت هەر هەبوو؟

- قورسایی جیاوازی بیروڕا هەبوو، ئەوان خۆیان بە ئیشتراکی عیلمی دەزانی، من بڕوام پێ نەبوو، بەڵام هیچ ململانێیەکم لەگەڵ کەس نەبووە، بەو بەڵگەیەی نە خۆم هەڵبژارد، نە داوام کرد ببم بە سکرتێر، یەکێکیش ململانێی دەبێ کە بە تەمای مەسئولییەت بێ، من خۆم لە مەسئولییەت دوورخستۆتەوە.

* خۆ هەڵنەبژاردنەکەت لە رقان بوو؟

- نەخێر، لەبەرئەوە بوو من بڕوام وا نەبوو ئەو بزووتنەوەیە، ئیشتراکی عیلمییەو پێویستیشی بەو ناوە نەبوو، لەبەرئەوە خۆم هەڵنەبژارد. قەت ململانێم لەگەڵ کەس نەبووە، کەسیش لەبەر من خوێنی لە لووتی نەهاتووە، ململانێی چیم هەبووە!؟

* تۆ خۆت بە ئینسانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دادەنێی، بەڵام لە دوای هەفتاو پێنجەوە زۆربەی کاتەکانت لە دەرەوە بەسەربردووە، نەك ناوەوە؟

- ئەوەندەی پێویست بێ ئامادەییم هەبووە. هەر کاتێ پێویست بێت، هاتوومەتەوە. لە دەرەوەش کوردایەتی و نەتەوەپەرستی دەکرێ.

* بەڵام سەرکردەی مەیدانی زیاتر دەبێ لە ناوەوە بێ؟

- کە تۆ مەسئولییەتت نەبێ بێی چی بکەی، ئێستا من کارم لە بەغدایە، زۆرتر لە بەغدام، ئەگەر بۆ کارێکی ئێرە راسپێردرام، ئەوکات دەبێ لێرە بم، ئەوە زۆر گرنگ نییە، کوردایەتی لە هەر شوێنێ بتەوێ دەکرێ. دوایی راستە من زۆر لە دەرەوە بوومە، بەڵام لێرە براکوژی هەبووە، بێم چی بکەم؟ قەت نەمویستووە لەو شەڕەدا تەرەف بم، نە شەڕە تفەنگم زانیوە، نە بڕواشم پێی هەبووە، کە هاتوومەتەوەش ناوبژیم کردووە، کە بەرەی کوردستانی دروستبوو هاتوومەتە ناوی، هەر شتێك بۆنی یەکگرتوویی و تەبایی تیابێ، هاتوومەتە ناوی.

* هەڵگیرسێنەری سەرەکی شەڕی هەکاری کێ بوو؟ چونکە تا ئێستا هەر لایەنێك ئەویدیکە تاوانبار دەکات؟

- شەڕی هەکاریش حیکایەتێکە بۆ خۆی، ئێمە ئەو کات لە کوردستان بووین، لیژنەی تەحزیری بووین، هەڵبەت شەڕ لە نێوان سەرکردایەتی کاتی و یەکێتی هەبوو، لە هەر شوێنێ یەکتریان بدیتبا، لێکیان دەدا، لەبەرئەوە لەو کاتە یەکێتی ویستی هێزێکی زۆر بنێرێ بۆ ناوچەی بادینان، لە ناوچەی سۆرانیش یەکێتی هەندێك هێزی سەرکردایەتی کاتی پاکتاوکردبوو، زیاتر هێزەکانی یەکێتی رۆڵیان هەبوو، کە ناردنی بۆ بادینان 800 کەس بوون، 400 کەس چەکی پێ بوو، 400 کەسیش بێ چەك بوون، گوایە ئەوانەی بێ چەکن، دەچن چەك لە سوریا وەربگرن، چەکیان دەدرێتێ.

چونکە لە کەشێکی براکوژیدا بوو، کاتێك بوو بەفرێکی زۆر باری بوو، کەڵکی چوونی نەبوو، نیوەیان لەناو بەفرداو لە سەرماو لە بێ نانی تێچوون. یەکێتی دەیگوت دەچم بۆ چەك، نەك بۆ شەڕ، عەلی عەسکەریش کە سەرکردایەتی هێزەکەی دەکرد، کاغەزی بۆ کاك ئیدریس نووسیبوو کە ئێمە ناچین بۆ شەڕ، دەچین چەك دەهێنین، بەڵام ئەو کاتە سەرکردایەتی کاتی زۆر بە قسەی کاك ئیدریس-یان نەدەکرد، بە پێچەوانەوە کاك ئیدریسیان پێ خراپ بوو، کاك مەسعودیش لەلای باوکی بوو لە ئەمریکا، باوکی نەخۆش بوو، دووربوو لە رووداوەکان، بەڵام تۆ دەڵێی بۆ شەڕ ناچم، بەڵام ئەو حیسابی ئەوە دەکا 800 کەس بۆچی دێت، رەنگە وای لێکبداتەوە بۆ گێچەڵ چوون، بۆیە لە بەرامبەردا خۆی ئامادە دەکا، واتا هەریەکە حیسابێك دەکا، لێی نەدەم، ئەو لێم دەدا، هەردووکیشیان دژی یەکبوون، لەبەرئەوە ئەمانە کە بەو شێوەیە چوون و گوتیان دەچین چەك دێنین و لە بادینان بارەگا دادەنێین، ئێ سروشتییە کە تۆ ناوچەی سۆرانت تەسفییەکردووە، سەرکردایەتی کاتیش نایەڵی تۆ بارەگا لەوێ دابنێی، بۆیە کە ئەو هێزە زۆرە تێپەڕی، کاك سامی و جەماعەت لەوێ خۆیان بۆیان ئامادە دەکەن و دەوریان دەگرن و شەڕەکە دروست دەبێ. ئێمە لەگەڵ ئەو هێزە 800 کەسییە بووین

لە حاجی ئۆمەران، لەوێ کۆبوونەوە کراو من یەکێ بووم لەوانەی قسەم بۆ کردن، رایان وەرگرتم، گوتم رای من وایە، یەکەم: لە رووی بەفرو سۆڵەوە زووە، دووەم: ئێوە دەڵێن بۆ شەڕ ناچین، بەڵام لە راستیدا بتەوێ و نەتەوێ هەر تووشی شەڕ دەبن، لەبەرئەوە من تەوەقوع دەکەم شەڕ ببێ، بۆیە نەچن باشە، دوای بخەن تا بارودۆخێکی دیکە دێتە پێش، یان گرەنتییەك لە پارتی وەربگرن.. ئێمە لە حاجی ئۆمەران گەڕاینەوە لەگەڵیان نەڕۆیشتین، (مام جەلال و نەوشێروان)یش گەڕانەوە، ئەوان رۆیشتن، جارێ تا گەیشتبوونە سنووری تورکیا لەبەر بەفرو بێ خواردنی یەك لە سێیان پەرتەوازببوون، هێندێك چووبوونە ئێران، چونکە ئەو ناوچانە زۆر کوێستانە، کە گەیشتبوونە ئەوێ ماندو و هیلاك ببوون، سەرکردایەتی کاتیش خۆی بۆ ئامادەکردبوون، دەوری گرتبوون، ئیتر شەڕەکە دروستبوو، ئەوەی لێکەوتەوە کە هەموومان دەیزانین، پێموایە ئەوەی کوژرا، کوژرا، بەڵام ئەوانەی دیلبوون، وەکو عەلی عەسکەری و د. خالیدو ئەوانە دەبوایە کاك سامی و جەماعەت نەیانکوژن.

* ئەو کاتەی کە تۆ پێتگوتن، نەچن باشە، کێ زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی بچن؟

- ئەوکات د. خالید لە سنووری تورکیا بوو، چاوەڕوانی هێزەکەی کاك عەلی عەسکەری دەکرد، بروسکەی دەکرد کە بچن، لەناو کوردیشدا لە حاڵەتێکی وەهادا، ئەگەر هەر کەسێك بێ، نەچی بەدەم داواکەیەوە، دەڵێن دەترسێ، بۆیە سووربوون لەسەر ئەوەی بچن و گوتیان بڕیارێکە داومانە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم کاك عەلی عەسکەری نیازی شەڕی نەبوو، چونکە چەند جار دەیگوت، من ئەو هەموو شەڕەی لە شۆڕشی ئەیلولدا کردم، نامەوێ بە هیچ شێوەیەك شەڕ بێتەوە، بەڵام تۆ هەر وا بڵێ، لایەنەکەی دیکە بڕوات پێ ناکا، دەڵێ چۆن 800 کەس بۆ چەك هاتووە، حیساب دەکا دەڵێ لێی نەدەم، لێم دەدات.

* ئەو شەڕانەی دەکران، بە فەرمانی سەرکردایەتی حیزبەکان بوو، یا لەبەر زۆری هێزەکان بوو، یان هەریەکەیان لە ناوچەیەك خۆی بە حاکم دەزانی و قبوڵی ئەوی بەرامبەری نەدەکردو ئیدی شەڕی دەکرد؟

- هەردوو شێوە بوو، فەرمان بوو لەبەر ئەوەی ئەوان لە شەڕدابوون هەرلایەو دەیویست لایەکەی دیکە تەسفییە بکات، یەکێتی لەو ناوچەیە (سۆران) سەرکردایەتی کاتی دەردەکردو دەیکوشتن، ئەوانیش لە ناوچەی خۆیان بە هەمان شێوە، بەڵام مەرجیش نییە هەموو ئەو شەڕانەی کراون بە فەرمانی سەرکردایەتی بووبێ، جاری واهەبووە دوو مەفرەزە تووشی یەکبوونەو پەلاماری یەکیان داوە، لەوانەیە سەرکردایەتییەکانیان هەر ئاگاشیان لێ نەبێ، ئەو کەشە ناخۆشە لە 1976تا1986 مایەوە، تا پارتی و یەکێتی لە ئێران ئاشتبوونەوە، لەو 10 ساڵە هەموو لایەك تووشی شەڕبوون، جوقد پەیدابوو، جوود پەیدابوو، هەردووکیشیان دژی یەکبوون، شەڕ لەنێوان کوردی ئێران و کوردی عێراق دروستبوو، بەداخەوە جۆرەها شەڕ دروستبوو، هۆکارەکەش ئەوە بوو، کۆمەڵەیەکی سیاسی وا نەبوو هەموویان بەیەکەوە بن، دەوڵەتانی دەوروبەریش دەستیان لەو شتانە هەبوو.

* نەوشیروان لە یادداشتەکانی خۆیدا دەڵێ، دکتۆر مەحمود لە ساڵی 1977 بە تەلەفۆن لە ئێران قسەی لەگەڵ مام جەلال کرد، بەڵێنی دابوو ببێتە یەکێتی، بەڵام دوایی نەهات؟

- راست نییە، من هیچ بەڵێنێکم نەداوە، ئەگەر بەڵێنم دابا دەچووم، بەڵام ئینکار ناکەم کە چووینە سوریا، مام جەلال زۆر هاوکاری ئێمەی کردو ماوەیەکیش دۆستایەتی یەکترمان کرد، بەڵام ئێمە رێکخستنێکی جیاواز بووین.

* حیزبی سۆسیالیست حیزبێکی جەماوەری و خاوەن بنکەیەکی بەرفراوانی جەماوەریی بوو، بەڵام سەرکردایەتییەکەی زۆر رێکخەر نەبوو، وەك سەرکردایەتی حیزبەکانی دیکە، هەریەك لە ناوچەیەك دەستەڵاتی خۆی هەبوو، هیچ حیسابێکی بۆ سەرکردایەتی نەدەکرد. ئەمانە وای لە تۆ کرد بێئومێد بیت لەوەی لە سەرکردایەتی ئەو حیزبە بیت؟

- جیاوازی نێوان سۆسیالیست و یەکێتی و پارتی ئەوە بوو، یەکێتی و پارتی سەرکردایەتییەکی توندوتۆڵیان هەبوو، دیسپلینیان زیاتر بوو، ئیمکانیاتیشیان زیاتر بوو، هەرچی سۆسیالیست بوو راستە خەڵکی زۆر بوو، بنکەی فراوانبوو، بەڵام لە ئاستی سەرکردایەتیدا لاواز بوو، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەوەی حیزب نەیتوانی رۆڵی خۆی بە باشی ببینێ.

* تۆ لە 1979/10/1 بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێم چوویە بەغدا، بەبێ ئەوەی پرس بە حیزبەکان بکەی، دوای مانگێك لە 1979/11/1، لەگەڵ یەکێتی بەیاننامەیەکت دەرکردو ئیدانەی گفتوگۆکردنت کرد، ئەمە بۆچی و چۆن بوو؟

- من ئەوەی (11/1)م لە بیر نییە، بەڵام با ئەوەی 10/1 بۆتان روون بێ، کە خومەینی هاتەسەر حوکم، وەزعی ئێران گۆڕا، هەڵبەت لە هەمانکاتیشدا سەدام هاتەسەر حوکم، ئەو دوو بەڵایە لە ساڵی 1979 هاتن، هەموو دنیایان تێکدا، لەو کاتەدا پارتی سەرکردایەتییەکەی لە راژان بوو، هەڵبەت لەگەڵ ئێران هاوکاری یەکتریشیان دەکرد، یەکێتیش زۆر هەوڵیدەدا لەگەڵ ئێران پەیوەندی دروستبکەن و ئێران پشتیان پێ ببەستێ، ئەو کات ئێمە وەکو حیزبی سۆسیالیست وەزعمان تا بڵێی خراپ بوو، لەگەڵ یەکێتی شەڕە دەنووکیشمان هەبوو، کێشەمان زۆر بوو، ژیانمان تا بڵێی خراپ بوو، پێشمەرگە یەك یەکە دەڕۆیشتنەوە، بۆیە یان دەبوو لەگەڵ خومەینی خەریك بین، کە من هیچ بڕوام پێی نەبوو، دەمزانی ئێران هەر ئێرانە، خومەینی بێ، شا بێ، جیاوازییان نییە، من ئەزموونم لەگەڵ ئێران هەیە، حەزدەکەی حوکمێکی شیوعی لە ئێران هەبێ، فەرق ناکا، چونکە ئەو وڵاتە بەرژەوەندی و حیسابی خۆی هەیە، زۆر بڕوامان پێی نەبوو، لەگەڵ یەکێتیش دژی یەك بووین، لەگەڵ پارتیش پەیوەندییەکی وەهامان نەبوو، ئەو کات سەدام وەك گوتم تازە هاتبووە سەر حوکم، جەولەیەکیشی بە کوردستاندا کرد، وابزانم جلی کوردیشی لەبەر کردبوو، حەپسی بەرداو خەڵکەکە وای دەبینی کە ئەوە رەنگە شتێکی تازەی پێ بێت و چارەسەرییەك بدۆزێتەوە، زۆر کەس دەهاتنە لای ئێمە دەیانگوت بۆ وتووێژی لەگەڵ ناکەن، بەڵکو گۆڕا بێ، وەفدێکی قەڵادزێ هاتە لامان، گوتیان

ئامر لیوای قەڵادزە کە ناوی خەیری بوو لە شەڕی عێراق و ئێران کوژرا، دەیەوێ بۆ مەسەلەی وتووێژ بتانبینێ، ئێمە وەڵاممان داوەو گوتمان ئێمە وتووێژ لەگەڵ ئامر لیوا ناکەین، ئەگەر دەکرێ لەگەڵ سەدام بێ، بۆ سبەی بروسکەیەکمان بۆ هات گوتیان ئەوا سەدام لە بەغدا چاوەڕوانتان دەکات، ئێمەش ئەو کات بیرمان لێکردەوە کە ئایا بکرێ، یان نەکرێ، لەبەر ئەو وەزعانەی حیزبیش کە پێشتر باسمکرد، گوتمان باشە گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین، بزانین ئەو کابرایە چی پێیە. بەڵام قەت بەنیاز نەبووین خۆمان بە تەنها گفتوگۆ بکەین، گوتمان ئەگەر شتێکی باش هەبوو، دێینەوە لەگەڵ هەموو حیزبەکان بەیەکەوە قسە دەکەین، ئەگەر هەموومان پێمان باشبوو، دەیکەین ئەگەرنا هیچ. چووین و سێ رۆژ لە بەغدا بووین، من و کاك عەدنان موفتی و مولازم کامیل کە ئەویش لە شەڕو شۆڕی نێوان کورددا شەهید بوو، لەوێ 3 شەو ماینەوە، سەدامم بینی و هەندێك مەسئولی دیکەمان بینی و قسەمان لەگەڵ کردن و زۆرمان موناقەشە لەگەڵ کردن، هەستمانکرد زۆر مەغرور بوون. * ئەی بۆچی داوای وتووێژی کرد؟

- چونکە ئەو کاتی بڕیاریدابوو شەڕی ئێران بکات، لەبەرئەوە رەنگە گوتبی کوردەکە بۆ خۆم رابکێشم بۆ ئەوەی لای ئێران نەبێ، بەڵام غرورێکی سەیریان هەبوو، بەکر نەمابوو، سەدام تازە ببووە سەرۆکی عێراق، قسەمان زۆرکرد، نەماندی وتووێژەکە سوودێکی هەبێ، بەڵام ئەوەندەی گوت ئەگەر ئێوە هەموولایەکتان بەیەکەوە بتانەوێ لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ بکەن، لەوانەیە هەوڵبدەین شتێکتان بۆ بکەین، بەڵام ئێوە لەگەڵتان چاك بین هەر لەگەڵ ئێرانن، لەگەڵتان خراپ بین هەر لەگەڵ ئێرانن، ئەوەبوو ئێمە گەڕاینەوە، کە گەڕاینەوە من یەکسەر چووم مام جەلالم بینی، حیزبی شیوعیم بینی، کاغەزم بۆ برادەرانی پارتی نارد، گوتم بابە حاڵ و حیسابەکە ئاوهایە، ئەگەر ئامادەن، وەرن با بە هەموومان هەوڵبدەین و شتێك بکەین، بەڕای ئێمە ئێران هیچی بۆ کورد پێ نییە، راستە ئەوەش (سەدام) کابرایەکە کەس بڕوای بە قسەکەی نییە، بەڵام بەشەرە!! ئەگەر ئێوە هەمووتان بێن، ئێمە بەیەکەوە بەردەوام دەبین، ئەگەر نایێن ئێمەش وازی لێدەهێنین، یەکێتی و

شیوعی نەك هەر نەهاتن، بەڵكو موزایەدەشیان لەسەر كردین و گوتیان ئەوانە چوونەتە بەغداو ئیتر كۆمەڵێك پەلارو توانجیان هاوێشت. پارتیش وەڵامی نەبوو، ئیتر ئێمەش وازمان لێ هێنا، كە بینیمان وەڵام لەولا نییەو بە تەنهاشین، وەك گوتم ئێمە بڕیارمان بوو بە تەنها نەیكەین، بۆیە وازمان لێ هێنا.

* دەڵێن بەرەی(جوقد) تۆ داتمەزراند، سوریاش دەوری زۆری هەبوو لە دروستبوونی، لە بەرامبەر ئەوەدا رەسوڵ مامەند لە رقی تۆ بەرەی (جود)ی دامەزراند، ئەو كاتیش تۆ لە سوریا رەخنەت لە دروستكردنی بەرەی (جود) گرتبوو؟

- نا نا. راست نییە. هەڵبەت یەكەم جار وتووێژی دروستكردنی (جوقد) هەبوو، مەسەلەی جود لە گۆڕێ نەبوو، بەرەی جوقد جگە لە پارتی هەموومانی تێدا بوو، بەڵام بەشێوەی سەرەكی حیزبی بەعسی (سوریا)و یەكێتی دەوریان هەبوو، ئەو كات یەكێتی لە سوریا دەوری زۆربوو. یەكێتی ڤیتۆی لەسەر پارتی هەبوو، حیزبی بەعسی سوریاش لەبەر یەكێتی جۆرێك لە ڤیتۆیان هەبوو، لەبەرئەوە پارتی لە كارەكە دووربوو، پارتی خۆیشی كارەكەی زۆر لاگرنگ نەبوو، چونكە پەیوەندییەكە خراپ بوو، لەوێ بەرە دەكرا، بەڵام لە ناوەوە براكوژی بوو، ئێمەش وەكو حیزبی سۆسیالیست لەو بەرەیە بووین، هەڵبەت ئەو كاتە دژی ئێمەش بوون، لەسەر سەفەرەكەمان بۆ بەغدا، دەیانگوت دەبێ ئیدانەی خۆتان بكەن، ئینجا بێنە ناو بەرە، ئێمەش ئەوەمان نەكرد، چونكە چیمان كردووە، ئیدانەی چی بكەین، هەڵلایەكی زۆریان لەسەر دروستكردین كە ئێمە چووینەتە بەغدا، هەمووی سێ شەویش بوو، ئەوەی كە بۆم باسكردی. نە پارەمان وەرگرتووەو نە هیچ. لەبەرئەوە كە دیتیان ئێمە ئیدانەی ئەو كارە ناكەین، رازیبوون. جوقد گەیشتە ئەنجام، ئەو كاتە لە سوریا بووم، بە موافەقەتی برادەرانی خۆمان ئیمزام لەسەر جوقد كرد، بەڵام لە هەمان كات چونكە پارتی لە كارەكە دوورخرابووەوە، وەك گوتم پارتی خۆیشی مەیلی نەبوو، چونكە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ كرد كە هەڵەبوون، بۆیە ئەویش لێرە بە هاوكاری حیزبی شیوعی، كە لەو كاتەدا پارتی و شیوعی هاوكارییان باشبوو،

ئەوانیش ویستیان بەرەیەك دروستبکەن، برادەرانی ئێمەشی تێکەوت، ئەگینا لە بنچینەدا (جود) بریتی بوو لە هاوکاری نێوان پارتی و شیوعی، برادەرانی ئێمەش چووبوون، لەسەر ئەو ئەساسەی چ قەیدییە لێرەش هەمانبێ، لەوێش هەمانە، کە هی ئێرە دروستبوو، لەوێ ئێمەیان (تەجمید) کرد، ئێمە کە لەوێ ئیمزامان کرد، ئاگامان لەوەی ئێرە نەبوو، لە رادیۆ گوێمان لێ بوو، هەڵەکە لێرەدابوو. برادەرانی ناوەوە پێیان باش بوو لە جودبن، جودییان پێ لە جوقد باشتربوو، من بەشبەحاڵی خۆم ئەوکات بڕوام وابوو جوقد ببێ و هەوڵبدەین برادەرانی پارتیش بێن، باشترە لەوەی دوو جەبهە دروستکەین.

* واتە مەسەلەیەکی فیکری بوو، کە رەئیت لەسەر جود نەبوو؟

- نەخێر، فیکر کوا هەبوو!؟ فیکری چی!؟ هەموو حیزبەکان وەك یەکبوون، فیکری چی؟ فکرەکە ئەوەبوو ئەوان لەوێ سەر بە سوریا بوون، یەکێتی سەرکردایەتی کارەکەی دەکرد، لەملاشەوە پارتی سەرکردایەتی دەکرد، پارتی و یەکێتیش دژی یەکبوون، ئیتر کە بووە دوو بەرە، لە هیچیان سوودمان نەبینی. ئیتر دوای ئەوانە شەڕوشۆڕو کێشە دروستبوو، ئەوە بەردەوام بوو، تا ساڵی 1985 کە یەکێتی چووە بەغداو مفاوەزاتی کردو سەرکەوتوو نەبوو هاتەوەو گەیشتنە ئەوەی لەگەڵ یەك رێکبکەون.

* راستە پەیوەندی رەسوڵ مامەند بەهێزتر بووە لەگەڵ حیزبی شیوعی، لە پەیوەندی تۆ بەو حیزبەوە؟

- بەڵێ، ئاخر ئەوان ئیشتراکی عیلمی بوون.

* بەڵام رەسوڵ مامەند کابرایەکی عەشایەر بوو؟

- خۆی لای ئێمە، فیکرە نووسینە، من کە خۆم نەپاڵاوت بۆ سەرکردایەتی، لەبەرئەوە بوو، بڕوام نەبوو کە ئەو حیزبەی ئێمە ئیشتراکی عیلمی بێ، راستیش نەبوو، بنووسرێ سۆسیالیستی زانستی بێ، بەڵام ئەوان رەئییان وابوو، لەبەر ئەوەش لە حیزبی شیوعی نزیکتر بوون، حیزبی شیوعیش ئیستغلالی دەکردن.

* دەڵێن ئەو کاتەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی جیابۆوەوە، حازم ئەمین سڕی سەرکردایەتی هەرێمی حیزبی بەعسی سوریا بوو، لێپرسراوی مەکتەبی حیزبی بەعسی ئێرەش بوو، داوای لە تۆ کردبوو هەر چۆنێك بێ، بزووتنەوە لە یەکێتی جیانەبێتەوە؟

- ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نەبوو، چونکە من بزووتنەوە نەبووم، ئەو کاتە لێژنەی تەحزیری بووم، پاش ئەوەی جیابوونەوە، ئینجا پەیوەندیمان دروستکرد، بەڵام حازم چونکە لەگەڵ یەکێتی بوو، رەنگە بە برادەرانی بزووتنەوەی گوتبێ، بەڵام من ئاگام لەوە نەبووە، چونکە ئێمە جیاوازبووین. ئەوان لە ئازاری 1979 جیابوونەوە.

* کە رەسوڵ مامەند لە یەکێتی جیابۆوەو بارەگای لە گۆڕەشێر دانا، پێشتر راوێژی بە تۆ نەکردبوو؟

- ئەوەیان نا، بەڵام باسیان دەکرد کەچی بکەین، دەمانگوت خۆتان بڕیاربدەن.

* ئەی چۆن دوای جیابوونەوە، زۆری پێ نەچوو تۆش لە ناوزەنگ بوویت و چوویتە گۆڕەشێر؟!

- ئاخر، پێمگوتی هەتا ئەو کاتەی لە ناو یەکێتیش بوون، ئێمەو ئەوان لێکنزیك بووین، بەس لەگەڵ کۆمەڵە لێکنزیك نەبووین.

* لە گرتنی نەوشێروان هەڵوێستت چی بوو؟

- پێم باشبوو بەربدرێ...

* بە رەسمی داواتکرد بەربدرێ؟

- بەڵێ، بە رەسمی داوامکرد، وابزانم کاکە حەمەو ئەوان لەوێ مەسئول بوون.

* دەڵێن قادر عەزیز ئەگەر برای سەعدی گچکە نەبووایە، نەدەبووە ئەندامی سەرکردایەتی، ئایا ئەوە راستە؟

- نا، پێموانییە، کاك قادر توانای خۆی هەبوو.

* كە قادر عەزیز لە 1985/8/15 لە سۆسیالیست جیابۆوە، ئەو کاتە هەڵوێستت چۆن بوو، چونکە حیزبی سۆسیالیست لە وەزعێکی باشدا نەبوو، سەرکردەکانی لە ململانێدا بوون؟

- ئەو کات من لە دەرەوە بووم، بەڵام کە هاتینەوە کوردستان هەوڵماندا بیانکەینەوە یەك، بەڵام ئەنجامێکی وای نەبوو، خراپیش نەبوو، وردە وردە لێکنزیکبوونەوە.

* تۆ دەڵێی کوا فیکر لە کوردستان هەبووە، پێتوایە شتەکان مەبدەئی نین، بە نووسین شتێکەو بە عەمەلی شتێکی دیکەیە، بەڵام کە قادر عەزیز لە سۆسیالیست جیابۆوەوە، بانگەشەی مارکسی- لینینی دەکرد، هەتا سەرەتا حیزبەکەی ناولێنا ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دواتر بووە زەحمەتکێشان، ئایا پێتوایە جیابوونەوەی قادر عەزیز هۆیەکی فیکری نەبوو؟

- رەنگە فیکری تێدابێ، بێگومان جیابوونەوەو پەیوەندییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردی، شتی فیکری تێدابوو، بەڵام زیاتر سیاسی بوو، ئەگەر تەماشای بارودۆخەکە بکەین، دەبینین فیکری هەموو لایەك لێکنزیك بوون، هەر هەمووشی نەتەوەیی بوون، بەڵام لەوانەیە هەندێ شتی فیکریشی تێدابێ.

* بەڵام پاش ماوەیەك شتێك رووبدات، لەوانەیە ئەو فکرەیە هەر فڕێ بدات؟

- جا مانای وایە فیکرەکە لاوازەو ئەساسێکی وەهای نییە. ئێستا جیاوازییەك لە نیوان شیوعی و ئیسلامی هەبێت، مەعلومە جیاوازی فیکرە، یان شیوعی لەگەڵ قەومی بە هەمان شێوە. بەڵام ئەگەر هەمووی هەر نەتەوەیی بن، رەنگە لە بیروڕا هەندێك لێك جیاوازبن، بەڵام وا قووڵ نییە کە بڵێی لێکجیابوونەوەو ئیتر یەکنەگرنەوە، جیاوازییە فیکرییەکان ئەوەندە بەهێز نین، ئەگەر مەسەلە سیاسی و ئیدارییەکان چارەسەر بکرێن، فیکر نابێتە کۆسپ. زۆر شتی وامان دیوە.

* دەنگۆی ئەوە هەبوو، زیاتر فاکتەرەکی دەرەکی رۆڵی بینیوە لە جیابوونەوەی قادر عەزیز، بەتایبەتی ئێران و حیزبی شیوعی. ئەوە راستە؟

- وەڵڵاهی نازانم. بڕواناکەم وابێ، بەپێچەوانەوە، ئینشقاقاتی ناو بزووتنەوەی کوردی هەموو بە دەستی کورد خۆی بووە، هەمووی شتی زاتی بوو، بەڵام کە

دروستبووە فاکتەری دەرەکی ئیستغلالی کردووە. بۆ نموونە شەڕی براکوژی خۆیان کردیان، کەس پێینەگوتبوون، بەڵام کە شەڕ دەکرێ، ئێران دێتە ناوەوە، تورك دێتە ناوەوە، چەکت دەدەنێ، چونکە پێیانخۆشە کێشە دروست ببێ.

* ئەگەر ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە، راستە لە مەکتەبی سیاسی یا سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست نەبوویت، بەڵام قورساییت هەبوو، خەڵکێکیش لەناو حیزبەکە تۆیان بە رەمز دەزانی، خەڵکێکی زۆریش شەهیدو بریندارو پەرتەوازە بوون، پاش هەموو ئەمانە، هەست ناکەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە گوناهبارە بەرامبەر خەڵکەکەی کە نەیتوانی خەڵکەکە کۆبکاتەوەو رێکیبخا؟

- بە دڵنیاییەوە سەرکردایەتی هەموو حیزبەکان هەریەکەیان مەسئولییەتی هەیە، بۆ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کەم خەڵکیان بە کوشتداوە، هەموو حیزبەکان ئەو هەڵانەیان هەبووە، شەڕوکوشتار لەنێوان زۆربەی لایەنەکان هەبووە، لەنێوان کوردی ئێران و عێراق، کوردی عێراق و تورکیا هەبووە، هەموویشی هەڵە بووە، خەڵکێکی زۆر لەو شەڕانەدا تێچوون، جێی داخەو دەبێ دەرسی لێ وەربگرین.

* کە راپەڕینی 1991 کرا، تۆ لە کوێ بووی؟

- من لە بەیروت بووم، کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن هەبوو، دواتر چووینە سوید کۆنگرەیەکی گەورە بۆ پشتیوانی کورد لە 1991/3/15 رێکخرا، لە پاشان چوومە پاریس و لەندەن و ئەمریکاو رووسیا، نوێنەری بەرەی کوردستانی بووم لە دەرەوە.

* لە کۆچڕەوەکەش نەهاتییەوە کوردستان؟

- نەخێر، ئەو کاتەش لە دەرەوە بووم، وەك گوتم ئێمە وەفدی بەرەی کوردستانی بووین، لە وڵاتان دەگەڕاین بۆ پەیداکردنی پشتیوانی لە کورد. ئەو کاتە بەرەی کوردستانی لە دەرەوە لقی هەبوو، سەرکردایەتییەکەی لێرە بوو، هەر حیزبەو دوو کەسی لە سەرکردایەتی بەرەدا بوو، لە حیزبی سۆسیالیست من و کاك رەسوڵ بووین، ئەو کاتەی لە سوریاش بووم، سەرپەرشتی بەرەی کوردستانیم لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکرد، پاشان کە بووین بە وەفدی بەرە، لێرە راپەڕین

دروستبوو، وەختێ کە وتوویژ لەگەڵ حکوومەت کرا، ئێمەش هاتینەوەو بەشداری وتوویژیشمان کرد.

* حیزبەکان بەپێی قەبارەیان لە سەرکردایەتی بەرەدا بوون؟

- نا، بەپێی قەبارە نەبوو، هەریەکە دوو کەس لە سەرکردایەتی بوو.

* گەل و زەحمەتکێشانیش دوو کەسیان هەبوو؟

- یەکەمجار ئەوان ئەندام نەبوون، کە بوونە ئەندام وەکو ئەوانی دیکە حیسابیان بۆ کرا، وا بزانم وابوو. باش بیرم نایێتەوە. سەرەتا 6 حیزب بووین، دوای زیادکردنی زەحمەتکێشان و پارتی گەل بووینە 8 حیزب.

* لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992دا خۆت بۆ رابەرایەتی هەڵبژارد، تەسەوری ئەوەت نەبوو کە رەنگە تۆ نەتوانی لەگەڵ ئەوان لە ململانێی دەنگداندا دەنگ بێنی، ئایا بۆچی خۆت هەڵبژارد؟

- وەڵڵا حیزبی سۆسیالیست پێی کردم، ئەوان نە یەکێتی بوون، نە پارتی، خەتی سێ بوون، وتیان خەتی سێ دەبێ نوێنەرێکی هەبێ، بڕیاری لیژنەی مەرکەزی بە کۆی دەنگ سەپاندی، ئەگینا من لەگەڵ نەبووم، دەمزانی دەرناچم، دەشمزانی ململانێیەکە لە نێوان پارتی و یەکێتییە، یا لە نێوان بارزانی و تاڵەبانییە، چ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو تا خۆمانی تێوەگلێنین، ئەنجامەکەش زانرابوو، کە ململانێیەکە لەنێوان دوو لایەندایە، بەڵام حیزب بڕیاریدا.

* ئەو کاتەی گەرمەی هەڵبژاردن بوو، تۆ خۆت بۆ رابەری هەڵبژاردبوو، حیزبی سۆسیالیست خۆی بەهێزی سێیەم دادەنا، کەچی رەسوڵ مامەند لە دەرەوە بوو، دوو سێ رۆژ پێش هەڵبژاردن هاتەوە، ئەوە دەوری نەبوو لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە؟

- لەوانەیە، ئەوەش دەوری نەبوو، وەك گوتم شەڕەکە لەنێوان پارتی و یەکێتی بوو، هەتا خەڵك هەبوو سۆسیالیست بوو، دەنگیان بۆ ئەوان دابوو، خەڵکی تر هەبوون حیزبی دیکە بوون، بەڵام دەنگیان پێدابوون، چونکە ململانێی دوولایەن بوو، خۆشت دەزانی ئەنجامەکە چۆن بوو، هەر رێکیش نەکەوت.

* پاش هەڵبژاردنەکان کە ئێوەو حیزبی شیوعی و حیزبەکانی دیکە جگە لە پارتی و یەکێتی تووشی شکستبوون، دەڵێن بۆ راستکردنەوەی شکستەکە رەسول مامەند هەوڵیداوە پاسۆك بێنێ و تۆش بۆ راگرتنی هاوسەنگی ناو سۆسیالیست هەوڵتداوە لەگەڵ پارتی گەل یەکبگرن، ئەوە راستە؟

- نەخێر. سۆسیالیست و پاسۆك بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، واتا لە کاتی هەڵبژاردن پاسۆك و سۆسیالیست یەکبوون و سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان هەبوو، کە هەڵبژاردن کراو پارتی گەلیش هیچی نەهێنا، ئیتر هەرسێکیان بوون بە یەکگرتن.

* لە یەکگرتن لەگەڵ پارتی گەل دەورت نەبوو؟

- نەخێر، ئەو کاتەی کە بڕیاریاندا ببنە یەکگرتن.

* بۆچی تەمەنی یەکگرتن ئەوەندە کورت بوو، ئێوە یەکگرتنتان بۆ ئەوە دروست نەکرد تا ببێتە هێزی سێیەم؟

- ئاخر بناغەکەی هەڵە بوو، سێ حیزب بیروباوەڕیان جیایە، لەگەڵ یەك ناکۆکیان هەبووە، هەر لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردن دەرنەچوونە ببنە یەك، ئەوە بناغەی نابێ، بۆیەش زۆر دەوامی نەکرد، هەر لەبەر ئەو بێ بناغەیەش بوو، لەگەڵ دروستبوونی، کۆمەڵێك کێشەی تێکەوت، بۆ نموونە کاك رەسوڵ دواتر هەستیکرد کە لە کۆنگرە سۆسیالیست غەدری لێکراوە، بۆیە رازی نەبوو و جیابووەوەو هەر زوو کۆنگرەی سۆسیالیستیان کردەوەو چوونە ناو یەکێتی، ئەوەی دیکە چووە ناو پارتی و پاشان حەمە لەناو پارتی هاتەوە دەرو سۆسیالیستی دروستکردەوە، گەلیش هەندێکیان لەگەڵ کاك سامی نەچوون ئیتر شتەکان نارێك بوون، بەڵام من پەیوەندیم بەو مەسەلانە نەبوو.

* لەبەرچی نەچوویە یەکگرتن، بڕوات پێ نەبوو؟

- بەڵێ بڕوام پێ نەبوو. * ئێوە پێشتر کۆبوونەوەتان نەکرد لەبارەی یەکگرتنەکە؟

- با، لە سلێمانی کۆبوونەوەمان کرد، پێمگوتن من بەشداری لەو یەکگرتنە ناکەم.

* دیارە رەئیت کەمینەبووە؟

- مەسەلە رەئی نەبوو دەمزانی ئەساسەکەی لاوازە، وەك گوتم سێ لایەنی لێکجیاواز تەنها لەبەرئەوەی دەنگیان نەهێنا یەکبگرن، هەروەها لە بیرت نەچێ ئاسان نییە تۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی شتێك بکەی، ئەوان مەجالت نادەن بە کەیفی خۆت کار بکەی.

* لە دیمانەیەکدا، حەمەی حاجی مەحمود دەڵێ من کە چوومە ناو پارتی، دکتۆر مەحمود بە فاکسێك پیرۆزبایی لێکردم و گوتی منیش دێمە ناو پارتی؟

- وەڵڵا ئەوە ئەسڵی نییە، ئەوە درۆیەکی زۆر گەورەیە، بەداخەوە نەمدەزانی حەمە قسەی ئاوا دەکات، بەڵام ئەگەر فاکسەکەی لایە با بڵاوی بکاتەوە، خۆ ئەو زیرەکە لە هەڵگرتنی شتەکان و دواتر بڵاوکردنەوەیان، ئەگەر راست دەکا با ئەو فاکسە بڵاوبکاتەوە، بەڵام من هیچ فاکسێکم بۆی نەکردووە. لە بیرم دێ ئەو کات لە لەندەن بووم، تەلەفۆنیان بۆ دەکردم، کە شتێکی وا هەیەو تۆ رات چییە، من پێمدەگوتن کاکە ئێوە خۆتان لەوێن و بڕیار دەن، من هیچ پەیوەندییەکم بەو یەکگرتنەوە نییە. بەڵام من رام وابوو کە ئەگەر چوونە ناو حیزبێك، تەواو، بانێنە دەرەوە، ئاخر حیزبی سۆسیالیستی فەقیر 4 جار نەماو 4 جار دروستکرایەوە، ئاخر ئەوە چییە!؟ لەگەڵ ئەوەش بە کەسم نەگوتووە، بڕۆنە ناو فڵان حیزب. حەمەو جەماعەت پرسیاریان کرد، گوتیان دەچینە ناو پارتی، رات چییە، گوتم باشە بچن، کە هاتنەدەر، گوتم بابە دەچیە ناوو دێیە دەرو ئەوە نابێ، یان بچۆ، یان مەچۆ، ئەگەر نا فاکسم نەکردووە، عەیبیشە ئەو قسەیەی کردووە. شتێکی دیکە هەیە کە ئێستاش پێموایە، کەسێکی وەکو حەمە یا هەر کەسێکی دیکە رەنگە لەناو پارتی زیاتر دەور ببینێ، لەوەی بە تەنیا بێ، ئێستاش دەتوانن ئەوە بکەن، ئەو هەموو حیزبە چییە لە کوردستان!؟ چ پێویست دەکات هەبن!؟ حیزبی وا هەیە ئەوەندە بچووکە ناتوانێ دەور ببینێ، تا ئێستا بیست ئینشقاقی تێداکراوە، ئەوە چییە!؟ بەناو حیزبە! بەڕای من دوو حزبی گەورە لە کوردستان دەور دەبینن، لەگەڵ ئەوانەش شیوعی هەیە کە حیزبەو مەوجودە، ئیسلامی هەن کە حیزبن، ئەوەی دیکە

لێرەو لەویَ ئەگەر بچنە ناو حیزبە گەورەکان رەنگە باشتر بیَ، ئەوە رای منە نەك ئەوەی حەمە باسیکردووە، ئەگەر فاکسیشی لایە با بڵاوی بکاتەوە، خۆ ئەو کاغەزو شت هەڵدەگریَ، تۆ کتێبەکانی ئەوت دیوە!؟ ئیَ دەبیَ فاکسەکەی منیشی لابیَ.

* تەکلیفیشی لیَ نەکردی کە بێیتە ناو پارتی؟
- نەخێر، هیچ پەیوەندی بە من نەبوو، چونکە ئەگەر من بچمە ناو پارتی بەهۆی کاك مەسعودەوە دەچم، حەمەی بۆ چییە؟ قابیلە لەسەر ئەوە پەکم کەوتبیَ!؟ مەعقولە من بەهۆی حەمەوە بچمە ناو پارتی!؟ ئەوە کاك مەسعود هەیەو برادەرین و بە یەکەوە ئیش دەکەین، هەر کاتێك بمەویَ پێی دەڵێم و دەچمە ناو پارتی، حیزبی خۆم بووە لە کۆندا، مەعقولە بەهۆی حەمەوە بچم، کەس بە شتی وا بڕوا دەکات!؟
* تۆ بە کەسایەتییەکی سەربەخۆ ناسراوی، لەو مەسەلانەی رابردووش هەوڵت هەبووە لە نێوانکردنی ئەو دوو حیزبەدا، تۆ دۆستایەتی زیاتر لەگەڵ کام لەو حیزبانەیە؟
- بەڕاستی من دۆستایەتیم لەگەڵ کورد بەهێزە، دەمەویَ بۆ کورد کار بکەم، بەڵام دۆستایەتیش بەپێی سیاسەتە. بۆ نموونە من ئێستا هەموو هاوکارییەکی کاك مەسعود دەکەم، چونکە دەبیَ سەرۆکی هەرێم سەرکەویَ، من هاوکاری دەکەم وەك سەرۆکی هەرێم، نەك سەرۆکی پارتی، کە سەرۆکی پارتیش بوو، دۆستم بوو، 30 ساڵ زیاترە دەیناسم و پەیوەندیمان هەبووە، بەڵام لەوەو پێش لەگەڵ مام جەلال ئیشم نەکردووە، مەبەستمە ئەو دوو برادەرە رێکبن، چونکە چارەنووسی کورد بەو دوو کەسەوە بەندە، ئەوان چەند رێکبن، بۆ ئێمە سەرکەوتن و پێشکەوتنە، لەبەرئەوە زۆر هەوڵمداوە ئەو دووە رێکبن، هەوڵ زۆر دراوەو منیش دەورم تێیدا هەبووە، ئێستا وا یەکیان سەرۆك کۆمارەو یەکێکیشیان سەرۆکی هەرێمە، هەر کارێکیشیان هەبیَ و بەمن بکریَ، من ئامادەم بیکەم.

* ئەو کاتەی تۆ و فەخری کەریم کەوتنە نێوانیان، محەمەدی مەلا قادرو هەندێکی دیکە گوتیان پێویستیمان بە ناوبژی نییە، خۆ ئێمە پەیوەندیمان نەپچڕاوە.. تۆ رات چی بوو؟!

- ئێ باشە پێویستیان پێ نییە با رێکبکەون، تا ئێستا ئیدارەکانیان بکردبایەوە یەك، مەمنونین ئەگەر پێویستیان بە ئێمە نەبێ، بەڵام وا بزانم رای مەلا محەمەد خۆی بوو، رای پارتی وا نییە، من لێم پرسی، ئەو گوتی مەبەستی من وا نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە دەبووایە وا بین، ئیتر وای بە من گوت، نازانم.

* تۆ زۆر جار دەوری سەرکردەت بینیوە، بەڵام دەڵێن حاسم نەبوویت لە کێشەکان، واتا کێشەکانت یەکلانەکردۆتەوەو بە کراوەیی بەجێتهێشتووە، بەڵام سەرکردە ئەگەر سەرکردە بێ دەبێت حاسم بێت وا نییە؟!

- ئاخر حاسم، خەڵك بکوژێ، چی بکا؟ ئێمە هەمیشە مامناوەندی بووین و لایەنگری ئاشتی بوویمە، سوپاس بۆ خوا لە ژیانمدا تەیرێك لەسەر من نەکوژراوە، قەت تەقەم نەکردووە، ئەگەر ئەو شتانە حاسمە، من حاسم نەبووم، هەوڵمداوە هەموو لایەك تەبابن و پەیوەندیشم لەگەڵ هەموو لایەك باشە.

* لەو دواییە لە راگەیاندنەکان بڵاوبووەوەو حەمەی حاجی مەحمودیش لە دیمانەکەی لەگەڵ هەرێمدا باس دەکا کە هەردوو حیزبی سۆسیالیست و زەحمەتکێش کە بە نیازبوون یەکبگرن، داوایان لە تۆ کردووە کە ببیە سەرۆکی حزبە نوێیەکە، بەڵام تۆ رازی نەبوویت؟

- ئەوە راستە، گوتیان ئێمە یەکدەگرین تۆ برا گەورە بە، منیش گوتم سوپاستان دەکەم، هاوکاریتان دەکەم، بەڵام مەسئولیەتم ناوێ.

* بەڵام ئەوەش بڵاوبووەوە کە تۆ بۆیە رازی نەبوویت، چونکە گوتووتە حیزبێکی عێراقی دادەمەزرێنم؟

- ئەوە راست نییە، ئێستا وەزعی کورد ناسکە، ئەگەر هەر شتێك بکەم، راوێژ بە یەکێتی و پارتی و برادەران دەکەم دەبێ لە خۆمانەوە ئیش نەکەین، ئەگەر

هەموومان قەناعەتمان هات بەوەی کە حیزبێکی گەورەی عێراقی دروستبکەین، بۆ نەیکەین.

* پێتوایە لە ناوەڕاستی مانگی 12ی ئەمساڵ هەڵبژاردن دەکرێتەوە؟

- بڕیارە لە 2005/12/15 هەڵبژاردنی عێراق بکرێ، بەڵام شەرت نییە هی کوردستانیش لەو کاتی بکرێ، هەرچەندە هێشتا ئەوە روون نەبۆتەوە، بەڵام بەپێی دەستووری هەمیشەیی هەر هەرێمێك بەپێی دەستووری خۆی هەڵبژاردن دەکات، پارتی و یەکێتی لە کۆبوونەوەی دوکان بڕیاریانداوە کە نایانەوێ تا کۆتایی ساڵی 2007 هەڵبژاردن بکەن ئەگەر لە سەریان فەرز نەکرێ، دەیانەوێ مادەی (58) جێبەجێ بکرێ، ئینجا هەڵبژاردن بکەن، باشیشە ئەو هەموو هەڵبژاردنە بۆ چییە؟ ئەمریکا زۆر پەلەیەتی هەڵبژاردنی عێراق بکرێ، چونکە دەیەوێ ستراتیژییەتی خۆی دانێ.

* ئەگەر لە 2005/12/15 هەڵبژاردنی کوردستانیش کرا پێتوایە پارتی و یەکێتی بە لیستێك دادەبەزن؟

- هەر دەبێ بەیەك لیست دابەزن، چونکە ئەگەر وا نەبێ کێشە لە نێوانیان دروست دەبێ، رەنگە بۆ پارێزگاکان لیستی جودایان هەبێ، لەوەش دەتوانن بەیەك لیست دابەزن، ئەگەر هەڵبژاردنەکە وا زوو بکرێ.

* پێتوانییە کوردستان لە عێراق ترازابێ، بەوەی کورد کولتوورو بیرکردنەوەی تەواو لە بەشەکانی دیکە جیاوازە، بەمەش جارێکی دیکە پێکەوە لکاندنی بە عێراق زەحمەت بێ؟

- بێگومان عێراق کە دروست بووە هەمووی پێکەوە لکێنراوە، چونکە دەوڵەتی دیموکراسیشی نەبووە، زەمانی مەلیك ماوەیەك خەریك بوو قانوون هەبێ، بەڵام زۆر نەبوو، پاش ئەوە بووە ئینقلابات. بەعسیش هات، بە جارێ شتەکەی هەڵوەشاندەوەو وڵاتەکەی بە زۆر بەیەکەوە نووساند، شەڕی هەموو لایەکی کرد، وەکو بڵێی شتێك بێ بەدەستییەوە گرتبێ، کە سەدام نەما شتەکە پچڕا، وەزعێکی تازە دروستبوو، هەر ناوچەیەك لە عێراق تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانە زۆریش

لەیەك جیاوازن، هەڵبەت سیاسەتی ئەمریکا وایە ئەو وڵاتە بەیەکەوە گرێبدرێ، وەك وڵاتێکی فیدرالی یا شتێکی وابێ، بەڵام ئەو پێکەوە گرێدانەش زەحمەتە، هەر لە ئەمریکاوە تا ئێمەمانان پرسیار دەکا کە ئەگەر ئەو گرێدانە کراو بەپێی دەستوورەکەش سوننە هاتنە ناوی و رێککەوتن و هەر کەسەو هەرێمی خۆی حکوومەتی فیدرالیان دروستکرد، ئەوا حکوومەتێکی فیدرالی دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر وا نەبوو، ئەوا عێراق دەبێتە 3 بەش، بەڵام هێشتا ئەو مەسەلانە روون نین، چونکە هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر ئەمریکا کشایەوە ئایا چی دەبێ؟ هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارانە روون نییە.

* لە کۆبوونەوەی دوکان باسکرا کە بەو زووانە هەر دوو ئیدارەکە یەکدەگرێتەوە، ئایا پێتوایە ئەمجارە یەکبگرنەوە، یا وەك جارەکانی دیکە هەر قسەیە؟

- وەڵڵا هەموو جارێ باسی دەکەن، بیرم دێتەوە کاك مەسعود بووە سەرۆکی هەرێم، وتارێکی درێژی خوێندەوەو گوتی رۆژانی ئایندە یەکدەگرینەوە، لە پاشان مام جەلالیش هەر وایگوت، بەڵام دیارە کۆسپ ماوەو ئەگەر چارەسەر نەکرێن، رەنگە یەکگرتنەوەکە ئاسان نەبێ.

* کۆسپە ئەساسییەکان چین؟

- ئەوەیە کە یەکێتی دەیەوێ سەرۆك وەزیران بە نۆبەت بێ، هەر ساڵی یەکێکیان بێت، تێکەڵکردنەوەی دەزگا ئەمنییەکانیش کێشەیەکی دیکەیە.

* واتا بەو زووانە تەواو نابێ؟

- ئەگەر ئەو کۆسپانە لانەچن، وەختی دەوێ.

* پێتوانییە پەرلەمانی عێراق لە پەرلەمانی کوردستان ئەکتیڤترە، رەخنە دەگرێ و قسە دەکاو لێپێچینەوەی هەیە، بەڵام پەرلەمانی ئێرە، یەك پەرلەمانتار نوقەی لێوە نایەت؟

- بێگومان پەرلەمانی عێراق چالاکترە، شەفافییەتی زیاترە، ئومێدەوارم پەرلەمانی کوردستانیش وای لێبێ، شەفافییەتی زۆربێ و لێپرسراوان بانگ بکا بۆ لێکۆڵینەوە.

* پێتوایە وای لێبێ؟

- ئینشاڵڵا. هەوڵدەدەین. دەبێ وای لێبێ، ئەگینا سوودی کەم دەبێ.

* پێش ئەوەی بێیتەوە بۆ کوردستان، ئەو کاتەی لە لەندەن بوویت BBC زۆر گرنگی پێدەدای، لەم ساڵانەی دواییش راگەیاندنی جیهانی گرنگی زۆرت پێدەدا لە چاو سەرکردەکانی دیکە، ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- خۆی راگەیاندنی دونیا بۆ راشکاوی و شەفافییەت و باسکردنی هەندێ خاڵی نهێنی کە خەڵك باسی ناکات دەگەڕێت. من گرنگتر نیم لە کەس، بەڵام یەکەم پەیوەندیم زۆر لەگەڵیان هەیە، دووەم هەرچی بزانم، دەیڵێم، هیچ ناشارمەوە، ئێ ئەوانیش بۆ ئەو شتانە دەگەڕێن. زۆر جاریش کەسی دوو حیزبەکەیان دەستناکەوێ، چونکە هەندێ لە برادەرانی دوو حیزبەکە کەمتر قسە دەکەن، بۆیە دێنە لای من.

* تۆ زۆر رەخنە لە ئەمریکا دەگری، بەڵام کەمتر رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگری، زیاتر رەخنە لە ئەمریکاو شیعەو سوننە دەگری؟ ئەمە بۆچی؟

- رەخنەم لەوانیش گرتووە، بەڵام دەزانی چۆن، من لە رۆژنامەکانی ئەمریکا رەخنە لە ئەمریکا دەگرم، لەناو رۆژنامە عەرەبییەکان رەخنە لە شیعەو سوننە دەگرم، لە رۆژنامەکانی ئێرەش رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرم، بەڵام نامەوێ کێشەو ململانێکانی کورد بخەمە ناو رۆژنامەکانی دونیاو بچێتە دەرەوە، یا بچێتە ناو رۆژنامە عەرەبییەکان، بەڵام ئەوەی پێویست بێ، رەخنەمان گرتووە، رەنگە رەخنەکان نەگەیشتبن، چونکە لەناو کورددا زۆر جار رەخنەلێگیراو تووڕە دەبێ، بەڵام کە بە پێویستم زانیبێ بە خۆیانم گوتووەو هەوڵمداوە چاکی بکەن، ئەگەر چاك نەبووبێ، ئینجا قسەم کردووە.

* لێت زویر نابن؟

- وەڵڵاهی وا بزانم لەگەڵ یەك راهاتووین، قسە دەکەین و دۆستیشین.

* بە نیازنیت لە هەڵبژاردنی داهاتوو خۆت هەڵبژێری و بێیتەوە ناو سیاسەت؟

- ئێ ئەوە نییە وا لەناو سیاسەتم.

* مەبەستم لە شێوەی رێکخستنە؟

- ئێستا من ئەندامی پەرلەمانی عێراقم، ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوورم، هەرچی لە کوردستان بووە، بەشدارم.

* ئەوە وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ بووە؟

- ئێ خۆ بە تەنیا نەمکردووە، بە هاوکاری ئەمریکایە. ئیتر سیاسەت چییە. لەوانەیە ئەگەر هەڵبژاردنی داهاتوو نزیك بێتەوە، بەپێی بەرژەوەندی، ئەگەر زانیمان بەرژەوەندی ئەوەیە لێرە دەورمان هەبێ ئەوە دەیکەن لە بەغدا پێویست بکا، لەوێ دەیکەین، بۆ مەسەلەی حیزبیش ئەوە بارودۆخ دەزانێ، تا ئێستا نازانم هیچ بڵێم لە ئایندە دەردەکەوێ.

* پاش ئەو هەموو تەجروبەیە، یاداشتەکانی خۆت نووسیوەتەوە؟

- بەڵێ هەیە. ئەو شتانەی لە ژیانمدا روویانداوەو بە گرنگم زانیوون، هەموویم نووسیونەتەوە، خوا یاربێ رۆژێك بڵاوی دەکەمەوە، چونکە موڵکی خەڵکە بە ئەرکی دەزانم، هەمووی رووداوە، شتی شەخسی تێدایە، بەڵام، پێویستە خەڵك بزانێ ئێمە چیمان کردووەو چیمان نەکردووە، هەندێك شت نەزانراوە پێویستە خەڵك بیزانێ.

# سەلاحەدین بەهائەدین

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی

بزاڤی ئیسلامی له كوردستاندا، تا راپه‌ڕینی به‌هاری 1991، رۆڵێكی ئه‌وه‌نده به‌رچاوی نه‌بووه، ره‌نگه ئه‌گه‌ر هه‌ڵه‌بجه كیمیاباران نه‌كرابوایه، رۆڵی ئیسلامی سیاسی لاوازتریش بوایه، مامۆستا سه‌لاحه‌دین به‌هائه‌دین-یش ته‌مه‌نێكی درێژی له ناو بزاڤی ئیسلامیدا نه‌بووه، به‌ڵام له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌كه‌وه بووبێت، له ماوه‌یه‌كی كورتدا له ناو ئیخوان موسلمینی عێراقدا جێگه‌ی خۆی كردۆته‌وه‌و، هه‌ر به ماوه‌یه‌كی كورتیش له ئێران كراوه به ئه‌میندارى گشتی ئیخوان موسلمینی عێراق، دوای راپه‌ڕینیش وه‌ك كه‌سی دووه‌می ناو ئیخوان ماوه‌ته‌وه، تا له 1994 یه‌كگرتووی ئیسلامی راگه‌یاندو دامه‌زراند، كه درێژه‌بووه‌وه‌ی ئیخوانی عێراقه.

مامۆستا سه‌لاحه‌دین، به‌هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌میندارى ئیخوان و دواتریش ئه‌میندارى یه‌كگرتوو بوو، ئه‌زموونێكی ده‌وڵه‌مه‌ندی چ له‌گه‌ڵ حزبه ئیسلامی سیاسییه‌كانی كوردستان و عێراق هه‌یه، چ له‌گه‌ڵ ئه‌و وڵاتانه‌ش كه بزاڤی ئیسلامیان تێدا بڵاوه، وه‌ك له‌و دیمانه‌شدا ده‌رده‌كه‌وێ، راسته ئیستغلالی ناوی ئیسلامیان كردووه، به‌ڵام ئه‌وان وه‌ك یه‌كگرتوو له بنه‌ڕه‌تدا كار بۆ گه‌یشتنه ده‌سه‌ڵات ده‌كه‌ن، تا ڕاده‌یه‌كیش هه‌وڵیانداوه خۆیان له‌گه‌ڵ واقیعی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی كوردستان بگونجێنن، له‌ناو سه‌ركردایه‌تیشیاندا نزیكه‌ی (5) ئافره‌تیان هه‌یه، كه ئه‌و رێژه‌یه له هیچ كام له حزبه‌كانی دیكه‌ی كوردستان به‌دی ناكرێ، به‌ڵام گرفتی یه‌كگرتوو ئه‌وه‌یه، چونكه درێژبووه‌وه‌ی ئیخوان موسلمینه، ئیخوان موسلمینیش هه‌ڵقوڵاوی ناو میسره‌و هه‌موو ئیخوانه‌كانی دونیا، ته‌وجیهات له مه‌كته‌بی ئیرشادی میسر وه‌رده‌گرن، ئا ئه‌مه وایكردووه، یه‌كگرتوو مۆركه

کوردییەکەی کاڵ و لاوازبێت و نەتوانێ پێ بە پێی ڕووداوەکانی کوردستان کە زۆر ئاڵۆزن هەڵوێست وەربگرێت.

* دەکرێ باسی یەکەم ئینتمات بۆ هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، یا سیاسی بکەیت، ئایا یەکەمجار چوویە ناو ئیخوان، یان پێش ئەوە لە گروپی دیکە کارت کردووە؟

- یەکەمجار لە ساڵی 1965 چوومە ناو کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین.

* بۆچی ئیخوانت هەڵبژارد، لە کاتێکدا ئیخوان هەڵقوڵاوی واقیعی ناو میسر بوو، تاڕادەیەك بە عێراق نامۆبوو، وەك چۆن حیزبی شیوعی سۆڤیەتی لق و پۆپی بۆ هەموو وڵاتەکانی دیکە کێشابوو، ئیخوانیش وابوو، لە میسرەوە لەسەردەمی حەسەن بەنناوە، ئیتر دواتر بەناو وڵاتی عەرەبدا بڵاوبۆوە؟

- ئیخوان لە عێراقدا، دەتوانم بڵێم عێراقێندراو بوو، چونکە ئیخوان لە چلەکانەوە لە ڕێگەی محەمەد مەحمود سەواف و ئەمجەد زەهاوی کە کورد بوو هاتبووە عێراق، بەرگێکی عێراقیشی بەسەردا هاتبوو. هەڵبەتە ئیخوانیش قوتابخانەیەکە، نەك بزووتنەوەیەکی سیاسی، ڕاستە ئێستا جموجۆڵی سیاسیش دەکەن، لە میسردا دەیانەوێ حزبیان هەبێ و لە ئوردن حزبیان هەیە، بەڵام لە بنچینەدا قوتابخانەیەکی فیکری، پەروەردەیی و دەعاوییە. ئینجا لەسەر ئەو ئەساسەش لە چلەکاندا لە عێراق جەمعیەیەکیان دانابوو، بەناوی (جمعیە القوە الاسلامیە). ئیتر لەوکاتەوە تەوژمەکە هاتبووە عێراق و بڵاوبووەوە. من چونکە لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووم، باوکم و باپیرم و بەتایەفە مەلا بووین. هەرچەندە خوێندنی شەرعیم نەخوێندووەو فەقێ نەبوویمە، بەڵام هەر لە خزمەت باوکم بووم. واتا لە ڕووی دینی و خێزانییەوە نزیك بووم بەو ئاراستەیە.

* بەپێی هەندێك سەرچاوە ئیخوان یەکەمجار لە موسڵ دروست بووە؟
- نا، بەڵام محەمەد سەواف خەڵکی موسڵە.
* بەڵام هەیئەتەکە لە 5-6 کەس پێکهاتبوو، محەمەد سەواف سەرۆك نەبوو، دوای دروستبوونی حکوومەتی کۆماری ئینجا بووە سەرۆك؟
- ئەگەر ئەو سەرۆك نەبووبێ، ئەمجەد زەهاوی سەرۆك بووە.
* ئێوە دەتانزانی ئیخوان هەڵقوڵاوی میسرە، لە میسریش ئیخوان بارودۆخێکی سەلیمی بۆ دروست نەبوو، لەگەڵ حیزبە نیشتمانییەکان لە گێرمەو کێشەدا بوو، بۆ نموونە حیزبی وەفد، کە ئەو کاتە حیزبی شەقام بوو لە میسر، بەڵام تاکە هێزێك کە بەرامبەری دەچەقی، ئیخوان بوو، حیزبی وەفد بە نیشتمانی دادەنرا، ئیخوان بەربەرەکانێی کرد، ئێوە ئەو کاتە کە دەچوونە ناو ئیخوان، دەتانزانی ئیخوان لە میسر وەزعەکەی بەو شێوەیە؟
- نا، ئێمە بەو شێوەیە ئاگامان لە میسر نەبوو، ئێمە پێمان وابوو، جگە لەوە ئەو ماوەیە، ماوەی ئەزیەتدان و گرتن و کوشتنی ئیخوانەکان بوو لە میسر، جەمال عەبدولناسر دەیگرتن و بەریدەدان و ئیعدامی دەکردن، ئەوەش جۆرێك لە سۆزی دروستکردبوو لەگەڵ میسرییەکان.
* ئیخوان لە میسر تا حوکمی مەلەکی هەبوو هیچ گرفتێکیان لەگەڵ حکوومەتی پادشایەتی نەبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی کۆماری تووشی گرفت بوون، لە عێراقیش بە هەمان شێوە، لەگەڵ حکوومەتی پاشایەتی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام کە حکوومەتی کۆماری لە عێراق دامەزرا، سەواف چووە سوریاو نامەیەکی بۆ جەمال عەبدولناسر ناردو داوای رووخانی حکوومەتی کۆماری کرد؟
- نا، ئەوە دەقیق نییە لە میسر لە زەمانی فاروق ئیخوان هەڵوەشێنرایەوە، لە (1948)ەوە تا ئەمڕۆ ئیخوان هەڵوەشێنراوەتەوە، واتە لە میسر بە رەسمی قەدەغەیە. لە شوباتی 1949، واتا چەند مانگێك دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان، حەسەن بەنناشیان شەهید کرد، لەسەر جادە تیرۆریان کردو ئاشکراش بوو کە کۆشکی

مەلیکی لە دوای کوشتنی بوو. لەبەرئەوە ئەوەی دەربارەی میسر گوتت دەقیق نییە. لەوێ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لەگەڵ ئیخوان بوون، جەمال عەبدولناسر خۆی مەیلی ئیخوانی هەبوو، بەڵام دوایی لێیان هەڵگەڕایەوە.
هەرچی دەربارەی عێراقە، ئەوا عێراق وەزعێکی تایبەتتری هەبوو، چونکە لە عێراق دەسەڵاتی مەلەکی هەبوو، جارێ با واز لەوە بێنین کە تەوژمی کۆمۆنیستی لە عێراقدا دژ بە مەلەکی بوو، ئەویش زۆر دژی ئەو تەوژمە بوو، بەڵام مەلەفەکانی دیکە لە زەمانی مەلەکی حاڵیان باش بوو، هەتا مەسەلەکانی ئازادی و پەرلەمان و نەواب و ئەعیان ئەوانە شت بوون لە زەمانی مەلەکیدا. مەسەلەی کورد حاڵی خراپ نەبوو، وەکو ئێستا کە عەزاب و خراپەکارییەکانی دژ بە کورد بوونەتە قانوون. وەزیری ناوخۆ کورد بوو، جاری وا هەبووە سەرۆك وەزیران کورد بووە، واتە حاڵی کورد لە زەمانی مەلەکیدا باشتر بوو، چونکە مەلیکی عێراق شتێك بوون، هێنرابوون، هەر بۆیەش هێنرابوون کە زۆر تەرەف نەبن لە کێشەکانی عێراق، بەیەك چاو سەیری خەڵکەکە بکەن، دیارە بەهۆی ئەوەی ئینگلیز خۆی لە مەیدانەکەدا بوو، دەبوو مەرامی ئینگلیزیش جێبەجێ بکەن. ئینجا لەو قۆناغەدا وا دەردەکەوێ بۆ هاوسەنگی لە گۆڕەپانی سیاسی، ڕێگا درابێ بە تەوژمی ئیسلامی، مادام کۆمۆنیستی لێیدەدرێ، لە بەرامبەردا تەوژمی ئیسلامی ڕێی پێدرابێ و حیسابیان بۆ کردبێ، چونکە ئەوانەی تەوژمەکەیان دەگێڕا، کەسایەتی بوون، ڕموزی عێراقی بوون، وەکو سەواف، ئەمجەد زەهاوی، بۆیە ڕێگەپێدانیان بە ڕێگەپێدانێکی سیاسیی حیساب نەدەکرا، بەڵێ بە پلانێکی سیاسی بوو، بەڵام ڕێگەپێدانی پیاوان و زانایانی ئایینی عێراقی بوو. کە ساڵی 1958 هات، هەڵبەت ئەو ساڵە هەڵگەڕانەوە بوو لەسەر هەموو شتەکان، بەتایبەتی کە حیزبی شیوعی هاتە پێش و ئیسغلالی بارودۆخەکەی کرد، ئیتر بە رووحێکی تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەو مەوزوعە دەگەڕا، یەکێ لەوانەی کە تووشی زەحمەتی هات و نەیدەتوانی دابنیشێ، سەواف بوو، سەواف لە ساڵی 1959 ڕایکردو چووە سوریاو دوایی چووە سعودیە. ئیتر دوای ئەوە کەم کەم دامرکایەوەو ئارام بووەوە. عەبدولکەریم لەگەڵ حیزبی شیوعی بەینیان

تێکچوو، شتەکە چووە قاڵبێکی دیکە، تا حیزبی ئیسلامی کە واجیهەیەکی ئیخوانی بوو، لە ساڵی 1960 مۆڵەتی پێدراو دامەزرا.

* راستە لە 1947-1952 ئیخوان=یان لە میسر هەندێك تەنگەتاوکرا، بەڵام پێشتر وەزعی زۆرباش بوو، بنکەیەکی فراوانی جەماوەریشی هەبوو، لە عێراقیش حیزبی شیوعی لەسەردەمی پاشایەتی وەزعی باش نەبوو، بۆ نموونە فەهدو حازم و صارم لەسەردەمی پاشایەتی شەهیدبوون. هەروەها حیزبی شیوعی مۆڵەتی پێنەدرا، حیزبی ئەحراریان دروستکرد بۆ ئەوەی وەکو واجیهەیەك بەکاری بێنن، پرسیار ئەوەیە، لە ساڵی 1960 ئیخوان ناوی خۆی گۆڕی، بەڵام لە ساڵی 1971 خۆیان سڕ (تجمید)کرد، بۆچی خۆیان سڕ (تەجمید)کرد؟

- هۆیەکە زۆر روونە، بەعس لە 1968 هاتە سەر حوکم، دەبێ ئەوە بزانین بەعس لە سوریاو لە عێراق زۆر دژی ئیخوان بوو، چونکە بەعس بیروبۆچوونی وایە کە عەرەب بەخۆی و بە ئیسلامییەوە، بکاتە هی خۆی، عەفلەق قسەیەکی هەبوو، دەیگوت (کان محمد کل العرب، فلیکن کل العرب محمدا). مەبەستی وابوو کە عەرەب واتە ئیسلام، ئیسلام واتە عەرەب، لەبەر ئەوە هەر تەوژمێکی ئیسلامی بە دژی خۆی حیساب دەکرد.

* بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە حیزبی شیوعی ئەوەندە خەڵکەی لێ شەهیدبوو، ئەوەندە جەربەزەی دیت، کەچی قەت خۆی تەجمید نەکرد.

- ئینجا باسەکە لێرەیە، 1968 ئەوەی ئێمە بینیمان بەعس سەرکردایەتی ئیخوانی بانگ کرد کە دەبێ وا بکەن و وا نەکەن، هەندێکی لێ ئیعدام کردن بەناوی شتی دیکەوە، بیانوویەکی گرت، مەوزوعێك بوو لە ساڵی 1970 کۆمەڵێکی ئیعدام کرد، هەندێك لەوانیشی تێدابوو، لە 1971دا وا دەردەکەوێ کە جارێکی دیکە ئاگاداریکردوون کە دەبێ یا خۆتان هەڵوەشێننەوە، یا هەمووتان دەگرین، واتا هەر هەڵوەشاندنەوەیە بە مانایەکی دیکە. ئەو کاتە زەمانی دکتۆر عەبدولکەریم زێدان بوو، کە کەسایەتییەکی جامعییەو ئێستاش ماوەو لە یەمەن دادەنیشێ. ئەو فەتوای وابووە کە ئەمە شەڕێکەو بەعس بەجیدیەتی و جاری دووەمیشیەتی، تەواو، ئێمە

ناتوانین بمێنین، یان دەبێ هەمووومان بمرین، یا دەبێ بوەستین، ئیتر دیارە بڕیاریانداوە بوەستن واتە خۆیان تەجمید بکەن.

* لەو کاتەوە چالاکی راگیراوە؟

- چالاکی وەکو رێکخستن راگیراوە.

* لە زۆر سەرچاوە باس لەوە دەکرێ ئیخوان لە ساڵی 1979 دەستیپێکردووە، ئەویش لەسەردەستی مەلا سدیق عەبدولعەزیز کە دەستی بە چالاکی کردووەو با بڵێین لە ئێراقەوە هاتەوە، بەڵام ئەو دژی تەوەجوهاتی ئیخوانیش بووە؟

- مەلا سدیق و غەیری مەلا سدیق ئەوانەی کە لە ناوچەی کوردی بووین، زۆر کاریگەریی ئەو وەستانەی ئیخوانمان لەسەر نەبوو، ئێمە هەر جموجۆڵ و چالاکی خۆمان هەبوو، بەڵام بەو شێوەیە مونەزەمەی ئەوسا نەبوو، مامۆستا مەلا سدیقیش یەکێ بوو لەو خەڵکانەی کە لە هەڵەبجە بوو، بەڵام لە ماوەی شۆڕشی ساڵی 1974 کە خەڵك چوونە دەرەوە، هەموو شارەکانی کوردستان خەڵکی لێنەما، کە هاتینەوە وەکو ئەوان پێیاندەگوتین عائیدون، هەریەکە بەشێوەیەك تەفروتونا بووین، هەندێك بۆ باشووری عێراق گواسترانەوە، هەندێك مانەوە، بەگشتی فشارێکی زۆری بەعس لەسەر ئێمەش وەکو ناوچەی کوردی، دروستبوو. مامۆستا سدیق-یش لەو کاتە وەك هەر کەسێکی دیکە لەوانە بوو کە هەموو ئاواتمان ئەوە بوو نەمانکەنە بەعسی و وازمان لێبێنن، چونکە فشار هەبوو، ئەو مامۆستا (موعەلیم) بوو، منیش مامۆستا (موعەلیم)بووم. ئەو وەختە نەبوونە بەعسی پاڵەوانییەك بوو، چونکە زەحمەت بوو، تەعلیمیشیان هەموو کردبووە بەعسی، بەڵام سوپاس بۆ خودا لەوەدا سەرکەوتین. مامۆستا سدیقیش بەو شێوەیە دەمانبینی، بەڵام لە 1979 و پێش ئەو ساڵەش، ماوە ماوە کە دیدارمان دەکرد، هەستماندەکرد مەلا سدیق عەبدولعەزیز گلەیی لە وەستاندنی ئیخوان هەیە، ئێمە بەگشتی گلەییمان هەبوو، بەڵام ئەو زۆرتر. دیارە گلەییەکەی گەیاندە ئەوە کە هەندێ گەنجی لە خۆی کۆکردەوەو تەشکیلاتێکی هەر بەناوی ئیخوانەوە دروستکرد، وا دەردەکەوت، ئێمە نەمانزانی، بەڵام وا ناسرابوو.

* بەڵام دەڵێن ئەو کاتەی ئەو تەشکیلاتەی دروستکرد، زۆر رای لە سیاسەتی ئیخوان نەبوو؟

- رەنگە. هەموومان رەخنەمان هەبوو لەوەی ئەو وەستانەی ئیخوان بۆچی؟

* دەڵێن ئیخوان ئەو کاتەی چالاکی خۆی راگرت و خۆی تەجمیدکرد، هەندێك لە سەرکردایەتی ئیخوان گرنگیان بە خەتی نوور داو گەشەیان پێکرد، ئەو (خەتی نوور)ە چی بوو؟

ئەوە پەنابردن بوو بۆ خۆ رزگارکردن لەو گێچەڵەی بەعس وەك گوتم فشاری دروستکردبوو، رەسائلی نوور هەیە، ئەوەی لە تورکیا هەیە، ئەو خەتە بریتییە لە هەندێ پەیام، (رەسائل نوور)ی پێدەڵێن، هەندێ شتی رووحانی و ئیمانی، زیاتر لە بەغداو کەرکوك و ناوچەکانی خۆشمان بوو، ئەو کتێبانە کەوتە ناو ئەوان، پێی سەرقاڵ دەبوون، شتێکی سیاسی تێدا نییە، وەکو بڵێی کتێبی گەیلانیی و غەزالی، کە زیاتر شتی ئیمانی و تەسەوفییە. زۆریش بە کەڵك بوو، هەموومانیش پێی سەرقاڵ بووین، ئەوە خەت نەبوو، بە مانای خەت، خۆ خەریککردن بوو بۆ قەرەبووی ئەو فەراغەی کە دروست بوو.

* لە ساڵی چەند چوویە ئێران؟

- لە کۆتایی 1981.

* لەو ساڵەوە هیچ چالاکییەکتان لە ئێران نەبوو، وەکو رێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی؟

- بە نیازی ئەوە چووین کە چالاکیمان هەبێ...

* بەڵام لە هەشتاکاندا لە چیا کۆمەڵێك حزبی سیاسی هەبوون...

- ئاخر ئێمە بڕوامان بە چەك نەبوو، ئێمە جەماعەتی بێ چەك بووین.

* دەڵێن شێخ عوسمان ئەندامێکی باڵای ئیخوان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو دژی بەعس، لە ناو ئیخوان دەرکرا..

- نا، مەسەلەکە بەعس نییە، چونکە بەعس لای ئیخوان مەعلومە، مەسەلەکە ئەوە بوو، ئەو وەختە ئێمە لە ئێران بووین کە مامۆستا هاتە ئێران، ساڵی 1987 بوو، دەبووایە هاوکاری تەیاری ئیخوانی بکردایە لەوێ، کە ئێمە بووین، ئەویش وای پێ باش بوو کە هاوکاری بۆ ئەو پرۆسەی چەکە بکات، کە پێش ئەو، شێخ محەمەد بەرزنجی هاتبوو، شێخ لەتیف هەبوو، ناویان رابیتەی زانایان، یا شتێکی وابوو، پێش بزووتنەوەی ئیسلامی، کە مامۆستا هات بەو ئیعتیارەی کە پیاوێکی ریشسپی ئیخوانییەو بەڕێزەو هەموومان خۆشمان دەوێ، چووینە خزمەتی و پێمان وت وا چاکە تۆ بوەستی و ئەو مەلایانە کۆبکەیتەوە، خۆت بگری، چونکە ئەوە پەلامارەو شاڵاوە دەتبا، مامۆستاش قەناعەتی وابوو، بەڵام دوایی دەوروبەر نەیانهێشت، چووە ناو ئەو پرۆسەوە، پرۆسەکەش ئاڵۆزتر بوو، چەکدارییەك بوو بەجدی، چەکداریش لە وەختی شەڕی عێراق و ئێراندا مانای ئاشکرایە چییە...

* ئەو هەوڵی نەدا ئیخوان بگوازێتەوە ناو ئەو خەباتە چەکدارییە؟

- نا، نەیدەتوانی، گلەیی لە ئێمە دەکرد بۆچی نایەن، ئێمە دەمانوت ئەی تۆ بۆچی چوویت..

* ئەو خۆی بەجێی هێشت، یان ئێوە لاتاندا؟

- نا ئەو خۆی جیاکردەوە. ئەو بڕوای بە چەك بوو، ئێمەش بڕوامان پێ نەبوو.

* ئەو کاتەی لە ئێران بوویت، مادام چالاکیتان هەبوو، بۆچی بیرتان لەوە نەکردەوە رێکخراوێکی کوردستانی دابنێن؟

- ئەوە نەدەکرا، چونکە ئاوارەکان عەرەبی تیا بوو، تورکمانی تیا بوو، واتە تایبەتکردنی بە کوردستانەوە زۆر بە مانا نەبوو.

* واتا ئێوە زیاتر پشتتان بە خەڵکی ئاوارە بەستووە، نەك خەڵکی ناو شارەکانی ئێرە؟

- نا، نا، ئێمە لەوێ ئیشمان دەکرد، ئەوەی کە لێرەش مابووەوە ئیشی خۆی دەکرد.

* ئەگەر بێینە سەر بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی لە ساڵی 1987 دامەزرا؟!
- نا، بەو ناوە نەبوو، بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزرا...
* وابزانم لە 1988 ناوەکەیان گۆڕی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی...
- نا پێشتر، نازانم 1984 بوو، یان 1985، شێخ محەمەد بەرزنجی و عەبدولڕەحمان نەورەسی و مەلا عەلی بیارە، لەگەڵ شێخ لەتیفی بەرزنجی هاتنە ئێران شتێکیان بەو ناوە دروستکرد کە تۆ باستکرد.
* کە بزووتنەوە دامەزرا، هیچ ئاڵوگۆڕییەکی بیروڕاتان لەنێواندا هەبوو؟
- نا تەنها وەکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی سەردانی یەکترمان دەکرد.
* ئەی لە رووی سیاسییەوە؟
- ئەوان رایان لە ئێمە نەبوو، ئێمەش رامان لەوان نەبوو.
* لە دوای دروستبوونی حیزبە ئیسلامییەکان، ئێوە وەکو یەکگرتوو زیاتر گرفتتان لەگەڵ راپەڕینی ئیسلامیدا هەبووە بۆچی؟!
- جا باسەکە لە وەڵامەکانی پێشوودا پچڕا، مەلا سدیق لەو نێوانەدا نە ئەوەبوو ببێتە بزووتنەوەی ئیسلامی، نە وەکو ئێمە بکات. نە ئەوەی پێدەکرا، کە هاتە ئێران ئیخوانی عێراقی پێیانوت دەبێ ئیلیتزام بە ئێمەوە بکات، گوتی باشەو بابزانم و دەمەوێ بڕۆم و ئەوانە، گرنگ نەڕۆیشتەوە، بەڵام هەر خۆی بەدەستەوە نەدا، حەزی دەکرد لەو نێوانەدابێ. لەبەر ئەوەی مامۆستا مەلا عوسمان برا گەورەی بوو، نەدەکرا، وەکو دیکەش قەناعەتی بە چەك نەبوو، وەکو بڵێی دڵی لەگەڵ ئێمە بوو، بەڵام بۆی نەدەکرا. لە ئەنجامدا دوای ماوەیەك یەکلایی بووەوە، هات و ئیلتیزامی کردو لەگەڵ ئێمە مایەوە.
* لە ساڵی چەند؟
- لە 1989، هەر خۆی دەتوانین بڵێین باڵێکی ئیخوان بوو، ناتوانین بڵێین ئیخوان نەبوو، بەڵام بیروبۆچوونی لەسەر هەندێك شت جیاوازبوو. لە 1989 تا 1991 کە هاتینەوە ئەو دوو ساڵە پێکەوە بووین.
- بەڵێ لە شورابوو.

* ئەی کە هاتنەوە کوردستان؟

- پێش هاتنەوەم بۆ ئێرە لە ساڵی 1991 تەشکیلاتێکی تۆزێك گشتی کرا، ئێمە دوای کۆچڕەوەکە هاتینەوە، کە خەڵکەکە هەموو هاتبووە ئەوێ و دواتر هاتنەوە ئێرە، کە خەڵکەکە هاتەوە ئێرە، مامۆستا سدیق نەیویست هاوکاری ئێمە بکات.

* گفتوگۆتان هەبوو لەسەر خیلافەکانی؟

- بەڵێ، دەیوت من خاوەنی گۆڕەپانی عێراقم، هەڵبەت ئەوە لای ئێمە پەسند نەبوو، گوایە من لە ئێران بوومەو ئەو لێرە بووە، چونکە ئەو 1987 هاتبووە ئێران، من 1982 چووبووم. بە حیساب ساحەکە هی ئەوە، بەڵام واقیعەکە ئاوها نەبوو.

* ئەوکاتە ئەمیندارتان کێ بوو؟

- لەو دیو من بووم.

* واتە خیلافەکەی زیاتر لەگەڵ تۆ بووە؟

- بەڵێ بێگومان، لێرە کە هاتینەوە ئیخوانی دیکە هاتنە ناو ئیشەکەوە من بوومە کەسی دووەم، ماوەیەك مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا لە سەرەتای 90تا 92، ماوەیەکیش مامۆستا عومەر ریشاوی ئەمیندار بوو.

* باشە ئەوانە چۆن بوونە ئەمیندار؟

- بە هەڵبژاردن، ریشسپیانی خۆمان لە ناو مەجلیسی شورا هەڵبژاردنمان دەکرد، مامۆستا سدیق نەهاتە ناو ئیشەکەو گوتی ئەوە هەقی منە، هەلەو هەلەوی کرد لەگەڵ هەندێ برای عێراقی و ئەوانە، نەگەیشتە ئەنجام، بە پێچەوانەوە ئیلزامیان کرد کە دەبێ بچی لەگەڵ ئەوان بێت، کە ئیلزام کرا ئیتر نەیکرد، لە 1993 بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی دروستکرد.

* دەوری ئێران چی بوو لەو دوورکەوتنەوەی مەلا سدیق و هاتنەوەی؟

-وا نازانم دەوری بووبێ، ئاگام لەوە نییە، چونکە من بۆ خۆم مەلەفم جیابوو لەگەڵ ئێران، لە ساڵی 1989 گرتمیان لە ئێران.

* لەبەر چی گیرای؟
- گوایە بزووتنەوەی ئیخوانیان ئاشکراکردووە، دواتر لە دەرەوە ئیخوان فشاری کردو بەریاندام.
* کە راپەڕین جیابووەوە، بۆچی ئێوە لە ئاستی راگەیاندن و کادیرانی خۆتان زیاتر قسەتان لەسەر ئەوان دەکردو ئەوانیش قسەیان لەسەر ئێوە دەکرد؟
- ئاخر ئەوان وەها حیسابیان دەکرد کە ئێمە بووینە هۆکاری ئەو دوورکەوتنەوەیان.
* ئێوەش تەخسیریتان پێ نەدەکردن...
- خۆی سروشتی شتەکە وابوو، کردارو پەرچە کردارە، بەڵام بەگشتی ئەوان کە بوونە راپەڕین، ئێمە پیرۆزبایمان لێکردن.
* لە ساڵی 1992 ئێوە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی چوونە هەڵبژاردن؟
- هەر هاوکاری بوو بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن، خەمی هەڵبژاردنەکەش ئێمە دەمانخوارد، خەڵکە پاڵێوراوەکەش زۆری هی ئێمە بوو.
* بۆچی ئەو کاتە خۆتان رێکخراوتان نەبوو؟
- نا، رێکخراومان رانەگەیاند بوو، بەناوی ئیسلامی بێلایەن چووینە ناو هەڵبژاردن.
* ئەو بەشداریکردنە بۆ نەبووە هاندەرێك کە ئێوە لەگەڵ بزووتنەوە رێکخراوێکی نوێ پێکەوە دروست بکەن، بەتایبەت بە هەمووتان دەنگێکی باشیشتان لە هەڵبژاردن هێنابوو؟
- نەدەگەیشتینە ئەنجام، ئێمە تێڕوانینمان بۆ مەسەلە سیاسییەکان، هەتا دەقەکان لەگەڵ تێڕوانینی ئەوان جیاوازبوو. ئێمە پێمان وابوو چەك لە کوردستاندا خزمەت نە بە قەزیەی ئیسلام دەکا، نە بە کێشەی کورد، ئەوە کورد چەکی زۆری هەیەو دەشزانین کەچی بەسەرهات. کە تۆ لە کوردستان چەکی ئیسلامی هەڵدەگری، لە ئیسلامدا چەك ئەحکامی هەیە، ئەحکام بەو مانایە چەك بەرامبەر کێ، دواییش قوڵبوونەوەی لۆجیستی دەوێ، خۆ جبەخانە نییە لە کوردستان. دەبێ یەکێك چەکت بداتێ، دەبێ یەکێك فیشەکت بداتێ. بۆیە ئێمە لە ئەساسەوە لەگەڵ چەك نەبووین، بەلای کەمەوە دەمانوت کاکە ئێوە پێشتر چەکتان لە دژی بەعس هەڵگرتووە، باشە،

بەڵام خۆ ئێستا بەعس نەماوە، ئەوە خۆماڵییە، ئەگەر ئەو چەکە بۆ پاسەوانی بێت مانا دەدا، بەڵام بە غەیری ئەوە مانای نابێ. دوایی ئێمە بەڕاستی لە هەڵبژاردنەکە نیگەران بووین، چونکە هەندێ هەڵەی تێدا کرا، بۆ نموونە ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنی مامۆستا مەلا عوسمان نەبووین بۆ رابەری. چووین پێمان گوت مامۆستا ئەوە مەوزوعێکی سیاسییە. ململانێی خەڵکێکە کە 50 ساڵە لە گۆڕەپانەکەدان. جەنابت ئەگەر رابەری تەیاری ئیسلامی بیت، لەوانەیە سوڵح بکەین و بڵێین ریشسپیمانەو چ قەیدییە، ئاساییە رێککەوین، بەڵام رابەری بزووتنەوەی کوردی، پڕۆژەو مەلەفێکە، بە هەموو مانا تۆ نابێ بچییە ئەم مەیدانە، گوتمان ئەمە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی دەنگی یەکێك لەسەر حیسابی یەکێکی دیکە. مامۆستا گوتی ئەوە قەناعەتی خۆمە، گوتمان ئاخر ئێمە لە لیستی ئیسلامی شەریکین. هەتا گوتم ئەوە فەرشێکە، سروشتی فەرش وایە یا دەبێ هەمووی پێکەوە بفرۆشی یا دەبێ نەیفرۆشی، سروشتی ئەو کارانەش وایە، چونکە پێکەوەیە، لەت ناکرێ، گوتی نا، من دڵم خەبەری داوە، با دەنگی موسڵمانان بەفیڕۆ نەڕوا. ئێمە وامانزانی کاریگەریی لایەنێکی لەسەرە، چونکە زۆری لەسەر چووین و ئەویش زۆری رەفزکرد. هەڵبەت، مامۆستا پێشتر منی زۆر خۆشدەویست، بەڵام دوایی دڵی لێم هێشا، بەم دواییە من چوومە خزمەتی و ئاشتم کردەوە، زۆریشم خۆشدەویست، هاوڕێی باوکم بوو، گوتم مامۆستا ئەو مەوزوعە یان دەبێ جەنابت ئیعلان بکەی، کە من لەبەر حاڵەتی تەندروستیم نایکەم، بزووتنەوەی ئیسلامی بڵێ ئەو مەوزوعە پەیوەندی بە منەوە هەیە، پەیوەندی بە لیستەوە نییە، چونکە لیستەکە ئیئتلافییە، یا دەبێ ئێمە قسەیەك بکەین. گوتی یەکەم و دووەم ناکەم، ئێوە بچن چ دەکەن، بیکەن. ئێمەش هاتین بەیانێکمانداو گوتمان خۆ پاڵاوتنی مامۆستا مەلا عوسمان بۆ رابەری. پەیوەندی بەخۆی و بزووتنەوەوە هەیە، پەیوەندی بە ئێمەوە نییەو ئێمەش مولزەم نین بە ئەنجامەکەی.

*نەیانگوت ئێوە کێن؟
- زانراوبوو، چونکە دیاریمان کردبوو لە لیستەکە، نووسرا بوو فلان بزووتنەوەی ئیسلامی، فلان ئیسلامی موستەقیل.
* یەکگرتوو لە 1994/2/6 دامەزراندنی خۆی راگەیاند، ئەو کاتە بزووتنەوە بەهۆی شەڕی لەگەڵ یەکێتییەوە لە وەزعێکی زۆر خراپ دابوو، ئایا راگەیاندنی دامەزراندنی یەکگرتوو لەو کاتەدا بۆ ئەوە بوو کە کادیران و خەڵکی بزووتنەوە بگرێتەخۆ، کە لە وەزعێکی خراپ دابوون، یا هەر بارودۆخێکی دیکە هەبوو کە پێویستی کرد یەکگرتوو دامەزراندنی خۆی رابگەیەنێ؟
- نا، وەختێ کە یاسای حیزبەکان دەرچوو، ساڵی 1993 بوو، ئێمە یەکسەر چووین لەگەڵ وەفدێکی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەو وەختە مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود بوو، کاك دکتۆر ئیبراهیم و وابزانم مەلا سەلمان-یش بوو، ئەو باسەمان کرد، من یەکێکیان بووم، شەهید فوئاد چەلەبی و لەگەڵ مامۆستا ئەمین پشدەری چووینە سلێمانی و گوتمان ئەوە یاسای حیزبەکان دەرچوو، ئێمە وا دەزانین دەبێ بە یاسای حیزبەکان پابەندبین، چونکە ئێمە حیزبمان راگەیاندووە، ئێوە هەن و بارەگاتان هەیە، بەلام ئێمە وانین، بۆیە هەم پێویستیمان بەو یاسایە هەیە، هەمیش ئەم یاسایە دەتوانێ رێگرمان بێ، دەتوانێ لە رووی یاساییەوە بڵێ بۆچی تۆ بە نهێنی هەیت و خۆت ئاشکرا ناکەی، لەبەرئەوەش حەزمان لێیە یاسایی بژین، دەچین بەدەم ئەم یاسایەوە، هەڵبەت ئەوان زۆر سەریان سوڕماو زۆریشیان پێ ناخۆش بوو، گوتیان چۆن دەبێ بۆ یاسای عەلمانی بچی و بڵێی مۆڵەتم بدەیێ تا هەبم، گوتمان وەڵڵا ئێمە وا دەزانین دەبێ پابەندبین بەو یاسایە، رەنگە ئێوە پێویستتان نەبێ، بەو ئیعتیبارەی پێشتر هەبوونە، بەلام ئێمە پێویستمانە. ئەوە مانگی نۆی ساڵی 1993 بوو، دوایی ئەوە بوو مانگی دوازدەی 1993 ئێمە خۆمان ئامادە دەکردو کۆنفرانسمان دەبەست بۆ دروستکردنی حیزب، بینیمان شەڕی نێوان بزووتنەوەو یەکێتی روویدا، ئەوە ئێمەی ئیحراج کرد، ئێمە بە نیازبووین زوو دروستکردنی

حیزبەکە رابگەیەنین، لەبەر ئەو شەڕە وەستاین، رۆژی 1994/2/7 کۆتایی ئەو ماوەیە بوو کە تەرخانکرابوو، بۆ تەقدیمی ئەوراقی ئەحزاب، رووداوەکان قەومان و ئەوە بوو مامۆستا مەلا عوسمانیان هێنایە مەسیف، من لەگەڵ چەند مامۆستایەك چووینە خزمەتیان بۆ پرسەیان کە کوڕی شەهید ببوو، لەوێ لەبەر مەوقیفەکە لەگەڵ خۆی قسەم نەکرد، لەگەڵ مامۆستا شێخ محەمەد قسەم کرد، ئەوە 1994/2/3-2بوو، گوتم مامۆستا دەزانی ئێمە خۆمان ئامادەکردووە بۆ راگەیاندنی حیزب، ئەوەش دەزانی کە ماوەکەی تەواو دەبێ، بەڕاستی ئێستا ئێمە ئیحراجین نازانین چ بکەین، پێشمان خۆش نییە لەوکاتەدا رایبگەیەنین، بەڵام ناشزانین چی بکەین، هاتووین بزانین رای جەنابتان چییەو پێمان خۆشە راوێژتان پێ بکەین، مامۆستا شێخ محەمەد گوتی زۆر ئاساییە ئیمەش هەر دەبێ داوای مۆڵەت بکەین و زۆر باشە و پیرۆزە. ئیتر ئێمە ئەوراق و شتمان ئامادەکردو رۆژی1994/2/5 تەقدیممان کردو(6)ی مانگ یەکگرتوومان راگەیاند. مەبەستمە بڵێم کاتەکە هیچ پەیوەندی بە قۆستنەوەی ئەو شەڕە نەبوو، ئێستاش خەڵکی بزووتنەوە کەم دێنە لای ئێمە، راستە نزیکیەك لە نێوان وادەی راگەیاندنی حیزب و شەڕی بزووتنەوەو یەکێتی هەیە، بەڵام ئامانجەکە قۆستنەوەی دەرفەت نەبووە.

* ئێوە پێش ئەوەی داوای مۆڵەتی دامەزراندنی حیزب بکەن، رێککەوتنێکی مەبدەئیتان کردبوو لەگەڵ ئیخوانی عێراق؟

- بەڵێ، ئاگادارمان کردبوون.

* رەنگە هەر لەسەر پێشنیاری ئەوان بووبێ؟

- نا، نا. پێشنیاری ئێمە بوو، چونکە حاڵی ئێمە وەکو فیدراڵییەکەی خۆمان وابووە. ئێمە پێمانگوتبوون و ئەوانیش پیرۆزباییان لێکردبووین.

* ئێوە تا ئێستا خۆتان بە درێژەپێدەری ئیخوان دەزانن؟

- ئێمە تایبەتمەندی کوردستانیانەی خۆمان پاراستووە، پڕۆژەیەکی سیاسیمان هەیە، بەڵام لە رووی پەروەردەیی و هەندێ مەسەلەی فیکری زۆرشتمان لەگەڵ ئیخوان ماوە.

* ئێستا ئێوە ڕێنمایی و تەوجیهات لە مەکتەبی ئیرشادی ئیخوانی میسر یا هی عێراق وەردەگرن؟ - نا، پەیوەندیمان هەیەو بە خزمەتیان دەگەین و نێوانمان خۆشە، چونکە ئەوانیش دەرکیان بەوە کردووە کە وەزعی کوردستان جیاوازە، ئێمەش وەك لایەنێك بەو هەموو گۆڕانکارییە بەتەما نین وەکو دەروێشێك مامەڵە بکەین، ئێمە تایبەتمەندی کوردستانیی خۆمان هەیەو پڕۆژەی سیاسیمان هەیە، تایبەتمەندی پڕۆژەی سیاسیش ئەوەیە کە پەیوەندی بەو ناوچەیەوە ببێ و کێشەی ئەو ناوچەیە تەبەنی بکات. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین یەکگرتوو کیانێکی ترە، سوودی لە خەتی نوورو شتی دیکە بینیوە، سوودی زۆریشی لە ئیخوان بینیوە، لەگەڵ پاراستنی نێوان خۆشیمان لەگەڵ ئیخوان، هەڵبەت ئەوە شتێکی ئاسان نییە.

* حیزبی ئیسلامی عێراقی کە نوێنەری ئیخوانە لە عێراق بەشداری هەڵبژاردنی ئەم دواییەی نەکرد، ئێوە کردتان، ئەوە گرفتی لە نێوانتان دروست نەکرد؟

- نا ئەوان لەوەشدا بە ویژدانن، دەزانن تایبەتمەندی خۆمان هەیەو خۆمان سەربەستین لە بڕیارداندا، بەڵام هەڵبەت وەکو دۆستایەتی روونکردنەوە دەدەین بۆیان، لە کۆنگرە ئیسلامییەکانی دیکە بەشداری دەکەین و پرسیارمان لێدەکرێ، لە ناوەندە ئیسلامییەکاندا لەگەڵ هەمووان نێوانمان خۆشە.

* خۆ وەك حیزبی شیوعی کوردستان و عێراق نین، مامۆستا کەریم ئەحمەد تا سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقیش بوو.

- نا، نا. ئێمە هەموو شتمان جیاوازە.

* لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ زۆر باس دەکرا کە یەکگرتوو لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییەوە پشتیوانییەکی زۆری لێدەکرێ، بەتایبەتی سعودیەو ئێران و. بە ناوی ئەوەی کە شەڕێکی بێ ئامان لە نێوان ئەو دوو حیزبە هەیە، خەڵکی هەژار زۆرن، ئێوە ئەو یارمەتیانەتان وەردەگرت، بەڵام ئەو یارمەتیانە زیاتر بۆ حیزب

و کادیرانی خۆتان بەکاردەهێنا، چەند جارێکیش لە رۆژنامەی (رۆژنامەنووس) بە ژمارە بڵاویان کردووەتەوە، ئەو کات هیچ وەڵامێکتان نەبوو؟

- نازانم، من ئەو ئەرقام و ژمارانەم لەبیر نییە، بەڵام (رۆژنامەنووس) مەلەفێکی پڕ لە شەڕەنگێزی هەیە لەگەڵ ئێمە، با واز لەوان بێنین، بەڵام ئێمە لە (1988)ەوە کارمان لەسەر فریاگوزاری کرد، بۆ ئۆردوگاکانی ئێران و ئاوارەکان، دوایش کە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە کۆنگرەیەکمان لە تورکیا کرد کە ئیخوانی عەرەب و کوردی پارچەکانی دیکەش بەشداربوون، کۆمەڵەیەك دروستبوو بەناوی رابیتەی ئیسلامی کورد، کە ئێستاش ئەو رابیتە ماوەو دکتۆر عەلی قەرەداغی بووە سەرۆکی رابیتەکە. ئەمە ئیشوکاری ئەوە بوو تەوعیە بکات لە مەسەلەی ئیسلامی کوردی، هەروەها کاری ئەوە بوو کۆمەك پەیدا بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەو بۆ هەتیوو هەژاران، لە ساڵی 1991 کە هاتینەوە تا وەکو 1994 تا ئەو کاتەی بڕیاری 986 جێبەجێکرا، خەڵکەکە لە دۆخێکی خراپ دابوو، ئێمەش سوپاس بۆ خوا شەرەفی ئەوەمان هەبوو کە هاوکاری خەڵك بکەین، مزگەوتەکان شایەدن، خۆ کوردستان پڕە لە مزگەوتی ئەو رێکخراوانە.

* دەڵێن هاوکارییەکە زیاتر بووە لەوەی کە خەرج دەکرا؟

- نا، ئەوە درۆیەکی تەواوە، وەرە ئیسپاتی بکە، تۆ درۆی خەڵك دەگێڕیتەوە، من دەڵێم درۆیە، چونکە هاوکارییەکە بە ئەرقام هەیەو ژمێریار هەیەو دەزگای مەسئول دەتوانی بچی، رابیتە بانگ بکاو بڵێ چەندت وەرگرتووەو چەندت خەرجکردووە، یا (اغاثة) بانگ بکا. ئێمە توانیومانە بچین دڵی ئەو خەڵکە نەرم بکەین و لە وەختێکی هەستیار کۆمەك بەو خەڵکە بکەین، خۆ ئێستا ئەو کۆمەکە نەماوە، لە وەختی نەبوونی و داماویدا 61-71 هەزار هەتیوی ئەو کوردستانە، هەمووی هەر مەرج نییە باوکی مردبی، لەوانەیە کوژرابی، لەوانەشە خۆمان وەك کورد کوشتبمان و شەهیدی دەستی براکوژی بی، بەخێوکراون، ئەو هەموو ئاواکارییە کراوە لە مزگەوت و قوتابخانەکاندا، ئەوانە دەسکەوتی باشن و زەخیرەیەکی باشیشن لە رووی

ئەجری قیامەتییەوەو لە رووی فەخری دنیایشەوە، ئەوەی کە زیاتر بووبێ و خۆمان خواردبێتمان، ئەوە دەعوایەکەو ئیسپاتی دەوێ.

* ئەو کاتەی لە مزگەوتەکان ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە داوایان دەکرد نابێ مزگەوت بۆ کاری سیاسی بەکار بهێنرێ، دەریش کەوت هەندێ گروپی بچووك بچووك و هەندێ خەڵك لەسەر ئاستی تاك بێ، یان گرووپ، هەوڵیاندەدا بەهۆی ئەو مزگەوتانەوە هەندێك کار بکەن، ئەو کاتە لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە زۆر جار شتی وا بڵاودەکرانەوە کە مزگەوت بۆ عیبادەتی خوایەو حزبەکان نابێ بەو شێوەیە لە مزگەوت بترسن، یا مزگەوت بە شوێنێکی خراپ لە قەڵەم بدەن، ئایا ئێوە بەتایبەتی دوای دەستگیرکردنی باندی شێخ زاناو ئەوانیتر، نەگەیشتنە قەناعەت کە خەڵکانێك مزگەوت بەکاردێنێ، بۆ کارێکی سیاسی، یا کارێکی خراپ کە خواش ئەو کردەوانەی پێ ناخۆشە؟

- خۆی تێکەڵکردنێك هەیە، ئەو تاوانانەی روویانداوە ئیستغلالێکی سیاسی، حیزبی دەکرێ، ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئەوە بووینە کە مزگەوت بۆ نوێژو عیبادەتەو بۆ قورئانە، بۆ شتی ئیسلامییە، ئاخر ئیسلام فراوانە، خۆ وەك مەسیحی نییە هەر باسی ئەوە بێ یەکشەمە چی بکەین، ئیسلام فراوانەو باسی ژیانی تێدایە، مناڵ کە لە دایك دەبێ، تا دەمرێ باسی دەکات، رەهەندی سیاسیشی تێدایە، ئێمە رامان وا بووەو واشمان کردووە، مزگەوت نابێ بۆ مەسەلە سیاسییەکانی هەتا ئیسلام بەکار بهێنرێ، ئەوە بارەگا هەیەو دەزگای دیکە زۆرەو، ئەوە قەناعەتی ئێمەیە وەکو یەکگرتوو، بەڵام جاری وا بووە وەکو جبەخانەیەکی چەك بەکارهێنراوە، لە زەمانی پێشمەرگەو لە زەمانی زوو، لە زەمانی تازەش، بۆ ئیسلامی، یا غەیری ئیسلامی بەکارهێنراوە، ئەوە بەکارهێنانێکی هەڵەیە، یا برادەرێکی دەسەڵاتدار لەبەرئەوەی خۆی چۆنی بوێ، ئاوا دەکا، دەڵێ ئەو مەلایە دەبێ باسی سیاسەت نەکات، بەڵام قەیناکە باسی من بکات و بخوێنێ و بە باڵای دەسەڵاتداو باسی حیزبی دەسەڵات بکات، واتە باسی سیاسیەتی مەمنوع لای ئەو، باسی شتەکانی

ئیسلامییه سیاسییەکانە، واتە مەمنوعە مزگەوت باسی سیاسەتی ئیسلامی بکات، نەك سیاسەتی ئەو.

* سیاسەتی ئیسلامی بەگشتی نا، ڕەنگە کە لێکی دەکەینەوە ئەو ئیسلامە سیاسییە لق و پۆپی زۆر لێ دەکەوێتەوە ئەو لق و پۆپانە ڕەنگە هەندێ جاران لە بەرژەوەندی دۆخەکەی ئێرەش نەبێ.

- ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە مینبەرو میحراب دەبێ بە پیرۆزی خۆی بمێنێتەوە، باسی هیچ سیاسەتێکی تێدا نەبێ، ئێمە ڕێنماییمان بۆ مامۆستاو مەلاکانی خۆمان ئەوە بوو کە میحراب و مینبەری مزگەوت، لەلایەکەوە هی ئیسلامەو هی خوایە، لەلایەکی دیکەوە هی هەموو میللەتە بە هەموو توێژو حیزب و لایەنێك، لەبەر ئەوە نابێ ئێوە، میحراب و مینبەر حیزبی بکەن و بیکەنە یەکگرتوو هەروەکو نابێ بیکەنە پارتی و یەکێتی.

* بەس هەندێ جار مامۆستایانی یەکگرتوو کردوویانە؟

- ئیتر ئەگەر کردبێتیان سەرپێچییە وەك هەر سەرپێچییەکی دیکە، لەسەر ئەوە سزاش دراون، بەڵام ئەگەر ئەو شتانە بکرێتە هەل بۆ شەڕکردن لەگەڵ مزگەوت، مزگەوت دابخرێ، یا قورئان خوێندن تێیدا قەدەغە بێ، قەدەغە بێ ئیسلامی ڕووی تێ بکاو ئەگەر ڕووی تێکرد، هەر نەفەرەو ئاسایشێکی بەدواوەبێ، ئەوە شتێکی سەخیف و نزمە. شێوازێکی نزمە، چونکە تۆ نوێژ ناکەی، کاکە من نوێژ دەکەم، تۆ ناچیتە مزگەوت، قورئان ناخوێنی، من دەیخوێنم، دەتۆش بچۆ کێ تۆی قەدەغەکردووە.

* بەڵام پێت وانەبێ لەسەر نوێژکردن وایان لێ هاتبێ؟

- قەیدیناکە، ئیستغلال دەکەن، سەرنج بدە لە هەندێ شوێن دەچن چاودێری ماڵان دەکەن، ناهێڵن لە مزگەوت قورئان بخوێنن، دەچن لە ماڵانیش چاودێری دەکەن.

*ئەوە چییە ئەو منالانە چی بوون هاتن، بۆچی دەخوێنن....

- ئاخر چی جێی گومان بن!؟ کاکە تۆ مەسەلەی زانا دەگشتێنی بەسەر هەموو مەسەلەکان؟ 14 سەدەیە خەڵك قورئان دەخوێنێ، زانا کە قورئانی دەخوێند واینەدەکرد، کاکە ئەوە بووە پیاوی خەڵك وایکرد.

* بەڵام زانا کە ناوی لە خۆی نابوو شێخ زەنگێکی مەترسیدار نییە بۆ ئیسلامییەکانیش، کە منالێك هاتووچۆی مزگەوت بکات، ئیستغلالی بکەن؟

- نا. ئینجا بۆ؟ هاتووچۆی سینەما دەکرێ، ئیستغلال دەکرێ، هاتووچۆی بازاڕ دەکرێ، ئیستغلال دەکرێ، ئیستغلال دووبارە دەبێتەوە، لە سلێمانی لە قوتابخانەکان فەزایح دەرکەوت.

* بەڵام ئیستغلالی تیرۆر لە هەمووان مەترسیدارترە؟

- ئەوەی کە من دەیڵێم ئیستغلالی تیرۆر بۆ مەسەلە حیزبی و سیاسییەکان ئەوە تاوانێکی ترە، تۆ ئەگەر کێشەت لەگەڵ من وەکو لایەنێکی سیاسی هەیە کە ململانێت دەکەم و ئازاریی رۆحت دەدەم، دەبێ بە ئالیاتی خۆت شەڕەکەم لەگەڵ بکەی، نەك بە دژایەتی دین و قیەمی ئەو میللەتە، ئینجا بۆ هەموو کەس گومان بکەین لە یەکتری.

* باشە پێتوایە چ بکرێ لە کاتێکدا ئەوە دیاردەیەکە؟

- حاڵەتێکە، دیاردەی چی! یەك حاڵەتە، زانایەك 20 ساڵە بەخێوی دەکەن، لێیان هەڵگەڕایەوە.

* رەنگە حاڵەتی دیکەش هەبێ؟

- هیچ. هەر ئەوەیە. تاوانی کرد، خیانەتی لە دین کرد، لە خێزان و بنەماڵەی خۆی کرد، خۆ بنەماڵەیەکی بەڕێزیان هەیە، خیانەتی لە پارتی کرد، لە ئیسلامی کرد..

* ئێوه وەك یەكگرتوو لەو كاتەی كە كوردستان بووە دوو هەرێم، ئێوە بەشداریتان لە حكوومەتی ئێرەدا كرد، بەڵام بەشداریتان لە حكوومەتی سلێمانی نەكرد. ئایا ئەوە لەژێر گوشاردابوو كە بەشداری لێرە بكەن و لەوێ نەكەن، یاخود ئایا ئەوان گوشاریان بۆ سەر نەهێنان كە بۆچی لە هەولێر بەشداری دەكەن، لە سلێمانی بەشدار نابن، هەڵوێستی وڵاتانی ئیسلامی چیبوو لەو مەسەلەیە؟

- سەرەتا دەبێ مێژووی بەشدارییەكانمان لە بیر بێ، كە 31 ئاب روویدا ئێمە لە هەولێر بووین، هەڵبەت كە گوتیان ئەوا دەبابە پەیدابوو، زۆرمان پێ سەیربوو، چونكە چاوەڕوانمان نەدەكرد، ئەو كات یەكێتی لێرە بوو، نەشمان بیستبوو، برادەرانی حیزبی شیوعی شتێكیان بیستبوو، نازانم ئێمە تەلەفۆنمان بۆیان كردبوو، یان ئەوان، بەڵام شەوەكەی پێشتر گوتبوویان جەیش دێت، ئێمە پێمان سەیر بوو، لە بەرائەتی خۆمان تەسەورمان نەدەكرد شتی وا روویدات، پێشتر ئێمە لەگەڵ پارتی ساردیمان هەبوو، لەسەر داخستنی بارەگامان لە ئاكرێ و دوایی لە دهۆك ئێستگەكەمانیان داخست و هەندێ ئیجرائاتی دیكەیان كرد، تازە بەتازە خەریك بوو ئاشتییەك لە نێوانماندا دروستبێ، ئەو رووداوانە هاتنە پێش. ئیتر كە جەیش هات مەترسیمان هەبوو، بەڵام باش بوو گوتیان هێزەكان پەڕۆی زەردیان هەڵداوە، هەرچەندە لەگەڵ پارتیش بەینمان خۆش نەبوو، بەڵام هەر باشتر بوو، ترساین و خۆمان كەناردا و بە ئۆتۆمبێلێكی مەخفی چووینە شەقڵاوەو دانیشتین، چەند رۆژێكی پێچوو، هەڵبەت مەعلوم بوو كە مەسەلەكە چییە؟ بیستمان كە فوئاد مەعسوم لێرەیەو فلان لێرەیە.. زۆریان گیرابوون یان خۆیان تەسلیم كردبوو، یان پەرلەمانتارەكانیان لەوێ بوون، بیستمان وا ماوەی پەرلەمان درێژ دەكەنەوە، پێمان شتێكی باش بوو، مادام بیریان لای پەرلەمان مابێ، دوای چەند رۆژێكی دیكە خەبەریان ناردبوو بێن، ئێمە لە شەقڵاوە بووین، یەك دوانێكمان چووین، دكتۆر رۆژیان بینی بوو، گوتبووی دەمانەوێ حكوومەت دروست بكەین، برادەرانیش گوتبوویان پیرۆزە (هەڵبەت دەزانن كوردستان تا سەر سنوور بووە پارتی، برادەران هەر لە خۆیانەوە ترسابوون) بەڵام ئێوە لەو حكوومەتەدا چیتان بەرناكەوێ، برادەرانی ئێمەش گوتبوویان گرنگ ئەوەیە

ئیدارەیەك هەبێ و ناوچەکە بەبێ نیزام نەمێنێتەوە، هەر ئەوە لای ئێمە مەبەستە. دوای ئەوەی کە زانیبویان دیارە ئەوانە عالەمێکی سەیرن و داوا ناکەن و لەسەر شت ناچن، تەلەفۆنیان کردو گوتیان دەبێ بێن و بەشداربن. نابێ بەشدار نەبن، چونکە ئەوە دەبێتە هەڵوێست. بەرژەوەندی خۆتان لەوەدایە بەشداربن. ئێمەش گوتمان باشە، بەشداربووین و ئەگەر بیرتان بێت، چووین لە پەرلەمان وتارمان داو بە حیسابی خۆمان قسەی باشمانکرد، چونکە قەناعەتمان وا بوو کە ئەوە شتێکی لەتە، پەرلەمانێکی تەواو نییە، نیوەی کورسییەکانی چۆڵە، گوتم ئەو کورسیانە خاوەنیان هەیەو کەس پێی خەڵات نەکردوون، لەگەڵ ئەوەش تەقدیرم کرد بۆ ئەو عەقڵەی کە ئەو مەوزوعەی بەو شێوەیە چەرخان کە پەرلەمانێك ببێ و حکومەت ببێ، بەدەر لەوەی چۆن بووە، چونکە ئێمە چی بکەین، هەر دەبێ رازی بین بە ئەمری واقیع، بە راستیش ئەو عەقڵە جێی تەقدیر بوو، ئیتر کە جەماعەتی یەکێتی گوێیان لە وتارەکەی من ببوو، بیستمان گوتبوویان ئەوە چییە، ئەو کابرایە دەروێشی دەکا، لە سیاسی ناچێ، چونکە ئەو کات تا سنوور هەمووی زەرد بوو، مەنتقی نەبوو تۆ شتێکی دیکە بڵێی بە راستی قسەکەرەکانی دیکەش هیچ شتێکی لەو بابەتەیان نەگوت، بە پێچەوانەوە دەیانگوت ئەوە شتێکی باشەو مەسەلەکە یەکلابووەوە، مام جەلال و ئەوان تەقدیری ئەو هەڵوێستەیان کردبوو، دواتر ئەوان درەنگ حکوومەتیان دروستکرد، داوەتیان کردین، وەفدێك چووین بۆ لایان، ئێمە پێشتر دیراسەمان کرد، بەڕاستی قەناعەتمان نەبوو بەشداری لە دوو حکوومەتدا بکەین، هەر بڕیاری دوو حکوومەتمان پێ قورس بوو، لەلایەکی دیکەش حکوومەت بە رەسمییەکەی و بە سەرەکییەکەی دیارە لە هەولێرە، ئەوەی ئەوان ئیدارەیەك بوو، بۆ بارودۆخێکی تایبەت دروستبوو، ئێمەش ئیزنمان لێ وەرگرتن و گوتمان ئەو دوو لەتیەمان پێ خۆش نییە.

* ئەوان پێیان ناخۆش نەبوو؟

- هەڵبەت پێیان خۆش نەبوو، بەڵام زۆریش پێیان ناخۆش نەبوو، چونکە تەقدیریان کرد کە ئێمە بێ فێڵین و واتە ئەگەر ئیستغلالی و دووڕووبین، دەڵێن لێرەش دەخۆین

و لەوێش دەخۆین. بەڵام بەڕاستی دەرکیان کرد کە نیەتمان باشە، گوتمان ئەوەی کە لێرە کراوە لایەنگیری نییە بۆ پارتی، لە بارودۆخێکی تایبەتداو بۆ پشتگیری لە یەکخستنەوەی هەرێم کردوومانە، هەمیشە ئەو دەنگە بووین لە ئەنجوومەنی وەزیران لە هەولێر.

* لەساڵی 1996 نامیلکەیەکت نووسیوە بەناوی 40 ئامۆژگاری بۆ خوشکان دەربارەی رەفتار لەگەڵ هاوسەرەکانیان، لەوێ هەندێك شتت وتووە بەرامبەر ئازادی ئافرەت، بۆ نموونە دەڵێی رەخنە لە مێردەکەت مەگرە، گوێڕایەڵی بە، یان دەڵێیت نوێژو رۆژوو بەبێ هاوسەر جائیز نییە...

- مەبەستم نوێژو رۆژووی سونەتە.

* یان دەڵێی سەنگی مەحەکی هەمووشت دڵی مێردەکەت بێ، من ئەوانە دەخوێنمەوە پێم سەیرە!

- ئەوە هەر تۆ نیت، ماوەیەك جەماعەتی (رۆژنامەنووس) رسقیان کەوتبووە سەر ئەوە، منیش گوتم کاکە ئەوانە لە رسق دەگەڕێن، دەزانم تۆ لەو باسەوە ناڕۆیی، بەڵام بە برادەرانم گوت واز لە جەماعەتی (رۆژنامەنووس) بێنن، ئەمانە بۆ رسق دەگەڕێن، زاهیرەن دژایەتی من و باسکردنی من ئێستا رسقە، لێیانگەڕێن با بەهۆی منەوە دوو نان بخۆن، بەڕاستی سروشتییە رەخنە لە من بگیرێ، بەڵام بە نسبەت ئەوەی باستکرد، ئەوە کراوەتە عەرەبی و لە دەوڵەتانی عەرەبیش بڵاوبووەتەوە . ئەوە موحازەراتە تایبەت بۆ خوشکان قسەم کردووە، بۆ برایانیش قسەم کردووە، ئەی تۆ بۆ باسی براکان ناکەیت، ئەویش نامیلکەیە، ئینجا قسەم کردووە بۆ کوڕە گەنجە بێ هاوسەرەکان و کچە گەنجە بێ هاوسەرەکان، چوار نامەیە، ئەم برادەرانە لەبەر ئەوەی رسقەکەیان لێرە باش بوو، چوون ئەوەیان بڵاوکردەوە من کە گوتوومە رەخنە لە مێردەکەت مەگرە، مەبەستم ئەو ئافرەتانەیە کە هەمیشە رەخنە چییەو موزعیجن باسم لەوان بووە، بەڵام رەنگە تەعبیرم بۆ نەهاتبێ، دوایی ئەو قسانەم لە هەشتاکان کردووە، نەك 1996 بەس لە 1996 چاپکراوە، ئینجا لە موحازەراتی خوشکانی خۆمان قسەم کردووە، نەك بۆ دەرەوە، کە نووسرایەوەش و بڵاوکراوە،

دارِشتنەکەی کۆنەو تازە نییە، ئەگەرنا تۆزێ دیقەتم دەکرد کە نەوەکو یەکێ بە هەڵە تێبگات، مەسەلەی نوێژو رۆژووی سووننەت، ئەوە حەدیسی لەسەرە، بۆ نموونە ژنێك دەڵێ بەیانی دەمەوێ بە رۆژوو بم، لەوانەیە پیاوەکە پێویستی بێت ئیشی جنسی لەگەڵ بکا، ئەویش دەڵێ نەخێر من بە رۆژوو دەبم لەو حاڵەتە ئەو رۆژووەی خراپە، لە جیاتی خێری بگات، چونکە پیاوەکەی ئیحراج دەکات، لەوانەیە تووشی بەڵایەك ببێ. یان دەبینێ پیاوەکە دەیەوێ ژنەکەی لەگەڵ بخەوێ، ئەو دەڵێ دەچم شەو نوێژ دەکەم، مەبەستم سوننەتە. ئینجا لەو بابەتە. من چونکە کوڕە مەلا بوومە، ماڵە مەلاش هەمیشە کێشەکانی تەڵاق و نیکاح و شەرع دێتە لایان، منیش هەر لەوێ بووم و شتم نووسیوە، زۆر شارەزایم هەیە لە کێشەکانی ژن و مێرد، زۆربەی کێشەکانی ژن و مێرد لە بێ سەلیقەیی و لێکحاڵینەبوونی نێوانیان روو دەدات، نێوانیان تێکدەچێ، کە تێکچوو کێشە دروست دەبێ. راشم وایە بونیادی خێزانی ئەگەر تەواو نەبێ و وەزعی خێزانی باش نەبێ، ژیان ناڕەحەتە، لەبەرئەوە ئەمە تەوسیاتی برایانە کە دەمانەوێ خێزان بەخیتار بێ، نەك ئیلتیزاماتی حیزبی.

* ئێوە وەکو حیزبێکی ئیسلامی سیاسی، کە لەسەر رێنماییەکانی پێغەمبەر(د.خ) دەڕۆن، پێغەمبەر رۆژێك لە رۆژان ئامادە نەبوو ناوی حیزبێك لە خۆی بنێ، زیاتر مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە بووە، ئەویش لەناو خەڵکی کافر، نەك موسڵمان، خەڵکی موسڵمان چ پێویستی بەوە نییە تۆ ئایینی بۆ بڵاوبکەیتەوە، کەچی ئێوە سیاسەت دەکەن. زۆرجار دەڵێم باشە ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانە هەموو لەناو وڵاتە عەرەبییەکانن، کە هەمووی موسڵمانن، بۆ لە ئەورووپاو ئەو وڵاتانە نییە کە ئیسلام نین، بۆ ئەوەی ئیسلام لەو شوێنانە بڵاوبێتەوە؟

- جارێ دەبێ ئەوە بڵێین کە پەیامی پێغەمبەر عەقیدەی تێدایەو ئەحکامی تێدایە، ئەحکامی ژیان بەگشتی تا دەگاتە دەوڵەت، دەوڵەتداری هەیە، قەزاوەت هەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئابووری و کۆمەڵایەتی و شتەکانی دیکە دەکەی هەموو شتەکان لە قورئان و حەدیسدا هەیە، واتە ئیسلام دینێکە 13 سەدە حکوومەتیان

بووە، جا هەڵەو سەلبیاتیان بووە شتێکی دیکەیە، بەڵام موسڵمانان حوکمدارییان کردووە لەسەر مەنهەجی شەریعەت.

* ئەمە دوای پێغەمبەر!

نا، وەختی ئەویش. ئێ خۆ قسەی ئەوو کردەوەی لەگەڵ دەقەکانی قورئان سەرچاوەی شەریعەتە.

* بەڵام ناتوانی بڵێی دەوڵەتێکی هەبوو...

- ئەی بۆچی دەوڵەت نییە، ئەی چی بوو؟

* لەبەرئەوەی ئەحکامەکان بەپێی پێویست نەبوون.. کە هەموو ئایەتەکان تەماشا دەکەی، ئەوانەی کە بەشی شێریان وەرگرتووە ئەحکام نینە؟

- نا، ئاخر ئەحکام ژمارەیەکی کەمە، بەڵام حەدیس و هەڵسوکەوتی خۆی ئەوە هەمووی بەشێکە لە شەریعەت، ئینجا چۆن قەزاوەتی کردووە لە قەزیەیەك، چۆن مامەڵەی لەگەڵ مەسەلە ژیارییەکان کردووە هەمووی شەریعەتە، شەریعەت دوو بەشی هەیە، بەشێکی سەوابتە کە دەقەکانە، بەشێکی گۆڕاوەکانە، گۆڕاوەکان ئەو بوارەیە کە عەقڵ تێیدا کار دەکات، هەمیشە بەشی گۆڕانکارییەکان لە 85-90%ی شەریعەتە، واتا دەقێك 300 ساڵ لەمەوپێش بەشێوەیەك تێگەیشتوون، تۆ دەکرێ بەشێوەیەکی دیکە تێی بگەی، لە رووی ئەو گۆڕانکارییە زانستی و کات و شوێنانە. لەبەر ئەوە مەرج نییە هەرچی لە زەمانی پێغەمبەر بووبێ لە هەموو شتەکاندا، ئێستا تۆ بێی وابکەی، ئەگەر وابێ ئەم دینە. ئەوە نەتەوەو گەلانی دیکەو شوێنانی تر، مادام دینەکە دەمێنێ، کوێ دەمێنێ؟ سەوابتەکەی دەمێنێ، ئەو دەقانەی کە باسی عەقیدەیە، لەگەڵ عیبادات کە سەوابتن ئەویدیکە کە پێی دەڵێن موعامەلات کە 85%ی شەریعەتە، ئەوانە هەموو دەگۆڕێن و عەقڵ و زانست تێیاندا کار دەکەن و پێشکەوتن و تێگەیشتنی خەڵك کاریگەری بەسەریانەوە هەیە. ئینجا ئێمە بڵێین لایەنێکی سیاسین بە مەرجەعییەتی ئیسلامی کاردەکەین، تۆ گلەییت هەیە بۆ چی لەناو موسڵمانان هەیت، ئێ خۆ من نەمگوتووە کاکە تۆ

وەرە موسڵمان بە، تا تۆ بڵێی بۆچی موسڵمانم دەکەی، من لەوانەیە قسەم بێ لەسەر تۆ، لەسەر خۆم، کە چۆن ئەدائی شتەکان بکەین.

* ئامانجی سەرەکیتان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکە نییە؟ ئەگەر بۆ سیاسەتە بۆ ناوەکەی ئیسلامیە؟

- ئێستا مەلای مزگەوت ئیشی چییە هەموو هەینییەك وتار دەدا، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایین نییە؟

* ئەو وەعز دەدا...

- ئێ هەمان قسەیە، تۆ دەڵێی ئەو خەڵکە موسڵمانە ئیشی چییە، مرۆڤ شتی بیردەچێتەوە، بیر خستنەوەی دەوێ. ئەوە ئامۆژگارییە، کاری سیاسی بێگومان دەچێتە ناو مەسەلە قانوونی و ژیانییەکانی دیکە، تێڕوانینی ئیسلامی لە هەموو ژیان هەیە، قسەی تێداکراوە. ئێمە دەڵێین ئێمە حزبێکی سیاسین بە مەرجەعییەتێکی ئیسلامی، واتە لە شەریعەت دەگەڕێین چی بۆ ئەو میللەتە باشبێ، واتا خزمەتە، کابرا دەچێ بە فەلسەفەیەکی مارکسی خزمەتی میللەتی خۆی دەکا...

* بەڵام مارکسیەت ئامانجی گرتنە دەستی دەسەڵاتە..

- هەڵبەت ئێمەش پێویستمان بە دەسەڵاتە چ عەیبی هەیە!؟

* ئاخر لێرە دژیەکە (تناقض) خوا بە محەمەد دەڵێ (انا ارسلناك الا رحمة للعالمين)یان(انا انزلناك شاهدا ومبشرا....)

- ئێ ئەوە عەیبی چییە!؟ ئەدی فاحكموا بين الناس بالعدل، چییە؟ لە شەریعەتدا دەقی زۆر هەیە کە تەئکید دەکا تۆ حوکم بکەی، حوکم بەشێکە لە ئیسلام. لێرە ئیشتباهەك هەیە، تێڕوانینی ڕۆشنبیری خۆمان وایە کە ئیسلام وەکو مەسیحیەتە، هەندێ تقوسە، بەڵام ئیسلام شەریعەتی هەیە.

* بەڵام حوکمەکە هەتا لەسەردەمی خولەفای راشدینیشدا هەمووی جیاواز بووە، هەریەکە بۆ خۆی بەشێوازێك حوکمی کردووە ئەبوو بەکر لەگەڵ عومەر، لەسەر زەکات بۆچوونیان جودا بووەو...هتد.

- ئەوەیە کە گوتم ئیجتهاداتی موتەغەییرات، ئەوە دەکرێ، حەزرەتی عومەر بەشێوەیەك تێیگەیشتبێ، یەکێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە، ئەوە عەقڵە کاردەکا، تێگەیشتنی لە مەوزوعەکە جیاواز بووبێ، ئەوە زیان نادا، ئێستا عەیبی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە، ئەو کتێبە فقیانە سێ سەدساڵ لەمەو پێش نووسراوە، بەڵام مەلاکان لێی لانادەن، بۆ نموونە حەدیسێك هەیە زەمی مۆسیقا دەکات، بەڵام بۆچی؟ ئەوکات مۆسیقا هەر نەبووە، هەندێ لۆتی و خەڵکی بەرەڵلا هێناویانە، ئێ ئێمە دەڵێین مۆسیقا ئالەتە، بۆ چاکەی بەکاربێنی، چاکە. بۆ خراپەی بەکاربێنی، خراپە. ئەم بۆچوونەی ئێمە تازەیە، لە کتێبەکاندا نەبووە، چونکە مۆسیقا نەبووە، مەبەستم ئەوەیە کە شتی لەو بابەتەمان زۆرن کە دێین خوێندنەوەیەکی تازە لە دەقی ئیسلامی دەکەین و رای تێدا دەردەبڕین. ئەوەش راستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکانە، خورافاتێکی زۆر هەیە زۆر نەریتی خراپ هەیە کراوەتە دین لە کۆمەڵگا ئێمەدا.

* بەڵام حاکمیەت جگە لە خوا بۆ کەسی دیکە نابێ، چونکە پێغەمبەر(د.خ) بۆ خۆی ئەگەر پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ خوا نەبا، رەنگە ئەویش زۆرجار تووشی لادان دەبوو، کەچی ئەو ئەحزابە ئیسلامیانە هیچ پەیوەندییەکیان بە خواوە نییە بۆیە رۆژانە دەیان هەڵەش بەناوی ئایینەوە دەکەن...

- نا، خۆ تەفویز ئیلاهی نییە، خۆ ئەمە تیوقراتی نییە. تۆ دەبێ موتابەعەی بیروڕای ئێمەت کردبێ، ئێمە گوتوومانە حکوومەتی دینیمان ناوێ، حکوومەتی دینی، تیوقرات مەرفوزە لە ئیسلام، حکوومەتێکی مەدەنی لە ئیسلامدا هەیە. هەر حکوومەتێکی مەدەنی ئیسلامیە، ئەگەر ناویشی ئیسلامی نەبێ.

* هەر حکوومەتێکی ئیسلامیش، مەدەنییە؟

- هەر حکوومەتێکی ئیسلامی راست، مەدەنییەت دەبێ، بەڵام ئەگەر تالیبان و ئەوانە وەربگری، ئەوانە نا راستن. جارێك لەو بارەوە لێیان پرسیم، گوتم دیموکراسییەتی حەق دژ نابێتەوە لەگەڵ ئیسلامی راست.

* مەلا کرێکار لە ساڵی 2002 لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (هاووڵاتی)دا، دەڵێ دیموکراسی بە هەموو بنەماکانییەوە دژی ئیسلامە تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟ - ئێ ئەی ئێمەو مەلا کرێکار بۆچی جیاوازین؟

* بەڵام ئەویش بەناوی ئیسلام کاردەکا.

- جا سەد نەوعە ناوی ئیسلام هەیە، زەرقاوی بەناوی ئیسلامەوە خەڵك ئیبادە دەکا...

* بۆچی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیە سیاسییانە لە منداڵدانی خۆیان گرووپی توندڕەوی دروست دەکەن؟

- من وادەزانم توندڕەوی دیاردەیەکی ئینسانییە، لە کۆمۆنیستیشدا توندڕەوی هەیە، ڕەوتی کۆمۆنیستت لە بیر نییە.

* ڕەوتی کۆمۆنیست دروشمەکانی توندبوون، بەڵام قەت پەنای نەبردە بەر تیرۆر...

- ئەوە دەستی هەر ئەوەندە دەڕوا چی بکا! تیرۆر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئینسانییە، تەندروست نییە، لە توندڕەوی دروست دەبێ، بەڵام بەناوی ئیسلام، چونکە مەسائلی غەیبیە بواری ئەوەی باشتر تێدایە. هەر لە زەمانی حەزرەتی عەلی و ئەوانەوە خەواریج دروستبوون. واتە فکرەی توندڕەوی، چونکە مامەڵە لەگەڵ کەسێك دەکا، ئەگەر کەسێك نەبێ بۆی ڕاست بکاتەوە یەکسەر بەنج دەبێ، بێهۆش دەبێ بە ئاراستەیەکی هەڵە. لەبەر ئەوە من ئەو تیرۆریستیە ئیسلامییەم بەجنون ناو بردووە، شێتێکی فکرییە، بەڵام قسەی خۆمان بێ، ئیستغلالی دەولی، تاوەکو ئیستغلالی ڕژێمەکانی ناوچە، تاوەکو حیزبی دەستەڵات لە هەر شوێنێك، ئەوەندە بەکاری دەهێنی بۆ مەرامەکانی خۆی، ڕۆژێك دروستی دەکات بۆ ئەو مەرامە سیاسییە، ڕۆژێکی دیکە بەهێزی دەکاو ڕۆژێك دەیهێنێ بەشێوەیەك بەکاردەهێنێ، ڕۆژێك بۆ لێدانی تەیاری ئیسلامی سیاسی بەکاریدێنێ، کە مونافەسەی دەکا. ئێمە شەڕمان لەگەڵ لایەنە حیزبیەکانی گۆڕەپانەکە، شەڕی ئیسلام و کوفر نییە، کێشەی دەستەڵاتە. لە کوردستاندا ئەو هەموو تیرۆرەی کە کرا، سەربڕین ئەو پەڕەکەیەتی، ئەوە ئاشکرایە ئەنسارو ئیسلام، یان. بۆچی ڕۆژێ

پاڵپشتی تەیاری میانڕۆی ئیسلامی ناکرێ، بۆچی بوار بۆ تەیاری میانڕەو دروست ناکرێ، بۆ دەنگی بەرز ناکرێتەوە، بۆچی بەکارناهێندرێ لە حیوارێکدا، لە گفتوگۆیەکدا بۆ ئەوەی روونتر قسەی خۆی بکا، چونکە ئەو تیرۆریستیە ئیسلامییە بە ئیسلامی لەناو دەچێ و سەرکوت دەبێ.

* ئێوە رۆڵتان چی بوو لە لاوازکردنی ئەو گروپانە؟

- جا خۆ ئێمە نەبووینایە قڕتان تێکەوتبوو کاکە. ئەگەر یەکگرتوو نەبوایە کە لە ساحەکەدا گەنجان و خەڵکانێکی زۆر لە دەوری دان و تێگەیشتنێکی جیاوازی داهێناوەو لەگەڵ هەموو کەس دادەنیشێ گفتوگۆ دەکا، ئەگەر ئێمە لە گۆڕەپانی کوردستان نەبووینایە، کوردستان لە رووی هەرێمییەوە، لە رووی واقیعی ناوخۆییەوە، زەمینەی هەبوو ببێتە ئەفغانستانێك، یان جەزائیرێکی گەورە. لەبەر ئەوە دەستەڵاتدار کە قەدری ئێمە نازانێ، بە پێچەوانەوە دەیەوێ لە پاڵ زاناو ئەساسی زاناو ئەم ئەنسارو تیرۆریستانەوە، شەڕێکی دیکە بکا کە شەڕی مونافەسە سیاسییەکەیە.

* ئێوە وەکو یەکگرتوو دوای رووداني کۆمەڵێك تەقینەوەو کردەی تیرۆریستی، بە شەفافی و بە راشکاوی نەکەوتنە بەربەرەکانێی تەیارە ئیسلامییە توندڕەوەکان؟

- چ بکەین، ئاسایشین تا بچین بیانگرین، ئێمە ئەدەبیاتمان روونە، کتێبمان هەیە، موحازەراتمان هەیە، بەیاناتمان لەکاتی رووداوەکان دەرکردووە، بەڵام ئیعلامی دەستەڵات ناگاتە بەر تیشك، چەند جار بە لێپرسراوانی ئەو ناوچەیەم گوتووە، کاکە ئێمە وەکو لایەنێکی ئیسلامی چاکتر دەزانین دەماری ئەو مەوزوعانە چۆنە، با دابنیشین و گفتوگۆیەکی زانستی ئەو مەوزوعە بکەین، چونکە ئەوە لایەنێکی فیکرییەو خەتەرناکە، تۆ بۆ هەر حەزدەکەی داپۆشی و شەڕی منی پێ بکەیت. یا شەڕی ئیسلام و جاری واهەیە شەڕی مزگەوتی پێدەکا، نەتبیست هەندێك دەیانگوت با مزگەوت دابخەین.

* بەڵام بەکارهێنانی مزگەوتەکانیش هۆیەکە؟

- مزگەوت بۆ زۆرشت بەکارهێنرا، کۆبوونەوەی حیزبی لەسەردەمی شۆڕش هی پارتی و یەکێتی و شیوعی هەر لە مزگەوتدا نەبوو؟ ئێستاش بەشێوەیەکی دیکە ئیستغلال دەکرێ.

* رایەك هەیە دەڵێ حیزبی ئیسلامی میانڕەو نییە، تا دەگەنە دەستەڵات خۆیان بە میانڕەو نیشان دەدەن، بەڵام کە گەیشتە دەستەڵات ئەوکاتە ئەوان جۆرێك لە توندڕەوی پیادە دەکەن، نموونەشیان هەیە وەکو پاکستان و سعودیەو ئێران کە ئەوانە بەناوی دەوڵەتی ئیسلامین و دەوڵەتێکی داخراون.

- ئەوانە ناویان ئیسلامەو بەڵام واقیعەکەی ئیسلامیی نییە. ئەوە مومارەسەیە، مومارەسەش دەبێ تاك تاك حوکمی بدەین واتا هەر دەوڵەتەو بەجیا، بەڵام لە گۆڕەپانی خۆمان جیایە، هەموو دنیا دەزانێ یەکگرتوو عالەمێکی جیاوازە، بیرکردنەوەی جیاوازە، خەڵکەکانی جیاوازن، بەڵام کوا مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ دەکرێ.

* دوای رووداوی شوبات، کە راگەیاندن لەسەر بزووتنەوە ئیسلامەکان هەندێك کاری کرد، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیتان گوتی وامان لێمەکەن ئەندام و کادرەکانمان هەڵگەڕێنەوەو نەتوانین کۆنترۆڵیان بکەین، ئایا ئەندامانی خۆتان ئەگەر گوێیان لێ بێ هەستیان بۆ توندوتیژی ناجوڵێ؟

- نا ئەوە مانای ئەوەیە تۆ دەتەوێ وا بکەی. ئەو فشارە کە ئەم برادەرانە دەیکەن بۆ سەر تەیاری وەکو ئێمە، سەری لەوە دەردەچێ، کاتێك من بەو هەموو وەسەیەت و خۆڕاگرییەوە لەگەڵ مەسەلەکان و خۆم لادەدەم، خۆم هەڵدەکەم لەگەڵ ئەو وەزعەو نامەوێ دەرگیربم، ئەو هەر زوو دێت شەڕی پێ دەفرۆشێ.

فۆاد چەلەبی، (زانا) کوشتی، ئەوان کردیانە ئەفسەری ئاسایش، کردیانە بەرپرس لە دەزگایەك کە ئێمە ناوێرین هەر باسی بکەین. ئێستاکە بزانە چی لێقەوماوە دەیهێننە سەر شاشە، ئێ باشە کاکە هێشتا ئێمە قسە ناکەین، ئێوە قسەی چی دەکەن. ئینجا هەندێ برادەر وەکو بڵێی رسقی کەوتۆتە سەر ئەوە، هەر شتێ لەو

بابەتە بوو یەکسەر دەست دەکەنە هێرش بۆ سەر مزگەوت و تەیاری ئیسلامی.
ئەمە شەڕفرۆشییە، راستە ئێمە شەڕ ناکەین، بەڵام فشاریش دەبێ سنورێکی هەبێ.

* رایەك هەیە دەڵێن ناوی یەکگرتوو ئەگەر ئیسلامییەکەی پێوە نەبێ، رەنگە رووبەڕووی گرفت نەدەبووەوە، بەنیازنین لە کۆنگرەی داهاتوو وشەی ئیسلامی هەڵگرن؟

- هیچ نیەتمان نەهێناوە کەوا بکەین و وا نەکەین، بەڵام بە دووری مەبینە، ئێمە خۆمان دەزانین چین، جا ناومان هەرچی بێت. ناو زۆر بە گرنگ نابینین.

* لەو ماوەی دوایی قورئانی پیرۆزکراوە بە کوردی پێت ئاسایی بوو. ئەوەی هەژاری موکریانی و لە ئێرانیش کراوە بە کوردی؟

- ئەوە کوردی نییە، تەرجەمەیە، ئەمەش غەریب نییە.

* ئەی ئەگەر نوێژو.. ئەوانە بکرێنە کوردی؟ - ئاخر ئەوە عیبادەتە، دەبێ بە دەقەکەی خۆی بێ، بەڵام ئاساییە دوعا بە کوردی.

* دەڵێن زۆربەی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە مامۆستا سەلاحەدینیشەوە خەڵکی هەولێر نین، وەك دەڵێن لە هەولێر بنکەی ئیسلامی لە ئەساسدا نەبوو، بەڵکو زەمینەی بوونی بزووتنەوەی ئیسلامییەکان لە ناوچەی هەورامان زیاتر بوو، بەڵام ئەوانە هاتن لە هەولێر بارەگایان داناو خەڵکیان دروستکرد، باشە بۆ زیاترتان خەڵکی هەورامانن؟

- ئاگات لە هەورامان نییە، ناوچەیەکی گرنگە.

* گۆران لە شیعرێکدا دەڵێ وەك بە هەشت وایە..

- لە رووی سروشتەوە خۆشە، لە رووی زەکات و لێهاتوویی تاکەکانەوە، لە رووی مێژوویشەوە هەتا شیعرو ئەدەبیات کاتی خۆی بە هەورامی بووە، ئینجا پیاوە هەڵکەوتووەکانی دینی، وەکو نەقشبەندییەکان هەورامی بوون، لەبەرئەوە ناوچەیەکی پڕ بەرەکەتە، هەڵبەت هەڵەبجە ناوچەیەکی بە پیتە لە رووی دینییەوە، ئەوەش دەزانی کە ناوچەی هەورامان وەکو مەڵبەندێکی شۆڕش بووە، وەك گوتم

ناوچەیەکی دینی بووە، دوای ئەوە تەیاری ئیسلامی لە سەرەتای دروستبوونی ئیخوانەوە لە هەڵەبجە بووە، بێگومان لە هەولێریش بووە، سەرهەڵدانە ئیخوانییەکە زۆر چالاك بووە لە ناوچەی هەڵەبجە، ئێمە هەوڵمانداوە کە ئەو مەسەلەیە لەو چوارچێوەیە نەمێنێ، هەولێریش پایتەختی کوردستانە، عادەتەن سەرکردایەتی حیزبەکان دەبێ لێرە بێ. ئێمە گرنگیدانی بادینانیشمان هەیە کە رەنگە کەم حیزب هەبێ، توانیبێتی ئەو کۆکردنەوەیە بکات لە نێوان بادینان و سۆران و هەورامان و تێکەڵی بکا. هەولێر شارێکی کۆن و پڕ لە زاناو پڕ لە عولەماو پیاوی گەورەی دینی بوون، لە رووی تەیاری ئیسلامی تازەش، چالاکی تیا بووە، بەڵام بەباری بزووتنەوەی ئیسلامیدا کەوتەوەو لەماوەی هەشتاکاندا، دواتر لە نەوەدەکانیشدا هەر چالاکییەکیان هەبوو، ئێمە بەو شێوەیە لە هەولێر نەبووین.

* رەنگە هەر ئەوەش بێ کە لە سەرکردایەتیتان خەڵکی هەولێر نییە؟

- لە سەرکردایەتی هەمانە، بەڵام بەو رێژەیەی شوێنەکانی دیکە نییە.

* دەگوترێ یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی دوایی لە چاو ئەو هەڵبژاردنانەی شارەوانی دەنگی کەمتر بوو، واتا گەڕانەوەیەك هەبووەو لە کورتیتان داوە، ئەمەش هەر دەگوترێ لەبەرئەوەی کاتێك شەڕو نا ئارامی هەبووە، ئەوان توانیان ئیستغلالی وەزع بکەن و خەڵك روویان تێبکا، بەڵام کە ئێستا ئارامی هەیە خەڵکەکە وردە وردە دوورکەوتۆتەوە بە گوێرەی دەنگدانەکەش بێ راستییەك هەیە کە ئێوە گەڕاونەتەوە دواوە.

- جارێ هەڵکشان و داکشان لە چالاکی هەر حزبێکدا دەبێت، ئەوە غەریب نییە، بڕوامان وا نییە ئێمە مەعسوم بین و هەڵەمان نەکردبێ لە ئەدائی قیادی تا وەکو بڵێین وانییە، بەڵام دەتوانین وا لێکدەینەوە لە شەڕی ناوخۆ ئەو دوو حیزبە سەرقاڵ بوون بە شەڕی یەکترەوەو تۆپخانەو هێنانی لەشکرەوە، راستە ئێمە چالاکتر لە مەیداندا بووین، ئەوان کە پارەو شتیان هێنا سەرفیانکرد لە پێناوی دەنگدا، هەڵبەت ئێمە بەرگەی ئەوە ناگرین، بەڵام حەزدەکەین، چونکە خەڵکەکە هەندێك عاقڵ بووە، پارەکە وەردەگرێ بەڵام دەنگەکە دەدا، نادا زۆر گوێی لێ نییە، ئێمە حەزدەکەین

پارە لە خەڵك سەرف كەن. دەربارەی هەڵبژاردنی دوایی، بێگومان بوونمان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی، هەندێ زیانی لێداین بەو ئیعتیبارەی كە هاوولاتی چاوەڕێی ئەوەبوو ئێمە بە تەنیا دابەزین و بەو حیسابەی هێزێكی جیاوازبووین، بەڵام شەڕی دەستوورو مەسەلەی فیدرالییەت هەستمانكرد قۆناغەكە وا دەخوازێ لەگەڵ هاوپەیمان نین، زەرەریشمان كرد تەنانەت ئەوانەی بێلایەن بوون و بە تەمای دەنگیان بووین، دەنگیان بە ئێمە نەدا، ئەوەش كە ئیسلامی بوو، لیستی تر بوو دەنگی بە لیستی خۆیدا، دەتوانم بڵێم ئەو دەنگانە بە تەنیا دەنگی ئەندامانی خۆمان بووە، لەبەرئەوە هەڵوەستەمان لەسەر كردو موراجەعەی خۆمان كرد لەو بابەتە، بەڵام وا دەزانین پرۆژەی ئێمە كە پرۆژەی چاكسازییەو ستراتیژیەتمان چاكسازییە، سەرەتای ئیشمانە، تەواونەبووینە، ئەگەر خەڵك ئیشی تەواو بووەو ماف وەرگیراوە، بەڵام كێ حوكمی ئەو فیدرالییە دەكا، كێ دەتوانێ عەدالەت و یەكسانی و ئازادی و دیموكراسی و ئەو بنەما جوانانە پیادە بكاو بیكاتە واقیع، تا ئێستا ئێمە ئەو (14-15) ساڵەمان بە دڵ نییە، لەبەرئەوە بۆ پیادەكردنی هەموو بنەما جوانەكان لە مافی مرۆڤ و ماف و ئەركی هاوولاتی زۆر ماوە لەبەردەممانداا، جگە لە (تصحیح) ئێمە دوو رەهەندمان هەیە چاكسازی و(تصحیح) چاكسازی بۆ مەسەلە سیاسی و كۆمەلایەتییەكان،( تصحیح)یش بۆ ڕێڕەوی بیركردنەوەو فیكری ئیسلامی بەتایبەتی كە ئەویش كە شوێنێكی لەسەرەو زوو زوو لادان و توندوتیژی تیدا دروست دەبێ و بەكار دەهێنرێ بۆ شەڕی ئیسلامی.

* بۆچی هەوڵتان نەدا لەگەڵ كۆمەڵی ئیسلامی لیستێك پێكبێنن لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ حیزبە نەتەوەییەكان لیست دروست بكەن؟

- ئێمە لەو قۆناغەدا پێمان باشبوو هەموو كوردستان پێكەوە بێ.

* بەڵام كۆمەڵ نەیانكرد؟

- ئاخر برادەرانی پارتی و یەكێتی ئەمانیان قبوڵ نەكرد، ئێمەو خۆشیان هەوڵیاندا كە بێن لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی بەشدار بن، بەڵام پارتی و یەكێتی بوونی ئەوانیان لەگەڵ لیستەكە پێ باش نەبوو، ئێمە بۆ مەسەلەی دەنگی كورد لە

پەرلەمانی عێراق و مەسەلەی فیدرالی پێمان باشبوو کوردستان هەمووی بە یەکەوە بێ، بەڵام پێویست ناکا ئەوە دووبارە بێتەوە.

* بزووتنەوە لە هەر حزبێك زیاتر بەرەو توندڕەوی ڕۆیشتن، ئەوەبوو زەرەرێکی گەورەی لەخۆداو چەندین پارچەی لێبۆوە کە جوندوئیسلام و تا دەگاتە ئەنساروئیسلام و کۆمەڵیش بە هەمان شێوە، بەڵام هەست دەکەی کۆمەڵ واقیعی کوردستان دەخوێنێتەوە، ئەوە نەبووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵ زیاتر لێتان نزیك بێتەوە؟

- بێگومان لەو ماوەیە بەینمان خۆشە، چونکە زۆر رامان لە رێڕەوی کاری سیاسی و فیکریان هەیەو حەزدەکەین بەو شێوەیە بەردەوام بن.

* بەڵام دەڵێن جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئێوەو کۆمەڵ، کۆمەڵ زیاتر مۆرکی کوردانەی پێوە دیارە، هەرچی یەکگرتووە لەبەرئەوەی درێژکراوەی ئیخوانەو مۆرکێکی عێراقی هەیە، ئەو مۆرکە کوردییەی زۆر پێوە دیار نییەو کوردستانییەکەی کۆمەڵ تۆخترە.

- یاخوا وابێ. هەر دان بەلایەکمان دابنێن هەر باشە.

* لە کوردستان بووەتە عادەت ئەوەی سکرتێربێ تا ماوە هەر خۆی سکرتێر دەبێ، وەکو عەزیز محەمەد کە چارەگە سەدەیەك زیاتر سکرتێر بوو، ئەوانی دیکەش، ئایا تۆش بەنیازی هەر بە ئەمینداری بمێنیتەوە؟

- من ئەمجارە بڕیارم بوو و حەزم دەکرد وازم لێ بێنن و خۆم هەڵنەبژێرمەوە، حەزم کرد نموونەیەك پێشکەش بکەم و ئەو مۆدەیە بشکێنم، ئەگینا نە پیرم نە تەندروستیشم ناتەواوە، ئەوەبوو لە کۆنگرە تەرحم کرد، بەڵام پێیان باش نەبوو، بوویتە مۆدیلیش لەو رۆژهەڵاتە گۆڕینی سکرتێر ئاسان نییە، مەگەر ڕووداو ببن.

* لە ڕووداوی 11ی سێپتەمبەردا، ئایا پێتوایە بن لادن توانای ئەوەی هەبوو، ئەو بورجانە بڕوخێنێ؟

-وەڵڵاهی من وانابینم، من دەزانم بن لادن سیناریۆیەکی زۆر ئاڵۆزە، سەرەتا بن لادن کەسێکی لەوانەیە بە بەرائەت ناوی بنێین چووەتە ناو ئەو پرۆسەی جیهادی ئیسلامی لە ئەفغانستان، بەڵام جیهادی ئەفغانی لە ئەفغانستان هەر خۆی قسەی

لەسەرە، جیهاد بۆ دروستبوو، لە ئەفغانستان خەڵکەکە دانیشتبوو کودەتایەکی شیوعی کرابوو، کاکە شیوعی خۆ ئیتر ئەوەندە نامێننەوە لەسەر حوکم، هەر خۆیان خۆیان لە ناو دەبەن، ئەمان بە پەلە گوتیان دەبێ جیهاد دژی بکەین.

* بەڵام دوایی خۆیان خۆیان تەواوکرد، حیکمەتیارو بورهانەدین رەباتی و...

- بێگومان ئەمە ئیستغلال کرا، دیارە ئەمریکا ئیستغلالی کرد، چونکە لە مەترسی بوو و لە هەلیش بوو، قۆناغێك لە مەترسی بوو کە ئەفغانستان شیوعی بێ و ئێرانیش مەیلی کۆن کردووە لەگەڵ ئەمریکا، دەبێ کار لەسەر ئەو ناوچەیە بکرێ، ئەوەبوو پاکستان و سعودیەیان راسپارد کە پشتی ئەو جیهادی ئەفغانییە بگرێ، کە پشتیگیرا ئەوەبوو رێیان خۆشکرد خەڵك بچێ لەوێ جیهاد بکا، لەوانەیە خەڵکەکە بە بەرائەت چوو بێ، بەڵام پلانێك هەبووە، دوایی ئەوەبوو ئەفغانییەکان خۆیان کێشەیان بۆ دروست بوو، ئەوەبوو هەر بە پلانی ئەمریکا، تالیبانیشیان دروستکرد بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەکان، تالیبانیش هەر لە منداڵدانی پاکستانەوە دروستکرا، دوایی ئەو بنلادنە بووە بەشێك لە پرۆژەی تالیبان، کە تالیبانیش وەختی قەیرانی هات و دەبێ لێیبدرێ و ئەو فیلمە تەواو بێ، بنلادن بووە بەشێك لەو مەوزوعە، وەکو زەرقاوییەکەی ئێرەی لێهاتووە، ئێستا کەس نازانێ زەرقاوی ماوە، مردووە، هەر رۆژێ قسەیەك دەکرێ، ئەو توانا بێ شومارەی لە 11ی سێپتەمبەردا بەکارهێنراوە ناتوانی بڵێی سروشتییە. وڵاتی گەورە ناتوانێ ئەوە بکا، نەك کۆمەڵە ئینسانێك.

* پێتوایە بن لادن موجاهیدە، تیرۆریستە، چییە؟

- بەڕای من خوێنی خەڵکێکی زۆری لە گەردنە، چونکە ئاشێکی ناوەتەوە، خوا دەزانێ کەی تەواو دەبێ، من ئیشم بە نیەتی نییە، چونکە نیەت ناخوێنرێتەوە، بەڵام کردەکەی، کردەیەکی مەحکومە، کردەیەکی تیرۆریستی دڕندانەیە فڕی بە ئیسلامەوە نییە، ئەو، چ هەموو ئەوانەی لەو خەتەدا ئیش دەکەن، کارێکی دژ بە دین دەکەن. بەکرداریش ئیسلامی قاچاخ کرد لە ئەمریکا، لە پەورووپا، ئیسلامی خستە قەفەسی تاوانباری کە ئەو موسڵمانە فەقیرانە لە وڵاتی ئیسلامی خۆیاندا

ئازاردراون و چوون لەوێ مافی پەنابەرییان پێداون و بەخێویان دەکەن، ئەوانەشیان خستە ئەزیەت و عەزابەوە.

* بۆچی یەکگرتوو زیاتر گرنگی بە نووسین و بڵاوکراوەکانی سەید قوتب و عەبدولسەلام فەرەج دەدا، لە جیاتی محەمەد عەبدەو جەمالەدین ئەفغانی و عەبدولڕەحمان کەواکبی؟

- نا. وانییە، ئەوە ماوەیەك بوو، ساڵی هەشتاکان زۆر لەبەردەستدا بووە، بەڵام ئەمڕۆ بڕواناکەم، لە کتێبخانە هەمانە، بەڵام نایخوێنییەوە، لەبەرئەوەی یەکەم: وەرزی بەسەرچوو، دووەم: کاریگەری و دەرەنجامی ئەو فیکرە دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی من سەید قوتب بە بیرکارێکی گەورە دەزانم، ئەدیبێکی گەورەیە، خزمەتی باشی لە تەفسیری قورئاندا کردووە، بەڵام بە مەعسومی نازانم، لەو بۆچوونانەشدا کە سەری شێواندووە لە خوێنەرەکە کە ئەوە کۆمەڵگایەکی جاهیلیەو چی بکاو ئەوە چی بکا، لەوەیان بە هەڵەداچووەو خوا لێی نەگرێ، هەرچەندە پیاوێکی بەهێز بوو لە بەرامبەر عەبدولناسرو خۆی راگرتبوو و خۆی نەفرۆشت.

# عەلی باپیر

ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی

مامۆستا عەلی باپیر یەکێکە لەو سەرکردە ئیسلامییە سیاسییانەی کە دەکرێ بڵێین لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، سەنگ و پێگەیەکی سیاسییانەی هەبووە، بەتایبەتی لە ناوچەی پشدەرو رانیە، بەڵام لە دوای راپەڕینی 1991، مامۆستا عەلی باپیر زیاتر لە هەموو سەرکردە ئیسلامییە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بەهۆی گوتارەکانی کە خەتیبێکی سەرکەوتوو بوو، هەروەها بەهۆی ئەو نووسین و کتێبانەی کە خۆی دایانابوون، بووە جێ سەرنجی خەڵك بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، دووەمین کەس لەو بارەیەوە کە توانی سەرنجی خەڵك رابکێشێ مەلا کرێکار بوو، هەردووکیشیان گوتارەکانیان بریتی بوون لە رەخنە لە دەسەڵاتی کوردی، گوتارەکانیان جۆرێك لە توندڕەویشیان لە ئامێز گرتبوو، ئیتر راستە مامۆستا عەلی باپیر لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستاندا کاری دەکرد، بەڵام لە راستیداو لە واقیعدا، عەلی باپیر، هێڵێکی پانی ناو بزووتنەوە بوو، توانیبووی هەژموونێك بۆ خۆی، خەڵکێك لەناو بزووتنەوە بۆ خۆی داببڕێ، تەنانەت ئەو شکستەی بەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی داهات، لە 1993-1994و تەنانەت هی ئەم دواییەش مامۆستا عەلی باپیر توانی مەخرەجێك بۆخۆی بدۆزێتەوەو گومرگانەیەکی کەمتر بدات لەوەی زۆرینەی سەرکردایەتی بزووتنەوە دایان.

عەلی باپیر، کە بە تەمەنیش گەنجە، بەجوانی دەزانێ سیاسەت بکات و هەمیشەش پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە کوردایەتی راستەقینە بۆ خەڵکی موسڵمان ئەوەیە کە ئەو دەیکات.

تێبینی لەسەر بزاڤە ئیسلامییەکانی دیکەی تەنانەت وەکو یەکگرتووی ئیسلامیش هەیەو، ئەو واتە عەلی باپیر نایەوێ لەژێر کاریگەرو کۆنترۆڵی هیچ

لایەنێکدا مامەڵە بکات زیاتر دەیەوێ بزووتنەوەیەك دروست بکات وەك خۆی دەیەوێ، کە بەشداربن لە دەسەڵات و حوکم، دوای ئازادبوونیشی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، هەوڵی خۆ گونجاندنی زیاتری پێوەدیارە، بۆ نموونە کە ئازادکرا چووە هەڵەبجەو سەردانی مەلا عەلی عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی کرد، بەڵام مەلا عەلی سەردانی نەکردەوە، واتە مەلا عەلی باپیر ئێستا باشتر واقیعی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کوردستان دەخوێنێتەوە، ئایندەش توانای عەلی باپیر باشتر روون دەکاتەوە کە ئاخۆ دەتوانێ ببێتە گەورەترین حزبی ئیسلامی لە کوردستان و، سوودی لە شکستەکانی بزووتنەوە وەرگرتووە، یان نا.

* بەر لەوەی ئینتمات بۆ هیچ ڕێکخراوێکی ئیسلامی، سیاسی هەبێت، خەریکی چی بوویت؟

- من لە سەرەتای تەمەنمەوە، واتا هەر لەو کاتەی کە خۆم ناسیوەو شارەزاییەکم لە دین پەیداکرد وەکو دینداری شەخسی، پێش ئەوەی بیر لە خەڵك بکەمەوە، لە بیری ئەوەدا بووم چۆن بەپێی ئەو عەقیدەو تێڕوانینە ئیسلامییەی کە من وەرمگرت، وابکەم وردە وردەو پلە بەپلە خوا لە خۆم ڕازی بکەم و چۆن دینداری و موسڵمانێتی بکەم. دوایی وردە وردە تێگەیشتنم لە ئیسلام قوڵترو فراوانتر بوو، دیارە بە پلەی یەکەم لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت، پاشان لەبەر ڕۆشنایی کتێب و بەرهەمی زانایان، ئەو ڕاستیەم بۆ دەرکەوت کە ئیسلام وەك چۆن داوای پابەندی شەخسی لە مرۆڤ دەکات کە لە زاتی خۆیدا بەدینەوە پابەندبێ، داوای پابەندی کۆمەڵیشی لێدەکات. واتا بۆم دەرکەوت ئیسلام وەك چۆن کۆمەڵێك ئەرکی تێدایە، بە ئینسان وەك تاك لە خودی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ، وەکو ئیمان، عەقیدەو عیباداتی شەخسی، هەندێ خووڕەوشتی شەخسی، خۆپاراستن لە گوناح و چاکەکاری شەخسی و خۆڕازاندنەوە بە سیفاتی باش کە ئەوانە بە تاك جێبەجێ دەکرێن، وێڕای ئەوەش کۆمەڵێك ئەرك و فەرمانیش هەن کە بە ئینسانێك جێبەجێ ناکرێن، لە کاتێکدا تاکێك دەبێ لە کۆمەڵێکداو دەبێ هەموو بەیەکەوە دەسبار بۆ یەکتر بگرن، یانی هەر لە سەرەتاوە من ئەو حەقیقەتەم بۆ دەرکەوت و ئەوەش پاڵی پێوەنام کە لە بیری ئەوە دابم ڕێکخراوێکی ئیسلامی بنیات بنێم، لەو ناوچەیەی کە زیاتر تێیدا دەژیام کە ناوچەی بیتوێن و پشدەر بوو، هەندێ خەڵك، برایانم و هاوڕێیانم لە خۆمەوە دەئالاند، ئەوەی کە کاتی خۆی فکرەیەکی دیکە هەبوو، بۆ نموونە شیوعی بووە، یا هەر شتێکی دیکە بووە، قسەم بۆ دەکرد، ئامۆژگاریم دەکردو ئیسلامم تێدەگەیاند، ئەوە لە ساڵانی کۆتایی هەفتاکان بوو، چونکە من لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە کە ئەو کاتە تەمەنم 6 ساڵان بووە موتالەعەو خوێندنەوەم بووە، لەو کاتەوەی کە چوومە پەیمانگای ئیسلامی، تەوەجوهی ئیسلامیم بۆ پەیدا بوو.

* چی وای لێکردی بچییە پەیمانگای ئیسلامی، لە خێزانێکی ئایینی بوویت، یا خۆت؟

- من باوکم و دایکم نەخوێندەوار بوون، بەڵام خوای پەروەردگار دەفەرمووێ، (فطره الله التی فطر الناس علیها)، لە روانگەی ئیسلامەوە هەموو مرۆڤێك بە فیترەت و بە سروشت خواپەرست و خواناسە، ئەگەر ژینگەو زەمینەیەکی بۆ بڕەخسێ کە رووبکاتە خوا ئەو ئامادەییە خواپەرستیەی زیاتر تێدا دەپشکوێ. من باوك و دایکم و باپیرم و نەنك و هەموو خزمەکانم بەدین و نوێژکەر بوون، بەڵام نەخوێندەوار بوون، دەتوانم بڵێم لە سەرەتادا دینداریيەکەم شتێکی فیتری بوو، بەبێ حاڵیبوون لە ئیسلام و قورئان و سوننەت، چونکە من هەر لە قۆناغێکی سەرەتایی نوێژم دەکردو رۆژووشم دەگرت، هەر ئەو هەستەش پاڵی پێوەنام بچمە پەیمانگای ئیسلامی، مامۆستاو فەقێیەکانیش کە تێکەڵیم لەگەڵیان هەبوو، چونکە من قوتابی بووم، فەقێ نەبووم، رەنگە ئەوانیش کاریگەرییان لەسەرم هەبووبێ، ئیتر دوایی کە چوومە پەیمانگای ئیسلامی تەفسیرم خوێند، حەدیسی پێغەمبەر(د.خ)و فقه و عەقیدەی ئیسلامی و چۆنیەتی قورئان خوێندن و(اصول الفقه)، ئەوانەم خوێند.

* ئینتمات بۆ رێکخراوێکی سیاسی- ئیسلامی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

- سەرەتا ئینتمایەکەم بەشێوەیەکی غەیرە رەسمی بوو، بەشێوەیەك ناوم لە خۆنەنابوو کە ئەندامێکم، بەڵام بە کردەوەیی هەبووم. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1979، ئەو کاتەی کە لە ئامادەیی پەیمانگای ئیسلامی دەمخوێند، لە کۆتایی خوێندنم دابووم کە هەست و نەست و ئاراستەی ئیسلامی لای من دەستیپێکرد، لەگەڵ کۆمەڵێك لە مامۆستاو خەڵکی رۆشنبیر لە سلێمانی یەکترمان دەبینی، لەو بارەوە راوێژمان دەکرد، بەتایبەتی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول، بۆشاییەکی سیاسی دروستببوو کە هەر کەسەو هەوڵیدەدا بەشێوەی تێڕوانینی خۆی پڕی بکاتەوە. ئێمەش وەکو ئیسلامی بیرمان لەوە دەکردەوە کە رێکخراوێکی ئیسلامی هەبێ، بەهۆیەوە بەرگری لە مەزلومیەت و بوونی کورد بکەین و بەرامبەر رژێمی بەعس بووەستینەوە، پاشان کاری ئیسلامی بکەین و بانگی خەڵك بکەین بۆ ئیسلام و دینی تێبگەیەنین، ئەو

خەڵکە راستە موسڵمانە، بەڵام لە دین تێنەگەیشتووە، تێیبگەیەنین و پەروەردەی بکەین. کەواتە دەتوانم بڵێم ئینتمایەکە لە 1978-1979 چەکەرەی داو دەستیپێکرد.

* بەڵام لە هیچ حیزب و گروپێك نەبووی؟

- نەخێر. لە1981-1982 ئەو کاتە بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی هەبوو کە لە ساڵی1978 وەکو نەواتێك دەستیپێکردووە، من لەو کاتەوە بەکردەوە تێدا بووم، بەڵام بە رەسمی نا، چونکە هەندێ ئیشکالم لەسەر هەندێ شتیان هەبوو، دەمگوت من هاوکاریتان دەکەم، بەڵام بە رەسمی تێیدا ئەندام نابم.

* واتە پەیوەندیت لەگەڵیان هەبوو؟

- بەڵێ. بەکردەوەش هاوکاریم دەکردن. ئەو کاتەی لە1984-1985 لە رژێم قاچاخ بووم، ماڵم چووە سەرسیان، دوایی ماڵم چووە ماخۆبزنان، ئەوانەی کە هاموشۆی ئەو دیویان دەکردو ئەوانەشی کە لەو دیوەوە دەهاتن، لە ماڵی ئێمە دەحەوانەوە.

* مادام هاوکاریان بوویت، چۆن بوو ئینتمات بۆیان نەکرد؟

- هەندێ ئیشکالم لەسەر شێوەی کارکردنیان هەبوو. من بڕوام وابوو و دەمگوت جارێ با رێکخستنەکانمان بەهێز بکەین، با رێکخستن هەبێ، من خۆم کاری رێکخستنم هەر دەکرد، بەڵام وەکو شتێکی تاکی، من دەمگوت ئەو خەڵکەی ئێمە راستە موسڵمانە، بەڵام لە دین تێنەگەیشتووە، گرفتی هەر ئەوە نییە چەکی پێ نییە، بەڵێ پێویستە چەکدارمان هەبێ، لە خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتەکەماندا بەشداربین، بەڵام دەبێ رێکخستنەکانیشمان بەهێز بکەین و ئەم خەڵکە هۆشیار بکەینەوە. دەمگوت ئەو خەڵکە هەموو بەسەر جاش و ئەمن و موخابەراتدا ماوەتەوە، خۆ دەبێ ئەو خەڵکە تێبگەیەنین کە کاکە ئەوە حەرامە، من ئەوکات زۆر بە ئاشکرا دژایەتی رژێمم دەکرد، فەتوامدا کە جاشایەتی حەرامەو جۆرێکە لە دین وەرگەڕان، سیخوڕی حەرامە. دەمگوت پێویستە ئەو خەڵکە هۆشیار بکەینەوە، ئەگەرنا سوودی چییە ئێمە 4 چەکمان پێ بێ و لە دەرەوە بین، بەڵام خەڵك هەموو لەگەڵ رژێمدا بێ. هەندێ شتی دیکەش هەبوون کە رەنگە من تێبینیم هەبووبێ لەسەر

هەندێك لەوانەی لەنێو كارەكەدا هەبوون، لەسەر راستی و كارامەییان دڵنیا نەبووم، بە چاكم نەدەزانی بچمە ناو وەزعێكەوە تێیدا بەرچاو روون نیم.

* پێش ئەوەی ئەوانە هەبن، ئیخوان موسلمین هەبوو، كە ئەو كاتە بەنهێنی كاریان دەكرد، ئەگەرچی لە عێراقدا خۆیان تەجمید كردبوو، بەڵام لە كوردستاندا وجودێكیان هەبوو، چۆن بوو بیرت بۆ ئیخوان موسلمین نەچوو؟

- ئەوەندەی من ئاگاداربم، ئیخوان لە كوردستان وجودی رێكخراوەییان نەبوو، وجودی فیكرییان هەبوو، ئەوان بە فەرمانی مەكتەبی ئیرشاد لە ساڵی 1970 كاری خۆیان وەستاند، هەتا لە ساڵی 1991 بە فیعلی دەستیان بەكار كردەوەو وەكو ئیخوان موسلمین خۆیان ئاشكراكرد، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا سەلاحەدین و مامۆستا سدیق بیروڕایان لە یەكدی جیابوو، ئەو كاتە ناویان لێنرا خەتی یەك و خەتی دوو.. جا من بۆیە بیرم لە ئیخوان نەدەكردەوە، چونكە هەمیشە باوەڕم وا بووە، كارێك لە ناو میللەتێكدا بكرێ، پێویستە هەڵقوڵاوی واقیعی ئەو میللەتە بێت، من بە پێویستم زانیووە لە رووی فیكری و ئەدەبیاتەوە سوود لە ئیخوان وەربگیرێ، بەڵام بە هەڵەم زانیوە لە رێكخراوێكدا بم كە تەوجیهاتی لە دەرەوەی كوردستانەوە بۆ دێ.

* ئەوە رێك وەك ئەوە نییە چۆن دەڵێن حیزبی شیوعی هەمووی سەر بە حیزبی شیوعی سۆڤیەتی بوون، ئیخوان موسلمینیش هەمووی سەر بە ئیخوان موسلمینی میسر بوون. ئەوە دەكرێ وەكو یەك بەراورد بكرێن؟

- تا ڕادەیەك دەكرێ، هەر بۆیەش دەبینین حیزبی شیوعی لە واقیعی كوردستان و عێراقدا، لەبەرئەوەی زیاتر بە سیاسەتی یەكێتی سۆڤیەتەوە پابەندبوو، تەماشا دەكەی كەمتر توانی مۆركێكی خۆماڵی وەربگرێ و خەڵك زۆر متمانەی پێ بكاو دڵی پێیخۆش بێ و لەگەڵیدا تەفاعول بكا. هەڵبەتە لە رووی فیكرییەوە قوتابخانەی ئیخوان موسلمین قوتابخانەیەكی دەوڵەمەندە، هەموومان سودمان لێی بینیوەو لێیان بەهرەمەند بووین، بەڵام بە دڵنیاییەوە حەسەن بەنناو سەید قوتب رەحمەتی خوایان لێ بێ، ئەگەر لە كوردستان بوان، پێموایە بە لە بەرچاوگرتنی

واقیعی کوردستان بیریان دەکردەوەو رەنگە زۆر لە میکانیزم و شێوازەکانی کارکردنی خۆیان لە میسردا پەیڕەویان دەکرد، دەیانگۆڕی...

* پێتوایە ئیخوان ئەو مۆرکە ناکوردستانیەیان پێوە ماوە؟

- من پێموایە برایانی یەکگرتوو تا ڕادەیەکی زۆر مۆرکی کوردستانیانەیان وەرگرتووە، خۆشیان ئینکاری لەوە ناکەن کە پەیوەندییان بە برایانی دیکەیانەوە هەیە، بەڵام ئایا برایانی یەکگرتوو تا چ رادەیەك لەوەدا ئازادن کە کاری ئیسلامی لە کوردستاندا واقیعی میللەتی موسڵمانی کوردستان بێ، ئایا تا چ رادەیەك لەوەدا ڕێگەیان پێدەدرێ، ئەوە جێی قسە لێکردنێیە.

* بەر لەوەی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی دروست ببێ رابیتە هەبوو، وا بزانم شێخ عوسمان و ئەوانە دروستیان کردبوو، ئەو رابیتەیە دوایی بووە بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی...؟

- نا، نا، هەر بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بوو، پێیاندەگوت (حرکە الرابگە الاسلامیە). هەر ئەوە بوو کە لە(1978) وەکو نەوات دانرا، من یەکێ بووم لەوانەی ئاگاداربووم لە دامەزراندنی نەواتەکەی، یەکێکیش بووم لەوانەی بە کردەوە بەشداربووم، بەڵام بە رەسمی نا، دوایی لە ساڵی 1987 من پێشنیارم بۆ جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان کرد، پێش ئەوەی مامۆستا بچێتە دەرەوە، لە هەڵەبجە سەردانێکم کرد، گوتم مامۆستا پێویستە ئەو بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیە فراوانتر بکەین و ئەو پەیوەندییەش لە ناوەکە لادەین و ببێتە بزووتنەوەی ئیسلامی، ناوەکەی گشتگیرترە، وەکو دەگوترا بزووتنەوەی ئیسلامی لە پاکستان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە تورکیا، یا لە عێراق، با بڵێین بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.. ئەوەبوو دواتر وشەی پەیوەندیەکەمان لێکردەوەو ناوەکە گۆڕا.

* باشە تۆ ئینتمات نەبوو، چۆن ئەو پێشنیارەت کردو ئەوانیش جێبەجێیان کرد؟

- من وەك گوتم بە کردەوە لە ئیشەکاندا هەبووم، بە راستی ئەوان زۆریان پێخۆشبوو لەناو کارەکەدا بم، بۆ نموونە لە ساڵی 1985 سەردانێکی مامۆستا مەلا شێخ محەمەدم کرد، ئەوکاتە رابەری بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بوو، ئەوکات ماڵم

له سنه بوو، ماموٚستا زوٚر تەکلیفی لێکردم و گوتی فلانه کەس خوٚ توٚ له هەموو ئیشەکانماندا بەکردەوە هەیت و پشتگیریمان دەکەی ئەو برایانەی هاموشوٚت دەکەن بوٚ رێکخستنی ناوەوە، توٚ دەیانگەیەنی و ئەوانەی دێن بوٚ لامان له رێی توٚوە دێن، بەتایبەتی ئەوانەی له قوٚڵی پشدەرو بیتوێنەوە دێن، منیش گوتم ماموٚستا جارێ عەقڵم نایبڕی، ئەوە من ئامادەم بوٚ هەموو شتێکی کردەیی، بەڵام جارێ پێمخوٚش نییە. قسەی خوٚمان بێ راسته رابەرو ئەو شتانه نەبووم، بەڵام خەڵکێکی زوٚر پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، خەڵکێکی زوٚر لەژێر کاریگەریی من دابوو له رێگای کتێبەکان و وتارەکان و ئاراستەو وانەکانمان، واته بەدەردی کابرا دەڵێ منیش حەرەکەیەك بووم لەو ناوچەیەی لێی بووم و له شوێنەکانی دیکەش کەم زوٚر خەڵکێك هەبوو لەژێر کاریگەریی فیکرو بوٚچوونەکانی من دابوو.

* توٚ له ساڵی 1985 چووی بوٚ سنەو کوردستانت جێهێشتبوو؟

- نا، من به سەفەر چووم، برایانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی تەکلیفیان لێکردم، گوتیان ئەگەر سەفەرێکمان بوٚ بکەی بوٚ لای جەنابی ماموٚستا شێخ محەمەدو هەندێك کاری رێکخراوەیی و شت بوو که من دەمتوانی بیانکەم، ئەوە یەکێ بوو لەو شتانەی که وەك گوتم بەکردەوە تێدابووم، بەڵام بەرەسمی نا.

* له ساڵی 1985 که بووە بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەوکاتەش هەر ئینتمات نەکرد؟

- با، ئەوکاتەی من چووم به رەسمی بەیعەتم به ماموٚستا مەلا عوسمان کرد، به رەحمەت بێ ئەوکاته له ئوٚردوگای سەریاس بوو، بەس ئێمه ئەو کاته بنکەو بارەگامان له قەلاتوکان دانابوو، ئێمه وجودی خوٚمان زیاتر لەوە دەبینی که دەبێ لەم دیو بین، له کوردستان بووین، من دوای ماڵەکەی خوٚشم بوٚ قەلاتووکان هێنایەوە، چونکه هەمیشه قەناعەتم وابووە ئینسان دەبێ لەو شوێنەی که کاری تێدا دەکا، ماڵ و منداڵیشی لەوێ بێت، بوٚ خوٚشت لەگەڵ ئەو پێشمەرگەو خەڵکه دابی که ئیش دەکەن و ئاگات له واقیعەکەیان بێ، له موعاناتیان بێ، تێیان بگەیی و لێت تێبگەن و بتوانی له نزیکەوە ئاراستەیان بکەیت.

له ساڵی 1987 به مامۆستا مەلا عوسمانم گوت: ئەوه بۆ خۆت دەزانی خەڵکێك له ناوچەی ئێمه لەسەر من وەستاون و بەمنەوه پەیوەستن، من ئەوه بەیعەتت پێدەدەم که کاربکەین بۆ ئیسلام، کار بکەین بۆ میللەت لەژێر ئاڵاو بەیداغی ئیسلامیدا دیاره ئەویش زۆر زۆری پێخۆشبوو. ئەو کاته گەڕامەوه بۆ ناوچەی بناری قەندیل که لەوێ بنکەو بارەگامان لێی دانابوو، ئێمه پێش ئەوەی بەیعەتی مامۆستا بکەین، بارەگامان دانابوون.

* ناو گۆڕینەکه چۆن بوو به بڕیار بوو، یا کۆنفرانستان بەست؟

- ئەوەش پێویستی به تەفاسیلێکه، بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی که گۆڕدرا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی، هەر لەسەرەتاوه بەو شێوەیه بووه بڵێی حیزبێکی ڕێکخراوەیی بەسەروبەرو تۆکمەو توندوتۆڵ و کۆنفرانس و کۆنگرەی له جێی خۆیدا بووبێ. من پێشنیارم کردبوو، مامۆستایان و کادیران و زۆربەیان ئەندامانی سەرکردایەتی کۆببوونەوەو ناوەکەیان گۆڕیبوو.

* به پێی ئەو نزیکیەت له بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی، ڕۆڵی ئێران له دامەزراندنیدا چی بوو؟

- لەسەرەتای دامەزراندنیەوه ئێران ڕۆڵی نەبوو، چونکه وەك گوتم له (1978)ەوه هەبوو، ئەوکاته من له پۆلی پێنج و شەشی ئامادەیی بووم، هێشتا شۆڕشی ئیسلامی ئێران نەکرابوو، ئەوەی وای لەمن و مامۆستاو کۆمەڵێك خەڵك کرد بیر له دروستکردنی بکەینەوه ئەو بۆشاییه سیاسیه بوو که له دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول دروست ببوو، هەروەها ئەو زوڵمەی بەعس له کوردی دەکرد، بەڵام دواتر به دڵنیاییەوه وەك چۆن هاوکاری پارتی و یەکێتی کرد، هاوکاری پەیوەندی ئیسلامی و دواتر بزووتنەوەی ئیسلامیشی کردووه.

* ڕەنگه هی بزووتنەوه زیاتر بێ لەبەرئەوەی حەرەکەیەکی ئیسلامی بووه؟

- نەخێر، هی پارتی و یەکێتی زیاتر بووه، واقیعەو پێچەوانه ناکرێتەوه. ڕاسته ئێمه بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بووینه، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران کۆمەڵێك سیاسەت و بەرژەوەندی خۆی هەیه، لەوانەیه ئێمه نەمانتوانیبێ بەرژەوەندییەکانی ئەوان

بهێنینەدی. باشتێکیشت بۆ بگێڕمەوە، لە ساڵی 1987 یەکەم سەفەرم بوو، ئێمە بارەگایەکمان لە قەڵاتوکان لە بناری قەندیل دانابوو، لە یادمە لێپرساوی قەرارگای ڕەمەزان کە ناوی زولقەدر بوو کە ئێستا بەرپرسێکی پایە بڵندە لە کۆماری ئیسلامی، لەوێ بوو، مامۆستا مەلا عوسمان و کۆمەڵێك مامۆستای دیکەش لەوێ بوون، منیش ئەوکاتە فەرماندەی هێزی حەمزە بووم، ئەندامی سەرکردایەتیش بووم، لەوێ مامۆستا مەلا عوسمان فەرمووی فلان کەس تۆ دەتەوێ بچیە قەڵاتوکان و لەوێ بارەگاتان داناوە، ئەوە ئاغای زوالقدر داوا دەکا هەندێ پاسدار لەگەڵ خۆتان بۆ ئەوێ بەرن، منیش گوتم جا مامۆستا ئێمە جارێ هیچمان بۆ ئەو میللەتە نەکردووە، چۆن دەبێ هەر لەرێوە پاسداران لەگەڵ خۆم بەرم، ئەوە بە کەڵك نایێت، ئاغای (زوالقدر)یش گوتی ئاخر چۆن دەبێ پارتی و یەکێتی بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئێوە دڵسۆزتربن، ئەوان پاسداریان بردووە، جا بەڕاستیش برادەرانی پارتی پاسداریان بردبووە ئەو سەری دنیا بێ، یەکێتی بردبوویانە ئەو سەری دونیایێ، منیش گوتم ئەوجا هەرکەسە بە عەقڵی خۆی بەڕێوە دەچێ، دوایی برادەرانی پارتی و یەکێتی خەباتیان کردووەو ڕۆڵێکیان بینیووەو خەڵك دەیانناسێ، بەس ئێمە جارێ چیمان نەکردووە، (بسم الله) پاسداران لەگەڵ خۆم ببەم، بە کەلك نایێ. بووە مشتومڕمان، مامۆستا مەلا عوسمان گوتی جا من دەڵێم بیبەو ئەویش تەبعەن رابەر بوو، منیش گوتم ئاخر مامۆستا من شارەزای ناوچەکەم، دەزانم بە کەڵك نایێت، نەچوومە ژێربار، دوایی (زوالقدر) گوتی ئاخر چۆن پاسدار لەگەڵ خۆت نابەی، ئەوە رابەرتانەو دەڵێ بیبە، من گوتم راستە ئەو رابەرە، بەڵام من دەزانم واقیعەکە بە کەڵك نایێت. وەڵڵا دیار بوو ئەویش لەگەڵم کەوتە مشتومڕ، منیش تۆزێ فارسیم دەزانی، گوتی ئاخر چۆن نابەی، گوتم لەتکە پاسدارێکیش نابەم، ئیتر ئەو تووڕە بوو گوتی ئەوە تەوهینە بە کۆماری ئیسلامی، چونکە خۆ پاسدار لەت ناکرێ، گوتم دیارە جەنابت زانستی بەلاغەتت نەخوێندووە، ئەگەرنا وەختێك شتێك دەبەسترێتەوە بە شتێکی مەحاڵەوە، یانی ئەو شتە ناکەم، ئەگەرنا مەبەستم تەوهین نییە، گوتی باشە ئاخر ئەگەر تۆ

پاسدار نەبەی، ئێمەش چەکتان نادەینێ، منیش گوتم جا چەکی ئێوەمان ناوێ، چەکمان هەیەو لەسەر پێی خۆمان دادەنیشین، ئێمە بڕیارمان داوە خەبات بکەین دژی بەعس و بەرگری لە میللەتی خۆمان دەکەین، هاوکاریمان دەکەن سوپاستان دەکەین، پێی گەشە دەکەین، بەڵام هاوکاریمان ناکەن، ئێمە کاری خۆمان هەر دەکەین، بەقەدەر توانای خۆمان ئیتر پاسدارم نەبرد هەڵبەت چەکەکانیشمان وەرنەگرت، بەڵام ئەوان هاوکاری بزووتنەوەی ئیسلامییان دەکرد، وەك چۆن هاوکاری پارتی و یەکێتیان دەکرد، چونکە بەرژەوەندی خۆشیان لەوەدابوو، ئەوان لەگەڵ رژێم شەڕیان بوو، ئێ نالێن دوژمنی دوژمنم دۆستە.

* ئەو کاتە بۆچی هەوڵتان نەدا ئیخوان بهێننە ژێر باڵی خۆتان لەکاتێکدا ئێوە بزووتنەوەیەکی چەکداری بوون، ئەوان تەنها لە ئێران دابوون، لەناو ئۆردوگاکانی ئێراندا بوون، لەناو ئاوارەکان؟

- هەوڵماندا، هەندێکیش لەو برایانەی کە هاتبوونە نێو بزووتنەوەی ئیسلامی برایانی ئیخوان بوون، کاك حاجی قاسم و خەڵکی دیکە هەیە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیە، کاتی خۆی برایانی ئیخوان بوون، خەڵکی دیکەشمان هەبوو، بزووتنەوەی ئیسلامییان پێکهێنا، لەو گەنج و خوێندەوارو خەڵکە موسڵمان و ئیسلامیەی کە شتێك لە ئیسلام حاڵی ببوون، بەڵام دیارە هەموویان نەهاتن، ئەوان دیارە رایەکی دیکەیان هەبوو، پێیانوابوو چەك هەڵگرتن باش نییە، ئەوەش پێموایە زیاتر تەوجیهاتی مەکتەبی ئیرشادیان بوو، بۆیە من دەڵێم شتێك هەڵقولاوی واقیعی ئەو شوێنە نەبێ، بە ئیجتیهادی خەڵکی ئەو شوێنە بەڕێوە نەچێ، هەرچۆن بێ، شتی تێدەکەوێ، چونکە پێموایە برایانی یەکگرتووی ئیسلامی ئێستا پەشیمانن بۆ ئەوکاتی، کە ئەگەر بەشدارییان کردبا لە خەباتی رزگاری نەتەوەکەیان بە تەئکید ئێستا پارتی و یەکێتی پێیان نە دەگوتن بوونەتە حازرخۆری بەر سێبەرێ، چونکە ئێستا زۆرجار وا دەڵێن، هەڵبەتە ئەمن ئەوەشم پێ هەڵەیە، بڵێی هەرچی دوێنێ لە شاخی تەقەی نەکردبێ، ئەوڕۆ نابێ لێرە نانی بخوا لە شاری، مەبەستم ئەوەیە ئەوان ئێستا پەشیمانن بۆ ئەو کاتی، ئەگەر ئەو

کاتی چوار تەقەیان بکردبا، وەکو ئێستا ئێمە درێژەپێدەری بزووتنەوەی ئیسلامین، دەیانگوت کاکە ئێمەش بەشداربووین، مادام لە ناخۆشیەکانیش بەشداربووین، با لە خۆشیەکانیش بەشداربین، هەرچەندە لە خۆشیەکان مەحرومین.

* راستە مەلا کرێکار لە 1987 لە پاکستان بوو، کە لە ساڵی 1988 هاتەوە چووە ناو بزووتنەوە؟

- بەڵێ وابوو، پێشتر لە پاکستان بوو.

* پێشتر بۆ خوێندنی ئایینی چووبووە پاکستان یان کاری دیکە؟

- قاچاخ بووە لە رژێم، وەکو زۆر خەڵکی دیکە چووبووە پاکستان، ماوەیەك لە ئێران بوو لە کەرەج، دوایی چووبووە پاکستان، زیاتر رەنگە بۆ خوێندن چووبێت، ئینجا دوایی لە 1988 هاتەوە ناو بزووتنەوە.

* دەڵێن لە 1988 هاتەوە بووە ئەندامی سەرکردایەتی لە بزووتنەوە، بەڵام پێش راپەڕین جیابۆوە گروپەکی دروستکردووە بەناوی (الجماعە الاسلامیە) لە پایزی 1991 هاتەوە ناو بزووتنەوە؟

- من هێناومەوە ناو بزووتنەوە.

* بۆچی جیاببۆوە؟

- ئێمە زۆربەمان هەر لەسەرەتاوە تێبینیمان هەبوو لەسەر هەڵسوکەوتی هەندێك سەرکردایەتی ئەوسای بزووتنەوەی ئیسلامی، بەتایبەتی مامۆستا مەلا عەلی و ئەوانە، جا ئەویش تێبینی هەبوو وەکو ئێمە، بەس ئەو پێیوابوو بەوە چارەسەر دەکرێ شتێك جیاکاتەوە من پێموابوو نەخێر دەبێ خەڵك تێبگەیەنرێ و لەنێو خۆدا شتەکە چارەسەر بکرێ، نەك بە لێکجیایی و ئەو شتانە، ئەوەبوو ماوەیەك جیابۆوە کە مانگێك یا زیاتری خایاند.

* دەبێ زیاتر بێ، چونکە لە پایزی 1991 هاتەوە ناو بزووتنەوە؟

- ئا، ئەوەبوو من چووم، ئەو کاتە لە قەزای سۆران بوو، لەوێ سەربازگەیەکیان هەبوو، چووم قسەم لەگەڵ کردن و هێناومەوە ناو بزووتنەوە.

* بەڵام هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە عومەر عەبدولڕەحمان کە ئەمیری جەماعەی ئیسلامییە دەوری هەبووە لە هێنانەوەی مەلا کرێکار بۆ ناو بزووتنەوە؟
- هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەو هەر لەوێ نەبوو.
* ڕەنگە بە ئیتساڵات؟
- نەمزانیوە، چونکە من چووم، قسەم لەگەڵ خۆی کردو ڕازیم کرد کە بێتەوە ناو بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەو شتە واز لێ بێنێ، ئەوەبوو دوایی کردمان، بە مەسئولی مەکتەبی عەسکەری.
* لە هەڵبژاردنی 1992 مەلا عوسمان خۆی هەڵبژارد بۆ ڕابەری، لە کاتێکدا تەسەور دەکرا کە مەلا عوسمان دەرناچێ لەبەرئەوەی کاك مەسعودو مام جەلال سەرۆکی دوو حیزبی زلهێزن لەرووی جەماوەری و لە رووی دەنگدانەوە، ئەگەر دەربچن یەکێك لەوانە دەردەچن، ئایا ئەوە لەژێر گوشاری ئێران بوو یان لەژێر فشاری سەرکردایەتی بوو، یا بڕیارێکی تاکڕەوانە بوو؟
- پێموایە زیاتر لەرووی نا واقیعبینی مامۆستا خۆیی و، هێندێك لە خەڵکی دەوروبەری خۆی بوو، من یەکێك بووم لەوانەی رای پێچەوانەم هەبوو، دەمگوت شتێکی ڕاست نییە، با ڕا بۆ کەس نەدەین ئەگەر قەناعەتمان بە کەس نییە ببێتە ڕابەر، بەڵام مەعقول نییە، چونکە تاریکەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، تۆ کە دەزانی دەرناچی، بۆچی خۆت هەڵدەبژێری، ئەوە دەبێتە جۆرێك لە شکست و هاتنەدواوە بۆ ئێمە بۆیە من لەگەڵ نەبووم بەڵام دیاربوو مامۆستا قەناعەتی وابوو، یان هێندێ خەڵك ڕایان وابوو، چونکە مامۆستا هێندێ شتی دەکرد شەرت نەبوو بە قەناعەتی خۆی بێ، ڕەنگە هێندێ خەڵکی دەوروبەر وا پێیان چاك بووبێ، یاخود ڕەنگە تەسەوریشیان وابووبێ کە لەوانەیە مامۆستا دەنگ بێنێ.
* یانی بە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی یا کەمینەی ئەندامانی سەرکردایەتی نەبوو؟
- نەخێر ئەوە نەبوو، بەڵام من لەگەڵ نەبووم، لە یادمە گوتم بە شتێکی دروستی نازانم نەك لە رووی شەرعیەوە، لەرووی ئەوەی کە ئامانج بەدەستناهێنێ.

* له هەڵبژاردنی ئەوکات ئیخوان کە هێشتا نەبووبوونە حیزب، یەکگرتوو دروست نەبوو، ئەوان لەگەڵ ئێوە بەشدارییان کرد، ئەو دەنگەی هێناتان هی هەردوولاتان بوو ئەو دەنگهێنانە وایکرد بزووتنەوە کە هەست دەکرا دوای راپەڕین زیاتر بەرەو توندڕەوی چوون، وەکو بڵێی حیسابی بۆ یاسا نەدەکرد، بە ئارەزووی خۆی دەجوولانەوە، وەك چۆن پارتی و یەکێتی حیسابیان بۆ یەکتر نەدەکرد، ئەویش دەیویست حیساب بۆ هەردووکیان نەکا، ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە دەنگی لە حیزبە گچکەکان زیار هێنابوو، بۆیە وایدەکرد؟

- پێموانییە لەوەوە بووبێ، رەنگە زیاتر لەوەوە بووبێ ئەو کاتە بزووتنەوەی ئیسلامی وەکو گوتم لە سەرەتاوە چونکە بەشێوەیەکی رێکخراوی توندوتۆڵ و تۆکمە بەرچاوڕوون بونیات نەنرابوو، زیاتر تەجەموعێك بوو، من ئەوکات کتێبم دەنووسی، یەکێك لە کتێبەکان دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، بەراشکاوی دەمگوت بزووتنەوەی ئیسلامی تەجەموعێکی ئیسلامیە، کۆمەڵە خەڵکێك کۆبوونەوەتە سەریەك، بەڵام کۆمەڵێك پرەنسیپ و مەفاهیمی ئەساسی بۆ هەر رێکخراوو حیزبێك پێویستە لەسەری کۆك بن، ئێمە لەسەر ئەوە کۆنەبووین کۆمەڵێك تێڕوانین و تێگەیشتنی دژ بەیەك و لێکجیا هەیە دەربارەی هێندێ مەسائل کە پێویستە یەکبخرێ...

* واتە وەحدەیەکی مونسەجیم نەبوو؟

- وەحدەی فیکری نەبوو...

* رەنگە سیاسیش نەبووبێ؟

- جا ئەگەر فکری نەبوو، سیاسەت لەسەر فیکر بنیات دەنرێ.

* له شەڕی بزووتنەوەو یەکێتیدا پاڵنەرێکی دەرەکی نەبوو کە ئەو شەڕە لەگەڵ یەکێتی دروست بێ مەبەستم ئەوەبوو دەعمێکی ماددی و مەعنەوی هەبوو بۆ بزووتنەوە، چونکە بە راستی دەزانرا شەڕەکە دۆڕاوە، لەبەرئەوەی تۆ دەرحەقی یەکێتی نایەت ئێوە تەسەورتان دەکرد دەعمێکی ماددی و مەعنەوی گەورەتان لە پشتە، با حزبێك پشتگیریتان دەکا بۆیە شەڕتان کرد یا هەر شەڕەکە دروست بوو بۆ خۆی؟

- ئەوە کاتێك ئەو پرسیارە دەبێ بکرێ کە تۆ شەڕت کردبێ، بەڵام کە شەڕت پێ فرۆشرابێ، ناڵێن ئەو شەڕەت چۆن کرد، چونکە شەڕەکەی پێ فرۆشراوە. ئێمە زنجیرە گرژی و تێکهەڵچوونێك ببوو لەگەڵ یەکێتی هەڵبەت پێشبینی ئەوەم کرد، ئەو کاتی یەکێتی و پارتی بۆ یەك دەستیان لەسەر پەلەپیتکە بوو، پێشبینی ئەوە دەکرا تێکهەڵبژێن. من هەمیشە بە برایانی خۆمانم دەگوت، بە مامۆستا مەلا عوسمانم دەگوت، با دان بەخۆدا بگرین و بە خەڵکی خۆمان بڵێن ئەو شەڕەی کە بە نیازە بکرێ لە نێوان پارتی و یەکێتیشدا با نەئاڵێنرێتە ئێمە، رۆژێك 5 برای ئێمە بە بازگەی کفری دادەچن، یەکێتی تەقەیان لێ دەکاو ئەوەبوو کە کوژران (جا من بەهی خۆمان و غەیری خۆمان دەڵێم کوژران، چونکە لە قورئاندا استشهد نەهاتووە هەر کوژرا هاتووە). جەنازەی یەکێ لەو برایانە هێنرایەوە بۆ رانیە مامۆستا مەلا عوسمان بڕیاریدا کە ئەو جەنازەیە دەبێ بە مەراسیمەوە بنێژرێ، دەبێ خۆپیشاندانی بۆ بکرێ بەناو بازاڕی رانیەداو بچینە سەر گۆڕستان، من ئەو کاتە خولێکم کردبۆوە لە رانیە لەسەر ئەشکەوتانەوە دەهاتم، کە ئەو کاتە سەرکردایەتیمان لەوێ بوو، مامۆستا مەلا عوسمانیش لەوێ بوو، دەهاتم لەوێ رۆژانە دەرسەکەم دەگوتەوەو دەچومەوە سەر ئەشکەوتان، من موخالیفی ئەوەبووم، گوتم کاکە گیان با ئەو جەنازەیە بە مەراسیمەوە نەنێژرێ، یەکەم شتێکی بیدعەیە، دوو هیچ بەرژەوەندییەکی تێدانییە سێ جۆرێکە لە (استعگاف)و خۆ بە لاواز زانین و هیچ شتێکی شەرعی نییەو شتێکی سیاسیانەو دووربینانە نییە، پاشان پارتی و یەکێتی بۆ یەك دەستیان لەسەرە پەلەپیتکەیە، ئەوە شەڕە بۆ بیئاڵێنینە ئەستۆی

خۆمان و شانەکەی لەسەری ئێمەدا بشکێ، ئەوەبوو برایان گوتیان ئاخر مامۆستا مەلا عوسمان فەتوای داوەو لەسەر تەلەفزیۆن ئیعلانکراوەو گوتم کاکە وەڵڵایی با فەتواشی دابێ غەڵەتە با نەکرێ دوایی پەشیمان دەبینەوە، دیارە زیاتر رەئیان وابوو، ئەوەی بە قسەی منی کرد نەچوو، چوون جەنازەکەیان بردە بازاڕ، ئەوەبوو لەبەردەمی کۆمیتەی یەکێتی کۆمەڵێك هوتافیان کێشابوو، کاك خدر کۆساری بەرەحمەت بێ شیعری گوتبوو، حەماسەتی خەڵکەکەش جولابوو، لەو ناوەندەو لەمیانی ئەوەشدا تەقەیەك کرابوو ئایا لە کۆمیتە کرابوو، لە کوێ کرابوو، گرنگ تەقەیەك کرابوو، پاسەوانەکانی کۆمیتەی یەکێتیش تەقەیان کردبوو، ئایا لە خەڵکی ئێمەیان کردبوو، یان لە ترسی خۆیان بە حەوایان وەنابوو، بەڵام گوتیان خەڵکی یەکێتی چووبوونە ناو کۆمیتە بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبن، بەڕاستیش جەماعەتی یەکێتی پێش مەراسیمەکە هاتنە لای من، گوتیان مامۆستا ئێمە لەگەڵ برادەرانی پارتی نێوانمان تەواو نییە، پێمان خۆش نییە لەگەڵ ئێوەش تووشی شەڕبین، دەزانین زوڵمێکە لێتانکراوە، کاکە چی ئیجرائاتە دەیکەین، بەڵام با ئەوە نەبێ، گوتم کاکە من رەئیم نییە ئەو خۆپیشاندانە بکرێ بەڵام مامۆستا عوسمان وای بڕیارداوەو پێشم هەڵەیە، گوتیان باشە مادام مەیبەنە بەردەم کۆمیتە، با خەڵکێك فیتنەیەك دروست نەکات. گوتم باشە، قەراریش بوو نەچن بۆ ئەوێ، ئیدی بەهەرحاڵ دوای ئەوەبوو کە بوو، لە راستیدا یەکێتی لەوێ نەیدەویست ئەو شەڕە ببێ، چونکە یەکێتی لەوێ بەنسبەت لاوازبوون، منیش نەمدەویست، مەرج نییە برایانی دیکەمان ویستیان، بەڵام تەقدیرەکەمان غەڵەت بوو، پێیانوابوو هیچ نابێ، ئەوەبوو کە شت بوو. هەرچەندە دوایی زیاتر باسی من دەکرا لە شەڕوشۆڕەکان، بەڵام ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە یەکێتی زۆر باش ئەمە دەزانن، دوای ئەوەش کە ئەوە کرا کاك قادر قادر لەگەڵ ئەحمەد شەریف هاتن لە ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتە لەسەروچاوە، من لەگەڵیان دانیشتم گەیشتینە رێککەوتنێکیش، یەکێتی داواکارییان ئەوەبوو گوتیان رەدی ئیعتبارمان بۆ بکەن، کۆمیتەمان چۆڵ بکەن، کۆمیتەی رانیەو چوار قورنەیان گیرابوو، گوتیان با هێزەکانی ئێوە بچنە دەرەوەی شار وەکو

ڕەدی ئیعتبارێك، با شتەکە پێکبێنین، گوتم باشە چونکە من دەمزانی شەڕمان لەگەڵ یەکێتی پێ ناکرێ و شەڕێکی بێ ئەنجامە، گەیشتینە ڕێککەوتنیش، بەڵام وادیاربوو، یەکێتی بڕیاری خۆی دابوو، چونکە وام هەستکرد. کاك قادر قادرو کاك ئەحمەد شەریف لەگەڵ من گەیشتنە ئەنجام، ئەوانیش دەیانویست شەڕ نەبێت، بەڵام وەختی لەکاتی قسەکردندا بووین، بروسکەیەك بۆ کاك ئەحمەد شەریف هات و دوایی کاك ئەحمەد هاتەوە ڕەنگی گۆڕابوو، وا دیاربوو پێیانگوتبوو ئێمە تازە بڕیارمانداوەو سەری خۆت مەیەشێنە، ئەوەبوو دوایی شەڕەکە بوو.

* بەڵام لە نووسراوێکی مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیزدا دەڵێ داگیرساندنی ئەو شەڕە بۆ دوو کەس دەگەڕێتەوە، مامۆستا عەلی باپیرو دڵشاد کەلاری، دەڵێ ئەو دووە بوونە هۆکار بۆ ئەوەی یەکێتی لە ئێمە بدات؟

- ئەوە قسەیەکە پێویستی بە ئیسپات هەیە.

* لە نووسراوی دیکەش هەندێ جار مامۆستا عەبدولقادر برایەتی تۆمەتبار دەکرا؟ - مامۆستا عەبدولقادر برایەتی و هێندێك برای دیکە لە ڕانیە بوون، گوتیان دەبێ بڕیارەکەی مامۆستا مەلا عوسمان جێبەجێ بکرێ، بەڵام ناڵێم ئەوان کڕیاری شەڕبوون، دەڵێم تەقدیرەکەیان هەڵەبوو، من دەمزانی شەڕی لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە ئەوان وایانزانیبێ شەڕی لێناکەوێتەوە، ڕەنگە وەکو تەنفیسێکیش بۆ خەڵکی خۆمان کە زوڵممان لێکراوەو خەڵکمان لێکوژراوە، ئیجتیهادێکی وایان کردبێ، بە هەرحاڵ هەڵوێستی من ئاوابوو کە باسمکرد، ئیدی جەنابی مامۆستا مەلا عەلی، یان کەسێکی دیکە چۆنی لێکدەداتەوە، ئەگەر قسەیەك دەکا لەسەر یەکێکی دیکە دەبێ ئیسپاتی بکا.

* لە شەڕی بزووتنەوەو یەکێتی، بزووتنەوە لە هەولێر کەمتر خۆی تووشی شەڕ دەکرد، وەکو ناوچەکانی ڕانیەو پشدەرو هەندێك شوێنی دیکە نەبوو، ئێوە ئەو تێبینیەتان لەسەر مەڵبەندی هەولێر هەبوو؟

- ڕاستە ئەو کاتە ڕەنگە هەندێك بەرپرسی لێبێت زۆر نەیانویستبێ، ئەوە یەك، دوو، هەولێر وەك بڵێی شانۆی ڕووداوەکان نەبوو، زیاتر ناوچەی پشدەرو بیتوێن و

گەرمیان شانۆی ڕووداوەکان بوون و شەڕو پێکدادانیان تێدا گەرم بوو، یەکێتیش زیاتر هێزەکانی بۆ ئەوێ هێنا بوو، لە هەولێر یەکێتی بەنیسبەت ئێمە لە دۆخێکی لاوازدا بوو، ئەمجا ئێمەیان لەوێ بە وتوێژو گفتوگۆ خافڵاند، وردە وردە لەشکرکێشیشیان دەکرد بۆ ئەو شوێنانەی کە دەیانویست، واتە لەو شوێنەی مەبەستیان بوو شەڕەکەی لێبکرێ، بەکردەوە شەڕیان گەرم دەکرد و لەشکرکێشیان دەکرد، لەو شوێنەش کە دەیانزانی زەرەریانە شەڕی لێبکرێ خەڵکی ئێمەیان بە وتوێژەوە دەخافڵان، ئێمە تێبینیمان زۆر بوو لەسەر ئەو شتانە. لە هەڵەبجەش وەکو پێویست شەڕ دەکرا، بەهەرحاڵ بەو شێوەیە ڕۆیشت، ئەگینا ئەگەر لە هەموو شوێنەکان بەو هێزەی هەمان بوو لەگەڵ یەکێتی شەڕ بکرایا، یەکێتی نەیدەتوانی هێزەکانی خۆی لەسەر سەرکردایەتی کەڵەکە بکات و جەبار فەرمان بێت بڵێ ماموستا خۆت تەسلیم بکە تۆ گیانت پارێزراو دەبێ، چونکە دوو نامەی بۆ ماموستا مەلا عوسمان نارد، نامەکان دەهاتنەلای من، چونکە ماموستا لە شاخ بوو، من سەرپەرشتی ئیشەکانم دەکرد، لەبەرئەوە ماموستا بە تەمەن بوو منی کردبووە وەکیلی خۆی، ئەوکات دەیانگوت فلان کەس هەموو ئیشەکانی گرتەدەست خۆی، بەڵام ماموستا بەمنی گوت کە من دەچمە شاخ لەبەرئەوەی سەرکردایەتی تۆپباران دەکرا، تۆ سەرپەرشتی ئیشەکان بکە، من فەرمانی ماموستام جێبەجێ دەکرد، ئەگینا دەمویست شەڕەکە نەکرێ، بەڵام تازە هاتبووە پێش.

* لەو شەڕەدا، هەڵەبجە شوێنێکی سەرەکی بزووتنەوە بوو، واتە بارەگایەکی زۆرو چەکدارێکی زۆری لێبوو، کەچی زۆرجار مەلا غەنی کە ئەوکات بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر بوو، یان کادیرێکی دیکە، نەیدەتوانی لە هەولێر بێتە هەڵەبجە، واتە تووشی ئیشکالیەتێك ببوون و وەزعێکی سیاسی دروستببوو بەسەر مەلا غەنیدا، ماوەیەکیش ئەو وەزعە بەردەوام بوو ئێوە وەکو بزووتنەوەو هیچ رەئیەکتان نەبوو لەوەی یان مەلا غەنی بکێشنەوەو بیبەنە هەڵەبجە، یان هەڵوێستان لەسەر هەڵسوکەوتی هەبێ؟

- ئێمە لەسەر زۆر شتان تێبینیمان هەبوو، ئەو تێبینیانە بوو وایکرد دواتر کۆمەڵی ئیسلامی رابگەیەنین، جا کاك مەلا غەنی بەشێك بووە لە تێبینییەکانمان، مامۆستا مەلا عەلی و کوڕەکانی و شتی دیکەو هەڵوێستی سیاسی و فیکری و پەیوەندییەکانمان کە زیاتر شەخسی بوون، نەك، ئەوانەو زۆر تێبینی دیکەمان هەبوو.

* بۆچی ئەو تێبینیانە نە دەگەیشتنە چارەسەرێك لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیدا، نەدەکرا بگەنە چارەسەرێك و بزووتنەوە وای بەسەر نەهاتبا؟

- زۆرمان هەوڵدا نەگەیشتینە ئەنجام لەبەرئەوەی کەسانێك بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە بارودۆخی بزووتنەوەی ئیسلامی بەو شێوەیە بمێنێتەوە، پێیانوابوو بەو شێوەیە بۆ ئەوان چاکە، ئێمەش دەمانزانی بەو شێوەیە زیان بە پرۆژەی کاری ئیسلامی و سومعەی رەوتی ئیسلامی دەگا، ئەوەبوو سەرەنجام خۆمان، ناچار بینی کە کۆمەڵی ئیسلامی رابگەیەنین، بەو ناوەش ئیعلانی بکەین کە درێژەپێدەری سەروەرییەکانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییە.

* پێشتر راپەڕینی ئیسلامی هەبوو کە درێژبووەوەی ئیخوان موسلمین بوو، لەبەرئەوەی مامۆستا مەلا سدیق لەناو ئیخوان بوو دوایی بە هەر شێوەیەك بوو جیابۆوە راپەڕینی ئیسلامی دروستکرد، کە وەکو بزووتنەوەی ئیسلامی بڕوای بە

چەك هەبوو و چەكداریان هەبوو، ئێوە كە ئەوانە بەناوی ئیخوانیش بوون بۆ زوو نەتانتوانی ئیستعابی ئەو بكەن، بەتایبەتی ئەوانە لە خێزانێك بوون وەكو مەلا عوسمان و مەلا عەلی و مەلا سدیق سەرقافڵەی ئەو حیزبانە، خۆیان بوون؟

- ئێمە لەسەرەتاوە نەمانتوانی بگەینە ئەنجام، رەنگە جیاوازی لە هێندێك بیروبۆچووندا بووبێ، بەڵێ برایانی راپەڕینی ئیسلامی ئەوكات هێندێكیان چەكیان پێ نەبوو، نەك وەكو بزووتنەوەی ئیسلامی چەكداربن، تا رادەیەك بیركردنەوەی ئەوەشیان هەبوو كە پێویستە چەك هەبێت و هێزێك هەبێت، بەڵام پێموایە بەهۆی بەرژەوەندی شەخسییەوە نەگەیشتینە ئەنجام، ئەوە یەك، دوو ئەو كاتە مامۆستا سدیق دەیگوت چۆن من بێمە ناو بزووتنەوەی ئیسلامییەوە كە كاكەم عەلی بەو شێوەیە دەیكا، دوایی تێكدەگیرێین، بۆ نموونە لە یەكێ لە كۆبوونەوەكان مامۆستا مەلا عەلی كە برا گەورەی مامۆستا سدیق بوو، پێیگوت سدیق دەبێ بتوێنەوە لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا، مامۆستا سدیقیش بەمنی گوت فڵان كەس چاوت لێیە، چونكە من زۆر پێداگیریم دەكرد كە پێویستە بێن و پێكەوە بین، گوتی ئەوە دەڵێ بتوێنەوە، مامۆستا مەلا عەلیش لێی توڕەبوو، منیش گوتم مامۆستا راستە ئەوە برا بچووكتە، بەڵام ئێوە ئێستا دوو حیزبن، پێم باش نییە بەو شێوازە قسە بكەی، لەولایشەوە بە مامۆستا سدیقم گوت جا بۆ بە باری خراپە تەفسیری دەكەی، بە باری چاكە تەفسیری بكە، گوتی چۆن؟ گوتم كاكە گیان سەتڵە ئاوێكت هەیە، مەیلەو گەرمە، قاپە بە فرێكیشت هەیە، ئەو بەفرەی لەو سەتڵە ئاوەی دەكەیت، بەفرەكە بە كرۆشتن ناخورێ، ئاوەكەش سارد نییە تا بخورێتەوە، بەفرەكە ئاوەكە سارد دەكاو دەشخورێتەوەو هەردوو لاش قازانجیان كردووە، گوتی جا ئەگەر وابێ چاكە، بەڵام ئەو بە جۆرێكی دیكە دەیڵێ، مامۆستا مەلا عەلیش گوتی راست دەكا من مەبەستم ئەو مانایەیە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە مامۆستا سدیق لە وەزعەكەی رانەدەبینی، رەنگە هێندێك خەڵكی دیكەشیان هەبووبێ، لە وەزعەكەی رانەدەبینی، دەیانزانی ئێمەش بەدەست مامۆستا مەلا عەلی و

دەورووبەری گرفتاریمان هەیە، هەستیان بە موعاناتمان دەکرد، دەیانگوت جا کاکە ئێمەش بۆچی بێین وەك ئێوە گرفتار بین.

* ئەدی لەبەرچی هاتن؟ فشاری دەرەوە نەبوو؟

- باسی زۆر شت دەکرا، بەڵام من شتێك علمم پێی نەبێ، نایڵێم. باسی ئەوە دەکرا کە کەسایەتی ئیسلامی و خەڵکی دیکە تەوسییەیان کردوون، رەنگە خۆشیان وایان هەست کردبێ وەزعی ماڵی مامۆستا مەلا عەلی لەناو بزووتنەوەدا لاوازە، یان هەستیان کردبێ کە ئەگەر ئەو دوو بزووتنەوەیە یەك بگرن، ئەوانیش وەکو بنەماڵە قازانج دەکەن، رەوتە ئیسلامییەکەش قازانج دەکات.

* وا بزانم ئێوە لە ئایاری 2000 لەگەڵ بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی یەکتانگرت، مەرجێکتان دانا کە دەبێ زوو کۆنگرە بکرێ، ئەوەبوو لە مانگی ئاب کۆنگرە کرا، دەڵێن لە کۆنگرە تۆ لەگەڵ مامۆستا مەلا سدیق تەحالوفێکی ژێراو ژێرتان کرد لە بەرامبەر مەلا عەلی، وا بزانم 3 کەس لەوانە لەگەڵ مەلا عەلی بوون دەرچوون، ئێوە 26 کەستان دەرچوون، ئەوە وایکرد وردە وردە لێکترازێنەوە، واتە ئەو تەکەتولە بووە هۆی ئەوەی لە یەکدی دابیڕێنەوە. ئەوە هەقیقەتی تێدایە؟

- ئەوە راستە، بەڵام نەك لەگەڵ مامۆستا سدیق، ئەو لەگەڵ کاکی خۆی بوو، ئێمە لەگەڵ برایانی دیکەی کە پێشتر راپەڕین بوون لە زۆر شتدا هاوفکربووین، دەمانگوت دەبێ کار بە مەنهەج و بە راوێژ بکرێ، دەبێ کوڕەکانی مامۆستا دەست لە کاروبار وەرنەدەن، (بیت المال) بە عەدالەت دابەشبکرێ، دەبێ پەیوەندییەکان، پەیوەندی سیاسی و حیزبی بن، شەخسی نەبن. دەبێ راگەیاندنمان و هەڵوێستەکانمان وابن، واتە لە کۆمەڵێك شتدا هاوڕاو هاوبیربووین، ئەوەبوو ئێمە تەفاهومێکمان لەنێوان خۆماندا کرد، کە کارێکی وا بکەین کەسانی دەورووبەری مامۆستا دەرنەچن، بەڵام ئێمە لەگەڵ مامۆستا رێککەوتبووین کە ئەگەر پابەندبێ بە ئەنجامەکانی کۆنگرەوە خاتری دەگرین و وەکو رابەر دەیهێڵینەوە، بە مەرجێك پابەندبێ بە ئەنجامەکانی کۆنگرەوە، گوتمان ناتخەینە ناو هەڵبژاردن چونکە دەرناچی، دەریش نەدەچوو، بەڵام بە ئەنجامەکانی کۆنگرە پابەند بە، ئەوەبوو

ئەنجامەکانی کۆنگرە بەو شێوەیە بوون کە دەورووبەری مامۆستا دەرنەچوون، مامۆستا مەلا عەلیش بە ڕێککەوتن دامانابووەوە، ئەوەبوو 9مانگ مشتومڕمان بوو، هەر پابەند نەبوو بە ئەنجامەکانی کۆنگرەو خۆمان ناچاربووین بڵێین مامۆستا حوا حافیزی بێت، ئێمە درێژەپێدەری بزووتنەوەی ئیسلامین، بەڵام ناوەکەی دەگۆڕین بۆ کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ئەوەی موکەسەرات و کەموکوڕییەك کە بە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە کراوە، ئێمە باجەکەی نەدەین، بۆ ئەوەی لەسەر ناوەکەی نەبێتە شەڕو دەعوامان مامۆستا بڵێ من بزووتنەوەم و ئێمە بڵێین بزووتنەوەین، کاکە تۆ بزووتنەوە بە، با ناوەکەی لای تۆبێ و ناوەڕۆکەکەش لای ئێمەیە.

* حیسابی ئەوەتان نەدەکرد لە کۆی 29 ئەندامی سەرکردایەتی، 26 کەسی ئێوەبن، بە دڵنیاییەوە جیابوونەوە دروست دەبێ، لەبەرئەوەی کە چۆن ڕازی دەبێ 3 کەسی لەگەڵ بێ، واتە نەدەبوو حیسابەکی بۆ بکەن و هاوسەنگییەك هەبێ ئەویش ڕازی بکەن و خۆشتان ڕازی بن، نەك بەوشێوە بیسڕنەوە؟

- ئێمە دوایی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە ئامادەبووین کە هەتا 10-21 ئەندام لەوانەی کە کەوتوون مامۆستا بیانهێنینەوە بۆ شورا، بەڵام ئەو هەر ڕازی نەبوو، ئێ باشە گوتمان تەنازول لەوەی زیاتر چیت بۆ بکەین؟ بەڕاستی ئێمە کێشەمان لەوەدابوو مامۆستامان بۆ پابەند نەدەکرا بە شوراو بە بەرنامە، واتە خۆمان ناچاربینیوە کە ئەگەر دەستی مامۆستامان پێ نابەسترێ لەو شتانە کە بە هەڵەو ناشەرعی دەزانین، با لانی کەم دەستی خۆمان بکەینەوە.

* ئەوکات لە هاوپەیمانییەتەکەتان مەلا کرێکارتان لەگەڵ دابوو، ئەو دەمیش مەلا کرێکار جۆرێك لە توندڕەوی تێدابوو، ئێوە حیسابی ئەوەتان نەدەکرد کە ئەو دەبێتە باڵێکی توندڕەو لەناو بزووتنەوە؟

- ئێمە وامان بە باش دەزانی کە مامۆستا کرێکار لای خۆمان بێ باشترە، لەوەی کە شتێکی دیکەبێ، چونکە ئەگەر لای خۆمان بێ، زەبتی دەکەین، یان ئەو

شتانەی کە ئێمە پێمان هەڵەیە دەستی دەگرین، بەڵام ئەگەر بچێ واقعێکی دیکە بۆ خۆی دروست بکا خراپە، بە کردەوەش دوایی وادەرچوو.

* دەڵێن جەنابتان لە دوای کۆنگرە دوای هەندێك راوێژکردن و خۆ دوورخستنەوە لە 2001/5/31 کۆمەڵی ئیسلامیتان راگەیاند، دەڵێن لەو ماوەیەدا دەورێکی ئەساسی لەوە بینرا کە مەلا کرێکاریش بۆ خۆی جیابێتەوەو گروپێك، یا رێکخراوێك دروست بکا. واتە جیابوونەوەی ئێوە لە بزووتنەوە وای لە مەلا کرێکار کردبێ شتێك بۆ خۆی دروست بکات؟

- ئێمە پێش ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی رابگەیەنین، زۆر هەوڵمان لەگەڵ مامۆستا کرێکاردا کە لەگەڵمان بێ، گوتمان رێزت دەگرین، ئەندامی مەکتەبی سیاسیش دەبی، بەڵام عەقڵی نەیبڕی، ئەوەبوو لەگەڵ ئەو جەماعەتی جوندولئیسلام و حەماس و تەوحیدو ئەوانە یەکیان گرت، مامۆستا بۆ خۆی پێشتر گرووپێکی هەر هەبوو، ئەوە یەك لەو تێبینیانە بوو کە لەسەریمان هەبوو، من بۆ خۆم کە لەو کاتەی لە بزووتنەوەی ئیسلامیدا کارم دەکرد، بڕوام بەوە نەبوو رێکخستنێکی نهێنی و گرووپی نهێنی دروست بکەم، لەبەرئەوەی شەرعی نییە، هەتا بڵێی مامۆستا مەلا عوسمان رابەرە، نابێ واقعێکی دیکە لەوێدا دروست بکەی، حیزب داخیلی حیزب، نابێ، وەکو تەیارو تەوژم هەبووین، بەڵام من رێگەم نەدەداو دەمگوت بە شەرعی نازانم من بە رواڵەت مامۆستا مەلا عوسمان بە رابەر بزانم، لەژێرەوەش شتێکی دیکە بکەم، ئەو ئەو شتانەی بە شەرعی دەزانی. بەهەرحاڵ ئێمە نەمانتوانی مامۆستا کرێکار رازی بکەین کە لەگەڵ ئێمەدا بێ، ئەوەبوو دواتر بۆ خۆی لەگەڵ ئەو چەند گرووپەی دیکە یەکیان گرت و کردیانە برا گەورەی خۆیان، دوایی هەر بۆخۆشیان فەسڵیان کرد.

* ئەو کاتەی ئێوە لە بزووتنەوە جیابوونەوەو هێشتا کۆمەڵتان رانەگەیاندبوو، هێزی دووی سۆران هەبوو، دەڵێن بە پشتگیری تۆ ئاسۆ هەولێری کرا بە فەرماندەی هێزی دووی سۆران. ئەوە راست بوو؟ واتە جەنابت پشتگیریت کرد تا ببێتە فەرماندەی ئەو هێزە؟

- کاک ئاسۆ یەکێ بوو لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ من بوو کاتێ من لە جەبهەی پشدەر بووم، ئەو هەر فەرماندەی هێز بوو نەك من کردبێتم، پیاوێکی عەسکەری بوو. هەڵبەت ئەو کاتەی لە ناوچەی چۆمان و حاجی ئۆمەران بوو، یەکێ بوو لەو هێزانەی کە لەگەڵ ئێمەدا بوو، واتە لەگەڵ ئەو تەیارو تەوژمە بوو کە من نوێنەرایەتیم دەکرد، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، من کردبێتم بە فەرماندەی هێزی دووی سۆران، نەخێر هەر بۆ خۆی پیاوێکی عەسکەری بوو، فەرماندەی هێزەکانی ئێمە زیاتر یا پێشمەرگەکان هەڵیاندەبژاردن، یا مەکتەبی عەسکەری دایدەنا، من نایەتە یادم گوتبێتم کە دەبێ کاك ئاسۆ ببێتە فەرماندەی ئەو هێزە، بەڵام دیارە کاك ئاسۆ لە سەرەتاوە وا نەبوو، دوایی ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و تێڕوانینەیان لا دروست بوو.

* رەنگە پەیوەندی شەخسیت لەگەڵ ئاسۆ بەهێز بووبێ؟

- بەڵێ کاك ئاسۆ هەولێری یەکێ بوو لەو فەرماندانەی کە من خۆشم دەویست و پیاوێکی ئازاو ئیشکەر بوو، لەناو پێشمەرگەدا خۆشەویست بوو.

* رەنگە هەر ئەو کاریگەرییە بێ کە ئێوە جیابوونەوە ئەو 9 مانگە ئەوان هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو نە بەرامبەر ئێوە، نە بەرامبەر بزووتنەوە؟

-ئەوان ئامادەبوون بێنە گەڵ ئێمە، بەڵام هەندێك مەرجیان هەبوو، مەرجەکانمان پێ قبوڵ نەدەکرا، هەتا کە خۆشیان ئاشکراکرد بەناوی جوندوئیسلام، ئێمە هەر لەگەڵیان خەریك بووین، بەڵام ئەوان هێندێك مەرجیان هەبوو کە بە کەڵك نەدەهاتن، بۆ نموونە یەکێ لە مەرجەکانیان ئەوەبوو دەیانگوت ئەمڕۆ رامانگەیاند بێینە ناو کۆمەڵ، سبەی دەبێ لە یەکێتی بدەین. گوتم ئاخر ئەوە ناکرێ ئێمە رێککەوتنمان هەیە، ئەوە شتێکی راست و رەوا نییە، ئێمە دەبێ تەماشا بکەین بەرژەوەندی

موسڵمانان و کاری ئیسلامی لەچی دایە، نەك بڵێین هەر وادەکەین زەرەربێ، یا قازانج.

* ئەو کاتەی کە کۆمەڵتان ڕاگەیاند، ئێران هیچ ڕۆڵێکی هەبوو لە جیابوونەوەتان؟

- ئێران بە پێچەوانەوە. هەڵبەت ئێران لەنێوانمان دابوو، لە تاران یەك دووجار لەگەڵ مامۆستا مەلا عەلی و ئەوان لەگەڵمان دانیشتن، ئەوەبوو کە ئێمە قسەی ئێرانییەکانمان دەگرتەوە هەر بۆ ئەوەی ببینەوە یەك، زۆر سووربووین لەسەر ئەوەی ببینەوە یەك، بەڵام مامۆستا مەلا عەلی پێیەوە پابەند نەدەبوو. لە ئەنجامدا بە ئێرانییەکانم گوت کە ئێمە چیتر چاوەڕێ ناکەین، خەڵکەکەمان تووشی دڵساردی و نا ئومێدی دەبێ، ئەگەر مامۆستا مەلا عەلی پابەند نەکەن بەو ڕێککەوتنانەی لە نێوانماندا کراون، ئێمە ناچارین ئەو واقیعە دەگۆڕین، گوتیان چۆنی دەگۆڕن، گوتم دەیگۆڕین. ئەوەبوو دوایی کۆمەڵی ئیسلامیمان ڕاگەیاند بەبێ ئەوەی برادەرانی ئێرانی ئاگاداربن، دواتر گلەییان لە ئێمە کرد، هاتن دانیشتن گوتیان ئێمە سنوورەکان دادەخەین، مامەڵەتان لەگەڵ ناکەین، لەبەرئەوەی ئێوە کارێکتان کردووە بەبێ ئاگاداری ئێمە، دوایی بەرپرسێکی پایەبەرزیان هات، سێ چوار لێپرسراوی دیکەشی لەگەڵدا بوو، لە ئەحمەد ئاوا لەگەڵم دانیشتن، گوتیان بەس ناوەکەی بگۆڕن و بیکەنەوە بە بزووتنەوەی ئیسلامی، ئێمە مامۆستا مەلا عەلی و کوڕەکانی دەبەین بۆ ئەودیوو ئێمە ڕازی نەبووین، گوتی ئێمە پشتگیریتان دەکەین بەس ناوەکەی بگۆڕن، لەبەرئەوەی ماوەیەك لەو ناوە (بزووتنەوەی ئیسلامی) کۆمەڵێك پەیوەندیمان هەبووە، گوتم نەخێر ئێمە تازە بڕیارمانداوەو ناوی کۆمەڵی ئیسلامیمان لەخۆ ناوە، گوتم ئەمڕۆ ناوەکەی بە قسەی ئێوە بگۆڕین، سبەی بە قسەی یەکێکی دیکە ناوڕۆکەکەشی دەگۆڕین، ئیتر گوتیان ئاخر ئێمە نیگەرانین و هاوکاریتان ناکەین، گوتم کەیفی خۆتانە. دوایی لە ڕاستیدا کە کۆمەڵی ئیسلامی بوو بە ئەمری واقیع، ئینجا ئەوان هاتن و مەکتەبیشمان لە تاران کردەوەو بۆیان دەرکەوت کە خەڵکەکە هەمووی لەگەڵ ئێمەبوو. واتە بە پێچەوانەوە ئێران ڕۆڵی لە جیابوونەوەی ئێمە نەبوو، هەتا مام جەلال گوتی بۆ زانیاریت برادەرانی

ئێران له ئێوه نیگەرانن، ئێمه یەکێ لەو شتانه که وامان لێ دەکا متمانەمان به ئێوەبێ، ئەوەیه برادەرانی ئێرانی لێتان نیگەرانن، لەبەرئەوه دەزانین ئێوه خەڵکێکن پشتتان نییەو ئەو شتانه، هەتا ئەمجارەش که له سجن هاتمەوه، گوتی فلان کەس، فلان کەسیش گیرا بەڵام چەند رۆژێك مایەوه لەبەرئەوەی که فلان دەوڵەت بەرگری لێدەکرد، بەڵام دیاره جەنابت بەس سەر بەخوا بوویت.

* ئەو کاتەی له ساڵی 1996 حەوت پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی ئێرانتان تەسلیمی ئێران کردەوه، هەڵوێستت چی بوو؟

- ئەو کاته هەر ئاگامان لێ نەبوو، ئەو شته لەلای ماڵی مامۆستا مەلا عەلی ئەنجامدرا، به دانپێدانانی برادەرانی ئێرانی خۆیان، ئێمه زۆر گلەییمان کرد، بەڵام دیاره ئینکاری کرا گوتیان ئێمه ئاگامان لێی نییه، ئەوه هەڵسوکەوتێکی شەخسیه، گوتمان ئەوه کاریگەری خراپی لەسەر ئێمه دەبێ، چونکه ئێمه پێشتر شتی وامان نەکردووه ئەوانی دی کردبوویان، بەڵام ئێمه نەمانکردبوو.

* بزووتنەوه زۆر له نووسینەکانی سەید قوتبیان تەرجەمه دەکرد، ئەو بڵاوکراوانەو کەسایەتییه توندڕەوەکانی ناو بزووتنەوه، هۆکارێك نەبوون بۆ ئەوەی ئەو گرووپه توندڕەوانه دروست ببن؟

- رەنگه کاریگەرییان بووبێ، بەڵام من دەڵێم ئەگەر ئەو شتانه کاریگەرییان هەبووایه، دەبوو هەموو بزووتنەوەی ئیسلامی وای لێبێت. ئەوه تۆزێك کاریگەری بووه، هەندێك نامیلکەی فۆتۆکۆپیکراو کاریگەری بووه، سەفەری هەندێ لەو نەفەرانەی که دوایی ئەو شتانەیان دروستکرد بۆ هەندێ له وڵاتان و پەیوەندییان به هەندێ خەڵکەوه، خوێندنەوەی فەتوانامەو نامیلکەو کتێبی هەندێ خەڵك، که له هەندێ وڵات دانیشتوون و بۆ خۆیان به ئیسراحەت فەتوایان بۆ خەڵکی کوردستان دەردەکرد، ئەمانه هەمووی بەسەریەکەوه کاریگەرییان هەبوو، هەروەها حاڵەتی نەفسی و هەست به مەزڵوومیەت کردنیش کاریگەری هەبوو، بۆچی ئەو گروپانه زۆربەی خەڵکی هەولێرن، چونکه لەوێ زیاتر فشار هەبوو، ئێستاش هەروایه، دەرگای مزگەوتەکان دادەخران، مەلاکان بێدەنگ دەکران، خەڵك دەگیران، له کوێش

فشار زۆر بوو، خەڵك بیر لە شتێ دەكاتەوە چۆن ئەو فشارە لەسەر خۆی لابەرێ. هەروەها هەندێ كەس هەر كەیفی بە توندی دێت، هیچ پەیوەندی بە موسڵمانێتی و كافریەتیەوە نییە، خەڵكی نەسرانی هەیە، یەهودی هەیە توندوتیژە، ئێستا عەلمانی توندڕەوی وا هەیە دەڵێ نابێ حیزبی ئیسلامی هەبێ، دەیەوێ لە وڵاتێكی موسڵماندا لایەنێكی ئیسلامی قەدەغە بكات. ئێ كاكە خۆ ماڵ لە ماڵخۆ حەرام نییە، لە وڵاتی موسڵمانیشن بۆ حیزبی ئیسلامی نەبێ. دوای ئەوە من بڕوام بە هەموو مافێكی میللەتەكەم هەیە، بۆ هەموو خێرو خۆشییەكی لەگەڵیاندام، بۆ هەموو بەرگری لێكردنێك لەگەڵ دام، لە تۆ زیاتر بڕوام بە پیشەسازی و بەرەوپێشبردنی زانست هەیە، ئیتر بۆ نەبم كاكە ئێ ئەوە توندڕەوی نییە؟

* هێزی دووی سۆران دوایی كە بووە جوندولئیسلام و مەلا كرێكار گرووپێكی هەبوو كە جۆرە ڕێكخستنێك بوو ناوی باڵی ئیسلاح بوو، ئەو كاتەی هەوڵیاندا لەگەڵ جوندولئیسلام یەكبگرن، ئێوە هەوڵتان نەدا مەلا كرێكار لەگەڵ جوند نەبێتەیەك؟

- با، ئێمە نەك پێش ئەوەی ببێتە جوند، زۆر پێشتر و واتریش ئەو كاتەی كە مامۆستا كرێكار بەرپرسی ئەنساریش بوو هەوڵمان لەگەڵدا، لەگەڵ ئەوانی دیكەش خەریك بووین، ئامۆژگاریم دەكردن، چونكە ئەوانە هەموویان پێشمەرگەی خۆمان بوون، جگە لە مامۆستا كرێكار هیچیان خەڵكی قیادی نەبوون، كاك ئاسۆش ماوەیەك ئەندامی سەركردایەتی بزووتنەوە بوو، بەڵام دوایی لە كۆنگرە دەرنەچوو. هەموویان پێشمەرگەی گەنج بوون، تازە پێدەگەیشتن كە ئەوە یەكێك لە خاڵە لاوازەكانیان بوو، كەم ئەزموون بوون، دەركی واقیعە سیاسییەكەی كوردستانیان باش نەكردبوو.

* بەڵام دەڵێن هۆی دوورکەوتنەوەی مەلا کرێکار لە بزووتنەوەو چوونی بۆ ناو جوندلئیسلام زیاتر کۆمەڵی ئیسلام بووە، لەبەرئەوەی جارێك ڕێگە لە نوێنەری مەلا کرێکار گیرابوو کە وتاری ڕۆژی هەینی بخوێنێتەوە کە هەموو ڕۆژانی هەینی لە مزگەوتی جیهاد، لە2000/8/3 جارێکی دیکەش ڕێگەی هاتوچۆی گوڵپ لە مەلا کرێکار قەدەغەکرابوو، کە ئەوانە وایکرد مەلا کرێکار بچێتە ناو هێزێکی توندڕەوەوە؟!

- ڕێی گوڵپ لێگیران قەت نەبووەو ئەسڵی نییە، مەسەلەی وتاریش ئێمە بڕوامان بەوە نەبوو وتارەکانی مامۆستا کریکار خزمەت بە پرۆژەی ئیسلامی دەکەن، پاشان نەماندەویست ئەو مەڵبەندەی سلێمانی بکرێتە مەڵبەندێکی ئەوان، چونکە خەڵکەکە زیاتر هی ئێمە بوو، ئینجا دیارە برایان لێرە نەیانهێشتبوو وتار بدات، لەبەرئەوەی نەوەك قسەیەك بکات و لەسەرمان بکەوێ و کێشەمان بۆ پەیدابێ. هەڵبەت کەوادیرو پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی سلێمانی زیاتر لەگەڵ ئێمە بوون، ئێ هیچ ڕەوانییە کەسێك کە بۆچوونێکی جیای هەیە، بێت خۆی بەسەر واقیعێکدا بسەپێنێ کە خەڵکەکە نایەوێت. هەر خەڵکی سلێمانی بوون، نەیانهێشت وتار بدات، نەك خەڵکی دیکەمان ناردبێ.

* خەڵکی سلێمانی بوون، بەس ڕێکخستنی کۆمەڵ بوون؟

- بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە دیارە کە مامۆستا کرێکار ئەو بنکە جەماوەرییەی نەبووە کە باوەشی بۆ بگرێتەوە.

* ئەو کاتەی ئێوە دەستان بەوەی کرد کە لەگەڵ ئەوان یەکگرن لە شنرویَ وابزانم پرسەیەکیان هەبوو وەفدێکی کۆمەڵ چوون بۆ ئەوێ، لە پەراوێزی پرسەکە باسی ئەوەتان کردبوو کە شتێکی وابێ و پێکەوە بن باشترە، چونکە یەکێتی چەند کەسێکی لەوان کوشتبوو، دوای ئەوەی دیارە ڕێککەوتبوون کە وادەیەك بۆ دانیشتن دابنێن، کە دانیشتن گوایە کۆمەڵ لەبەرئەوە لەگەڵ جوند یەکی نەگرتەوە لەسەر ئەوەی ئەوان گوتیان دەبێ هەڵەبجە یەکێتی چۆڵی بکات و هەروەها هەندێ سنوور بۆ یەکێتی دابنرێ کە لە شارەزوورو لە دەوروبەری سلێمانیش، گەر یەکێتی ڕازی

نەبوو لێی بدرێ ئایا سەبەبی ئەوەی کە یەکتان نەگرتەوە ئەو خاڵانە بوو یان خاڵی دیکەش هەبوو؟

- نا، شتی دیکەش هەبوو، ئەوان لە ئەدەبیاتیاندا پێیانوابوو ئەسڵەن نابێ لەگەڵ ئەحزابی عەلمانی دانیشتن بکرێ، نابێ بەشداری ئەو واقیعە سیاسییەی کوردستان بکەین، تێڕوانینیان بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵك، لە تێڕوانینی ئێمە زۆر جیابوو. یانی هەر لەسەر یەك شت و دوو شت نەبوو، بەڵام ئەوە یەکێك بوو لەو مەرجانەی کە پێمانوابوو مەرجێکی تەعجیزییە، ئێمە ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتی هەبوو، هەموومان کۆك بووین لەسەر ئەوەی یەکێتی جگە لەو بنکەو شوێنانەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە هێزی تێدا بهێڵێتەوە، نابێ هێزی لە شوێنی دیکە بهێڵێتەوە، یەکێتیش لەسەر ئەوە لەگەڵمان یەکدەنگ بوو، بەڵام ئەوان (جوندلئیسلام) دەیانگوت ئەمڕۆ پێمان گوت، دەبێ سبەی لێبدرێ. ئێمە دەمانگوت ئەوە مەرج نییە، تۆ ئەمڕۆ لەگەڵی دانیشی. با ئەویش لە خۆی دڵنیابێتەوە، واتە ئەمڕۆ لە ڕووی ئەمنییەوە تۆ تەئمیناتی بدەیێ. جا دوایش ئەوەی کە ئێمەیان نەسەلماند، هەر بۆ خۆیان لەگەڵ یەکێتی کردیان، بەس لە هەوڵی کوشتنی د. بەرهەم شتەکان تێکچووەوە ئەگینا چەند جار مامۆستا کرێکار هاتبووە سلێمانی و چووبووە قەڵاچۆلان لەگەڵ یەکێتی دانیشتبوو کە یەکێتی تەفاهومیان لەگەڵ بکاو ئەوانیش حیزبێکی ڕەسمی بن، بەڵام لەسەر چەندێتی پارەکە ڕێکنەکەوتبوون، ئەوەش خەریك بوو چارەسەر بکرێ، بەڵام هەوڵی کوشتنی د. بەرهەمی بەسەرداهات، هەرچەندە بەپێی زانیاری من ئەوان وەکو سەرکردایەتی ئاگایان لێ نەبوو، ئەوانەی ئەو هەوڵەیاندا، لەوان جیابوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە لێك دوورکەوتنەوە.

* ئەوان چۆن جیابوون، لە ڕووی ڕێکخستنەوە جیابوون، یان چی؟

- کە ئەنسار لەگەڵ یەکێتی دەستی بە وتووێژکرد، ئەوانەی وەکو ئەفرادبوون لێیان جیابوونەوە، گوتیان ئێمە بڕوامان بەوە نییە لەگەڵ یەکێتی گفتوگۆ بکرێ، نابێ تەقە ڕابگیرێ یان خەلاسیان دەکەین، یان خەڵاسمان دەکەن، ئەوە بوو هەوڵی کوشتنی د. بەرهەم-یاندا لەوەوە وتووێژەکان لێك پچڕا.

* لەگەڵ ئێوە مەرجێکی دیکەشیان هەبوو کە شەش ئەندامی شورایان هەبێ، ئێوە سێتان قبوڵ بوو؟

- من بە وردی لە بیرم نەماوە، ئێمە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و دوو ئەندام، یا سێ ئەندامی سەرکردایەتیمان پێ گرفت نەبوو، بەڵام لایەنی فیکری و تێڕوانینی ئەوانمان بەلاوە گرفت بوو.

* با بچینە سەر هەڵبژاردنی ئەم دواییە، ئایا بۆچی بە تەنها چوونە ناو هەڵبژاردن، حیزبەکان ئێوەیان قبوڵ نەکرد، یان ئێوە خۆتان ویستان قەبارەی خۆتان بزانن.

- من ئەوکات لێرە نەبووم، بەڵام کە هاتمەوە برایان بۆیان گێڕامەوە، لە راستیدا لەبەر ناچاری بووە، هەرچەندە وەکو عەرەب دەڵێن هەندێ جار شتێکت پێ ناخۆشە، بەڵام خێری تێدایە. جا بە برایانی خۆمانم دەگوت: ئێوە ویستوتانە شتێك بکەن کە بەرژەوەندی تێدا نەبوو، بەڵام خوا شتێکی دیکەی پێ کردوون کە بەرژەوەندی تێدا بووە، چونکە برایان بۆیان باسکردم، چۆن لەگەڵ یەکگرتوو قسەیان کردووە کە بە لیستێك دابەزن، ئەوان قبوڵیان نەبووە، دوایی لەگەڵ پارتی و یەکێتی قسەیان کردووە، ئەوانیش هەر قبوڵیان نەبووە، هەتا دوایی ویستویانە هەر نەهێڵن کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری هەڵبژاردن بکات، بەڵام دوایی هەر چۆنێك بێت بەشدارییان کردووە دابەزین بە لیستی تەنیا ناچاری بووە، بەڵام ئەگەر من لێرە بام هەر دەمگوت وا بێت، چونکە با ئێمەش لە خۆمان حاڵی بین و بنکەی جەماوەریمان چۆنەو چەند خەڵك تەئیدمان دەکات، هەرچەندە لەمەشدا فرت و فێڵ و تەزویری زۆرمان لێکرا. لەوانە خەڵکی ئیسلامیش بەخۆشیەکەوە دەنگ بداتە لیستێکی ئیسلامی.

* به پێچەوانەوە دەڵێن لەبەرئەوەی یەکگرتوو، خۆی لە ناو لیستی ئیئتلافدا بووە جەماوەری یەکگرتووش دەنگی بە کۆمەڵ دا لەبەر ئەوەی کورسیەکانی یەکگرتوو مسۆگەر بوون؟

- جا ئەوە خاڵی هێزە، ئەوە هەندێ برای ئێمەش دیاربوو ئەوەیان زۆر ڕەتکردەوە، گوتم نەدەبوایە بەوە قەڵس بن، گوتیان چۆن؟ وتم کۆمەڵی ئیسلامی بتوانێ کار بکاتەسەر کادیرەکانی یەکگرتووش کە دەنگی بۆ بدەن، دیارە ئەو حیزبە سیاسەت و ستراتیژو سەرکردایەتی ئەوەندە بەهێزی هەیە وا لە کادیری حیزبی دیکە بکات دەنگی بۆ بدات، چ جای کادیرەکانی خۆی و خەڵکی خۆی، ئەگەر وابێ، نوختەی قوەتە ئەگەر واش نەبێ ئەوە هی خۆمانەو کەس خێری پێ نەکردووین.

* کە لەگەڵ یەکگرتوو باسی ئەوەتان کرد بەیەکەوە دابەزن ئەوان بۆ ڕازی نەبوون؟

- من لێرە نەبووم، بەڵام دیارە ئەوان وایان پێ چاك بوو، جا ئێستا من لەوانم نەپرسیوە بۆچی واتانگوتووە.

* مامۆستا ئەو کاتەی کە ئەمریکا بۆردومانی بارەگاکانی جوندلئیسلامی کرد ئێوە تا ئەوکاتە پەیوەندیتان لەگەڵ جوندلئیسلام هەبوو، وەکو هاتووچۆ و ئەوانە؟

- نەخێر ماوەیەك بوو لێیان نائومێد ببووین. خەڵکیان وردە وردە دەهاتە ناومان وازی لەوان دەهێنا. لە ماوەی ئەو وتووێژانەدا دووسەد(200) کەسێکیان بۆ ناو ئێمە هات، بەڵام لە ڕووی ئەمنییەوە کە ئاگامان لە یەکتر بێ و تەقەمان نەبێ لە بەیندا ئەوانە مابوون.

* مامۆستا کە ئەمریکا لەوانیدا ئێوە هەستتان بە مەترسییەك نەکرد بۆ سەر خۆتان کە ئەورۆ لەوانە بدرێ، بەیانیش لە ئێوە بدرێ؟

- جاخۆ ئەمریکا پێش ئەوەی لەوان بدا، لە ئێمەیدا، مەترسی چی؟ ئەمریکا بەر لەوەی یەك ساروخ بە ئەنسارەوە بنێ، لە ئێمەیدا. لە مەکتەبی عەسکەریمانیدا، حەوت بارەگامان لەگەڵ خاك تەختبوو، زیاتر لە 50 بریندارمان دا.

* ڕەنگە وایان زانیبێ بارەگای ئەنساروئیسلامە؟
- نا، بە هەرحاڵ وایانزانیبێ، یان، بە هەڵەدابراون، یان خۆیان لە گێلی داوە، زۆر ئەگەری هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە پێش ئەوەی لە ئەنسار بدرێ، لە ئێمە درا.
* واتە لەگەڵ ئازادبوونی عێراق هەستان بە مەترسی زۆر کرد؟
- وەڵڵاهی هەستمان دەکرد دەوڵەتێك دێت وڵاتێك داگیر دەکا، هەرچەندە ئەمریکا دەیگوت بۆ ڕووخانی ڕژێم هاتووم، نەدەبوو ئێمە کە دژی ڕژێم بووین بەربەڵابین، بەس بەوەندە لێمان نەگەڕان بارەگاکانمان موشەك باران بکەن، منیشیان گرت، ئینجا دوایی زۆریشیان عوزر هێنایەوە کە بە هەڵە براون و داوای لێبوردنیان کرد، بەڵام دوای چی؟
* دەڵێن تۆ هەتا نەگیرابووی، لە وتارەکانت جۆرێك لە توندڕەویت پێوە دیاربوو، بەڵام دوای ئازادکردنت زیاتر لە جاران واقیعی کوردستان دەخوێنیتەوە.
- ئەگەر وابێ حاڵی من باشە! بەڵام بیستوومە دەڵێن دوای زیندان توندتر بووە، من هەر وەکو خۆمم، چونکە من لەمێژە خودا هیدایەتی داوم و لە دین تێگەیشتووم، کە ئیسلام بەرنامەی ژیانو عەقیدەو شەریعەتە، لە خیلالی قەناعەت و ئیرادەی ئینسانەکان ئەو دینە پراکتیزە دەبێ و دەبێتە واقیعێکی ئیجتیماعی و سیاسی. جارێك هەفتەنامەی میدیا پرسیاری لێکردم گوتی مامۆستا جەنابت توندڕەوی یان نەرمڕەوی، وتم هیچیان نیم، گوتی ئەی چیت؟ گوتم شەرعڕەوم، لەو شوێنەی کە شەرع دەڵێ نەرم بە نەرم دەبم، لەو شوێنەی کە دەڵێ توندبە، توند دەبم. هەموو مرۆڤێکی واقیعبینیش هەروایە، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ کەس لە شەڕ شەکری نەبەخشیوەتەوە، تۆ کە ڕێزم بگری، من ڕێزت نەگرم خودا دەمگرێ، بەڵام کە تۆ شەڕم پێ بفرۆشی هەر هیچ نەبێ دوعای خراپت لێ دەکەم، یا کاتێك بەرگری لە مەزلومیەتی خۆم دەکەم توندەبم شتێکی خراپم نەکردووە.

* دوای ئازادبوونت لە دیمانەیەکدا دەڵێی ئازاری دەروونی و جەستەیی درام، باشە ئازاردانی جەستەیی بۆچی بوو دەیانویست چی بڵێی لە کاتێکدا تۆ دیاربووی کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی؟

- ئەو تۆمەتانەی لە چاوپێکەوتنەکاندا باسمکردوون، سێ چوار تۆمەت بوون کە گوایە من بەنیازبووبم لە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بدەم وەکو: پشتگیریکردنی ئەنسار، هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ رژێم و لەگەڵ ئێران، دەیانگوت دان بەوانە دابنێ، ئێ دان بەچی دابنێم، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەنسار نەبووە، بە تەما نەبووینە لە ئێوە بدەین، ئەگەر بەتەمابووم، چۆن دەزانی بە تەمابووم، خۆ بە تەمابوون نیەتەو لە دڵدایە، خۆ دڵی منت شەق نەکردووە، ئەمجا لە چ قانوون و شەریعەتێکی ئاسمانی و زەویدا کەسێك لەسەر نیەت ئەگەر نیەتەکەت بۆ ئاشکراش بێ سزادراوە، تۆ بۆیشت ئاشکرا نییە، خۆ دڵمت نەکۆڵیوە، بۆ خۆشم نەمگوتووە، کوا نووسینێك، کوا قەڵەمێك کوا قسەیەك کە نەمکردووە خۆ دڵم هەڵناکۆڵی، گریمان زانیشت، لە خەوندا نییەتی من بۆ ئاشکرابوو، ئێ خۆ بۆت نییە سزام بدەی لەسەر کارێك کە نەمکردووە.

ئەمریکییەکان دەیانگوت قسەکانی تۆ زۆر مەنتیقی و بەهێزن، هەر کەسێك کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵمدا دەکرد، لە کۆتاییدا دەیگوت وەڵڵاهی قسەکانی تۆ زۆر راستن، بەڵام من هەر کارمەندێکم لەسەرەوە بڕیاردراوە تۆ لێرەبیت. بۆ نموونە دەیانگوت ئێوە پەیوەندیتان بە رژێم هەبووە، دەمگوت باشە سەدام تا کۆتایی ئەمە لێرەن، بیانهێننە بەرەوڕووم، گوتم سەرانی رژێم گلەیی ئەوەم لێدەکەن دەڵێن بەس تۆ پەیوەندیت نەبووە، ئەوانی دی هەمووی هەیانبووە، زۆریان پێ سەیربوو یەکێك لەوانە عەلی حەسەن مەجید بوو، دەیگوت یانی تۆ یەکێك لە تۆمەتەکانت ئەوەیە کە پەیوەندیت لەگەڵ ئێمە هەبووبێ، دەمگوت بەڵێ، دەیگوت وەڵڵاهی ئێمە تۆمان بە پیاوێکی زۆر خەتەر دەزانی، چونکە کەس بەعسی تەکفیر نەکرد تۆ نەبێ. وتی لە منیشیان پرسی گوتومە نەوەڵڵا هیچ پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە نەبووە، هەوڵماندا پەیوەندییان لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەوان رەتیان کردۆتەوە.. ئیتر داوای ئەو شتانەیان

دەکرد، منیش تا کۆتایی یەك قسەم کرد، تەعزیبم دەن، بمکوژن، بمبڕن هەر ئەوەیە کە گوتوومە، لە کۆتاییدا گوتیان تۆ کابرایەکی مەبدەئی و ئەو راپۆرتانەی لەسەر تۆ هات هەمووی درۆ بوو، ئێمە بە رەسمی داوای لێبوردن دەکەین.

* لەوێ بواری ئەوە هەبوو کە لەگەڵ سەرانی رژێم یەکتر ببینن و قسە بکەن؟

- لە هەندێك کات کە بۆ وەرزشکردن، یان بۆ حەمام و سەرئاو دەریاندەکردین.

* لە یەك کاتدا دەچوون بۆ وەرزش؟

- قاتع قاتع بوو، هەر قاتعی 7 کەس بوو، عەلی حەسەن مەجید لە قاتعی ئێمە بوو، تەها یاسین رەمەزان لە قاتعەکەی بەرامبەرمان بوو تاریق عەزیزیش لە تەنیشتمان بو، ئەوها جار جارە بۆ وەرزش دەریاندەکردین، دوایی کردیان بە 3 قاتع بەیەکەوە وەرزش بکەین، ئاوا لەو کاتانەدا یەکتریمان دەبینی.

* واتا هەموویان دەیانزانی ئەوانی دی و سەدام گیراون؟

- دەیانزانی.

* سەدامیش بۆ وەرزش دەهاتە دەرەوە؟

- نا، ئەو لەگەڵ ئێمە نەبوو، بە تەنیا لە شوێنێك بوو، جار جار دەمانبینی، کە بۆ لێکۆڵینەوە دەیانبرد.

* ئەویش ئێوەی دەبینی؟

- دیارە، ئەگەر چاویان نەبەستبێ، دەبێ بینیبێ.

* واتا دەیزانی عەلی حەسەن مەجیدو تەها یاسین و ئەوانە هەمووی گیراون؟

- بەڵێ.

* راستە سەدام لە سجن خۆڕاگربوو؟

- پاسەوانە ئەمریکییەکان وایاندەگوت، دەیانگوت سەدام رەقەو قسەی نەرم ناکا، جا نازانم وایە یان نا.

* دەڵێن عەلی حەسەن مەجید زۆر رووخابوو؟

- لاواز دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە خۆی وانیشان نەدەدا، بەڵام پێیەوە دیاربوو.

* ئێستا خەڵکێك بەناوی جیهاد سەربازی ئەمریکی دەکوژن، پێتوایە ئەوە جیهادە؟
- پێموایە رەوا نییە یەك حوکم بەسەر هەموویاندا بدرێ، دەبێ پۆلێن بکرێن، هەیانە بە جیهادی دەزانێ و بە واقیعێکی ئیسلامی دەزانێ، هەیانە بە دافعی واقیعێکی لە دەستچووی دەزانێ.
* لە رووی شەرعەوە؟
- جۆرج بۆش گوتی ئەگەر وڵاتەکەم داگیر بکەن، بەرگری لە خۆم دەکەم بە مەزهەبی جۆرج بۆش ئەوە رەوایە، جا ئەگەر هی واهەبێ لە جۆرج بۆش، جۆرج بۆشتربێ ئەوە شتێکی دیکەیە. بەراستی من لەوێش بە ئەمریکییەکانم دەگوت ئێوە هاتوون ئەم وڵاتەتان داگیرکردووە، بیرتان لە داگیرکردنی کردۆتەوە، بەڵام بیرتان لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی نەکردۆتەوە. هەڵبەت کە یەکێك بێ ماڵ و وڵاتت داگیر بکات، خۆت دەزانی هەموو شەرایعی ئاسمانی و قەوانینی سەر زەوی موقاوەمە بەڕەوا دەزانن. بەڵام وەکو واقیعی ئەمڕۆی عێراق ئایا ئەوە تا چەند قازانجەو زەرەرە؟ دەبێ لەو رووەوە هەڵبسەنگێندرێ، ئایا ئەوە تا چەند ئامانج بە دەست دێنێ، ئینجا شتی دیکەی تێکەڵ دەبێ و ئیشکالی لێ پەیدا دەبێ، وەك کۆنە بەعسی و موخابەرات و باندی قاچاخچی و ئەمجا لەپەنا ئەوەدا کە شەڕی مەزهەبی و تائیفی دەکرێ، هەڵبەت ئەوە وەزعەکە زۆر قورس دەکات.
* مامۆستا بە کورتی رات لەسەر بن لادن چییە، کابرایەکی موجاهیدە، یان تیرۆریست؟
- وەڵڵا من کاتی خۆی گوتوومە ئوسامە بن لادن موسڵمانێکی ئومەتی پێغەمبەرە(د.خ) ئەوەی کە دەشیکات نەیشاردووەتەوە دەڵێ ئەمریکاو رۆژئاوا، با زوڵم لە وڵاتانی ئیسلامی نەکەن و بەجێمان بێڵن و خێروبێرمان نەبەن و تەعەدامان لێ نەکەن و قیەمی خۆیان بەسەر ئێمەدا فەرز نەکەن و ئەو وا دەڵێ، ئەوە شیعارەکانییەتی، بەڵام لە راستیدا میکانیزمەکانی، شێوازەکانی کاری، ئەوە جێی موشتومرە کە تا چ رادەیەکی شەرعییەو شەرعی نییە، من وەکو قاعیدەیەکی عام

دەڵێم ناچمە ناو تەفاسیلەوە من کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع لە شەڕیشدا بە جائیزی نازانم و پێم دروست نییە.

* ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ مەلا کرێکار هەیە؟

- نەخێر هیچ پەیوەندیمان نییە، ئەو یەکێك بوو، لەو کەمە دۆستانەی کە بەخێر هاتنەوەی نەکردبم، بەڵام هەر بە برایەکی بەڕێزو بە موسڵمانی دەزانم سەرەڕای تێبینیم لەسەر قسەو هەڵسوکەوتی.

* سەبارەت بە دیموکراسی، مەلا کرێکار لە ساڵی 2002 لە(هاوڵاتی) دەڵێ ئیسلام پێیوایە دیموکراسیەت هەموو بنەماکانی کوفرە، یەعنی بنەماکانی دیموکراسیە رەفزە لەلای ئیسلام؟ تۆ چۆن دەڕوانییە دیموکراسیەت لە روانگەیەکی ئیسلامیەوە؟

- من لە کتێبی چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم رای خۆم لەبارەی دیموکراسی بە دوورودرێژی گوتووە، بەڵام لێرە بە کورتی دەڵێم دیموکراسی لە کۆمەڵێك موفرەدە پێکهاتووە کە لەگەڵ ئیسلامدا تێکدەکەنەوە، بەڵام هەندێ شتی تێدایە لەگەڵ ئیسلامدا دژ دەوەستێ، ئەوەی کە لەگەڵ ئیسلامدا تێکدەکاتەوە قەزیەی پرس و راکردن بە خەڵك، بە هەڵبژاردن بەرپرسەکانی خۆی هەڵبژێرێ، ئەوە شتێکی شەرعییە لە ئیسلامدا (وامرهم شوری بینهم) ئەوەی کە لەگەڵ ئیسلامدا تێکدەکاتەوە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەوەی کە ئێستا لە رۆژئاوا هەیە، لە وڵاتانی بەناو ئیسلامدا نییە، ئەوەی ئەوان لەگەڵ شەرع تێکدەکاتەوە، ئەوەی لە وڵاتانی بەناو ئیسلامیدا هەیە دژی شەرعە.

* خۆی پێشتریش لەناو ئیسلامدا هەر بە رێگای توندوتیژی هاتووە...

- نا، نا.. پێشتر وا نەبووە، لە سەردەمی خیلافەی راشیدیندا، لە دوای معاویەوە کە کردی بە میراتی، لەوێوە لادان لە حوکمی ئیسلامی کرا، بەڵام لە دوای ئەوەش لە چەند قۆناغێکی مێژوویی ئیسلامیدا، ئەوانەی هاتوون بەڕای خەڵك هاتوون و بنکەی جەماوەری هەڵیبژاردوون و خەڵکیان لەگەڵ بووە، هەبوو کە بە زۆر خۆی سەپاندبوو وەکو ئەوانەی ئێستان خۆیان بە سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامی دەزانن..

موفرەدەیەکی دیکەی دیموکراسی کە 100% لەگەڵ شەرع دەگونجێ، بریتییە لە ئازادی بیروڕا دەربڕین، ئازادییە مرۆییەکان، ئەو ئازادیانە کە ئینسان بەبێ ئەوان نابێتە ئینسانێکی تەواو. هەڵبەت ئازادی شەخسی لە سنووری شەریعەتدا، بەو مانایە نا کە ئازادی جنسی و ئەو شتانە هەبێ، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ ئیسلامدا تێکدەگیرێ، قەزیەی حەلاڵ و حەرام بدرێتە دەست ئەنجوومەنێك بەبێ حیسابکردن بۆ شەریعەت و دین و خواو پێغەمبەر (د.خ)، ئەوە لەگەڵ ئیسلام دژ دەوەستێ. بۆیە شورا لە ئیسلامدا پابەندە بە شەریعەتەوە، قەتڵ و تێکدانی ئاسایشی خەڵکی و زینا خوا حەرامی کردوون، ئەوەی خوا حەرامی کردووەو یاخود ئەوەی واجبی کردووە، شوراو ئەنجوومەن بۆی نییە قسەی لەسەر بکات، بەڵام قسە لەو شتانە دەکات کە شەرع وەکو فەراغ بەجێی هێشتووە لە مەسەلە ئیدارییەکان و کێشە لاوەکییەکان، لەوانە ئەنجوومەن بۆی هەیە قسەی لەسەر بکات، بۆیە من لە زیندان بە ئەمریکیەکانم دەگوت شورای ئێمە لە دیموکراسیەتی ئێوە زۆر موتەرەقیترەو بەرزترە، ئەیانگوت چۆن؟ دەمگوت بەپێی دیموکراسیەتی ئێوە شتی وا دەکرێ پیاو پێی عەیبە لە مەجلیسەکاندا باسی بکات ئەو ئازادی جنسی و ئەو پیاو مارەکردن و ئەو بەزم و رەزمەی کە زۆر عەیبە پیاو باسی بکات، بەڵام لە ئیسلامدا قەت شتی وا نابێ، چونکە لە ئیسلامدا ئەو شتانە قەدەغەکراون، نوێنەرانی خەڵك کە دادەنیشن رەوا نییە قسە لەسەر شتێك بکەن کە خوا حەرامی کردووەو بۆیان نییە شتێك حەرام بکەن کە خودا واجبی کردووە، لەبەر ئەوەش شورا لە ئیسلامدا موقەیەدە بە چوارچێوەیەکی کە ئینحراف بە کۆمەڵگا ناکا.

* تۆ هەمیشە جلوبەرگی کوردی لەبەردەکەی، لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگە شتێکی شکلی نییە زیاتر؟ راستە تۆ زۆر تەئکید لە کوردایەتی و مۆرکێکی کوردانە دەکەی، چ لە بزووتنەوەی ئیسلامی، چ ئێستاش با بڵێین، بەڵام بە جلوبەرگە؟ وەکو پەندێکی کوردی دەڵێ بەئیشە نەك بەریش؟

- جا ئەگەر وای لێبێتەوە با بە کوردیش قسە نەکەین، گرنگ موحتەوایە، بە عەرەبی بڵێی، بە تورکی بڵێی، بە ئینگلیزی بیڵێی هەمان شتە، ئەگەر واشە

پێویست ناكا له كوردستان بی، له هەر شوێنێك بی، به دڵه، بەڵام من ئەوە به بەشێك له كوردایەتیم دەزانم، وەكو من به كوردی قسەكردنم به بەشێك له كوردایەتیم دەزانم، هەروەها له كوردستان ژیانیشم به بەشێك له كوردایەتیم دەزانم.

* واتا بڕوات بەوە نییە رۆژێك تەنگەتاو بكرێن بڕۆی بۆ دەرەوە؟

- با، بۆ بڕوام پێ نییە؟ بەڵام ئەگەر ئەحكامی تەنگەتاویە، جیایە له ئەحكامی حاڵەتی ئاسایی، كه ئاسایی بێت بۆ له وڵاتی خۆم دانەبم، كه هیچ هۆكارێكی جەبری نەبێ، بۆ بەرگی نەتەوایەتی خۆم بگۆڕم، من لاسایی ئەوروپا بكەم له جلوبەرگمدا، سبەی له عادات و فكرو ئەدەبیات و راگەیاندنیشم رەنگدەداتەوە، ئەوكات چیم بۆ دەمێنێتەوە له موسڵمانێتی و كوردایەتی و نیشتمانپەروەریم، جگه له ئیدیعا، بەڵام كه سەفەری وڵاتان دەكەم چاكەت و پانتۆڵ لەبەردەكەم، بۆ ئەوەی شتێكی شاز نەبێ، له رووی ئەمنیشەوە رەنگە وا پێویست بكا، بەواتا له رووی شەرعییەوە ئیشكالی تێدا نابینم، بەڵام وەختێك لەناو میللەت و وڵاتی خۆمم، لەبەركردن و پۆشینی جلی كوردیم پێ كەموكوڕی نییە، پێموانییە مرۆڤ به لەبەركردنی چاكەت و پانتۆڵ دەبێتە رۆشنبیرو به بەرگی كوردی پاشدەكەوێ، پێموایە پێشكەوتن و دواكەوتنی مرۆڤ پەیوەندی به زهن و حاڵەتی فكرو تێگەیشتن و ناوەڕۆكە، نەك به مەزهەرو واقیع.

* تۆ زۆر تەئكید له كوردایەتی دەكەی، قورئانی پیرۆز كه كرا به كوردی كەس قسەی نەكرد، ئایا جائیزە نوێژ به كوردی بكرێ؟

- لەبەرئەوە جائیز نییە، چونكە ئەو قورئانە كه به عەرەبییە ئەگەر هەر به عەرەبیش، بەڵام به غەیری ئەو وشە عەرەبیانەی كه خودا له قورئان فەرموویەتی، تەرجوومە بكرێ، هەمان مانا نادات. نەگوتراوە دروست نییە قورئان تەرجوومە بكرێ، من به فەرزو واجبی دەزانم كورد قورئانی بۆ بكرێتە كوردی، تورك بۆی بكرێتە توركی، فارس هەروا، بەڵام تەعەبودپێكردنی دەبێ به زمانی خۆی بێت، له راستیدا عەرەبیبوونی قورئان لەبەر كۆمەڵێك تایبەتمەندیە كه له زمانی عەرەبی هەیەو خودا ئەو زمانەی هەڵبژاردووە، وەك چۆن زمانی عیبری هەڵبژاردووە بۆ

تەورات، ئەو پێغەمبەرانەی هاتوون هەر کامێکیان بە زمانی نەتەوەکەی خۆی کتێبی خودای بۆ هاتۆتە خوارێ.

* لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری هەرێمدا مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین دەڵێ لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر دانیشتوومەو پێمگوتووە لەناو کۆمەڵی ئیسلامی خەڵکێك یا هەندێك کەسی توندڕەو لەسەرکردایەتی هەن، پێویستە سەبر سەبر ئەوانە بکرێنە میانڕەو، هەست دەکەی ئێستا کۆمەڵ میانڕەوە، یان خەڵکێکی توندڕەوی تێدایەو پێویستە کۆنترۆڵ بکرێن؟

- ئێمە سوپاسی هەر کەسێك دەکەین کە ئامۆژگاریمان بکات، بەڵام وەکو واقیعەکە ئەگەر زیادەڕۆییمان نەکردبێ لە نەرمیدا بەلای تۆدا نین، چونکە مەرج نییە هەمیشە نەرمی باشبێ، من پێموایە تۆ دەبێ لەگەڵ مەبادیئی خۆتدا راست بیت، ئەگەر مەبادیئەکەت داوای لێکردی توندبی توندبە، باشە ئەگەر سبەی کوردستانی ئێمە کەوتە بەر پەلاماری خەڵکێکی عەرەبی شۆڤێنی ئەو کاتە باشە توندبین یان نەرم، بپاڕێنەوە یان رووبەڕوو ببینەوە؟

من بۆیە توندم، چونکە ئیسلام دەڵێ بەرگری لە میللەت و خاك و وڵاتەکەت بکە، ئەی ئەگەر کەسێکی دیکەش بێت و بە نەوعێکی دیکە زوڵمم لێ بکات، من ئەگەر بۆم بکرێ نەهێڵم زوڵمم لێ بکات بۆ خەراپە؟ مەبەستم ئەوەیە راست نییە کە هەمیشە نەرمی باشبێ هەروەکو راست نییە هەمیشە توندی باشبێ، بەڵکو پێویست بەوە دەکات ئەگەر نەرمی ئامانجەکەت بە دەستدێنێ، نەرم بیت، ئەگەر بە توندییش بەدەستدێت، توندبیت، پێشم وا نییە سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، رەنگە زیاتر لەژێر کاریگەریی فیکرو تێڕوانین و بۆچوونەکانی بەندە دابن و ئێمە پێکەوە مونسەجیم و تەباین، هەر شتێکیش بڕیاری لەسەر بدەین بە راوێژو دوای ئەوەی دەیکوڵێنین و قسەی لەسەر دەکەین، وەکو دەڵێ بیچێژە ئەمجا ببێژە.

* وەکو دەڵێ پەندو لە بزووتنەوە وەرگرتووە؟

- لە مەسەلەی بزووتنەوەش ئەو کاتە رای ئێمە هەروابوو، بڕوا بکە ئەوەی شارەزای ژیانی بەندە بێ دەزانێ کاتی خۆشی ئێمە هەروا بووین لە شەڕەکەی93 ئەگەر بە

قسەی من کرابوایە شەڕ نەدەکرا، ئەوجا بەڕاستی قەزیەی ئێمە ئەوە نییە کە وەکو شتێکی ئیسلامی تەنیا تەماشای یەك لایەنی ئیسلامییەکە بکەین بەو مەفهوومەی لە زیهنی خەڵکدا هەیە. کاکە من خزمەتکردن بە وڵاتەکەم بە نەتەوەکەشم هەر بە ئەرکێکی ئیسلامیی دەزانم. من بە واجبێکی شەرعی دەزانم وڵاتەکەم ئازادو سەربەخۆ بێت، بە واجبی شەرعی دەزانم هێمن و ئاسایش وڵات پارێزراو بێت، بە واجبی شەرعی دەزانم لە رووی ئابوورییەوە قڕوپڕی نەبێ وەکو ئێستا هەیە، چینایەتی نەبێ واتە هاوسەنگی هەبێ هەندێکی لە بورجی عاجی و لە قەسردا نەبێ و هەندێك کۆختەشی دەستنەکەوێ. من ئەو واقیعە ئابوورییە بە ناشەرعی دەزانم. واقیعە سیاسییەکە بە ناشەرعی دەزانم کە کوردستانێك کە خوا یارمەتیدا رزگارمان کرد بۆ خۆمان دوولەتی بکەینەوە وەکو ئێستا هەیە، بە ناشەرعی دەزانم کە پەرلەمانێکمان هەبێ نوێنەرانی ئەو میللەتە بن، کەچی پەرلەمانێکی ئیفلیج بێ، هەموو قەوارەکان حیزبیانە بۆی لێبدرێنەوە وەکو شیر بەگەروویدا بکرێ، ئەو پەرلەمانە مەلۆتکە نییە، منداڵی ساوا نییە شیرەخۆرە بێ، شیرەکەی بۆ بگرییەوەو ئینجا بە گەرووی دابکەی، هەموو بڕیارە سیاسییەکان ئێستا بە گەرووی دادەکەن.

* بەڵام نوێنەری حیزبەکانی دیکەش قسە ناکەن؟

- دەزانم، مەبەستم ئەوەیە وا تەسەوڕ مەکەن ئیشی من هەر ئەوەیە خەڵك نوێژ بکات و ریش بێڵێتەوە، ئیسلام بەو فراوانیەی لێی تێگەیشتووم دەبێ لە رووی سیاسییەوە میللەتەکەم تەبابێت، لە رووی ئابوورییەوە دادگەری هەبێ، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە چینایەتی نەبێ، یەکگرتن هەبێ لەرووی ئەمنی و ئاسایشەوە پێکەوە هاوکاری یەکتر بین، لە رووی حیساب بۆ یەکترکردن، یەکێك نەڵێ هی خۆم خۆم بۆ خۆم، هی تۆش هەموو دەخۆم، ئێستا وایە. بۆ نموونە ئێمە بارەگاکەمان لە خانووی کرێ دایە حزبێکم بۆ بێنە بارەگاکەی لە خانووی بەکرێ دابێ، وەکو لەگەڵ کاك مەسعودیش باسم کرد گوتم شتێکی رەوایە کاك مەسعود ئێمە لە هەموو خێروبێری کوردستان بێبەش بین، پێکەوە لە شاخ نەبووین، پێکەوە نەهاتینەوە

ئێوه بەشی خۆتان و ئێمەش بەشی خۆمان، کاك 99%ی بۆ تۆ 1%یش بۆ ئێمە، بەس مەعقوله ئێمه 1%یشمان نەبێ سەدا هیچ بین و ئێوه سەدا هەموو شتێ بن، مەبەستم ئەوەیە ئێمە خۆمان بە خەڵکی ئەو وڵاتە دەزانین، وەڵڵاهی کە کورد کیانی هەبێ بەهی خۆمی دەزانم کورد برا گەورەیەکی هەبێ وەکو بە کاك مەسعودم گوت بۆ منی ئیسلامی وا باشە جیهەتێك هەبێ موراجەعەی پێبکەین، بڵێین کاکە ئەو زوڵمەمان لێکرا یان ئەو حەقەمان بدەنێ، نەك من نەزانم روو لە کوێ بکەم، من پێم خۆشە مەرجەعێك هەبێ کە حەق و حیسابی منیش بدات و واجباتی منیش دیاربێ.

لە بەغدا کە کورد شتێکی دەستدەکەوێ زۆر پێمخۆشە، کە زوڵمێکمان لێ دەکرێ، پێمان ناخۆشە، کارە ئیسلامییەکەی من هەر ئەوە نییە خەڵك فێری رۆژوو نوێژ بکەم، کارە ئیسلامییەکەی من کارێکی سیاسی ئابوورییە، کۆمەڵاتییە، رۆشنبیرییە، پەیوەندییە.

* رات بەرامبەر یەکگرتووی ئیسلامی چۆنە کە حیزبێکی میانڕەوەو ئێوەش لەناو خەڵك دەگوترێ زیاتر بەرەو میانڕەوی دەچن، ئەوە خاڵی هاوبەشی بۆ دروست نەکردوون، یان هەر وەکو جارانن؟

- ئێمە کاتی خۆشی کە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا بووین ئەو خەت و تەوژمەی کە من نوێنەرایەتیم دەکرد لەگەڵ برایانی یەکگرتوو بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستا سەلاحەدین باشترین پەیوەندیمان هەبوو، زۆرجار کە لیژنەی تەنسیق پێکدەهێنرا بەرپرسی لیژنەکە من بووم و هەمیشە قیادەی بزووتنەوەی ئیسلامم هاندەدا کە لەگەڵ برایانی یەکگرتوودا موتەفاهم و برابین، پێکەوە تەبابین و کارەکانمان بە یەکەوە بێ و ئەو کاتەش هەروا بووین و ئێستاش سوپاس بۆ خوا نزیکی هەیە و برایانی یەکگرتووش دیارە ئەوانیش بۆ خۆیان خەڵکێکن و قوتابخانەیەکن پەرێزو بەرهەمێکیان هەیەو لە زۆربەی شتەکانیش لەگەڵ ئێمە تێکدەکەنەوە، بەڵام دیارە هەر کەسیش شتی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

* تۆ ناوت لە خۆناوە ئەمیر، ئێستاش دەبینین هەر مزگەوتێك ئەمیرێكی هەیە، ئەو گرووپانەش كە گیران هەریەكە ئەمیرێكی هەبوو، ئەوە كاریگەرییەكی سلبی نییە لەسەر ئەو ناوەو ئێوە لەمەودوا لە جیاتی ئەمیر سكرتێر، یان ئەمیندار بەكاربێنن؟

- وەڵڵا ئەوە لە رووی شەرعییەوە هیچ ئیشكالێك نییە ناوی ئەمیر بێ، یان سەرۆك، یان ئەمیندار بێ و هەر ناوێك بێت، من خەڵك ئەو ناوەی لێناوم، بابم ناوی لێناوم عەلی، خەڵكیش ناوی ناوم ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی، دەگونجێ ئەو ناوە بگۆڕدرێ كە بزانرێ ئیشكالێك دروست دەكات، هیچ ئیشكالی تێدا نییە ئەگەر بگۆڕدرێ، ئەگەر بشمێنێتەوە هیچی تێدا نییە، چونكە كاك مەسعود سەرۆكی هەرێمەو سەرۆكی شارەوانیشمان هەیە، سەرۆكی لیژنەیەكیشمان هەیە، مانای ئەوە نییە ئەوانە وەك یەكن، مەبەستم ئەوەیە گرنگ ناوەڕۆكە، خەڵك نابێ وا بزانێ هەر لەبەرئەوەی من ناوم ئەمیرەو ئەویش ناوی ئەمیرە، هەموو وەك یەك بین، مەرج نییە ئینسان لە ناودا یەكیان گرتبێتەوە ئەوا لە ناوەڕۆكدا وەكو یەك بن.

# سەید کاکە

سەید کاکە کەسایەتیەکی دیارو جەربەزەی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی گەلەکەمانە، رەنگە لەنێو ئەو چەند کەسە بە ژمارە کەم و لە بەرگری بێ وێنەیە بێ کە گوللەکانیان دەتەقاند لە بەرامبەر حکوومەتی ئەوساکە، بەرکوڵی شۆڕشێکی نەپساوەو درێژخایەنی میللەتێك بووبن.

بۆیە یەکەمین گوللەو پێکدادانی نێوان خەڵك و حکوومەت، سەید کاکە یەکێك بووە لەو خەڵکەی کە چەقیوەو، رۆحی بەرەنگاربوونەوەو سەنگەر قایمکردنی هەبووە، ئیتر بەدرێژایی ئەو مێژووە درێژە کە چەند رۆژێك بەر لەسەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول دەستپێدەکات، پێشمەرگەیەك بووە لە بەرامبەر حکوومەتی قاسم و تا نسکۆی 1975 بەشداری لە دەیان چالاکی پێشمەرگە کردووەو زۆرجاریش رۆڵی فەرماندەیی بینیوە، بەڵام سەید کاکە هێشتا نەبووبووە ئەو ناوەی کە ئەمڕۆ گەلی کورد دەیناسێ، بەڵکو لە دوای نسکۆی 1975 سەید کاکە رۆڵێکی زۆر گرنگی بینی و لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بوو، ئەگەرچی کاتێك چاوێك بە مێژووی خەباتی نەپساوەی سەید کاکە دەخشێنیت، دەبینین هەموو ژیانی بریتی بووە لە هەڵاتن و بەرەنگاربوونەوەو گورزوەشاندن، ژیانێکی پڕ لە جەربەزەیی بردۆتە سەر، لەو کونە بەردەوە بۆ ئەو کونە شاخ، لەم لوتکەوە بۆ ئەو دۆڵ، لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند، دیمەنی خەباتی سەید کاکە، دیمەنی پێشمەرگەیەکی زۆر ماندووە، زۆرترین ئازاریشی بەدەستی سەردەمی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان بووە لە شاخ.

ئێستا دەکرێ زۆر شت لە سەید کاکە بزانین، چونکە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندی لە شاخ هەبووە، ئێمە بەپێویستمان زانی دیمانەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا بکەین، چونکە ژیانی ئەو، زانیاریەکانی ئەو، بەشێکن لە مێژووی گەلەکەمان، دیمانەکە لە بنەڕەتدا زۆر درێژترە لەوەی کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەراندایە، بەڵام لەبەر هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان، وا لێرەدا پوختەیەکمان لێی بڵاوکردۆتەوە،

بەو هیوایەی لە ئایندەدا بیکەین بە نامیلکەیەك و حەقیقەتی زۆر رووداو، ئاشکرا بکەین.

* لە ساڵی چەند بووی بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول؟

- لە 6ی ئەیلولی ساڵی 1961 بوومە پێشمەرگە، ئەو کاتە بڕیاردرا هەموو رێگاکان بگرین، چونکە عەبدولکەریم قاسم لە بەڵێنەکانی دەربارەی کورد پاشگەز ببووەوە، ئێمە لە شێراوە بووین، حیزب فەرمانی دەرکرد وەك مانگرتنێك رێگاکان بگرین و نەهێڵین حکوومەت هاتوچۆ بکات، سەید عزەدین و کوڕێکی دی ناوی (نوری) بوو، سەرکردایەتی مانگرتنەکەیان دەکرد، خۆی بڕیاربوو مانگرتنەکە سەعاتێك بخایەنێ، بەڵام ئەوان کردیانە 8-9 سەعات، سەرەتا چەند فرۆکەیەك هاتن، بەڵام لێیان نەداین، بۆ ئێوارەکەی هێزێکی زۆر هاتن کە 9 لۆری پڕ سەربازبوو، ئەو هێزە لە دووری ئێمە لە لۆریەکانیان دابەزین و هێرشیان بۆ هێناین، من هەندێك لەوانی دیکە زیاتر شارەزای شەڕ بووم، گوتم کاکە با ئێرە بەجێبێڵین، بەو کەونە تفەنگانەی ئێمە ئەو هێزە ناشکێ، گوتیان ئێمە بەناوی موزاهەرە هاتووین، گوتم کوڕە موزاهەرەی چی و حاڵی چی با بڕۆین، ئەگەر ئەوان مەیدانی شەڕیان خواست و هاتنە پێش!؟ ئەوەبوو خەڵکەك رۆیشتن، هەشت نۆیەكماینەوە لە دوای ئەوان دەڕۆیشتین، پۆلیس گەیشتە سەرمان، منیش بە سەید عیزەدینم گوت، پێیان بڵێ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتبووین، بۆ (ئیزراب) هاتبووین، ئەویش گەڕاوە ئاوهای پێگوتن، گوتیان تفەنگەکانتان دانێن سەگبابینە!

دایانگرتین وەك ئاخیر زەمان، قەت گوێم لە تەقەی ئاوها نەبووە. ئەو کات پۆلیس چەکی رووسییان وەرگرتبوو، نازانم فیشەکەکان فەرقیان هەبوو، یان نا، چونکە کە بە زەوی دەکەوتن دووجار دەتەقیەوە، ئێمە 10-12 کەس شەڕمانکرد، دوایی باش بوو رۆژمان بەسەردا ئاوابوو، دەنا کەس قوتار نەدەبوو، وا بزانم لەوان یەکێك بریندارببوو، بەڵام ئێمە سەلامەت دەرچووین.

* بەپێی بیرەوەرییەکانت، منداڵێکی بزێوو ئازا نەبووی، بەڵام غەدرێکی زۆریشت لێکراوە، ئایا ئەو غەدرانە وایکرد ببیە پێشمەرگە، یان هەر هەستێکی نیشتمانیانەت هەبووە؟

- وەڵاهی لە منداڵیش فەقیر نەبووم، غەدرەکەش ئەوەبوو، گوندەکەمان دوو بەرە باب بوون، ئەو دوو بەرەبابە شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، ئێمەش یەك ماڵە سەید بووین، بچوبامایە هەر لایەك، ئەوەیدیکە وایدەزانی لە دژی ئەوم، بە هەردوولا دەیانویست غەدرم لێ بکەن، منیش تخونیان نەدەکەوتم.

* تۆ ئەوەندە ساڵە پێشمەرگە بووی و ناوێکی دیاریش بووی لە دەشتی هەولێر، ئەو کاتانەش لە دەشتی هەولێر ئاغا تا ڕادەیەك حوکمیان مابوو، نەمانزانی ڕۆژێك تۆ ئاغایەکت ئازار دابێ، یان حەپست کردبن. بۆچی؟

- خۆی ئاغا سێ قۆناغە، خەڵك ئەوە نازانێ، لە قۆناغێکدا عەدالەتیان هەبووە، پێش پەیدابوونی دەڕاسەو تراکتۆر، ئاغا حاکمی عەدالەتی گوند بوون، خەڵك بەهۆی ئەوانەوە دەژیان، کە تراکتۆرو دەڕاسە پەیدابوون، گەنم بووە دوو هەزار دینار، ئەوانە غروربوون و منداڵەکانیان پێگەیشتن و زۆر گوێیان بە بابەکانیان نەدەدا، ئەوانە دیکتاتۆر بوون، زوڵمی وایان دەکرد لە قەوام دانەبوو، زوڵمێك کە لە مێژوودا زوڵمی وا نەبووە، هێندێکی هەر ناگوترێ، تەبیعی ئێمە لەو قۆناغە لێیان بەجواب هاتین و توانیشمان سەرکەوین، تاقمەی دزان بەسەریاندا سەرکەوتین، من یەکەم جار لەگەڵ حیزبی شیوعی بووم، بەڵام لەگەڵ دزەکانیش دۆستایەتیم هەبوو.

* مەبەستم ئەوە بوو لەکاتی پێشمەرگایەتیت لە شۆڕشی ئەیلول و پاشتریش لە دوو ئاغات نەدا؟

- ئاخر ئاغا نەما..

* بەس پێشتر زوڵمیان کردبوو؟

- نا، تۆڵەکردنەوە خراپە.

* باشە تۆ قەت بڕوات بە مارکسیەت نەبووە، چۆن لە حیزبی شیوعی بوویت؟

- ئاخر من دژی زوڵمی ئاغا بووم.

* هەڵوێستت لە بەرامبەر نسكۆی شۆڕشی ئەیلول چی بوو؟

- باوەڕم بە بارزانی هەبوو، ئەوەی ئەو بڵێ ئەو راستە، لەبەر ئەوەی قەناعەتم وابوو ئەو شتی غەڵەت ناكات.

* تۆ كە رۆڵێكی زۆر دیارت لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان هەبووە، یەكەمجار كێ فیكرەی دروستكردنی بزووتنەوەی سوسیالیستی دانا؟

- من ئەو كات لە سەركردایەتی نەبووم، خوا لێیان خۆشبێ شەهید عەلی عەسكەری و دكتۆر خالید ئەو فیكرەیان هەبوو كە حیزبێكی نوێ دوور لە پارتی و یەكێتی دروست بكەن.

* ئەی بۆچی عومەر دەبابە چووە سوریا بۆ لای مام جەلال؟

- حكوومەت ناردی. * پێش ئەوەی بڕوات لەگەڵ ئێوە راوێژی نەكرد؟

- من نازانم، چونكە ئەوكات من سەركردە نەبووم، ئەویش لەگەڵ سەركردەكان كۆببووەوە، بەڵام كە هاتەوە پێیگوتین مام جەلال گوتویەتی وەرنە دەرەوە، من چەكم لە لیبیاو سوریا وەرگرتووە.

* باشە ئێوە بەنیازنەبوون حیزبێك دروست بكەن، دوور لە پارتی و باڵی مام جەلال بێ، ئەی چۆن بە فەرمانی مام جەلال چوونەوە چیا؟

- قەیدیناكە، خۆ ئێمە هەر دەچووین، بەس ئەو پاڵپشتیەك بوو كە چەكمان دەداتێ.

* بەڵام مەرجیشی هەبوو...؟

- من نازانم، ئەگەر لەگەڵ عومەر دەبابە هەیبووبێ، بەڵام ئەوە بە ئێمە نەگوترا، تەنها گوتیان ئەو چەكمان دەداتێ.

* بەڵام گوتبووی من دەبمە سكرتێر؟

- نەء، ئەو وەختی نەبوو.

* دواتر مام جەلال ئەو داوایەی كرد؟

- بەڵێ لە مانگی 9ی ساڵی 1977 ئەو داوایەی كرد. ئێمە سەرەتا كاغەزمان بۆ كاك مەسعودو كاك ئیدریس نارد، گوتیان د. كەمال ببینن، ئێمەش د. كەمالمان نەدەناسی، ناچاربووین پەیوەندی بە مام جەلال بكەین بۆ ئەوەی هاوكاریمان بكات،

نەك سەرکردایەتیمان بکات، مام جەلالیش جارەك کەریم خانی ناردبوو، شەهید سەعدی و دکتۆر خالید گوتیان 1500 دیناری داینێ، ئەوان بەمنیان گوت، من نازانم. ئینجا لە پاش سالێك و هەندێك، مام جەلال کاغەزێکی نووسی دەڵێ من بەو مەرجە دێمەوە، هەموو لەسەر دەستەکانی بزووتنەوەو کۆمەڵە ئیمزا بکەن کە من سکرتێر بم. ئێمە لە مەلەکان بووین، سەعدی گچکە بوو، قادر عەزیز بوو، حاجی حاجی برایم بوو، گوتیان وەڵڵا کاك سەید ئێمە هەموو ئیمزامان کردووە، کە مام جەلال بێتەوە، پێمان ناکرێ، ئەو چەکی پەیداکردووەو پارەمان دەداتێ و شۆڕش بە رووت و قووتی ناکرێ، تۆ رات چییە؟ گوتم من رام نییە، بەڵام شەڕیشی لەگەڵ ناکەم، چونکە ئێوە هەمووتان رەئیتان دایەو منیش بەتەنیا نە لە کوردستان دەچمە دەرێ، نەشەڕیشی لەگەڵ دەکەم، بەڵام ئەگەر رەئی من وەردەگرن، رایەکم هەیە، گوتیان بنووسە، گوتم وەڵڵاهی لە ساڵی 1966 چەندت بۆ کورد کرد، ئەو جارەش دەعواکردنەکەت هەر لەوە دەوەشێتەوە، من رازی نیم کە دێیەوە، بەڵام خۆ کوردستان بەس هی من نییە، هی تۆشە، مادام برادەران بۆیان ئیمزاکردی فەرموو وەرەوە، بەڵام بەرەئی من بێت نایەوە، لەبەر ئەوەی لەجیاتی شتمان بۆ بکەی، کێشەمان بۆ دروست دەکەی. من کاغەزەکەم دا دەست حاجی حاجی برایم، حەزدەکەم لێشی بپرسن و لە قادر عەزیزیش بپرسن.

* باشە بۆ بیرتان نەکردەوە لە ناوەخۆتان سکرتێرەك هەڵبژێرن؟

- کەس توانای نەبوو.

* ئەدی کۆمەڵە خۆ سکرتێری خۆی هەبوو، بۆ خۆی تەسلیم کرد؟

- درۆ دەکەن، ئەوان سەر بە مام جەلال بوون، مام جەلال لەو کاتەی هاتە ناو شۆڕش لە دوای بەیانی 11ی ئازار، دروستیکردن.

* سەرەتای ململانێکە رێگای خۆشکرد بۆ ئاژاوەو شەڕی ناوخۆ لە بەینی د. خالیدو عەبدوڵڵا پشدەری بووە، ئەو ململانێیە لەسەر چی بوو؟

- شتی وا نەبووە، ئەوەی تۆی وا تێگەیاندووە غەڵەت بووە، عەبدوڵڵا پشدەری ئامیر هێزێکی فەقیر بووە.

* دکتۆر خالید زیاتر دۆستایەتی لەگەڵ مام جەلال هەبوو؟

- راستە، بەڵام کێشەو موشکیلەکان پەیوەندییان بەو دووانە نەبوو.

* باشە لە ساڵی 1977 مام جەلال و کاك مەسعودو رێککەوتنێکیان کردو کێ دەسپێشخەری کرد ئەو دوو کەسە بگەنە یەك و ئەو رێککەوتنە بکەن؟

- رێککەوتنیان کرد، بەس یەکێتی چوون تفەنگیان هێنا، پارتی لێیدان و هەمووی کوشتن. زابتێکی کوشت کە ناوی مولازم حەسەن بوو، باوکی هەر ئەو کوڕەی هەبوو، بە بەفر فرۆشتن بەخێوکرابوو، هێندێك چەکی هێنابوو، لە رێگا چەکەکانیان لێستاندو کوشتیان.

* مەلا بەختیار کە لە ساڵی 1977 لەگەڵ مام جەلال گەڕایەوە، هاتە دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی، بۆچی هاتە ئەو شوێنانە؟

- وەڵڵاهی ئەوە نازانم، سیاسەتی خۆیان بوو، بەڵام مەلا بەختیار کوڕێکی ئازاو خۆڕاگربوو، بەس لەگەڵ فکرەی ئێمە نەدەگونجا، ئێمە زۆر لەگەڵی رێك نەبووین لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتەکانی لە دەشتی هەولێر زۆر بەدڵی ئێمە نەبوون، بەردەوام زەمی کاك عەلی شەعبانی دەکرد، یان زەمی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد، ئێمەش قبوڵمان نەدەکرد، هێسترێکی لە کابرایەکی ستاندبوو، چل رۆژبوو نەیدابووەوە، ئێمەش گوتمان کاکە تۆ نە شۆڕش دەزانی، نە قسان دەزانی، ئەو خەڵکەشمان لێدەکەی، تۆ کتێبێکی سوورت لەبن هەنگڵی ناوە، چل شەوە هێستری ئەو کابرایەت بردووە، ئێ ئەو کابرایە لە فەلاحەتی کەوت، لە ژیان کەوت، خۆ دەبێ ئەو هێسترە ئەو پیاوە بژیێنێ، ئەوە غەڵەتەو پێمان خۆشە بڕۆی، گوتی بەسەرچاو، ئێمەش رەوانمانکرد.

* لەو شەڕەی کە سەعدی گچکە تێیدا شەهید بوو، ئێوە پێنج بریندارتان هەبوو، بەڵام تەسلیمی حکوومەت کران، ئەوە چۆن بوو؟

- بەڕاستی کاك سەعدی پیاوێکی ئازابوو، لەو شەڕەدا ئەو هەندێك نەخۆش بوو، من سەرپەرشتی شەڕەکەم کرد، کاك قادریش نەخۆش بوو، کە بەسەرکەوتین لە شاخەکە بەجێمان هێشت، شەڕەکە دەوامی کرد، هەشت تەیارە هاتن، ویستیان لەناو

ئێمە بنیشن، گوتم کوڕە لێیان مەدەن با بنیشنەوە، بەڵام لێنەگەڕان لە ئاسمانیَ لێیاندان، قائید فەیلەقیش دانی بەوەداناوەو دەڵێ لەناو تەیارەکان هەر هەشت فرۆکەوانمان برینداربوون و دوو فرۆکەشمان لە کەڵك کەوتن، بەڵام پڕی عەسکەر بوو، زۆربەیان کوژران و لەناوچوون و شەڕ دەوامی کرد، چەند بریندارێکمان هەبوو، قادر عەزیز لەپشت من لەناو کونە بەردان بوون، ئومێدیان بەمن هەبوو کە بەجێیان ناهێڵم، هەستام لەگەڵ کوڕێك بەناوی کەریم بریندارەکانم ناردە خوارەوە لای کاك قادر کە ئەو لە خوارەوە بوو، ئەوانیش بەلای کاك قادر داچووبوون، کاك قادریش نەیگێڕابوونەوە تا چووبوونە ناو هێزی عەسکەری.

* ئەو دەیزانی هێزی عەسکەری لەویَ هەنە؟

- بەڵێ، ئەو بۆ خۆی لە عەسردا کەوتبووە شەڕ، کوڕێکم بەناوی رەشید بەهاوار بۆ نارد گوتم نەوەك تەنگاو بوویێ، رەشید گوتی کە چوومە لای کاك قادر هیچ تەقەی نەکردبوو، گوتم فیشەکم کەم ماوە، ئەو گوتی من فیشەکم هەمووی ماوە، دوو مەخزەن فیشەکی پێدام، گوتی هێندێك تەقەمانکرد، بریندارەکان بەلای ئێمە داهاتن. دیارە نەیانگێڕانەوەو چوونە ناو عەسکەری.

* لە ساڵی 1977- 1978 رەسوڵ مەمەند پێگەی لەناو حیزب چ بوو، ساڵح یوسفی سکرتێر بوو؟

- ساڵح یوسفیمان لە کۆنگرە لادا، پێش ئەوە رەسوڵ مەمەند سکرتێر نەبوو.

* ئێوە ناوتان لەخۆ نابوو بزووتنەوەی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان، رەسوڵ مەمەندیش کابرایەکی عەشایەر بوو، ئێوە لەسەر چ ئەساسێك ئەوتان کردە سکرتێر؟

- رەسوڵ مەمەند کابرایەکی پارێزەر بوو، عەشایەر نەبوو، زۆریش ئازابوو، ئینسانەکی زۆر حیزبی و سەرکردە بوو، خاوەن هەڵوێست بوو، ساڵح یوسفی توانای نەمابوو، حیزبی دیموکراتمان نارد تا بێتە دەریَ، بەڵام توانای نەبوو بێتە دەریَ، لەبەر ئەوە ناچاربووین سکرتێرێك دابنێین داوامان لە دکتۆر مەحمود کرد، بەڵام خۆی هەڵنەبژارد، رەسوڵ مەمەند بووە سکرتێر.

* ئەی کە خۆی هەڵنەبژارد، بۆچی ململانێ لە نێوان دکتۆر مەحمودو رەسوڵ مەمەند دروست بوو؟
- ململانێیەکە زۆر نەبوو، بەڵام شتێکیان لەنێوان دروست ببوو، ئەویش خەڵك لەبەینی دروستیدەکردن، دکتۆر مەحمود تەبیعەتێکی هەیە، ئەگەر ئەقڵی یەکێك نەگرێ لەناو مەجلیس باسی دەکا. یەکێك کەموکوڕییەکی هەبوایە، باسی دەکرد، ئەوەبوو کێشەکان، ئەگینا ئەگەر دکتۆر خۆی هەڵبژاردبووایە، لەوانەبوو دەربچووبایە.
* دکتۆر خالیدو ئەوانی دیکەش خۆیان هەڵنەبژارد؟
- نا، دکتۆر خالیدو ئەوان سەرکردە بوون، کە چووینە هەکاری سەرکردایەتی کاتی کاك سامی لەوێ بوو، نازانم بە چ تەوجیهێك بوو، ئێمە 40کم لەناو خاکی تورکیا بووین، هاتنە سەرمان، شەڕمان لەگەڵ کردن، دوو کەسیان کوژرا، دووشیان بەدیل گیرا، هەر ئەوەندە شەڕەیان کردو شکان، بەڵام عەشائیری کوردی تورکیا کە مام جەلال دەیگوت لەگەڵ ئێمە بوون، هەمووی لەگەڵ پارتی بوون، هاتن دەورەیان لێداین، ئەوەی لێمان کوژرا، هەمووی خەڵکی گوندەکانی کوردستانی تورکیا کوشتیانن، بەڵام لەوانیش کوژران.
* راستە ئەوکات سەرکردایەتی کاتی بەهۆی دوورییان زۆر لەژێر کۆنترۆڵی ماڵی بارزانی نەبوون، هەندێك شت دەکرا ئەوان ئاگایان لێ نەبوو، بۆ نموونە دەڵێن شەڕی هەکاری بەخواستی ئەوان نەبوو، زیاتر خەڵکێکی دیکە پێی هەڵسا؟
- ئەوەی من دەزانم، کاغەزێکی د. کەمال کەرکوکیمان پێگەیشت، دەڵێ ئێوە ئەگەر بۆ تفەنگ دەچوون بهاتبان لەگەڵ ئێمە قسەتان بکردبا، ئێمە خاوەن شۆڕشین، ئێوە بە قسەی ئیدریس هاتوونە، کاغەزەکەم لاماوە. هەڵبەت شەڕەکە کرا، دکتۆر خالیدو جەماعەتەکەی بەلایەکدا رۆیشتن، من بەو سیفەتەی لەماڵی مەلا مستەفا نزیك بووم، دۆستی سەرکردایەتی کاتی بووم، هەر لەو وەختیەوە بەربەرەکانێی جەلالیم دەکرد، بەینم لەگەڵیان ناخۆش بوو، بۆیە گوتم دەچمە لای مستەفا نێروەیی، لە رێگا کوردەکانی تورکیا تووشم بوون، من تفەنگم پێ نەبوو، لای جەماعەت بوو،

تەنها لەکاتی شەڕ تفەنگم هەڵدەگرت، گوتیان خاڵە زەحمەت نەبی ئەو تفەنگانەمان بدەنێ، لەگەڵتان دێین دەتانبەینە لای مستەفا نێروەیی، منیش هێندێك بێ تاقەت ببووم، گوتم وڵاغم بۆ پەیدا بکەن، دوایی کە تفەنگەکانمان دانێ، نەك هەر وڵاغیان بۆ پەیدا نەکردین، بەڵکو ئەزیەتیشیان داین، کە گەیشتینە ئەوێ، لەوێ ڕێزی منیان گرت و خزمەتیان کردم.

* بۆ تۆ بەدیل نەگیرابووی؟

- نەخێر بۆ خۆم چووم، لە کتێبەکەم نووسیتم، ئەگەر وا نییە، با وەڵامیان دابامەوە، کەچی ئەوان گوتیان پاش 10 ڕۆژی دیکە بەرت دەدەین، من پێمگوتن خۆ منتان نەگرتووە، من خۆم هاتوومە، ئەوە بوو هەر شەوێ هەڵاتم، برادەرەکم لەگەڵ خۆم هێنا، زۆر برادەری مام جەلال بوو، ناوی قادر ئاغای پشدەری بوو، مەلەوان بوو، ڕووباری شینمان لە پێش بوو، بۆ ئەوەی ئەو لەو ڕووبارە ڕزگارم بکا بەڕاستی پیاوێکی ئازابوو، تەنها ئەو وێرا لەگەڵم بێ، بە برادەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانم گوت، کەسیان نەوێران لەگەڵم بێن، گوتیان خوا بکەم تۆ ڕزگار بی، ئێمە ناوێرین بێین، منیش هەڵاتم. من نەگیرابووم و ئەوانیش بڵێن بەرت نادەین، قەت ئەوەم قبوڵ نییە.

* لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوە دەستێك نەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ مام جەلال زۆر بەهێز بێ و بزووتنەوە تەسلیم بە یەکێتی بکا؟

- نەخێر کەسی وامان نەبوو، د. خالیدو کاك عەلی عەسکەری خۆشیان دەویست.

* کە شەڕی ناوخۆ دەستپێکرد بەتایبەتی لە نێوان ئێوەو یەکێتی، ئەوەی کە زۆر دژی شەڕەکە بوو کێ بوون، چ لەناو ئێوە، چ لەناو یەکێتی؟

- سۆسیالیست هەمووی دژی شەڕەکە بوون، کەسیش قبوڵی نەبوو شەڕ بکرێ، تەوجیهاتی حیزب و کاك ڕەسوڵیش وابوو، دەیانگوت کەی لێیاندان، ئینجا لێیان بدەنەوە، ئەوەش لە دنیادا شتی وەها نییە، من ئەوەم قبوڵ نەکرد، ئەگەرنا من لە هەموویان زیاتر دژی شەڕبووم.

* وا بزانم لە هەموانیش زیاتر شەڕەکەت دەکرد؟

- شەڕەکە هەر من دەمکرد، چونکە قەت قبوڵم نەدەکرد، ئەو بێ لە من بداو زەلیلم بکا، جارێك کەوتمە دوایان گەڕەدێ و یاخسەمەرو سەرگەڵوو ئەوانەم هەموو لێگرتن، لەکاتی گەڕانەوەمان لە هەوارە بەرزە هێزی گەرمیانیان هێنا، لەو شەڕەش چەند کەسێکیان کوژرا، ئێمەش بە سەلامەتی گەڕاینەوەو ئەوانیشمان شکاند.

* راستە فوئاد مەعسوم و مەلا بەختیارو عومەر شێخ موس حەزیان لە شەڕ بوو، بەڵام سالار عەزیزو ئەوانی دیکە دژ بوون؟

- کۆمەڵە پێی خۆش نەبوو، مەلا بەختیارو سالارو نەوشیروان و بەکری حاجی سەفەرو ئەوانە پێیان خۆش نەبوو، مام جەلال و عومەر شێخ موس و فوئاد مەعسوم لەگەڵ شەڕبوون.

* حەمەی حاجی مەحمود تا ساڵی 1980 لەگەڵ یەکێتی بوو، بۆچی لە یەکێتی جیابووەوە، دواتر بۆ سۆسیالیستی هەڵبژارد؟

- ئاخر هەڕەشەی کوشتن و لێدانیان کرد، ئامۆزایەکەشیان گرت، هەڵات هاتە لای ئێمە لە ناوزەنگ. کۆمەڵە لەگەڵی نارێك بوون، ئەو کوڕێکی ئازابوو، حەزی لەسەربەخۆیی بوو، ئیدی کەوتنە دوای، ئەویش هاتە لای ئێمە. ئیدی ئامۆزایەکەی لەوێ گیرا، دوایی بەریاندا.

* راستە دەڵێن حیزبی شیوعی کەیفیان بەتۆ نەدەهات دەیانگوت تۆ کەسێکی راستڕەوی؟

- ناوەڵڵا، بەڵام ئەو خەڵکەی لەناو سۆسیالیست ببوونە مارکسی، بڕێك لەگەڵ من نارێك بوون، دەنا من لە ئەساسەوە لەگەڵ حیزبی شیوعی رێکم، بەڵام ئەوان لەگەڵ من نارێك بوون، چونکە من لە کتێبەکەم عەیبی هەموو لایەکم باسکردووە، عەیبی ئەوانیشم باسکردووە، ئەوان دەڵێن نابێ عەیبی ئێمە باس بکەی، ئێ من عەیبی پارتیشم باسکردووە، وەختی خۆی وا فێر کراوم، ناتوانم درۆ بۆ کەس بکەم.

* تۆ قەت تەئیدی بیری مارکسیەت و لینینیەتت کردووە؟

- نەوەڵڵا.

* ئەی سۆسیالیست ناوەکەی ئیشتراکی بووی، تۆ چۆن لەگەڵیان بوویت؟
- قەیدیناکە، کەس لای من باسی مارکس و لینینی نەدەکرد.
* بەس حیزبەکە بۆ خۆی مارکسی بوو، باسی سۆسیالیزمی عیلمی دەکرد؟
- نا، هیچ نەبوو، بەشی ئەکسەریەت من بووم، ئەو بزووتنەوەیە ئەگەر من بەجێمهێشتبان تێکدەچوون، گوتیان تۆ بۆ خۆت چی دەڵێی بلێ، ئێمە بۆیە وا دەڵێین تا خەڵك حیسابێکمان بۆ بکا.
- لەو ماوەیەدا هەستت نەکرد ئەو حزبە سەرکردایەتیەکی رێکوپێکی نییە؟
- سەرکردەی باشمان هەبوو، خەڵکێکی لەگەڵ بوو، دەیویست هەمووی رازی بکا، بەڵام هەندێ برادەری ناو سەرکردایەتی هەبوو، نەیاندەزانی ئیش بکەن، ئەگینا ئێرانییەکان هاتنەلامان گوتیان ئێمە پارتی و یەکێتیمان ناوێ، ئێمە ئێوە دەکەینە حیزب، بەڵام خۆ لە سنووری رووسیا نین، ئێوە لە سنووری دەوڵەتێکی ئیسلامین، ناوەکەی خۆتان لە سۆسیالیست بگۆڕن، چیتان دەوێ دەتاندەینێ، بەڵام قادر عەزیزو مامۆستا سەعدو مامۆستا ئەمین گوتیان ئەوە مەبدەئی نییە. ئێ ئەوانیش هیچیان نەداینێ. دوایی لایەنەکانی دیکە شتیان وەردەگرت، ئێمەش دەچووین لە پارتیمان وەردەگرت.
* هەتا لەناو سەرکردەکان کێشەو ململانێ هەبوو، ئایا سکرتێر نەدەبوو حەسمی ئەو ململانێیە بکا؟
- موشکیلەمان ئەوە بوو، سکرتێرەکەمان نەیدەتوانی ئەو ململانێیە یەکلابکاتەوە.
* هەتا لەناو پێشمەرگەش هەر کەس بۆ خۆی لە هەرێمێك حوکمی دەکرد، بۆ نموونە قادر مستەفا لە دەشتی هەولێر، حەمەی حاجی مەحمود لە شارەزوور...
- حەمە ئیزنی لەمن وەرگرتبوو، لەبەرئەوەی لە سەرکردایەتی نەیانویست هیچ شتێك لە ئێران وەربگرن.

* بۆ نموونە لە دەشتی هەولێر دەواجینانەو دەڕاسانەتان وەردەگرت، سەرکردایەتی ئاگای لێ نەبوو؟

- بەڵێ وەرمانگرتووە، بەڵام بە ئاگاداری من بوو، چونکە من بەرپرسی سەربازی بووم، نەدەژیاین چی بکەین!؟

* هیچیان دەدایە سەرکردایەتی، یان بۆ خۆیان بوو؟

- ئێمە خوا خوامان بوو، خۆمان بژیەنین، بە دەرۆزە ئیدارەمان دەکرد، بەڵام ئێمە زۆر کەمتر لە یەکێتی شتمان وەردەگرت، ئەوەی یەکێتی بەو میللەتەی کرد، بەعسیش هەر ئەوەندەی پێکرد، دوایی پارتیش هاتەوە هەمان شتی کرد، بۆیە من جگە لە شۆڕشی ئەیلول، قەت ئیعترافم بەو شۆڕشەی دوایی نەکردووە.

* لە کتێبەکەتدا وات دەرخستووە کە رات لە سەرکردایەتی کورد نییە، ئێستاش هەمان رات هەیە؟

- بەڵێ، لە راستیدا من دەروێشی بارزانیمە، ئەو سیفەتەی مەلا مستەفا هەیبوو لەناو شۆڕشی ئێمەدا نەبوو، من ناتوانم تەئیدی شۆڕشێك بکەم کە رێبازەکەی، رێبازی بارزانی نییە، ئەوەی ئەمڕۆ هەیە هیچی لەسەر رێبازی بارزانی نییە، تەنها حەرفێکیشی لەسەر ئەو رێبازە نییە.

* پەیوەندی نێوان نەوشیروان وەك کەسێکی مارکسی لینینی، سوار ئاغا وەك سەرۆك عەشیرەت و جاش لەسەر چ ئەساسێك بوو؟

- حەزدەکەم بزانیت نە کۆمەڵە مارکسی- لینینی بوو، نە سۆسیالیست مارکسی- لینینی بوو، هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بوو.

* ئەی چی بوون؟

- قەومی بوون، ئێستا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ پارتی نییە، من زیاتر شتم لەناو یەکێتی دیتوە کە خزمەتی ئاغاو دەرەبەگی کردووە، مارکسیەت وا نییە.

* دەڵێن رەسوڵ مامەند زیاتر لە حیزبی شیوعی نێزیك بوو، نەك د. مەحمود؟

- رەسوڵ مامەند دۆستایەتی حیزبی شیوعی هەبوو، بەس بەم دواییە نا، چونکە شتی لێ دیتن و بێ هەڵوێست بوون.

* دەڵێن شەهید حەمەی حەلاق، شەماڵی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی کوشت؟

- نەوەڵڵا، ئەوەی شەماڵی کوشت دەزانم کێیە، حەمەی حەلاق و جەماعەت هەر تەقەشیان نەکردبوو.

* لە ساڵانی 1979- 1983 حیزبی سۆسیالیست بە تەنها دەچوون گفتوگۆیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەندامی بەرەی جودبوون، بەڵام پرسی بەجود نەدەکرد، ئەو کات هەڵوێستت چۆن بوو؟

- یەك مفاوەزات کرا، ئەویش لە ڕێگای کاکە حەمەی حاجی مەحمود بوو، ئێمە زۆر پێی رازی نەبووین، ئیدانەشمان کرد. د. مەحمود بە ئاشکرا چووە بەغدا.

* مەبەستم ئەوەبوو بۆچی پرس بە حیزبەکان نەکرا؟

- قەیدیناکە، ئێمە لەوێ بەناوی هەموو کوردستان قسەمان کرد، بەس بەناوی خۆمان قسەمان نەکردووە، ئێمە پێمانگوتن کە گفتوگۆ دەکەین، خۆ گفتوگۆ شتێکی شەرعیە، کورد پێویستی بە گفتوگۆ بوو.

* ئێوە واتان دەبینی بە تەنیا دەتوانن حەقی کورد لە سەدام وەربگرن و حیزبەکانیش لە چیابن؟

- کابرا بڵێ گفتوگۆم لەگەڵ بکەو حەقت دەدەمێ و ئەتۆ بڵێی ناچم، ناکرێ. ئەوان گوتیان بتانبینین بۆ کێشەی کورد، کە چووین لەوێ شتێکی دیکە بوو، گوتیان وەرن و چەك و فیشەکتان دەدەینێ بەخێوتان دەکەین، بەڵام شەڕ لەگەڵ ئەوانی دیکە بکەن، هەڵبەت لە چوونەکە پرس بە مام جەلالیش کرا، ئەو گوتی باشە بڕۆن.

* وەفدەکەتان کێ بوو؟

- دکتۆر مەحمود بە تەنیا بوو.

* عەدنان موفتیشی لەگەڵدا بوو؟

- وا بزانم.

* تۆ هیچ جار لەگەڵ نەبووی؟
- نا. بەس کە هاتبوونەوە، قائیدەکە برای سەدام بوو، بە دکتۆری گوتبوو پێم خۆشە سەید کاکەی لەگەڵ خۆت بێنی، ئەویش گوتبووی باشە، کۆبوونەوەیەکمان لەبارەی سەفەرەکەی کاك دکتۆر کرد، دکتۆر گوتی لەلایەن قائیدێکەوە تەکلیفێك کراوە کە سەید کاکە لەگەڵ خۆمان ببەین، ئەحمەد خان-مان لەگەڵ بوو، ئامر هەرێم بوو، کوڕێکی زۆر جوان و کەشخە بوو، هەستایەوە گوتی من قایل نیم سەید کاکە ببەن. گوتیان بۆ؟ ئەوجا من زۆر ماندوو بووم، هیچم لێ نەمابۆوە، گوتی سەید کاکەی ببینن لێمان پەشیمان دەبنەوە، کاکە من ببەن بڵێن ئەوە سەید کاکەیە، کێ دەزانێ، بووە پێکەنین، نە منیان برد، نە ئەویش.
* لە ساڵی 1982 کە قادر عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی بوو، بۆچی سووربوو لەسەر ئەوەی کە هەر دەچێتە دەشتی هەولێرو ناچێتە هیچ جێیەکی دیکە؟
- قادر عەزیز گەنجێکی خوێن گەرم بوو، خۆڕاگر بوو، وایدەزانی ئەو مستەحەقە سکرتێر بێ، نەك رەسول مامەند، بیری لە دروستکردنی ئینشقاق دەکردەوە، بۆیە دەیویست بێتە ناوچەی دەشتی هەولێر، بەڵام سەرنەکەوت، یەکێتی ئێمەو ئەوانیان دەرکرد.
* لە ساڵانی 1982-1983 خۆپیشاندان زۆر دەکرا، دەڵێن ئەو قوتابی و مامۆستایانەی دەهاتنە ناو شۆڕش، تۆ زۆر پێیان دڵخۆش نەبووی و دەتگوت نازانن تەقەی بکەن. ئەوە راست بوو؟
- نەخێر، گەنجێك دەهات، پێمانخۆشبوو، دژی کەسانی نەزان بووم، ئێمە لەگەڵ برادەرانی یەکێتی بەرەمان هەبوو، رۆژێك مام جەلال کاك عەلی نارده بەغدا، لە جادەی کۆیە پەڕیمەوە، دەبینم ئەوانەی لەبەر تەیارە لەبن بەرد نەدەهاتنە دەرەوە، دەستیان بەشایی کردبوو، منیش گوتم ئەو شاییە چییە؟ گوتیان عەلی عەسکەری چووەتە بەغدا، هیچیان نەداوەتێ و مفاوەزاتەکە پوچەڵ بووەوە، گوتم ئێوە دژی گفتوگۆن، گوتیان بەڵێ، ئێ چیان پێ بڵێم، گەنجن. یەکیان ناوی سامانە درێژ بوو، یەکیان ناوی سەعدی بوو، یەکێکیش ناوی د. عەبدوڵڵا بوو، ئەگەر قسەیەکم

پێ بگوتبان ڕەنگە لەلای مام جەلالی شکایەت بکەن، زۆریشیان لێ تورە بوومە، هەستاین چووینە بانی ماران، شەختە بوو، دەبووایە لە سێ چوار جێیان لە بەستی شەرغە بدەین، من وڵاغم پێ بوو، جەماعەتی ئێمەش شارەزاو قایم بوون، ئەوەی لاواز بوو، یەك یەکم لە پشتە خۆم سوار کرد، لاوازەکانم بە پشتی وڵاغ پەڕاندەوە، گوتمە گەنجەکان، ئێوە گەنجن بپەڕنەوە، دوایی شەوێ دیسان هەمووم لەوبەری بەناو ئاوێدا هێنانەوە، تەنها سامانە درێژ نەبێ، ئەوانیتر هەموویان تەسلیم بوونەوە، ئێ کاکە مادام ئەوەت پێ ناکرێ، بۆ دژی مفاوەزاتی!؟ نەزانن نەزان، یان دەچوون لە مزگەوتان دژی مزگەوت قسەیان دەکرد.

* پێدەچێ لەگەڵ مەلا بەختیار پەیوەندیت باش نەبووبێ وەك لە کتێبەکەشت دەردەکەوێ، بۆچی؟

- هەندێك شتی خراپی کرد، بۆیە لێی توورە بووم، ئەگینا کە هاتە دەرێ مرۆڤێکی خۆڕاگرو شۆڕشگێڕ بوو.

* مام سەید هەموو ساڵێ کە یادی شەڕی کۆڕێ دەکرێتەوە، هەریەك لە حیزبەکان خۆی دەکاتە خاوەنی. ئەوەندەی تۆ ئاگادار بی، ئەوانەی زیاتر دەوریان لە شەڕەکە هەبوو کێ بوون؟

- ڕەسول مامەند، بەرپرسی ڕێگای هەیبەت سوڵتان بوو. یەکێتیش لای ئەزمەڕیان پێ سپێردرابوو. ئەو ڕێیەش، واتە ڕێی هەولێر- سۆران بە کاك مەسعود سپێردرابوو، بە حەقیقەت لەو ڕێگایە بارزانییەکان بەجدی خۆیان ئامادەکردبوو، بەڵام کە ئێمە لە مەسیف شکاین، بەس بارزانییەکان لەوێ مانەوە، کەسی دی لێ نەما. هێزی حکوومەتیش دوابەدوای ئێمە هاتن. ئەمنیش سێ چوار پێشمەرگەم لەوێ بەجێهێشت، دەچووم هاوار بۆ کاك مەسعودی ببەم، تا چارەیەك لەو هێرشەی حکوومەت بکا. بە کاك مەسعودم گوت، ئەگەر لێرە شەڕ نەکەین، هەتا سەرسنورمان دەبەن. من نەشمزانی ئەوها زوو هێزی ڕژێم شۆڕدەبێتەوە، دەنا بەخۆم لەوێ دەمامەوە. لەوێ بارزانییەکان بە سەرکردایەتی حەمەدو حالێ دۆڵەمەڕی و دکتۆر سەعید شەڕەکیان کردبوو لەوێندەر حکوومەتیان شکاندبوو، بەڵام سێ چوار

پێشمەرگەکەی ئێمەشیان لەگەڵدا بوو. من بە کاک مەسعودم گوتبوو، ئەگەر ئازوقە بنێری، ئێمە ئەوێ چۆڵناکەین. خوا هەڵناگرێ بە زووترین کات پشتیوانییەکی چاکی بۆ ناردین و ئازوقەی گەیاند. بارزانییەکان رووەو سەرەوە سەرکەوتن، دیاربوو چەك و فیشەکیشیان گرتبوو و هێزەکەی رژێمیان شکاندبوو، ئێمەش چووین و هەموو حیزبەکان گەڕاینەوەو ناوچەکەمان دابەشکرد، یەکێتی نیشتمانی لای رۆژهەڵاتی بەرکەوتبوو کە جەماعەتی کاك سامی عەبدولڕەحمان و قادر عەزیزیش لەگەڵ ئەوان دانرابوون. لای رۆژ ئاواش، کە دەکاتە سەر گردە هەرە بڵندەکە درابووە سۆشیالیست. دواتر هێزەکەی حکوومەت بەهۆی ئەو گردە شکا، چونکە ئەوەی لە شەڕ بزانێ، دەزانێ ئەو هێزە لە کوێ شکاوە. شیوعییەکان لە شاخێك بوون. دواتر حکوومەت هێرشی هێناو چەند بنکەیەکی گرت، بارزانییەکان 3 برینداریان هەبوو، بارزانییەکان لە شەڕ زۆر شارەزان، کە شکابوون، راستەو راست نەڕۆیشتبوون، بەلاکەی دی سووڕابوونەوە. من ئەوانم دیت، گوتم کوڕە ئەوە بۆ هەڵدێن. ئەوە مەعنای هەیە. گوتم ئەوە کاك مەسعود هێزی هێنا، ئێوە تازە هەڵدێن، ئەوجا گوتیان ئەوە کاك مەسعودیش هات. حەمەد گۆتی قسەمان پێ مەڵێ، من وا برینداران رەوان دەکەم، من بەرپرسی ئەو هێزەم. گۆتم بگەڕێنەوە شتی وا نییە خواهەڵناگرێ دکتۆر سەعیدو ئەوان هاتنەوەو چووینە پاڵ شاخەکە، کە هێزەکەی ئێمە لەوێ بوون. جەماعەتێکی خالید ئاژگەیی، کە سەرپەرشتکارەکەی وابزانم مام سلێمان بوو، ئەوانیش هاتنە سەرێ، لەوێ سەرکەوتین و گەیشتینە جەماعەت دکتۆر سەعید گوتی بانەچینە وێ. پێیناخۆش بوو جێگە بگۆڕین، چونکە کاك مەسعود ئەوی لەگەڵ خالید ئاژگەیی دانابوو. ئەمنیش گۆتم کاکە دکتۆر با جارێ راوەستین، با خۆمان پتەو بکەین. با هێزەکانی ئێمەش بێن، جەماعەتی زیاتر هاتن، کۆمانکردنەوە. لە خوارێ هەندە تەقەکرا. گوتم ئەوە بۆ لە خوارەوە تەقە دەکەن. ئەوا ئەو جوندیانە لە بەسرەوە هاتینە سەر ئێوە، ئێوەش لەوێندەرڕا تەقە دەکەن؟! ناوێرن بەسەر بکەون. گوێم لێ بوو یەکێك، کە ناوی رەسول بوو ئێمە پێمان دەگوت شوانە، پێشتر لەگەڵ ئێمە بوو، دواتر چووبووە

ناو یەکێتی و سەرتیپ بوو. گوتی کوڕە تەحسین کاوانی ئەوە سەید کاکەیە. وەرە با سەرکەوین، دوایێ ناوێرین لە هیچ مەجلیسەك لەگەڵی دانیشین، بە چاوماندا دەداتەوەو دەڵێ لە خوارێ تەقەیان دەکرد. گوتی کاك سەید قسەمان پێ مەڵێ وا هەر ئێستا سەردەکەوین. سێ کەس بوون، هەریەکەو دەوری 15 پێشمەرگەیەکیان لەگەڵ بوو، دوو B.K.Cیشیان پێ بوو، کە ئەوان گەیشتنە لای ئێمە، دکتۆر گۆتی کاکە ئەوە ئەوانیش هاتن، با هێرش بکەین. گۆتم یاڵڵا با هێرش بکەین، کە هێرشمان کرد، دووسێ گردمان گرت. ئیدی لەولاوەش سەفینی مەلاقەرەو هەڵگورد و جەماعەتی حەسەن نەجاڕو ئەوانە هەموو تێکڕا شەڕەکەیان بەڕێوەبرد. بەڵام شکانی هێزی ڕژێم لەلایەن ئێمەوە بوو. ئەوەش بە سەرکردایەتی من بوو. من هێرشەکەم پێ کردن، چونکە ئەگەر شاخێك هێزی دوژمنی لێ بێ، چۆن لە خوارەوە ڕا دەگیرێ. شتی وا لە دنیادا نییە.

* ئەی ڕۆژی ئازادکردنی شاری هەولێر جەنابت لەوێ بووی؟

- من نەهاتبوومەوە خوارێ، ئاگام لێ نییە.

* با بێینە سەر یەکگرتن. کێ بیرۆکەی یەکگرتنی پاسۆك و پارتی گەل و سۆشیالیستی دانا؟ پێتوابوو یەکگرتنەکە ساغ و ڕێك بێ؟

- بیرۆکەکە هی کاکە حەمەی حاجی مەحمود بوو، بۆ ئەوەی حیزبەکە لە ناوببا، کە بە تەواوی تێکیدا.

* خۆ ئەو کاتە ڕەسول مامەند سکرتێربوو، خەڵکی دیکە هەبوو چۆن پێشیان پێ نەگرت؟

- ڕەسول مامەندیش حەزی دەکرد، هەندێ لە برادەران دەیانگوت با د. مەحمود ببێتە سکرتێر ڕەسول مامەندیش لەو شتە عادز ببوو. دەیگوت من چەند ساڵە ماندووبوویمە، ئێستا ئەو وەزعەی هاتییە، دەیانەوێ من بگۆڕن. بۆیە ئەویش خۆی بۆ تێکدانەکە ماندوو نەکرد. وانەبوو ئێمە هان بداو بڵێ بابە ئەوە بۆ تێکدانەو قبوڵی مەکەن. خۆ ئەگەر ئەوەیان بە من بگوتبا، هیچیان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو،

بتوانن تێکی بدەن، من بە تەنهاش بووما، نەمدەهێشت وای لێ بێ، چونکە هێزی سۆشیالیست زۆربەی لەگەڵ من بوون. بەڵام کەس دەنگی نەکرد.

* واتە هەڵوێستی تۆش دیارنەبوو؟

- من نازانم، من شارەزانیمە. من کابرایەکی عەسکەریمە، لە سیاسەت نازانم، گوتیان بەو یەکگرتنە ئێمەش قەوارەمان وەك یەکێتی و پارتی لێ دێ. منیش گۆتم باشە، من چوزانم بۆ تێکدانە.

* دواتر هێندەی نەخایاند رەسول مامەند چووە ناو یەکێتی، ئەوانی دیش چوونە ناو پارتی. لە کاتێکدا ئێوە دەتانویست ببنە هێزی سێیەم، ئەمە چۆن بوو؟

- ئەو یەکگرتنە لەوە دروست بوو، کە ئێمە لە کۆیە دوو بارەگامان هەبوو، یەکێتی هێرشی کردبوونەسەر، یەکیان گرتبوو، یەکیشیان پێ نەگیرابوو، یەك دوو پێشمەرگەی ئێمەیان بریندار کردبوو و لەسەر جادەش گەنجێکیان کوشت.

* لەسەرچی ئەو بارەگایانەی ئێوەیان گرت؟

- هەر بۆ ئەوەی تەنگاومان بکەن و نەمێنین. پاش ئەوەش هێرشیان کردە سەر بارەگاکانمان کاك رەسول مامەند چووە وێندەر. هەندەك لە برادەرانی سەرکردایەتیش وەك شێروان شێروەندی کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو، لەگەڵ ئەحمەد شاکریش کە کۆن لەگەڵ مام جەلال برەك دۆست بوون، ئەوانە زیاتر مەیلیان بەولای دابوو، کاك رەسول هاتبوو کاك مەسعود ببینێ. دووسێ جار هاتبوو کاك مەسعودی نەدیبوو، ئەویش لەوە زۆر عادز بوو کە وەکو پێویست پێشوازیان لێ نەکردبوو، ئیدی هاتەوە لە رکان بووە یەکێتی. کە رۆیشت شێخ محەمەد شاکەلی و شێروان شێروەندی لەگەڵی چوون.

* کە چووە ناو یەکێتی راوێژی لەگەڵ ئێوە کرد، کە بڵێ من دەچمە ناو یەکێتی؟

- نەخێر، هەر بۆ خۆیان چوون.

* بۆچی لەلایەن پارتی پێشوازی لە رەسول مامەند نەکرا؟

- چونکە هەرکە ئێمە خەریك بوو بچینە ناو پارتی، ئەوان کۆبوونەوەکەیان تێکدا، چوون بە تەنیا مانەوە، گۆتیان ئێمە سۆسیالیست تێکنادەین. بڕیاربوو هەموومان

بچینە ناو پارتی، بەڵام ئەوان تێکیاندا، دواتر لە سۆسیالیستەکەش ویستیان کاك مەسعود ببینن، نەیاندیت، راست بوونە یەکێتی، لە خۆیان رانەدیت.

* ئێوە کە تازە سێ حزب یەکتان گرتبووو بەو گەرماو گەرمییە، کێ دەستپێشخەری ئەوەی کرد هەمووتان بچنە ناو پارتی؟

- مەسەلەکە هەر لێدانەکەی یەکێتی نەبوو، کە لە دوو بارەگاکەی ئێمەیاندا لە کۆیە. ئێمەش قبوڵمان نەکرد، چونکە یەکێتی قەت لە هەقی ئێمە نەهاتووە لە شاخ،. بەڵام بەم دواییە دەستمان شکا کە لەگەڵ ئەوانە یەکمان گرت. تەن بەتەن یەکێتی قەت بە ئێمە نەوەستاوە. خۆشیان ئیعتراف دەکەن. ئیعترافیش نەکەن مەیدانەکە شایەدە، کە ئەو دوو بارەگایەیان گرت، بڕیاربوو کۆبوونەوەیەك لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکەین لە هۆتێلی زەیتونە لە هەولێر، چونکە ئەو کاتە یەکێتی و پارتی پێکەوە حکوومەتیان پێکهێنابوو، من هێزەکم ئامادەکردبوو، خانووەکانی ئەو ناوچەیەم هەموو گرتبوو، گۆتم بێن لێرە لێیان دەدەم، نابێ یەك یەکێتی رزگاری بێ. بەڵام ئەو قادر جەبارییە گوتی ئێمە رازی نین. ئەی دوایی چی دەکەیەوە، لێمان دەدەنەوە. گوتم پاشان دەچینە دیبەگە، ئەو کاتە لەژێر دەستی رژێم بوو. دەڵێینە حکوومەت وەرن حەق بدەنە ئێمە، ئێمە لەگەڵ ئێوە دەبین، ئەگەریش هاتن لەوێ لێیان داین، لێیان دەدەینەوە. خواهەڵناگرێ قادر جەباری گوتی ئەوە مام جەلال جارەك هەلی بۆ رێککەوت، جارێکی دی ئەو هەلە بۆ ئێمە رێکناکەوێ بڕۆینە ناو حکوومەت و دوایێ بێینەوە مەیدانێ، لە جاشاتی بێینەوەو لێمان خۆش بن و ببینە شۆڕشگێڕ، ئێمە رازی نابین، ئەوە بوو گوتم من بە تەنێ دەچم، هەر لێیان دەدەم، گوتی وەڵڵا قبوڵی ناکەین و نایەڵین: لە دوای ئەوە من گوتم وەرن با ببینە پارتی. مامۆستا سەعدو کاك سامی حەزیان لێ بوو، بەڵام نەدەوێران لای جەماعەتی خۆمان باسی بکەن، یەکەم جار من گوتم وەرن با لەگەڵ پارتی یەکبگرین، کاك سامی و مامۆستا سەعد دەستیان پێکردو قۆستیانەوە. بەڵام هەردووکیان بە منیان گوت بۆ ئێمە نابێ لە کۆبوونەوە ئەمە بڵێین، مام سەید تۆ ئەم پێشنیارە بکە، هەموو کەس لە تۆ قبوڵ دەکاو ئێمەش هێدی هێدی

دەیخورێنین، ئیدی منیش گوتم یان شەڕ لەگەڵ یەکێتی، یان لەگەڵ پارتی یەکدەگرین. لە رکی ئەو لێدانەی یەکێتی. ئیدی ئەوەبوو بڕیارماندا بچینە ناو پارتی.

* لە ناو ئێوە کەس لە دژی چوونە ناو پارتی رانەوەستا؟

- نەخێر.. بە باشیان زانی.

* ئیشەکەیان بەتۆ کرد؟

- ئاخر.. دواتر بە خۆشیان خۆیان بردە پێشەوە. خۆ من ناچم بڵێم من وەهام گوتووە. ئامادەنیمە شتی وا بکەم. من ئەوەندی کردوومە بەهی خۆمی دەزانم، بە دەست و تفەنگەکەی خۆمی دەزانم. گوێم لەوە نییە بڵێم خەڵکینە منیش ئەوها بووم.

* پەیوەندی شەخسی و سیاسیت لەگەڵ دکتۆر مەحمود باشتر بوو یان رەسول مامەند؟

- وەڵڵا هەردووکیانم وەکو یەکتر خۆشدەویست، چونکە دکتۆر لە شۆڕشی ئەیلول پیاوەکی زۆر دڵسۆز بوو، رۆژ هەتا ئێوارێ بۆ فەقیرو هەژاران دکتۆری دەکرد. دکتۆرم یەکجار زۆر خۆشدەویست. خۆشەویستی شۆڕشی ئەیلول بوو. هەر شتەکی کردبایە لەبەر دڵم نەدەکەوت. بەس کاك رەسولیشم خۆشدەویست.

* کاتێ تۆ پێشنیاری ئەوەت کرد، ئێوە بچنە ناو پارتی، حەمەی حاجی مەحمود هەڵوێستی چی بوو؟ گوتی با نەچینە ناو پارتی؟

- نەخێر، هاتە ناو کۆنگرەش. ئاخر موئامەرە بوو، پێیانگوتبوو. لەناو کۆنگرە ئینجا وای گوت. بەس من تەقریبەن لەناو سۆسیالیستیش هەر پارتی بووم، بەڵام پێم عەیب بوو رۆژەك لە رۆژان بڵێم پارتیمە، بەڵام لەناو سۆسیالیستیش نەمهێشت هیچ کەسێ بەقەد یەك جگەرە قسە بە پارتی بڵێ.

* لەو ئەندامانەی ئێستای ناو پارتی کە پێشتر لە سەرکردایەتی پاسۆك، یان پارتی گەل، یان سۆسیالیست بوون، کاتی یەکگرتن، کەس دژی ئەوەبوون بێنە ناو پارتی، یان بڵێن با بچینە ناو یەکێتی، یان شتێکی دی؟

- نەخێر ئەوانەی هاتبن کەس دژی نەبوو.

* لە دوایین کۆنگرەی پارتی تۆ خۆت هەڵنەبژارد، یان دەرنەچووی، یان پێیانگوتی خۆت هەڵمەبژێرە؟

- خۆی دەبێ کۆنگرە لە ئەندامانی حیزب پێکبێ، بەڵام ئەوان 700 کەسی بێلایەنیان هێنابوو. من خۆم هەڵبژارد، بەڵام ئەوانەی ئەندامی حیزب بوون دەنگیان دامێ، بەڵام 700 کەسەکە دەنگیان نەدامێ، ئێ ئەگەر 700 کەس دەنگت نەداتێ چۆن دەردەچی!؟

* چەند دەنگت هێنا، نزیکت نەکردبوو دەربچی؟

- وەڵڵاهی لەبیرم نییە.

* کاتێ سەدام رووخا، زۆر لە کەسانی بەرپرس فایلیان دەرکەوت، ئاشکرابوون کە پەیوەندییان لەگەڵ بەعس هەبووە. سەبارەت بەتۆ هیچ شتێکی لەو بابەتە هەبوو؟

- نەمزانییە، کاکە حەمەی حاجی مەحمود لە بەغدایێ لیستێکی هێنابۆوە، هی ئەمنی هەولێر بووە، تێیدا نووسرابوو، ئەو کابرایە بەشتێك ئیقناع بکەن ئەوانیش وەڵامیان دابوونەوە. کە ئەو پیاوە نەحەزی لە ئافرەتانە، نە مەشروبخۆرە، نە پارەشی خۆشدەوێ، واتا هیچی لەگەڵ ناکرێ، تەنها چارەی ئەوەیە بکوژرێ.

* بەپێی ئەو زانیارییەی هەتە، ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی زۆر تێدا بوون، کە پەیوەندییان لەگەڵ بەعس هەبووبێ؟

- ئەوە حیزبەکان دەزانن. من فایلی کەسم نەدیتییە.

* بەم دواییە کە بوویە ئەندام پەرلەمان، تۆ خۆت حەزت لێ بوو؟

- ناوەڵڵا حەزم لێ نەبوو. زەوقم لێ نییە هەتا دنیا ماوە هیچ ئیشەك لەگەڵ هیچ حیزبەك بکەم. بەڵام هەندێ برادەری خۆم لە سەرکردایەتی پارتی هاتن گوتیان کاك مەسعود خۆی نوسیتی ببێتە ئەندام پەرلەمان پێمان خۆشە رەتی نەکەیەوە،

ئەمنیش ڕەتم نەکردەوە، دەنا پێم خۆش نەبوو، پێشتریش وایان لێ کردم پۆستێکیان لێ وەرگرم. جارێك کاك جەوهەر نامیق پێیگوتم، کە گوتی کاك مەسعود بۆ لای تۆی ڕاسپاردووم. جارێکی تریش کاك نێچیر بەخۆی گوتی حەزدەکەین ئیشێکمان لێ وەرگری.

* لەو ئاخیرەدا هەندێك لە پەرلەمانتاران داوایان کرد مووچەکەیان زیاد بکرێ، تۆ ئیمزات کرد؟

- وەڵڵا من ئیمزام کردووە، بەڵام هەر نەشمزانی بۆ چییە، هەر گوێشم لێ نەبوو، چونکە لە دوای تەقینەوەکەی کە ویستیان تیرۆرم بکەن، گوێم گران بووە، ئەگەرنا عەیبە مەزبەتە بکەی بڵێی مەعاشم زیاد بکە، شتەکی باشیان نەکرد، گوتیان من وەرە ئیمزا بکە، منیش ئیمزام کرد.

* تۆ هەوڵی تیرۆرکردنت درا، ڕات بەرامبەر تیرۆریستان چییە؟

- خۆی ئەمریکا هەڵەی کرد کە ویستی وەکو خەڵکی ئەمریکا هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی ئێرە بکا، بۆیە لە بەغدا حاڵی بەوە گەیشت، دەوڵەتی ئێمەش هەمان هەڵەی ئەمریکا دەکا، چونکە بەڕاستی حوکمەکی شلە، دەبێ حوکمێکی توند لە دژی تیرۆریستان هەبێ، ژنێك دەبینی هەموو چاوی داپۆشیوە، دەستی داپۆشیوە، کەسێك نییە پێی بڵێ خوشکە بۆ تۆ هەموو خەڵك دەبینی نەزەر نییە، بۆ خەڵك تو ببینێ نەزەرە، یان خەڵك هەیە لە مزگەوتەکان بەشێوەیەك نوێژ دەکا کە جێگەی گومانە، جارەك یەکێکی وام دیت، دیتم چاوم لێ سووردەکاتەوە، گوتم با لە مزگەوت نەیگرم، لە دەرێ دەیگرم، بەڵام لێم بزربوو، ڕۆژێکی دیکە دیتمەوە بە پاسەوانەکانم گوت، کە لە مزگەوت دوورکەوتەوە بیگرن، ئەوەبوو گرتیان تەسلیمی ئاسایشم کرد، بەڵام ئاسایش بەریدا، بەس ئێستاش سوێند دەخۆم ئەو کوڕە تیرۆریست بوو، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم ئەوەی تیرۆریست دروستدەکا، ئەو کەسەیە کە لە ئێزگەو ڕۆژنامەکان دژی ئیسلام قسە دەکا.

* پاش ئەوەندە ساڵە خەبات و چەرمەسەری و بریندار‌بوونە، ئێستا پەشیمان نیت؟
- نەوەڵا بۆ میللەتی خۆم کردووە، پیاوی کەس نەبوویمە، پیاوی میللەتی خۆم بوومە، پێشی شۆڕشی نەتەوەیش، لە دژی ئاغایان شەڕم کردووە، بەرگریم لە میللەتی خۆم کردووە، لەسەر چینەکەی خۆم شەڕم کردووە، لە دەشتی هەولێر من توانیم سەرکەوم، بەڵام حیزبی شیوعی فەشەلی هێنا، هەندێك گیران و هێندێك هەڵاتن و مەسئولی مەفرەزەکە جەمالی شێخ تایەر تەسلیم بووەوە، من بەتەنێ مامەوە.

# کەریم ئەحمەد

سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق

**دانیشتنی یەکەم:**

کەس نییە لە کوردستانی باشووردا کەریم ئەحمەد نەناسێت، بەڵام ناسینەکە زۆر سادەو ساکارانەیە، کەریم ئەحمەد هەر ئەوە نییە ماوەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق و دواتر لە حزبی شیوعی کوردستان-ی عێراق بووە، بەڵکو کەریم ئەحمەد سەرەڕای ئەوەی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕێکی راستگۆی خەباتی سەخت بووە، هاوکات یەکێك بووە لەو سەرکردانەی کە هەمیشە هەق و رەق بووە، ئەوەی لەناو دڵی بووە لەسەر زاریشی بووە، کەسێکی لەروو بووەو هەمیشە ئەوەی ویستوویەتی بڵێ، وتوویەتی، زۆر گوێی بەوە نەداوە ئەنجامەکەی چی دەبێت.

دوای مێژووی (60) ساڵ تێکۆشانی سەخت و بێ پسانەوەی کەریم ئەحمەد، دەتوانین بڵێین یەکێك بووە کە خەباتی بۆ میللەت کردووەو رۆژێك لە رۆژان ئەو خەباتەی بۆ بچووکترین بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئیستیغلال نەکردووە، هەر بۆیە ئێستاش دوای ئەو هەموو رەنج و جەربەزەییەی پێیدا تێپەڕبووە، کەریم ئەحمەد جگە لە سامانی خەباتە پاکەکەی، هیچ شتێکی دیکەی نییە، نە ماڵ نە سامان نە هیچ شتێك، تەنها مێژوویەکی پڕ لە سەروەری. وەك خۆی زۆرجاری دیکەیش باسی کردووە، نموونەی وەکو کەریم ئەحمەد لەناو سەرکردایەتی (حشع)دا زۆر دەگمەن بووە، بەڵکو تاکە سەرکردەیەك بووە، کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە داکۆکیکردن لە مافی نەتەوایەتی کورد بخاتە ناو بەرنامەی سیاسی (حشع)ەوە، بەڵام هەمیشە هەوڵەکانی لە بەرامبەر کۆسمۆپۆلیتە کوردەکان و بەرامبەر

عەقڵیەتی باڵادەستی عەرەبی لەناو (حشع)دا نەیانتوانیوە جێگەی خۆیان بگرن، بەڵام کەریم ئەحمەد کۆڵی نەداوەو ئێستاش وەك خۆی دەڵێت هەر کۆڵ نادات، هەر لەبەرئەوەش بووە، بەردەوام لەناو (حشع)دا سەرکۆنەکراوە، رەخنەی توندی لێ گیراوە، تەنانەت هەندێ لە سەرکردە عەرەبە شیوعییەکان خراپ سەیریان کردووە!! بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر کەریم ئەحمەد لەناو (حشع)دا نەبوایە رەنگە پرسی رەنگرێژکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دواتر مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان لە بەرنامەی حشع زۆر دوابکەوتایە.

کەریم ئەحمەد لە بارەگای (م.س) حشك دا بوو، لەوێ لە ژوورێکی زۆر زۆر سادە دانیشتبوو، کورسی و مێزەکەی هەر زۆر سادەتر، بەهیچ شێوەیەك لە هی کەسێك نەدەچوو کە زیاتر لە نیو سەدە لە سەرکردایەتی (حشع و حشك) دا بوو بێت، ژوورەکەی نەك هەر سپلیتێکی لێ نەبوو، بگرە فێنککەرەوەیەکی زۆر خراپی لێ بوو کە ئاوی تێدا نەمابوو، داوای چایەو ئاوی کرد بۆمان، بەڵام دوای یەك کاتژمێر ئینجا چامان بۆ هات! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە دڵی کەریم ئەحمەد دەکەیتەوە، بەئایندەی کوردستان زۆر گەشبینە، دڵێکی زۆر گەورەی هەیەو ئێستاش خۆی بەسەربازێکی ونی رێگای کارو خەباتی نەتەوایەتی و کوردایەتی و هەژاران دەزانێت، فەرموو با هەموومان پێکەوە بزانین کەریم ئەحمەد چۆن دەدوێ.

* بەر لەوەی بێیتە ناو حزبی شیوعی، لەسەردەمی گەنجێتیتدا، ئینتمات بۆ هیچ حزبێکی دیکە نەبوو؟

- من ئینتمام بۆ هیچ حزبێکی دیکە نەبوو، لە سەرەتاوە تەنها هەستم بە داکۆکیکردن لە عێراق دەکرد. من قوتابی بووم، لەناو قوتابیاندا سێ گروپ هەبوو، یەکەمیان گروپی نەتەوەیی عەرەب بوو، دووەمیان گروپی نەتەوەیی کوردی بوو، سێیەمیان گروپی عێراق بوو (عێراقچییەتی).. گروپی یەکەم سەر بە فاشییەکان بوو، سەر بە هیتلەریزم بوو، گروپی نەتەوەیی کوردی سەر بە ئینگلیز بوو، دوو شتی دژ بەیەك بوو، گروپی عێراقی سەربەخۆ، بەرگری لە کێشەی عێراق بە کوردو عەرەبەوە دەکرد، رێکخستنی نەبوو، بەڵام گروپی نەتەوەیی عەرەب و گروپی نەتەوەیی کوردی، رێکخستنی سیاسیان هەبوو. لە سەرەتاوە هەستم دەکرد لەناو گروپەکەی ئێمە پشتگیری لە کێشەی کورد دەکرا.

* ئەو پشتگیرییە بەپێی پێویست بوو، یان هەر شتێکی رووکەش بوو؟

- نا، گفتوگۆمان دەکرد، بۆ نموونە ئەوانەی تەواو عێراقچی بوون، دەیانگوت هەموو عێراقییەکان یەکسانن و هیچ جیاوازیان نییە، من وەڵامم دەدانەوە، دەمگوت: راست ناکەن، یەکسان نین، ئەوە عەرەب دەوڵەتی هەیەو هەموو شتێ بەکاردێنێ، کورد هیچی نییە، ئەوە کوا یەکسانین؟! هەندێك لەوان پشتگیرییان دەکردم، بەڵام هەندێك نە، دەمویست بزانم ئەوانەی پشتگیریم دەکەن، کێنەو بۆچی پشتگیریم دەکەن، لەوان زیاتر نزیکتر دەبوومەوە نە لەوانی دیکە، نەشم دەزانی رێکخستن هەیە، یان نا، بەڵام کە شتم لە بابەت شۆڕشی بارزان و لە بابەت کوردستان تەرح دەکرد، ئەوان پشتگیرییان دەکردم، بەڵام هەندێکی دیکە دەیانگوت ئەوە تەفریقەیە.

* واتە ئەو گروپە لە سەرەتاوە رووحێکی شۆڤێنیان تێدا هەبووە؟

- نا، شۆڤێنی نەبوون، عێراقی بوون.

* بۆچی هەوڵت نەدا، گروپە کوردییەکە بەڕاستە رێدا ببەی و لە دەستی دەرەوەی دووربخەیەوە؟

- بە دەست من نەبوو، چونکە رێکخستنیان هەبوو.

* نەتدەتوانی لەناو ڕێکخستنەکە ڕۆڵێك ببینی؟
- نا، بڕوام پێیان نەبوو، دژی هیتلەری بووم، دژی ئینگلیزیش بووم، عەرەبەکان دەیانگوت ئینگلیز دەربکەن، ئەڵمانیا بێنن، من پێم دەمگوت ئێوە سەگێك بە سەگێکی دیکە دەگۆڕنەوە.
* دەتزانی بەرپرسی گرووپە کوردییەکە کێیە؟
- دەمزانی، ئەوانە زۆر ئیعتیدائیشان لەسەر دەکردم.
* ئەوانە کێ بوون؟
- بۆ نموونە قوتابییەکانی لەگەڵ خۆمان، هاوڕێ قادر بەکر بوو، ئەحمەد غەفور بوو، ئەوانە لە گروپی نەتەوەیی کوردی سەر بە ئینگلیز بوون، کە تابعی حزبی هیوا بوون. ڕاستە حزبی هیوا ڕۆڵێکی نەتەوەیی گێڕا، هەموویان نیشتمانپەروەرو نەتەوەپەروەر بوون، بەرگرییان لە نەتەوەی خۆیان دەکرد، من هەموو جارێ پێشمدەگوتن کاکە کێ کوردستانی بە عێراقەوە لکاند؟ ئێ غێر ئینگلیز بەسەریدا سەپاندین، ئێوە چۆن دەبنە لایەنگری ئینگلیز؟ گفتوگۆی زۆرمان دەکرد، بەڵام دیاربوو ئینگلیز بەڵێنی دابوو پاش شەڕی جیهانی دووەم، حکوومەت بۆ کوردستان دادەمەزرێنێ، ئەوە بوو گەنجەکانی ناردبوو بۆ سوپای بەریتانی، یەك لەوانە هاوڕێ دلزار بوو، شاعیری گەورە هاوڕێ گۆران لە ئێستگەی ئەوان ئیشی دەکرد، ئێ ئەوانە هەموو نیشتمانپەروەر بوون، لەبەرئەوە من نەچوومە ناو هیچ حزبێك، بەڵام گروپە عێراقییەکە، ئەو گروپەی بەرگری لە کێشەی کورد دەکرد کە زانیم شیوعین زۆر لێیان نزیك بوومەوە.
* ئینتمات لە بۆ حزبی شیوعی، لەبەر زاڵبوونی هەستی چینایەتیت بوو، یان هەستی نەتەوەیی؟
- هەردووکیان، بەڵام چینایەتیەکەم زیاتر بوو، چونکە لە خێزانێکی جووتیار بووم، ئێمە لەبەر ئاغا هیچ کاتێك دوو سێ ساڵمان لە گوندێك ڕانەدەبوارد، باوکیشم ئەو کاتە خەلیفە بوو، سوغرەیان پێ نەدەکرد، ئەویش دەچووە هەر جێیەك لەگەڵ ئاغا ڕێکدەکەوت کە سوغرە نەکات، ئیتر هەر ماوەیەك لە گوندێك بووین، لە باقرتەو

کەسنەزان بووین، دوایی چووینە کاریتان، ئینجا گردەڕەشە، دوایی هاتینە گرد مەلا، ئینجا هاتینە مورتکە، بەو شێوە ئێمە لە شوێنێك سەقامگیر نەبووین، چونکە ئاغا زوڵمی زۆری لێدەکردین.

* پێتوانییە هەموو ئەوانەی لەناو حزبی شیوعی کۆببوونەوە، لە سەرەتاوە لەبەر چەوساندنەوە چینایەتیەکە بووە، لەبەر ئەوەش گلەیی لەو حزبە دەکرێ کە بایەخی بە هەستی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان کەمبووە، زیاتر کێشە چینایەتییەکانی لەلا گرنگ بووەو لە پشت راپەڕینی کرێکاران بووە، نموونەش زۆرن راپەڕینەکانی گاورباخی لە کەرکوك و هێڵی ئاسن و.. دەیانی دیکە، ئایا هەست ناکەی ئەو حزبە دەوری نەبووە لە مانگرتنێك، یان خۆپیشاندانێك لەسەر کێشەی نەتەوەیی؟ - بەراستی ئەو کات حزب زۆر بایەخی بە مەسەلەی چینایەتی و تێکۆشانی چینایەتی دەدا، لە هەمانکات مەسەلەی سەربەخۆیی نیشتمانی عێراقی و بەرگریکردن لەو سەربەخۆییە هەموو شتێك بوو، کە تێیدا مافی چارەنووسی کورد جێبەجێ بکرێ.

* بەڵام نەدەکرا ئەوە بە ئاشکرا باس بکەن کە مافی چارەی خۆ نووسین بوو؟!

- باسمان دەکرد، بۆ نموونە بەیاننامەی حزبی شیوعی دەربارەی شۆڕشی بارزان لە ساڵی 1943 دەرچوو کە تەئکیدی لەسەر داخوازییەکانی ئەو شۆڕشە کردەوە، شۆڕشەکە بەشێوەی نەتەوەیی نەبوو، داخوازییەکانی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوبوو، بەڵام داوای ئیدارەیەکی لامەرکەزی کوردستانی دەکرد، حزب پشتگیری ئەو مەسەلەیەی دەکرد، من خۆم ئەو بەیانەم بڵاوکردەوە، گەیشتە پەرلەمانی عێراقیش لەو کاتدا.

* رەنگە لە ماوەی 10 - 15 ساڵ شتێکی وا کرابێ، بەڵام ئەگەر گرنگی بەلایەنی نەتەوەیی بدرێ، دەبێ لە پڕۆگرامی سیاسیتدا هەبێ...

- بایەخی سەرەکی لەوەدابوو، ئەگەر دیموکراتیەت لە عێراق نەچەسپێ و عێراق نەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، کێشەی کورد چارەسەر ناکرێ. نە دیموکراتیەت هەبوو، نە سەربەخۆیش هەبوو، بۆیە حشع بایەخی بەسەربەخۆیی نیشتمانی عێراق دەدا،

هەروەها بایەخی بە مەسەلەی دیموکراسیەتیش دەدا کە مەسەلەیەکە بەستراوەتەوە بە پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

* دوای زیاتر لە 60 ساڵ لە خەبات و تێکۆشانت لەناو حزبی شیوعیدا چۆن ئەو چەمکانە دەخوێنیتەوە، ئومەمیەت، پرۆلیتاریا.. کە خەڵکانێك لەپێناویدا ماندووبوون و کێشەیان بۆ دروستبوو، هەست ناکەی پاش ئەو هەموو خەباتە، ئەو دروشمانە مایەپووچ مانەوە؟

- مایەپووچ نییە، بەڵام جێگیر نەبووە، چونکە چارەسەرکردنی مەسەلەی نیشتمانی مەسەلەیەکی سەرەکییە لە مارکسیزم و لینینیزمدا، پێش و پاش شەڕی جیهانی یەکەمیش، هەموو جیهان لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکان دابەشکرا، کە نەتەوەکانیان دەچەوساندەوە، لەبەرئەوە پرسی سەربەخۆیی نیشتمانی بووە قەزیەیەکی ئەساسی لە مارکسیەت.

* حزبی شیوعی عێراقی لەسەردەمی زوودا کە تۆ تێیدا گەنج بووی، حزبێکی شۆڕشگێڕ بوو، حزبێك بوو تەحەدای حکوومەت و دەسەڵاتی دەکرد، هەر بیویستبا بە هەزاران خەڵکی دەهێنایە سەر شەقام، هەست ناکەی حزبی شیوعی کوردستان کە درێژبووەوەی ئەوە، ناتوانێ ئەو رۆڵە ببینێ، بۆ ئەمەش رای جیاواز هەیە، هەیە دەڵێ حزبەکە زۆر بچووك بۆتەوەو هیچ قودرەتی نەماوە، وەکو مەسەلە کوردییەکە دەڵێ پڵنگ بوو، دوایی بوو بە پشیلە، یا دەستی بە کڵاوی خۆی گرتووە با نەیبا، یاخود دەڵێن ئێستا رۆشنبیرو نوسەری لەگەڵ نەماون، لە کاتێکدا جاران ئەو توێژەی زۆربوون، ئایا هەست ناکەی ئەوە خەلەلێکی گەورەیە لەناو حزب دروستبووە؟

- خۆت دەزانی مەسەلەی پەرەسەندنی بارودۆخی سیاسی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی لە دنیا، بە وەتیرەیەکی بەرەوسەرو سەربەخۆ (تەساعودی موستەقل) ناڕوا، حەلەزۆنییە، شکستی هەیە، سەرکەوتنیشی هەیە.

* بەڵام حەلەزۆینەکە دەبێت رووەو سەرەوە بێت، نەك بۆ خوارەوە؟
- دەبێ بچێتە سەرەوە، بەڵام حەلەزۆنییە، ئیتر ئەو پەرەسەندنە بەسەر هەموو جیهاندا هاتووە، کاتی خۆی لە کوردستان پارتی و شیوعی هەبوو، یەکێتی هەر نەبوو، ئەوسا پارتی هێشتا نەهاتبووە دەسەڵات، حزبی شیوعی لە پارتی بەهێزتربوو.
* رەنگە ئەمە لە رووی رێکخستن وابووبێ، نەك لە رووی جەماوەرییەوە؟
- با، لە رووی جەماوەریشیەوە، لە ساڵی 1948 ئەندامێکی عەرەب بۆ ئەنجومەنی نوێنەران پاڵێورا، لەگەڵ مەحمود فەقێ هەمەوەندی، لە بیرمە 43 دەنگدەری سانەوی دەنگییان لەبۆ ئەوانە دا، دوو دەنگدەر دەنگییان لە بۆ پارتی دا، ئەوە لە سلێمانی وابوو کە مەرکەزێکی نەتەوەییە، بمانەوێ و نەمانەوێ لە بنچینەدا وایە، هەولێر وا نییە، ناوی نەتەوایەتی (عەونی) هێنایە هەولێرو دەستی بە دامەزراندنی قەزیەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی کرد، لەبەرئەوە دەڵێم حزبی شیوعی ئەو دەورەی هەبووە.
* من مەبەستم ئێستایە؟
- ئێستا جیاوازە، ئێستا پارتی و یەکێتی دەستەڵاتدارن، ئەوانە بەرگری لە کێشەی نەتەوەیی دەکەن.
* کەواتە خەلەلەکە لێرەدایە حزبی شیوعی ئەو دیفاعەی نەکرد؟
- نا، بەڵام خەلەلی گەورە ئەوە بوو حزبی شیوعی عێراق رێکخراوی کوردستانی نەکردە حزبی شیوعی کوردستان، کە ئێمە لە کۆنەوە داوای ئەوەمان دەکرد، چونکە کورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە، کورد دەوڵەت و کیانی بۆ دادەمەزرێ، لەبەرئەوە دەبێ لە ئێستاوە ئەو حزبە دابمەزرێ، بەڵام ئێمە زۆر لێی دواکەوتین. لەلایەکی دیکەوە خۆ حزبی شیوعی بەشداری شۆڕشی کوردی کرد، ئەوکات هەر پارتی و شیوعی هەبوون، یەکێتی نەبوو، ئەوان لە 1964 لە پارتی جیابوونەوە، بەڵام چووە لایەکی دیکە، کە دژی شۆڕشی ئەیلول بوو ئێمە بەشداری شۆڕشمانکرد، بەڵام رۆڵی سەرەکی پارتی و بارزانی گێڕایان.

* ئێوەش لە شاخ بوونەو دژی رژێمی بەعس بوونە، بۆچی نەتانتوانی دەوری سەرکردایەتی ببینن؟

- ئاخر، دەوری پارتی و بارزانی هەیە، ئێمە لەو چوارچێوەیەدا هاوپەیمانیشیمان کردووە، چۆن ئێمە ئەو هاوپەیمانێتیە ببەزێنین، چونکە شۆڕشی کورد لە ئەیلول، بوو بە شۆڕشی راستەقینەی نەتەوەیی کورد لەبەرئەوەی پشتی بە رێکخراو بەست، بارزانی لە کۆنەوە هەوڵیدەدا بزانێ، ئایا عەشیرەتگەری، یان ئایینی، یان رێکخراوی سیاسی کورد کۆدەکاتەوە، کە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان پەیوەندییان بەو کرد، کە حزبی هیوا لە مەسەلەی نەتەوەیی دەوری گێڕا، بۆی دەرکەوت کە رێکخراوێکی سیاسی کوردی کۆدەکاتەوە، نەك عەشایەری، چونکە وەختێك پشتی بە ئاغاو عەشیرەتەکان دەبەست، بەڵام کە شۆڕشەکەی دەستپێکرد، ئەوان خیانەتیان لێکردو بەجێیان هێشت، بۆیە باوەڕی پێ نەمان، هاتە سەر رێکخراوی سیاسی، ئەوسا حزبی هیوا هەبوو، دوایی ئەو حزبە خۆی هەڵوەشاندەوەو پارتی دروستبوو، پارتی بووە بەشێك لە تێکۆشانی بارزانی بۆ کۆکردنەوەی میللەتی کورد، ئیتر شۆڕشی نەتەوەیی سەرتاسەری کورد لەوساوە دەستی پێکرد، لە پێشدا هەموو شۆڕشەکان ناوچەیی بوون، لەولا عەشیرەتێك هەڵدەستا، لەولاتر ئاغایەك هەڵدەستا، هیچیان گشتگیر نەبوون.

* وەك خۆت ئاماژەت پێدا سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق زۆربەیان کوردبوون، بە سکرتێری حزبیشەوە، ئایا ئەو کوردانەش لە عەرەبەکان کۆسمۆپۆلێتی تر نەبوون؟ یان هەوڵیان نەدەدا حزبی شیوعی لەگەڵ پێشهاتەکان بگونجێنن و وابکەن دوانەکەوێ؟

- خۆت دەزانی حزبی شیوعی حزبێکی نەتەوەیی نییە، حزبێکە چینایەتیەکەی لەگەڵ نەتەوەیی تێکەڵ بووە، نەتەوەیی بەشێکە لە چینایەتی ئەوە بۆچوونیەتی، حزبێکی عێراقیە، نە حزبێکی کوردییە، نە حزبێکی عەرەبییە، حزبی هەموو لایەکە، بەو شێوە حزب تەعامول لەگەڵ دنیا دەکات، واقیعێك هەیە، دەبوایە حزب ئەو واقیعە دەرك پێ بکا.

* منیش مەبەستم ئەو واقیعەیە.
- بەڵام برا کوردەکان بەردەوام هەوڵی چەسپاندنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردیان لە هەموو بەرنامەکانی حزبی شیوعی دەدا.
* بەڵام زۆرجار دەگوترێ هەندێك ((هەموویان نا)) لە برادەرە کوردەکان لە عەرەبەکان کۆسمۆپۆلیتتر بوون بەرامبەر کێشەی کوردستان؟
- ئەوە بەشێکە، بەشێکی بڕیاردەر نییە.
* بەڵام رۆڵیان هەبووەو دەنگیان هەبووە.؟
- بێ گومان، کە حزبی شیوعی کوردستان دامەزرا، لەناویاندا بەرهەڵستکار زۆر بوو.
* پێش ئەوەی حزبی شیوعی کوردستان دابمەزرێ، تۆ سکرتێری هەرێمی کوردستان ـ حزبی شیوعی عێراق بوویت، ماوەیەك جۆرێك لەخۆ دوورخستنەوەو بێدەنگی و ناڕازیبوونێکت هەبوو، دەکرێ ئێستا هۆی ئەو هەڵوێستە روون بکەیەوە؟
- من ئەو مەسەلەیە بە ململانێیەکی ناوخۆی حیزب دەژمێرم، بۆ نموونە لە ساڵی 1962 کە کۆمیتەی ناوەندی بۆ دیراسەکردنی بارودۆخی کوردستان کۆبووە، لەو کۆبوونەوەیە مەکتەبی سیاسی پرۆژەی ئوتۆنۆمی خستەڕوو، من نەچوومە ئەو کۆبوونەوەیە، لەبەرئەوەی لە هەر کۆبوونەوەیەك یەکێك ئیستسنا دەکرا، لەبەر وەرگرتنی رێوشوێنی ئەمنی، ئەو جارە من ئیستسنا کرام، من راپۆرتێکی تێروتەسەلم نووسی، داوای فیدراڵیەت و یەکێتی ئارەزوومەندانەم کرد، بەڵام هی منیان قبوڵ نەکرد.
* پێش ئەوەی راپۆرتەکەت پێشکەش بکەی، رای هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیت بە دەست نەهێنا بوو، بۆ چەسپاندنی پرۆژەکەت؟
- با، من لەگەڵ سەلام عادل (ئەبو ئیمان) باسم کردو پشتگیری کردم، ئەو لە مۆسکۆ بوو، نامەیەکی نووسی دەڵێ من پشتگیری دروستبوونی کۆمارێکی ئیتحادی دەکەم.

*ئەی جەمال حەیدەری لەگەڵ چ دا بوو؟
- ئەو لەگەڵ ئوتۆنۆمی بوو، خۆی پرۆژەکەی پێشکەش کردبوو. ئێمە دەمانویست دوانەکەوین لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەوەبوو داوای دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئوتۆنۆمی بۆ کوردستان کرا، پارتی ئەوکات نەیدەزانی چ تەرح بکا، کە راپۆرتی ئێمە دەرچوو پشتگیری ئەو مەوزوعەی کردو بۆ خۆی قۆستییەوە.
* لە ساڵی 1962 - 1991 لەو ماوە دوورو درێژەدا نەتانتوانی قەناعەت بە حزبی شیوعی بێنن کە ئەو پرۆژەیەی تۆ بچەسپێت؟
- زۆرمان هەوڵدا، بەڵام مام جەلال ئەوسا لەگەڵ ئێمە نەبوو، ئێمەو پارتی و لایەنەکانی دیکە لایەك بووین، ئەو بە تەنیا لایەك بوو... ئەو (مام جەلال) داوای دەکرد بەرەیەك لە کوردستان بکرێتەوە کە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکردبوو، داوای دەکرد ئوتۆنۆمیەکی راستەقینە لە کوردستان دروست ببێ، منیش ئەوکات وتارێکم نووسی کە چ بەرەیەکی کوردستانی و چ ئوتۆنۆمیەکمان دەوێ، ئا لەوێوە دەستمان پێکرد بۆ ئەوەی یەکێتی بۆ ئاشتەوایی رابکێشین.
* پرسیارەکەی من ئەوەبوو، ئەو کاتەی خۆت دوورخستەوە، هەستمان کرد سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقیش جۆرێك لە رق و کینەی بەرامبەرت دەنواند، تۆ لەگەڵ ئەو فکرەیە دابووی کە حزبی شیوعی کوردستان دروست بکرێ، دەتویست ئەوە لەناو حزبی شیوعی عێراقیش بچەسپێنی، بەڵام بۆت نەکرا، ئایا ئەم هەوڵانە واینەکرد سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بۆچوونێکی دیکە بەرامبەرت وەربگرێ؟
- ئەوە ململانێیەکی ناوخۆییە لە حزبدا، ململانێی فیکری و سیاسی هەیە، بیروڕای جیاواز هەیە، من دەمێك بوو هەستم بەو مەسەلەیە کردو لەگەڵ هاوڕێ (سەلام عادل)یش باسم کرد گوتوومە پێویستە حزبی شیوعی کوردستان دابمەزرێنین، هاوڕێ فەهد دژی ئەو مەسەلەیە نەبوو، ئەو لە سەرەتاوە لقی دانا، رێکخراوی دانەنا، بەڵام بۆی تەئکید دەکردینەوە کە ئەو لقە دەبێ بەپێی پەرەسەندنی واقعی سیاسی پەرەبسێنێ، چونکە میللەتی کورد رۆژێك دێ ببێتە

دەوڵەت، هەندێك هەزمی ئەو پرسەیان نەدەکرد، دەیانگوت لە وڵاتێکدا دەبێ یەك حزب هەبێ، منیش دەمگوت شەرت نییە، بۆ نموونە ئێستاکە ئیسرائیل هەموو فەلەستینی داگیرکردووە بۆچی فەلەستینیەکان نابنە ئەندامی حزبی شیوعی ئیسرائیل؟ بۆچی حزبی شیوعی فەلەستینیەکان هەیە، بۆچی بۆ ئەوان رەوابێ بۆ کورد رەوانەبێ!؟ دوایی ئەوان لە حزبی شیوعی ئەردەن جودا بوونەوە، چونکە بۆ قەوارەی سیاسی خۆیان هەوڵیان دەدا، لە کاتێکدا حزبی شیوعی ئەردەن دژی قەوارەی سیاسی فەلەستینی نەبوو، بەڵام بایەخی زیاتر بە ئەردەن دەدا، ئەوەندە بایەخی بە قەزیەی فەلەستین نەدەدا، منیش گوتم حزبی شیوعی عێراق بایەخ بە کێشەی هەموو عێراق دەدا، بایەخی تایبەت بە کێشەی کورد نادات، بەڵام حزبی شیوعی کوردستان بایەخی تایبەت بە کێشەی کورد دەدا، هاوڕێیانمان ئەو کێشەیان بە شێوەیەکی راست هەزم نەدەکرد، لەبەرئەوە من کەوتمە ململانێیەکی توند، یەکەمیان جەماعەتی کار دەستیان پێکرد کە داوای حزبی شیوعی کوردستانیان دەکرد، من ویستم ئەو بەڕەیە لەبن پێیان دەربێنم، بیخەینە ژێر پێی خۆمان، چونکە هی خۆمانە، هی ئەوان نییە، دەمزانی ئەوان حزبی شیوعی دانامەزرێنن، چونکە مونشەق حزب دانامەزرێنێ، دەبێتە حزبێکی دیکە.

* بەڵام بهاتبانەوە ناو ئێوە چیان پێ دەکرا؟

- بەڵێ. ئێمە توانیمان ئەوە بچەسپێنین کە دەبێ حزبێکی شیوعی کوردستان دابمەزرێ، بەڵام من داوای پەیوەندی فیدراڵیم کرد لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق، ئەوە ناکۆکیە سەرەکییەکە بوو، چونکە هەندێك لە عەرەبەکانی ناو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق، دامەزراندنی حزبێکی شیوعی کوردستانیی تابع بە حزبی شیوعی عێراقییان پێڕەوابوو، بەڵام من فیدراڵیەتم دەویست کە ئێمە حزبێکی سەربەخۆ دەبین، بەڵام یەکێتی لە نێوان هەردوو حزب هەبێ کە دوو حزبی یەکسان بن لە ماف و ئەرکەکانیان و دوو سەرکردایەتی هەبێ، سەرکردایەتیەکی یەکگرتووش هەبێ. ئا بەو شێوەیە لە بۆی هاتم نووسیشم (کام حزبی شیوعی کوردستانیمان دەوێ-ای حزب الشیوعی الکردستان نرید)و دووجار بڵاویشم کردەوە، چوومە

کۆنگرەش، بەڵام قبوڵییان نەکرد، تا ئێستاش ئەو مەسەلەیە هەر ماوە، تا ئێستاش هەر داوای دەکەم.

* بەڵام تازە چ دەکرێ؟

- دەکرێ چۆن ناکرێ؟ چونکە هەقیقەتە دەبێ بکرێ.

* زۆر جاران دەڵێن هەتا جەمال حەیدەری و سەلام عادل و.. مابوون حزبی شیوعی دەورێکی زۆر قیادیان بینی لە عێراقدا، بەڵام دوای ئەوانەو لە ساڵی 1963 کە بەعس هەموویانی شەهیدکرد، سەرکردایەتی ئەو حزبە کە تا درەنگانێك عەزیز محەمەد سکرتێری بوو بەرەو لاوازی چووە کەئێستا وەك دارێکی بێ لق و پۆپ و بێ سێبەر وایە؟

- ئێمە دەبێ بزانین ئەو حزبە لە چ بارودۆخێك تێکۆشاوەو کاری کردووە. پاش ساڵی 1963 زۆر گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی عێراقدا هات، حکوومەتێکی شۆڤێنی، دیکتاتۆری حوکمی عێراقی گرتە دەست کە دوژمنی بنەڕەتی شیوعییەکان بوو، بەرنامەی سەرەکیشی نەهێشتنی شیوعیەت بوو، بارودۆخێکی زۆر سەخت هاتە پێش لە ساڵی 1963 کادیرێکی زۆرمان ئیعدامکرا، ئێ حزبیش هەر بە کادرەکانی حزبە، بەبێ کادر هیچ پلان و بەرنامەیەکی سیاسی جێبەجێ ناکرێ، بۆ نموونە ئێستا بە تەمام شتێك بدەمە کاك مەسعود، کە بە راستی کاك مەسعود بەرنامەیەکی زۆر پوختی لە پەرلەمان پێشکەش کرد کە بەرنامەیەکە بۆ حکوومەت دەشێ، باشە کێ ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکا، کادر چارەنووسی ئەو بەرنامەیە دیاری دەکا، ئایا ئەو کادرانە ئامادەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە.

* بۆچی؟

- لەبەرئەوەی ئەو کادرانە لەو ئاستەنین، یا هی ئەوەنین گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی بەرەوپێشەوە ببەن، لە کاتێکدا بەرنامەکەی کاك مەسعود کوردستان بەرەو پێشەوەدەبا، بزووتنەوەی کورد بەرەوپێشەوە دەبا، بەڵام کادرەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پراگماتی بەرژەوەندی، زۆرجار بە کاك مەسعودیشم گوتووە، لە دهۆك رایگەیاند کە پاکسازی دەکا، پاش دوو مانگ چوومە لای، گوتم کاك مەسعود کوا

پاكژكردنەوەكەت، گوتی دەمەوێ بیخەمە پێش كۆنگرەی حزب، گوتم كاك مەسعود ئەوجا بۆت ناكرێ، گوتی بۆ؟ گوتم ئەو كۆنگرەیە پڕە لە هەموو كەسێك، ئەوانە هەموو خاوەن بەرژەوەندی خۆیانن، چۆن پشتگیری تێڕوانینی تۆ دەكەن، ئەوانەی كە ئێستا ئێوەیان ویستووە، سبەینێ شكستەك بێنن لەگەڵتان نابن، گوتم بە بیرت دێ لە شەقڵاوە بووین، حكوومەت هێرشی دەكرد، دەمانویست هێرشەكە رابگرین، من 50 كەسم ئامادەكردبوو سواری لۆریشم كردبوون، رەسول مامەند گوتی من 80 كەسم هەیە، گوتم ئەی كاك مەسعود تۆ؟ كاك مەسعود گوتی وەڵڵاهی 12 پاسەوانی خۆم لەگەڵدایە، ئێستا پێیان بڵێم دەتاننێرمە بەرەی شەڕ ئەوانیش بەجێم دێڵن، ئەوجا پێمگوت لە تەنگانە لەگەڵت نین، لەبەرئەوە هیچ بەرنامەیەكی شۆڕشگێڕی دیموكراسی جێبەجێ ناكەن، دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەكەت، ئێمە هاتین یەكسەر ئینقلابمان كرد، چەكمان هەڵگرت، لە ناوەوەش رێكخستنەكانمان لاواز بوون، چونكە لێدرابووین، لەبەر ئەوە نەمانتوانی ئەو دەورە ببینین، دوایی بەشداریمان لەگەڵ حكوومەت كرد كە لەویش زۆر زەرەرمەند بووین، زۆرمان لێ كوژراو گیرا، دوایش هاتینەوە ناو شۆڕشی كوردستان، ئیتر ماوەیەكی نالەبار بوو، حزب نەیتوانی وەكو جاران راست بێتەوە.

* لە كاتێكدا بەعس خەڵكی ئەنفال و سەركوت دەكرد، ئێوە هاوپەیمانی سۆڤیەت بوون، بەڵام نەتانتوانی هەر هیچ نەبێ قەناعەت بە سۆڤیەت بێنن، كە بەعس ئەوەندە خەڵكتان لێ نەكوژێ، بۆ جارێك هەڵوێستێكی توندتان لە بەرامبەر سۆڤیەت وەرنەگرت، هەر هیچ نەبێ رای ناوخۆ بۆ خۆتان رابكێشن؟

- جارێ سۆڤیەت بۆ رووخا؟ ئەگەر حزبی شیوعی سۆڤیەت شۆڕشگێڕ بووایەو بەرنامەی ماركسی- لینینی جێبەجێ بكردبا، نەدەڕووخا، ئەوانیش كەوتنە ناو پراگماتی بەرژەوەندی، كەوتنە ناو بیرۆكراتیەت و دابڕان لە جەماوەر، چ شیوعیەك لە رووسیا هەڵسا بەرگری لە حزبەكەی بكات؟ كێ بەرامبەر گۆرباتشۆف راستبۆوەو بڵێ قەحپەباب ئاوها نابێ !؟

* که ئاوها بوو بۆچی حزبی شیوعی عێراقی هەڵوێستی بەرامبەریان وەرنەگرت؟
- من زۆرجار بەرهەڵست بووم، کە لە ساڵی 1963 مەدحی جەمال عەبدولناسریان کردو خەڵاتی لینینیان دایێ، من رەخنەم لە خرۆشۆف گرت، لە (رێگای کوردستان) نووسیم، حزب موحاسەبەی کردم لەبەرئەوەی رەخنەم گرت.
* نابێ کەس رەخنە لە سۆڤیەت بگرێ؟
- نابێ، چۆن دەبێ!؟ بە هەرحاڵ ئێمە هەندێ جار دەمانزانی سۆڤیەت هەڵەیە، بە دوای بەرژەوەندی خۆی کەوتووە، کە گۆرباتشۆف هات، ئێمە مەترسیەکی زۆرمان لەسەر سۆڤیەت هەست پێکردبوو، دەمانزانی لادان هەیە، بەڵام نەماندەزانی دەڕووخێ. * لادان لەلایەن گۆرباتشۆف بوو، یان پێشتریش هەبوو؟
- پێشتریش، لە خرۆشۆفەوە، هەر چەندە خرۆشۆف بەرگری لێدەکردین، دەستی لە بۆ (عبدلسلام عارف) درێژنەکرد، گوتی ئەوە بە خوێنی هاوڕێیانمان سوورە، لەو کاتەی کە جەمال عەبدولناسر وەك سەرۆك کۆماری عێراق ناساندی، هەرچەندە ئەوەشی کرد، بەڵام ئێمە رەخنەمان لێدەگرت.
* بەڵام دوایی پاڵپشتی بەعسی زۆر کرد؟
- نا ئەوان پاڵپشتی بەعسییان نەکرد، بریژنێف کردی.
* بەپێی ئەو ئەزموونەی لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات هەبوو کە پێی دەڵێن کەمپی سۆسیالیزم و تا کۆتایی 1989 مابوون و بەردەوامبوون، هەستتان نەکرد کە ئەو سیستەمە هیچ داهاتوویەکی نییە، چونکە خەڵك لێی بێزارە، رووخاش کەس ئەسەفی بۆ نەخوارد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەستتان نەکرد کە دوورکەوتنەوە لە واقیع، ئەنجامەکەی ئاوها دەبێ؟
- نا. ئێمە دەمانزانی حزبی شیوعی سۆڤیەت بەرەو لادان رۆیشتووە، ئێ ئەوانیش هەموو تابعی ئەو حزبە بوون.
* بە حزبی شیوعی عێراقیشەوە؟
- ئەویش تاڕادەیەك، بەڵام حزبی شیوعی عێراق لە دەسەڵات نەبوو، ئەوان لە دەسەڵات بوون، هەموویان پێڕی ئەوان بوون، تەنها (چین) پێی چەقاند

گۆرباتشۆفی دەرکرد، ئەو کاتەی گۆرباتشۆف سەرۆك کۆمار بوو، چۆن کە چووە ئەڵمانیا قەناعەتی پێکردن، چووە (چین)یش، بەڵام لەوێ پێیانگوت برۆ دەرێ، ئێمە ئەوە نین سەر بە ئێوەبین. ئەگەر حزبی شیوعی بووایە، دەبووایە خۆی گۆڕانکاری بکردایە، بۆ تەسلیمی سەرمایەداری دەکا، ئەوە حزبی شیوعی نییە، من هەر گوتوومەو ئێستاش دەیڵێم، لە هەر وڵاتێك ئەگەر سۆشیالیستیی تێدا دابمەزرێ، دەبێ فرە حزبی هەبێ، ئەحزابی شیوعی جۆراوجۆر هەبێ، بۆ نموونە لە سەرمایەداریدا حزب یەکجار زۆرە، باشە بۆ لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی چەند حزبێکی شیوعی نەبێ بۆ ئەوەی ببێتە ململانێ لەپێناو زیاتر خزمەت کردن. لەوێ رەخنە نەمابوو، یەك حزب بوو، یەك حزبیش لە ناوخۆیدا ناتوانێ ململانێ بکا، بەڵام ئەگەر حزب زۆربێ، ململانێ دروست دەبێت، کامە حزب بەرنامەی باشتری بۆ سۆسیالیزم هەبێ، ئەو حوکم دەگرێتە دەست، بەڵام ئەوە لە رژێمی سۆڤیەتی دا نەبوو، ئێستا لە چینیش، هەرچەندە خۆیان گۆڕانکاری دەکەن، بەڵام وایان لێدێ، پێویستیان بە دروستبوونی حزبی دیکە هەبێ.

* ئێوە خۆتان پەیوەندیتان لەگەڵ حزبی شیوعی چینی نەبەست، یا کاریگەری حزبی شیوعی سۆڤیەت بوو؟

- بەڵێ حزبی شیوعی سۆڤیەت بوو.

* بۆچی هەوڵتان نەدا وەك حزبێکی مارکسی پەیوەندیان لەگەڵ ببەستن؟ هەوڵماندا، بەڵام بێ سوود بوو، رەخنەیان لێگرتین.

* تۆ تەمەنێکی دووردرێژ لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی و مارکسی دابووی، ئێستا ئەگەر گەنج بیتەوە، ناچی حزبێکی نەتەوەیی دوور لە مارکسیەت دروست بکەی، کە ئەو حزبە خۆی سەرکردایەتی جەماوەری کورد بکات، نەك (انچمام) لەگەڵ حزبێکی نەتەوەیی بکاو حزبە نەتەوەییە کە سەرکردایەتی بکاو ئەویش هەر رەنج بە خەسار بێ؟ - من بۆ ئەو مەسەلەیە دەڵێم، نە پارتی وا دەمێنێ، نە یەکێتیش، نە ئێمەش وا دەمێنین، جارێ هیچمان وەرنەگرتووە، تا ئێستا هەر هەوڵدەدەین قەوارەیەکی سیاسیمان بۆ دروست بێ، کە ئەوە مەبەست و بەرنامەو

ستراتیژیەتی هەموومانە، ئێستا کە گفتوگۆی دەستووری هەمیشەیی دەکرێ، پێوستە ئەو مەسەلەیە جێگیر بکرێ کە کورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیەو دەتوانێ دەوڵەت دابمەزرێنێ، پێویستە لەو دەستوورە ئەوەش جێگیر بکرێ کە ئەگەر پاش ماوەیەك لە جێبەجێکردنی دیموکراتیەت ر فیدرالیەت، شتێك دژی کورد روویدا، کورد بتوانێ دەوڵەت دابمەزرێنێ، ئەوە زۆر گرنگە. لەو باوەڕەداین، لە دامەزراندنی دەوڵەتێك ململانێی چینایەتی دەست پێدەکا، چونکە تا ئێستا ململانێی چینایەتیمان زۆر کز بووە، ململانێیەکە نەتەوەیی بووە. ئەگەر بێتو کوردستان بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا لە هەموو شتێك دوادەکەوێ، من قیرتاوکردنی جادەیەك، یا دروستکردنی باخچەیەك بە پێشکەوتن دانانێم، ئەوە بە شتێکی زۆر شەکلی و کاتی دادەنێم، کوردستان بەوە پێش دەکەوێ کە بەرهەمهێن بێ، پیشەسازی هەبێ، بازاڕ هی خۆی بێ، ئێستا بازاڕ هی خۆی نییە، بازاڕی سەرمایەداری جیهانییە، بڕۆ بزانە هیچ کەلوپەلێکی بەرهەممهاتووی کوردستان هەیە؟ تەنها کلاشی پەڕۆینی هەیە..

* دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەم، کە وەڵامت نەداوە، ئایا دوای ئەو ئەزموونەی هەتە، ئەگەر گەنج بیتەوە حزبێکی نەتەوەیی دروست ناکەی؟

- ئەگەر ئەو حزبانە دواکەوتن، هیچ پێشکەوتنیان نەبێ، دەبێ دروست بکرێ.

* مەبەستم خۆتە، زۆر کەس لە تەمەنێکدا بە قۆناغی شیوعیەتی زۆر گەرمدا رەت بووە، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوتووە کە پێویستە بچێتە قۆناغێکی دیکە؟

- من ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە تەجاوزی ئەو دوو حزبە (پارتی ویەکێتی) بکەم، بیرم لەوە کردۆتەوە ئەو دوو حزبە چۆن پێکبێن، ئەوان هێشتا حکوومەتەکەیان دانەمەزراندووە، ململانێی حزبایەتی تەسك نەمێنێ هەرچەندە ئێستا مام جەلال و کاك مەسعود دژی حزبایەتی تەسك هاوار دەکەن، بەڵام ململانێکە زیاتر بووە. دەبێ ئەو دوو حزبە پێکبێن، لە یەکگرتنی ئەو دوو حزبە شتێکی نوێ پێکبێت، کە ئەو شتە نوێیە لە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتیماندا بێ.

* حزبی شیوعی کوردستان حزبێکی مارکسیه، کەچی تائێستا لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکان، وەکو ئەوانەی درێژبووەوەی ئیخوان موسلمین، یا ئەوانی دیکەن، هەماهەنگیان لە گەڵ یەکدی زیاترە لە حزبە نەتەوەییەکان، ئایا ئەوەش جۆرێك لە لادان لە بیروباوەڕی مارکسی- لینینی نییە؟

- من، پێش سێ ساڵ وتارێکم دەربارەی ئیسلامی سیاسی نووسی، تەئکیدم، لەسەر ئەوە کرد کە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو حیزبە ئایینیانە لەسەر سێ شت دیار دەکرێ، یەکەمیان هەڵوێستیان بەرامبەر نەتەوەی کورد، دووەمیان هەڵوێستیان بەرامبەر دیموکراسی، سێیەمیان رەخنەگرتن لە دەسەڵات، ئەگەر بێتو ئەو حزبە سیاسییە ئایینیانە لەگەڵ ئەو شتانە رێك بکەون، ئێمە پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستین.

* پێتوایە ئەحزابی ئیسلامی بڕوای بە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و دیموکراتیەت هەیە؟

- ئەوان ئیعلانیان کردووە.

* ئەوە راستە؟

- ئەوان ئێستا ئیعلانیان کردووە کە پشتگیری ئەو بۆچوونانە دەکەن، ئێمەش پێ خۆشحاڵین، ئەوان دەڵێن ئێمە وەکو حزبە مەسیحییەکانی ئەوروپا مامەڵە لەگەڵ سیاسەت دەکەین، حزبە مەسیحییەکانی ئەوروپا کە دێنەسەر حوکم ناتوانن دەستوورو دیموکراسیەت ببەزێنن، ئەمانیش دەڵێن ئێمە ئاوهاین، بۆ نموونە ئێستا حزبی ئیسلامی سوننە پشتگیری کێشەی کورد دەکات، بەڵام شیعەکان نایکەن.

* بەڵام ئەوانیش درێژبووەوەی ئیخوان موسلیمینن، ئیخوانیش لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی نەبوو؟

- ئێستا دەڵێن گۆڕاوین، وەکو جاران بیروباوەڕی ئەوانمان نەماوە.

* بەڵام هەر ئەو حیزبە ئیسلامیانەش خەڵکیان تێدا پەروەردە دەبێ و دەبێتە تیرۆریست؟

- من دەڵێم لە رووی فیکرییەوە لەگەڵیان ناگونجێین، بەڵام لە رووی جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسییەوە، ئەگەر هاتوو بەو شێوەیەی کە گوتم، تەعامول بکرێ، ئەوا ئێمە قازانجمان کردووە، چونکە ئەوان هاتوونەتە سەر هەڵوێستی ئێمە، ئێمە نەچووینەتە سەر هەڵوێستی ئەوان.

* بەڵام لەو نووسینانەی کە بۆ ڕێکخستنەکانیان بە نهێنی بڵاوی دەکەنەوە، نەك هەر لەگەڵ ئەو پرسانە نین، بەڵکو بەربەرەکانێی دەکەن و هێرشی توندیشیان بۆ سەر حزبە نەتەوەییەکان هەیە؟

- بەڵێ، ئێستا ئەوان ململانێی پارتی و یەکێتی دەکەن، ئەوان لە هەڵبژاردنەکانی قوتابیان و شارەوانی لە بادینان دەنگی باشیان هێنا، لە ئێمە زۆر زیاتر، سێیەم حزبن، ئێمە چوارەمین، لە رووی فیکریشەوە بڕوایان نە بە حزبە نەتەوەییەکانە و نە بە حزبە مارکسییەکان.

* لە دوایین کۆنگرەی حزبی شیوعی خۆت هەڵنەبژارد، پێشتر باس لەوە دەکرا کە تۆ لەبەر پیری و بێ تاقەتی کارت تەواو، بەڵام لەناو خەڵك باسی شتێکی دیکە دەکرا، پرسیار ئەوەیە خۆ هەڵنەبژاردنت بۆ سکرتێری حزبی شیوعی لەژێر گوشاردا بوو، یان بە ئارەزووی خۆت بوو؟

- مرۆڤ دەگاتە پلەیەك ناتوانێ ئەو رۆڵە بگێڕێ لە رووی جەستەییەوە، بۆ نموونە من پێشتر دەچوومە هەموو شوێنێك و بەردەوام دەجوولام، هەموو ئەو شاخانەم بە پێ دەبڕی، پێشمەرگە نەیدەتوانی لەگەڵم رێ بکا، دەیانگوت ئەگەر ئەو لەگەڵمان بێ، نایێین. بەڵام ئێستا ئەو توانایەم نەماوە، هەستیشم دەکرد پێویستە گۆڕانکاری بکرێ، لە کۆنگرەی پێشووتریش داوام کرد لە سکرتێری حزب نەمێنم، قبوڵیان نەکرد، گوتم باشە بەڵێنم دەدەنێ کە لە کۆنگرەی داهاتوو خۆم هەڵنەبژێرم، گوتیان بەڵێ، بەڵام تۆ دەبێ خەڵك ئامادە بکەی، گوتم من ئامادەی ناکەم، خۆتان ئامادەی بکەن، سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا هەر لەناو حزبم، هەر شتێکیان

بویێ یارمەتیان دەدەم، بەڵام من لە پێگەی بڕیار نیم، تەنها وەکو بیروڕاو پێشنیار هاوکاریان دەکەم.

* باشە لاچوونی هاوڕێ عەزیزیش ڕێی بۆ خۆشکرابوو؟

- خۆیشی قەناعەتی هەبوو.

* بەڵام لە کۆنگرەی حزب عەرەبێك هەستاوەو بە عەزیز محەمەدی گوت، هەتا حزب گەشاوەو زیندوو بوو، تۆ سکرتێر بووی، ئێستا حزبەکە مردووە بۆنەکەت بۆ ئێمە جێهێشتووە، بیشارەوە ئینجا جێی بهێڵە، ئەمە مانای ئەوە نییە لاوازبوونی حزبی شیوعی لە دوای راپەڕین وایکرد عەزیز محەمەد واز لە حزب بهێنێ؟

- نەوەڵڵا ئەوە نەبوو، ئەویش کەوتبووە ناوساڵ، دوایی کەسانی دیکەی گەنج هەبوون، بۆ نموونە حەمید مەجید موسا کەسێکی مەبدەئی و گەنجەو لە پەرلەمان ئەو داکۆکییەی ئەو لە کوردی دەکات، کوردەکان نایکەن، ئێ باشە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە دەوری خۆیان هەبێ، سەرەڕای ئەوە گۆڕانکارییەکی زۆر لە کۆمیتەی ناوەندی حزب روویداو لە کۆنگرەی پێنج کۆمەڵێك کەسی نوێ هاتن. لەبەرئەوە هەبوو دژی هاوڕێ عەزیز بوو، بۆ نموونە تا ئێستاش زۆرکەس دژی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانن، کە بڕیاری ئەو حزبە دامەزراوە.

* دەیانگوت عەزیز محەمەدیش لەگەڵ دروستبوونی حزبی شیوعی کوردستان نەبوو؟

- با، لەگەڵدا بوو، بەڵام منیان بە توندڕەو دادەنا، من واقیعی بزووتنەوەی کوردم زیاتر هەزم کردبوو، ئێستاش لەو باوەڕەدام پێویستە بزووتنەوەی کوردی ستراتیژیەتی هەبێت و ئەو ستراتیژیەتە ببێتە بەرنامەی هەموو حزبە کوردییەکان، ئەوە وامان لێ دەکا کە قەوارەیەکی سیاسی کامل و تەواو دابمەزرێنیین، بەیانی بارودۆخ رەخسا پێویستە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ.

* له ساڵی 1973 که بەرەتان لەگەڵ بەعس دروستکرد، ئەو کاتە سەدام وەك کاسترۆ باسدەکرا، مەدح دەکرا کە ئەوە نەهجی دیموکراتی و شۆڕشگێڕی هەیە و.. هتد...

- ئەوە ئێمەمانان نەبووین، عەرەبەکان بوون کە بە کاسترۆی عێراقیان ناوبرد.

* باشە هەر لەو بەرەیەدا ئێوە لەگەڵ پارتی کەوتنە سەنگەربەندییەکی خراپ کە گوللەتان بە پێشمەرگەوەنا، ئێوە ئەوکات لەناو سەرکردایەتی حزب چۆن توانیتان پشتگیری ئەو دۆخە بکەن کە بەرەنگاری بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی ببنەوە؟

- له بارەی ئەوەوە بۆچوونێکی تایبەتیم هەیەو لە بیرەوەرییەکانیشم نووسیومە، پاش دروستکردنی بەرە لەگەڵ بەعس لەگەڵ بارزانی دانیشتین، پێمان گوت ئەزبەنی، خۆت دەزانی وەزع لە عێراق و کوردستان چۆن پەرەدەسێنێ، گوتم لە مێژووی ئێمە یەکەمجارە کورد شۆڕشی سەرتاسەری هەیە، ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە تۆ سەرپەرشتی ئەو شۆڕشە دەکەی، نابێ بیدۆڕێنین، دەبێ بەرەو پێشەوەی ببەین، بەڵام ئێستا هەست دەکەین بەرەو دۆڕاندن دەچین، کاك مەسعودو کاك ئیدریس و عەلی عەبدوڵڵاو د. مەحمودیش لەوێ بوون، بارزانی گوتی باشە، من وا خۆم لەناو دەمی ئەژدیهایەك دەبینم، دەتوانن دەرم بێنن، گوتم نا وەڵڵا ئەزبەنی ئەو توانایەمان نییە، گوتی من چیبکەم لایەك شایە، لایەك تورکیا، لایەك عەرەبە. گوتمان ئێمە لەگەڵ بەعس بەرەمان کردۆتەوە، بە تەنیا دەرەقەتی نایەین، بەڵام ئێوەمان لەگەڵ بێ، هەزار حیسابمان بۆ دەکەن، وەرنە ناو ئەو بەرەیەو بەیەك کوتلە بەرامبەر بەعس دەوەستینەوە، دیاربوو نە شا رازی بوو، نە ئەمریکاش، چونکە ئەو وەختە پەیوەندییان لەگەڵ ئەوان هەبوو، ئەوەبوو ئێمە لەگەڵ یەك ترازاین، پێموابوو پلان داندرابوو تا ئێمە لێك جیاواز بکەنەوە.

* پیلانەکە لەلایەنە بەعس و سۆڤیەتەوە نەبوو؟

- بەعس و ئەمریکاو شا، هەموو تیکەڵ بوون، پلانەکە ئەوەبوو ئێمە لێك دوور بخەنەوە، کورد بە تەنیا بمێنێ، ئەوەبوو رێککەوتنی جەزائیر هاتەکایەوە، لەو لاوەش ئێمە بکشێینەوە، وایانکرد کە ئێمە دەرچین ئەو کاتەی لە جەبهەی عێراقی بووین،

له ماڵی سامی عەبدولڕەحمان له بەغدا لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان و نوری شاوەیس و ساڵح یوسفی کۆبووینەوە، من و هاوڕێ عەزیزو موکەرەم تاڵەبانی پێمان گوتن به بارزانی رابگەیەنن ئێمه نامانەوێ هیچ پێکدانێك له نێوانمان رووبدات، ئەوە سیاسەتی ئێمه نییه، ئێمه دوور دەکەوینەوە، ئێوه خۆتان بۆ شەڕ لەگەڵ بەعس ئامادە دەکەن، کەیفی خۆتانه، بەڵام ئێمه داخیلی ئەو شەڕە نابین و لێمان گەڕێن، کەچی هەفتەیەکی تێپێنەچوو یەکسەر هێرش هاتەسەر هەموو برادەرانمان، چەند کەسێکیان گرت، حکوومەتیش تەدەخولی نەکرد، ئێ چ بکەین موقاوەمە دەکەی تووشی شەڕ دەبی، موقاوەمه ناکەی به دوات دەکەون، ئەوەبوو من و زەکی خەیریان بۆ لای بارزانی نارد گوتم ئەزبەنی وا کراوەو وا دەکرێ، ئەویش گوتی ئێوه وا دەکەن، گوتم وەڵڵاهی ئەزبەنی هەمووی پیلانه، دەیانەوێ شۆڕشەکه لەناوبەرن، گوتم ئەو برادەرنەی ئێمه بۆ گیراون! چیان کردووە؟ ئیتر گوتی بەرەڵڵایان بکەن، گوتم کاکه بۆ شەڕ له نێوانمان هەبێ، ئەو بڕیاریدا گوتی شەڕ مەکەن، بۆ شەڕ لەگەڵ شیوعییەکان دەکەن، ئێمه شەڕمان لەگەڵ حکوومەتە، ئێمه هاتینەوە دووباره هێرشکرا، ئەو جاره گوتمان با بەرگری بکەین.

* بەڵام هەر خودی بەرەکه هەڵه نەبوو؟

- با، دواتر رەخنەمان له بەرەکه گرت.

* ئەوکات بەرهەڵست نەبووی؟

- نەخێر. لەگەڵدا بووم، چونکه به هەلم زانی بۆ ئەوەی حزب بگەڕێتەوە ناو شار، لەبەرئەوەی حزب زۆر لاوازبوو، بەڵام که بەرەکەمان دامەزراند حزب زۆر پەرەی سەند، سەدام ترسا، له کۆبوونەوەیەکدا گوتی ئێوه تەحەدای ئێمه دەکەن و تەجاوز دەکەن.

* بەڵام بەپێی بیرەوەرییەکانی فاتح رەسول و ئەبو سەربازو.. دەڵێن لەناو کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندی جاری یەکەم بە دەنگێك زیاتر دژی جەبهەکە بوون، بەڵام عەزیز محەمەد وایکرد ئەو جەبهەیە ببەسترێ، لە کۆبوونەوەی دووەم لایەنگرانی جەبهە دەنگێك زیاتر بوون؟

- وەکو یەك بوون، بەڵام وەکو یەك بڕیار نادا، دەبێ زۆرینە بێ، فاتح رەسولیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو، ئەبو سەرباز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو.

* باشە کە ئێوە داواتان لە بارزانی کرد لەگەڵ ئێوە بن بۆ ئەوەی لە بەرە بەهێز بن، ئەوانیش داوایان لە ئێوە نەکرد، کە لەگەڵ ئەوان بن بۆ ئەوەی لە شەڕی دژی بەعس بەهێزبن؟

- نا، داوایان نەکرد، ئێمە لەکاتی رێککەوتنی جەزائیر گوتمان ئەگەر موقاوەمە بکرێ، ئێمە لە بەرە دێینە دەرێ و دێین پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەین.

* بەڵام ئایا ئەوکات شۆڕش دەکرا؟

- وای لێ هاتبوو نەکرێ، بارزانی هەموو لایەکی لێ گیرابوو، سوریا، تورکیا، ئێران هەریەکە لەلای خۆی بەرامبەر بارزانی وەستابوون.

* چەپ لە کوردستان زۆر لەگەڵ حزبی شیوعی هەماهەنگی نییە، نەك هەماهەنگی نییە، بەڵکو زۆرجار رەخنەش لە حزبی شیوعی دەگرن، حزبی شیوعیش هەستدەکرێ متمانەی بەو چەپەی کە هەیە، کەمە، بۆچی حزبی شیوعی نەیتوانی حزبێك بێ، چەترێك بێ بۆ چەپەکانی کوردستان؟

- ئەو چەپانەی تۆ دەیانناسی یان سەر بە پارتین، یا سەر بە یەکێتین، ئەوانە چەپی ئەسڵی نین، چەپی ئەسڵی لە کوردستان زۆر کەمە یان هەر نییە، لەبەرئەوەی کە تۆ دەتەوێ چەپێك بهێنیتە لای خۆت ئەو دەڵێ دەمەوێ بمژێینی، ئێ من لە بۆ خۆژیاندن ئەوم ناوێ، من بۆ سیاسەت و بیروباوەڕ ئەوم دەوێ لەگەڵمدا بێ، هەر بۆیەش ئەوانە دەچنە ناو پارتی و یەکێتی، باشە ئەوە چۆن چەپێکە، ئێمە ئەو چەپانەمان ناوێ سەر بە کەس بن، با سەربەخۆبن.

تێبینی: زۆر پرسی گرنگ مابوو ئاماژەیان بۆ بکەین، بۆیە مامۆستا کەریم ئەحمەد رازی نەبوو، جارێکی دیکەو لە دانیشتنێکی دیکەدا، ئەو پرسیارانەی ماون لێی بکرێ، وەڵام بداتەوە، بۆیە دوای پشوویەك دوو کاتژمێری تر هەندێ پرسی گرنگمان خستە ژێر پرسیارو وەڵامدانەوە، کە لێرەوە دەست پێدەکات.

**دانیشتنی دووەم**

لەبەر ئەوەی مامۆستا کەریم ئەحمەد مێژوویەکی پتر لە 60 ساڵەی پڕ لە خەباتی سەخت و نەپساوەی هەیە، ئیدی ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندیشی هەیە، بۆیە لە دیمانەی یەکەمیدا نەمانتوانی زۆر پرسی گرنگ هەبوون، ئاماژەشیان بۆ بکەین، سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە خوێنەران، بە پێویستمان دەزانی زۆر خاڵی شاراوە هەیە، پێویستە لەگەڵ مامۆستا کەریمدا باس بکرێن، بەتایبەتی کەریم ئەحمەد تێکۆشەرێکی کەم وێنەیە، چ لە بواری راستگۆییدا، چ لە بواری ئەوەی رۆژێك لە رۆژان رەچاوی هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسی بۆ خۆی نەکردووە، هەمیشە گڕی خەبات لە ناو دڵی کەریم ئەحمەددا کڵپەی سەندووە، تەنانەت ئێستاش دوای 83 ساڵەی و دوای ئەو تەمەنە پڕ لە خەباتەی، هەر تێکۆشەرانە دەژی، چاوی لە هیچ نییە، جگە لە خەبات و ئازادی بۆ کوردستان. لە هەر شوێنێکیش پێویستی کردبێ، قسەی هەق و رەقی خۆی کردووە، ئەنجامەکەی هەرچی بووبێ گرنگی پێ نەداوە. بەڵام گرفتی کەریم ئەحمەد ئەوە بووە لە رووی دیپلۆماسییەوە، زۆر کارا نەبووە، پێچ و پەنا نازانێ، هەر بۆیە کەریم ئەحمەد تا ئێستا چ لەناو سەرکردایەتی سیاسی کوردی بەتایبەتی، چ لەناو میللەتی کورد بەگشتی، وەکو خۆی نەناسراوە، لاوازی لە دیپلۆماسیەتەکەی رووی حەقیقی کەریم ئەحمەدی ون کردووە، دەنا کەریم ئەحمەد تێکۆشەرێکی زۆر مەزنە، دەبوو لە سایەی ئەو ئازادییەی کە هەیە، کەریم ئەحمەد زۆر باشترو خۆشتر بژی، چونکە

خەباتی ئەو لەناو (حشع دا)، سەبارەت بە قووڵکردنەوەی گیانی کوردایەتی جێ پەنجەی دیار بووە. بەڵام، کەریم ئەحمەد ئەو شتانەی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ لای کەریم ئەحمەد کۆڵنەدان و خەباتی نەپساوەیە. ئێستاش دڵی کەریم ئەحمەد لە دڵی هیچ شۆڕشگێڕێك کەمتر نییە، بۆیەك چرکە ساتیش بیری لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەکردۆتەوە، کە بۆ ئەمڕۆ زۆر بێ وێنەیە.

بابزانین دیمانەی ئەم بەشەمان دڵی چەند کەس دەڕەنجێنێ و خوێنەرانیش چۆن ئاسوودە دەکات.

* حزبی شیوعی کە لە ساڵی 1934 دامەزراوە، تا ساڵی 1979 سێ کۆنگرەی بەست، ئەوە جێگای گلەیی ئەندامان و دۆستانی ئەو حزبە بوو کە بۆچی حزب کۆنگرە کەم دەبەستێ؟

- ئەگەر چاوێك بە مێژووی حزبی شیوعی بخشێنینەوە، دەبینین پرسی ئەمنی لەبەستنی کۆنگرەو کۆبوونەوەکان رۆڵی زۆری هەبووە، چونکە حیزبی شیوعی بە ئاشکرا کارکردنی بەخۆیەوە نەدیوە، تەنها ماوەیەکی کەم نەبێ، ئەگینا لە زۆربەی کاتەکاندا بەنهێنی کاری کردووە. حزب لە ساڵی 1944 کۆنفرانسی بەست. لە ساڵی 1945 کۆنگرەی بەست، کۆنفرانسەکە وەکو کۆنگرە وابوو، بەڵام ناوی لێنرا کۆنفرانس. دەمانزانی حزبی شیوعی پێویستی زۆری بە کۆنگرە هەیە، بەڵام وەك گوتم لەبەر پرسی ئەمنی کەم دەتوانرا کۆنگرە ببەسترێ.

* جگە لە پرسی ئەمنی، کەمتەرخەمی لە سەرکردایەتیش نەبوو؟ بۆ نموونە نەدەتوانرا لە ساڵانی 1958 و دواتریش کۆنگرە ببەستن؟

- کەمتەرخەمیەکە لەوەوە بوو هەندێك جار لەبەر ململانێی ناوەخۆمان حزب رێگای بەستنی کۆنگرەی نەدەدا، چونکە ئەگەر رێگای بدابا، لەوانە بوو دابەشبوون (ئینشیقاق) روویدابا، لەبەرئەوە کۆنگرەکە نەدەگیرا، هەتا کۆتایی بەو ململانێیە نەهێنرابا.

* مەترسی دابەشبوون لەبەر ململانێی فیکری بوو، یان خەڵکەك لە کۆنگرە دەرنەدەچوون؟

- رووخسارێکی فیکری دەدرایێ، بەڵام هەمووی زاتی بوو، ململانێی لاوەکی و شەخسی و بەرژەوەندی تایبەتی بوو، کەچی رووخسارێکی فیکرییان دەدایێ، ئەو دەیگوت ئەوە بۆرجوازیەو ئەوە بۆرجوازی بچووکە، ئەوە راسترەوەو ئەوە چەپڕەوە. لەبەرئەوە لە بارودۆخێکی وەهادا نەدەتوانرا ئەو کۆنگرانە بگیرێن، بۆیە زۆر دواکەوتین، بەڵام پاشان کۆنگرەکان دەستیان پێکرد، کۆنگرەکانی 2و 4 لە شاخ گیران، لە دوای راپەڕینیش کۆنگرەکانی حزب بە هەمووی گەیشتوونەتە (8) کۆنگرە.

* له ساڵی 1945 كه بارزانیی نەمر چووه ئێران و لەوێ یارمەتی كۆماری مەهابادی دا. دواتر هەر لەوێ هەمزه عەبدوڵڵای راسپارد كه بێتەوه پارتی دیموكراتی كورد دابمەزرێنێ، قسه لەسەر ئەوه هەبوو كه هەمزه عەبدوڵڵا پێشتر ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بووه، ئەگەر ئەوەش نەبێ، كەسێكی ماركسی بووه، پرسیار ئەوەیه بۆچی بارزانیی نەمر هەمزەی بۆ ئەو كاره راسپارد؟ له كاتێكدا بیروباوەڕێكی چەپڕەوی هەبوو؟!

- هەمزه عەبدوڵڵا كەسێكی تێكۆشەر بوو، له گرووپەكانی ماركسی بوو، له كوردستان سەرپەرشتی گروپێكی ماركسی دەكرد، یەكەم كەس بووه سەرپەرشتی گرووپێكی ماركسی كوردی دەكرد له زاخۆ. ئەو كاته له هەولێر گرووپی ماركسی نەبوو، له زاخۆو كەركوك و سلێمانی هەبوو، له سلێمانی عەبدولواحد نوری و كەریم زەند هەبوون...

* ئەی مەلا عروس له هەولێر؟

- ئەوه له ساڵی 1944 و 1945 بوو، بەڵام ئەوانی ناوم هێنان له سییەكان دەستیان پێكردبوو، عەبدولواحد نوری كتێبی ( بەرەو رووناكی ) چاپكرد، لەو كتێبەدا ستایشی سۆڤیەت دەكات، مرۆڤێكی تێكۆشەر بوو، هەمزەش یەكێك لەوان بوو، دوایی پەیوەندی لەگەڵ حەلەقاتی ماركسی له بەغدا كرد، بەڵام پەیوەندی به گرووپه ماركسییه كوردییەكەی خۆی هەر مابوو. هەمزه عەبدوڵڵا له تێكۆشەرانی گروپی پێشكەوتووخوازی كورد بوو، له هەموو كاتێكدا رۆحی نەتەوایەتی له بۆچوونی ماركسیەتیشی دیاربوو، بۆیه لەناو رۆشنبیرانی كورد كەسایەتییەكی كوردایەتی پەیدا كرد. بارزانی هێشتا نەچووبووه ئێران كه هەمزه پەیوەندی لەگەڵ پەیدا كرد بوو، پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعیش هەبوو، لەكاتی دامەزراندنی حزبی شیوعیدا ئەو پەیوەندییەی دروستكرد.

* مادام ئەو لە حەلەقاتی مارکسی بوو، ئەو رۆڵەشی هەبووە، بۆچی لە دەستەی دامەزرێنەری حزب نەبوو؟

- ئەو رێکخستنی حزبی شیوعی لە کوردستان دانەمەزراند، هەر لەسەر حەلەقاتی مارکسی مایەوە.

* دەیویست زیاتر مۆرکێکی کوردانەی بداتێ؟

- بەڵێ. هەمزە عەبدوڵلا پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی هەبوو، پەیوەندی لەگەڵ بارزانیش هەبوو، پێش ئەوەی بارزانی بچێتە ئێران ئەو پەیوەندییە دروست ببوو، کە بارزانی چووە ئێران، ئەویش دواتر چوو، ئەو رۆشنبیرانەی لەگەڵ بارزانی چووبوون، بەتایبەتی(4) ئەفسەرە شەهیدەکە، کەسانی نەتەوەپەروەری پێشکەوتوخواز بوون، پێش چوونیان بۆ ئێران لەگەڵ بارزانی لیژنەی ئازادی کوردستان-یان دامەزراندبوو، ئەوسا قەناعەتیان بە بارزانی هێنا کە نابێ تەنها پشت بە ئاغاو عەشیرەتەکان ببەستێ، ئەوان کوردت بۆ کۆناکەنەوە، ئەوەی کوردت بۆ کۆدەکاتەوە رێکخستنێکی سیاسییە، نەك عەشیرەت و ئاغاکان. دوایی ئەوانە لەگەڵ تۆ (مەبەستم بارزانی یە) راستگۆ نەبوون، هەمووی پەتکیان دەپساند، کە بارزانی دەستی بە شۆڕش دەکرد، ئەوان خۆیان دەکشاندەوە، ئێ چییان لێ بکات، سوێندیشی پێ دەخواردن کە خیانەتی لێ نەکەن، بەڵام سوێندەکەش دەڕۆیشت و بارزانیش بە تەنیا دەمایەوە.

لەبەرئەوە ئەوانە کاریان لە بارزانی کرد کە دەبێ پشت بەرێکخستنی سیاسی ببەستێ، ئەوسا حزبی هیوا هەبوو، تاکە حزب بوو، بەڵام ئەو حزبە بڕوای زۆر بەبەڵێنەکانی ئینگلیز دەکرد، پێی وابوو حکوومەتێك بۆ کورد دادەمەزرێنن، کە ئینگلیز بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، کاریگەری لەسەر کوردەکان هەبوو، ئەوە بوو وازیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز هێنا، دامەزراندنی حزبێکی سیاسییان بۆ کورد بە پێویست زانی. لە ساڵی 1945 هاوڕێ فەهد نووسی کورد پێویستی بە حزبی عەمەلە، نەك حزبی ئەمەل، پێویستە حزبێکی دیموکراتی جەماوەری لە کوردستان دابمەزرێ، تا ئەو میللەتە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هیوا ئەو حزبە

نییە. ئینجا هیوا ململانێی ناوخۆیی تێکەوت و تێکچوو و نەما، هەرچەندە کەسەکانی هەموویان نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازبوون، لە 95%ی گەنجان و رۆشنبیرانی کورد لەناو ئەو حیزبە بوون، هیچ حیزبێکی دیکە بەو شێوەیە فراوان نەبوو، ئەو حیزبە زۆر گەورە بوو. هەمزە عەبدوڵڵاو تۆفیق وەهبی و چەند کەسێك دەستیان بەوەکرد کە پێویستە پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق لە شێوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابمەزرێ، رەشنووسی بەرنامەیەکیان دانا، لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆ، دەبووایە بیخەنە بەردەم بارزانی و پێی بڵێن کە سەرپەرشتی ئەو حزبە بکات، هەمزەو مستەفا خۆشناو چوونە لای بارزانی و پێیانگوت کە دەمانەوێ حزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتی لە شێوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە عێراق دابمەزرێنین. ئێستا لەناوەوە رزگاری و شۆڕش و حزبی شیوعی عێراقی هەموویان ناکۆکییان لە نێواندایە، ئەو حزبە دێت هەموویان کۆدەکاتەوە، بارزانیش پێیان دەڵێ چۆن بیرتان لەوەکردەوەو چۆن دەبێ و چۆن نابێ، سێ رۆژ گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا، بارزانی زۆر پەیوەندار بوو بە پەیوەندی خێزانی، ئەگەر شێخ ئەحمەد شتێکی نەگوتباو لەسەر شتێك رازی نەبووایە، بارزانی نەیدەکرد. بۆیە لەو مەسەلەیەدا بارزانی پێیان دەڵێ دەبێ رووخسەتی شێخ ئەحمەد وەربگرم کە ببمە سەرۆکی ئەو حزبە، ئەگەر ئەو رازی بێ من ئامادەم.

گوتیان باشە تۆ پێی بڵێ، گوتی نا من پێینالێم، چۆن پێیدەڵێم ببمە سەرۆکی حزب، بۆ خۆتان پێی بڵێن. ئەوان چوون لەگەڵ شێخ ئەحمەد دانیشتن و گوتیان زۆرمان باسکرد کە پێویستە حزبێکی وەها دابمەزرێ، ئەو زۆری پێ خۆشبوو، بەس گوتی مەلا مستەفا رازییە، ئەوانیش دەڵێن ئەگەر تۆ رازی بی، ئەو رازییە، گوتی دەپێی بڵێن با بیکات، بە بارزانیان گوتەوە، ئەویش گوتی ئامادەم. ئینجا چۆن دروستبکرێ، هەمزە عەبدوڵڵا گوتی من دەچمەوە عێراق پەیوەندی بە حیزبەکان دەکەم، کە هاتەوە لێرە حزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش) ململانێی ناوەخۆیان هەبوو..

* ململانێیەکە لەسەر چی بوو؟

- ململانێیەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئەو حزبە لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی دادەمەزرێ، یان لەسەر بنچینەی چینایەتی، ئەگەر لەسەر بنچینەی چینایەتی بێت، ئەوە حزبی شیوعییە. ئەگەر لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی بێ، ئەوە حزبی شیوعی نییە، ئینجا کۆنگرەیان بەست. حزبی رزگاریش تابعی حزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش) بوو، کە لەڕووی فراوانی و گەورەییەوە باڵی لە هیوا دەدا.

* کێ سکرتێری ئەو حزبە بوو؟

- کاك عەلی عەبدوڵڵا بوو، چونکە ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش) بوو، کاك ساڵح حەیدەری سکرتێری حزبی شۆڕش بوو. ئەوانە کاتی خۆی لقێك بوون لە یەکێتی تێکۆشان (رابگە الشیوعیین العراقیین) لە کوردستان کە ئەو لقە خۆی هەڵوەشاندەوەو چووە ناو حزبی شیوعی عێراقی، کوردەکان نەچوون، گوتیان ئێمە لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی وتوویژێکی تایبەتی لەبارەی پرسی نەتەوایەتی دەکەین، ئەوە بوو وەفدێکیان پێکهێنا کە ساڵح حەیدەری و کاك عەلی عەبدوڵڵاو نافع یونس چوونە لای هاوڕێ فەهدو لەگەڵی دانیشتن، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوان دەیانگوت لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقمان بدەنە دەست، ئەوکات مەلا عروس بەرپرسی ئەو لقە بوو هاوڕێ فەهدیش گوتی باشە ئێوە هەوڵبدەن، لەناو حزبدا تێبکۆشن هەتا چنگتان بکەوێ، مەعقول نییە لە ئێستاوە بیدەینە ئێوە، ئەوە دیموکراتیەت نییە. ئینجا گەڕانەوە کۆنگرەیان بەست و حزبی شیوعی کوردستانیان دامەزراند، رۆژنامەکەیان ناوی شورش بوو، بۆیە بە حزبی شۆڕش ناویان دەرکرد. دواتر کە ململانێ کەوتە نێوانیان لەوەی ئەو حزبە شیوعیە شەرعیە، یان نا، مەبدەئیە، یان نا، لەو ململانێیەدا کۆنگرەیەکیان بەست، لەوکاتەدا هەمزە عەبدوڵڵا هاتەوە، ئەو هانیدەدان کەوا ئەو کۆنگرەیە کۆتایی بەو حزبە بێنێ، بە ئامانجی دامەزراندنی حزبێکی دیموکراتی کوردی، ئەوە بوو حزبی شۆڕش هەڵوەشایەوە، بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی چوونە ناو حزبی شیوعی عێراقی، حیزبی رزگاریش هەموو بوونە پارتی، ئەوەبوو بە سەرپەرشتی هەمزە

عەبدوڵڵاو بە یاریدەدەری کاك عەلی عەبدوڵڵا، کۆنگرەی پارتی بەسترا، پێشی ئەوە بارزانی مەرجێکی هەبوو، کە دەبێ کاکە زیادی کۆیەو شێخ لەتیفی حەفید لە سەرکردایەتی پارتی دابن، بە راستی کاکە زیاد هەرچەندە ئاغا بوو، بەڵام تا مرد تێکۆشەر بوو، شێخ لەتیفیش ماوەیەك لە سەرکردایەتی پارتی بوو، بەڵام دواتر بووە شیوعی.

* شێخ لەتیف بیروباوەڕێکی ئایینی هەبوو، چۆن بووە شیوعی؟

- کەی شێخ لەتیف بیروباوەڕی ئایینی هەبوو!؟ ئەو شێخایەتی نەدەکرد.

* دەڵێن زۆر کەس لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی بەشداری کرد، کەچی ئەندامی حزبی دیکە بوون، بۆ نموونە ئیبراهیم ئەحمەد؟

- نەخێر، نەمبیستووە ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆنگرە بەشدار بووبێ، ئەو ژێکاف بوو، دواتر بووە پارتی.

* ئەی بۆچی هەمزە عەبدوڵڵا لەناو پارتی نەما، لە کاتێکدا ئەو رۆڵەی هەبووە لە دامەزراندنیدا؟

- هەمزە لە سەرکردایەتی پارتی بوو، پاش بارزانی ئەو بوو، هەتا ساڵی 1958 مایەوە، لەو ساڵەدا ناکۆکی لەناو سەرکردایەتی پەیدابوو، کێشەی چەپڕەوی و راستڕەوییان کەوتە ناو، لەوانە هەمزە، خەسرەو، نەژادو چەپڕەو بوون. ئیبراهیم ئەحمەد بەوە رازی نەبوو، بە بارزانی گوت ئەوانە شیوعین و حزب تێکدەدەن، ئەو بۆ رەواجدان بەخۆی وایدەکرد، چونکە ئەو سەلماندی لەگەڵ بارزانی نییەو دژیەتی، بەڵام ئەوەی رێکخست تا هەمزە لاباو خۆی بێتە جێگای.

* ئیبراهیم ئەحمەد کە لە کۆنگرەی دامەزراندن نەبوو، دواتر هاتە ناو پارتی چۆن توانی ململانێی هەمزە بکات؟

ئاخر دوایی کە هاتە ناو پارتی، یەکسەر هاتە ناو سەرکردایەتی، ئەوکاتیش ململانێ هەبوو، لەناو پارتی تەکەتولات هەبوو، مام جەلال یەکێ بوو لەو کوتلانە.

* مام جەلال لە سەرەتادا لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دابوو؟

- نا، دوایی لەگەڵیدا بوو، سەرەتا گرووپی تایبەتی هەبوو، یەکەمجار لەگەڵ هەمزە بوو، دوایی وازی لێهێنا، یەکەم کەس کە پەیوەندی بە بارزانی کرد لە سۆڤیەت مام جەلال بوو، لە ڕێگای کۆنگرەی قوتابیان و لاوان چووە یەکێتی سۆڤیەت، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر بارودۆخی کوردستان بۆ بارزانی نووسیبوو، کاک مەسعود لە کتێبەکەیدا ئەو ڕاپۆرتەی بڵاوکردۆتەوە، لەو ڕاپۆرتەدا مام جەلال هەزار جوێنی بە ئێمەداوە. ئینجا دەستیکرد بە ناردنی نامە بۆ بارزانی، چونکە بارزانی لەو ماوەیە لە کوردستان دابڕابوو، لەبەرئەوەی پەیوەندی نەبوو، ئاگای لە بارودۆخی ئێرە نەبوو، تا وای لێهات بگەڕێتەوەو ئەو بارودۆخە گۆڕا.

* ڕەفیق حیلمی سەرۆکی حزبی هیوا بوو، بەڵام وەك سەرۆکێکی ڕەمزی بێت، وابوو، قورسایی لەناو ئەو حزبە نەبوو، کەسێك بوو نەیتوانی بەردەوامی بە سیاسەت بەشێوەیەکی وەهابدا کە شتێکی لێ شین ببێ، باشە حزبی هیوا چۆن کەسێکی وایان کردە سەرۆکی خۆیان کە قورسایی نەبوو، هەر هەیکەلێك بوو؟

- ڕەفیق حیلمی لە رووی فیکری و سیاسی مرۆڤێکی رۆشنبیر بوو، رۆشنبیرێکی گەورەبوو، کاریگەریشی لەسەر ناوەندی رۆشنبیری هەبوو، دەیتوانی خەڵك کۆبکاتەوە، بەڵام کەسێکی لیبرالی بوو، ئەو لیبرالیەتەی وایلێکردبوو مەرکەزیەتی بەهێز نەبێ لەناو حزبدا، لەبەر ئەوەش زوو هەڵوەشایەوە.

* دوای نەمانی حزبی هیوا ڕەفیق حیلمی چی بەسەرهات؟

- سەرەتا دانیشت، دوای ماوەیەك هات بۆ لای حزبی شیوعی، بووە دۆستی حزب، بەڵام نەبووە ئەندامی.

* بەهادین نوریش لەناو حزبی هیوادا بوو؟

- نەمبیستووە، ئەو لە مزگەوت فەقێ بوو. لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەیخوێند، زۆرشتی سەیریشی لەکاتی فەقێیایەتی لێ دەگێڕنەوە، دەڵێن فەقێیەك هەبووە جاسوسی حکومەت بووەو خەبەر لە (بەها)و ئەوانە دەدا کە خەریکی کاری ڕێکخستنن، بەها دەزانێ کە ئەو فەقێیە خەبەری لێداوە، هەڵدەستێ کاغەزێك بۆ

(ئەمن) دەنووسێ کە لەبن سەری فلان فەقێ بڵاوکراوەی سیاسی هەیەو دابەشی دەکا، تومەز خۆی بڵاوکراوەکانی لەبن سەری فەقێیەکە داناوە، کە هاتن دەبینن راستە بڵاوکراوە لەبن سەری هەیە، بەڵام نەیانگرت، چونکە فەقێیەکە جاسوسی خۆیان بوو، زانیان کە بۆیان رێکخستووە.

* باشە حزبی شیوعی هەر لەسەردەمی پاشایەتیەوە، هەتا ساڵی 1988 کە بەرەی کوردستانی دامەزرا، بەناو ریزێك بەرە داهاتووە، هەمووشی حزبی شیوعی رۆڵی هەبووە، یان جێی پەنجەی دیاربووە لە دروستکردنیاندا، لەسەردەمی بەعس کە هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی و هاوکاری بوو، چ لە سەردەمی جوقدو جودو دوایی بەرەی کوردستانی، کەچی نەیتوانیوە دەورێکی قیادی لە جەبهەکاندا ببینێ، بۆچی؟

- یەکەم بەرە لە ساڵی 1957 کە بەرەی نیشتمانی عێراق بوو لە نێوان حیزبی شیوعی و حیزبی نیشتمانی دیموکراتی کامل چادرچی و حزبی ئیستقلالی مەهدی کوبەو حزبی بەعس پێکهات، ئەویش بە هەوڵی حزبی شیوعی بوو، هەر ئەو بەرەیەش سەرکردایەتی شۆڕشی 14ی تەمموزی کرد، بەنسبەت دەوری سەرەکی، لە رووی عەمەلی و شەقامەوە هەمووی لەبن دەستی حزب بوو، بەڵام لە رووی سیاسییەوە حزبی نیشتمانی دیموکراتی رۆڵی سەرەکی هەبوو، کامل چادرچی وەکو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر دانی پێدانرابوو، هەموو لایەك لێی رازیبوون.لەو بەرەیە حزب داوای کرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو بەرەکە، بەڵام حزبی بەعس و حزبی ئیستقلال رەتیان کردەوە، گوتیان ئەوە حزبێکی نەتەوەیی و جیاخوازە، نامانەوێ بێنتە ناو بەرە، حزبی شیوعی نارەزایی دەربڕی و گوتی ئەوە حزبێکی نەتەوەییە، چۆن ئێوە نەتەوەی عەرەبن، ئەوانیش نوێنەری نەتەوەیەکن کە مافی چارەنووسی خۆی هەیە، ئەوان دانیان بەوە نەنا، حزبی شیوعی هەڵسا بە تەنیا لەگەڵ پارتی بەرەیەکی کردەوە، دوای شۆڕشی 14ی تەممووزیش، حزب دووبارە ئەو مەسەلەیەی ورووژاندو ئینجا پارتی بووە ئەندام لە بەرەکە، عەبدولکەریم قاسمیش رازی بوو.

* پرسیارەکەم ئەوەبوو بۆچی حزبی شیوعی نەیتوانی سەرکردایەتی ئەو بەرانە بکات؟

- ئاخر لەناو حیزبیشدا ململانێ هەبوو، ئاراستەیەك پێیوابوو کەوا ئێمە پاڵ بەو بارودۆخە نەنێین بەرەو چەپ بڕوا، با بەرەو لیبرالیەت و نیشتمانی بێت باشترە، با حزبەکان نەکەینە دوژمنی خۆمان، ئاراستەیەکیش پێیوابوو ئێستا ئێمە دەتوانین وا بکەین حزب رۆڵی خۆی هەبێ، لایەنگری بردنی بارودۆخەکە بەرەو چەپ بوون.

* تۆ ئەو کاتە لەگەڵ کامیان بووی؟

- من لەگەڵ چەپ بووم، دەمویست حزب رۆڵی خۆی دیاربێ. لەبەرئەوە ئەو ململانێیە وایلێکردین کەوا کۆنگرەش نەبەستین، چونکە بەشێك لەگەڵ قاسم بوون و بەشێکیش دژی بوون، بێگومان ئەوەش دابەشبوون دەخاتە ناو حزب.

* ئەی لە (جوقد)یش هەر ئەو ململانێیانە دەوری هەبوو؟

- جوقد پارتی تێدا نەبوو، هاوڕێ عەزیز داوای کرد کە ئێمە یەکێکمان نەقسە، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە کە پێویستە لەناو بەرە جێگای خۆی هەبێ.

* لەبەرچی پارتی لەگەڵ نەبوو؟

- یەکێتی رازی نەبوو.

* بۆچی ئەو بەرەیە زوو هەڵوەشایەوە؟

- ئێمە بەرەیەکمان لەگەڵ پارتی دروستکرد، ئەوان لێمان رازی نەبوون، نە بەعسی قیادەی قوتر رازی بوو، نە یەکێتی رازی بوو.

* ئەوە لە ساڵی چەند؟

- لە ساڵی 1979 دەستپێکرد، بەڵام لە ساڵی 1980 راگەیەنرا.

* حزبی شیوعی رۆڵی نەبوو لە لەبارچوونی ئەو بەرەیە؟

- با. دەمانویست پارتی بێنینە ناو بەرە، دەمانگوت بێ پارتی بەرە نییە. * ئەو بەرەیەی لەگەڵ پارتی دروستتانکرد، یەکێتیتان داخیل نەکرد؟

- کە بەرەکەمان لەگەڵ پارتی کردەوە، ئەوان رازی نەبوون، ئێمەیان لە ئەندامێتی جوقد سڕکرد، بە پراکتیکیش ئەو بەرەیە پاش دەرچوونی ئێمە نەما.

* دەڵێن حزبی شیوعی لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ هەر لایەنێك بێ تووشی شکست دەبێ؟

- نەخێر وا نییە. لە گفتوگۆی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی پرۆژەی ئێمە سەرکەوت، پرۆژەی یەکێتی سەرنەکەوت.

* مەبەستم لە هەموو وتووێژەکانە؟

- با نموونەیەکت لەو بارەوە بۆ بهێنمەوە، پێشنیارکرا بەرەیەك لەگەڵ ئیسلامییەکانی عێراق بکەینەوە، ئیسلامییەکان زۆر داوایانکرد کە ( بسم الله الرحمن الرحیم) لەسەر کۆنووسی رێککەوتنەکە بنووسرێ، من گوتم نابێ ( بسم الله الرحمن الرحیم) دروشمەکی ئایینییە نەك سیاسی، ئێوە ئایین بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکاردێنن، ئێمە قبوڵی ناکەین. گوتم: باشە ئێوە قبوڵ دەکەن (وگن حر وشعب سعید) لەگەڵ (بسم الله الرحمن الرحیم) بنووسرێ، گوتیان نەخێر، گوتم منیش قبوڵ ناکەم، مام جەلال و نوێنەری پارتیش لەوێ بوون.

* لە ساڵی 1963 دوای کودەتای شوبات، حزبی شیوعی تووشی بارودۆخێکی خراپ هات، هەندێك لە قیادەو قەواعدی حزب هاتنە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان. دەڵێن بارزانی نەمر جێی بۆ دەکردنەوەو یارمەتی دەدان، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد ئازاری دەدان و دەیگرتن لە کاتێکدا ئەو خۆی بە مارکسی دەزانی. بۆچی هەڵوێستی وابوو؟

- ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ وتووێژکردن لەگەڵ بەعسیە کودەتاچیەکان بوو، بەڵام مەلا مستەفا دژی وتووێژ لەگەڵ بەعسیان بوو، دەیگوت ئەوانەی کەسانی پێشکەوتووخوازو نیشتمانپەروەر دەگرن و لە سێدارەیان دەدەن، یان ئەشکەنجەیان دەدەن، ئەوانە خێریان تێدا نییەو هیچمان بۆ جێبەجێ ناکەن. هەرچی ئیبراهیم بوو دەیگوت با ئێمە سوود لەو بارودۆخە وەربگرین، بەڵام بۆچوونەکەی مەلا مستەفا راستتر بوو. ئیبراهیم لەگەڵ ئێمە دۆست نەبووە، بارزانی رێنمایی بۆ هەموو بنکەکانی پارتی دەرکردبوو دەڵێ شیوعییەکان لەو ماوەیە تووشی شکست بوونە، دێن بەرەو کوردستان، پێشوازیان بکەن، لە خۆتان زیاتر خزمەتیان بکەن، بەڵام

ئیبراهیم ئەحمەد شتێکی بڵاوکردەوە دەڵێ شیوعییەکان روو لە کوردستان دەکەن، روویان رەشکەن! ئینجا ئەو شیوعییەکانی دەگرتن و سوخرەی پێ دەکردن. زۆر سەیر بوو! دوایی گەمارۆی ئابووری بەسەردا سەپاندین. من خۆم یەکێك بووم لەوانەی چووینە کلکە سماقە بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی خۆمان دابمەزرێنین، گەمارۆی ئابووری لەسەر دانایین، نەیهێشت هیچ یارمەتیەکمان بگاتێ، رۆژێ یەك نانمان دەخوارد، ئەویش کاکە حەمەی مامە رەزا دەیدایێ، نەیدەهێشت یارمەتیەکانمان پێ بگا کە دەهات دەستی بەسەردا دەگرت. من چوومە لای مەلا مستەفا گوتم ئەوە وامان لێدەکرێ، ئەوسا مام جەلالیش لەوێ بوو، مەلا مستەفا تووڕەبوو، گوتی ئەو ئیبراهیم ئەحمەدە هەمووشتمان لێ تێکدەدا، مام جەلالیش تووڕەبوو گوتی ئەوە کوفرە. دواتر چەکیان لە مامە رەزا و جەماعەتەکەی ستاندبوو، چوومە لای بارزانی گوتم ئەزبەنی ئیبراهیم ئەحمەد دەستی بەسەر چەکەکانی ئێمە داگرتووە، کاغەزێکی داینێ گوتی برۆ چەکەکان وەرگرنەوە، من چووم 15 رۆژ لەو بارەگا بۆ ئەو بارەگا گەڕام، کەس گووی بەکڵاوی نەپیوم، هاتمەوە گوتم ئەزبەنی هیچم وەرنەگرت.. ئینجا لەوکاتەوە ئیبراهیم دەستیکرد بە دژایەتیکردنی بارزانی، ئاخر لە کۆنگرەی کوێسنجق کە کۆنگرەیەکی گەورە بوو، لە هەموو چین و توێژەکانی تێدا بوو بارزانی رازی نەبوو بچنە وتوێژ، گوتی من داوا دەکەم هەرچی زیندانییە ئازادی بکەن، ئینجا وتوێژیان لەگەڵدا دەکەم. رۆیشت گوتی من دەڕۆم ئێوە کۆنگرەی خۆتان بکەن، ئەوە بوو وەفدێکیان بەسەرکردایەتی مام جەلال پێکهێنا، وەفدەکەش هیچی چنگ نەکەوت، دواتر مام جەلال چووە لای جەمال عەبدولناسر، تا ئەو بکاتە واسیتە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە، جەمال عەبدولناسریش هیچی پێ نەکرا، گەڕاوە گوتی ئەوانە هیچ ناکەن. مەلا مستەفا پێیانی گوت من لەسەر هەقم، ئێوە لەسەر هەق نین، ئیتر ئەوەبوو هەر شتێك دەبوو لە دژی مەلا مستەفا رادەوەستان، مەکتەبی سیاسی لە کۆنفرانسی ماوەت بڕیاریدا بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی تەجمید بکات. من و هاوڕێ عەزیز چووینە لای بارزانی گوتمان ئەزبەنی ئەوە تۆ چی دەکەی؟ بۆ خۆت تووشی ئەوانە دەکەی،

ئەوانە شاخن قوەتێکن و شەڕکەریان هەیە، پێکەنی گوتی ئێوە زۆر بێ عەقڵن، گوتی ئەوانە نین نین! من پێتان دەڵێم ئەوانە نین، سفرن. گوتمان ئەوانە 6000 کەسیان هەیە، گوتی 6000 کەسی چی، ئەوانە پیاون؟ ئەوە بوو گوتمان ئێستا تۆ چی دەکەی؟ گوتی ئەمشەو بەرەو سلێمانی دەڕۆم. بۆیان ڕۆیشت. جەماعەتی مەکتەبی سیاسی کەسیان لەوێ نەمان، هەمووی بۆ ئێران ئاوابوون. یەك فیشەکیان نەتەقاند، لە ترسان هەموویان ڕۆیشتن، کە هاتەوە چووینە لای گوتی نەمگوت ئەوانە نین، ئینجا پێدەکەنی و دەیگوت ئەها بلە منی تەجمید کردیە!

* ساڵی 1979 کە لەگەڵ حزبی بەعس تێکچوون و رووتان لە شاخ کرد، قسە هەیە کەوا یەکێتی بەو شێوەیە یارمەتی نەدان، پارتی زیاتر یارمەتیدان...

- ئێمە لەگەڵ پارتی لە ساڵی 1974 ناکۆکی کەوتبووە نێوانمان، شەڕی ناوخۆش لە نێوانمان روویدا، هەردوولاشمان هەڵەبووین، پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی نەما، تەنها دواین جار لە ساڵی 1975 خەبەرمان بۆ بارزانی ناردو گوتمان بیستوومانە شۆڕش حەل دەکەن، ئێمە رازی نین. لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان و نوری شاوەیس و دارا تۆفیق و ساڵح یوسفی لە بەغدا کۆبووینەوە، پێش ئەوەی بڕۆن، دواین رۆژیان بوو لە بەغداو دەچوونەوە چیا. دوایە بیستبوومان لەوێ کۆدەبنەوەو بڕیاردەدەن کە کۆتایی بەشۆڕش دێنن، گوتمان بە جەنابی بارزانی بڵێن ئێمە ئامادەین، ئەو بەرەیەی لەگەڵ بەعس هەمانە بەجێی بهێڵین و دووبارە ببینەوە یەك تا شۆڕشەکە بەردەوام بێ، بەڵام ئەوسا شتەکە ترازابوو، پێشتریش بارزانی بە ئێمەی گوت من کەوتوومەتە ناو دەمی ئەژدیها، هەر ئەوەندم ماوە قوتم بدات، پێتان دەکرێ لەناو دەمی ئەژدیها دەرمبێنن؟

گوتمان ئاخر ئەزبەنی چۆن ئاوایە؟ دەیگوت ئاوایە لایەك ئێرانە، لەلایەك تورکیا، لەلایەك سوریا، ئەمریکا، ئەوە قوتدراین هیچم پێ دەکرێ، جا لەو ماوەیەدا گوتی هیچ سودی نییە، دوو ئاراستەی هەبوو، یەکیان پێیوابوو شۆڕش بەردەوام بێ، یەکێکیش لەگەڵ کۆتاییپێهێنانی شۆڕش بوو، ئەوە بوو لە ساڵی 1975 ئێمە

جوابمان بەوەفدەکەدا نارد کە ئێوە دەڕۆنەوە، ئێمەش ئامادەین ئەو بەرەیە جێ بهێڵین بۆ ئەوەی شۆڕش بەردەوام بێ.

* مەبەستم ساڵی 1979 بوو کە چوونە شاخ...

- ئێمە لە ساڵی 1979 چووینە ناوزەنگ لای یەکێتی، هەر لەو ساڵەدا چوومە ئێران لە ئوتێل کاك مەسعود هاتە لام و داوای لێبوردنی کردو باسی بارودۆخی پێشترمانکرد، گوتم کاك مەسعود هەردوولامان هەڵەبووین، با لەنوێوە دەست پێ بکەین، گوتی وەڵڵا هیچ قسەم نەما.

* یەکێتی یارمەتی دەدان؟

- یەکێتی یارمەتی دەداین، بە چەك و بە پارە. هەر دەیویست بمانقۆزێتەوە لە دژی پارتی. ئەوسا یەکێتی دەیگوت دوژمنی یەکەمم پارتییەو پارتیش دەیگوت دوژمنی یەکەمم یەکێتییە. ئێمەش دەمانویست پێکیان بێنینەوە، ئەو دژایەتییە لە راگەیاندنەکانیان نەهێڵیین.

* لە ساڵی 1979 زۆربەی بارەگا سەرەکییەکانتان لەناوزەنگ بوون. دەڵێن ئەو کاتە تۆ لەگەڵ ئەبو سەرباز لە سوریا گەڕایەوە، تەنها فاتیح رەسول لە بارەگا دەمایەوە، ئێوە ماوەیەکی کەم لەوێ دەمانەوەو دواتر دەچوونەوە سوریا، بۆ بەس فاتیح رەسول لەوێ دەمایەوە؟

- یەکەم جار بەمەبەستی سەردانی برادەران هاتم بۆ ناوزەنگ، کە برادەرانمان هاتبوون. بۆ ئەوەی لە ئەحواڵیان بپرسین و بزانین چییان پێویستە، چونکە لە سوریاوە هاتبووین. لەگەڵ ئەبو سەربازیش لە مەهاباد گەیشتینەیەك. ئیدی ئەمن چوومە ناوزەنگ لەگەڵ مام جەلال و ئەوانە کۆبوومەوە. ئەو زۆر بە پەرۆشەوە گوتی تازە شۆڕشەکەمان سەرکەوت، مادەم حیزبی شیوعی هات. کردییە هەڵڵا.

* دەڵێن شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبە کوردستانییەکان لە ساڵانی 81و82و83و84.. جگە لەوەی هۆکاری بەدەستەوەگرتنی حوکمڕانێتی ناوچەکانی تێدابوو، هۆکاری سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی باج و گومرگانە بووە، تۆ چی دەڵێی؟

- ناوەڵڵا. حوکمڕانییەکە هۆی سەرەکی بوو، چونکە هەرلایەك حوکمی کەوتە دەست، باج و ئەوانەشی دەکەوێتە دەست. لەبەرئەوە ململانێی سەرەکی لەپێناو حوکمڕانی بوو.

* ئەو کاتەی نەوشیڕوان لەلایەن سۆسیالیستەوە گیرا، ئەو ماوەیە عەزیز محەمەد تەکلیف کرا بۆ ئازادکردنی، بەڵام وا بزانم هەوڵەکەی هیچی لێ شین نەبوو...

- با. هاوڕێ عەزیز وەکو وەفد قادر رەشیدی نارد، بە سۆسیالیستمان گوت موستەحیلە دەبێ نەوشیڕوان بگەڕێتەوە، ئەگەر نا دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوان ئێمەو ئێوە. ئەوکاتە من لە سوریا بووم.

* قادر رەشید لەگەڵ کێ قسەی کرد، مەبەستم لەگەڵ رەسول مامەند، یان دکتۆر مەحمود؟

- لەگەڵ قادر جەباری قسەی کرد، ئەوسا قادر جەباری سوور بوو لەسەر ئەوەی نەوشیڕوان بکوژن، بەڵام کە قادر رەشید بڕیاری حیزبی ئێمەی برد، کە دەبێ بەزووترین کات تەسلیمی ئێمەی بکەنەوە، ئیتر ناچاربوون و تەسلیمی ئێمەیان کردەوە، نەوشیڕوان لای ئێمە هەڵات.

* ئەی بۆچی ئەو لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەڵێ، من لەناو سۆسیالیست هەڵاتم؟

- راست ناکا، درۆ دەکا. ئەو لە بندەستی ئێمە هەڵات.

* بەڵام ئەو (نەوشیڕوان) ناوی چەکدارەکانیشی هێناوە، گوایە حیمایەیان کردووەو قوتاریان کردووە؟

- نا. نا. راستیەکەی ئەوەیە، سۆسیالیست تەسلیمی ئێمەیان کرد کە لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە.

* چۆن هەڵات؟ ئەی لای ئێوە نەبوو؟

- ئەو نەیدەویست ئێمە لەو ئازادکردنەی ئەو رۆڵمان هەبێ، نەوشیڕوان زۆر شەیتانە.

* بابێینە سەر خۆت. شەڕی پشتئاشان ئێستا بۆتە مەسەلەیەکی مێژوویی، دەڵێن پێش ئەوەی یەکێتی هێرشتان بکاتە سەر، ئێوە پێتان زانیوە، بۆیە نەخۆشخانە و چاپخانەو چەکی قورس و هەموو ئەوانەتان لەکارخستبوو، ئەوە راستە؟

- کێ وادەڵێ؟

* نەوشێروان، دەڵێ چونکە دەیانزانی ئێمە هێرشیان دەکەینە سەر، بۆیە ئەو شتانەیان هەموو تێکدابوو، تا سودیان لێ نەبینن.

- نا. ئەوە راست نییە. ئێمە پاش ئەوەی کشاینەوە ئیتر ئەو کەلوپەلانەمان تێك و پێکدا.

* بۆ؟ شەڕەکە چەندی خایاند؟

- دوو رۆژی خایاند، لە ماوەی ئەو دوو رۆژە هەموو کەلوپەلەکانی خۆمان تێکشکاند.

* بەڵام ئەو دەڵێ زۆربەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی چووبوونە دەرەوەو بارەگایان چۆڵ کردبوو، تەنها کەریم ئەحمەدو قادر رەشیدو ئەحمەد بانیخێلانی و چەند کەسێك مابوونەوە؟

- نا. نا. وا نییە، هەموومان بەیەکەوە رۆیشتین، بەڵام من رێگام ونکردو یەکێتیش بۆسەیان بۆ دانامەوەو گرتمیان. ئێمە ببووینە دوو بەش. بەشێکمان رێمان برزکردو بەشێکیش ئاوابوون و چوونە ئێران.

* واتە پێشتر ئێوە نەتاندەزانی هێرشتان دەکرێتە سەر؟

- نە. نەماندەزانی هەتا کاغەزێکمان بۆ هات، ئاخر ئەوە زۆر دوورودرێژە، لەبەستی شەرغەوە هەتا دەگاتە رۆژی هێرشەکە هەموو حکوومەت رێکیخستبوو. جاسوسی حکوومەت، نوێنەری حکوومەت لەناو یەکێتی رێکیخستبوو، لەو بارەیەوە بەڵگەشمان هەیە، کە لە پاش راپەڕین ئەو بەڵگەنامانەمان لە بینایەکانی موخابەرات چنگ کەوت، دەڵێ ئێمە ئەو شتانەمان رێکخست، ئەوەبوو لە بەستی شەرغەوە بۆسەیەکیان دانابوو، گوایا لە بۆ سۆسیالیستە، بەڵام ئێمە بەرکەوتین، وابزانم دوو شەهیدمان دا، ئینجا لیژنەیەکمان پێکهێنا کە لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، نە مام جەلال، نە ئێمەش بەو رێککەوتنە رازی نەبووین، کەس نازانێ چۆن بوو؟ ئەوە حکوومەت دەستی تێدا هەبوو.

* بەڵگەکان ناوی کەسیان تێدا نییە کە بەو کارە هەڵسابن؟

- نا، ناوەکان ئاشکرا ناکات.

* دەڵێن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زۆر هاوکاری یەکێتی کرد لە دژی ئێوە، ئەوە راستە؟

- نەخێر، راست نییە. باشترین پەیوەندی لە نێوان ئێمەو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو.

* لەکاتی ئەو شەڕانە هیچ هەڵوێستێکیان نیشان نەدا، چونکە ئەوان زۆر دۆستی یەکێتی بوون؟

- ئەوان دژی ئەو شەڕەبوون، هەتا من کە چوومە لای مام جەلال، پاش گرتنەکەم، وەفدێکی باڵایان هات بۆ ئەوەی نابێ شتێکم لێ بکەن، دەبێ بە زووترین کات ئازادم بکەن.

* لەو کاتەی ئەمە روویدا، دەڵێن نەوشیروان لە دۆڵی خانەقا بوو؟

- نا، خۆی راستەوخۆ سەرکردایەتی شەڕەکەی دەکرد، ئینجا هەڵوێستێکی شۆڤینیانەشی هەبوو، ژن و پیاوە عەرەبەکانی دەکوشتن، کوردی نەدەکوشت، دواتر چووە دۆڵی خانەقا کە بپەڕێتەوە بۆ بالیسان لە پارتی و ئێمەو سۆسیالیست بدات.

* نەوشیروان لە کتێبەکەیدا دەڵێ مەفرەزەیەك ئەوی گرت و هێنایە لای من..

- نا ئێمە چووینە دێیەك پێش ئەوەی بگەیتە ناودۆڵی خانەقا، بارەگایان لەوێ هەبوو، نەوشیروان لە پشتئاشان هاتە ئەوێ، لەوێوە بۆ بالیسان رۆیشت.

* نەیزانی تۆ گیراوی؟

- نا، بەڵام مام جەلال دەیزانی من گیراوم، چونکە خەبەریان دا کە فلان کەسمان گرتووە. ئێمە 10 کەس دەبووین، عەرەبیشمان لەگەڵ گیرابوو.

* لە سەرکردایەتی بەس جەنابت بوویت؟

- سەرکردایەتی چی! پەرت و بڵاوبووین، نەماندەزانی چی بکەین، خۆمان شاردەوە، هەتا ئەوان هاتن ئێمەیان گرت، بەڵام هەندێکیان دەرچوون و خۆیان رزگارکرد، ئێمەش رێمان لێ ون ببوو.

* که ئێوەیان گرت هیچ شتێکی ناشیرینیان لەگەڵ نەکردن؟
- نا، نا. وڵاغێکیان بۆ هێنام، بەڵام سوارنەبووم، برادەرێکمان بەسووکی بریندار ببوو، ئەوم سوار کرد هەتا گەیشتینە ئەوان لە دۆڵی خانەقا.
* نەوشیروان لەوێ بوو؟
- نا، هێشتا نەگەیشتبوو، ئینجا کە هات دەستیکرد بە ناورانەوە، من پیاوێکی رۆشنبیرم چیم لەوەدایە بێم لەگەڵ تێکۆشەران و خەباتکەران شەڕ بکەم، منیش ئەوکات نەمدەزانی چی کردووە، چی نەکردووە، فەزاحەتەکەی دواتر زانیم.
* کە ئەو قسانەی کرد، تۆ هیچت پێ نەگوت؟
- با، گوتم ئێوە هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕەن، چونکە ئێمە لە شوباتی 1983 ئیتیفاقمان لەگەڵ مام جەلال کرد، کە خۆشت ئامادەبووی، کە پێویستە ئێمەو ئێوەو پارتی سێ قۆڵی کۆببینەوە، تا چ ناکۆکییەك هەیە، نەیهێڵین، ئەی بۆچی ئەو مەسەلەیە روویدا؟ لەسەر چ ئەساسێك واتان کرد، گوتی ئێمەتان لە بالیسان دەرکرد، حیزبی شیوعیش بەشدار بووە، هەروەها دەیگوت ئێمە هاتین لە سۆسیالیست بدەین، بەڵام حزبی شیوعی لەگەڵ سۆسیالیست بوو، لەبەرئەوە ئێوە تووشبوون. بەڵام ئەو بە جەماعەتی خۆی دەگوت بڕۆن پەرێزتان پاك بێ، واتە کەس قوتار نەکەن، هەموویان بکوژن.
* ئینجا لەوێوە چوویە لای مام جەلال؟
- بەڵێ، مام جەلال گوتی من ئامادەم پێشوازی بکەم و بەرەو پیرمان هات، ئەو کاتە وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش هاتبوون، شەرەفکەندی هات، ئەوکاتە هێشتا قاسملو مابوو، ئیتر بەیەکەوە دانیشتین و دانیشتنەکەش لە دەرەوەی بارەگای مام جەلال بوو، دانیشتنێکی هاکەزایی بوو، ئینجا لەگەڵ مام جەلال بەیانێکمان دەرکرد.
* ئەو بەیانە فشاری مام جەلالی تێدا نەبوو؟
- نا. من پێشنیارم کرد. خەتای من بوو. دەمویست ئەو شەڕە رابگیرێ، بەڵام حیزب لێم رازی نەبوون.

* حیزب گلەیی زۆری کرد. ئەو کاتەش دانی بەو بەیانە نەنا، بەو پێیەی تۆ دیل بووی، دیلیش ناتوانێ بڕیاریدا؟

- وابوو گوتیان دیلە. گوتم بابە من دیل نیم، ئازادم. سوودی نەبوو.

* لای مام جەلال هەستت نەدەکرد دیلی؟

- نەء. زۆر ئاسایی بوو. دیلی چی؟! کە لەوێ گەڕامەوە بۆ ئەوەی شەڕی تۆڵەکردنەوەی حزبی شیوعی رابگرم، بەڵام کە چوومەوە لەگەڵ پارتی بڕیاردرابوو شەڕی دووەم دژی یەکێتی بکەین، بەڵام تازە دوای شەڕی شکست، چۆن دەتوانین شەڕی دیکە بکەینەوە، بۆیە لە شەڕی دووەمیش دۆڕاندمان، شەڕی دووەم بە سەرکردایەتی ئەبو حیکمەت و ئەبو.... بوو.

* کە گەڕایەوە حزب رەخنەیان لێنەگرتی؟

- با، رەخنەیان لێگرتم، بەڵام من موقتەنیع نەبووم بەو رەخنەیە، دەمویست ئەو شەڕە رابوەستێ، ئەوە چییە ئێمە لەناو یەکتری، یەکتر بکوژین.

* لە سلێمانی مەلا بەختیارو بەهائەدین نوری کەم شەڕیان دەکرد، بۆ؟

- نەیانکرد. لەوێ پێکهاتبوون.

* ئەو پێکهاتنەی ئەوان چۆن بوو؟

- پێکهاتنێکی دوو قۆڵی بوو، بەڵام لە قازانجی یەکێتی بوو، چونکە ئەو هێزەی سلێمانی نەدەهات بۆ یارمەتیدانمان، ئەو هێزە سڕکرا.

* باشە کە ئێوە بەرەی جودتان پێکهێنابوو، بۆچی سوسیالیست پێش ئێوە لەگەڵ یەکێتی ئاشتبووەوە، ئێوە رەخنەتان لێنەگرت؟

- سوسیالیست دەیگوت پێکهاتنەکە بۆ ئەوەیە تووشی شەڕی شکست نەبین.

* ئەی دوای ئەوە پاسۆك کردی، دواتر مام جەلال چووە ئێران و لەگەڵ کاك ئیدریس رێککەوتنیان کرد؟

- نا. کاك ئیدریس چووە بارەگای یەکێتی بۆ لای مام جەلال، ئەمەش لەوەوە هات کە ئەوکات سەدام گوتی کورد بەیەك شت رزگاریان دەبێ، ئەویش یەکبوونیانە، بەڵام من تەحەددایان دەکەم ئەگەر یەکبگرن، منیش گوتم کاك مەسعود با ئێمە

تەحەدداى سەدام بكەين و يەكبگرين، گوتى ئاخر چى لە يەكێتى بكەين، ئەو لەگەڵمان رێك ناكەوێ. كاك ئيدريس گوتى ئەوان بۆمن لێگەرێن. ئيدى كاك ئيدريس بۆ لاى مام جەلال رۆيشت و لەگەڵ خۆى برديە ئێران، چونكە ئەوكات مام جەلال پەيوەندى لەگەڵ ئێران نەبوو، ئەوەبوو كە مام جەلالى برد لەگەڵ ئێران پێكيهێنانەوە، دواى ئەوە دەستكرا بە گەيشتنەيەك و تەقاروب. ئينجا مام جەلال دەستى كرد بە پروپاگەندەو دەيگوت با بەرەيەكى كوردستانى و ئۆتۆنۆميەكى راستەقينە بۆ كوردستان دابمەزرێنين، ئينجا من نووسيم چ بەرەيەكى كوردستانى و چ ئۆتۆنۆميەكمان دەوێ، مەقالەيەكى بەناوبانگەو بڵاويشم كردەوە. جا لەوەوە لەگەڵ ئێمەش پەيوەندى كرد. من نامەيەكم بۆ نووسى و لە رێگەى كاك عەلى عەبدوڵلاوە بۆم نارد، لە نامەكە پێم گوت ئێستاش وەكو قوتابيە بچووك و بزێو و موخەريبەكەى جاران تەماشات دەكەم. كاك عەلى گوتى كورە ئەوهاى بۆ مەنووسە گوتم نا من دەمارى دەزانم. ئينجا ئەو لە جوابێكى بۆ هاورێ عەزيز نووسيبووى، مامۆستايەكەم هێشتا بە منداڵم تێدەگا، ئێ من ئێستا وا لە عومرى گۆرباتشۆفم.

* لە رەخساندنى مفاوەزاتى ساڵى 1983و1984ى نێوان يەكێتى و بەعس، حيزبى ديموكرات رۆڵێكى زۆرى هەبوو حيزبى ديموكرات هەوڵى لەگەڵ ئێوەو سوسياليستيش نەدا بۆ ئەو مەسەلەيە؟

- لەگەڵ ئێمە هيچ هەوڵێكى نەدا، لەگەڵ سۆسياليستيش نازانم، چونكە سۆسياليست دوو سێ جار چوون بۆ لاى حكوومەت و لەگەڵ حكوومەت دانيشتن بەبێ ئاگادارى كەس. من كاك مەسعوديشم ئاگاداركردەوەو پێم راگەياند كە وەفدێكى سۆسياليست چوونەتە بەغدا.

* دوای ئەوەی یەکێتی لە گفتوگۆ کشایەوە، ئیتر بەرەبەرە لەگەڵ لایەنەکان ئاشتبووەوە، ئایا ئێوە کە بەرەی جودتان هەبوو، لایەنەکان هەرکەس بۆخۆی لەگەڵ یەکێتی ڕێك دەکەوت، یان پرسیان دەکرد؟

- نا نا. هەر هەنگاوێك بهاوێشترابا بۆ یەکتریمان باس دەکرد، بۆ نموونە ئێمە نامەیەکمان دەنووسی، یا وەفدێکمان بۆ لایەك دەنارد بە پارتیمان دەگوت، ئەویش بە هەمان شێوە.

* کێ لە سەرەتا هەنگاوی بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی نا، چ وەك فکر، چ وەك کردار؟

- یەکەم وەفد کاك ئیدریس بوو، چووە لای یەکێتی، چوو مام جەلالی بردە تاران، ئەوە ڕێی خۆشکرد، دواتر یەکێتی وەفدێکی چووە لای پارتی و مام جەلال باسی بەرەی کردو ئێمە وەڵامان دایەوە ئەوانە هەموو ڕێیان خۆشکرد، بەڵام پارتی دەوری باشی هەبوو. ئینجا کە بڕیاردرا بەرە پێکبهێنرێ، کێ لەو بەرەیەدا بێ؟ نابێ پارتی گەل ئامادەبێ، پارتی دژی بوو!! نابێ زەحمەتکێش ئامادەبێ، سۆسیالیست دژی بوو!! پارتی و یەکێتی و سۆسیالیست و ئێمەو پاسۆكماینەوەو ئەو پێنج حیزبە کۆبووینەوە، ئەوانیتر ئامادە نەبوون، ئەوەبوو هەرکەسە وەفدی خۆی پێکهێنا، وەفدی ئێمە من و ئەبوو حیکمەت و د. ڕەحیم بووین، وەفدی پارتی بە سەرکردایەتی کاك مەسعودو عەلی عەبدوڵڵاو فرەنسۆ هەریری بوو، کاك نێچیریش وەکو گوێگر دەهات، وەفد نەبوو، ئەوکات زۆر گەنج بوو، هەندێکی دیکەشیان دەهاتن، چونکە گفتوگۆیەکە لە ڕاژان بوو. وەفدی یەکێتیش فەرەیدون عەبدولقادر بوو، هی سۆسیالیست ڕەسول مامەند بوو، ئەوەی پاسۆکم لە بیر نییە. ئینجا دەستمان بە موناقەشەکرد، دوو پرۆژە هەبوو، پرۆژەیەك هی ئێمەبوو، پرۆژەیەك هی یەکێتی بوو، پرۆژەکەی ئێمە بووە ئەساس بۆ گفتوگۆ، هی یەکێتی ڕەتکرایەوە، پرۆژەکەی ئێمە کە بەرنامەی بەرەی کوردستانی لەسەر پێکهات بە پارتیشمان

نیشان دابوو، ئەوان پێی رازی ببوون. دەمەوێ بڵێم لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا کاك ئیدریس دەورێکی زۆر باشی هەبوو، لە راستیدا کاك ئیدریس قیادەیەکی تەکتیکی باریع بوو، زۆر باریع بوو.

* دوای راپەڕین زۆر کەسی فایلدار دەرچوون تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتی بوون، ئێوە کەسێکتان لەو ئاستە هەبوو فایلی هەبێ؟

- نەخێر هیچ کەسمان نەبوو، لە ئاستی لیژنەی محەلیش نەمان بوو، تەنها لە ئاستی ئەندامان هەمانبوو.

* ئەوانەی لە ئاستی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبەکان بوون، ئێوە لەگەڵتان باس نەدەکردن کە دەبێ ئەوانە نەمێنن؟

- با، زۆر باسمان کرد، دەیانگوت ئەوە تازە بەعس کۆتایی پێهاتووەو نەمان و ئەوە حاڵەتێکی ترە..

* بەڵام دەورەکانیشیان لێ کەم نەکردنەوە؟

- هیچیان لێنەکردن. چیان لێ بکەین.

* قسە هەبوو کە ئەبو حیکمەت پەیوەندی هەبووە؟

- نا، ئەبو حیکمەت لەگەڵ پارتی هەیبوو. هەر لەرێی پارتیشەوە لەگەڵ حکوومەت هەیبوو، رەزامەندی لە پارتی وەردەگرت، ئینجا دەچوو لەگەڵیان کۆدەبووەوە، لەگەڵ موخابەرات کۆبووەوەو پارەشی لێ وەرگرتن.

* بارودۆخی ئێستای کوردستان چۆن دەبینن؟ گەشبینی، یان رەشبینی؟

- ئینسان ئەگەر گەشبین نەبێ، کۆتایی پێ دێت، بەڵام شۆڕشگێڕ بەردەوام گەشبینە، بە راستی من بە پاشەڕۆژی کورد گەشبینم، جارێ لە سەرەتادایـن، زۆرمان ماوە بگەینە ئەنجامێکی باش، بەنیسبەت خۆمان لەرووی عەمەلییەوە هەموو شتێکمان جێبەجێ کردووە، پەرلەمانمان هەیە، حکوومەتمان هەیە، سەرۆکمان هەیە، ئیدارە لەژێردەستی خۆمانە، لەرووی دەستوورییەوە ئێستا مرخێش مرخێشمانە لەگەڵ تائیفەکان و شۆڤێنیەکان، خەتەری سەرەکی لەسەر عێراق و ئایندەی عێراق ئەوانەن، ئەوەی لەسەر شانی هێزە کوردستانیەکانە ئەوەیە دووبارە یەکبگرنەوەو

بەرەیەکی کوردستانی پێکبهێنن. هەروەها بەرەیەکی عێراقی لەگەڵ هێزە دیموکراتییەکانی عێراقی ئەوانەی پشتگیری لە کێشەی کورد دەکەن پێکبێنین. لەسەرووی هەموویانەوە حیزبی شیوعی عێراقی، چونکە تاکە حیزبە پشتگیری لە کێشەی کورد دەکا، لە هەمانکاتدا حیزبی دیکەش هەن پشتگیری لە ئێمە دەکەن، بۆ نموونە جەماعەتی عەبدولئیلاهی نەسراوی کە حەرەکەی عەرەبی ئیشتراکییە، هەروەها عەرەبە لیبرالیەکانی وەکو حیزبی وەتەنی دیموکراتی نەسیر چادرچی، جەماعەتی پاچەچیش رەنگە لەگەڵمان بن، مەبەستم ئەوەیە بە دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی و هەروەها بەرەیەکی عێراقی لەگەڵ ئەو هێزانەی ناوم بردن، ئێمە سەردەکەوین.

* لەو بارەوە پرۆژەیەکتان هەیە؟

- من وتارێکم داوەتە رۆژنامە، بە عەرەبی نووسیومە، بەڵام دەیکەنەوە کوردی (لا مفر من تحقيق الفيدراليه كحل للمسأله القوميه الكرديه) هیچ رێگایەکتان نییە غەیری ئەوەی دەبێ تەئیدی فیدرالی بکەن، گوتوومە لە سەرەتای حکوومەتی عێراقەوە، یا لەو رۆژەی کوردستان بە عێراق لکێنراوە، هەتا ئێستا لە عێراق سەقامگیری نەبووە، چونکە کێشەی کورد چارەسەر نەکراوە. میللەتی کورد دنیایەك قوربانی داوە تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە، لەبەر ئەوە سەقامگیریشتان نابێ ئەگەر دان بە فیدراڵیەتی کوردستان نەنێن، فیدراڵیەتێك کە ئێوە بەشێوەیەکی شۆڤێنی تەفسیری دەکەن، ئەمە لای کورد مەفهوم نییە، ئێمە فیدراڵی ئیداریمان ناوێ.

* ئەدی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی باسی ئەو بەرەیەتان نەکردووە؟

- با. باسمان کردووە.

* رایان چۆنە؟

- ئەوان ئێستا وەفدێکی هاوبەشیان لە هەموو حیزبە کوردستانیەکان لەگەڵ خۆ بردووە، کە ئەوە هەنگاوێکی باشە.

* لەو بەرەیەدا پێت باشە حیزبە ئیسلامییەکان بەشداربن کە زۆرجار دەگوترێ ئەو حیزبانە سەرچاوەی تیرۆرن لە کوردستان؟

- کاتی خۆی وتارێکم دەربارەی ئیسلامی سیاسی نووسی، ئێستاش بڕوام بەو وتارە هەیە، چەند مەرجێکم دانابوو بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکان، یەکەمیان ئەوەبوو، دەبێ کوردایەتی بکەن، دووەمیان دیموکراتی بن، سێیەمیان بڕوایان بە گواستنەوەی دەسەڵات بەشێوەی ئاشتیانە هەبێ. یەکگرتووی ئیسلامی وەڵامی دایەوە گوتی ئەو خاڵانەمان قبوڵە. نابێ ئێمەش لە دەستیان بدەین، دەبێ هاوکاریان لەگەڵ بکەین، هەر هێزێکی دیکەی ئیسلامی بڕوای بەو خاڵانە هەبێ هاوکاری لەگەڵ دەکەین، بەڵام ئەگەر بوونە سەرچاوەیەك بۆ تیرۆر ئەوە نەك هاوکاریان لەگەڵ ناکرێ، بەڵکو ناشبێ هەروا بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەڕێ و حیسابیان لەگەڵ نەکرێ.

* ئەو نوێنەرانەی حیزبی شیوعی ناردونیەتە پەرلەمان هیچیان هەولێری نین، بۆ؟

- ئێمە سێ کەسمان هەیە، مەبەستت ئەوەیە دابەشیان کردبێ بەسەر شارەکاندا. * بەڵێ؟

- بە پێکەنینەوە ئێ نەیانکرد، چی بکەین؟

# بەهادین نوری

کەسایەتییەکی دیاری بزاڤی کۆمۆنیستی بووە بەدرێژایی نزیکەی نیو سەدە، لەناو خەباتی سەختدا ژیانی گوزەراندووە، هەر لە شەق و تێهەڵدانەوە تا دەگاتە ئاستی سکرتێری حزبی شیوعی و لەوێوەش بۆ سەرکردایەتی و دواجاریش بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەو مشتومڕێکی سیاسییانە، لە کۆنگرەی چوارەمی حزبی شیوعی کە لە 1985دا بەسترا، نەیانهێشت بەشداری ئەو کۆنگرەیە بکات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ، بەهادین نوری هەمیشە بەرامبەر بە ئەوانی دی با لە یەك حزبیشدا بووبن لە ململانێ و جۆرێك ناکۆکیدا بووە، هەر لە حەمید عوسمان-ەوە، تا دەگاتە عەزیز محەمەد، بەڵام هەست دەکەی بەهادین زۆرجار گوێیشی لێنەگیراوەو قسەکانی، بیروڕاکانی، زۆر بە هەند هەڵنەگیراون، سەرئەنجامیش دۆخەکە گەیشتە ئەوەی بەهادین نەك هەر لە حزبی شیوعی دا نەمێنێت، بەڵکو لەگەڵ رەوتی ناسیۆنالیستدا جۆرێك لە تەبایی بنوێنێت و بەم تەمەنەیەوە دوای نیو سەدە خەبات، بەرهەمەکەی ئەوەیە کە دەبینرێ!!

بەهەرحاڵ رەنگە نموونەی وەکو بەهادین نوری کەم نەبن، حزبێك بەم هەموو هەلومەرجە دژوارە تێپەڕ ببێ، زۆر قوربانی داوە، بەڵام سەرکردایەتییەکی نا سەردەمانە ئەو حزبەی وردە وردە بردەسەر لێواری مەرگ، کە ئێستا نووزەی لێوە نایە.

* دەکرێ بزانین بەر لەوەی ئینتیمات بۆ ناو (حزبی شیوعی عێراق- حشع) هەبووبێت، هیچ جۆرە ئینتیمایەکی سیاسی ترت هەبووە، لە حزبێك یا ڕێکخراوێکی سیاسیدا بووی؟

- من لە بەهاری 1946 دا بۆ یەکەمجارم بوو پەیوەندیی سیاسی ببەستم، ئەویش لەگەڵ حزبی شیوعیدا بەستم و دەستم بەکاری حزبایەتی و سیاسەت کرد.

* لە ساڵی 1945 یەکێتیی تێکۆشین جیابوونەوەو ئینجا داوایانکرد یەکبگرنەوە، بەڵام هاوڕێ فەهد لەسەر ئەم یەگرتنەوەیە بۆچوونێکی توندی هەبوو، داوای لێکردن خۆیان هەڵبوەشێننەوە، ئینجا یەکە یەکەو بە تەنها بۆ خۆیان پەیوەندیی بە حزب بکەنەوە، ئەمە بۆ؟

- لە ڕاستیدا من بە گەورەیی ئەو شتانەم زانی، ئەو وەختە یەکێتیی تێکۆشین لە سلێمانی نەبوو، تەنزیمی حیزبی شیوعی تازە پەیدا ببوو (مەبەستم حزبی شیوعی عێراق و جەماعەتی فەهدە)، من یەکسەر چوومە ناو حزبی شیوعی سەر بە فەهد، هەر لە ئەوەلەوە لەو حزبە ئیشمکردووە هەتا ساڵی 1984.

* باشە تاقمەکەی هەولێر، وەك ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، جەمال حەیدەری، عەزیز محەمەد، ئەوانە خۆیان هەڵنەوەشاندەوە، کەچی لە ساڵی 1945 نەهاتنە ناو حزبی شیوعی و خۆشیان هەڵنەوەشاندەوە؟

- ئاخر دوای ساڵێك ئەوانیش خۆیان هەڵوەشاندەوە.

*ئێوە کە بارەگای سەرکردایەتیتان ئەوکات لە بەغدا بوو، چەند ئاگاداری پەیوەندیی نێوان حزبی رزگاری لەگەڵ حزبی شۆڕش بووی؟ پەیوەندیی ئەم دوو حزبە لەگەڵ یەك چۆن بوو؟

- خۆی یەکێتیی تێکۆشین لقی ئەو بوون، تابعی ئەو بوون و خۆی هەڵوەشاندەوە، حزبی شۆڕش کە تۆ ناوت هێنا مانەوە، بەڵام دوای ساڵێك ئەوانیش خۆیان هەڵوەشاندەوەو هاتنە ناو حشع.

* ئەوانە مەبەستم حەمید عوسمان، جەمال حەیدەری، عەزیز محەمەدو...هتد لە ساڵی 1945 لە دەرەوەی حشع بوون و کوتلەیەك بوون و بڕواشیان لەگەڵ حشع و سیاسەتەکەی نەدەگونجا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەی چۆن هەریەك لەوانە گەیشتنە لوتکەی ئەو حزبە کە سکرتێری حزب بوو، ئەوانە پێشتر لە حزبی دیکە کاریان دەکرد؟!

- ئەوانە پێشتر فیکری مارکسیان هەبوو، تەنانەت وەك شیوعییەك ئیشیان دەکرد، راستە لە دەرەوەی حیزب بوون، بەڵام ئەو وەختە حیزب هێشتا بە تەواوی هەموو شیوعییەکانی بۆ کۆ نەدەکرایەوە ناوخۆی، ئینجا ئەوانە کە هاتنە ریزی حزبی شیوعی عێراق بوون بە ئەندام، ئەندامیش لە حزبی شیوعی ئەوکات وەك هەر ئەندامێکی دیکە مافی تەواوی هەیە چ لە بواری هەڵبژاردن چ لە بوارەکانی دی، ئیتر بۆچی نەبن؟ ئەوەی خەباتی باش بکات، ئەوەی دەوری بووبێ بۆ نەبێ، بابێ.

* ئێوە کە بارەگای سەرکردایەتیتان لە بەغدا هێنایەوە کەرکوك، رێك ئەو وەختەی کە هاتە کەرکوك کێ سکرتێری حزبی شیوعی بوو؟

- کە من هاتمە کەرکوك؟

* تۆ بە تەنها وەکو خۆت هاتی یان بەو سیفەتەی کە سکرتێری حزبی؟!

- من پێت بڵێم لەو رۆژەی کە چوومە بەغدا لە 25ی حوزەیرانی 1949 هەتا 13ی نیسانی 1953 ئەو چوار ساڵە هەر من سکرتێر بووم.

* نازانم، چۆنێتی بوون بە سکرتێریت تا ڕادەیەکی زۆر سەیر دێتە بەرچاو، چونکە تۆ ئەو کاتە وەك تەمەن زۆر بچووك بوویت، تەنها (22) ساڵ بوویت وا بزانم لە لیژنەی محەلی سلێمانیدا بوویت، ئیتر چۆن لە لیژنەی محەلی (پارێزگا) یەکسەر بۆ سکرتێری حزبی شیوعی؟!

- بەڵێ بەر لەوەی ببمە سکرتێری حزب، بەرپرسی لیژنەی محەلی سلێمانی بووم.

* باشە چۆن لە لیژنەی محەلی یەکسەر گەیشتی بە سکرتێری، ئەمە چ جۆرە بڕیارێکە؟!

- لە حیزبی نهێنیدا ئەو شتانە ئەبێ، حیزبی شیوعی حیزبێکی نهێنی بوو، کەوتە بەر هێرشی توندوتیژی پۆلیس لە مانگی (10)، مالك سێف و هی دیکە کە قیادەی مەرکەزی بوون، گیران پاش مانگێك مالك سێف رووخاو ئیعترافی کرد لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە ئەیزانی، (سەلام ناسری و عەزیز ئەلحاج)یش گیران، ئەوانیش بەهۆی ئیعتراف و شتی دیکەوە رووخان.

* ئەگەر قەوسێکم بدەیتێ، مەبەستی من ئەوە بوو، جەنابت کە بووی بە سکرتێر، بە بڕیار بوو، یان کەس لە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی دا نەمابوو، چۆن بوو؟!

- تۆ وا ئەزانی سکرتێری ئەو کاتە چۆن بوو، خۆ دەستکەوت و ئیمتیازات نەبوو وەکو ئێستا کە هەیە، بەڵکو هەر گرتن و راونان بوو، کێ ئازایە با بچێتە پێشەوەو ئاڵاکە هەڵگرێ، هەڵبژاردن نەبوو ئینتیخابات و ئیمتیازات و ئەو شتانە چی دەکرد....

* یانی لە کۆمیتەی ناوەندی کەس نەمابوو؟

- کوڕە نەوەڵڵا کەس نەمابوو، یان لە دەرەوە بوون، یان توانایان نەبوو، من کاغەزم بۆ هات لەو برادەرانەی کە گیرابوون، بۆ نموونە حەمید عوسمان لە زیندان نامەی بۆ ناردم کە سکرتێری حزب بگرمە ئەستۆی خۆم. هەریەکەو ناوەند (مرکز)ێکی دروستکرد، حەمید عوسمان پێنجەمین ناوەندی دروستکرد.

* چۆن؟ مەبەستت لە(ناوەند)ی چییە؟

- لە مانگی (10)ی ساڵی 1948 تا مانگی (6)ی ساڵی 1949 لەو هەشت نۆ مانگەدا، حەمید عوسمان پێنجەم ناوەندی دروستکرد، پێش ئەویش مەهدی حەمیدو جاسم الگحاب ئەوانە چوارەم مەرکەزیان دروستکرد، پێش ئەوانەش سێیەم ناوەند دروستکرا، هەروەها مالك سێف و خەڵکانی دیکەش ناوەندی دیکەیان دروستکرد، من هاتم شەشەم ناوەندم دروستکرد، لە ماوەی (8-9) مانگدا، ئیتر کەس هەڵنەبژێردرایەوەو کەس نەبوو کەس هەڵبژێرێ، حیزب لەژێر زەرمینی دا بوو.

* ڕەخنەت لەسەر نەبوو کە چۆن گەنجێکی تەمەن (22) ساڵ دەبێ ببێت بە سکرتێری حزبێك کە بە حیساب حیزبێکی شۆڕشگێڕەو دروشمی زل زلی هەڵگرتووە؟!

- کەس ئاگای لێ نەبوو کێ ئەگیرێ و کێش ئەبێ بە سکرتێر، لە حزبێکی نهێنیا ئەوەی ئەکەوێتە ئەوێ، جاری وا هەیە بە صدفەیە، جاری وا هەیە بەهۆی خەبات و زانیاری خۆیەوەیە، من ئەو کاغەزەم بۆ هات لە سلێمانییەوە، پاش ئەوەی تەئکیدم کردەوە، کە ئەوەی هاتووە دروستەو مەوسوقە، ئیتر چووم بۆ بەغا، لەوێ یەکێکی هەولێریم دی ناوی هادی سەعدی بوو لە دارلموعەلمین قوتابی بوو، ئەو پێی وتم حەمید عوسمان گیراوەو پێش گرتنەکەش وتی ئەگەر گیرام بە شوێن فلانە کەس (واتە من- بەهادین نوری) بنێرن بابێت ئیشمان پێیەتی، هادی وتی، بیلال عەزیزیش لە بەغدا بوو لەگەڵ هادی دا بوو، ئەویش لە دارلموعەلمین بوو، بیلال عەزیزیش ئێستا ماوەو لە هەولێرە، نازانم ئێستا، لەناو پارتییە یان نا، وەختێك لەگەڵ عەبدولخالق زەنگەنە بوو، ئەویش چووە ناو پارتی، ئەو دوو کەسە لەو جەماعەتە بوون کە من لە 1949 چووم لە بەغدا دیمن، قوتابی بوون، دەیانخوێند، شیوعیش بوون، تاقمێك عەرەب و تاقمێك کوردو من بە حوکمی ئەوەی تەجروبەشم زیاتر بوو، ڕەنگە مستەواشم باشتر بووبێ، چوومە ئەوێ هەر بۆ ئەوە بانگکرابووم کە جێی سکرتێر بگرمەوەو ببمە شەخسی یەکەمی ئەو حیزبە، بوویشم، ئیتر بەبێ هیچ مەرسوومێکی جمهوری، بەبێ هیچ هەڵبژاردنێك بووم بە سکرتێر.

هەوڵمدا ببینە دوو کەس لە هەرەمی حیزب، یەکێك بێت یارمەتیم بدات، پاش مانگێك یان دووان، ناردم بەدوای زەکی وەتبان کە ڕێکخەری ڕێکخراوی لیژنەی محەلی بەسرە بوو، زەکیم لە 1949/8/24گەیاندە بەغدا، هادی سەعید کە پێشتر باسم بۆ کردی، خەڵکی هەولێر بوو گیرا و رووخا، چونکە ئیعترافی کرد، ئیدی ئێمە ناچار خۆمان شاردەوەو پاش هەفتەیەك ئینجا کەوتینە کەمینێکی ئاسایشی گشتی (ئەمنی عام) کە هادیان لەگەڵدا بوو، بەهۆی ئەوەوە من گیرام، زەکی گیرا، برادەرێکی ترمان لە دواوە بە دووری (50) مەتر ئەڕۆیشت، کرێکاری نەوتی

کەرکوك بوو، ئەویش گیرا، ئیتر لە ناو ئەو مەوقیفە من کەوتمە شەڕە شەق و زرمە زلیێ لەگەڵ جەماعەتی ئەمن، شەش حەوت کەس بوون، وا بزانم هەشت کەس بوون، خۆم رزگارکرد بەشەڕە شەق و شەڕە بۆکس و. ئەو شتانە خۆم رزگارکرد، رەنگە پەنجا (50) دەمانچەیان زیاتر پێوەنام، بەس پوختە بەرم نەکەوت، دوای من زەکی بەسراوییەکە خۆی رزگارکرد، دەمانچەیان پێوەنا، دەمانچەیێ بەر قاچی کەوت، شانسی نەبوو گیرا، ئێستاش بەهۆی ئەو دەمانچە پێوەنانەوە شەلەو وا بزانم هێشتا لە ژیاندایەو لە بەسرە دەژی.

کە زەکی گیرا بە بریندار بردیان ئەویش هەڵوێستی نەبوو، برادەرێکی تریشمان کە ناوی رەئوف بوو، کەرکوکی بوو، کرێکاری نەوتی کەرکوك بوو، ئەویش گیرا، دوای گرتنی ئەو رەئوفە، من چووم بۆ کەرکوك، تەقدیرم وا بوو ئینسان بۆ فەترەیەك لە بەغدا دوور بکەوێتەوە، ئەمە لە رووی ئەمنییەوە سەلامەتترو باشترە، ئیشەکانیش باشتر بەڕێوەدەچن، تەرتیباتم دروستکرد لە بەغدا، مەسئولمان داناو رێکخستنمان دروستکردەوەو پەیوەندیان لەگەڵما هەبوو، لە کەرکوك موراسیلمان هەبوو لە نێوان من و ئەو رێکخستنە نوێیە بێت و بچێت، واتە هاتوچۆ بکات، بە کاغەز ناردن بۆ یەکتری ئاگامان لە یەکدی بوو. لە کەرکوك مامەوە لە مانگی ئەیلولی 1949 تا ئایاری 1950 دوای ئەوە کەرکوکم بەجێهێشت و گەڕامەوە بەغدا.

* مامۆستا فراکسیۆنی الاتحاد خەڵکی سلێمانی بوون؟

- جەماعەتی الاتحاد، مەسئولەکەیان کەریمی سۆفی بوو، پێش ئەوەی من بگیرێم مەسئولی من بوو.

* مەبەستی من ئەوەیە، بۆچی جیابوونەوە، رەخنەیان لەسەر حزب چی بوو، یا تێڕوانینی ئێوە لە جیابوونەوەکەیان چۆن بوو، هۆکاری جیابوونەوەکە چی بوو؟!

- وەڵڵاهی بێشك جۆرێك لە رەخنەیان دەگرت لە حزب، بەڵام رەخنەکانی ئەو کات، مستەوای کادیری ئەو کات زۆر لاواز بوو، بۆیە مەرج نەبوو رەخنەی سیاسی و مەبدەئی لە حزب بگرن.

* باشە پلەی حیزبی کەریم سۆفی چ بوو؟!

- کەریم لە ساڵی 1949 لە سلێمانی، کاتێ ساسان دەلال بڕیاریدا ڕاپەڕینی (1948) تازە بکاتەوە، حەمید عوسمان بەرپرسی سلێمانی بوو، ئەو وەختە کەریمی سۆفی شەخسی دووەم بوو لەناو ڕێکخستنی سلێمانی، پلەکەی ئەوە بوو. منیش شەخسی سێیەم بووم، بەڵام منیان هەڵبژارد، واتە منیان تەکلیف کرد بۆ ئەوەی سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی بکەم، سێ خۆپیشاندانمان ڕێکخست، لێرە لە سلێمانی دوای سێیەمین خۆپیشاندانەکە، ڕاپۆرتێکم دا بە حەمید عوسمان و گوتم، توانای خۆپیشاندان نییە، خەڵك ئامادە نییەو هەڵەیەو دەبێتە هۆی لە ناوچوونی بەقایەی ڕێکخستنەکانمان، ئەویش (حەمید عوسمان) پەسندی کردو ئیتر خۆپیشاندانمان وەستاند، پاش ماوەیەك حەمید عوسمان لە سلێمانی نەما، من درەنگتر زانیم کە چووە بۆ بەغداو مەسئولییەتی وەرگرتووەو بووە بە بەرپرسی یەکەمی حزب لە بەغدا، ئیتر کەریمی سۆفی بوو بە مەسئولی یەکەم لە سلێمانی، بەڵام هەمووی چەند ڕۆژێکی پێچوو، وەفدێکی ئەمنی عام لە بەغداوە هاتن بۆ سلێمانی و کەریمیان گرت، شەوکەت غەفور کاغەزێکی بۆ ناردم، شەوکەت برای ئەسعەد غەفور بوو شیوعی بوو، وتی کەریم گیراوەو وا لە فلان جێیە، چووم بووم بە مەسئول، وتم تەبیعەتی حاڵ هەروایە، پاش ماوەیەك هەر دوو سێ هەفتە دەبوو، ئەکرەم یامولکی بەنێژراوێ تەکلیف کرا ببێ بە مەسئولی یەکەم لە سلێمانی، خۆی خەڵکی سلێمانیش بوو، ئیتر بوو. خیلافی من لەوەوە لەگەڵ ئەکرەم دەستی پێکرد، ئەوانەی گیرابوون و لە شوباتدا ئیعدام کرابوون لە 14 و 15ی شوباتدا ئیعدام کران وەك فەهدو حازم و سارم و ئەوانە، کەچی لەو وەختەی کە ئەوان وا ڕژێم شەهیدی کردوون، ئەکرەم لەو وەختە ئیدانەی دەکردن.

* ئیدانەکەی چی بوو؟

- ئەو شکستەی تووشی حزب بووبوو، بەرەئی ئەکرەم، فەهدو زەکی بەسیم و حوسێن شەبیبی (پێیان دەوترا حازم و سارم- ف.س)بەرپرسن لە خولقاندنی ئەو وەزعە خراپە، وای بۆ دەچوو، ئەو وەختەش تەبعەن مەیلی عیبادەتی شەخسی بەهێز بوو، نەك لەلای ئێمە بە تەنها، بەڵکو لای هەموو شیوعییەکانی دونیا.

* ئەی تاقمی نەجمە، ئەوان چی بوون و چیان ئەویست؟!
-با ئەوەشت پێ بڵێم ئەکرەم بەیاننامەیەکی دەرکرد، لەسەر ئەو ناوانەی سەرەوە کە بۆم باسکردی، حزب کردی بە مەسئولی ئێمە، بەڵام ئێمە رەفزمان کرد، ئیتر رێکخستنی سلێمانی بوو بە دوو بەش، دوو کەرت، سەدی هەشتا رێکخستنەکە لەگەڵ من مایەوە، بەڵام ئەوەی مایەوە یانی سەدی بیستی لەگەڵ ئەکرەم بوو، ئینجا تۆ لە پرسیارەکە باسی تاقمی نەجمەت کرد، ئەو تاقمە کە سەتی بیست دەبوون نەجمە ئەکرەم- یان پێ دەوت، ئەکرەم عەبدولقادر یا موڵکی. بەڵام کەریم گیرا تا من چووم لە مانگی شەشا کەریمیان حەپس کردبوو، رێکخستنمان هەبوو لە سلێمانی ئەو رازی نەبوو، ئەکرەمیش رێکخستنێکی دیکەی دروستکردو بڵاوکراوەیەکی بەناوی الاتحاد دەرکرد، ئیتر جەماعەتی الاتحادیش ئاوا پەیدابوون.
* دەتوانین بڵێین لەناو حزبی شیوعی دا هەردوو گرووپی نەجمەو الاتحاد سەرەتای باڵی کەرتبوون و ئینشیقاق بوونە لە حزبی شیوعی دا.
- پێش ئەوانیش هەبوون.
* کوا کێ بوون؟
- داود فائق ئینشیقاقی کردووە، جەماعەتی وەحدەت ئەلینزال ئینشیقاقیان کرد، خەڵکی تریش ئینشیقاقیان کردووە، بەڵام لە دوای گرتنی فەهدو ئیعدامکردنی فەهد، ئەوە یەکەم ئینشیقاق بوو، نەجمە والاتحاد. دوای ئەوەش لەملاو ئەولای تریش شتێك پەیدا بوو، بەڵام یەکەم ئینشیقاق بوو لەم فەترەیا لە دوای 1946وە لە سلێمانیشا پەیدا بوو، لە سلێمانیەوە سەری هەڵدا، ئینشیقاقی پێشتر لە سلێمانی نەبوو.
* مامۆستا ئەگەر بێنەوە سەر مەسەلەی ساڵح حەیدەری و عەلی عەبدوڵڵاو نافیع یونس و ئەوانە وەفدێکیان پێکهێنابوو، بۆ لای فەهد چوون، لەوێ داوایان کرد کە حزبێکی شیوعی کوردستانی دابمەزرێت لە هەولێریش، مەلا شەریف سەرکردایەتی ئەو حزبە کوردستانییە بکات کە گوزارشت لە رەئی کوردستانی بکاتەوە، واتە حزبێکی مارکسی کوردستانی بێت، بەڵام فەهد رازی نەبوو حزبێکی

لەو جۆرە هەبێت و مەلا شەریف سەرکردایەتی ئەو حزبە شیوعییە کوردستانییە بکات، ئەو خەڵکەش سالح حەیدەری، عەلی عەبدوڵڵا، نافع یونس ئەوا بچنە ناو ئەو گرووپە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی فەهد ئەو گرووپەی پێ ئیستیعاب نەدەکرا؟!

- خۆی فیکرەی تەئیدی عام لەناو شیوعیەکانی جیهاندا بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە لینین و ستالین بوون لەبرەودابوو، ئەوانەش سەی 95ی شیوعیەکانی دونیا بوون. ئیتر بیرو بڕوایەکە هەر ئەوەبوو لە وڵاتێکدا نابێ لەیەك حزبی شیوعی زیاتر هەبێ، ئەوەی دووەم ئەگەر دروست ببێ ئەوا بێ هیچ ئەملاو ئەولایەك ئەوا لادەرە، تەبعەن ئێستا جیاوازە، دونیا دونیایەکی ترە، من باسی ئەو سەردەمە دەکەم کە عەقڵیەتی شیوعییەکانی دونیا وابوو، ئەوەش سەرچاوەکەی لە تەوجیهەکەی لینینەوە بوو، تەسقیفی هەموو شیوعییەکانی دونیای پێ کرابوو.

* کە زۆر هەڵە بوو

- ئێ تەبعەن، دوای ئەوە ژیان گۆڕاو ئەم قسەیە بوو بە قسەیەکی پووچ.

* مامۆستا ئەوانە، ئەو جەماعەتە چوون حزبی شۆڕشیان دروستکرد، پاش ماوەیەك بەشێکی زۆر لەوانەی کە حزبی شۆڕشیان دروستکرد چوونە ناو حزبی شیوعی، بەشەکەی تریش کە حزبی رزگاری بوو چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، مەبەستم ئەوەیە، چۆن وا رێککەوت ئەوانەی حزبی شۆڕشیان دروستکرد چوونە ناو حزبی شیوعی و ئەوانەش کە حزبی رزگاریان دروستکرد، چوونە ناو پارتی؟!

- پرسیارەکەت زۆر دروستە، بەڵام سروشتیشە وایان لێ بێت، چونکە بەشێکیان جۆرێك لە فیکری نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵ بوو، ئەوانە هەر لە حزبی شۆڕشدا بوون، واتە فیکری قەومیشیان هەبوو، فیکرەی مارکسیشیان هەبوو، واتە مارکسی- نەتەوەیی بوون، ئێستاش مارکسی نەتەوەیی هەر هەیە، واتە هەردووکیانە، کابرا مارکسیشەو نەتەوەییشە، ئەوانە مارکسی نەتەوەیی بوون، کە حزبی شۆڕشیان دروستکرد دوایی وردە وردە بەشێکیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو فیکرەی لینین لە حزبێکی دیکەی شیوعی یا مارکسی دابێ، لەبەر ئەوە ئەو گرووپە

بڕیاریاندا بچنە ناو حزبی شیوعی، تەبیعیی بوو، ئەمە من مەعلوماتم لەلا نییە، ئەوان وایان وتبێ، هینی خۆمە، بۆچوونی ئەوانی دیکەش کە لای قەومی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەسەر بیرو بۆچوونەکاندا زاڵ بوو، چوون حزبی رزگارییان دروستکرد.

* ئەو دوو حزبە، حزبی رزگاری و حزبی شۆڕش چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبوو، ئایا راستە دەڵێن عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری حزبی رزگاری بوو، لەهەمانکاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شۆڕشیش بوو.

-پێشتر پێشتر ئەمە ببوو

* یانی لە دوو قۆناغی جودا جودابوو

- ئا ئا پێشتر، دوای جیابوونەوەکەی هیچ پەیوەندییەکی نەما

* من پرسیارەکەم ئەوەبوو لەیەك کاتدا سکرتێری حزبێك بێت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی تریش بێ؟

- بەڵێ کە چووە ئەوێ ئیتر وردە وردە بە تەدریج ئەو ئیشانە لە رۆژێکا نەبڕاوەتەوە، لەماوەی چەند مانگێکا بڕیاری خۆی وەرگرتووە، واتە ئیستقراری خۆی وەرگرتووەو کۆتایی پێ هاتووە، واتە زۆر درێژەی نەبووە، لە یەك کاتدا دوو مەسئولیەتی گەورە لە دوو حزبدا.

* ئێوە لە چلەکان تا حەفتاکانیش زۆر گرنگیتان بە پیتاك دەدا، ئابوونەتان کۆ دەکردەوە، واتە پیتاکتان کۆ دەکردەوە، ئەمە لە کاتێکدا حزبی شیوعی سەر بە کامپی سۆسیالیستی بوو، دەوڵەتێکی عوزمای وەکو سۆڤێت پشتگیری دەکردن و یارمەتی دەدان، ئێوە چ مەجبوری پیتاکی کوڕە کرێکارێك، کوڕە جوتیارێکی هەژار بوون کە باری دارایی زۆر خراپ بوو، هیچی نەبوو؟

- مساعەدە بکە، ئێمە خەرجیمان هەبوو، ئێمە حزبێك بووین کادیری پیشەیی (معترف)مان هەبوو، حزبێك بووین ماڵی حزبیمان هەبوو، چاپکردن و ئەدەواتی چاپ و رۆژنامەو بڵاوکراوەو ئەوانەمان هەبوو، ئەوانە ئەگەر بە حیسابی ئێمە بوایە پارەیەکی زۆری تێدەچوو.

* ئەوە راستە، بەڵام ئێوە لەلایەن دەوڵەتێکی گەورەی وەکو سۆڤێت پشتگیری دەکران و یارمەتی دەدران؟

- من چوار ساڵی خۆم باس دەکەم کە سکرتێری حزبی شیوعی عێراق بووم لە هیچ کەسێکی دونیا، لە هیچ دەوڵەتێك، لە هیچ حزب و هیچ لایەنێك یەك فلسم وەرنەگرتووە، وەك یارمەتی بۆ حزبی شیوعی عێراق.

* یانی لە 1949 تا 1953؟

- بەڵێ لە 1949 تا 1951لەسەر ئەو پوولە پوولەی ئابوونەو پیتاك کۆکردنەوە کاری حزبیم هەڵدەسوڕاند.

* باشە مامۆستا لەو فەترەیەی کە تۆ سکرتێر بووی، پەیوەندیتان لەگەڵ سۆڤێتی ئەوکاتە نەبوو؟!

- پەیوەندیی رێکخستنمان نەبوو، هیچ نەبوو، تەنها پەیوەندیی رۆحیمان هەبوو، هەر لە دوورەوە دەروێشی ئەوان بووین.

* بێ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداربن؟ دڵدارییەکە یەك لایەنە بووە!!

- بەگشتی ئەیانزانی حزبی شیوعی لە عێراقدا هەیە.

* بەڵام کۆبوونەوەتان لەگەڵ یەکتری نەدەکرد، گفتوگۆتان لە نێواندا نەبوو؟

- نەءەڵلا، نەبوو، ئەو چوار ساڵە باس دەکەم کە سکرتێر بووم، هیچ پەیوەندییەکمان نەبووە.

* باشە لەبەرچی نەبوو؟

- وەڵلاهی ئێمە سەرقاڵی ئیشی خۆمان بووین، یا ئەم پەیوەندییەی تۆ باسی دەکەی ئێمە بەشتێکی زۆر گرنگ و موهیممان نەئەزانی، رۆحیەن پەیوەندیمان هەبوو، رۆحیەن ئێمە دەروێشی سەرکردایەتیی سۆڤێتی بووین، بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان نەبوو، هیچ جۆرە تەوجیهێکمان وەرنەگرتووە، هیچ جۆرە یارمەتییەکی ماددیمان وەرنەگرتووە.

* کادیرەکانیشتان نەدەنارده سۆڤێت بۆ دەورات و شتی وا؟

- نەوەڵلا

* ئەوەش نەبوو؟

- نەوەڵلا کەسمان نەئەنارد، ئەوە یەك لە ئەسبابی قوەتی حزبەکە بوو کە بەتەواوی لە ئیشی سیاسیی خۆماندا سەربەخۆ (مستقل) بووین.

* هەر خۆشت بڕوات پێ نەبوو پەیوەندی دروستکەی لەگەڵ سۆڤێت؟!

- وەڵلاهی مەسەلەکە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە لەو وەخت و سەردەمە ئێمە 24 سەعات موعەرەز بووین بۆ گرتن و تێهەڵدان، پۆلیس بەدوامانا دەگەڕا، فریای پەیوەندی و کادیر ناردنە دەرەوە نەدەکەوتین، لەلایەك ئیعترافات و لەلایەکی دیکە زەربە لە دوای زەربە بە حزبی شیوعی ئەکەوت، لە راستیدا ئەسڵەن حاڵمان حاڵ نەبوو، دوای ئەوەی وەزعمان باشتر بوو، رەنگ بوو ئەگەر بهاتایە پێشەوە ئەو شتەمان بکردایە، بەڵام دیارە ئێمەش بە شوێنیان نەگەڕاین.

*لە نیسانی 1953گیرای، دوای تۆ کێ کرا بە سکرتێرو، چۆن کرایێ؟!

- دوای گرتنی من کەریم ئەحمەد کە یەك لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی بوو، کرا بە سکرتێر، من لە سجنەوە کاغەزێکم بۆ نووسی، پۆلیسێکم کەسب کرد لە ئەمنی عامە، بە شەو پاسەوان بوو لەسەرم، دوو پۆلیس یەکێکیانم کەسب کردو لێی ئەمین بووم، کاغەزێکم نووسی و ناونیشان و ئەدرەسم دایە، لەو کاغەزەدا داوام کردبوو کەریم ئەحمەد بەشێوەیەکی کاتی ببێتە سکرتێر.

* بەشێوەیەکی کاتی ببێتێ؟!

- مەبەستم ئەوەیە داوام کرد جارێ یەکێك دابنێین بۆ سکرتێری تا وەزعەکە باش دەبێتەوە.

* واتە کەریم ئەحمەد لەسەر پێشنیاری بەڕێزت بوو بە سکرتێری حزبی شیوعی عێراق؟!

-بەڵێ پێشنیار، یا داوای من بوو، ئەوانی تریش رەنگە لەو باشتر نەبوون، لەو رۆژانە سەلیم چەلەبی کە ئامۆزای ئەو ئەحمەد چەلەبییەیە، سادق فەللاح بوو، ناسر عەبود بوو، ئەوانە بوون.

* ئەی لە کوردەکان؟!

- لە کورد بەس کاکەی فەللاح هەبوو، کەریم ئەحمەدو من بووین، لە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی سێ کەس بووین، ئەو سەرکردایەتیەش هەر من دروستمکردبوو.

* حەمید عوسمان لە حوزەیرانی 1949 گیرا، زیندانی کرا، زۆرجار باس لە هەڵوێستی ئەو لە سجن دەکەن، بەراستی هەڵوێستی حەمید عوسمان لە سجن چۆن بوو؟!

- وەکو تۆ زۆر کەس باسدەکەن، وەك تۆ منیش بیستوومە، من لە سجنا بووم دوو پۆلیس بە شەو ئەهاتن لەناو ژوورەکەمان دائەنیشتن، تا بەیانی حەرەس بوون، مفەوەزێك لەبەر دەرگاکە بوو لە تەحقیقاتی جینائی لە ئەمنی عام، یەکێ لە پۆلیسەکان دەیگوت لەسەرچی گیراوی، وتم لەسەر شیوعی، وتی قسەت نەکردووە لەسەر برادەران، وتم جا عەیب نییە پیاو خۆی بە ئیختیاری خۆی هاتۆتە ئیشەکەوە لە دوایی خیانەت لە برادەرانی خۆی بکات، بە تەنیا بوو، رەفیقەکەی نەهاتبوو، هەڵسا لەوێوە ناوچاوانی ماچ کردم، خەڵکی عەمارە بوو، لە فەلاحەکانی عەمارە بوو، جاسمی ناو بوو، ئیتر لەوێوە کەوتینە عەلاقەیەکی باش لەگەڵ جاسم، دوایی بوو بە شیوعی، ئەو کابرایە وتی باسی حەمید عوسمانت بۆ دەکەم لێرە زۆریان ئازارداوە، بەڵام هیچ قسەی نەکردووە.

* هیچ قسەی نەکرد؟

- ئاوای وت، ئەو شایەدیەی جاسمم لایە بۆ حەمید عوسمان و بیستووشمە کە حەمید عوسمان ئیعترافاتی کردووەو رووخاوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی وردم نییە.

* تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەکت بەدەستەوە نییە کە ئەو ئیعترافی کردبێ؟

- تا ئێستا بە شوێنیا نەگەڕاوم.

* دوای ئەوەی ئێوە لە حزب مانەوە، لەگەڵ حەمید چۆن بووی؟!

- حەمید خۆی کوتلەیەك بوو لە تەناقوزات، زیرەك بوو، وریا بوو، لە هەمانکاتدا شێتێك بوو بۆ خۆی، یانی جۆرە شێتێك بوو.

* بەڵام قسەیەکی تریش دەکرێ گوایا پەیوەندی نێوان بەهادین نوری و حەمید عوسمان هەمیشە ناکۆك بووە؟

- نەوەڵڵا وا نییە کە حەمید مەسئول بوو من لە سلێمانی نەمدەناسی، ئەوەندەم ئەزانی مەسئولی حزبییە، ناویم نەزانی لەم فەترانە نەمئەزانی، خەڵکی کوێیە، ناوی چییە، ئێمەش لە ناو حزبی شیوعیا ئەو شتانەمان نەبوو، ئەو وەختە ئەوەی بۆی ئەگەڕاین حزبی بێ و شیوعی بێ و بەس، ئەوە هەموو شتێك بوو بۆ ئێمە، لە دواییدا ئەو داوای کرد کە من بچم بۆ بەغداو ببمە مەسئول و مەسئولیەت وەربگرم.

* ئەوە سەرەتا بوو، بەس دوایی کە یەکترتان ناسی؟!

- ئاخر با عەرزت بکەم، باسی دواییت بۆ ئەکەم، لەسەر داوای ئەو چووم بۆ بەغا، مانای وایە ئەو باوەڕی بەمن هەبوو.

* واتا تۆ لەسەر داوای حەمید عوسمان بووی بە سکرتێری حزب؟

- بەڵێ لەسەر داوای حەمید چوومە بەغاو بووم بە سکرتێر، ئەشبوو ببم، چونکە کەس نەبوو لە من باشتر، حەمید عوسمان خۆی گیرابوو، منیش پەیوەندییەکم لەگەڵی هەبوو، دیفاعم لێی دەکرد، دیفاعەکە لەو روانگەیە بوو کە قارەمانێکی حزبی شیوعی یەو، دواتر لە سجن رایکرد، لە سجنی بەعقوبە بوو، سێ چوار کەس بوون تەکبیریان کردبوو، کە ئەو رایکرد من لە سجنا بووم، کەریم ئەحمەد ئەو وەختە سکرتێری حزبی شیوعی بوو، یەکەم مەسئول بوو، بەڵام کەریم ئەحمەد ئەو مەسئولییەتەی کە سکرتێری حزب بوو، بە ئارەزووی خۆی و بە داوای خۆی پێشکەش بە حەمید عوسمان کردەوەو وتی تۆ شایستەی ئەو جێیەی، ئیتر حەمید عوسمان جارێکی دی کرایەوە بە سکرتێر.

* یانی کەریم ئەحمەد بەخۆی گوتی تۆ وەرە ببەوە بە سکرتێر، دوای ئەوەی حەمید عوسمان لە سجن دەرچوو؟

- حەمید عوسمان رایکرد دەرنەچوو. بەڵێ کەریم ئەحمەد خۆی داوایکرد، ئەوەشت پێبڵێم کە من چوومە سجنەوە، حەمید عوسمان لەوێ بەرپرسی رێکخستنی حزبی

شیوعی بوو له گرتووخانەکە، لەوێ جمهوریەتێکی لەناو سجن دروستکردبوو، تاخمێك بەرمیلیان کڕیبوو، پارچە پارچەیان کردبوو، کردبوویان بە شمشێرو خەڵکی پێ چەکدار کردبوو، جمهوریەتی شەعبی له نوگرە سەلمان، لەو قەڵایە دروستکرد بوو، دواتر که من چووم ئەو جمهورییەتەم تێکوپێکداو نەمهێشت چی تر خوێنی خەڵك بڕژێ، حەمید عوسمان لەوە لەمن توڕەبوو، بەڵام هەموو گرتووخانەکە پشتگیریان کردم تەنها حەمید نەبێ.

* حەمید عوسمان له ئیشکردنیا تاکڕەو بوو؟!

- له تاکڕەویش زیاتر، من ئەڵێم شێت بوو، پیاوێکی وریا، زیرەك، جیدی و ئازابوو، بەڵام شێتیش بوو، له ناو خەڵکی وادا هی شێتیشی لێ هەڵدەکەوێ.

* موسەقەفیش بوو؟

- بای خۆی، ئا.

* باشە حەمید عوسمان ئەوها توندبوو، ئەوها ئەو مارکسییە بوو، کە له سجنیش هەڵات کرایەوە بە سکرتێری حزبی شیوعی، ئەی چۆن بوو، دواتر چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان؟

- زۆر تەبیعییە، ئەو کەسانە ئاوا هاتن هەر ئاواش بە ئاسانی بائەدەنەوە، ئەوە تەبیعییە.

* ئەگەر تیشك بخەیتەسەر جیابوونەوەکەی عزیز الحاج؟

- با ئەوەشت پێبڵێم کە حەمید عوسمان له گرتووخانەی بەعقوبە هەڵات، کەریم ئەحمەد یەکسەر وتبووی ئیتر تۆ سکرتێری حزبی، من پێشکەش بە تۆم کردەوە، عزیز الحاج له نوگرە لەگەڵمان له حەپسخانە بوو، قسەی لەسەر هەبوو کە هەڵوێستی لاوازە، راستیش وابوو کە چووینە بەعقوبە، یانی گواسترایـنەوە بۆ بەعقوبە لەوێ له ئینفرادیا بووین، ئیتر عزیز تەواو رووخا، کەلەپچەمان له دەست بوو، ئەلقەی زنجیرو. چوزانم له قاچمان بوو، وەزعمان ناخۆش بوو، نەمانئەتوانی قاچمان بهاوێین دەتوت خەتەنەکراوین، هەموو کەس خۆی نەدەگرت، ئیتر عزیز رووخا، خۆی پێنەگیرا، ماینەوە تا 1958 لەگەڵ لێبووردنە گشتییەکە

دەرچووین، سلام عادل لە 1960 عەزیزی پاڵاوت بۆ کۆمیتەی ناوەندی، من بەتوندی دژی وەستام، وتم عزیز ترسنۆك بوو لە سجن لاواز بوو،...هتد بەڵام سەلام عادل هەر پاڵاوتی و ئیتر بوو بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە نێردرا بۆ دەرەوەو لە (قچایا السلم و الاشتراکیە) لە پراگ لە ساڵانی 1960-1961 کاری دەکرد، بەڵام لە ساڵانی 1966-1967 لە دەرەوە گەڕایەوە وڵات ئەمجارەیان خەتای عەزیز محەمەد بوو چونکە هێنایە مەکتەبی سیاسی، لە کاتێکدا عەزیز محەمەد ئاگاداری هەموو هەڵوێستە لاوازەکانی عزیز الحاجیش بوو.

* ئەی عەزیز محەمەد بۆ وایکرد، بەرژەوەندی چی بوو لەو کارەی؟

- ئەیوت عزیز الحاج نووسەرەو، لە بنەڕەتیشدا کابرا خۆی ماستاوچییەکی باش بوو، خێرا خۆی لە بەرپرسی یەکەم نزیك دەکردەوەو توانای نووسینیشی هەبوو، تا دواتر ئینشقاقی کردوو بوو بە یەکەمین ئینشیقاقەکە.

* سەبارەت بە فەهد، ئەوەندەی ئاگاداری بووبی، ئاستی رۆشنبیری و سیاسی چۆن بوو؟

- ئینتیباعێکی زۆر باشم هەیە لەسەر فەهد، پیاوێکی رۆشنبیر بوو تێکۆشەرێکی نەزەری و عەمەلیش بووە، هەرچەندە لەگەڵی دانەنیشتوومە، بەڵام لە میانی نووسینەکانی ئەو ئینتیباعەم دروست بوو.

* بەڵام مەرج نییە نووسین و کردەوە یەك بن، زۆر کەس هەیە گوفتاری پێچەوانەی کردارییەتی؟

- بەنیسبەت زەمانی خۆی، (فەهد) سەرکردەیەکی بە تواناو لێهاتووبوو.

* ئەی لە بەڕێوەبردنی ململانێ (إدارە الصراع) چۆن بوو؟

- بێشك ستالینی بوو، بەڵام لە ستالینە باشەکان، نەرمەکان، نەك توندەکان.

* بەڵام ستالینییەت نەرمیی تێدا نییە؟

- کاك فوئاد هەموو شتێك بە نسبی وەربگرە، هەموو شتێك نسبییە، ستالینیزمیش نسبییە، پێچەوانەکەشی هەر نسبییە.

* راسته له دوای راپەڕینی کانوونی دووەمی 1948 کە یەکێتی گشتیی قوتابیان دامەزرا، تۆ حەمدی ئەیوبت دانا بۆ سکرتێری؟
- بەڵێ وابوو.
* له ئازاری 1953 تاقمی ئاڵای کارگەران (رایه الشغیله) له حزبی شیوعی جیابوونەوە، ئەو تاخمە بڕوایان بە رووخانی پاشایەتی نەبوو، لەبەرچی دژی رووخانی پاشایەتی بوون و لەگەڵ هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراسی نەبوون؟
- راستدەکەی، جەماعەتی ئاڵای کارگەران رووخانی رژێمی پاشایەتیان بە توندڕەوی چەپڕەوییان دادەنا واتە (التطرف الیساری).
* چۆن، یانی؟
- ئەیانووت ئەمە هەڵەیە یەسارییەتە.
* یانی دەربەگایەتی یەسارییەتە؟
- لەسەر مەسەلەی بەرزکردنەوەی شیعاری کۆماری میللی و رووخانی پادشایەتی و ئەو شتانە ناڕازی بوون، پیاوێکیان لەگەڵدابوو، سجن بوو ناوی (ئیبراهیم شائول)بوو نەختێك لەشت تێئەگەیشت، بەڵام عەزیز محەمەد ئەوکاتە هێشتا خام بوو پێنەگەیشتبوو، سادەبوو، ئیتر ئەو و جەمال حەیدەری و ئەوانە هێشتا لە فایلی نەزەری نەدەگەیشتن، بەڵام ئیبراهیم شائول وابزانم رۆڵی سەرەکی هەبوو لە نەخشەی ئەو فیکرەی ئینشیقاقەکە، بەڵام هەموویان شائول و عەزیز محەمەدو جەمال حەیدەری و...هتد مەیلێکی راسترەویشیان تێدا هەبوو.
* راستە جەمال حەیدەری لێپرساوی یەکەمی ئەو رێکخراوە مونشەقە بوو؟
- شکلیەن عەزیز محەمەد بوو، بەڵام عەمەلیەن لەرووی فیکرییەوە ئیبراهیم شائول بوو. جەمال حەیدەری توند بوو، فیکرییەن لەگەڵ عەزیز محەمەد نەدەگونجا، توندڕەوو چەپڕەو بوو.

* ئەدی عەزیز محەمەد ئەو کاتە گەنج بوو توندڕەو نەبوو؟

- نەخێر عەزیز محەمەد قەت توندڕەو نەبووە، نە لەو سەردەم و نە دواییش، من عەزیز محەمەدم لەسجن بە ڕێگای نامە گۆڕینەوە ناسی، بەڵام جەمال کە لە زیندان رایکردو چووە دەرەوە، بوو بە سەرکردەی مەیدانی و قسەی جەمال دەیخواردو حساب بۆ قسەی جەمال دەکرا.

* قسەی عەزیز نەیدەخوارد؟

- عەزیز محەمەد لە زیندان بوو ئەوکات.

* دەڵێن ڕێکخستنی نەجەف هەمووی لەگەڵ ئەوان بوون؟

- هەمووی نا، بەڵام بەشی زۆری لەگەڵ ئەوان بوون، نزیکەی 80%ی ڕێکخستنەکانی نەجەف لەگەڵ جەمال بوون.

* جەمال ئەو کاریگەرییەی چۆن لەسەر نەجەف هەبوو؟

- لێپرسراوی نەجەف پێش ئینشقاقەکە لە زیندان دەچووە لایان، چونکە ئەوان ئینشیقاقەکەیان لە زیندان پێگەیاندبوو..

* تۆ لە ساڵی 1952 ئافرەتێکی جوولەکە بەناوی (ماردین میلی)ت خواست و بوو بە هاوسەرت، ئایا لەو کۆمەڵگە دواکەوتووەی کوردی، بەتایبەت لای خزم و کەسەکانت گرفتی بۆ دروست نەکردی کە ئافرەتێکی جوولەکە هاوسەرتە؟

- ئەو کادیری حزبی بوو، لە بەغا بەیەکەوە بووین، لە کاری حزبی ناسیم، بەنیسبەت خزمانیشم لە ئەسڵدا ئێمە عەشیرەتگەر نین، دانیشتووی گوندێکین، ئێمە نە جاف و نە هەرکی و نە شتی واین، دواتریش کە من بووم بە شیوعی، بە دابونەریتی شیوعییانە بیرم کردۆتەوە قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئەوە عەرەبە، یا جوولەکەیە، یا ئینگلیزە. مرۆڤ هەمووی مرۆڤە، ئێستاش هەروا بیردەکەمەوە.

* سەبارەت بە باوك و خزمە زۆر نزیکەکانت، چۆن ئیستیعابیان کرد؟

- جا ئەوانە هەر ئاگایان لە ژنهێنانەکەم نەبوو، من لە بەغدا موختەفی بووم، ئەوانم جێهێشتبوو، تا گیرام ئاگایان لەمن نەبوو، یەکجار لە (پەنجا- 1950) هاتمەوە سلێمانی.

* دوای ئەوەی گیرایت و ئینجا بەربووی و زانیشیان ژنێکی جوولەکەت هێناوە رایان خراپ نەبوو لەسەرت؟

- نەء هیچیان، رەنگە لە دڵی خۆیاندا تێبینی شتێکیان هەبووبێ، بەڵام هیچیان بە من نەوت.

* تۆ پێتوانییە حزبی شیوعی تا چواردەی تەمموزی 1958 رووحێکی زۆر شۆڕشگێڕانەی هەبووە، سەرکردایەتی دەیان راپەڕین و خۆپیشاندانی کردووە بەڵام دوای ئەم مێژووە رووحی شۆڕشگێڕی تێدا کوژێنراوەتەوەو وردە وردە ساردو سڕ بۆتەوە تا دەگاتە ئەمڕۆش؟

- نەء، دوای 1958 ئەو رووحیەتە شۆڕشگێڕییە زیادیکرد، لە 1959 گەورەترین خۆپیشاندانی کرد لە بەغدا کە ئەوکات هەموو دانیشتوانی بەغدا یەك ملیۆن کەس نەدەبوو، کەچی خۆپیشاندانەکەی حزبی شیوعی یەك ملیۆن کەس بوو، خەڵك لە شارەکانی دی هاتبوون بۆ بەغدا تا بەشداری لە خۆپیشاندان بکەن بەڵام لە (1961) بەدواوە وردە وردە دابەزی و کەوتە لێژی.

* ئەی لە 1958 کە دەسەڵاتی وەرنەگرت؟

- راست دەکەی بەڵام کتوپڕ ئەنجامەکەی نەدا، لە (1959) بەدواوە وردە وردە ئەنجامەکەی هەست پێدەکرا، لە ساڵی 1959 دوای ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە گەورەیە کە لەو خۆپیشاندانە خەڵك داوای دەسەڵات گرتنەدەستی دەکرد، خەریك بوو هەندێك لە سەرکردایەتی حزبیش فیکریان بەلای دەسەڵات گرتنەدەستەکەدا چوو، تەنانەت سەلام عادلیش رای لەگەڵ رای جەماوەرەکە بوو، ئەوەبوو من تەکلیف کرام بە وتاری رۆژانە پاساوی تیۆری و فیکری بۆ ئەو مەسەلەی دەسەڵات گرتنەدەستە بهێنمەوە، ئەوەبوو (3) ئەلقەم بەناوی بۆچی ئەبێ حزبی شیوعی بەشداری بکات لە حکومەت، ئەو وتارانەم لە ئایاری 1959 نووسی، کۆنترۆڵی ئیشمان کردبوو، کەوتینە کۆنفراساتی حیزبی، گەرم بووین، لەپڕ هەواڵێکمان بۆ هات وتیان فەرمانبەرێکی سەفاراتی سۆڤێتی هاتووە (ئەمجارە

پەیوەندیمان لەگەڵ سۆڤێت هەبوو، وەکو ساڵانی 1949-1953نەبوو، ئیتر ئەو فەرمانبەرە هات لەگەڵ من و زەکی خەیری دانیشت.

* زەکی خەیریش لەگەڵ هەڵوێستی تۆ دابوو؟

- بەڵێ، سەلام عادلیش لەگەڵ ئێمە هاوڕابوو، زۆربەی هەرە زۆرمان هاوڕابووین، ئەمانویست ئەمجارە دەسەڵات بگرینە دەست، بەتایبەتی سەلام عادل، جەمال حەیدەری زەکی خەیری، ئەبو لعیس و من.

* ئێ، کە ئەو فەرمانبەرەی سەفارەتی سۆڤێتییە داوای کرد بتانبینێ؟

- من و زەکی چووین بۆ لای، خۆی داوای ئەو دوو کەسە (من و زەکی) کرابوو، وتی ئەم نامەیە لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی سۆڤێتی بۆ حیزبی شیوعی عێراق هاتووە، بۆی خوێندینەوە، نامەکە گوێ راکێشان بوو، ئەڵێ عەبدولکەریم قاسم رووبەڕووی ئیستعمار بۆتەوە، ئیستعمار موئامەرەی لە دژی دەکات، ئەیەوێ قاسم برووخێنێ، نابێ ئێوەش بیترسێنن، نابێ داوای دەسەڵات گرتنەدەستی لێ بکەن و لاوازی بکەن.

* کاغەزەکە ئیمزای لەسەر بوو؟ بە ئیمزای کێ بوو؟

- بە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤێتی، مەکتەبی سیاسی، ئێمەش دەرویش بووین، گەڕاینەوە مەکتەبی سیاسی، کۆبووینەوەو لەسەری رێککەوتین.

* ئەوە لە 1959 بوو، ئەی لە 1958 بۆ دەسەڵاتەکەتان وەرنەگرت؟

- لە 1958نەمانئەتوانی.

* پێشتر پرسیاری حەمید عوسمانم لێکردی وەڵامت نەدامەوە، بۆچی لە حزبی شیوعی توڕەبوو، چووە ناو پارتی؟

- پێموایە باسمکرد، حەمید عوسمان لەو کەسانە بوو، وریا بوو، زیرەك بوو شێتیش بوو، هەروەها قەبووڵی نەدەکرد کەس لەسەرووی خۆی بێت. لێپرسراوبوو لە ساڵی (1954)دا بەشداریکرد لە هەڵبژاردنی عێراقی ئەوسا، نامەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی حەمید عوسمان، برادەرانی دی لێی رازی نەبوون وەك سەلام عادل و ناسر عەبودو

ئەوانەی لەگەڵیدا بوون و ئیتر لێیپێچینەوەیان لەگەڵ کردو گرتیان و پێیان وت تۆ دەست نادەی بۆ سکرتێری و هەڵبژاردنیان کرد، لە کۆمیتەی ناوەندی لایانداو لەجێی ئەو (سەلام عادل)یان هەڵبژارد.

* کەوابێ حەمید عوسمان لە حزب دوورخرایەوە؟

- بەڵێ لە سکرتارییەت هێنایانە خوارەوە، بۆیە رایکردو چووە بەغداو تا دوایی گەیشتە مەکتەبی سیاسی پارتی.

* دۆستایەتی تۆ لەگەڵ حەمید عوسمان چۆن بوو؟

- من سێ جار حەمید عوسمانم دیتووە، جارێك دیم مەسئولی ئێمە بوو، یانی سکرتێری لیژنەی محەلی سلێمانی بوو، جاری دووەم دیتم سەرۆکی ئەو کۆمارە بوو کە لە سجن بۆ خۆی دروستی کردبوو، جاری سێیەمیش بە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە سەردانمان بینیم. جاری چوارەمیش رۆژنامەی خەباتی دەردەکرد لە دێی لێوژە لە ساڵی (1966) وا بزانم نوێنەری شەخسی بارزانی بوو من ئەوەندە جارە حەمید عوسمانم دیتووە.

* گۆرانی شاعیر لەسەر حزبی شیوعی گیرا، کەچی لە زیندان ئەندامێتییەکەی لێ سەنرایەوە، ئەوە راستیەکەی چۆن بوو؟

- ئەوە توندوتیژی و بێ عەقڵی هەندێ برادەری مەسئول بوو..

* کێ بوون ئەوانەی بەربەرەکانێی (گۆران)یان دەکرد؟

- من کە لە زیندان هاتمە دەرەوە، سەلام عادل پێشوازی لێکردم و گۆرانیش لەگەڵمان بوو، کە لە بەعقوبە دەچووین بۆ بەغدا، لەگەڵ سەلام عادل لەناو ئۆتۆمبێل دانیشتبووین، گوتم ئەو پیاوە شاعیرە بەناهەق ئەندامێتییەکەیان لێی سەندۆتەوە لەسەر شتی بێ مانا، ئەویش (سەلام عادل) گوتی تەبلیغی بکە من وەکو سکرتێر دەڵێم ئەوە لای ئێمە ئەندامەو ئەو بڕیارە مەرفوزە، منیش بە گۆرانم گوت.

* ئەگەر بزانی بڕیارەکە کێ دابووی؟

- ڕێکخستنی زیندان، یەکێکیان وابزانم مەهدی حەمید بوو کە لە ساڵی 1963 شەهیدیان کرد.

* پاساوی ئەو برادەرانە چی بوو، بۆ ئەوەی ئەندامێتی لە گۆرانی شاعیر بسەننەوە؟

- وەڵڵاهی، مەسائیلی ئەخلاقیان کردبووە بیانوو، کە شتێکی بێ مانا بوو

* جا لە بنەڕەتدا ئەو مەسائیلە ئەخلاقیە هەبوو؟

- نەبوو، گریمان شتێکی بچووکیش هەبوو، شتێکی بچووك بچووك.

* ئەخلاقیەکە لەکاتی زیندانیکردنی بوو، یان پێش زیندانیکردنی؟

- لەکاتی زیندان، لە زیندانا کەبتی جنسی هەیە، بۆی هەیە هەندێ جار هەندێ کەس دەست بۆ کوڕێك ببات، لە زیندانێك کە هەموو گەنجن و بێبەشکراون لە جنس و ئەوانە، ئیتر لەسەر شتێکی بێ مانای ئاوەها ئەو بڕیارە درابوو، من بە بڕیارەکە ڕازینەبووم.

* تۆ لە زیندانا سکرتێری ڕێکخستنی ناو زیندان بووی؟

- نەخێر من لە هەموو لێپرسراویەتییەك تەجمید کرابووم.

* مرۆڤ کە سەیری مێژووی حیزبی شیوعی دەکات زۆر سەیر دێتە بەرچاوی. ساڵی 1958 سەلام عادل سکرتێری حزبی شیوعی بووەو جەمال حەیدەری و عامر عەبدوڵڵاو ئەوانە لە (1958) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بوون، کەچی عامر عەبدوڵڵا لە (1953) تەنها دۆستی حزبی شیوعی بووەو ئەندامیش نەبووە، ئەدی باشە لە (53 تا58) کە تەنها پێنج ساڵە چۆن گەیشتە مەکتەبی سیاسیی؟

- عامر شایستەی مەکتەبی سیاسیی نەبوو، بەڵام کە سەلام عادل لە زیندان هاتە دەرەوە، سەلام عادل لە توێژێکی ڕۆشنبیر بوو هەرچەندە مامۆستای قوتابخانە بوو، بەڵام ئەزموونی عەمەلی پێش ئەوکاتە دەوڵەمەند نەبوو، عامریش یەکێك بوو لەو کەسانەی قسەزان و (لەبلەبان) بوو، کاریگەری لەسەر سەلام عادل دروستکردبوو،

ئێمەش وشکبووین، خۆم زۆر وشکبووم بەتایبەتی لە مەسەلەی ئەندام بەخشین و وەرگرتن.

* جگە لە عامر، خۆ جەمال حەیدەریش تا 1956 ئالاَی کارگەران (رایە الشغیلە) بوو؟!

- بەلاَم کادیربوو، وەك کادیرێکی حزبی شیوعی وابوو، لێپرساوی یەکەم بوو لە ئالاَی کارگەران ئەوە جیایە، بەلاَم بەیانی دوو ڕێکخستن یەکتربگرن یان ڕێکخستنێك بێتە ناو پارتی، یان یەکێتی، ئەوانەی هەندێك بەتوانان جێگایان هەیەو دەگەنە سەرکردایەتی. نموونەش زۆرە.

* با بێینە سەر عەزیز محەمەد، لە ساڵی (1959) کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لە حزبی شیوعی، کۆمیتەی ناوەندی دەنگی بۆدا، ئایا پێشتر لە کۆمیتەی ناوەندی بوو تا ببێت بە مەکتەبی سیاسیی؟

- کە من لە زیندان دەرچووم مەکتەبی سیاسیی بریتی بوو لە سەلام عادل و جەمال حەیدەری و عامر عەبدوڵلاو منیش یەکسەر خرامە مەکتەبی سیاسیی، واتە چوارەم بووم لە ساڵی (1958)، عەزیز محەمەد لە (1959) لە لیژنەی مەرکەزی دەستنیشانکرا بۆ مەکتەبی سیاسیی.

* پێشنیارەکە هی کێ بوو؟

- نایەتە بیرم بە باشی.

* ئەدی بۆ ئەوکات کەریم ئەحمەدتان هەڵنەبژارد بۆ مەکتەبی سیاسیی، چونکە ئەو پێشتر سکرتێری حزب بوو....

- کەریم ئەحمەد توانای عەزیز محەمەدی نەبووە، ئەوساو ئێستاش لە هەموو بوارێکدا، عەزیز لە رووی تیۆری و عەمەلییشەوە لە کەریم ئەحمەد بەتواناترە، هەروەها لە رووی سیاسەتکردن و دیپلۆماسیەت و عیلاقات و ئیدارەش هەر لە کەریم بەتواناترە، کەریم لە رووی تیۆرییەوە لاوازە بەقەد عەزیز لە شت ناگات، خاوەنی راوبۆچوون نییە..

* بەڵام هەست ناكەی هەڵوێستی ئیزدواجی لە كەریم ئەحمەد دانییەو لە تێكۆشان راستگۆترە؟

- ئەو مەسەلەیەكی دیكەیە، بەڵام لە توانادا عەزیز لە كەریم بەتواناترە جیاوازییەكی دیارو بەرچاویش لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە عەزیز محەمەد هەڵبژێردراو كەریم ئەحمەدیش نارازی بوو، ئیستقالەی پێشكەشكرد.

* دەڵێن سەلام عادل، كەریم ئەحمەدی لە ئیستقالەدانەكەی پەشیمانكردەوە؟!

- بەڵێ دوای (3) رۆژ پەشیمانی كردەوە، كە سەلام عادل زانی كەریم ئەحمەد دەستی لەكاركێشاوەتەوە.

* ئێوە وەك چەند كەسێك یان وەك مەكتەبی سیاسی بوو داواتان كرد سەلام عادل دەست لە سكرتێری حزبی شیوعی هەڵبگرێت، ئەوكاتە هەڵوێستی كەریم ئەحمەد، عەزیز محەمەد چۆن بوو؟

- كەریم زۆر زۆر لەگەڵ سەلام عادل بوو، پێموایە عەزیزیش هەر لەگەڵ سەلام عادلدا بوو، بەڵام بەشێوەیەكی دیپلۆماسی، واتە عەزیز خۆی نەدەكردە تەرەفی زەق.

* ژیانت لەگەڵ هاوسەری یەكەمت چۆن كۆتایی هات؟

- یەك ساڵ بەیەكەوە ژیانمان بردەسەر، پاشان مانگێك لە پێش من ئەو گیرا، من لە نوگرە سەلمان و ئەویش لە زیندانی ژنان، پاش ماوەیەك وەك ژن و مێردێك نامە گۆڕینەوە كەوتە نێوانمان، ئەو (10) ساڵ زیندانی و منیش موئەبەد حوكم درابووین، لەگەڵ یەكدی دانیشتین تا ماوەی دوو ساڵ و دوو مانگ لەگەڵ یەكتری ماینەوە، پاشان من نەخۆشبووم دەبوایە بۆ چارەسەركردن بە بڕیار بچمە مۆسكۆ، ئیتر بە وەفدێك چووم، بەڵام سەلام عادل لەبیری نەچوو بوو كە داوامكردووە لە سكرتێری حزب بێتە خوارەوە، بۆیە دوای ئەوەی چارەسەریم تەواو بوو، ویستم بێمەوە، بڕیارێكی مەكتەبی سیاسیم بۆ هات لە رێگەی حزبی شیوعی سۆڤێتییەوە، كە بمێنمەوەو لەوێ بخوێنم، چەندی هەوڵمدا بگەڕێمەوە بێ سوود بوو

دواتر بەناوی ئەوەی تەکەتولم کردووە، تەجمیدیان کردم، ئەوەبوو من و عامر عەبدوڵڵاو زەکی خەیری و ئەبو لعیس، لادراین و تەجمید کراین، گوایا دژی سەلام عادل کارمان کردووە.

* هەست ناکەی لەگەڵ هەموو سکرتێرەکان هەمیشە ناکۆك بوویت و جۆرێك ململانێت هەبووە، ئەوە حەمید عوسمان، سەلام عادل، عەزیز محەمەد؟

- عەزیز محەمەد کە کرا بە سکرتێر من دەنگم بۆدا.

* بەڵام دوایی ململانێ بەتوندی دروست بوو؟

- ئاخر کە دەبن بە سکرتێر ئەگەر بە ویژدانەوە مەسەلەکە وەربگری و بیبەستیەوە بە بارودۆخی گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەم، عەزیز محەمەد (29) ساڵ سکرتێری حزب بوو، ململانێی من لەگەڵ عەزیز لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە بەشداری لە وەزارەتی بەعسی کرد بە عامر عەبدوڵڵاو موکەڕەم تاڵەبانی.

* بەڵام ئەو بەشداریکردنە بە قرار نەبوو بەڵکو بە دەنگدان بوو؟

- ئەوە مەکتەبی سیاسیی کردی، کۆمیتەی ناوەندی نەبوو، تا توانیم هەوڵمدا حزبی شیوعی نەچێتە ئەو (بەرەیە)، عەزیز محەمەد سەرۆکایەتی دەکرد، 15 کەس لە کۆمیتەی ناوەندی کۆبووینەوە، پاش گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر بە دەنگدان ئێمە بردمانەوە کە 8 بە7 بووین، واتە (8)کەس دژی (بەرە) بوو 7 کەسیش لەگەڵ بوو، کەچی عەزیز محەمەد وازی نەهێنا گوتی (یا رفاق اناشدکم های فرصە تأریخیە وکذا وکذا....)و، ئەمجارە جیاوازی لە نێوان من و عەزیز دروستبوو، بەڵام لە رووی شەخسیەوە ئێستا پەیوەندیمان هەیەو بچمە هەولێر سەردانی ئەکەم.

* سەبارەت بە خەتی ئاب هەڵوێستی تۆ چۆن بوو لەگەڵ ئەو خەتە؟

- خەتی ئاب لەگەڵ وەرگرتنی حوکم نەبوو، من لەگەڵ وەرگرتنی حوکم بووم،؟ عادل، زەکی خەیری، ئەبولحسین لەگەڵ وەرگرتنی حوکم بوون، بەڵام عامر لەگەڵدا نەبوو، عەزیز محەمەد لە هەردوولا بوو، بەڵام کودەتای (1963)بوو، دواتریش کودەتای تشرینی 1963ی بەدواداهات، کە عەبدولسەلام هاتە سەر حوکم،

سۆڤێت بەهیوا بوو عەبدولناسر ببێت بە کاسترۆیەك لە میسری عەرەبی و لە دنیای عەرەبیش کە بەرەو سۆشیالیستی بچێت و عەبدولسەلامیش ئەو رێگایە بگرێت، ئیتر ئەو فکرەی (لاراسمالیه- ناسەرمایەداری)ە دروستبوو، خۆت باشی ئەزانی لەسەردەمی عەبدولسەلام ئەو فیکرەیە بەزەقی دروستبوو، ئیتر لە حزبی شیوعی عێراقدا، سەلام ناسری کە پاڵێوراوی مەکتەبی سیاسیی بوو لێپرسراوی رێکخستنی حزبی شیوعی بوو لە دەرەوە، ئەو کابرایە (سەلام) یەمینی بوو، لە ناوەوەش باقر ئیبراهیم لەگەڵ عەزیز محەمەد میزاجیان یەمینی بوو، ئیتر و وای لێهاتبوو ئەو قەناعەتەیان دروست ببێ کە بە رێگای ناسەرمایەداری ببن بە سۆشیالیستی، دواتر بۆم دەرکەوت ئێمە لە کوێین و خەڵك لە کوێیەو دونیاش لە کوێیە، تێگەیشتم خەتی ئاب هەڵە بوو، بۆیە لە نیسانی 1965 کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیمان کرد لە بەغدا کە (10) کەس بووین، بڕیارماندا خەتی ئابمان (180) پلە گۆڕی.

* ئینشیقاقی عەزیز الحاج کێی لە پشت بوو؟

- لە بنەڕەتدا کەسی لە پشتەوە نەبوو، تەنها بارودۆخی ناوخۆ نەبێت، ئاخر حزب تووشی هەڵەی راستڕەوی فیکری هاتبوو.

ماڵی من ئەوکاتە واتە (17)ی ئەیلولی 1967 لە گەڕەکی قادسیە بوو لە بەغدا، ماڵەکەم گیراو بەناوی ئەمن گرتمیان و رۆژی دوایی لەدەستیان هەڵاتم، دوای ئەوە زانیم ئەوە ئینشیقاقەکەیەو پلانێکی کودەتایی یە بۆ گرتنی لێپرسراوانی حزبی شیوعی، بەڵام ئەم پلانە دواتر فەشەلی هێنا، بوو بە ئینشقاق، نەبوو بە کودەتا، لە 1967/9/19 کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیمان لە بەغدا سازکرد، تیایدا بڕیاری دەرکردنی عەزیز ئەلحاج و سەرۆکی تاقمەکەمان داو بەیاننامەمان دەرکردو یەکسەر ناردمان بۆ ئێزگەی دەنگی گەل لە بولغاریا، دوای دوو رۆژ خوێندیانەوە.

* دوایی عەزیز الحاج- تان گرت؟

- پاش (39) رۆژ لە ئینشیقاقەکە عەزیز الحاج لە ماڵی شەوکەت خەزنەدار گیرا، بەڵام ئازادمانکرد، چونکە ئەوەدەم عەزیز الحاج لە سیاسەت نەدەگەیشت، شێت بوو، ماوەیەك بەوپەڕی توندڕەوی و چەپڕەوییەوە بەیاننامەی دەردەکرد، راستیی ئەو

جەماعەتەی لەگەڵیشی بوون زۆر توندڕەو بوون لە پاشان گیران و ئیعترافاتی لێکەوتەوە، یەکێك لەوانەی گیرابوون ئەحمەد مەحمود کە خەڵکی سلێمانی بوو، هەروەها گوشام کە کادیرێکی عەرەب بوو لە بەغدا، ئەمانە لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا کوژران و هیچ نهێنیەکیشیان نەدرکاند، بەڵام کە عەزیز الحاج گیرا، بەیەك شەقازللە گوتی لێم مەدەن هەموو شتێکتان پێدەڵێم و دێمە سەر تەلەڤزیۆنیش قسە دەکەم، ئەوکات حەمید عوسمان راوێژکاری حزبی بەعس بوو لە بەغدا، ئامۆژگاری کردبوون کە عەزیز الحاج بهێڵنەوەو سوودی لێوەربگرن و ئەلقەیەکە لە دەستان، نەکەن بیبەنەسەر تەلەڤزیۆن، بەڵکو باشتر وایە قسەی نهێنی لێ وەربگرن.

* حەمید عوسمان جارێکی دیکە گیرایەوە چۆن بوو بە بەعسی؟

- نا حەمید جاری دیکە نەگیراوە.

* ئەدی چۆن کرا بە راوێژکاری بەعس؟

- هەر خۆی، ئەو کەسە (20) جار سەنگەری گۆڕیوە...

* سەرەتای بیرۆکەی ئینشقاقەکەی عەزیز الحاج بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

- راستیەکەی لە ساڵی 1964 بیرۆکەی بەشداریکردنی حزبی شیوعی لە دەسەڵات پەرەیسەند، بەڵام رێکتر دەتوانم بڵێم ئەو ئینشیقاقە لە دوای (1965)ەوە لە دوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە نیسان گرێدرابوو (180) پلە سیاسەتمان گۆڕی و لە تشرینی 1965ەوە لە بەغدا کۆبوونەوەیەك کرا، کە بێ سێ و دوو دەبێ حزبی شیوعی حوکم وەربگرێت، عەزیز الحاج لەو کۆبوونەوەیە بەشداربوو، ئیتر فیکرەی ئینشیقاقەکە لەو کۆبوونەوەیەی 1965 تەواو دروستبوو.

* پێش ئەو کودەتایەی کە لە تەمموزی 1968 بەعس کردی، پێشوەخت نوێنەرێکی ئەمریکی سەردانی عێراقی کردو لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر دانیشتووەو، ئەگەر بزانی ئەو دانیشتنە بۆچی بووە؟!

- بۆ کودەتای (1968) بوو و نەخشەکە ئەمریکاو بەریتانیا کێشابوویان بەیەکەوە. ئەوانەی کودەتاکەیان کرد (عەبدولرەزاق نایف کە بەڕێوەبەری ئیستتخباراتی عێراقی بوو و پیاوی موخابەراتی بەریتانی بوو).

* راستە دەڵێن ئەحمەد حەسەن بەکر لە 1963 بەرائەتی دابوو کە ئیتر کاری حزبی و سیاسەت نەکات؟

- راستە بەڵام ئەمریکا پەیوەندیی لەسەر ئەمە چییە، راپەڕین و خۆپیشاندان کرا کە تێیدا (5تا6) هەزار کەس بەشداربوون و ئەحمەد حەسەن بەکر چوو لەم خۆپیشاندانە قسەی کردو ڕووناکی سەوزیان بۆ هەڵکرد، ئەو خۆپیشاندان و قسەکردنە بۆ ئەوە بوو بە ئەمریکییەکان بڵێین بەنەزەری ئێوە دەتوانین کودەتا بکەین و ئامادەین.

* باشە عەزیز حاج لە 1968 چۆن گیرا؟

- ئەو باڵێکی سەرەکی حزبی کەرتکرد، مەفروز بوو لەناو حکومەت تەنسیقەکی هەبووایە، بەڵام نەیبوو کەچی عەزیز حاج نەخشەو پلانی کودەتایی دانابوو.

* بابێینە سەر شتە داخیلییەکانت، لە سەرەتای ساڵانی (1980) لە کوردستان لێپرسراوی بەشی سلێمانی بووی، شەڕێکی خەست لە نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی دا ڕوویدا کە ئەو ماوەیە مەلا بەختیار لە یەکێتی لێپرسراوی سلێمانی بوو، ئێوە (تۆ و مەلا بەختیار) لەگەڵ یەکتر وەك دوو برا دادەنیشتن، سیاسەتی حزب دوولایەنە بوو لەلایەك شەڕبوو و لەلایەك ئێوە لەگەڵ یەکدی دادەنیشتن؟

- من شەڕم نەکردو سیاسەتی حزب یەك لایەنە بوو نەك دوولایەنە، بەڵام من رازی نەبووم کە شەڕ بکەم.

* ئەدی بڕیاری مەرکەزیی حزب چی بوو؟

- هەوڵمدا ئەوانیش لەم بڕیارە دابەزن کە شەڕکردنە، لەلای خۆم (27) کادیری حزبی و عەسکەری هەبوون چەندجار کۆبوونەوەم لەگەڵیان دەکردو گفتوگۆم لەگەڵیان دەکردو بابەتەکانم بۆ باس دەکردن راوبۆچوونم وەردەگرتن.

* بەڵام بڕیارێك هەیە لە مەرکەزیی حزبەوە دەردەچێت؟

- بەڵام بڕیارێکی هەڵەیە خۆ زەمان و کاتی ستالین و (50)کان نییە ئەم دەروێشەی جاران بم ئەوەی شێخ دەیڵێت بیکەم، من لە ساڵی 1979 یەکەم کەس بووم لە دەرەوە هاتمەوە کوردستان بۆ خەباتی چەکداریی، ئەو سیاسەتەی گرتمان

من و عومەری مامە شێخەو مەلا ئەحمەدو برادەرانی دیکە سیاسەتی سەربەخۆیی حزبی شیوعی، نەبەلای یەکێتی نەبەلای پارتی دا ئەو سیاسەتەمان بەوردی بردەسەر تا ئەیلولی 1982، عەزیز محەمەدو ئەوان کە لە دەرەوە بۆ یەکەمجار هاتنەوە، کۆبوونەوەیەکی لیژنەی مەرکەزیی کرا، ئەوان لە ئەیلولی 1982 قیادەی حزبیان گرتە دەست (عەزیز محەمەدو کەریم ئەحمەدو عەبدولرەزاق سافی و باقر ئیبراهیم) ئیتر من و عومەری مامە شێخە (ئەبو فاروق) دەورمان نەما وەك جاران کە بتوانین ئەو سیاسەتەی دامان نابوو پیادەی بکەین، چونکە تا ئەو کاتە بەهیچ لایەکمان دانەدەتاشی واتە نەلایەنگریی یەکێتی بووین نە پارتی و بۆ هیچ لایەکیشمان خوارنەدەکردەوە.

پەیوەندییەکی دۆستانەو خۆشمان لەگەڵ هەردوو لا هەبوو، دوای ئەوەی ئەوان هاتنەوە منیان کردە لێپرسراوی کەرتی سلێمانی و کەرکوك، یوسف حەننایان کردە لێپرسراوی هەولێرو تۆما تۆماسیان کردە لێپرسراوی بادینان. ئەو دابەشکردنە تازەیە، نەخشەی رێکخستن و سیاسەتی ناو حزبی گۆڕی و ئەو (عدم انحیازەکەیان) نەهێشت و ئێمەیان بڵاوەپێکرد.

* دەڵێن کاریگەریی مەلا بەختیار بوو وای لە بەهادین نوری کرد کە شەڕ نەکەن چونکە شەڕ ئەوکاتە لە بەرژەوەندیی یەکێتی دانەبووە بەرەی شەڕەکە فراوان بکات.

- جارێ پیاو قسە بۆ هەق بکات، هەموو رۆژێ بروسکە بۆ مەلا بەختیار دەهات کە شەڕ بکات و لە ئێمە بدات، بەڵام ئەو شەڕی نەدەکرد هەر لەسەر ئەمەش سزادراو تەجمیدکرا، لەلایەکی دیکە من کاریگەریم کردە سەر مەلا بەختیار نەك ئەو کاریگەریی بکاتە سەر من.

چەندجار لەگەڵ مەلا بەختیار دادەنیشتم پێمدەگوت ئەوە شەڕمانکرد تۆ (100) کەست لە ئێمە کوشت و ئێمە (100) کەسمان لە ئێوە کوشت کێ قازانج دەکات؟ بەڵام مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کە هاتنەوە ئەو سیاسەت و بێلایەنیە، حزبی شیوعیان تێکدا.

* مەكتەبی سیاسی دەیویست بچنەناو شەڕەكە؟!
- لەگەڵ ئیستیقلالییەت دانەبوون.
* بۆ مەكتەبی سیاسی گوشاری لەسەربوو، هۆكار چی بوو؟
پرسیار لەمن مەكە ئەو پرسیارە لە خۆیان بكە، عەزیز محەمەد زۆری نەخایاند گەڕایەوە دەرەوەی وڵات، كەریم ئەحمەد بوو بە قائم بالاعمال، بۆ كەریم ئەحمەد لەگەڵ ئیستیقلالییەت نەبوو، چونكە هەر ئەوەندە لە دنیا دەگات ئەوە وەڵامی منە.
* كەریم ئەحمەد بەوە ناسرابوو كە زیاتر لایەنگری مام جەلالە كەچی شەڕ لەگەڵ یەكێتی دروستبوو.
- وانەبوو، بەڵكو كەریم ئەحمەد بەوە جیادەكراوە كە لە بیرەوەرییەكانی خۆشم نووسیومە لە بەیانی تا ئێوارە سێجار راوبۆچوونی خۆی دەگۆڕێ.
* تۆ دەڵێیت من كاریگەریم لەسەر مەلا بەختیار هەبوو ئەو شەڕە دروست نەبێت، گەرچی مەلا بەختیار بە كابرایەكی توندڕەو دەناسرا هەتا كوشتنی شێركۆ شێخ عەلی دەڵێن ئەوی لە پشت بوو؟
- من نووسیومە، مەلا بەختیار لە پشت ئەمە دابوو، مەلا بەختیار جەمال باپیر نارد شێركۆ شێخ عەلی بكوژێت.
* نەوشێروان كە گیرا هێنایانە بارەگای حزبی شیوعی، كە لە زیندان رایكرد هاریكاری حزبی شیوعی لەگەڵدا بوو؟
- نەخێر، بەهیچ شێوەیەك شیوعییەكان ئاگاداری نەبوون، بەڵام ئازادییان پێ دابوو، هیچ جۆرە چاودێرییەكی لەسەر نەبوو، بەڵام كاوەی شێخ لەتیف نەوشێروانی دەرباز كرد، شیوعییەكان بە هیچ جۆرێك بیریان لەوە نەدەكردەوە نەوشێروان لای ئێمە رابكات، چونكە یەكێتی هاتنە لای ئێمە لە توژەڵەو زەڵێ و شەخسی خوالێخۆشبوو (كەمال خۆشناو)هات كە شەخسی سێیەم بوو لەناو یەكێتی لەوكاتداو گوتی ئێمە ترسمان هەیە كاك نەوشێروان بكوژن لەبەر ئەوەی داواتان لێدەكەین و تكا دەكەین با

له لای ئێوه سجن بێت، ئێمەش داوامانکردو ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەرداو هێنایانه بارەگای ئێمه.

* کێ له سەرکردایەتی سۆشیالیست توندبوو لەسەر نەوشێروان؟

- ئەوانەی ئەوێ حەمەی حاجی مەحمودو تاهیری عەلی والی و ئەوانەی لەوێ بوون توندبوون.

* دەڵێن قادر جەباری توندبوو؟

- ئاگاداری هەڵوێستی ئەو نەبووم.

* دوورکەوتنەوەی تۆ له قاتعی سلێمانی هۆکاری چی بوو؟

- چونکه ئەوان تێکشکان و ئێمەش تێکشکاین، بەڵام وەکو ئەوان نەبوو، ئەوان لەوێ کردیانه ئەودیوی قەندیل، من لێره کاغەزم نووسی بۆ برادەرانی پارتی و سۆشیالست، با هاوکاری یەکتر بکەین ڕۆژهەڵاتی شەقامی عەربەت و دەربەندیخان دەگرین و یەکێتی دەردەکەین و ئێمه خۆمان لەو ناوچەیه دادەنیشین و هەردوولا ڕەزامەندیان لەسەردا من هێشتا له قەرەداغ بووم، هێزەکەی خۆم کرد بەودیوە، شەوکەتی حاجی موشیر لێپرساوی ئەو ناوچەیه بوو له یەکێتی، ئەوانیش لەلای خۆیان (پارتی و حسك) هاتن، یەکێتی بەجێیهێشت و شەوکەت جانتا دیپلۆماسیەکەی خۆی بۆ نەبردرا کەوته دەست حەمەی حاجی مەحمود، ئێمه ئەو جێگایەمان گرت که نەخشەمان بۆ دانابوو واته بەشی زۆری شارەزوور له دەست ئێمەدابوو و بارەگای پشتەوەشمان له پشت ئەحماوه له سورێن و هەرمێنه بووین.

نارازییەکی زۆر هەبوو له ناو کادیرو پێشمەرگەکانمان (حزبی شیوعی) من گوتم دیموکراسیانه چارەسەری دەکەین بۆ ئەو مەبەسته هەڵبژاردنی حزبی و سەربازی دەکەین لەم هەڵبژاردنه ئەوانەی نارازین ئەو کەسانه هەڵبژێرن که خۆتان دەتانەوێت، سێ فەوجمان هەبوو هەڵبژاردنی فەوجی یەکمان کرد هاتینه شارەزوور بۆ هەڵبژاردنی دوو فەوجەکەی دیکه پێش ئەوەی ئەو دوو هەڵبژاردنه بکەین به چوار سەعات بروسکەیەکمان له مەکتەبی سیاسی بۆ هات که هێشتا مەکتەبی سیاسی

له ئێران بوون، ئەبوو سەلام و مەلا عەلی له دەستەی قاتع بڕیاردرا دووربخرێنەوەو مەلا ئەحمەد بانیخێلانی کرا به لێپرساوی قاتع.

* بۆچی ئەویان دانا؟

- چونکە بە قسەی ئەوانی دەکرد، دوای ئەوەی مەلا ئەحمەد هاتە لای ئێمە گوتی ئێمە لەوێ حەیاو ناموسمان چووە لەسەر ئەوەی گیراوین و چووینە لای مام جەلال و بەیانمان دەرکردو مام جەلال دەمانچەی داوە پێمان و گەڕاینەوە لای برادەرانی خۆمان من و کەریم ئەحمەد، پیاو چاك ئەوەیە هەندێ هاوکاری و یارمەتیم بدەن، بەڵکو هەندێك حەیاو ناموسمان بۆ دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی دوو مانگ لەوە لە ئێمە رازی نەبوون لەبەر ئەوەی تاوانی من ئەوەبوو کە شەڕم نەکردبوو بۆ رزگارکردنیان و نەشم دەتوانی شەڕ بکەم، بۆیە نەمدەتوانی بگەم بە فریای ئەوان، داوایان لێکردم فریایان کەوم، بەڵام خۆ کۆپتەرمان نییە پێی بێم لە شاخی هەلالانەوە چی دەمگەیەنێتە پشت ئاشان لەبەر ئەوە لەمن ناڕازی بوون و منیان تەجمیدکرد.

* تەجمید کردنەکەت بە قراری مەکتەبی سیاسیی بوو یان هەر سکرتێر بوو؟

- نەخێر نەوەڵا پێم وابوو مەکتەبی سیاسیی بوو، ئەگەر لیژنەی مەرکەزیش نەبووبێ.

* باشە تۆ ئەوکاتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی نەبووی؟

- با.

* باشە ئەی چۆن لە کۆبوونەوەکە بەشدار نەدەبووی ئەگەر لیژنەی مەرکەزی بێ؟

- جا من ئەو پرسیارەم لە مزەکەراتی خۆمدا تەرحکرووە، بە چ هەقێ.

* هەر ئەوەش بوو نەیانهێشت داخلی کۆنگرە بیت، کۆنگرەی ساڵی (85)؟

- نەچووم کەس بانگی نەکردم، لەساڵی 84 انیشقاقم کرد یەعنی جێمهێشتن، اقامەی جەبریان لەسەر دانام لە کوێ لە بنکەیەکی حیزبی تودە لە سێ سنووری

لای سنووری عێراق ئێران تورکیا ئیقامەی جەبریان لەسەر دانام لەوێ نزیکەی مانگێك مامەوە.

* تۆ تەمەنێکی درێژت لەگەڵ ئەو سەرکردایەتییەی حزبی شیوعی بردەسەر کە تەجمیدکرابوویت و دوایی لە کۆنگرە بانگیان نەکردی ئەندامانی کۆنگرە نەیانگوت هۆکاری نەهاتنی بەهادین نوری چۆنەو چییە؟!

- نەءوەڵلا.

* ئەی چۆن؟

- فکرەیەکی دیموکراسیانەو واعی لەناو حیزبی شیوعیا نەبوو.

* باشە لە قیادە کەس پشتگیریی تۆی نەکرد؟

- کە سەلام عادلیش تەجمیدی کردم لە 62 هەر کەس پشتگیریی نەکردم. لە سجنیشا کە تەجمیدیان کردم بەس زەکی خەیری و برادەرێکی عەرەب بەناوی عەزیز شێخ ئەو دوو کەسە پشتگیریان کردم لە سجنا.

* باشە دوای ئەوەی 1991 کە هاتییەوە ئیتر مەرکەزەکت دانا مەرکەزی دیموکراسی و بڵاوکراوەیەکت دەرکرد، ئەو پاڵپشتە داراییەت لە کوێوە بۆ دەهات؟

- کەس دەعمی دارایی نەکردم، دەعمی مالی بەرامبەر بەشتێکی چی.

* ئاخر نا خۆ ئەوکاتە هەندێك مەساریف و خەرجیت هەبووە.

- خەرجیم نەبووە، کە هاتمەوە سێ چوار هەزار دۆلارم لەگەڵ خۆم هێنایەوە.

* مەبەستم خەرجی بۆ ئەو حزبی دیموکراسیە بوو کە دروستت کردبوو؟

- ئەوە لە 1994 دروستبوو.

* ئا بەڵێ.

- سێ چوار هەزار دۆلارم لەگەڵ خۆمدا هێنابوو، ئەوەم خەرجکرد لە 91، بەڵام حیزبم لە 94 دروستکرد، پێش ئەوە ئەو شتە کە دروستمانکرد دیموکراسی بەردەوام بوو تا کردمان بە حیزب لە 94دا بۆ یەکەم جار پارەیەکمان بۆ هات ئەوەشم نووسیوە.

* له کوێوه؟
- رۆژێك یەکێك هات بۆ نوسینگەکەمان، وتیان یەکێك هاتووه له ئەحواڵی تۆ ئەپرسێ، له سکرتاریەتی مام جەلال، گوتم بابێ، هات گوتی ئەوه 20 هەزار دیناره مام جەلال ناردویەتی بۆ تۆ مانگانه.
* پێشتر لەگەڵ مام جەلال باست لێوەنەکردبوو؟
- نەءەڵلا، باسی پاره بکەم قەت نەمکردووه.
* داوات نەکردبوو بۆ حیزبەکە؟
- داوام نەکردبوو، منیش گوتم بۆ شەخسی خۆم، گوتی ئا، گوتم دەبڕۆ سبەینێ وەرەوه، خۆت وەرەوه سبەینێ جوابت دەدەمەوه، ئێستا جوابت نادەمەوه. برادەرانم کۆکردەوه، قادری میرزا کەریم و سۆران و سێ چوارێکی دیکه ماڵ لەوه حیکایەت لەوه، گوتم من شەخسی بۆ خۆم رەتیدەکەمەوه ئەگەر ئەتانەوێ بۆ بزووتنەوه وەری بگرن با بەناوی منیش بێت مانعم نییه، گوتیان ئەمانەوێ، گوتم دەبڕۆن وەری بگرن لەم دەقیقەیەوه سبەینێ ئەیەتەوه لێیوەربگرن و با بەناوی من بێ، سۆرانمان تەکلیف کرد ببێ به محاسیب و پارەکه وەربگرێ و خەرجی کا، سۆران بەکر، وەریانگرت ئەوه لەساڵی 94 بوو، پاشان داوای مۆڵەتمان کرد بۆ بزووتنەوه به فەترەیەك، له 1996 بوو یەکێتی راونرا له هەولێر، پارتی هەولێری گرت مقەری مام جەلالیان گرت کاغەزێکی مام جەلالی تیاگیرا بڵاویانکردەوه کێ بوو له هین ئیشی ئەکرد له سەحافەی پارتی ناوی چی بوو فەیسەڵ؟!.
* فەیسەڵ دەباغ؟
- بەڵێ ئەو بڵاویکردەوه یا یەکێکی دیکه بوو، ئەمه کاغەزەکەی بڵاوکردەوه کاغەزەکه هی مام جەلال بوو، کاغەزی مام جەلال ئەوه بوو نووسیویەتی زوو وەکو 20 هەزار دینار بۆ من تەرخان بکا مانگانه، منیش بەو نەوعه پارەکەم وەرگرت، که باسمکرد جوابم دایەوه چی بوو له گۆڤاری چیا بڵاوکردەوه ئەوکاته، ئەوهابوو کاکه ئەوه نەبوو ئەوی ئێوه بڵاوی ئەکەنەوه.

* ئەی دوایی موشکیلەیەکت دروستبوو لەگەڵ دیموکراسی لەسەر پارەو لەسەر ئەو شتانە، لە بنەڕەتدا ئەمە چۆن بوو؟

- لەگەڵ کێ؟

* لەگەڵ دیموکراسی، جەماعەتەکەی خۆت؟

- پارەیان دزیبوو ئێ ئەوە؟

* ئا پارە دزرابوو هەندێ شتی وا نووسرا؟

- ئەوە لە 2002 بوو زەوییەکمان هەبوو فرۆشتمان، من کڕیبووم، بزوتنەوە، دوای فرۆشتمان لە قاسەکا قاسەکە لەناو مقەرا بوو دزرا 40 تا 45 هەزار دۆلاری تیابوو لەسەر ئەوە مشکیلەمان بوو.

* نەتیجەی نەبوو تا ئێستا؟

- شتی یەقین نەوەڵلا، بەس شك و گومان تەبعەن ئەبێ.

* باشە ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ مام جەلال و قیادەی یەکێتی چۆنە؟

- تقاعدم پەیوەندیم بۆ چییە، حەقم بەسەر کەسەوە نییەو شتم هەبێ ئەینوسم لەسەر هەر کەسێ بێ.

* یارمەتی ئەدرێی یارمەتی ماددی؟

- معاشێکی چوار گەلایی کۆسرەت هێشتا رەئیس وزەرا بوو بۆی دانام، لە پاشان نازانم لەبەرچی رقی هەڵسا بڕی.

* چوار گەلا یەعنی چوار وەرەقە؟

- ئا بەڵێ.

* ماوەیەکی زۆری پێچوو بڕی؟

- وەڵا نازانم ساڵێك رەنگە کەمتر زیاتر نازانم.

* لەسەر چی بڕی؟

- وەڵاهی میزاج نییە، هی کورد هەروایە، قابیلە لەسەر چی بێ، دوایی عەدنان مفتی بوو بە وەزیری مالیە پێم گوت، عەدنان ئیعادەی کردەوە، تقاعدیم تایبەتە، رەسمی نییە بنەمای قانونی نییە.

* یەعنی ئێستا ئەو چوار وەرەقەیەت هەیە؟
- لەم مانگەوە تۆزێك زیادكرا، چووم لەبەر ئەوە هەر ئەو چوار وەرەقەیە بوو چوومە لای مەسئولی پێشمەرگە دێرینەكان تەبعەن لەم ساڵانە لە پارتیش داوای تەقاعدیم كرد، داوام كرد بەڵام نەیان دامێ هەر ئەوەبوو لە پارتیش داوامكرد.
* بە كێت گوت؟
- وەڵاهی، دوو سێ جار كاغەزم نووسی بۆ كاك كۆسرەت خۆی بەس لە پێشا بەمبادرەی دكتۆر رۆژ شاوێش، گوتی تقاعدمان بۆ بڕیتەوە وتم وەڵاهی لە ئێستاوەبێ مەغدورم ئەبێ مەفعولی پێشووتری هەبێ گوتی ساڵێك مفعولی پێشتری ئەبێ ئی ساڵێكی پێشوویان دامێ دوای ئەوە یەك فلسیان نەدامێ.
* بۆ؟
- بچۆ لێیان بپرسە بۆ، هەر ئەوەیان دامێ ساڵێك، دوای ئەوە فلسێكیان نەدامێ، ساڵەكە بەناوی ساڵی رابردووە دامیانێ دوو كاغەزم زیاتر نووسی بۆ كاك مەسعود یەكیان لەڕێی حەمە ساڵح جومعەوە ناسیاو و دۆستایەتیم لەگەڵی بووە، وەختی خۆی یەكیان لەڕێی پەیوەندییەكانی پارتییەوە مەسئولی پەیوەندییەكانی پارتی، جوابیان نەدامەوە داوای مەوعیدو شتمكرد نەیاندامێ. پارتی قەت نە بۆ ئیشی حیزبی نە بۆ شەخسی نە بۆ تەقاعدی قەت رۆژێك لەرۆژان یەك فلیسی پێمان نەداوە.
* رەنگە لێرە دۆستایەتی و نەرمیت لەگەڵ یەكێتی هەبووبێ؟
- من بە هەموو حەیاتی خۆم بێ لایەن بووم رەنگە رەخنەم لە هەردوولا گرتبێ.
* بەڵام زیاتر لە پارتیت گرتووە؟
- نەء بەس رەنگە ئەو بەعزە شت خۆی بە قورسی حساب بكات، دەنا من فەرقم نەكردووە، ئەو تەقاعودە چوومە لای مەسئولی پێشمەرگە دێرینەكان ئەم دواییە بۆیان كردم، معاشەكەم چوار گەڵایە ئێستا من بە حەق بێ، حەقی معاشێكی

باشترم هەیە من نزیکەی 60 ساڵ لە خەباتی حیزبایەتیا بووم بەڕووی سپیا دەرچووم و خیانەتم نەکردووەو دژایەتی میللەتم نەکردووەو یەعنی چی چوار گەڵا چییە بۆ کەسێکی وەکو من، لەبەر ئەوە مەجبورم ناچارم بێم وەك پێشمەرگەیەك خۆم دیاری بکەم داوای تەقاعد بکەم بۆ ئەوەی زیاتر بێت، گوتی بەسەرچاو، ناوی باوکت ئەزانم باپیرت وتم ساڵح وتی باشە بڕۆ پاشی 20 رۆژ تەلەفۆنت بۆ ئەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی بۆمان داناوی بە پلەیەك، ئەوە ئەو مانگە معاشی پلەیەکم وەرگرتووە یەك مانگ، نەختێك زیاترە لەوەی پێشوو، ئەوە معاشەکەمەو تەبعەن من بە هەقی خۆمی دەزانم معاشی وەزیرێك وەربگرم ئەگەر زیاتر نەبێ، عەزیز محەمەد زۆر دەمێ ساڵە مانگانە هەزارو پێنجسەد دۆلار لە پارتی وەرەگرێ، کەریم ئەحمەد وەریدەگرێ ئەبو حیکمەت پێموایە وەردەگرێ لە یەکێتی وەرەگرێ ئیتر نازانم.

* کەریم ئەحمەدیش وەرەگرێ؟

- وەرەگرێ ئەی بیستوومە خۆ من پرسیارم لە خۆی نەکردووە، منیش وەك ئەوانە وام، کەمتر نیم، ئەگەر بە هەق بجوڵێنەوە، ئەوەش پارەی میللەتە من داوای شتی شەخصی لە کەس ناکەم، خەباتم کردووە، بەشداریم کردووە لە خەباتا نزیکەی کە خۆم تەقاعدکرد 58 ساڵی رێکم تەواوکرد بوو بە زیادیشەوە لە خەبات و حیزبایەتی لە 2004 خۆم تەقاعدکرد، من ئەمە حەقم نییە منیش معاشێك وەربگرم زەویتان داوە بەوان و پارەتان داوە پێیان.

* لە ناو یەکێتی زەویت وەرنەگرت؟

- لێرە عەردێکم وەرگرت لە 94 لەناو پارتیش وەرمنەگرت نەیان دامێ داوام کرد نەیان دامێ.

* لێرە لە ناو قیادەی یەکێتی لەگەڵ کامەیان باشترین پەیوەندیت هەیە؟

- وەڵاهی دوژمنایەتیم لەگەڵ کەسیانا نییە.

*نەی پەیوەندیت لەگەڵ کامەیان زۆر بەهێزە؟
- وەڵاهی ئەوسا لەگەڵ مام جەلال عیلاقەتم خۆشتربوو، ئەوسا، بەڵام ئەم سێ ساڵەی دوایی هیچ نەئەیبینم نە لێی ئەپرسم نە هەوڵەدەم بیبینم نە عەلاقەم لەگەڵی هەیە، خۆم تەقاعدکردو قرارم داوە ئیتر ئەم عەلاقەتانە بە قووڵی واز لێبێنم، خەڵکی باش هەن لە ناو پارتی و یەکێتی بە باشیان ئەزانم ئێستاش ئینسانی سیاسین، لە سیاسەت هەندێك هەن ئینسانی دیموکراتین ئەوانە پێم باشە عەلاقەم خۆشبێ لەگەڵیان، بەڵام لە بیرت نەچێ خەڵکێکیش بە عەقلییەتی عەسکری وشکەوە لە هەردوولاوە هەن کەم تا زۆر رەنگە لێرە زۆر تربێ یا لەولا زۆرترن نازانم خۆشم ناوێن.
*بە کورتی چەند ناوێکت لێ دەپرسم رەئی خۆت بدەی؟
نەوشێروان مستەفا
- عەلاقەم لەگەڵی نییە، وەڵاهی بڵێم چی رەنگە زۆرباش نەبێ نەوشێروان مەسئولێکی توندڕەوە، مەسئولە لە توندکردنی شەڕی براکوژی.
*کۆسرەت؟
- وەڵاهی کۆسرەت کوڕی فەلاحێکە پێشمەرگەیەکی باشەو خەباتێکی باشی کردووە ئیتر بەس لەوانەیە سولتە ئینسان بگۆڕێ ئەو کاتەی دەسەڵاتدار بێ.
*عەدنان موفتی؟
- پیاوی چاکە سیاسییەو هێمنە.
* عەزیز محەمەد؟
- عەزیز محەمەد خیلافاتی سیاسی و فکری بخەیتە لاوە علاقەم خۆشە لەگەڵی ئێستاش.
نەء وەکو رەئی لەسەر شەخسیەتی؟ خاوەنی رەئی خۆیەتی و لە رەئیەکانی غەلەت بووە، بەڵام ئەزانێ چی دەڵێ.
*جەلال دەباغ؟
- بەخوا عەلاقەم زۆر دەمێکە لەگەڵی نەماوە.

# مەلا بەختیار

دیمانەکردن لەگەڵ کەسایەتیەکی سیاسی وەکو بەڕێز مەلا بەختیارم بەپێویست زانی، چونکە ئەویش یەکێکە لەو سیاسییە کوردانەی کە ئەزموونێکی چڕو، پڕ لە هەڵکشان و داکشانی هەیە، (ڕەنگە زیاتریش داکشانەکەی بەرکەوتبێ)، ئیتر کە چووم بۆ سلێمانی بۆ ئەنجامدانی دیمانەکە، کاتی دیاریکراومان هەر لە شوێنی خۆی لە بارەگای مەکتەبی ناوەندیی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو، کە گەیشتمە نووسینگەکەی، ئەگەرچی نووسینگەیەکی زۆر زۆر سادەو ئاسایی بوو، بەڵام جمەی دەهات لە خەڵك، ئەمە زۆر دڵخۆشی کردم کەسێکی بڕیار بەدەست ڕۆژانە چاوی بەم هەموو خەڵکە بکەوێ، پێشتریش هەرگیز لەگەڵ مەلا بەختیار دانەنیشتبووم، بۆیە ئەمە یەکەم جارم بوو ڕووبەڕوو لەگەڵ مەلا بەختیاردا دانیشم، کە چوومە لای و جۆری دیمانەکەو درێژخایەنی دیمانەکەم بۆ باسکرد، ئەوەندەی تر دڵخۆش بووم کە گوتی، ئاخر چۆن دەبێ ئەم موراجیعانەم نەبینم کە چاوەڕوانی من دەکەن، بۆیە دیمانەکەمان خستە ئێوارە.
یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی لە بەڕێز مەلا بەختیارم دی، زۆر بە جورئەت وەڵامی پرسیارەکانی منی دەدایەوە، سڵی لە هیچ پرسیارێکم نەدەکردەوە، لە ڕاستیدا، لە دیمانەکانی پێشترم کەسی بەو جۆرەم نەدیبوو، مامۆستا کەریم ئەحمەدی لێدەرچێ، هەندێکیان هەزارو یەك حسابیان بۆ قسەکانی خۆیان دەکرد، بە هەرحاڵ ئەم دیمانەیە، تا ڕادەیەك شارەزایی چ بەرامبەر کۆمەڵە، چ بەرامبەر ئاڵای شۆڕش، چ بەرامبەر خودی مەلا بەختیاری تێدایە، کە بەبێ گەڕانەوەمان بۆ ئەو مێژووانە، ناتوانین قسە لە ئیمڕۆ بکەین.

* کاك مەلا بەختیار، دەکرێ بزانین ڕێك ساڵی چەند ئینتیمای سیاسیت کرد؟
- ئینتیمای سیاسی من بۆ دوای بەیانی ئادار دەگەڕێتەوە. 1970/6/10 کۆمەڵە دامەزرا، بەڵام ئێمە پێش ئەوە لە گروپێکی خوێندکاری چەپدا بووین، دوای دامەزراندنی کۆمەڵە راستەوخۆ چووینە ئەڵقەی رۆشنبیریی کۆمەڵەوە.
* ئەو ئەڵقە رۆشنبیرییە چەپە ئەو کاتە رێکخراوێك بوو بەناوی ئەڵقەی رۆشنبیری؟ یان سەر بە یەکێتی لاوان بوو؟
- نەخێر هیچ رێکخراوێك نەبوو، بەڵام با بڵێین درێژبووەوەی یەکێتی قوتابیان بوو، ئەو کاتە یەکێتی قوتابیان دوو باڵ بوو، یەکێکیان پارتی شۆڕشگێڕ کە ئیمتدادی یەکێتی قوتابیان بوو، ئەو کاتە پێیان ئەوت جەلالی، تووشی رووداوی (11)ی ئازار و مەسەلەی گفتوگۆ بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوکاتە قوتابیانی ئەوان و هەندێك لە چەپەکانی خانەقین و کەرکووك و ئەوانە لەناوخۆیان مانەوە و لەناوخۆیاندا دیالۆگ هەر هەبوو، بەدەستنووسیش شتیان لەنێوان خۆیاندا ئەنووسی، جا من سۆز و عاتیفەیەکم لەگەڵ ئەو رەوتە هەبوو لەناو خانەقین، ئەوکات تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو، بەرەو هەژدە ساڵ هەڵدەکشام. گفتوگۆمان لەگەڵیان هەبوو، شتم لێیان وەردەگرت، زاراوەیان لێ فێردەبووم، لە چایخانە، لە پیاسەکانا، لە هەموو شوێنێك کە بەیەکەوە دەبووین، دانیشتنمان ئەکرد، وردە وردە ئەو گرووپە مایەوە، تا کۆمەڵە دامەزرا، کە کۆمەڵە دامەزرا، بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ دامەزراندن و بنچینەکانی بیری کۆمەڵە یەکی ئەگرتەوە، بۆیە نەك وەکو گروپ، بەڵکو تاك تاك، بەشی زۆرمان، دەتوانم بڵێم هەموومان خۆمان لەناو کۆمەڵە دەدۆزییەوە.
واتا ئەتوانم بڵێم سێ چوار مانگ دوای دامەزراندنی کۆمەڵە، من بووم بە ئەندامی ئەڵقەی رۆشنبیریی کۆمەڵە.

* دەتزانی بەرپرسی ئەو رەوتە کێ بوو؟
- مامۆستا جەعفەر بوو، کە ئێستا بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتییە.
* ئەی بوونە پێشمەرگایەتیت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
- ساڵی 1974 بە شۆڕشی ئەیلول پەیوەندیم کرد، ئەوە بەیەکجاری بوو، هەتا کۆتایی شۆڕشەکە 1975، ئەوکاتە من بەرپرسیاری دووهەمی لقی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کردستان بووم لە خانەقین، بەرپرسیاریەکی دووهەم واتا جێگری بەرپرسی لقی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووم، لە شاخیش هەر مامەوە.
* بەرلەوەی ببی بە پێشمەرگە؟
- بەرلەوەی ببم بە پێشمەرگە، کە چووینە شاخ، ئەو دامودەزگا و رێکخراوانە وەکو خۆی مانەوە و پارێزەران بارەگایان هەبوو، ئێمە لە دێیەك بەناوی (مەحمود قەجەر) لە خانەقین بارەگامان دانا و هەر ئیشی لاوانمان دەکرد، بیرم دێ ئەوکات قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری، باسکردنی مێژووی کورد، سروودەکان، خولی هۆشیارکردنەوەی لاوان، خولی وەرزشی، شانۆگەری، ئەمانەمان زۆر زۆر پێشکەش ئەکرد، کتێبخانەیەکمان هەبوو، خەڵکمان فێری فیکر و ئەوانە ئەکرد، خۆشمان لە ژێرەوە کۆمەڵە بووین، ئێمە لاوانمان کردبووە چەترێك لە دەرەوەی خۆمانا، لە ژێر ئەمانەشەوە لە پاڵیا ئیشی خۆمان ئەکرد.
لە حەفتاکان، واتا (1974-1975) لەریزی شۆڕشا بووین، بەڵام خۆم ساڵی 1973 لە خانەقین وەزعم زۆر زۆر خراپ بوو، رژێم زۆر فشاری خستە سەرم، چووم ببم بە پێشمەرگە، چووم بۆ تەوێڵە. لە تەوێڵە کتابێکی رەسمیان بۆ کردم کە بچم بۆ (ناوپردان) ئەو کاتە مەکتەبی عەسکەری لە ناوپردان بوو، من و چەند گەنجێکی خانەقین بووین، هەمموومان بەیەکەوە چووین، یەکێك لەوانە کاك عەباس ڤیدیۆیە، ئێستا ئەندامی مەکتەبە لە گەڵ خۆم، کوڕێك بەناوی ئەحمەد یاوەر ئێستا ئەفسەری ئاسایشە لە خانەقین، چەند کەسێك بووین. بەهەرحاڵ کە چووین بۆ ئەوێ ئەوانیان وەرگرت و منیان وەرنەگرت، تۆمەز لەتەوێڵە لەسەریان نووسیبووم،

ئەمە هەم جەلالییە و هەم سوورە، بێگومان من ئەوکات قەت جەلالی نەبووم، چونکە تەمەنم هی ئەوە نەبوو، بەڵام سوور بووم، ئەوە راستە.

* بەڵام وەکو خێزان و بنەماڵە جەلالی نەبوون؟

- نا نا، لە خێزانی ئێمە، بەس من سیاسەتم کردووە.

* باشە ئەوانەی کۆمەڵە، کە روویان کردە شاخ، با بڵێین لە چیا ئەو ئالیەتە یا ئەو مسداقییەتە چۆن درا ئەو خەڵکەی کە ئەندامانی کۆمەڵەن بچنە چیا بەناوی پارتی و لە ژێریشەوە کۆمەڵە بن؟

- سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەو کاتە بڕیارێکی دەکرد، ئەویش ئەوەبوو هەر کەسێك ترسی هەیە حکومەت بیگرێت، بچێت ببێ بە پێشمەرگە و سەنگەری مقاوەمەت بگرێ، چونکە ئەم خەباتە بە دەرە لە پارتی کە ئێمە ناکۆکی ئایدیۆلۆژیمان لەگەڵیاندا هەبوو، خەبات خەباتی رزگاری نەتەوەکەمان بوو، ئێمە دەبوو رۆڵی تێدا ببینین، هەرکەسیش بیتوانیایە نەچێتە دەرەوە، ئەمایەوە و خەباتی لە رێکخستنە نهێنییەکانی خۆی ئەکرد، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوکاتە ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانیی و گەلەکەمان لە شۆڕشی ئەیلولدا دەبینیەوە، زۆرێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵە و کادرەکانی کۆمەڵە، ئەوانە هەموو هاتنە دەرەوە بە شەهید (شەهاب)یشەوە، شەهید شەهابی شێخ نوری کە سکرتێری کۆمەڵە بوو، لەنێوان مانەوە لە شارەکان و چوونە ریزی پێشمەرگە، چوونە ریزی پێشمەرگەی هەڵبژارد، کە ئەوکات بێگومان شەهید شەهابی شێخ نوری کەسایەتییەکی چەپ بوو، ململانێییەکی ئاشکراشی ئەکرد لەگەڵ پارتی، ناسراو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وتی من هەر سەنگەرم سەنگەری دەرەوەیە، ئەبێ بچینە دەرەوە، واتە ببینە پێشمەرگە.

* باشە کەواتە بەرلەوەی کۆمەڵە دابمەزرێ، گفتوگۆ یان با بڵێین ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژییە هەبوو لەناو پارتی؟

- ئەو رەوتە رەگەزەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1967، کە بەبیری گیڤارایی دەستی پێکرد، (1968-1969) بەرەوبیری ماویزم رۆیشت، کە سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران رێکخراوێك بوون، هاتن بیری ئەندێشەی ماوتسیۆنگیان هەبوو،

هاتنە کوردستانی عێراق، ئەوکاتە لەگەڵ پارتی شۆڕشگێڕ بوون، لە سلێمانی، کەربەلا، بەکرەجۆ، توانیبوویان ئەو بیروباوەڕە گەشەپێبدەن کادیری باش باشیان هەبوون، تیئۆریستی گەورە گەورەیان هەبوو، ئەوکاتە گروپ و کۆمەڵەی سەرکردەی ئەوان پردی گواستنەوەی فەلسەفەی مارکسیزم و ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ بوون بەناو کورد (سلێمانی و دەوربەری هەولێر و کەرکوك) ئەوانەش ئەوکاتە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەفکاری گیڤاریستی کە ساڵی 1967 کاریگەری لەسەر هەموو چەپەکانی دونیادا هەبوو بە کوردیشەوە وردە وردە ئەفکاری گیڤاریستی گەشەی کرد بۆ بیری ماوتسیتۆنگ، بیری ماوتسیتۆنگ مایەوە، چونکە ئیشی پێ ئەکرا، ئەوکاتە گۆڤارێکیش دەردەچوو بەناوی گۆڤاری رزگاری ساڵی (1969-1970)، ئەو گۆڤارە ئۆرگانی نوێی ئەو ئەندێشە چەپە تازەیە بوو کە لە کوردستاندا هەبوو.

* تەسەور ناکەی، ئەوکات ئەو گۆڤارە نەیتوانی سەنگێك دروست بکات، بەتایبەتی کە هاتبوونە ناو حکومەت و لەوێ (ئێرە) دەردەچوو، سلبیاتی زیاتر بوو لەوەی ئیجابییاتی هەبێ؟

- بە پێچەوانەوە من پێموایە گۆڤاری رزگاری بە هەموو کەموکورتییەکانیشەوە توانی ئاراستیەیەکی ئایدیۆلۆژی پیشان بدات کە بە خەڵك، بە چەپ بگەیەنێ. ئەم ئاراستە ئایدیۆلۆژییە نەك هەر جیاواز بوو لەگەڵ پارتی، بگرە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ حکومەتیش، چونکە ئەو کاتە..

* بەڵام لە ژێر سێبەری بەعس دەردەچوو؟

- زۆرجار لە مێژووی بزووتنەوەی کوردیدا، یا لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا، لەسەردەمی مەلیکدا، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف و لە سەردەمی حزبی بەعسدا هەردوو باڵەکەی پارتی پێش ئەوەی پارتیش هەبێ، هەر گۆڤار و رۆژنامە دەردەچوو، هەر لەسایەی حکومەتیش دەرچووە، ئەوە یەکەم ئەزموون نییە، دەیان گۆڤار لەسەردەمی ژینی پیرەمێردەوە هەتا ئەگەینە سەردەمی رزگاری کاك نەوشیروان وا بووە.

* بەڵام دەرکردنی رۆژنامە، یا کارە رۆشنبیرییەکان لە رێگای ئەو ململانێیە نەبووە، بەڵکو لە رێگای بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری دروست بووە، وەك ئەوانەی پیرەمێرد و...هتد؟

- نا، پارتی کاتی خۆی لە شاخ شەی دەکرد و (التاخی)یش لە بەغدا دەردەکرد.

* باشە، ئەگەر لە بیرت بێت، دامەزرێنەری کۆمەڵەی رەنجدەران کێ بوو، ئەوەی کە بە دامەزرێنەر دادەندرێ؟

- خۆی ئەوکاتە سێ گروپ هەبوو، گروپی مام جەلال، گروپی کاك نەوشیروان، گروپی شەهاب شێخ نوری، سێ گرووپ هەبووە و سەریان بە یەکەوە ناوە، گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن لە دوارۆژدا رێکخستنێکی مارکسی دروست بکەن، هەتا گەیشتنە بەیانی ئادار، لە بەیانی ئادارا بەپێی زانیاری من شەهابی شێخ نوری دەستپێشکەری کردبوو لە دامەزراندنی کۆمەڵە، دوایی گفتوگۆی لەگەڵ گروپەکانی تر کردبوو و یەکیان گرتبوو..

* ئەوکاتە کە یەکیان گرت، ئەو سێ گرووپە کۆمەڵەکی زۆر بوون، یا هەر چەند رۆشنبیرێك بوون، واتا مەبەستم رێکخراوێکی جەماوەری نەبوو زیاتر رۆشنبیری و فیکری بوو؟

- خۆی فیکری جەماوەری بەهێز بوو، بەڵام کە کۆمەڵە دامەزرا، کادرەکانی ئەو بزووتنەوەیە لەناو کۆمەڵە کۆکرانەوە.

* باشە کە هێندە لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵە ئاشنایەتیت پەیدا کرد و چەند مانگێکی پێچوو چوویە ناوی و ساڵی چەند یا چەند ساڵی پێچوو گەیشتیە سەرکردایەتی؟

- ساڵی 1973 بووم بە لێپرسراوی خانەقین لەناو کۆمەڵە، ساڵی 1973 یەکەمین پلەی بەرزکردنەوەم بۆ لێپرسراویەتی خانەقین دەستی پێکرد، ساڵی 1975 کە هاتینەوە، من لە (1975/4/14) هاتمەوە، چوومە خانەقین، دوای پێنج مانگ کەمتر چوار مانگ و نیو رژێم پەلاماری کۆمەڵەی دا، کە پەلاماری کۆمەڵەی دا، من ئەوکاتە بەرپرسی خانەقین و ئەندامی هەرێمی بەغدا بووم. دوایی،

سەرکردایەتی کۆمەڵە و بڕێك لە کادیرەکانی گیران و، هەندێك لە کادیرەکانی هەڵاتن، من بووم بە لێپرسراوی خانەقین و بەغدا و باشوور و هەموو ئەو کەسانەی کە هەمان بوون لە باشوور و هەموو ئەوانەی کە لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکان بوون، کاتی خۆی لە ساڵی (1972-1973)، ئەوەبوو وردە وردە هەموومان کۆکردەوە و دوایی کۆمیتەیەك دامەزرا بەسەرکردایەتی کۆمەڵە بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکان، لە مانگی (10ی 1975) بەدواوە ناوکی ئەم کۆمیتەیە دانرا کە مانگ و نیویك بەسەر (القاء القبض) و دوو مانگێك ئەبوو بەسەرگرتنی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە و هەڵهاتنی هەندێکیان و پەرشوبڵاوبوونی رێکخستنەکانمان تێپەڕی بوو، واتە من کە بووم بە بەرپرسی هەرێم، هەرێمی ئەو کاتە رێکخستنێکی فراوانی نهێنی سنووری یەك پارێزگا بوو ئۆتۆماتیکی بووم بە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکانی کوردستان لە مانگی (12ی 1975) کۆمیتەی هەرێمەکان سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو لەناو وڵاتدا، کە ئەوکاتە من بەرپرسی هەرێمی خانەقین و بەغدا بووم و بووم بە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان..

* واتا هەر بە دامەزراندن و دانان (تەعین) دەبوون بە سەرکردایەتی، هەڵبژاردن و کۆنفرانس و شتی وا نەبوو؟

- هەڵبژاردن و کۆنفرانس نەبوو، هەتا ساڵی 1987 لەناو کۆمەڵە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك نەبووە.

* باشە بۆچی کۆمەڵە کۆنفرانسیشی نەدەبەست، وا بزانم تا ئایاری 1981، ئینجا کۆنفرانسی یەکەمی بەستا؟

- ساڵی 1980، ئەوە کۆنگرەی فراوان بوو، هەڵبژاردنی تێدا کرا، لە نەورۆزی 1978 لە ناوچەی (زەڵێ و ناوزەنگ و نۆکان) کۆبوونەوەی فراوانمان کرد دووەمین ساڵی 1979یە.

* بەڵام ئەمانە کۆنفرانس نەبوون، هەر هەڵبژاردنێك بوون؟

- بەڵێ، چونکە کۆنفرانس دەبێ تۆ هەڵبژاردنی بۆ بکەی، لە ناوچەکە.

* باشە، مەلا بەختیار رۆڵێکی زۆر بەرچاوی لەناو کۆمەڵەدا هەبووە، لەگەڵ هەندێ کەسی دیکەشی وەك جەعفەر و سالار، کەچی لە یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵە هەندێکیان کە وەك گروپێك وابوون، تووشی شکست هاتن، با بڵێین هەتا ملازم عومەر بە دەنگێکی نزم دەرچوو، بەڵام سالار و جەعفەر دەرنەچوون، جەنابت و ملازم عومەریش بە دەنگێکی زۆر کەم دەرچوون، بۆ واتان بەسەر هات؟

- ملازم عومەر دەرچوو، تەنیا کاك سالار و مامۆستا جەعفەر دەرنەچوون، ملازم عومەر لە من زیاتر دەنگی هێنا، من لەو کەمتر دەنگم هێنا..

* باشە سالار و جەنابت بە تایبەتی، تا رادەیەکی باش قوولایتان هەبوو لەناو کۆمەڵە، هۆی چی بوو لە یەکەم کۆنفرانس واتان بەسەرهات، تووشی سەدمەیەك هاتن؟

- ئەزانی، راستە ئێمە دەورێکی گەورەمان هەبوو لە هەڵگیرسانی شۆڕش، لە گرتنەوەی کۆمەڵە و ئەوانە، بەڵام لەباری رۆشنبیرییەوە و لەبارەی شێوازەکانی ململانێمان و ململانێی ناو حزبایەتی و ئەوانەوە، ئێمە کەمتر ئەزموونمان هەبوو، بەتایبەتی من ئەزموونێکی کەمم هەبوو، بەراستی لەگەڵ ئەوەشدا من دەرچووم، واتا گرفتی دەرچوونم نەبوو، شێوازی کارکردن و هەڵوسوکەوتی من لەناو بنکەی کۆمەڵە هی ئەوە بوو کە بتوانم متمانە وەرگرم و دەنگم هێنا، من لە حەقیقەتدا هۆیەکانی دەرنەچوونی کاك سالار و مامۆستا جەعفەر بۆ دوو هۆ دەگێڕمەوە، هۆیەك ئەوەبوو ئەو کات فشارێکی نابەجێ لەسەریان هەبوو، هۆی دووهەمیش خۆشیان لە متمانە وەرگرتنی زۆرینەی دەنگەکانی ناو کۆنفرانس و کارەکانی کۆمەڵە کەمتەرخەم بوون، بەڵام هۆی یەکەمی ئەگێڕمەوە بۆ ئەوەی فشارێکی نابەجێ لەسەریان هەبوو بۆ ئەوەی دەرنەچن فشارێکی نادیموکراتی هەبوو لەسەریان.

* ئەڵێن چەند تەکەتولێك هەبوو، بەڵام تەکەتولەکەی ئێوە نەیتوانی کادیرەکانی بەشداربووی کۆنفرانس بۆخۆتان رابکێشن، بەڵکوئەوان واتە گرووپەکانی تر کاریگەری زیاتریان هەبوو؟

- ئەوکات تەکەتول نەبوو، ئەوکاتە گفتوگۆ و موناقەشات هەبوو، بەڵام نەئەتوانرا پێی بڵێی تەکەتول، هیچ تەکەتولێك نەبوو.

* بۆیە دەڵێین تەکەتول، چونکە دژایەتی یەکتریيان ئەکرد و هەر گرووپە و خۆی بە خاوەنی فکرەیەك رێکخستنێك دەزانی؟

- ململانێ هەبوو، بەڵام بڕوا بکە ئەوکاتە فکریشمان روون نەبوو، واتا مرۆڤ هەموو شتەکان وەك خۆی بباتەوە بۆ مێژوو باشە، خۆت حوکم نەدەی من حەز دەکەم ئێستا تۆ وا ئەزانی من ئەو کاتە فیکرەم هەبووە.

* بەپێی هەندێك سەرچاوە...

- فیکرمان، فیکری کۆمەڵە بووە، بەڵام فیکری خۆمان جیانەکردبووەوە، گەڵاڵەمان نەکردبوو، ناشتوانم بڵێم ئێمە فیکرێکی روونمان هەبووە، بەپێی ئەو فیکرە، واتا ئەوە سەرەتای ململانێیەکانی ناو کۆمەڵە بووە، ئەو کاتە، دەتوانی ئاوهای ناوبنێی، سەرەتایی چەکەرەکردنی ململانێکانی ناو کۆمەڵە بوو..

* باشە هەست ناکەی ئەوانەی لەگەڵ تۆ لە گروپێکا بوون یان لە رووی فکرییەوە یەکتان ئەگرتەوە، لە نێو هەموویان تەنیا تۆ مایەوە و ئەوانی تر تا رادەیەك نەمان، جەعفەر ماوەیەك دوورکەوتەوە، سالاریش ئێستا پەراوێز کراوە، وا نییە؟ ملازم عومەر دوورکەوتەوە، واتە ئەو رەوتە فیکریە یا با بڵێین ئەو تەنسیقەی لەنێوان ئێوە هەبووە کە بە ئومێدیکی گەورە بوون ئەوکاتە، بەتایبەتی هەمووتان گەنج بوون و بە هیوایەکی تر کارتان دەکرد، ئێستا تەنیا تۆ مایەوە و ئەوانی تر هەموو کەوتن، ئەمە بۆ؟

- من بە کورتی پێت دەڵێم دوو هەڵەی گەورە ئەبینم لەم کارە، ئێمە خۆمان هەڵەی ئایدیۆلۆژیمان کرد.

* چۆن هەڵەی ئایدیۆلۆژی؟
- بەخۆمان ئەوەی کە وردە وردە بووین بە تەکەتول.
* ئاخر تەکەتولی تریش هەبوو؟
- بەڵێ، ئاخر ئێمە هەڵەی ئایدیۆلۆژیمان کرد، زیاد لە پێویست، خۆیان بە چەپ ئەزانی، ئەوکاتە بەرامبەرکانیشمان هەڵەی ڕێکخستن و هەڵەی سیاسی قورسیان بەرامبەرمان کرد، ئیتر دوو هەڵەکە شۆرتی کرد.
* ئێوە ئەوکاتە خوێن گەرمتر بوون.
- بەڵێ..
* ڕەنگە زۆر لە رووی ڕێکخستنەوە، گرنگیتان پێنەدابووبێ؟
- نا، ئەوهاش نا، لە رووی ڕێکخستنەوە ئیهتمامان نەدابێ، ئەو تێزە ئایدیۆلۆژیایانەی ئێمە تەرحمان ئەکرد، تێزێك بوو زۆرتر نوخبە و کەسانێکی چەپی تەواو قبووڵی ئەکرد، بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەری فراوان تێزەکانی ئێمەیان قبووڵ نەئەکرد.
* بەڵام خۆ دوای ڕاپەڕین بڵێین ئەو برادەرانە هەموویان تارادەیەك قاڵبوونەوە لەناو ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخستنەوە، کەچی هەر نەیانتوانی بەردەوام خۆیان بپارێزن؟
- جا ئەمەیان دوای ڕاپەڕین شتێکی ترە، پێش ڕاپەڕین بە ڕەئی من کەم نەبووین.
* لە رووی جەماوەرییەوە کەم نەبوون؟
- بەشێکی هەرە باشی کادرەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئێمە بوو، بەشێکی ناڵێم هەمووی، بەڵام بزووتنەوەی سیاسی لەناو خەباتی شۆڕشگێڕانە بە نوخبەی کەوادر ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. خەبات، خەباتی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی و میللەتێکی ژێردەستەیە لە پێناوی رزگاری و ئازادی و دیموکراسی، تۆ ناتوانی نوخبە بکەی بە ئەلتەرناتیڤی بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان، تۆ ئەبێ تێزەکانت تێزی چەپت تێزی دیموکراتیت بۆ بزووتنەوەی جەماوەری بێت، نەك بۆ نوخبە بێت، نوخبە دەتوانێ گرووپێکی بچووکیش لەخۆی

کۆ بکاتەوە، وایە لەبەر ئەوەی لەوەیا تێزەکانی ئێمە ئەتوانم بڵێم تێزی خەڵکی هەرە وشیارەکان بوون.

* باشە ئێوە بە ئیعتبار گرووپێکی مارکسی بوون، هەرواش بووە خۆ زۆرتان لەسەر مارکسییەت بەتایبەتی لینینزمتان خوێندۆتەوە و لینین بەروونی ئەوەی باس کردوە کە هەرچەندە رۆشنبیریش بی، بەڵام لە خەباتدا دەبێ بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرپا بکەیت، دەنا ناگەیتە ئامانجت؟

- ئا، بەڵام ئەو بزووتنەوانەی ئێمە مەحکومە بە خەباتی چەکداری، بەدەستی تۆ نییە ئەو گرووپەی هەمان بووە و ئەو خەڵکانەی هەمان بوو، ئەگەر لە شار بووینانە، ئەمانتوانی بزووتنەوەی جۆرەها رەهەندی، بزووتنەوەی تێکۆشانی تر بدۆزینەوە، بەڵام تۆ کە لەناو خەباتی چەکداری بووی، رێکخستنەکەشت خەباتی نهێنییە، تۆ مەحکومی بەخەباتی چەکداری و لەو چوارچێوەیە ئەبێ هەڵبسوڕێی ناتوانی لەوە زیاتر هەڵبسوڕێی کە لە رێکخستنەکە دەچیتە دەرەوە رووبەڕووی جوتیار ئەبیتەوە، جووتیاریش زەحمەتە تێزی تۆ قبوڵ کات.

* باشە، کاك مەلا بەختیار لەوەتەی هەیە و دەیناسین، کەسێکی مارکسی بووە و ئینتیمایەکی زۆر مارکسییەتیشی کردووە، بەڵام قەت لەگەڵ حزبی شیوعی دۆست نەبووە، واتە هەمیشە رەخنەی لە حزبی شیوعی گرتووە، بەتایبەتی کە حزبی شیوعی وەکو بزووتنەوەیەکی شیوعی بە هەموو سلبیاتەکانیەوە، بەڵام خۆ دەکرا نەرمییەك، دۆستایەتییەکت لەگەڵ حزبی شیوعیش هەبێت، بەتایبەتی لە حەفتاکان و هەشتاکانیشدا هەتا کۆمەڵەش لەگەڵ حزبی شیوعی دۆست نەبوو؟

- بۆ زانیارییەکەت وردی تێدا بەکاربێنی باشە، بۆ ئەوەی کە مێژوو بە هەڵە نەچێ لەو پەیوەندییەی کۆمەڵە و حزبی شیوعی، من وەڵامەکەت ئاوا دەدەمەوە کە من لەباری ئایدیۆلۆژییەوە و لەباری بەرنامەوە ناکۆکییەکی زۆرم لەگەڵ حزبی شیوعی هەبووە و پێموانەبووە حزبی شیوعی، حزبێکی رادیکاڵ بووبێت، حزبێکی چەپی شۆڕشگێر بووبێت لە پێناوی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ئەمە جگە لەوەی لە تێگەیشتنیان بۆ دیموکراسی و پەیوەندییان لەگەڵ سۆڤییەت و ئەوروپای

ڕۆژهەڵاتدا، ئەمە سەد جۆرە ئیشکالی تیایە و ئەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئەوا جۆرەها نیگەرانی تێدایە، ئەمە بە نیسبەت منەوە، بە نیسبەت کۆمەڵەوە، حزبی شیوعی لە ساڵی (1979، 1980) هاتە دەرەوە و شاخ، ساڵی 1981 کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئێمە بڕیارماندا هاوپەیمانییەتێکی ستراتیژی لەگەڵ حزبی شیوعی و لە ڕێگەی حزبی شیوعییەوە هەوڵ بدەین لەباری سیاسییەوە ستراتیژیمان هەبێت، حزبی شیوعی خۆیانمان ڕاسپارد، کتابی رەسمیمان دانێ، نامەی رەسمیمان دانێ، کە ئەمە بگەیەنن بە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام نە یەکێتی سۆڤیەت وەڵامی داینەوە، نە حزبی شیوعی ڕێبازی ئێمەی قبوڵ بوو، ئێمەش ئامادە نەبووین بەراستی ڕێبازی خۆمان لە بۆتەی ڕێبازێکی وەکو حزبی شیوعی کە ئەزانین تەمەنێکی درێژ و شکستێکی زۆریان بەسەرداهاتبوو بتوێنینەوە، سەرەنجامی ئەم ڕێبازە نە ئێمە ئامادە بووین تەسلیم بە ئیرادەی ئەوان بین، نە ئەوانیش ئامادەبوون هەموو شتەکانی ئێمە قبوڵ بکەن.

* مەرج نییە، تەسلیم بە یەکتری بی، بەڵام دۆستایەتییەکی وەکو ئەوەی چۆن لەنێوان حزبەکانی تر هەبوو، واتە مەبەستم ئەوەیە ناگاتە ئەو ڕادەیەی ڕێکخستنەکان دژی حزبێکی تر هان بدرێن؟

- (بەپێکەنینەوە) دڵداری بە دوولا ئەکرێ، بە یەکلا ناکرێ، ئێمە بڕیارمانداوە دۆستایەتیان بکەین، ئەوان بڕیاراندا بوو دۆستایەتی ئەو کاتەی (قیادەی موئەقەتە) بکەن، ئەمە زۆر لێکی دوورخستینەوە. چی دەکەی کە ئەو حزبە خۆی بڕیاریداوە، ئێمەش ناکۆکی قووڵی لە نێوانی ئێمە و برادەرانی پارتی کە ئەو کاتە بەناوی قیادەی موئەقەتە ئیشان ئەکرد هەبوو، خوێن کەوتبووە نێوانمانەوە، حزبی شیوعی کە هاتە دەرەوە، ئێمە یارمەتییەکی ئێجگار زۆرمان دان بەراستی، هیچ موشکیلەیەکیش لە نێوانماندا نەبوو، وەکو وتیشم بڕیارماندا دۆستایەتییەکی ستراتیژمان هەبێ لەگەڵیان، بەڵام زۆرتر سەنگەری دۆستایەتی پارتیان هەڵبژارد لەوەشا سەرپشك بوون.

* باشە، دوای ئەوەی کاك بەختیار هەڵوێستی وەرگرتوو لە یەکێتی جیابووەوەو ئەو گرفتانەی کە دواتر باسی دەکەین، یەك خاڵی زۆر گرنگ هەیە، بۆچی ئەو کاتە لە کاتی شەڕی ناوخۆ بەتایبەتی لە هێرشەکەی پشت ئاشان و قەرناقەو شەڕی بالیسان کە خەڵکێکی زۆر پێشمەرگەی هەردوولا تیایدا شەهید بوون و، بەراستی شەڕێك بوو هەر کارەساتێك بوو بۆ خۆی، بۆ ئەوکاتە هەڵوێستی وەرنەگرت؟

- پێنەگەیشتبوو، پێنەگەیشتبوو، واتە هەڵوێست وەرگرتن بۆ سەربەخۆبوونی ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی تەنها لەسەر ڕووداوێك ڕوونادات، تەنانەت ئێمە لە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتیش پێم وایە پێنەگەیشتبوو، هەڵەیەکی گەورەیە ڕووداوێك بکەی بەهۆی جیابوونەوە..

* ئاخر ڕووداوێکی زۆر گەورەبوو؟

- لەوەش گەورەتربوایە هێشتا پێی نەئەگەیاند، دەریشکەوت ئەوە شەڕی پشت ئاشان تەواو بوو، یەکێتی و حیزبی شیوعی ئاشتبوونەوە، ئەوە هۆیەکانیش نەمان، پارتی و یەکێتیش ئاشتبوونەوە.

*باشە بەڕێزت ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەت هەبوو، کەچی کە یەکێتی کە لەگەڵ حکومەتدا کەوتە گفتوگۆوە، بەڕێزت ڕۆڵێکت لە گفتوگۆکە بینی، چەند جاریش بۆ بەغدا چووی، وابزانم بۆ دەرەوەش چووی؟

- بەڵێ وایە..

* هەتا ئەڵێن ئەوکاتە، جەنابت گوتبووت: (گووشینی موفاوەزات تا دواچۆڕی) وەك کاك نەوشیروان وا ئەڵێ، مانای ئەوەیە تۆ ڕۆڵێکی وات بینی، کە خەڵك بێت بۆ ناو یەکێتی و پاساوت بۆ ئەومفاوەزاتەت دەکرد کە شتێکیان دەست دەکەوێ یەکێتی شتێکی باش دەکا، کەچی دوایی کە جیابوونەوە، هەموو ئەو موفاوەزاتەت تەواو خستە ژێر پێتەوە، واتا تەواو نەفیت کردەوەو سڕیتەوە، واتا لە ماوەی ساڵێکدا تەقریبەن دوو هەڵوێستی زۆر..؟

-ئەمەشیان وا نییە، جا ئیجازە بدە با ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە، وەك چۆن لەسەر مەسەلەی شەڕی قەرناقەو پشت ئاشان و شەڕی ناوخۆو کە خۆت دەزانی ئێمە

لەبەر ئەوە وەکو من روونم کردەوە بڕیاری یەکلاکردنەوەی کێشەکانمان نەدا، بەڵام خۆ هەموو کەسێك دەزانێ شەڕی قەرناقەو پشت ئاشان بەو ئاراستەی کە بۆی رۆیشت، من نیگەران بووم لەو شەڕەو، لە سنووری مەڵبەندی یەك کە من بەرپرسی سنووری مەڵبەندی یەك بووم، رێککەوتنمان هەبوو لەگەڵ حیزبی شیوعی، رێککەوتنەکەش بەدەست پێشخەری ئێمەکرا، نەك بەهادین نوری، بەراستی کاك بەهادین نوری.....

* ئەگەر یەك کەوانەم بدەیتێ؟

ـ ئیجازە بدەی با قسەکانم بکەم، کاك بەهادین نوری لەگەڵ رێزم بۆ مێژووی، بە هەڵە باسی ئەوە ئەکا کە گوایە ئەو تەئسیری لە ئێمە کردبێ، بێگومان هەموو شایەدەکان زیندوون، کاك سالار زیندووە، کاك مەلا عەلی ئەوکاتە ئەندامی هەرێمی حیزبی شیوعی بوو لەوێ بوو، لەنێوانمان بوو، من ئەوم ناردووەو ئێستاش لە سلێمانییەو ئەگەر بتوانن چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەن، مامۆستا بەهادین نوری لە راستیدا تەئسیری لەسەر حیزبەکەی خۆشی نەبوو، نەك حیزبەکەی ئێمە، چونکە ئێمە هەموو شتەکانمان ئەبیست لە خۆیانا، ئەم سیاسەتەی ئەو ئەیگرتە بەر (80%)ی حیزبی شیوعی قبوڵی نەبوو هەر لە هەرێمەکەی ئەو لێی بەرپرس بوو، من بە چاوی خۆم ئەمبینی و بەزانیاری ورد ئەمزانی کە مامۆستا بەهادین نوری لەناو حیزبەکەی خۆیدا تەئسیری لەسەر (80%)ی ئەندامان و کادیرانی نییە، چۆن دەتوانێ تەئسیر لە مەڵبەندێك بکات کە مەڵبەندەکەی ئێمە، هێزەکەی ئێمە، جەماوەری ئێمە، پەنجا بەقەد حیزبی شیوعی بووە، لەبەر ئەوە دەستنیشانکردنی ئێمە بۆ ئەو شەڕە ئێمە پێمان وابووە ئەو شەڕە لەگەڵ حزبی شیوعی باش نییە، ئەوە لەوێ، دێتە سەر مەلەسەی گفتوگۆ، من بەش بەحاڵی خۆم لەباری تەکتیکیەوە، هەرگیز گفتوگۆم رەتنەکردۆتەوە، ئێستاش و لەئایندەش هەتا ئەو رۆژەی سەدامیش رووخاوە لەبارەی تەکتیکیەوە، ئێمەو سەدام گفتوگۆمان رەتنەکردۆتەوە هەروەکو..

* ڕەتکردنەوە تۆزێك جیاوازە لەگەڵ ئەوەی گەرموگوڕ بی بۆ کارەکە؟

- ئیجازە بدە با ئەوەش روونکەینەوە، تا ئەو سەعاتەی سەدام رووخاوە، بەرپرسانی حکومەتی عێراق هاتبێ بۆ گفتوگۆ، ئێمە نەمانوتووە نایکەین، مەرجەکانی خۆمان وتووە، باشە، نەك هەر ئێمە پارتیش هەروا بووە، کە گفتوگۆیەکی نهێنی لە بەینی ئێمە و عێراق پەیدابوو شەهید د. قاسملو لەنێوانمان بوو، حکومەتیش ئامادەیی نیشاندا داخوازییەکانمان قبووڵ بکات، بێگومان ناڵێین نا، منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی ئەو کاتە نەمگوتووە نا. بەڵام یەکەم دانیشتنمان کە چووینەتە بەغدا لەدوای چەندین دانیشتن کە ئەوکاتە (تارق عەزیز) سەرۆکایەتی وەفدی حکومەتی عێراقی ئەکردو جەنابی مام جەلال سەرۆکایەتی وەفدی ئێمەی ئەکرد، یەکەم دانیشتن و لەدوای چەندین دانیشتن لەگەڵیان، هاتینە دەرەوە، من لەبیرمە جەنابی مام جەلال منی بردە دەرەوە لە باخچەی میوانخانەکە گفتوگۆیەکمان کردو گوتی پرسیارێکت لێ ئەکەم، لەدوای ئەم دانیشتنە رات چییە، وتم مام جەلال ئەم حکومەتە هیچمان ناداتێ، هەموو مانۆڕە بۆ ئەوەی کە دەستی بەدەستیمان پێ بکەن. وتی ئەی چی بکەین، وتم هیچ، چونکە ناشکرێ بڵێین ئێستا دەچینەوە کوردستان و بڵێن خواحافیز. دەبێ لەگەڵی ئیدامە بدەین بەم حاڵەتە، هێزەکانمان بپارێزین، رێکخستنەکانمان بەهێز بکەین، ئەوەی کە لە گفتوگۆدا بەدەستمان دەکەوێ، جەماوەری خۆمان بەهێز بکەین، خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئایندە، لە سیاسەتدا. ناکرێ تۆ رۆژێك بڕیاربدەین و بەیانی خواحافیزی لێ بکەین. ئەمە کاری یاری منداڵانی کۆڵانە، یاری خەڵکی بەرپرس نییە لە دونیای سیاسەتدا، بەڵێ من وتومە هەتا ئەو ساتەی لەناو میللەتەکەمان، لەناو هێزەکان، لەناو رای گشتی ئیسپاتی ئەکەین ئێمە نین کە نامانەوێ رێککەوتن ئیمزا بکەین، ئەم ئۆباڵە ئەخەینە سەر حکومەتی عێراقی، دەبێ ئێمە درێژە بە گفتوگۆ بدەین، بەڵام بەوپەڕی وریاییەوە ئاگامان لێی بێ و دڵنیاش بین ئەم حکومەتە هیچمان ناداتێ..

* بەڵام لە پرۆسەی ئەم وتوێژە وا لەخەڵك نەدەگەیەنرا، بەڵكو دەیانگوت (5/1) دەقی ڕێككەوتنەكە رادەگەینرێ، دوایی دەوترا (7/12) رادەگەینرێ، هەر جارەی رۆژێك دیاری دەكرا، گوایە ڕێككەوتننامەكە دەیانگوت رادەگەیەنرێ؟

- هەموو جارێ رژێمی عێراق دەیانگوت، ئێمە ڕێكدەكەوین، ئاخرجار جەنابی مام جەلال سەركردایەتی وەفدی ئێمەی ئەكرد، ڕێككەوتنەكە تەواوببوو وە بڕیاربوو بچن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی (مەجلسی وەتەنی) ڕێككەوتنامەكە مۆركەن، حكومەتی توركی شەو تەلەفۆنی كردبوو، وتبووی هەموو شتێك ئەكەین بۆ دژی ئەم ڕێكەوتنەی ئێوەو، وا ئەكەین دۆخی حكومەتی عێراق خراپ بێت بەرامبەر بەئێران لە شەڕدا، هەر ئەو رۆژەی كە بڕیاربوو ئەو سەعاتەی كە بڕیاربوو ڕێككەوتنەكە ئیمزا بكرێ، حكومەتی عێراق پاشگەزبووەوە.

* كەواتە ئەوە راستە كە گوتبووت تا دواچۆڕی؟

- راستە، بەڵێ راستە، هیچ نكۆڵیم لێی نییە..

* بەڵام دوای ئەو بەیاننامانەو ئەو بڵاوكراوانەی كە لەناو ئاڵای شۆڕش دەردەچوو، زۆر بە توندی لەسەر ئەو گفتوگۆیە قسەی دەكرد، وەك ئەوەی كارێكی زۆر خراپی بۆ كرا؟

- نا، وامان نەوتووە، ئێمە لەناو ئاڵای شۆڕشدا بەراستی با لە بیرت نەچێ، ئێمە دوو بۆچوونی جیاوازمان هەبوو، بۆچوونێك من خستمەروو. دوای...

* دوایی باسی ئاڵای شۆڕش دەكەین، مەبەستم ئەم خاڵە بوو؟

- ئاخر بۆ ئەوەی مەسەلەی گفتوگۆ ئەوانە بۆچوونێك بوو من پێم راست بوو، ئەمگوت بەهیچ شێوەیەك نابێ لەناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان بچینە دەرەوە و، هەتا یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش لەگەڵ حكومەتی عێراقی نەگاتە دوائەنجام، ئێمە نابێ بەجیابوونەوە یەكێتی لەبەرامبەر رژێمی عێراقدا لاواز بكەین. من سەركردایەتی ڕێكخستنی ناو وڵاتم وەرگرت، خەڵكەكە هەمووی هاتن بۆ لای من و گوێیان لەمن دەگرت، من ئەو قسەیەم ئەكرد. ئێمە لیژنەیەكی بچووكمان هەبوو، ئەوكاتە دائەنیشتین لەسەری، ئەوسا قسەمان ئەكرد و ئەیانوت، یەكێتی زۆر

ڕۆیشتووە لەگەڵ حکومەت، با ئێمە بڕیاری جیابوونەوە بدەین، دەموت ئەوە گەورەترین عەیبەی مێژوویی دێنێتە سەرخۆمان و، نابێ ئێمە لەبەرامبەر رژێمی عێراق سەنگی یەکێتی لاواز بکەین، ئەمە لەباری نیشتمانی و نەتەوەییەوە بۆ ئێمە عەیبە. عەیبەیەکی گەورەیە، ڕاستە لەباری ئایدیۆلۆژییەوە بۆ ئێمە باشە، بەڵام لەباری مەسئولیەتی نیشتمانی و مەسئولیەتی نەتەوەیی عەیبێکی گەورەیە، ئەوە هەموو جارێك ڕێکخستنەکانمان فشاری ئەهێنا کە ئێمە دوابڕیار بدەین، هەموو جارێك من بەرپەرچم ئەدانەوەو ئەمگوت یەکێتی نیشتمانی لەدوا لێکدانەوەی بەشێکە لە سەنگەری نەتەوەکەمان. ئێمە ئەگەر جیاش ببینەوە، خۆ نابێ پاڵی پێوە بنێین تاکو حکومەتی عێراق زۆرتر سواری کۆڵی بێت.

* باشە دەتوانین بڵێین ئاڵای شۆڕش بۆیە دوای موفاوەزاتەکە خۆی ڕاگەیاند لەبەرئەو هۆکارەبوو کە باستکرد؟

ـ لە هەقیقەتدا گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەت لەدوای ساڵ و نیوێك تا دووساڵ لە ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی نێوان ئێمەو ناو کۆمەڵە ئینجا هاتۆتە پێشەوە، یەکێکە لە ویستگە سیاسییەکان، ئەوە مومکین بوو گفتوگۆیەکە هەر نەکرێ، بەڵام ئەو ململانێیە هەر بمێنێ..ناکرێ موفاوەزات بە پاڵنەری سەرەکی هەموو کێشەکان و هەموو ناکۆکییەکان و هەموو بڕیارەکانی بزانرێ، ئەمە هەڵەیە لەباری زانستی مێژووییەوە بەراستی.

* باشە کاك بەختیار، بیرۆکەی ئاڵای شۆڕش سەرەتا لەلایەن کامە سەرکردایەتییەوە یا لەلایەن کادیرێکەوە دروست بووە، ئیتر جیابوونەوە؟

ـ ناوی ئاڵای شۆڕش من دامنا، وەکو (ناو)، بەڵام وەکو ململانێ کۆمەڵێ خەڵك بووین، یەك و دوو نەبووین.

* سەرکردایەتی و خوار سەرکردایەتی؟ یان بەس سەرکردایەتی؟

ـ خوارو سەرەوەی، واتە سەرکردایەتی..

* باشە بۆچی ئالآی شۆڕش ئەوکاتە بەناوی عێراقچێتی بوو، دەبوایە ئێوە زیاتر کوردستانیەت بکەنە هەوێنی رەوتەکەتان، کەچی ئێوە بەناوی عێراقچێتی قسەتان لەسەر دەکرد؟

- من نکۆڵی لەوە ناکەم، کە لەناو ئێمە هەبوو تێزەکانی وا دەخستنەڕوو کە زۆرتر مۆرکی عێراقچێتی پێوە بێ، ئەگەرچی خۆیشی عێراقچی نەبووبێت، نکۆڵی لەوە ناکەم، بەڵام ئەتوانم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە ئێمە وەك ئالآی شۆڕش لەگەڵ دروستکردنی حیزبێکی سەرانسەری عێراق نەبووین، ئەمە یەك، دووەم ئەتوانم بە یەقینەوە بڵێم نە ئەوکاتە کەسم لەخۆمم پێ کوردستانیتر بووە. نە ئێستاش ئەوەندە عێراقچیم..

* بەڵام ئەوکاتە وا بڵاوکرایەوە؟

- سروشتییە.

* هەڵوێست نەبوو، ئەوکات بۆچی وا بەرەو ئەو عێراقچێتییە بچێ؟

- دەزانی ئێمە ئەوکاتە سیاسەتەکەمان، بیروباوەڕەکەمان وابوو کە مەسەلەی کورد بەشێکە لە مەسەلە دیموکراتێکەی ئێستای عێراق، پێم وانییە قسەی ئێمە بەهەڵەدا چووبێ لەم بارەیەوە. لەهەر چییەکدا بەهەڵەدا چووبین، لەمەیاندا رێك وەکو خۆی هێناومانەتەوە..

* باشە ئالآی شۆڕش، بە گوڕو تینێکی زۆرەوە کە دروستبوو، لە یەکێتی جیابووەوە، کەچی دوای ماوەیەکی زۆر کورت کوژایەوە، ئاسەواریشی وەك دەڵێن نەما، هەتا دوای راپەڕینیش کە جەنابت ماوەیەك بووژاندتەوە، بەڵام نەتتوانی لە دوای راپەڕینیش ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، یان هەتا لە ناوەندی رۆشنبیریش خەڵکێك هەبوو، بەڵام ئەوە نەبوو کە ئالآی شۆڕش وەك یەکەمجار بۆی جیابۆوەو کە دەیویست لەناو یەکێتی وەك بڵێی هەموو کادیرانی یەکێتی بۆ لای خۆی رابکێشێ وای روونبکاتەوە کە ئەوەی ئەو راستترە؟

- من نازانم، تۆ ئامارت لایە؟ ئامارت لا نییە، ئێمە لە دوای کۆبوونەی فراوان کە رێکەوتووین لیستێکمان لەگەڵ یەکێتی ئاڵوگۆڕکرد. زیاتر لە (700)کادرو

ئەندامیان هەبوو، کە ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ یەکێتی کردو یەکترمان گرتەوە لەگەڵ یەکێتی، (700) بەس کادرو ئەندام، هیچ ئۆرگانێك لە ئۆرگانەکانی یەکێتی نەما لە سەرکردایەتیەوە بۆ خوارەوە ئێمە نوێنەرمان نەبێ، بۆ مەڵبەندەکان، بۆ مەکتەبەکان، هەتا بۆ بەشی عەسکەری و دارایی، بۆ راگەیاندن، بۆ کۆمیتەکان، بۆ هەموویان ئێمە لیستێکمان هەبوو، من خۆم یەکە یەکە لەگەڵ هەموو مەڵبەندەکان و کۆمیتەکان رۆیشتم و هەموو ئەو لیستەم پێشکەش کردو جێبەجێمکرد.

* خۆ ئەو لیستەش وەکو لیستەکانی ئێستا نەبوو، بن دیواری زۆربێ؟

ـ مەعلومە ئێستاش کادیرەکانی کۆنی ئالای شۆڕش ئاگادارن کە لەناو یەکێتیدا رۆڵی خۆیان چۆن دەگێڕن کێن و کێ نین.....

* چونکە لیستەکانی هەموو حیزبەکان کاتێ پرسی یەکگرتن دێتە ئاراوە، لیستی وەهمی، پیاهەڵگوتن بەخۆیان دێتە ئارا، ئێستاش زۆر ئەوە هەیە، هی هەموو ئەحزابەکان، یەعنی چونکە لەراستیدا لیستەکانی ئێستا دوورە لەراستی، هی هەموو حیزبەکان پیاهەڵگوتنی پێوە زۆرە.

- بەڵێ دەزانم، هەندێك لەو لیستانەی کە لەدوای ئێمە بە لیستی وەهمی هاتنە پێشەوە. مانگێکی نەبرد، هەم بۆ یەکێتی و هەم بۆ پارتی دەرکەوت کە ئەم لیستانە چەند وەهمین. بەڵام ئێمە کادیرەکانمان ئێستاش ئەوە هەموو مەکتەبەکان، ئەوە هەموو مەڵبەندەکان، ئەوە هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی، ئێستاش، وەرە بگەڕێ بزانە چەند کادیری ئالای شۆڕشی تێدابووە کاتی خۆی، ئەوە لە مەکتەبی سیاسی، ئێستا ئێمە دووانمان لە مەکتەبی سیاسین..

* باشە، کاك بەختیار بەر لەوەی چەکدار بێنە سەرت، لە شەوی (2-1985/11/1) لە گوندی تەکیە، پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی و ئەوانیتر کە گیران، تۆ پێشبینی ئەوەت نەکرد تۆش دەگیرێی، خۆ تۆ لەوان زیاتر نەبووی، هیچ چارەسەرێکت بۆ خۆت نەکرد، بۆ ئەوەی تووشی ئەو گرفتە نەبیت.

ـ بەڵێ، یەکەم مامۆستا پشکۆ لەگەڵ خۆم بوو.

* لەکاتی گرتنەکە؟
- بەڵێ لەکاتی گرتنەکە لەگەڵ خۆم بوو، دووهەم بەپێچەوانەوە کاتێك کە بڕیارماندا بچین بۆ قەرەداغ، بێگومان ئێمە نزیکی مەرزی ئێران بووین، نزیك بووین، لە مەرزەوە ئێمە چووین بۆ قووڵایی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، من پێموایە ئەگەر مێژوونووسێك جوان مێژوو بنووسێ، باش باش ئەزانێ من بایی ئەوەندە ئەزموونم هەبووە لەوە تێبگەم مەرز بەجێهێشتن و چوون بۆ قووڵایی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خەتەرەکانی چەندە. من مەلا بەختیار بووم، کادیرێکی ئاسایی نەبووم، باشە لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانویست بە سەرکردایەتی یەکێتی و بە هەموو لایەك بڵێین کە ئێمە نامانەوێ بەراستی لەباری عەسکەرییەوە جیابینەوە، چۆن تۆ ئەم ئاماژەیە بە یەکێتی ئەڵێی بچیتە سەر مەرز لە خۆیەوە. ئۆتۆماتیك جیابیتەوە، جیابووینەوە، یەعنی چی، یەعنی ئەبێ بچتە ئێران، یان ئەبێ بچیتە ناو (جود).
* ببی بە دوژمن؟
- من لەگەڵ هاوڕێکانی خۆشم چوونە ناو ئێران و چوونە ناو جودم موتڵەقەن ڕەتکردەوە..
* بەڵام دوایی هەر چوونە ناو جود؟
- نەچووین..
* چوونە ناو سنووری ئەوان؟
- ئەوە جیایە، دوای لێقەومان ئەمە جیایە، پێش لێقەومان نەچوونە ناو جودم قبووڵ کردووە، بێگومان پێش ئەوەی ئێمە ئەوە ڕابگەیەنین جود داوایان کرد ئێمە بچینە ناویان، من قبووڵم نەکرد. تەشکیلاتی ناوخۆ قبووڵیان نەکرد، ئەوەمان ڕەتکردەوە، بزانە لێرە مەسەلەکان دوو شتن، یەکێکی ئەوەیە چارەنووسی ئێمەیە وەکو شەخس، دووەمیشی ئەوەیە ئەرکە نیشتمانییەکانە، ئایا ئێمە ئەگەر بچووینەتایە ناو جود و بچووینەتایە ناو ئێران چی دەبوو، بێگومان ئەمەی خوارەوە بوو بە تەسەوری من:

یەکەم:- تۆ دەبێ هەندێ لە مەرجەکانی ئێران قبووڵ بکەی، وەکو جود قبووڵی ئەکرد.

دووەم: هەندێك لە مەرجەکانی جود قبووڵ بکەی وەك چۆن پاسۆك و حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیست قبووڵی دەکرد، وایە؟!

سێیەم: کە ئەو مەرجانەت قبووڵکرد، ماوەیەکی کەمیش بێ، ئێمە ئەبوو لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان تووشی شەڕ ببین، من ئەمانەم هەمووی پێ خەتەر بوو. بەهیچ شێوەیەك ئەمانەم قبووڵم نەبوو، لەبەرامبەر ئەمەدا چی روویدا، لەبەرامبەر ئەمە کارەساتێك بەرامبەر بە ئێمە روویدا، وا نیە؟، من تەحەمولکردنی کارەساتەکە بۆ مێژوو پێم زۆر زۆر پێ باشترە، لە تەحەمولکردنی کارەساتی شەڕکردن لە گەڵ یەکێتی و چوونە پاڵ ئێران و چوونە ناو جود ئێستاش بۆ مێژوو ئەوە ئەڵێم.

* بەڵام ئەو کاتەی کە تۆ سەرکردایەتی بووی لەناو یەکێتی، یەکێتی خۆی دایە پاڵ ئێران لە شەری ناوخۆ و تۆ هیچ هەڵوێستت نەبوو؟

- ئەوە جیایە، ئەوە جیایە. نا، یەکێتی کاتی خۆی کە شەڕیشی لەگەڵ ئێران کرد من قبووڵم نەبوو.

* باشە با بگەڕێینەوە سەر.....

- یەکێتی کە شەڕی لەگەڵ ئێرانیش کرد، وتم وەك پرەنسیپ قبووڵم نییە، بەڵام وەکو پێشمەرگە پێشمەرگەم.

* باشە کاك بەختیار کە هەڵوێستت بەرامبەر یەکێتی ئاوابووە، یەعنی هیچ گرفتێکی تیا نەبووە، ئەی چۆن دەڵێن لە ماڵەکەت کە دوایی گیرای، دەستیان بەسەر ماڵەکەت داگرت، چەندین بڵاوکراوەی تێدابوو لە ماڵەکەت. هەمووی جنێونامە بوو بۆ یەکێتی.

- جنێونامە نەبوو، یەکەمین ژمارەی ئاڵای شۆڕش بوو.

* ئەمە وابزانم قسەی کاك نەوشیروانە کە من دەیڵێم؟

- ئێستاش ماوە، ئەگەر یەك جنێوی تیابوو من تەحەمولی مەسئولیەتی هەرچی جنێو هەیە لە مێژووی کورددا ئەیکەم، ئەوە یەکەمین ژمارەی ئاڵای شۆڕش بوو، ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش کە دەرمانکرد، ئەگەر یەك جنێوی تیابوو، من تەحەمولی مەسئولیەتی هەرچی جنێو هەیە، یەعنی هەرچی جنێو هەیە، ئێمە دامانهێناوە. بە پێچەوانەوە، ئێمە لە هەموو ئەدەبیاتی خۆماندا (ئاڵای شۆڕش) یەك جنێومان بەکەس نەداوە.

* باشە ئەی چۆن ئەو شتانەی کە نووسراوە لە سەرت لەو یاداشتانەی کاك نەوشیروان هیچ وەڵامێکت نەبوو، لەکاتێکدا ئەوانە هەمووی زۆر بە سلبی لەسەرت نووسرابوو؟

- لە وەڵامەکەی سەید کاکە لە شەش شوێن وەڵامم داوەتەوە، لەشەش شوێندا وەڵامی کاك نەوشیروانم داوەتەوە. وە لە سیاقی وەڵامەکەشدا، زۆر شت هەیە بە پێچەوانەی یاداشتەکەی کاك نەوشیروانە، بەڵام جارێ من یاداشتی خۆم نەنووسیوە، تا تا بە درێژی و بە وردی وەڵام بدەمەوە..

* دامنابوو ئەوەت لێ بپرسم، بەڵام وا بابەتەکە خۆی هاتە پێش، بەتەمای یاداشتیشت بنووسی یان هێشتا؟

- بێگومان..

* چونکە ئەزموونێکی سەریرت هەیە!!!

-ئەگەر تەمەنم بەبەریەوە مابێ و دوو سەیارەی ترم پیا نەتەقێنن، بێگومان..(بەپێکەنینەوە)

* ئەگەر زۆر نەچیتە بەغدا؟

-بەغدا نا، من لە سلێمانی سەیارەیان پیا تەقاندمەوە..

* باشە کاك مەلا بەختیار ئەوکاتەی کە تۆ گیرای، سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی ئەو کاتە کاك نەوشیروان بوو، سکرتێری یەکێتی نیشتمانی مام جەلال بوو، ئەوانە لە بەندیخانە هاتنە لات قسەت لەگەڵ بکەن و بڵێن گرفتەکانت

هۆکاری جیابوونەوەو شتی لەم بابەتە. یا هەر پرس و رایەکیان لەگەڵ نەکردی، یا هەر تەنها لە ڕێگەی خەڵکی دیکەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردی؟

-یەکەمین جار کە منیان برد بۆ سەرکردایەتی، جەنابی مام جەلالم بینی و لەسەر هەموو شتەکانیش قسەمان کرد، دوای ماوەیەك لە زیندان کاك نەوشیروان هات بۆ لام، کاك کۆسرەت هات بۆ لام، قادری حاجی عەلی هات بۆ لام، ئەو بەرپرسانە هاتن بۆ لام. هەروەها کاك حەمە تۆفیق هات بۆ لام، کاك د. خەسرەو خاڵ ئەهات بۆ لام، ئەمانە ئەهاتن بۆ لام.

* باشە ئەی چۆن ئازادیان نەکردی، با بڵێین لە ڕێگای هەموو ئەوانە هەمووت بینی و قسەت لەگەڵ کردن و نەك هەر ئازادیان نەکردی، بەڵکو لە بەندیخانە ئەڵێن زۆر ئازارو ئەشکەنجەش درای؟

-لە هەقیقەتدا ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی وانەبوو، ناڵێم هەر نەبوو، بەڵام بەو جۆرە نەبوو کە ئێوە، یا ئەوەی خەڵك بیستوویەتی.

* واتا هەبوو، بەڵام کەم بوو؟

- کەم بوو، بەڵێ..

* باشە کە ئەوان ئەهاتنە لات، باسی کەمی ئەو ئازارەت لەگەڵیان نەدەکرد، ئەشکەنجەکەت؟

- نا، هیچ پێویستی نەئەکرد.

* یانی هەڵوێستت لە بەندیخانەش هەر شۆڕشگێڕانەبووە؟

- نا، مەسەلەکە شۆڕشگێڕانە نەبووە، چونکە هەندێك لەو شتانە لەو حاڵەتانە بوو، ئەوەندەی من بزانم هەندێك لەو حاڵەتانە پەیوەندیی بە بڕیاری ئەوانەوە نەبوو، بە هەڵسوکەوتی خراپی هەندێك لە مەسئولی زیندانەکان و ئەوانەبوو..

* باشە ئەوان کە دەهاتنەلات بە گرتنەکەی تۆ دڵگران نەبوون؟ واتا دڵگران ببن کە تۆ گیراوی؟

- لە خۆیان بپرسی باشترە..

* نا، وەکو خوێندنەوەی خۆت؟
- لەخۆیان بپرسی باشترە، چونکە ئەمە بەشێکە لە مێژوو، لایەکی منم، لایەکی ئەوانن. لەوان بپرسی، ئەوەندەی من بزانم بەشی زۆری مەسئولەکانی یەکێتی ئەوەیان پێ ناخۆش بوو..
* باشە کاك بەختیار، دەکرێ لە هەڵوەشانەوەی ئالاّی شۆڕش بدوێی، چوکە ئالاّی شۆڕش هەر ئەو کاتەی کە تۆ گیرای، بە هەلومەرجێکی زۆر خراپ تێپەڕبوو، ئاڵۆزی تێدا بوو، دەکرێ بەر لەوەی ئێوە بێنەوە ناو یەکێتی بڵێین ئالاّی شۆڕش نەمابوو؟
- نا، ناتوانی وا بڵێی، ئالاّی شۆڕش، ئەوەی تۆ ئەڵێی راستە ئاڵۆزی تێکەوت، خەڵکی کەم ئەزموون ئالاّی شۆڕشیان دووچاری کێشەو گرفتی زۆرکرد کە دەیانتوانی ئەو کێشەو بێشەی بۆ دروست نەکەن، بەلاّم دوای ئەوەی من فریای کەوتمەوە، وردە وردە گرتمانەوە، کە هاتینەوە ناو کوردستان لەدوای راپەڕین، ئێمە توانیمان شیرازەکانی رێکخستنی خۆمان کۆبکەینەوەو خەڵکێکی باشیش لەدەوری خۆمان کۆبکەینەوە، واتا ئالاّی شۆڕش ببوو بە یەکێك لە رەقەمی هێزە چەپەکانی کوردستان.
* لە رووی فکرییەوە یا لە رووی ژمارەوە؟
- لە رووی ژمارەشەوە، لە رووی ژمارەوە ئێمە رێکخستنمان لە هەولێر، رێکخستنمان لە سلێمانی، رێکخستنمان لە گەرمیان، رێکخستنمان لە هەڵەبجە، رێکخستنمان لە شارو شارۆچکەکانی تر لە رانیە، لە شەقلاّوە، بە نهێنی لە خانەقین، بە نهێنی لە بەغدا، رێکخستنمان لە ناوچەی بادینان تا رادەیەك، رێکخستنمان لەم شوێنانە لە هەمووی هەبووە، وردە وردە فراوان دەبووین، ئێمە..

* باشە دەڵێن کە لەبەندیخانە دەرچوویت و لەگەڵ روناکی ئەو کاتە خێزانت بوو، یا دەسگیرانت بوو، چوونە شاخ لە ژمارە (6)ی کۆمەڵە وتارێکت نووسی بەناوی باوکی ئاوارە وا بزانم، هێرشت کردبووە سەر دوو لەو سەرکردانەی کۆمەڵە کە دوایی شەهید بوون؟

- نا، هێرش لەسەر سەرکردایەتی نەبوو، بەڵێ وتارێکم هەیە بەناوی باوکی ئاوارە..

* دوای وەڵامت درایەوە.

- بەڵێ وتارێکم هەبوو بەناوی باوکی ئاوارە، لەژمارە (2)ی ئۆرگانی کۆمەڵە، لەوێدا من رەخنە لەو هەڵەیە ئەگرم کە سەرکردایەتی کۆمەڵە کوردستانیان بەجێهێشت و چوون لە رێگای ئێرانەوە بچن بۆ سوریا، لەکاتێکدا بڕیارەکە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جەنابی مام جەلال وابوو کە هەر چییەك ئەقەومێ لە رێکخستنەکانی ناو وڵات نابێ بچنە دەرەوە، بگرە بە پێچەوانەوە، ئەبێ بچنە شاخ و مەفرەزە دروست بکەن و خۆیان ئامادەکەن تا دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وڵاتیش دێتەوە بۆ ناو کوردستان، من رەخنەم لەو هەڵوێستەگرت، وتم ئەزموونی ئێمەی کۆمیتەی هەرێمەکان سەلماندی کە ئەکرا سەرکردایەتی کۆمەڵە نەڕواو لە ناو وڵات بمێنێتەوە، وەکو چۆن ئێمە (من و شەهید ئارام و شەهید ئازاد هەورامی و شەهید عەبدولڕەزاق و کاك سالار) توانیمان بمێنینەوەو سەرکردایەتی کۆمەڵەش بکەین و بناغەی شۆڕشی نوێش دابنێین..

* باشە تۆ لەو کاتەوەی لە کۆمەڵە بووی، واتە هەر لە ساڵانی حەفتاکانیشەوە هەر لەگەڵ کاك نەوشیروانا ناکۆك بووی وەك ئێستا...؟! ئەوەی کتێبەکانی کاك نەوشیروان بخوێنێتەوە، ئەزانێ هەڵوێستی بەرامبەر جەنابتان چۆن بووە، واتا ئەوکاتیش هەر جیاوازییەکان ئەوها رەنگی دابووەوە، یان بەو دواییە تۆخ بوو؟

- یەکەمین جار، یەکەمین چرکەساتی مێژوویی کە کاك نەوشیروانم دیبێ و ناسیبێ 1977/7/20 بووە، حەوت ساڵ پێش ئەوەش کە کۆمەڵە دامەزراوە ناوێکم ئەزانی کە سەرنووسەری گۆڤاری رزگاری بووە قەڵەمێکی کوردی جوانی هەبووە،

وتاری جوانی نووسیوه، که ناوی (نەوشیروان مستەفا ئەمین)ە فەقەت ئەوەندەم ناسیووه.

* ئەی ئەو جیاوازیانە؟

- لەدوای 1977/7/20 کە یەکەمین جار (نەوشێروان)م بینی، ئەتوانم بڵێم بەڵێ لە یەکەمین دانیشتنمانەوە جۆرێك لەجیاوازی بیرکردنەوە لە نێوانماندا هەبوو، ئەو بە ئەزموونتر بوو لەئێمەو دونیای سیاسەتی بە جۆرێك ئەبینی، ئێمەش کۆمەڵەبووین دنیای سیاسەت و ئایدیۆلۆژیمان بە جۆرێکی دیکە ئەبینی، واتا ئەتوانم بڵێم لەیەکەم دانیشتن و کۆبوونەوەماندا چەندمان پێ گرنگ بوو کاك نەوشیروان بێتە ناو کۆمەڵە، ئەوەندەش لەناو خۆماندا جیاوازی بیرکردنەوەمان دەرك پێ ئەکرد لەگەڵ یەکتردا، نەك هەر من، بەڵکو باقی برادەرانی کۆمەڵەش.

* زۆرجاران وا باس دەکرێ دەڵێن نەوشیروان جارجارە نوقرچت لێ دەدا، چونکە لە کتێبەکەشیا زۆرجار هەست دەکەی گێڕانەوەکە بۆ ئەوەیە کە نوقرچێکت لێبدا، زیاتر لەوەی باسی رووداوێك بکا، یان لە جیاوازی فیکر یان جیاوازی سیاسی بدوێ؟

- لە حەقیقەتدا ئەگەر بێیتە سەر هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی کاك نەوشیروان، ئەوەی لەو دوو کتێبەی نووسیویەتی ئەوە رەئی کاك نەوشیروانە لەسەر مێژووی کۆمەڵەو یەکێتی و جیابوونەوەی ئێمەو سۆشیالیست و لایەنەکانی تر، رەئی یەك کەسە، جارێ ئەبێ جەماوەری گەلەکەمان، مێژوونووسان، خوێنەوارانی کوردستان چاوەڕێ بکەن رەئیەکانی تر ببیستن، دوایی لێکۆڵەرو توێژەری مێژوویی دانیشێ و شتەکان لێك بداتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی راستییەکان بزانێت، ئەوە یەك رەئیە، ناکرێ بۆ حوکمدان لەسەر هەموو ئەو کێشانەی کە لەناو یەکێتی یا لەدەرەوەی یەکێتی هەبووە، بیکەی بە پێوانە.

* کاك بەختیار هەر بۆ مێژوو بێگومان ئەو کاتەی کە تۆ لە دەرەوە بە خەڵکت دەگوت ئەوە مفاوەزاتی یەکێتی و حکومەتەو، وەرنەوە کوردستان، یەك لەوانە گوتی ناگەڕێمەوە بۆ جاشایەتی، دەکرێ ناوی ئەو کەسە بڵێی کێ بوو؟
- لەبیرم نییە، بەس ئەوەندە ئەزانم لە ئەڵمانیا کۆبوونەوەیەکمان کرد، لە فرانکفۆرت گرووپێك هەبوو نزیکەی (23 ـ 24) کەس دەبوون سەریان نابوو بەیەك، هاتنە کۆبوونەوەکەو زۆر توند بوون، بەڵام کە گوێیان لەمن گرت، دوایی چوارپێنج کەسیان مانەوە، ئەوانی دی بیروبۆچوونەکانی ئێمەیان قبوڵکرد.
* واتا دەکرێ بڵێین زۆربەیان توند نەبوون، هەندێکیان؟
- ناڵێم بیست بیستوچوار کەسێك ئەبوون سەریان نابوو بە یەکەوە بێگومان بە منیشیان وت، کاکە ئەوانە لە کۆبوونەوەکەت هەموو سەریان ناوە بەیەکەوە. وتم بابچینە کۆبوونەوەکەو گوێ لەوان دەگرین و ئەوانیش گوێ لەئێمە بگرن. لە کۆبوونەوەکە ئەوان زۆر توندبوون و من نەرم بووم. دوایی پێم وتن کاکە ئێوە لە ئەوروپا دەژین و منش لە شاخ هاتووم، من ئێستا لەئێوە دیموکراسی ترم، ئەوە نییە من گوێتان لێ دەگرم، ئێوە بۆ هێندە توندن، پێم وابوو کوڕێك بوو بەناوی (فاخر) کە قسەی دەکرد، ئەو لەهەموویان توندتر بوو..
* ئێستا لەناو یەکێتی نییە؟
- نازانم، زانیاریم لەسەری نییە، ئەوەندەی بزانم و بیستبێتم، کە یەکێتییە، بەڵام بە کتومت نازانم و زانیاریم نییە..
باشە کاك بەختیار، ئەو کاتە بڵێین دەیانگوت ئەوە خەتی ئارامە، ئەوە خەتی شەهابە، جەنابت لەکام خەت بووی؟
- لە حەقیقەتدا من هەتا ساڵی (1975 ـ 1976) کە هاتمە ناو کوردستان و تا ئێستاش ڕێزێکی بێ پایانم بۆ شەخسییەتی شەهید شەهاب و بۆ قارەمانیەتی شەهید شەهاب و بۆ ئارامی و ئەخلاقی کاك شەهاب هەبووە، هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان، تا ئەم لەحزەیەش خۆم بە خەتێك نەزانییوە دژی خەتی کاك شەهاب. بەڵام ئەگەر بێم مێژووی کۆمەڵە هەڵبسەنگێنم، پێم وایە هەم لەسەردەمی کاك شەهابا،

هەڵەکراوە، هەم لەسەردەمی کاک ئارامیشدا هەڵەکراوە. بە حوکمی ئیشەکانیش ئێمە لەگەڵ کاک ئارام کۆمیتەی هەرێمەکانمان دروست کرد، کاک ئارام وەکو بەرپرسی یەکەمی ئێمە وابوو، مامۆستای ئێمە بووە، ڕێشاندەری ئێمە بووە، بێگومان پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ کاک ئارام بە حوکمی ئەرکەکەی کە لەسەر شانمان بووە، سەرکرایەتی کۆمەڵە گیراوە، کۆمەڵەمان گرتۆتەوە، بێگومان من شەخسی لەگەڵ کاک ئارام پەیوەندییەکی فراوانترو قووڵترو پڕ لە تامی شۆڕشگێڕانەتری بۆ من هەبوو، بەڵام من خۆم بەخەتی کاک ئارام نەزانیووە، لە دژی خەتی کاک شەهاب لە حەقیقەتدا، خۆم تا ئێستاش شتەکان وا تەفسیر ناکەم، بەڵام وەکو وتم هەڵسەنگاندنی مێژووی کۆمەڵە لەساڵی (1970 ـ 1975) کە کاک شەهاب گیراوە، ئەوە من نەك لەبەر خەتی کاک ئارام لەبەر خودی هەڵسەنگاندنی زانستیانەی مێژووەکەو ئەرکەکانی کۆمەڵە لەو ساڵانە من کۆمەڵێك ڕەخنەم هەیە..

*باشە جاری وا هەبووە واباس دەکرێ تۆ لە خەتی شەهید شەهاب بووی، خەڵکێکی دیکەش لە خەتی ئارام بوون، با واز لەوە بێنین، بەڵام ئایا لە بنەڕەتدا خەڵکێك هەبوو سەر بەخەتێك بێت، یا با بڵێین خەتی شەهاب، ئایا لە خەتی ئارام لەنێو خۆشیاندا جیاوازییان هەبووە؟

- ئارام خەتی نەبوو، هەتا کاک شەهاب گیراوە، ئەوە بوختانە بۆی ئەکەن، بەڵام ڕەخنەی هەبووە، هەرگیز و هەرگیز خەتێك نەبووە لەبەرامبەر خەتی کاک شەهابا، بڵێین ئەمە خەتە، چونکە جارێ خەتەکە نەکێشرابوو. بەڵام ڕەخنەی هەبووە، بیروبۆچوونی جیاوازی هەبووە لەگەڵ سەکردایەتی کۆمەڵە کاک ئارام هەر کاک ئارامیش نەبووە بە تاقی تەنها..

* بەس ڕەنگە ئەو سەرکردایەتی کردبێ؟

- نا، هەتا سەرکردایەتی کۆمەڵە گیراوە، کاک ئارام.....

* سەرکردایەتی ئەم ئینتقادکردنە؟

- نەخێر، سەرکردایەتی ئەم ئینتقادەشی نەکردووە ئەو کاتە، پێش ئەویش ململانێ و جیاوازی هەبووە لە نێوان سەرکردایەتی کۆمەڵەو خەڵکی تردا، خەتی عێراقی

هەبوو، خەتی رەنجبەران هەبوو، کەلە بەرامبەر سەرکردایەتی کۆمەڵە ئیشیان کردووە، ململانێ هەبووە لە نێوان کاک ئاوات عەبدولغەفور، کۆمەڵێك لە کادرەکانی کۆمەڵە هەر لەگەڵ کاک شەهاب و ئەوانە، واتا ئەوە یەکەمین ململانێ نەبووە کە هەبووە..

* باشە کاک بەختیار بەڕێزت لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کادیرەی کە سەرکردایەتی کۆمەڵەو دوایش بڵێین لە هەڵوێستیان لەگەڵ ئالآی شۆڕش و لەگەڵ ئێوەبوون، وەك پشکۆ نەجمەدین و حاجی مەمۆو چەند کەسێکی تر ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ ئەمانە چۆنە؟

- زۆر خۆشە، زۆر خۆشە، هیچ جیاوازییەکیان ناکەم لەگەڵ کەسێکی تر کە تازە یان لەدوای یەکگرتن رەفیقمن، رێزێکی گەورەم بۆ ماندووبوونی ئەوان هەیەو لەباری ئەخلاقییەوە چیم پێ بکرێ بەرامبەریان کەمتەرخەمی ناکەم، ئەگەرچی لەوانەیە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ هەندێکیان، لەگەڵ نووسینی هەندێکیان لەگەڵ بیروبۆچوونی هەندێکیان جیاوازیشم هەبووبێ، بەڵام ئەم جیاوازییە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە رۆژێ لە رۆژان من بەساردی سەیریان بکەم..

* پەیوەندی دۆستایەتیت بەردەوامە لەگەڵیان؟

- زۆر باشە، زۆر باشە، من لە ماڵ بم یا لە ماڵ نەبم، حاجی مەمۆ ئەچێتە ماڵی ئێمە، ئەوە باشترین بەڵگەیە کە برای ماڵەکەیە..

* باشە کاک بەختیار لەدوای راپەڕینەوە حکومەتی هەرێم دامەزراوەو بەڕێزتان با بڵێین لەوەتەی کە هاتییەوە ناو یەکێتی و رۆڵی بەرپرسیارێتیت وەرگرت، بەڵام تا ئێستا لە حکومەتدا کارت نەکردووە، بۆ؟

- زۆرجار پێم وتراوە، من خۆم پێم خۆش نییە..

* دەکرێ هۆکارەکەی بزانین؟

- لە حەقیقەتدا من خۆم باوەڕم بەم دیموکراتی و ئازادی و بینای کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانە زۆرەو، پێم وایە ئەمە ئەرکێکی مێژوویی ئەم هەلومەرجەیە کە ئێمە پێیدا تێپەڕدەبین، لەم مەیدانەش تاڕادەیەك دەتوانم بڵێم هەندێك رەگم داکوتاوەو

درێژەپێدانی ئەم خەباتە بە یەکێك لە بەرپرسیارێتییە مێژووییەکانی سەرشانی خۆمی ئەزانم، لەبەر ئەوە ئەوەندەی پێم خۆشە، لەم بوارەدا خزمەت بکەم و توانای خۆم بکەمە کار، ئەوەندە پێم خۆش نییە، بچمە وەزیفەیەکی حکومی کە بە هەندێك مەسائیلی یاسایی و سیستەمی حکومی و هەندێك ئیلتیزاماتی دبلۆماسی بمبەستێتەوە..

* واتا زۆر حەز لە مەسەلە یاساییەکە ناکەی؟

- نا، ئەبێ بچیتە هەر وەزیفەیەك لە وەزیفەکان، هەر وەزارەتێ لە وەزارەتەکان، بێگومان ئەچیتە چوارچێوەی یاساییەکی دیاریکراوەوە، بەڵام تۆ کە لە مەکتەبی رێکخراوەکان کار دەکەی، لەبەرامبەر هەموو یاسا لەبەرامبەر هەموو وەزارەتەکان بۆت هەیە ململانێ بکەی، داخوازیت پێ دابگری لەسەر مەسەلە مەدەنییەکان، لەسەر مەسەلە ئازادییەکان، لەم جۆرە مەکتەبە ئەوەندەی بەشێکم لەرای گشتی و لە خەباتی مەدەنی و ئازادیخوازی، ئەوەندە نەبەستراومەتەوە بە پرۆگرامێکی دیاریکراوی وەزارەتێك، من چارەنووس و سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی و حکومەتی دیموکراسی کوردستان بەیەکێك لە شەرافەتمەندترین ئەرکەکانی سەرشانی خۆشم ئەزانم، بەڵام لەو مەوقیعەوە، لەم جۆرە بیروبۆچوونە، ئەم مەوقیعە بە ئەرکێکی گەورەی دوولایەنەی ئەزانم. کاکە گیان پێم وایە مێژووی ئێمە، مێژووییەکە بەیار لە عەقڵدایە، لە مەسەلەی عەقڵانی، بەیار لە مەسەلەی رۆشنبیری. لە مەسەلەی رێنسانس. لە مەسەلەی چاکسازی ئایینی. وەکو چۆن رزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوون، بە میرات بۆ ئێمە بەجێ ماوە، خۆزگە وانەبوایە، خۆزگە لە زەمانی شێخ مەحمود ئەمە کۆتایی بهاتایە. خۆزگە لەزەمانی شێخ عوبێدوڵای نەهری ئەمە کۆتایی بهاتایە. خۆزگە کۆماری مەهاباد بە تەواوەتی سەرکەوتایە، وەکو ئەوە چۆن بە میرات بۆ ئێمە بەجێ ماوەو دەبێ ئێمە پەرلەمانی ئێستای کوردستان، حکومەتی ئێستای کوردستان سەر بخەین، پێم وابێ ئەرکی رۆشنگەری و ئەرکی ئازادکردنی عەقڵی

ئینسانی ئێمەو بونیادی کۆمەڵی مەدەنی، بونیادی دیموکراسیش بە میرات بۆ ئێمە بەجێما.

(150) ساڵ لەمەوبەر ئەگەر بزووتنەوەی رۆشنگەریی سەرکەوتنی گەورەی بەدەست بهێنایە، ئێستا پێویستی نەئەکرد گۆڤاری رۆشنگەری دەربچێ، گۆڤاری مەدەنیەت دەربچێ، گۆڤاری نازانم چی بەم جۆرە دەربچێ کە سەرەتای خەباتی مەدەنی خوازی ئێمەیە ئەوە لەبەر ئەوە، تەجروبەی ئێستای کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دوو ئەرکی هاوشانی یەکتریان هەیە، ئەرکێکیان بونیادنانی دەوڵەت و دەسەڵاتە، ئەرکێکیشیان خەباتکردنە بۆ رۆشنی و رۆشنگەری و مەسەلەی مەدەنیەت و ئەمانە، خۆتان ئەزانن لە مێژوودا ئەم ئەرکە زۆرتر هزرڤانەکان، فەیلەسوفەکان و خەڵکانی بە توانا ئەم کارەیان کردووە لە مێژوودا لە ئەوروپا، بەڵام لای ئێمە بۆ ئێمە بەجێماوە، واتە حکومەتی ئێمە لە لایەکەوە ئەبێ دەسەڵات و دەستوور دابمەزرێنێ، لەلایەکیشەوە دەبێ بەشدارییەکی بەرچاو بکات لە چۆنیەتی ئازادکردنی عەقڵ، لەچۆنیەتی مەلەسە رۆشنگەرییەکان، لەچۆنییەتی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵ، ئێمە دەسەڵاتێکی سیاسی و مەدەنیمان هەیە.

* کەواتە بەشداریکردن لە حکومەت، کاریگەری زیاتری دەبوو لە بەمەدەنیکردنی خەڵك لەو بابەتانەی کە ئێستا باستکرد؟

- حکومەت گرنگە بۆ ئەو کارە، بەڵام گرنگی دەرەوەی حکومەتیش لەکاری وەزارەتەکان کەمتر نییە..

* کاك بەختیار هەندێ جار باس لەوە دەکرێ دەڵێن کاك مەلا بەختیار ئەگەر بێت و با بڵێین سەرکردایەتی یەکێتی سکرتێرەکەی نەمێنێ کە مام جەلالە کە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە، با بڵێین بەپێی تەمەن و بەپێی ئەوەی بەتایبەت تۆ گەنجتری لەو، حەتمەن ئەگەر بەپێی یاسای ژیان بێ، تۆ تەمەنت دوای ئەو هەر دەمێنێ، لەناو یەکێتی رەنگە تەنگەتاو بکرێی، واتە بەو پێکهاتەیەی سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، مەلا بەختیار جێگەی بە زەحمەت بۆ دەکرێتەوە..

- وەڵڵا ئەمە خەمڵ لێدانە. (بەپێکەنینەوە)

* بەڵام بەپێی ئەو واقیعەی کەئێستا هەیە، رەنگە ئەگەر ئەو نەمێنێ، ئەمە رووبدا..

- وەڵڵا ئەمە خەمڵ لێدانە، بێگومان هەموو رووداوێك قسەی خۆی هەیە، هەموو پێشبینییەك دەبێ بچینە ناوی، ئینجا تۆ بتوانی هەموو لایەنەکانیت بۆ دەردەکەوێ. حوکمی لەسەر بکرێ، ئەوەندەی من بزانم ئەگەر من بمەوێ سیاسەت بکەم و درێژە بە سیاسەت بدەم لەبوونی مام جەلال، یاخوانەخواستە لەدوای مەرگی مام جەلال، کە هیوادارم کە تەمەنێکی زۆر درێژی هەبێ، ئەگەر من بمەوێ سیاسەت بکەم، بێگومان ئێستاش ئەتوانم سیاسەت بکەم و ئەوساش ئەتوانم سیاسەت بکەم..

* ئەتوانی، بەڵام وەکو پێگەت لە (م.س)ی یەکێتی با بڵێین زۆرجار هەیە دەبینین کەسێکی زۆر بەتوانایە، بەڵام کە تەنگەتاوی دەکەن، دەبینی هەرچەندە بەتوانابی، ئەو بوارەت بۆ نارەخسێ وەك ئەوەی کە لە فرسەتێکی تر بۆت رەخساوە؟

- من پێم وانییە من خۆشم ئەوەندە کەم توانابم لەو ئایندەیە تێنەگەم، (بەپێکەنینەوە) ئەمە یەك. دووەم ئەگەر بشمەوێ سیاسەت بکەم، لەو ئایندەیەش ئەتوانم سیاسەتی خۆم بکەم. سێهەمیش ئەگەر دونیای سیاسەت وای لێهات، هیچ مەیدانێکت بۆ نەمێنێ هەنگاوی تێدا هەڵبهێنی و لەگۆشەیەکت بگوشن، نایکەم. خۆ چییە سیاسەت ئەگەر نەیکەی چی دەبێ. خۆ ئێستا شاخ نییە کاکە یان سیاسەت یا مردن. ئێستا سیاسەت هەیە، رۆژنامە هەیە، گۆڤار هەیە، بازرگانی هەیە، ژیان لەدەرەوەی کوردستان هەیەو ژیان لە بەغدا هەیە، کۆمەڵێك شت لەژیان هاتۆتە پێشەوە کە تۆ ئەتوانی سیاسیش نەبی و بەقەدەر سیاسیەکیش خزمەت بە میللەتەکەت بکەی..

* بەڵام ئەوانەی لەناو سیاسەت زۆر قاڵبوونەتەوە، وەکو نەخۆشییەکی لێهاتووەو ناتوانن وازی لێبهێنن؟

- مەرج نییە، ئێستا ئەوە چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی دانیشتوون و نەخۆشیەکەشیان نەگرتووە..

* باشە ئێستا باسی رۆژنامەو ئەو شتانەت کرد، راستە رۆژنامەی چاودێر بەرێزت دەری دەکەی؟

- بەڵێ، راستی چی، ئەوەنیە نووسراوە لەسەری سەرنووسەرەکەیم..

* ئەی راستە لەناو یەکێتی هەر جەمسەرێك رۆژنامەیەك بۆ خۆی دەردەکاو دەڵێن هاوولاتی کاتی خۆی هی کاك نۆشیروان بووە، ئاسۆ هی بەرهەم ساڵحە، چاودێر هی تۆیە، ئێستا ئاوێنە هی کاك نۆشیروانەو وازی لە هاولاتی هێناوە. باشە بۆچی سەرکردایەتی یەکێتی هەر یەکەو بۆ خۆی رۆژنامەیەك دەردەکا، مەبەست لەوە چییە؟

- من ئەو زانیاریانەی تۆم نییە، من ئەو زانیاریانەی تۆم نییە..

* بە زیادەوە هەتە..

- ها..؟!

* بە زیادەوە هەتە. (هەردووکمان پێکەنین)

- ئەمە رەئی خۆتە، بەڕاستی من ئەو زانیاریانەی تۆم نییە، کە هەر یەکێ لەو رۆژنامانە یەکێك لەوبەرێزانە لە پشتیەوە بێ..

* ئێستا ئاوێنە کاك نەوشیروان با بڵێین پشتگیری دەکا، ئاسۆش ئەوە دیارە بەرهەم ساڵحە؟

- کاکە، تۆ گوێ لەمنیش بگرە، کە دەڵێم ئەو زانیاریانەم نییە، مومکینە هەموو مەسئولێك لە مەسئولەکانیی یەکێتی و پارتیش و هەموو هێزەکان جۆرێك مامەڵە لەگەڵ دونیای رۆژنامەو تەلەفزیۆن و ئەوانە بکەن کە پێیان باش بێ، ئەوە کەناڵێك بێ، ئەوە کەناڵێك بێ لەو کەناڵانەی کە بتوانن هەندێك لە پەیامەکانی خۆیان

بگەیەنن، مومکینە ئەوە لەدونیای سیاسەتدا پاساوی هەیە، لە حکومەتەکان هەیە، لە حیزبەکاندا هەیە.

بەڵام بەراستی من ئەو زانیاریانەی تۆم نییە کەهەر یەکێك لەو رۆژنامانە بەپێی نەخشەی یەکێك لە مەسئولەکان دەرچووبن. لە حەقیقەتدا، بڕوات هەبێ ئەو زانیاریەم نییە، ئەبەد نیمە بەس چاودێر کێ دەریدەکا؟ من دەریدەکەم، بەڵێ ئێمە دەریدەکەین لە مەکتەبی رێکخراوەکان و فیکرەکەی هی منە، پرۆژەکەی من دامرشتووە..

* هێڵی رۆژنامەکەش هەر تۆ دایدەڕێژی؟

- هێڵی رۆژنامەکەش من دامرشتووە، پرسیشم بە مەکتەبی سیاسی و جەنابی مام جەلالیش نەکردووە کە دەرم کردووە، یازدەهەمین ژمارەی بووە، کە یەکەمین جار مام جەلال دیتی..

* مەکتەبی سیاسی هەڵوێستیان نەبوو، کە تۆ رۆژنامەیەك دەردەکەی کە تۆ چیت زیاترە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و مەسەلەی شتی لەو بابەتە؟

- تا ئێستا رەفزی دەرچوونی رۆژنامەکەیان نەکردووە، بەڵام لە هەندێ هەواڵ و دەنگوباسدا، جاری وا هەیە گفتوگۆ لە مەکتەبی سیاسییەوە دێتە پێشەوە لەسەر هەواڵەکان و ئەوانە، منیش رەئی خۆم ئەڵێم..

* باشە کاك بەختیار، زۆرجار دەڵێن بۆ نموونە کاك بەختیار دەچێتە خانەقین و گوتاری سیاسی دەدا، دەچێتە حاجیاواو رانیە، گوتاری هەیە، بەڵام بۆ هەولێرو دهۆك و ئەو ناوچانە لەخوار کۆیەوە زۆر کەم سەردانی دەکات و گوتاریشی هەر نییە، واتە ئەو گوتارانەی کە لەو ناوچانە زۆرجار داوتە لە شوێنەکانی خوارترەوە رووینەداوە، یا ئەگەر رووشی دابێ، لەوانەیە زۆر دەگمەن بووبێ؟

- یەکەم، مەسەلەی هەولێرو سەرووتری بۆ سەرەوەو بۆ بادینان و ئەوانە بڕوا، دەبێ بیبەستیتەوە بە رووداوە سیاسییەکان و، دوو حکومەتی و، ئەو حەساسیەت و گرفتانەی کە هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا من لە دهۆك لەو ماوەیە کە پارساڵ

سەردانی دهۆکمان کردووە، دوو کۆڕم بەستووە، لە هەولێر پێنج ڕۆژ لەمەوبەر کۆڕێکمان هەبووە..

* کۆڕی داخراو بوونە؟

ـ:نا نا، کۆڕی داخراو نەبووە، کۆڕی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بووە، لەکاتی هەڵبژاردنی دەستووردا لە هۆڵی میدیا کۆڕێکی فراوانی ئاشکرا بوو بۆ خەڵکەکە لەسەر تەلەفزیۆن بەردەوام قسەم دەکرد، لە چوار مانگی رابردوو لەناو کۆیە دوو کۆڕم هەبووە، لەرانیە بە بەردەوامی هەمە..

* لەو شوێنانە هەتبووە..؟

- بەڵام ناوچەی هەولێرو دهۆك لەراستیدا پەیوەندیی بە بارودۆخی سیاسییەوە هەیە، هیچ پەیوەندی بەناوچەگەریەتییەوە نییە..

* باشە کاك بەختیار تۆ وەك کەسێکی مارکسی، هەرچەندە ئێستا ئەوانەی مارکسیشن، واتە بە حیزبە مارکسیەکانیشەوە ئەوە یان روویداوە، بەڵام سەبارەت بە کە جەنابت لەڕووی فیکریەوە، زۆر ئیدعای مارکسیەت و بڕوابوون بە میتۆدی مارکسیەت (نەك ئایدیۆلۆژکەی) بابڵێین خۆت گرێداوە، کەچی دەڵێن لەو چەند ساڵەی دوایی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت، کاك مەلا بەختیار توانی سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە، نازانم ئەوە تا چەند راستە؟

- ئامارت پێیە..؟

* ناوەڵڵا..

- قسە مەکە، (پێکەنی) بەڵگەت پێیە؟

* بەڵام دووکەڵیش بەبێ ئاگر نابێ؟

- بەڵگەت پێیە..

* ئاخر بەڵگە زەحمەتە، من چۆن بزانم تۆ ڕێك چیت هەیەو چیت نییە؟

- دەباشە، دەبێ ئەو مەسەلانە بەبێ بەڵگە قسەی لەسەر نەکرێ، ئەمە یەك.، دووەم ئایا من ماڵم هەیە، خانووم هەیە، سامانم هەیە، بەڵێ هەمە، من وەکو یەکێك

لە بەرپرسەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەرزم وەرگرتووەو یارمەتیان داوم و خانووم کردووە..

* ئەوە زۆر سروشتییە. ئەوە..

- ئەمە زۆر سروشتییە، مووچەم باشە، مووچەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیم هەیە، مووچەیەکی زۆر باشە، مووچەی مانگێکم بەشی دوو مانگم ئەکا، یارمەتی، یارمەتی زیاتر لە خەڵکی تریش ئەدەم لەم مووچەیە، واتە بەڵێ ژیانی ئێمە روونە کە لە ژیانی خەڵکی تر باشترە و ئیمکانیاتێك بۆ ئێمە دابین ئەکرێ، بۆ خەڵکی تر دابین ناکرێ، ئەوە روونە..

* بەڵام تەسەوڕ ناکەی هەموو ئەوانەی بەتایبەتی لەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە ئەوانەی کە دەبنە خاوەن سەرمایەیەك، لە ڕێگای مووچەوە نییە، چونکە مووچە ئەگەر هەر مانگێك بەشی چوار مانگیش بکا، ئەوەندە دەوڵەمەند نابی؟

- ئێ راستە ئەوە، من بەش بەحاڵی خۆم خاوەن سەرمایەنیم، حەزدەکەم بزانی و لەرێگەی تۆشەوە بۆ یەکەمین جارە رایدەگەیەنم هەر کەسێك لەم کوردستانە بچووکترین بازرگانی، بچووکترین شەریکاتی لەگەڵ من هەبێ، بێ منەت بێ، با رایبگەیەنێ..

* باشە کاك بەختیار لەم دواییە جۆرێك لە مەسەلەی چاکسازی و پاکسازی لەنێو یەکێتی نیشتمانی سەریهەڵدا، رۆژنامەی چاودێریش دەروازەیەك بوو بۆ شت بڵاوکردنەوەی، لەگەڵ چەند رۆژنامەیەکی تریش، هەندێك بۆچوون هەبوو وەکو شەماڵ عەبدولوەفاو ئازاد جوندیانی و چەند کەسانێکی تریش ئەیانووت یەکێتی پێویستی بە پڕۆژە نییە، ئێمە بەخۆمان کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە، ئەو پڕۆژەو پڕۆژەکارییە بۆ لەناوبردنی یەکێتییە، تۆ لەسەر ئەوە، دوای ئەوە، لەبەر ئەوەی بەڕێزتان ئەندامێك بووی لەو چوارکەسەی کە پڕۆژەیەکتان نووسی بوو بۆ مەکتەبی سیاسی و، دواتریش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەر یەکە پڕۆژەیەکی نووسیبوو، فوئاد مەعسوم و نەوشیروان و چەند کەسێکی دیکەش هەر یەکە بۆ خۆی چەند شتێکی دەنووسی، دواتریش دەقێك بڵاوکرایەوە بەناوی دەقی پەسندکراوی پڕۆژەی

ئەو چاكسازییە، تۆ پێت وایە ئەو هەموو بۆچوونانەی كە لەو رۆژنامانە بڵاودەكرانەوە، واتا پێویست دەكات یەكێتی بەو هەموو غەربەلە جارێكی دی غەربەلەیەكی ئەو بۆچوونانە بكات و نوێكردنەوەیەكی پێویست بكات؟

- وەڵڵاهی من پێموایە وەكو پرەنسیپ یەكێتی پرۆژەی گۆڕانكاری پێویستە، بەڵام ئایا ئەم فرە پرۆژەیە پێویست بوو، من پێم وایە هەندێكی پێویست نەبوو، یەكێتی ئەیتوانی تۆزێك وردتر ئەم كارە رابپەڕێنێ و لە سنوورێكی دیاریكراوی پێویستی گەشەكردنی یەكێتیدا مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی پرۆژە بكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لیبرالیەتەی لەناو یەكێتیدا هەیە، عادەتەن دەبێ خەڵك چاوەڕێ بكا، لەكاتی ئەم جۆرە ململانێیەو، كاتێ قسە لەسەر شتێكی هەستیاری وەكو گەندەڵی و بیروكراتیەت و هەندێك لە پێشێلكارییەكانی دێتە پێشەوە، دەبێ چاوەڕێ بكەی، كە لەحیزبێكا كە لیبرالیەتی زیاترە لە حیزبێكی دیكە دەبێ چاوەڕێش بكەی ئەم جۆرە شتانە رووبدا لە ناوی و دەبێ قبووڵی بكەی..

* ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو باسی لێوەدەكرێ ئەوانەی كە لە هەڕەمی حیزبەكەنە، ئەوانە خۆیان پرۆژە پێشنیار دەكەن، دە باشە بە تەسەوڕی تۆ ئەدی كێ بەرپرسە لەو ئەوانەی رابردوو، كە هەموو ئەو خەلەلانەی كە هەبوو؟

- لەبەر ئەوەی یەكێتی حیزبێكی بەهێزە، (8) مەكتەبی هەیە، (15 ـ 16) مەڵبەندی هەیە، سەدان كۆبوونەوەو كۆمیتەو رێكخراو ئۆرگانی تری هەیە، حكومەتی هەیە، وەزارەتی هەبوو، دامودەزگای هەبوو، ئابووری هەبوو، بازاڕی هەبوو، سەدان كۆمپانیا لە سنووری دەسەڵاتەكەیدا هەبوو، لەبەر ئەوە تۆ لە هەڕەمی دەسەڵاتیشدا بیت تۆ ناتوانی وەك (ساحر) كۆنترۆڵی ئەو شتانە بكەی، ئەو كاتەی كە رووبەڕووی دیاردەیەكی ئاواو پڕ كێشە ئەبیتەوە، بێگومان ئەوەی لە هەڕەمی دەسەڵاتیشایە، ئەبێ رێگایەك بدۆزیتەوە بۆ چۆنیەتی دەرخستنی بیروڕای خۆی و پێشنیاركردنی رێگا چارەسەری خۆی.

* بەڵام لەدواییدا ئەو پرۆژەو پرۆژەکارییانە هیچ ئەنجامێکی لێ کەوتەوە؟

- بەڵی ئەنجامەکەی وابوو کە هەموو پرۆژەکان یەکخراون، ئێستا جەنابی مام جەلال گەڕاوەتەوە (10)رۆژ لێرە ئەبێ بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی کە لەسەری ڕێکەوتووین وەکو پرۆژەی چاکسازی دوا بڕیاری لە سەر بدرێ و ئیتر ئیش بکری لە ئۆرگانەکان و خەباتی بۆ بکرێ.

* هەر لەنێو ئەو پرۆژانە باس لەوە دەکرا تا حیزب چاکسازی و پاکسازی تێدا نەکرێ، ناتواندرێ چاکسازی و پاکسازی بگوازینەوە ناو حکومەت؟

- من ئەم بیروڕایەم لەمەکتەبی سیاسیش قبووڵ نەکرد، من پێم وایە چاککردنی حیزب و حکومەت، حکومەت و حیزب، دوو مەسەلەی پێکەوە بەستراوی بەیەکەوە کار بۆ کراوە، من پێموانیە ئەمانە لەیەك جیابکرێنەوە..

* باشە بۆچوونێکی کاك کۆسرەت هەر لە دیمانەیەك بوو، یا لێدوانێك بوو، وتی من لەگەڵ ئەوەدام ئەوەی تەمەنی لە (50) پەنجا ساڵ زیاترە با واز لەسەرکردایەتی یەکێتی بێنێ، بەخۆشمەوە. تۆ تا چەند لەگەڵ ئەوەدای، چونکە مرۆڤ لە پەنجا ساڵیدا تۆزێك لەڕووی عەقڵانییەوە، لەڕووی ئەزموون و نەخشەکێشان،...هتد موتەکامل دەبێ؟

- لەناو ئەو کێشەو بێشانەی کە لەناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی، ئەو ململانێیەی کە هەیە، ئەم جۆرە پێشنیارانە خەیاڵێکی پاکە، بەڵام جێبەجێکردنی زۆر قورسە.

* مەلا بەختیار دوور لەو قسە تەقلیدیانەی کە دەکرێت گوایە ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژیەی نێوان پارتی و یەکێتی هەوڵدانێکە بۆ نەهێشتنی هەر کەموکورتییەك، یاخود زیاتر پاراستنی بەرژەوەندی هەردوو حزبە، لە کاتێکدا دەکرا پێش ئەوەی شەڕی ناوخۆ بکرێت ئەو ڕێککەوتنە بکرابوایە، ئەو گرفتانەش دروست نەبوونایە کە ئێستا بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێن.

- وەلاهی هەردوو ئەو مەسەلەیە و مەسەلەی تریش هەیە، یەکەم: گیروگرفت هەیە ئەگەر چارەسەریان نەکەین قەبەتر دەبێت و مەترسی زیاتر پەیدادەبێت و ڕەنگە کەلەبەر و قڵیشی زیاتر بخەنە نێوانمانەوە، بۆیە دەبێ کارێك بکەین بۆ داڕشتنی

بنەمایەکی سیاسی ئەوتۆ کە بتوانین کەموکورتیەکان بە ڕێکوپێکی چارەسەر بکەین. دووەم بۆ بەرژەوەندی من پێموانییە حزب نییە لە دنیادا، دەسەڵاتی هەبێت و بەرژەوەندی نەخوێنێتەوە، نەیپارێزێ، زیادیشی نەکات، ئەوە سروشتی هەموو دەسەڵاتێکە لە دنیادا، دەسەڵاتی یۆتۆپیایی لە دنیادا نەهەبووە و نەدەشبێ، هەموو ئەو تیۆرییانەی کە لەسەریۆتۆپیا دانران واقیع ڕەفزی کردن. زۆر زۆر ئاساییشە یەکێتی و پارتیش بەرژەوەندییەکانیان پەرەپێبدەن، بیپارێزن، ڕێککەوتنی لەگەڵ بکەن، ڕێککەوتنی تریشی لەسەر بکەن، هیچ بە دووری مەزانە، دوای ئەو ڕێککەوتنە، ڕێککەوتنی ئابووریش بخەینە نێوان خۆمانەوە.

* مەبەستت لە ڕێککەوتنی ئابووری چییە؟

مەلا بەختیار: دەڵێم بە دووری مەزانە، ڕێککەوتنێك لە سەر مەسەلە ئابوورییەکان بکەین، شتێکی زۆر زۆر سروشتییە لە ژیاندا، چونکە ئێمە ئێستا دوو حزبی دەسەڵاتدارین، دەسەڵات مانای چی؟ مانای دەسەڵاتی تەنفیزی، دەسەڵاتی تەشریعی، دەسەڵاتی قەزائی، ئابووری.

* باشە هەندێك جار لە ڕۆژنامەکان زیاتر....

- ئیجازەم بدە من وەڵامت بدەمەوە،پێویستە پاراستنی بەرژەوەندی شتێکی نامۆ نەبێت بەلای خوێنەر و تاکی ئێمەوە، بەرژەوەندی ئەگەر لە ڕابردوو لەسەر شتی زۆر بچووك، لەسەر کار و کاسبی زۆر بچووك بووە، لەمەودوا دەبێ بزانین بەرژەوەندی لەسەر ئاستی دەسەڵاتە، لەسەر ئاستی حکومەتە، لەسەر ئاستی کۆمپانیای جۆراوجۆرە، لەسەر ئاستی پەیوەندییە ئابوورییەکانی عێراق، ئیقلیم، دەرەوەو بانقەکانە، لەبەر ئەوە بەرژەوەندییەکان زیادیان کردووە و پەلوپۆی گەورەتر و قەبەتری هاویشتووە، بێگومان ئەم ئیشانەش زەمانی قانوونی و زەمانی سیاسی و، زەمانی ئیداری زەمانی بەقووەتتری دەوێ.

خاڵی سێیەم، زۆر گرنگە بزانرێ، ئەویش ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە پێموایە بنەمایەکی تازەیە، دەستەبەریەکی تازەیشە بۆ ئەگەری ئەگەرە مەترسیدارەکانی لەمەودواش ئەگەر بێتە پێشەوە، خۆ ئێمە لە خەم نەڕەخساوین جارێ. ئێمە لە دەوڵەتانی

ئیقلیمی هیشتا مەترسیمان لەسەرە، لە ناوەخۆی عێراق مەترسیمان لەسەرە، مەسەلەی هەمواركردنی دەستوور، مەسەلەی بودجەی كوردستان، مەسەلەی ماددەی 140 شەڕی تائیفی، شەڕی ئەهلی، ئەو موئامەراتانەی لە قاهیرە كران، ئەوانەی لە پشت پەردەوە دەكرێن، ئەوانە هەمووی پێویست بەوە دەكات،ئێمە كارێكی ئەوتۆ بكەین، سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانی كوردستانیمان هەیە، حكومەتی هاوبەشمان هەیە. پەرلەمانی هاوبەشمان هەیە، دوو قۆڵیش هەتا دەتوانین كەلێنەكانمان كەمبكەین.

* بەڵام پێشتریش ئەو مەترسیانە هەر هەبوون و كەچی هیچیشتان نەكرد؟!

- راستە ئەو مەترسیانە هەبوون، بەڵام ئەزموونەكانی ئێمە، ئەزموونی تر دێنێتە پێشەوە، فكری تر دێنێتە پێشەوە، بۆ ئێمە لێكدانەوەی تر دێتە پێشەوە، فكری تر دێتە پێشەوە بۆ ئێمە تەجروبە هەبوو، بەڵام كێ تەسەوری دەكرد دوای چوار ساڵ یەكتر هاڕین لە عێراقدا، تازە شیعە و سونە زیاتر لە یەكتری دوور دەكەونەوە، پێویستە تۆ ئەمانە بخوێنیتەوە، كێ تەسەوری دەكرد لە قاهیرە ئەم هەموو هێزانە بڕۆن بەرە-جەبهە- تەوقیع بكەن بە هاوكاری چەندین مخابەراتی ناوچەكە، كێ تەسەوری دەكرد، كۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەو هەموو دەوڵەتە عەرەبیانە لە یەكتری وردە وردە دوور بكەونەوە، ئەمانە هەموو شتی تازەن رووبەڕوومان بوونەتەوە.

* هەندێكجار لە هەندێ رۆژنامە شتێكی لەم جۆرە باسدەكرێت كە دوور نییە ئەوە هەنگاوێكی جدی بێت بۆ ئەوەی هەردوو حزب ببنە یەك، تەسەور دەكەی شتی وا لە ئارادابێت؟

- وەكو قسە ئەم قسانە دەمێكە هەیە. ئەم قسانە ساڵەهایە هەیە.

* لەبەر ئەوەی ئێستا نەهجی هەردووحزب وەكو یەكە؟

- ئیجازە بدە با وەڵامی بەشی یەكەمی پرسیارەكەت بدەمەوە. ساڵەهایە ئەو قسانە هەیە، ئەم گفتوگۆیەش لە نێوان ئەشخاسیش هەبووە، بەڵام ئایا ئەم دوو حزبە، لە كۆنگرە، لە كۆنفراس، لەسەر ئاستی سەركردایەتی لەسەر ئاستی مەكتەبی

سیاسی، قسەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە؟ بەشەکەی خۆمان (یەکێتی نیتشمانی کوردستان) تا ئێستا دوور و نزیك قسەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ یەکخستنی هەردوو حزبەکە نەکردووە.
سەبارەت بەوەی کە ئایا یەك نەهج هەیە، لێرەدا بێگومان وانییە، کاکە ئێمە ئێستا حزبێکین، سۆشیالیست دیموکرات، حزبێکین جیاوازی ئایدۆلۆژیمان هەیە، جیاوازی فەلسەفیمان هەیە، جیاوازی مومارەساتمان هەیە.
* لە پراکتیکدا یەك پراکتیکتان هەیە.
مەلا بەختیار: ئێمە لە چوارچێوەیەکی ستراتیژی سیاسی، ئیداریدا لە یەك دەچین، ئیمە پابەندین بەم ستراتیژە سیاسییە، ئیدارییە، کە ئەم قۆناغە پیادا تێدەپەڕێ، ئەم ستراتیژیە پراکتیکەی زۆر جیاواز نییە تەنیا ئەوەیە کە کارمان ئەدای جوانتری هەیە، جوانتر بۆ شتەکان دەچن، خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکەین، زیاتر لە نێو حزبەکانمان ئازادی و دیموکراسی دابین دەکەین.
* لەسەر خزمەتگوزاریش قسەمان هەیە دواتر باسی دەکەین،کە لە هەولێر باشتر بەرێوە چووە،بەڵام با بپرسین دوای ئەو گۆڕانکارییەی کەلە نێو مەڵبەند و کارگێڕەکان (لەنێو یەکێتی) دروست بوو هەڵبژاردن کرا، بەتایبەتی لە هەولێر ئەوەی تەسەور دەکرێت ئەوەی سەیر دەکرێت، دوای ئەوەی کارگێڕەکانی ئێوە گۆڕانیان بەسەردا هات، بەتایبەتی لە بەرپرسی مەڵبەندەوە، هەست دەکەیت یەکێتی لە هەولێر بەرەوکزبوون چووە، نازانم بەرێزت وەکو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟
- لە راستیدا من بەش بە حاڵی خۆم کاتی خۆشی لەسەر ئەو پرۆژەی بۆ هەڵبژاردن گەلاڵە کرا لە مەکتەبی سیاسی رای جیاوازم هەبوو، پێم باش نەبوو.
* پێت باش نەبوو هەڵبژاردن بکرێت؟
-ئەو پرۆژەیەم پێ باش نەبوو بەمشێوەیە هەڵبژاردن بکرێت، هەڵبژاردنم پێ باشە، بەڵام لەسەر بنەمایەکی حزبی تر و باشتر. مەترسیم هەبوو لە جێبەجێکردنیدا، لە کێشەکانی،لە گیروگرفتەکانی، لەو بارودۆخەی کە ئێمە تیایدا دەژین، لە

ڕۆژنامەی چاودێریشدا من سەروتارێکم نووسی کە وتم دەبێ ئەمە دوابخرێت و دەبێ ئیشی باشتری بۆ بکرێت، من پێموانییە ئەم پرۆژەیە سەرەڕای ئەوەی جێبەجێمان کرد، توانییێتی وەرچەرخانی دیموکراتی وەرچەرخانی مەعریفی، وەرچەرخانی حزبی باشتر لە ژیانی حزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هێنابێتە دی. ئەگەر کێشەکانیش والێکبدەینەوە کە یەکێتی نیشتمانی قودرەتێکی بەقووەتی هەیە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەریاندا، ئەمە راستە، بەڵام.

* کاك مەلا بەختیار ئێستا دەزگای زانیاری و پاراستن زۆر باسیان لێوە دەکرێت، کەهەردووکیان مادام لەمەودوا دەبێت بەرەسمی بخرێنە سەر حکومەت، ناکرێت دەزگایەکی ئاواتەنهابۆ حزبێك کار بکات،پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو کاتە پێویستە یەکبگرنەوە، ببنە یەك دەزگا بۆ پاراستنی ئەمنی قەومی، یاخود هەر ناوێکی دی هەبێت،ئایا ئەو کاتە دەزگای زانیاری تێکەڵ بە دەزگای پاراستن دەبێتەوە؟

- تۆ قسە لەسەر تێکەڵبوونەوە مەکە قسە لەسەر یەکگرتن بکە. ئایا ئەم دوو دەزگایە یەکدەگرنەوە، تێکەڵ مانای ئەوەیە شتێکی بچووك بچێتە نێو شتێکی گەورەی موهیم، پێویستە ئەو بابەتانە بەمشێوەیە لەگەڵ ئێمە تەرح نەکرێت، ئێمە وای تەرح ناکەین لەگەڵ پارتیدا، بەراستی دەزگاکانمان، قودرەتمان، هەموو ئیمکانیاتمان، تەسەور ناکەین ئەوە نەجاحەت بێنێ تێکەڵاوی کەین، وا باشە لەسەر بنەمایەکی پتەوی لە یەکتر تێگەیشتن،هاوسەنگ، هاوئاهەنگ، ئێمە یەکیان پێبگرینەوە، ئەم دوو دەزگایە هەلومەرجەکە پێگەیشتووە یەکیان پێبگرینەوە من پێموایە هەلومەرجەکە پێگەیشتووە، رەنگە ماوەیەك بخایەنێ تا بنج و بنەوانەکەی لێکبدەینەوە.

* ئەو کۆنفرانسەی 120- تا 150 کادیری یەکێتی کەگوایا لە ئەدای سیاسی یەکێتی و سەرکردایەتی رازی نین دەیانەوێت کۆنفرانسێك ببەستن، ئەو تێبینی و سەرنج و رەخنانەی هەیانە باس بکەن، هەروەها باس لەوە دەکرا کە هەندێك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەشداری دەکەن، ئایا بەشداربوونی ئەو ئەندام مەکتەبی سیاسیانە پێشنیار کراوە، لە خودی مەکتەبی سیاسییەوە؟یان بەشداریکردنیان چۆنە؟

- وەڵڵا پێش ئەوەی وەڵامت بدەمەوە، لە پرسیارەکەی پێشووت باسی شتێکت کرد حەزم کرد روونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم، ئەویش ئەوەیە ئەمنی قەومی بەکارهێنرا، من پێموایە ئەوەی پێی دەڵێن ئاسایشی نەتەوەیی، وەکو سەردەمی جەنگی سارد، ئەو چەمکە باوی نەماوە. ئستا لە کوردستانی عێراق.

* بەڵام ئەم چەمکە لە ئەمەریکاش هەیە.

- ئیجازەم بدە. ئێستا لە کوردستان ئەو مەترسییەی لە سەردەمی جەنگی سارد لەسەر ئەمنی قەومی هەبوو ئێستا نەماوە. ئەوەی کە پێی دەوترا ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەتی لەسەردەمی جەنگی سارد زۆر بایەخیان پێدەدا، سەبەبەکەی ئەوە بوو لە جیهان دوو جەمسەری گەورە هەبوو، ئایدۆلۆژیای جیاواز هەبوو لە دنیادا، فەلسەفەی جیاوازی زۆر توند هەبوو لە دنیادا.

* پێتوانییە ئێستاش ئەم جیاوازییانە بە جۆرێکی تر دووبارە دەبنەوە؟؟

- ئیجازە بدە. ئەم دوو ئایدۆلۆژی و فەلسەفە جیاوازە تێکەڵاو بە دوو سیستەمی ئابووری و قودرەتمەندبوون لە دنیادا، لەبەر ئەوە ئەو چەمکانەی کۆن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی قسەی لەسەردەکرا تێکەڵاو بە ئایدۆلۆژیای تازە و ململانێی فەلسەفەی تازەبوون لە سەردەمی جەنگی ساردا برەوی مابوو، بەڵام ئێستا لە ئەوروپا ئەو مەوزوعانە بە دیدێکی نوێتر سەیریان دەکرێت کە من بەش بەحاڵی خۆم پێموابێ بەشێوەیەك لە شێوەکان لەلای ئێمەش ئەوە راستە. ئێستا لە ئەوروپا ئەگەر کارەبا نەبێت ئەمنی نەتەوەیی دەکەوێتە مەترسییەوە.

* ئەمنی قەومی خۆی ئەمنی دەوڵەتە.

- ئەگەر ئاو نەبێت ئەمنی قەومی دەکەوێتە خەتەرەوە، ئەگەر خواردن نەبێت ئەمنی قەومی دەکەوتە خەتەرەوە، ئێستا ئەمنی خۆراك —غژاء- هەیە، ئەمنی تەندروستی هەیە، ئەمانە بۆ رای گشتی لە ئەوروپا و ئەمەریکادا مەسەلەی گرنگن، من لە تۆ دەپرسم لە بەرپرسانی هەردوو حزب و هەمو حزبەکان دەپرسم بە ویژدانت ئەوەندەی خەڵك لەسەر کارەبا لێمان بەگلەییە، لەسەر مەسەلە نەتەوەیەکان لێمان بە گلەییە.خەڵك ئەوەندەی لەسەر مەسەلەی ئاو لێمان بە گلەییە لەسەر مەسەلە

نەتەوەییەکان لێمان بەگلەیین؟. لەسەر ماددەی 140 دەڵێن هەموو شتێك دەکەین، بەڵام خەڵك کە گەرمای دەبێت نارِەزایەکی توند دەردەبرِێت، ئەمنی سیاسی، نەتەوەیی ئێستا بۆ یەکێتی و پارتی، تێکەڵاو بە خەدەماتی نەتەوەیی بووە.

ئێمە ناتوانین ئێستا بە سۆزی نەتەوایەتی پەتی، خەڵك گۆش بکەین بڵێین تۆ لە دەوری ئەم دوو حزبە بمێنەوە لەبەر ئەوەی داکۆکی لە زمانەکەت دەکات، داکۆکی لە کولتوورەکەت دەکات،داکۆکی لە کەلەپوورەکەت دەکات، ئێستا خەڵك خەدەماتە بنچینەیەکانی لە دەسەڵاتی تۆ دەوێت، ژیانی لە تۆ دەوێت، مەسەلەی نەتەوەیی بەتەنها تێری ناکا، ئێستا منداڵێك دەیەوێت بە جوانترین شێوە بچێتە مەکتەب، خوێندنگای زۆر جوان بێت، زانکۆی دەبێت زۆر جوان بێت، ئێستا وردو درشتی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە تێکەڵاو بە ئاسایشی نەتەوەیی بووە.ئینجا با پرسیاری ئەو کۆنفرانسەش بدەمەوە

ئەوانە کۆمەڵێك هەڤاڵی دڵسۆز لە کەرکووك راوێژیان لە نێو خۆیان کردبوو، بۆ ئەوەی بەرچاوروونیەکی باشتر بدرێ بە سەرکردایەتی سیاسی هەردوولا، نەك هەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان، راوێژیان لەگەڵ هەموو مەکتەبی سیاسی کرد، لەگەڵ منیش راوێژیان کرد، وتیان ئێمە فکرەیەکی وامان هەیە، من هەندێك بیرورِام پێگوتن هەمووشیان قبوڵکرد، دەیانویست کۆنگرەی گەورە بکەن، شتی گەورە بکەن. وەلحاسل گەیشتنە ئەوەی پرۆژەیەك بنووسن.

* کۆنفرانسەکە نەکرا؟

کۆنفرانسەکە تا ئێستا دوابرِیاری لەسەر نەدراوە، لە دوا برِیارِدا گەیشتوونەتە ئەوەی پرۆژەیەك بنووسن بیرورِای خۆیان بخەنە بەرچاو، دواتر بیدەنە رای گشتی، لە راستیدا خراپ نییە خۆ ئەگەر ئێمە، لە باتی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە کە ئێستا نیمانە، وەکو پێویست ئەو شتانەمان بۆ دیراسە بکات، کادیرەکانمان پەرۆشی ئەو کارەن، ئەمە یاخی بوون نییە لە سەرکردایەتی،بەپێچەوانەوە ئەمە پەرۆشییە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەو مەبادئە ستراتیژیەی کە هەیەتی باشتر وردی کاتەوە، لە کاروبارەکانی.

* لەم دواییە بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعودبارزانی سەرۆکی کوردستان، کاك نەوشێروانیان بینی، هەندێك دەڵێن بۆ ئەوە بووە ئەگەر پۆستی کاك نێچیرڤان تەواو بێت ئەوا ئەو پۆستەکە وەربگرێت، هەندێکیش دەڵێن داوایان لێکردووە دەوری خێر ببینێت، دەکرێت جەنابتان باس لەو وردە کاریانە بکەن کە باشتر ئاگادارن؟

- بەشەکەی مام جەلال ئەوەی من لێی دەزانم دوور و نزیك قسە لەسەر ئەو مەوزوعە نەکراوە.

* بەڵام لەماوەیەکی کورتدا چەند جارێك مام جەلالی بینی؟

- جەنابی مام جەلال و کاك نەوشێروان دوو کەسن ئێستا هاوڕێتیان لە نیو سەدە نزیك دەکەوێتەوە، نە جەنابی مام جەلال دەتوانێ دەستبەرداری نیو سەدە لە خۆشەویستی و مێژووی هاوبەشی خەبات بێت، نە بەڕێز کاك نەوشێروان دەتوانێت دەستبەرداری ئەو مێژووە بێ و دەستبەرداری کەسایەتی مام جەلال بێت، لەبەر ئەمە ئەگەر بیروبۆچوونی جیاواز لە نێو یەکێتی نیشتمانی لە بەینی هەردووکیان لەسەر هەندێك پرسی ئیداری دروست ببێت خۆ پرسی ئایدۆلۆژی لە بەینیان نییە، من پێموابێ بۆ هەردووکیان جێگای شانازییە پەیوەندییەکی شیاو لە نێوەخۆیان بپارێزن و ئەمە نموونەیەکی تازەیە لە ژیانی سیاسی کەسایەتییە گەورەکانی مێژوودا، خۆشتان دەزانن مام جەلال پیاوێکی زۆر دڵ فراوانە زۆریش بەوەفایە بۆ هاوڕێکانی خۆی بۆ پێشمەرگەکان بۆ هەموو کادیرێك و بۆ هەموو کەسێك، لەم دانیشتنانە ئەوەندەی من بیزانم خۆ بڕیار بوو منیش تیایدا بم لە دەعوەتەکە کە من ئەم ڕۆژە کۆبوونەوەی ترم هەبوو، نەمتوانی بچمە دەعوەتەکە، ئەوندەی من بیزانم و پێموایە هەمووی دەزانم، دوورونزیك ئەو قسانە باس نەکراوە. کە جەنابت باسی دەکەی.

* هیچ ئومێدێکی گەڕانەوەیان نییە؟

- تا ئێستا لەم بارەیەوە کاك نەوشێروان هیچ بڕیارێکی تازەی نەداوە.

* داواشی لێنەکراوە؟

- نەمبیستووە داواشی لێکرابێت.

* باشە لەم حاڵەتەدا،کە کۆنگرەی یەکێتی نزیکبۆتەوەو ڕەنگە بۆ سەری ساڵ ئەگەر ببەسترێت، ئەگەر باڵی ریفۆرم لە کۆنگرە نەبێت ئەوا باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تەواوی چك دەکات، واتا وشك دەکات و نامێنێ.

- وەڵڵا هەر خۆی نەماوە، تا نەمێنێ.

* ئەو کەسانەی خۆیان بە چەپ دەزانن،تا رادەیەك ئایدۆلۆژیاییەکی کۆمەڵەیان تێدایە، ئێستاش ئەوانە هەر درێژبووەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانن، چونکە یەکێتیش بە ڕێگای ئەو کۆمەڵەیە بووە ئەو یەکێتییە نیشتمانیەی کە ئێستا هەیە، کادیرە ناوەندییەکانی ئێستایشی زۆربەی زۆریان هی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووە.

- ئەوەندی من بیزانم ئاسەواری ئایدۆلۆژیای کۆمەڵە لە تەربیەتی کادیرە ئەساسەکانی ماوە، بەڵام لە حەقیقەتدا لە ڕێبازی یەکێتی نیشتمانی و لە کارپێکردنی یەکێتی نیشتمانی من نایبینم، خەیاڵی کۆکردنەوەی پاشماوەکانی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵە لە نێو یەکێتی نیشتمانی لە مێشکی کەسێکدا نییە، هەموو کەسێکیش دەزانێت کەسێکی وەکو کاك نەوشیروان ئێستا هەڵوێستێکی جیاوازیشی هەبێت. ئەو بەرپرسیاری یەکەمی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەیە لە مێژووی کۆمەڵە، خۆ مام جەلال نەیوتووە هەڵبوەشێننەوە، ئەو تەحەمولی ئەو هەڵوەشانەوەی کردووە.

* ڕەنگە مام جەلال پێی گوتبێ، بەڵام ئەو جێبەجێی کرد.

- باوەڕ ناکەم، زرووفە سیاسییەکە لەو کاتەدا وا تەقدیر کراوە، وا باشە لە سەردەمی ئەنفال و کیمیاباران و دەربەدەریدا، وا باشبووە مەنتقی یەکگرتن زاڵبێت بەسەر خیتابی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

* مام جەلال دوای ئەوەی نەخۆشکەوت دوو جێگری بۆخۆێ دانا، پێشتر یەك جێگری هەبوو، ئایا ئەو دوو جێگرە گرفتی زیاتر دروست ناکات، ئەگەر تەنیا جێگرێکی هەبووایە باشتر نەبوو بۆ راپەراندنی کارەکان،بەتایبەت کە مام جەلال زۆربەی کاتەکانی لە بەغدایە؟ ئایا بە تەمان لە کۆنگرەش هەردوو جێگری بمێنیێ؟

- هەر شتێك لەسەر کۆنگرە بڵێم هەر پێشنیار دەبێت، لەبەر ئەوەی کۆنگرە کۆبوونەوەیە و دەسەڵات لە دەستی کۆنگرە دایە، من هیچ شتێك لەمبارەیەوە نازانم، سەبارەت بە جێگرەکانی مام جەلال لە کۆنگرە چی دەخرێتە بەرباس، لیژنەیەك هەیە ئێستا ئامادەکاری بۆ هەموو مەسەلەکانی یەکێتی دەکات، بە گەرمی خەریکن پەیڕەو و پرۆگرام، فیکری یەکێتی، سیاسەتی یەکێتی تاوتوێی دەکەن و پرۆژەی خۆیان ئامادە دەکەن.

* لە دیمانەی هەندێك لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی باس لەوە دەکەن لە کۆنگرە (15) ئەندامی نوێ دەخەنە نێو سەرکردایەتی (15) کەسیش خانەنشین دەکرێن، ئایا بەراستی شتێکی واتان هەیە؟

- وەڵڵا ئەوەندەی من بزانم بەبێگومان، لە کۆنگرە هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئاڵوگۆڕ دەبن، بە حوکمی ئەوەی کادیرێکی باش لە نێو یەکێتی نیشتمانی پێگەیشتوون، هەمووشیان ئامانجیان هەیە پێشبکەون لە نێو یەکێتی و لە ژیانی حزبی خۆیاندا، هەروەها هەندێك لە سەرکردەکانی یەکێتی نەیانتوانیووە، وەکو سەرکردە شتێکی گەورەتر، لە دوای دەرچوونیان لە دووەمین کۆنگرە پێشکەش بە یەکێتی نیشتمانی بکەن پێشکەش بەحکومەتی کوردستان بکەن، من تەسەورم وایە هەندێکیان دەگۆڕێن و کادیری تازە دێنە پێشەوە، پۆلێك لە ژنانی تێکۆشەری ناو یەکێتی نیشتمانیش خۆیان ئامادە دەکەن تا متمانە وەربگرن، لە گۆنگرە، هەم لە سەرکردایەتی و هەم ئەگەر بکرێت لە مەکتەبی سیاسیش شوێنی شیاویان هەبێت.

* کەواتە لەلایەن خۆتانەوە هەندێك کەستان دەست نیشانکردووە بیانگۆڕن؟

- من بەش بەحاڵی خۆم کەسم لەبەرچاوم نییە. قسەشمان لەسەر ناوی کەس نەکردووە بۆ گۆڕین، بەڵام کۆنگرە گۆڕانکاری زۆری تێدا دەکرێت.

* لەبەر ئەوەی مام جەلال لە ناکاو تووشی نەخۆشی بوو، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و تەواوی کادیرانی یەکێتی تووشی شۆك بوون، چونکە شتەکە زۆر کتوپڕ بوو، بیرتان لەوە نەکردۆتەوە بەتایبەتی تەمەنەکەی مام جەلال بتەوێت و نەتەوێت بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشیەکی دیکە نەبێتەوە، کەموعەرەزە تووش بێتەوە،ئایاکەسانی وا دێننەپێشەوە تا رۆڵی سکرتێری یەکێتی وەربگرن؟

- ئەو مەوزوعانە وەکو عەرەب دەڵێن (صعب الرأی) ناشکرێت ئێمە ئێستا سکرتێرێکی زیندوومان هەیە، شوکر بۆ خوا ئێستا تەندروستی باشە، ئێستا دانیشین نە لەگەڵ خۆی نە لەنێوان خۆمان، قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەگەر وەفاتی کرد کێ لە شوێنی ئەو دابنێین.

لە نێو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە کادیری زۆر بە ئەزموونی تێدایە، پێگەیشتوون و تەسەوریشم وایە ئەگەر هەر کاتێك پێویست بکات بۆ هەر پۆستێك لە پۆستەکان دەشێ کۆنگرەیەك بۆ ئەم کارە ببەسترێت بۆ ئەو کارە و چی پێویستە بڕیاری لەم بارەیەوە بدرێت. بەڵام ئێستا ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە تۆ قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکەیت.

* بەتایبەتی لەبەر ئەوەی مام جەلال لە بەغدایە و سەرقاڵە بە کێشەی سونە و شیعە و بەراستی ئەوەندە ناپرژێتە سەر کوردستان؟

- راستە مام جەلال لە بەغدایە بەڵام سەردانی کوردستانیش دەکات و ئێستاش ئامرازەکانی پەیوەندی بە دەقیقە دەتوانرێت پەیوەندی بکەین، دوای ئەوە ئێمە ئۆرگانەکانمان ئیشی خۆیان دەکەن، هیچ جۆرە دابڕانێك نییە بڵێین ترسێکمان هەبێت نەتوانین ئێمە تەوجیهات وەربگرین، ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی فێربووین، زۆرجار ئێمە بەرپرسی گەورەمان لێ دابڕاوە ئێمە خۆمان ئیشی خۆمان کردووە،

شەهید شەهاب ماوەیەکی زۆر لە کۆمەڵە دابڕا، چووە سوریا، چووە لوبنان، کۆمەڵە لێرە کاری خۆی هەر دەکرد، مام جەلال ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات بوو ئێمە لێرە ئیشی خۆمان دەکرد، ئێستاش چووە بۆ بەغدا، یەکێتی نیشتمانی ئەزموونی هەیە و کاری خۆمان دەکەین.

* بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە کە سەرۆکی حکومەت بە نۆرە بێت چەند مانگێکی دیکە یاخود ساڵی نوێ خولی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی تەواو دەبێت، ئێوە تا ئێستا کەستان دەست نیشان نەکردووە بۆ؟

- پەلەمان چییە؟ ئێستا مانگی (8)ە،چوار مانگی ماوە. ئیشی چوار سەعاتە.

* لەبەر ئەوەی ئیشەکە ئیشی چوار سەعات نییە، بە دانیشتنێك تەواو نابێت.

- بۆچی؟

* لەبەرئەوەی ڕەنگە ئەومەسەلەیە بە بە بڕیارێکی فەوقی سەرنەگرێت، وەکو لە هەڵبژاردنەکانیش بینیمان.ئێوەی سەرکردایەتی یەکێتی چەند جەمسەرێکن، کە لەیەکتریَ جیاوازن، هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان باشترین نموونە بوو کە ناچار کرا مام جەلال لە بەغدا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی؟

- ئەسڵەن مەسەلەی دانانی سەرۆکی حکومەت پێویستی بە هەڵبژاردن و ڕاپرسی نییە، ئەوە بڕیارێکە تەنیا مەکتەبی سیاسی دەتوانیَ بیدات.

* مام جەلال یان مەکتەبی سیاسی؟

- مەکتەبی سیاسی. مام جەلال لە دانانی ئەم جۆرە کەسانە، هەتا لە دانانی عومەر فەتاحیش، مام جەلال لەسەر هەموو مورەشەحەکانی نووسی بۆ هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێش مانگێك بەر لە دەستنیشانکردن، نوسیبووی تکایە لەسەر ئەم مورەشەحانە ڕای خۆتانم پێبدەن. مام جەلال پێش ئەوەی کاك عومەر فەتاح دابنێت، نامەی بۆ ئێمە نووسی تا ڕای خۆمان لەسەر مورەشەحەکان بدەین، من دڵنیاتان دەکەم کە ڕەنگە مام جەلال خۆی لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دانەنیشێت بڵێ کێ دانەنێن یان دابنێن بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، هەموو ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان یەك کەسیان مام جەلال دای نەناوە، بۆ

ئاگاداریتان، یەك دانەشی مام جەلال دانی نەناوە، بەڵكو مەكتەبی سیاسی دایناوە، هەر هەمووی مەكتەبی سیاسی دایناوە، لە مەكتەبی سیاسیش كاك نەوشیڕوان و كاك حەمە تۆفیق و كاك د. كەمال فوئاد دایان نا.

* راستە، جاری وا هەیە دەڵێ راتان وەردەگرم بەڵام شەرتە بە گوێیان بكات؟

- من ئەوەندەیئەزموونم هەیە لەگەڵیدا. عادەتەن ئەو رایانەی كە وەریدەگرێت زۆرینە دەنگ بە كێ بدات ئەویش دەیدات بەو، زۆر جاریش شت خراوەتە دەنگدانەوە مام جەلال دۆڕاوە، لەگەڵ مەكتەبی سیاسی. ئێستا ئەم جارە لە دانانی وەزیرەكانی ئەم جارە، مام جەلال هەندێكی قبوڵ نەبوو دەنگیشی بە هەندێك نەدا، بەڵام زۆرینە دەنگی پێدرا، هەیە ئێستاش وەزیرە، بردیانەوە.

* كاك مەلا بەختیار ئێستا جەنابت كارگێڕی مەكتەبی سیاسیت، دوو پۆست بۆگۆڕانكاری نزیك بۆتەوە یەكێكیان سەرۆكی حكومەتەو دووەمیشیان كۆنگرەی یەكێتییە، كە جێگری سكرتێری گشتی دادەنرێ، بە تەمایێ بۆ هیچ كام لەو دوو پۆستە خۆت كاندید بكەی؟

- نەخێر بە تەمانیم بۆ هیچیان خۆم كاندید بكەم.

* داواشت لێبكەن نایكەیت؟

- داوا جیایە، خۆم جیام، من خۆم بە تەمای هیچیان نیم، تۆ پرسیارەكە لە خۆم دەكەیت، ئەگەر دەتەوێت بزانی خەڵكی دیكە رایان چییە بچۆ لەوان بپرسە، (بەپێكەنینەوە).

* كاك مەلا بەختیار توانایەكی فیكری باشی هەیە، بەڵام توانا فیكرییەكانی زیاتر ئەو مێژووەیە كە ئەوی هێناوە بۆ ئەمڕۆ، بۆیە دەمانەوێ بزانین ئایا ئێستاش خۆی بە چەپ دەزانێ؟

- ئێستا من خۆم بە ئاكار، بە فیكر، خۆم بە چەپ دەزانم، بەڵام پێموایە چەمكی چەپ و مەوقیعی چەپ لەم سەردەمەدا جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ سەردەمی جەنگی سارددا، دڵنیاشم لە دنیا نە یەك چەپ، نە یەك راست هەیە، من خۆم بە

چەپی چەندین راست دەزانم لە کوردستاندا، ئێستا چەپێکی واقیعیم، چەپێکی خەیاڵی و نەزەری نیم.

* ئیبراهیم جەعفەری لە ماوەی رابردوو هاتە کوردستان و پێشوازیی و رێزێکی زۆری لێنراوە، بەڵام کە گەڕایەوە داوای ئەوەی کرد کە سەرۆك کۆماری دەبێ بدرێتە عەرەبی سونە، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك دروست بێت لە نێوان هەموو لایەنەکان،ئایا لە کوردستان ئەوەی خستبووە روو؟

- نەخێر.

* لێرە هیچ رەزامەندییەك پەسندیەك نەبوو؟

- نەخێر، هەرگیز.

* دوای ئەوەی ئەو قسانەی کرد ئێوە رەخنەتان لێنەگرت؟

- من نەمبیستووە، لە کوێ ئەم قسانەی کردووە؟

* لە هەموو راگەیاندن باس کرا.

- بەناوی ئەوەوە بڵاوکرایەوە؟

* بەڵێ بەناوی ئیبراهیم جەعفەری.

- نەخێر گوتیان گوایە جەعفەری شتێکی وای لە خەیاڵە. یان لە لێدوانێکی رەسمی بەناوی خۆیەوە، قسەی کردووە؟

* نەخێر بەڵام وەکو هەواڵ بڵاوکرایەوە.

- وەکو هەواڵ بڵاوکرایەوە، بەڵام وەکو پرۆژەیەکی نووسراوێکی ئەو، نەبوو.

* بەڵام ئەویش ئەوهەواڵەی بە درۆ نەخستەوە؟

-من بڕوا ناکەم بەرێز جەعفەری لەم دۆخەی ئێستای عێراق تێنەگات کە کەسایەتییەکی وەکو مام جەلال چەند زەرووره، بۆ ئەوەی ببێ بە پردی هاوبەشی هەموو لایەك.

* خۆی زەرورەت شتێکە و بەرژەوەندی شتێکی ترە.

- خۆ ئەویش زۆر پێی لەسەر بەرژەوەندی داگرت و تێگەیشت کە بەرژەوەندی لە شتەکانی دیکە دانابڕێت.

* ئێستا ئەمەریکا هەژمونی بەسەر کوردستان و عێراقەوە هەیە، هەروەها هەژمونی بەگشتی بەسەر دونیاوە هەیە، بەڵام لە بەغدا ئێستا لەلایەك دەیەوێت مالیکی سەرکەوتووتر بێت و هاریکاری دەکات، کەچی لەلایەکی ترەوە هاریکاری عەللاوی دەکا، لە کاتێکدا عەللاوی دەیەوێت حکومەتی مالیکی بڕووخێنێت چاودێران و خەڵك ئەوە لێکدەدەنەوە کە ئەمەریکا نایەوێت سەقامگیری لە عێراقدا هەبێت، بۆیە ئەگینا بۆچی دوو هێزی نەیار کۆدەکاتەوە و یارمەتی هەردووکیان دەدات؟

- ئەوەی ئێمە زانیومانە، عەللاوی لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەکان پشتیوانی دەکرێ، ئێستا ئەمەریکا پشتیوانی ناکات، ئەو کۆنگرەی لە قاهیرە بەسترا ئەمەریکا دورو نزیك پێی باش نەبووە.

* بەڵام ئەمەریکا ماوەیەك عەللاوی کردە سەرۆك وەزیران، ئەگینا عەللاوی نەدەگەیشتە ئەو قۆناغە.

- بەڵێ ئەوە قۆناغێکی دیکە بوو، ئێستا قۆناغێکی دیکەیە. ئەوە قۆناغی پێش دەستوور بوو، سەقامگیرنەبوونی هێزەکان بوو، قۆناغێکی زۆر زۆر ناسك بوو بەراستی، ئەوە تێپەڕی.

* دوای ئەو وەزعەی کە ئستا لە عێراق هەیە، هیچ ئومێدێکی چارەسەری سیاسی نییە لە عێراقدا، ئەگەر کورد داوای جیابوونەوە بکات، یان داوای جۆرێك لە سەربەخۆیی بکات ئەمەریکا پێت وایە هەڵوێستی چۆن دەبێت؟

- یەکەم: ئومێدی چارەسەر هەیە، بەڵام ئەو هێزەی ئەو تەوژمەی کە ئەو ئومێدە بەدی بێنێ هێشتا زۆر بەهێز نییە.

دووەم، ئایا ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەیە پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردستان ئێستا بێتەدی، ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە نەخێر.

* پێتوانییە ئەمە لەم روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوە (16) ساڵە کوردستان تاڕادەیەکی باش ئازادە، بەڵام دیبلۆماسیەتی کوردی لاواز بووەو نەیتوانیوە لە هەموو کەناڵە جیاجیاکان دەرگایەك بکاتەوە، دیبلۆماسیەتی خۆی بەهێزتر بکات،

بۆیە تا ئێستا نەمانتوانییوە نە رای وڵاتانی ئیقلیمی، نە رای وڵاتانی دنیا بۆ خۆمان رابکێشین کە لەگەڵ سەربەخۆیی ئێمەدابن، بەتایبەتی ئەمەریکا کە ئێمە هاوکاریشیان دەکەین؟

- من پێموانییە ئەمە پەیوەندی بە دیبلۆماسیەتی کوردییەوە هەبێت، بەپێچەوانەوە دیبلۆماسیەتی کوردی گەیشتە سەر ئەوەی بۆ دوو سەرۆکی کورد فەرشی سوور لە زۆربەی کۆشکەکانی دونیادا رادەخریت، وە ئەجندای سەرۆکەکانی کورد ئەنجدایەکی سیاسی دەوڵەمەندە ئێستا کە سەردانی ئەوروپا دەکەن، بۆ خۆشتان دەبینن کە یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکا، وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا هەر هەمووی بایەخێکی زۆر بە سەرکردایەتی کورد دەدەن، ئەم مەوزوعە ئەوەندەی پەیوەندی بە ململانێی ناوچەکە و کێشەکانی دەوڵەتانی ئیقلیمی، مەسەلەی دەوڵەتانی عەرەب یەهەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە قودرەتی ئێمەوە نییە، چونکە ئێستا هەموو دنیا شاهیدی ئەوەن ئێمە قودرەتی خۆ ئیدارەکردنی خۆمان سەلماندووە، شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن و دەشزانن ئەم قودرەتە، قودرەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆشە.

* مەبەستم ئەوەیە ئێستا ئەمەریکا لە عێراق سەری لێ تێکچووە نازانێت چۆن چارەسەری دۆخەکە بکات.

- بەعەکسەوە عێراق سەری لە ئەمەریکا تێکداوە (بە پێکەنینەوە).

* باشە تۆش هەست ناکەی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد زۆر بە خاوی هەنگاو دەنێت؟

- ئەمەریکا هەموو شتەکان بەیەك دەبەستێتەوە تەنیا مەسەلەی کورد بە تەنیا نابینێ. ئەمەریکا سیاسەت، بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان، کێشەو گرفتەکانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئێران، ئێران و تورکیا، پرسی تورکیا و دەوڵەتانی ئیقلیمی، کوردستانی تورکیا، ئەمانە هەمووی دەخاتە بەرچاو، عادەتەن سیاسەتی ئەمەریکاهەر وابووە، سیاسەتی ئەمەریکا ئەوە نییە خۆی پرۆژە بێنێ بڵێ برۆ میللەتان جێبەجێ بکەن. هەمیشە ئەمەریکا لە دوای پرۆژەکانەوەیە. کە میللەتێك خۆی پرۆژەیەك تەقدیم دەکات و سوور دەبێت لەسەر پرۆژەکەی، ئینجا ئەمەریکا

دێتە نێو کێشەکە و بە پێچەوانەی جارانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دەوروبەری کە هەمیشە خۆیان پرۆژەیان هەبوو بۆ خەباتی هەندێك لە گەلان لەو ململانێیەی کە لەگەڵ ئەمەریکا هەیانبوو، یەکسەر لایەنگری ئەوەبوون ئەو وڵاتانە رزگار بن ببن بە دەوڵەت ئەنجوومەنی ئاسایش یەکێتی سۆڤیەت دیفاعی لەو دەوڵەتانە دەکرد کە بەرژەوەندییە ستراتیژیەکەی لەگەڵیان بوو، ئەمەریکا هەتا بزانە لە ئەوروپای رۆژهەڵات چەند وڵات دروست بوو، ئەمەریکا لە سەرەتاوە نەیووت مافتانە ببن بە دەوڵەت، بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەندێکیان ناکۆك بوو، بەڵام کاتێك سوو بوون لەسەر شتەکانیان، ئەمەریکا گوتی حەقی خۆیانە دوایشی کەون.

* بەڵام ئەوروپای رۆژهەڵات جیاوازییەکی تێدابوو، ئەوروپا تەدەخولی دەکرد.

- بەڵام لە سەرەتاوە تەدەخولی نەکرد. دوای ئەوەی گەرم بوو ئینجا تەدەخولی کرد.

* بابێینە سەر حزبە ئیسلامییەکان: هەندێکجار کاك مەلا بەختیار لە بەرامبەر حزبە ئیسلامییەکان هەڵوێستی توندی هەیە، هەندێك لە حزبە ئیسلامییەکان وای لێکدەنەوە کە ئەمە سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی نییە، کاك مەلا بەختیار خۆی شەخسی هەڵوێستی توندە لە بەرامبەریان، ئایا ئەو تەسەورات و تاراداەیەك تێبینی و هەندێکجار رەخنانە، لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردستاندا فیعلەن ئەمە رای خۆتە یاخود ئەمە سیاسەتی یەکێتییە؟

- با من موناقەشە لەسەر توند بکەم، من لە تۆ دەپرسم توند مانای چییە؟ من پیاوێکم خۆم بە دیموکرات دەزانم، خۆم بە عەلمانی دەزانم، بە ئەرکی خۆم دەزانم کە خزمەت بە رۆشنگەری،خزمەت بە قۆناغی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت بکەم، هەموو ئەم چەمکانە لەلایەن هەموو هێزە ئیسلامییەکان قبوڵ نییە، هەر چۆن قسە لەسەر ئەمە دەکەیت دەڵێن توندە، سەرخستنی ئەم پرۆژەیە لە قۆناغی مۆدێرنەتەدا لە ئەوروپاش ململانێی توندی تێکەوت یاخود تێینەکەت؟، هێزێکی ئیسلامی،یا هێزێکی مەسیحی، یا جولەکە، هەیە بەرنامەی ستراتیژی هێزە دیموکراتەکان قبوڵ بکات، بەخوا شتی وانییە، لەبەر ئەوەی وشەی توندی لێدەرکە، ئێمە دوو دنیای جیاوازی فیکری فەلسەفەین، بێگومان من ئەو بە کۆنەپەرست دەزانم،ئەویش من

به توند دەزانێ و پێیوایه من دژی دینم ئیلحادم، جۆرەها تۆمەتم بۆ دروست دەکات، که له مێژوودا هەر وابووە، نەك هەر ئێستا (400) ساڵ لەمەوبەر مێژوو هەر وابووە، ئەسڵەن ڤاتیکان و پاپا و تا سەردەمی مۆسۆلینی داکۆکیان لەم ئیتیجاهه مێژووەی خۆیان دەکرد، هەتا لەگەڵ مۆسۆلینیش بوون، ئەمە مەوزوعێکه ئەمە دوو پەیامی ناکۆکی مێژووییە، ئەمە سەبارەت بەمە، من له تۆ دەپرسم، جارێکی تر له هەموو کەسێکی روناکبیر دەپرسم، ئەگەر ئێمە خەبات بۆ ئەم چەمکه مۆدێرنانه، رۆشنگەرییانه، مەدەنیانه دیموکراسیانه له وڵاتی ئێمە جێبەجێبێت و زۆرترین پانتایی بۆ پەیدا دەکەین، هێزەکانی تری نامۆدێرن، نا عیلمانی، نا دیموکراتی له شەرمان دەوەستن؟، بستێکمان به قەرز دەدەنێ؟ رەحممان پێدەکەن بۆ ئەوەی خەڵاتمان کەن لەو بارەیەوە؟ نەخێر. نابێت وا سەری بکەین، ئێمە دوو ستراتیژی ناکۆکین ئەوان خەبات بۆ ستراتیژی خۆیان دەکەن ئێمەش خەبات بۆ ستراتیژی خۆمان دەکەین. ئێمە دەبێت لەوان زیاتر گەرم و گورتر بین لەبەر ئەوەی ئەوان 1400 ساڵ باکگراوەندیان هەیە، 1400 ساڵ تۆی ئەو بیروڕا و ئەندێشە، مەزهەب و شەرع و ئەوانه چێنراوە بۆ ئەوان ئێمە تازە به تازە زەوی دەکێڵین، هێشتا ئێمە چاوەڕێ بکەین. چاوەڕێی گۆدۆ بکەین، ئەمە لەلایەك. سەبارەت بەمە ئەمە رەئی خۆمە یاخود هی یەکێتی نیشتمانی کوردستانه، له نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی خەریکی دیموکراتی و خەریکی عیلمانیەتن، رەنگه من لەگەڵ چەند کەسێکی دیکه دەرکەوتبین زاتی زیاتری هەڵوێستی دەربڕینمان هەبووە تا ئێستا. ئەوانیش دەیانەوێت بەمجۆرە قسانه، خەڵك سارد کەنەوە، که کاریگەری ئاراستەکانی عیلمانیەتی ئێستا، خەڵك دوور دەخەنەوە بەم قسانه، لەبەر ئەوە نابێت بەم قسانه دەست خەڕۆبین' دەبێ سووربین لەسەر ئەم قسانه، من له تۆ دەپرسم یەکێتی نیشتمانی چەند جار لیژنەی تەحقیقی بۆ من داناوە، محاسەبەم بکات لەسەر ئەم بیروباوەڕانەی، که تەرحی دەکەم، هیچ جار.

* باشه کەواته تۆ بڕوات بەوە هەیه ئیسلامی سیاسی میانڕەو توندڕەو هەیه یاخود هەموویان له یەك چوارچێوەی گشتی دان؟

- یەك نەهجن،بەڵام مەنهەجی جیاوازیان هەیە.
مەنهەجەکەیان مەعلومە چییە، نەهجەکەشیان جیاوازی تێدایە، لەبەر ئەوە بەش بە حاڵی خۆم وەکو شتە دوورەکان باوەڕ ناکەم لە ئیسلام نەرم و توند هەبێت، بەڵام وەکو شتە ئاینییەکان وەکو قۆناغەکە بەڵێ لە نێوان هێزە ئیسلامگەراکان نەرمڕەوی تێدایە، توندڕەویشی تێدایە. لە دوائەنجام لە کوێ یەکدەگرنەوە بێگومان لە یەك نەتیجە یەك دەگرنەوە ئەویش سەپاندنی حکومەتی خوایە، حکومەتی تێکستە پیرۆزەکانە، حکومەتی شەرعە کە قابیلی قبوڵی موناقەشەکردن نییە. من لە تۆ دەپرسم لە جوندلئیسلام و ئەنسار ئیسلام تاوانبارتر هەبوو، بۆچی هەموو رۆژێك پێشمەرگەی ئێمەیان شەهید دەکرد کەچی هەموو هێزە ئیسلامییەکانی دیکە بە ئارەزووی خۆیان بە نێو ئەواندا دەهاتن و دەڕۆیشتن هیچ موشکیلەشیان نەبوو، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە ئامانجی ستراتیژیان یەکە.
* زۆر جار لە رۆژنامەی چاودێر هەوڵی لێکترازانی ریزەکانی حزبە سیاسییەکان بە گشتی دەدرێت، وەکو لە هەواڵ و راپۆرتە هەواڵەکان پێداگیری لەسەر شتێك دەکات کە رەنگە بۆ زروفی ئەمڕۆ زۆر پێویست نەکات،
- کوا؟
* بۆنموونە، زۆرجار لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری کۆمەڵێك شتتان بڵاوکردەوە، نموونەی تریش زۆر هەن، هەست ناکەیت هەندێکیان زێدەڕۆیی تێدایە، یاخود پێویست ناکات تا ئەو رادەیە شتیان لەسەر بنووسرێت؟
- من خۆم لە برایانی مەسئولی پارتیم بیستووە بەم نزیکانەش بیستوومەتەوە کە دەڵێن چاودێر رۆژنامەیەکی سەنگینە. هەموو هەواڵەکان وەکو یەك بڵاودەکاتەوە، جیاوازیش ناکات لە نێوان ئەملاو ئەولا ئەمە یەکەم، دووەم، هەواڵێك دەست دەستەی کارا دەکەوێت وەکو خۆی تەعامولی لەگەڵ دەکات هیچ جیاوازییەك لە ناوچەکانی جارانی یەکێتی و ناوچەکانی پارتی و وەزیرەکانی پارتی و وەزیرەکانی یەکێتی ناکات و ئەمە تەوجیهی سەرەکی من بووە بۆ چاودێر، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر

سەیری چاودێر بکەیت، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان لەم ناوچانەین زۆرترین هەواڵەکانی ئەم ناوچانە، رەخنەکانی ئەم ناوچانە، بڵاودەکەینەوە.

* باشە کاك مەلا بەختیار کێشەیەکت لەگەڵ محەمەدی حاجی قادر هەبوو، من خۆم خوێندوومەتەوە کە مەلا بەختیار ئامادە دەبێت. دوای ماوەیەك محەمەدی حاجی قادر لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەگەری بەست و گوتی مەلا بەختیار ئامادەی دادگا نابێت کێشەکان گەیشتوونەتە داداگا؟

- دەمەوێت بڵێم دڵنیاتان دەکەم نازانم ناوی ئەو پیاوە بە تەواوی چییە؟محەمەدی کویێ؟

* محەمەدی حاجی قادر.

- محەمەدی حاجی قادرە، مەلاقادرە ئێستا بێتە ئەو ژوورە نازانم کێیە، رەنگە سێ کەس بێنە ژوورەوە، نەزانم کامیان محەمەدیی کێ؟ حاجی قادرە، هەواڵێك لە چاودێر لەلایەن دەستەی کارا بڵاوکراوەتەوە، من ئاگاداریش نەبوومە حەز دەکەم بزانیت، من ئەمە یەکەم جارە ئەم قسانە دەکەم بۆ ئەوەی شتەکانت لەلا روونبێتەوە، من ئاگاداری هەواڵەکە نەبوومە، من بە حوکمی ئەوەی سەرنووسەرم ئەو برادەرە هەقی خۆیەتی شکایەت لە سەرنووسەر بکات ئەگەر شکایەتەکە منی گرتۆتەوە، بەڵام هەواڵەکە منی نەگرتۆتەوە، من لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە هەر لە سلێمانی نەبووم، بە هەر حاڵ، من گوتم هەر کاتێك دادوەر بڕیار بدات ئامادە دەبم، بەڵام دوای ئەوەی پارێزەرەکەی من کەوتە نێو مەوزوعەکان و رێککەوتنەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و دادی ئێمە و ئەوانی لێکدایەوە،، ئەو جۆرە شکایەتانە بە حوکمی ئەو مەوقیعەی کە ئێمە هەمانە ئاساییە نەقڵبکریت بۆ دادگای سلێمانی، پارێزەرەکەم چوو بۆ هەولێر داوایەکی وەهای داواکردن، بەرێز دادوەری قەزیەکە گوتبووی پێویست ناکات، نەقڵی بکەین، نابێت نەقڵ بکەین ئەم قسەیەی گەیشتووە لای بەڕێز وەزیری داد، وەزیری داد گوتبووی نەخێر رێککەوتن هەیە، دەبێت ئەم قەزیە بۆ سلێمانی نەقڵ بکرێتەوە، ئەم 24ی مانگە بۆم دانراوە بچم بۆ

دادگا ئەگەر من لێرە بووم 100% دەچمە دادگا، لێرەش نەبم پارێزەرەکەم بەبێگومان دوای دەخات تا دەگەڕێمەوە.

* باشە کاك مەلا بەختیار دیارە جەنابت لە خانەقین ڕۆڵێکت بینیووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت خەڵك ڕازین لێت، بەڵام دەڵێن لەبەر ئەوەی بەو بەرپرسیارانە مەلا بەختیار دایناون، ناتوانن بڕیار بدەن تا پرسیار بە تۆ نەکەن؟

- وەڵاهی من گلەیی ئەوەم هەیە، کە پرس بە من ناکەن، ئەمجارەیان کە چوومەوە خانەقین بۆ ماوەی چوار پێنج ڕۆژ لە خانەقین و دەوروبەری بووم، کۆبوونەوەیەکم بە دائیرەکانیش کرد، چوار لیژنەی تەحقیقیشمان دروست کرد، بۆ ئەوەی تەحقیق لەو دائیرانە بکەن بۆ ئەوەی لەبەرچی ئەدائیان باش تر نەبووە.

من بەش بە حاڵی خۆم، شتێك کە پەیوەندی بە خانەقین و بەغداوە هەبێت، پەیوەندی بە خانەقین و دەوروبەری هەبێت، مومکینە ڕاوێژ بە من دەکەن. بەڵام خۆ بڕیارەکانی ڕۆژانە کە دەیان بڕیار لە خانەقین دەدرێن من ئەو کاتەم نییە تا بۆ ئەم هەموو بڕیارانە پرسیارم پێبکەن، خۆشیان ئێستا تەجروبەیان پەیدا کردووە، سەرکەوتووبوون لە کارەکانیدا.

* باشە ئەدی ناوچەکانی سەعدیە و، مەندەلی، جەلەولا، خەڵکەکەی ئەوێ دەڵێن دەسەڵاتی کوردی دەستی لە ئێمە شووشتووە، هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە ئێمەش بەشێکین لە کوردستان، وەکو خانەقین، ئەو شوێنانەی کە بایەختان پێداوە، ئەوانتان فەرامۆشکردووە.

- من ئەم قسەیە ڕەتدەکەمەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هەمووتان دەزانن، کە کێشە لە جەلەولا زۆرە کێشە لە سەعدیە، لە مەندەلی زۆرە، باشترین بەڵگە ئەوەیە کە ئێستا هێزی پێشمەرگە لە سەعدیە لە نەفتخانە لە جەلەولا بە ئاسایشەوە بە پۆلیسەوە ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، تیرۆریستەکانیان تەفروتونا کردووە، ئەگەر ئێمە هیچ پەیوەندیمان بە جەلەولا و سەعدیە نەبێت بۆچی دەچینە ناوجەرگەی تیرۆریستان، سەدان پێشمەرگەش دەبەین بۆ ئەم شوێنانە، بۆچی دەیبەین، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم، لە مەندەلی و نەفتخانە جەلەولا ئەوەندەی پێمان کرابێت خزمەتمان پێشکەش

کردوون لە تەعینات، لە پۆلیس لە ئاسایش لە دابینکردنی پێداویستییەکانیان، لە سەیارە، لە خوێندنگاکان، لە جادە و بان، زۆر شتمان پێشکەش کردوون لە بواری کشتوکاڵی بەڵام خۆتان دەزانن، ئەو خزمەتەی پێشکەشی ئەو ناوچانە دەکرێت لە داهاتی جارانی سلێمانییە، خۆ ئێمە هیچ داهاتێکی زیادمان نییە، بودجەیەکی جیاوازمان نییە، بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان، بە حەقیقەت بە سوپاسەوە ئێمە داهاتی ئیدارەی جارانی سلێمانی بۆیان دەبڕێنین.

هەموویان هاوکاریمان دەکەن، مەمنونیانین، نە خەڵکی کەرکووك و نەخەڵکی خانەقین هیچ داهاتێکیان بۆ سەر حکومەتی جاران و سلێمانی جاران نییە، هەرچییەکیان بۆکرابێت، کارمان کەمکردووە کارمان زۆر کردووە ئەم قسەیە لابەن، هەرچیەکمان بۆ کردوون لە خەدەماتی ئێرە دامانبڕیوە دامانە بەوان.

* باسی خزمەتگوزاریمان کرد، ئەوەی تەسەور دەکرا دەیانگووت هەموو شوێنێك پێویستە وەکو سلێمانی لێبێت، ئاوەدانی و کاری خزمەتگوزاری زۆری تێداکراوە، بەڵام دوای ئەوەی حکومەت یەکتری گرتەوە، کارەکان هاتنە بەرچاوان دیاربوون پرۆژەکان زۆر بە سستی لە سلێمانی بەڕێوە چوونەوکەس خۆزگە بە سلێمانیَ ناخوازێت، تەنانەت لە سلێمانی خەرجی تێچوونەکەش تێدا بزربووە، بۆچی لە سلێمانی ئیش بەمشێوەیە دەکرێت؟

- بەراستی باپێت بڵێم لە سلێمانی کۆمەڵێك هەڵە کرابوو ئێستا ئێمە باجەکەی دەدەین، نەك هەر لە سەردەمی حکومەتەکەی کاك عومەر فەتاح بەڵکو لە سەردەمی حکومەتەکانی تریش، نەخشەی زانستی ورد نەبوو، کۆمپانیاکان قودرەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان نەبوو. ئەو کۆمپانیا بێگانانەی چ هی ئێران، چ هی تورکیا بنجوبنەوانی گرێبەستەکانیان لەگەڵی یەکلانەکرابۆوە، قابیلیەتی جێبەجێکردنی ئەو کۆمپانیانە وەکو پێویست دیراسە نەکرابوو، موراحاتی سیاسی زاڵکرا بەسەر نەخشە زانستییەکەی کە دەبوو ئەنجامیبدەن، ئەوە ماوەیەك پێمانەوە دیار نەبوو، وردە وردە دەرکەوت کە ئەمە هەڵە بووە، ئەوە ماوەیەکە خەریکین باجی هەڵەکان دەدەینەوە، ئەوە ماوەیەکە خۆتان دەبینن لەو کۆمپانیانە دەپێچرێتەوە،

کۆمپانیا خراونەتە گیروگاز، هەروەها سەردانی مەسئولین بۆ پرۆژەکان ئێستا دەستی پێکردووە، زۆر بە گەرمی، ئینزار کراون لە ماوەی دیاری کراوی خۆیان دەبێت کارەکانی خۆیان تەواو بکەن، هەندێك لەو کۆمپانیایانە هەقیان هەبووە هەقەکانیان پێدراوە، تووشی زەرەربوون هەقەکانیان پێدراوە، ئەوە جادەی سلێمانی-دوکان بە گەرمی ئیشی تێدادەکرێت، هەروەها جادەی سلێمانی-عەربەت، عەربەت بەرەو سەید سادق خەریکە ئیستیلامی کەین، ئەمە جگە لەوەی لێرە پرۆژەیەکی زۆر جێبەجێنەکراوە راستە ئێستا بە خۆشحاڵییەوە گۆڕانکارییەکی باش لە هەولێرەوە دەبینین ئەمە مانای دڵخۆشییە، هێشتا هەولێر ئەزمەی زۆر گەورەی هەیە. یەکێك لە ئەزمە گەورەکان ئەزمەی ئاوەڕۆیە، شاری سلێمانی بچووکترین ئەزمەی ئاوەڕۆی نییە، شاری هەولێر لە 8 ملیار تا 12 ملیار دۆلار بودجەی دەوێت بۆ ئەوەی ئاوەڕۆی هەموو هەولێر جێبەجێبکات.

* ئاخر هەولێرئێستا لە سلێمانی زۆر گەورەترە.

- باشە بۆیە بودجەی زیاتری دەوێتن بنەمایەکی گرنگی هەر شارێك دەبێت ماستەرپلانی بۆ دانرێت، بەبێ ئەوەی ژێرخانەکەی ئاوەڕۆکەی چارەسەر بکەین، باقیەکەی دەبێ بە بارێکی قورس.

* هەست ناکەن ئەم لێپێچینەوە زۆر درەنگ وەخت بووە؟

- بەڵێ، لەم بارەیەوە درەنگ بووە، دەکرا پاروپێرار ئەم لیپێچینەوە بکرابوایە، لە حەقیقەتدا دەرکەوت درەنگ خستنی کار، کار پەك دەخات

* دەکرێ هەندێ کەست لێ بپرسم، رەئیت لەسەریان بدەی؟

- بەسەر چاو..

* رات بەرامبەر سالار، سالار عەزیز، جاران دۆستی خۆت بووە، بزانین ئێستا رەئیت لەسەری چۆنە وەکو خۆی، وەکو سالار؟

- کاك سالار تێکۆشەرێکی ماندووی ئەم شۆڕشەیە، پێم وابێ ئەیتوانی لەمە سەرکەوتووتر بێ لەسیاسەت

* بەڵام نەبوو؟

- ئەوە وەڵامەکەم بوو..

* پشکۆ نەجمەدین؟ بەتایبەتی بەو دواییەی کە ئەو وتارانە لە سایتەکان بڵاودەکاتەوە؟

- ئەقڵێکی پاك و قەڵەمێکی پاراوی هەیە، بەڵام ئەزموونە سیاسییەکەی هی مەسئولەتی گەورە نەبوو..

* حاجی مەمۆ؟ جیا لەوەی کە برادەرایەتی و برایی..

- پیاوێکی ماندووە، رەوشتێکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە، بەڵام زۆرجار ئیحساسی خۆی تێکەڵاو بە سیاسیەت و بە مەسئولیەت دەکات..

* ئێ خۆی هەر سەرکردایەتی بوو، واتا چۆن ئیحساسی خۆی تێکەڵاو بە سیاسەت ئەکات؟

- پێت ئەڵێم..

* کاك نەوشیروان؟

- کاك نۆشیروان یەکێکە لە پاکترین قەڵەمە کوردەکان وەکو توانا.

* قەڵەم؟ !!

- یەکێکیشە لە سیاسەتمەدارە ماندووەکان و رۆژگارێکی زۆر سەخت و ناخۆشی لەم شەڕو شۆڕشە بردۆتەسەر، بەڵام پێموایە ئەویش وەکو هەموومان دەبێ بە تەواوی سیستەمی بیرکردنەوەو مامەڵەی خۆی و چۆنییەتی سەرکردایەتیکردنی خۆیدا بچێتەوە..

* قادر عەزیز؟

-بەراستی پیاوێکی ماندووە..

* ئەوانە هەموویان ماندوونە؟

-ئیجازە بدە، پیاوێکی ماندووەو پیاوێکی بە ئەزموونە، بەڵام پێم وانیە ماندووبوون و ئەزموونەکەی بەشێوەیەکی پێویستی ئەوتۆ سوودی لێ وەرگرتبێ کە ئێستا ئاست و ئاراستەیەکی بەرزتری هەبێ لەرووی کارا.

* فەرەیدون عەبدولقادر؟

-کاك فەرەیدون یەکێکە لە کەسە بەتواناکان، بەڵام بەداخەوە چارەنووسی وای لێهات کە لە سیاسەت دوور بکەوێتەوە.

* چارەنووسەکە، خۆی دروستکەری ئەم چارەنووسە نەبوو؟

-من پێم وانییە هیچ کەسێك، نەك هەر ئەو، هیچ کەسێك چارەنووسی بەچاك یا بەخراپ بشکێتەوە بە وازهێنان یا بە بەردەوامی تێکۆشان بشکێتەوە خۆی بەشێکی گرنگی مەسئولیەتەکەی هەڵنەگرێ..

# قادر عەزیز

سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

قادر عەزیز کەسایەتییەکی سیاسی نیشتمانی دیارە لە کوردستاندا، هەمیشە هەوڵی داوە لە ژیانی سیاسی خۆیدا، هەژموونی خۆی، هێزی خۆی هەبێت و دەهەنبەر ئەوانی دیکە دەوروبەری خۆی نیشانی بدات، لەناو حزبی سۆشیالیست نەیدەتوانی ئەم هەژموون و هێزە بەرامبەر هەندێك لە سەرکردایەتییەکان بەکاربێنێ و لە بنەڕەتیشدا حزبی سۆسیالیست حزبێکی پەرتەوازە بوو، بەڵام ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشێگر کە کاك قادر عەزیز دروستی کرد لە شاخ، بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ دەرنەچوو کە چاوەڕوانی دەکرد، چونکە ڕێبازی ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، وەك لینین بە وردی باسی دەکات، قۆناخێکی تێکۆشانە، پێش گەیشتن بە سۆشیالیزم.

قادر عەزیز لەبەر ئەوەی گوتاربێژ(خەتیب)ێکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە نەتوانین بە جەماوەری بوونی، چونکە زۆرجار بەهۆی گوتاربێژی سەرکەوتووەوە، دەتوانی زۆرترین کەسی لە جەماوەر، ئامادە بکەی، بۆمەبەستێکی دیاریکراو، زۆرن لەو سەرکردانەی توانیویانە لە ژیانیاندا سوود لە گوتارە سەرکەوتووەکانیان وەربگرن، هەر لە هیتلەرەوە تا دەگاتە مام جەلال و تەنانەت مەلا بەختیار و زۆری دیکە.

قادر عەزیز لە ماڵێکی متەوازعدا دەژی، لە کاتی پرسیارکردنیشدا، دەتوانی توڕەی بکەی، هەندێ جار کە لە وەڵامی پرسیارەکاندا قسەش دەکات، دواتر هەست بە پەشیمانبوونەوە دەکات، ئەم دیمانەیە ڕەنگە هەندێك حەقیقەتی کاك قادر عەزیزمان نیشان بدات، ئەگەر بە وردی سەرنجی لێ بگریت.

*کەی بووی بە پێشمەرگە؟

- قوربان من لەساڵی 1974 پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووم، بەڵام بەهۆی هەرەسهێنانی شۆڕشەکە ماوەی پێشمەرگایەتییەکەم کەم بوو من ئەوکاتە لە قەسرێ بووم، لەسەر دەورەی سەواریخ بووم، سەواریخی ملیۆتکە هەبوو، سادریان پێدەگوت، دژی دەبابە بوو. دەورەی ئەو سەواریخانەمان لە قەسرێ لە یەکێ لە سەربازگەکانی ئێرانی کرد.

* دوای نسکۆی شۆڕش، کەی پەیوەندیت کردەوە؟

- دوای ئەوە، ماوەیەك چووینە ئێران، ئێمە هەرماڵیشمان لەمەهاباد بوو، دوای ئێرانی سەردەمی شا بڕیاریدا چی پەناهەندەی کوردی عێراقە بیانگوازنەوە شارە دوورەکانی ئێران، ئەوکاتە بیرمان کردەوە ئەگەر ئێمە بچینە ئەو شوێنانە جارێکی دیکە دەستمان بە عێراق راناگا. لەراستیشدا ئێمە بەرنامەی شۆڕشکردنمان هەبوو، ژمارەیەکی زۆریش بووین.

*ئەو بەرنامەیە کەی هەتانبوو؟

- دوای هەرەسی شۆڕش زۆربەی ئەو کادیرانەی ئامادەی قبوڵکردنی هەرەسهێنانەکە نەبوون و زیاتر لەبیری بەرگریکردن و شۆڕشکردن بوون، هەرزوو کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی چەند کۆبوونەوەیەك بکرێ تا بزانرێ چی بکرێ. ئەوانە ژمارەیەکی زۆر بوون، بۆ نموونە من، عەلی عەسکەری، د.خالید، شەهید علی هەژار، د. مەحمود، کاردۆ گەلاڵی، شەهید سەعدی و مەلا ناسح بوون، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەکادیران، لە ئورمیەو لە مەهاباد و چەندین کۆبوونەوە کرا کە چی بکرێ باشە، هەموو لەو رایەدابوون کە ئەو هەرەسهێنانە بەفاکتەرێکی دەرەکی بووە، ئەوە هەرەسهێنانی بەرگریکردنی خەڵکی کوردستان نییە، چونکە تا چەوساندنەوەو زوڵم و زۆری هەبێ، ئەو بەرگریکردنە هەر بەردەوام دەبێ. لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێ سەر لەنوێ بیر لە دروستکردنەوەی مقاوەمەت بکەینەوە، بەڵام ئەمجارە لەبەر ئەوەی شەڕی بەرەیی لەتوانادا نییە، دەبێ هەوڵ بدەین شێوازی

شەڕی پارتیزانی بگرینە بەر. بۆیە ئەو کەسانەی کە لە کۆبوونەوەکە بوون وتیان کاکە دوو ڕێگامان لەپێشە، ئەوەی بە نیازی شۆڕشکردنە دەتوانێ بگەڕێتەوە عێراق، ئەوەی نیازی شۆڕشکردنیشی نییە دەتوانێ یا بچێ بۆ ئەوروپا، یا بۆ خۆی ئێران دەیگوازێتەوە بۆ شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە ئێمە ئەو کۆمەڵە کەسە بە نیازی شۆڕشکردن گەڕاینەوە عێراق، ئەو کاتە من قسەم لەگەڵ برادەران کرد، گوتم کاکە ئەگەر بۆ شۆڕشکردن نەبێ ناگەڕێمەوە عێراق، چونکە من سەڵتم، بۆخۆم دەچم لە ئەوروپا دادەنیشم،یان کارێکی دیکە دەکەم.

*کە گەڕانەوە بێگومان نەفی کران..

- کە گەڕاینەوە ئەو کاتە رژێمی عێراق لە لێبووردنە گشتییەکەشی پاشگەز ببووەوە، وەجبەی دووەمی ئەوانەی عائدونیان پێدەگوتن هەمووی ڕەوانەی باشووری عێراق کرد، ئێمە ژمارەیەکی زۆر بووین چووین بۆ دیوانیە، لەبەغداش شەهید ساڵح یوسفی و ژمارەیەکی دیکە لەبیری ئەوەبووین ڕێکخراوێکی سیاسی دروست بکەین.

* کێ داهێنەری ئەوبیرۆکەیە بوو؟

- ئەو فکرەیە سالح یوسفی لەسەرووی هەموویان بوو، ئەوانی دی شەهیدان د.خالید، عەلی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، تاهیری عەلی والی و ڕەسول مەمەند کە ئەو کاتە لە بەغدا لە کۆلیژی یاسا دەیخوێند، ئەو ژمارە کادرو سەرکردانە لەبیری دروستکردنی ڕێکخراوێکی تازە بوون. بەراستی ڕێکخراوێك کە ناومان لێنابوو هێزی سێیەم لە کوردستان، واتە دووربێ لە هەیمەنەی هەردوو باڵەکەی پارتی کە ئەوکاتە پێیاندەگوتن جەلالی و مەلایی دوایی بوون بە یەکێتی و پارتی. سەرەنجام گەیشتینە ئەوەی بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان دروست بکەین.

*ئەو ناوە کێ پێشنیاری کرد؟

-من لەو کۆبوونەوانە بەشداریم نەکردووە.

* نەشتزانی لەسەر پێشنیاری کێ بوو؟

-نا، بەڵام دەزانم ئەو ناوە لەو کۆبوونەوانە بڕیاری لێدرا. خۆی فکرەی دروستکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیست هەر لەدوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول هەبوو، بەڵام ئیعلانکردنەکەی دواکەوت و کەوتە سەرەتای ساڵی 1976. من لە شوباتی 1976 کە ئەوکاتە لە بەغدا بووم، ئەندامی بزووتنەوە بووم.

* کە چوویتە شاخ، پلەت بووە چی؟

-ئەو کاتە یەکێتی نیشتمانی لە دیمەشق دروستبوو، پەیوەندیکرا لەنێوان یەکێتی و بزوتنەوە، بەرەحمەت بێ کاك عومەر دەبابە رەوانەی لای مام جەلال کرا. لەوێ تەنسیقێك کرا کە بەو مانایە ئێوە وەرنە شاخ و ئێمەش لە شاخین. چەك و ئیمکانیاتێکی زۆریش پەیداکراوە. وەرن بە یەکەوە خەباتی چەکداری دەکەین. ئەوەبوو بەپێی ئەو تەنسیقە بزووتنەوە (باڵی عەسکەری بزووتنەوە، نەك هەموو بزووتنەوە) بڕیاریدا ئەو کادیرانە بچنە شاخ کە دەتوانن کاری پێشمەرگانە بکەن، بەشێکی سەرکردایەتی بزووتنەوە لە ناوەوە بمێننەوە، ئەوانەی کە مانەوە سالح یوسفی، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، شێخ محەمەد شاکەلی و کۆمەڵێکی دیکە بوون. ئەوانەی کە هاتن بۆ شاخ کران بە دوو وەجبە، وەجبەی ئێمە عومەر دەبابە، د. خالید، سەید کاکە، شەهید سەعدی، من و شەهید یاسین قادر بووین. ئێمە لە هەولێرەوە هاتین بۆ قەندیل بە یەك رۆژ لە 1967/8/8 هاتینە دەرێ، وەجبەکەی دی شەهیدان عەلی عەسکەری، تاهیر عەلی والی و حەمە غەفور و کۆمەڵێك کادیرو سەرکردەی دیکە، ئەوانە لە سلێمانیەوە پەیوەندیان کرد.

* کە چوویە دەرەوە پلەت بوو بەچی؟

- من سەرەتا پێشمەرگە بووم تا لقی هەولێر لەساڵی 1977 دروست بوو، ئەوکاتە بوومە ئەندامی لق، دوای شەڕی دەشتێ کە ئەوکاتە شەهید سەعدی فەرماندەی هەرێمی 8 بوو، من ماوەیەك بووم بە فەرماندەی هەرێمی هەشت.

*بەو ئیعتبارەی برازای سەعدی گچکە بوویت؟

- نەوەڵڵا پەیوەندی بەوە نەبوو.

* ئەی چۆن لە ئەندامی لقەوە یەکسەر بوویتە فەرماندەی هەرێمی هەشت؟

-ئاخر ئامر هەرێم و ئەندامی لق زۆر لێك دوور نەبوون. ئەوکاتە سەید کاکە لای سەرکردایەتی کاتی پارتی گیرابوو، کەسێکی ئەوتۆ نەبوو لەلای ئێمە، بۆیە منیان دەستنیشان کرد، من ماوەیەکی کەم ئامر هەرێم بووم، دوایی من لە کۆنفرانسی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە لە نەورۆزی ساڵی 1987 لە نۆکان کرا،3 کەس بوونە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی، من ئەندامی یەدەگی یەکەم بووم، ئەحمەد فەقێ رەش و محەمەد فەتحوڵلا کە هەردووکیان شەهید بوونە، یەدەگی دووەم مەسیرەی هەکاری کە عەلی عەسکەری و د. خالیدو ئەوانە تێیدا شەهید بوون، ئیتر ئێمە بووین بە ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە.

* بەپێی قسەکانی سەید کاکە، ئەو رۆژەی سەعدی گچکە شەهید بوو، تۆ دەورێکی ئیجابیت نەبووە، پێشمەرگەتان تەسلیم بە حکومەت کرد، لەبەر ئەوەی تۆ شارەزای رێگاکە بووی و بریندارەکان شارەزانەبوونە.

- من لەکوێ شارەزابووم. لەژیانمدا یەکەم جارم بوو ئەوێ ببینم، بەشەویش بینیم.

* دەتزانی رەبایەی حکومەت لەپێش ئێوە هەیە؟

- نەخێر. کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هەبوو، ئەوکاتە بەس شەهید سەعدی سەرکرایەتی بوو، نامەیەکی مام جەلال هات کە ئێمە بگەینە ناوچەی نۆکان و زەڵێ، ئێمە ئەو هێزە بەناوچەی چیای کۆسرەت دا چووین لەئاوی دوکان پەڕینەوە چووین بۆ ئاسۆس، شەوەکەی لە گوندەکانی ئەو ناوەبووین، بۆ بەیانیەکەی دەمانویست بڕۆین بۆ مەنتیقەی هەڵشۆێ. تومەز دوژمن موتابەعەی ئەو هێزەی کردووە، زۆریش لە ئێمە داخ لە دڵ بوون، چونکە ئێمە زەربەی زۆرمان لە رژێم دابوو، دەیانویست فورسەتێکیان بۆ هەڵکەوێ و تۆڵەمان لێ بکەنەوە، یەکێ لەو کێشانەی ئێمە لەو شەڕەدا هەمانبوو، ئەوەبوو نەشارەزابووین، یەك کەسمان شارەزای ئەوێ نەبووین، وەك ئەوەی بە هەلیکۆپتەر بتبەن لەوڵاتێك داتبەزێنن کە ئەسڵەن نەزانێ کوێیە، تەنها ئاگری قەڵادزەمان دەدیت، دەمانزانی ئەوە شاری قەڵادزێیە. شوێنەکە لە رۆژهەڵاتی قەڵادزێ بووە، دەوریشیان گرتین، کەمین هەبوو، ئەوەبوو لەو شەڕە زەرەرمان کرد. کە ئێمە تێکەوتین، ناوچەکە هەمووی دەغڵ بوو، شاخ

نەبوو، ئاسۆس لە پشتمان بوو، ئێمە لەبەرامبەر گوندی دەشتێ بووین، شەهید سەعدی کۆیکردینەوە موحازەرەیەکی بۆ داین، ئێمە 45 کەس بووین، چل کەسمان چەکدار بووین، 2 کەس هەرئەوشەوە پەیوەندیان پێوە کردبووین، لە سەیدەکانی گۆمەشینێ بوون، چەکمان نەبوو بیاندەینێ. شەهید سەعدی گوتی کاکە ئەو شەڕە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە، بەپێی یاسای پارتیزانی هەر شەڕێك خۆت کات و شوێنی هەڵنەبژێری تۆ زەرەر دەکەی. کات و شوێنی ئەو شەڕە دوژمن هەڵیبژاردووە. کە هێزێکی زۆری هێناوەتە ناوچەکەو شاخەکانی گرتووە. ئێستا ئێمە کەوتووینەتە داوی دوژمن، بەڵام ئێمە ئەو پێشمەرگانەین کە گوتوومانە یان کوردستان یان نەمان. لەبەر ئەوە بەرگری دەکەین تا شەهید دەبین. ئێمە لەو ماوەیە زەرەری زۆرمان لە دوژمن داوەو پێشمەرگەشین و ئەوە شەڕەو هێزەکە زۆر نابەرابەرە، لەوانەیە لەو شەڕە زۆر زەرەر بکەین و لەوانەشە کەسیشمان دەرنەچین. جا بەڕاستیش وا بوو نزیکەی 14 شەهیدمان دا، لەگەڵ ئەو کەسانەش کە دوای ئیعدامکران، شەڕەکە دەستیپێکرد، جەبهە کە دابەشکرا من لەلایەکی جەبهەکە بووم، لەگەڵ هەندێك پێشمەرگەی دیکە شەڕ گەرم بوو، ئەوان بە هەلیکۆپتەر و هێزێکی زۆر دەوری ئێمەیان دا.

* راستە دەڵێن لەو شەڕەدا تەقەت نەکرد؟

- من لەهەمووان زیاتر مقاوەمەم کرد.

* ئەی ئەوەی سەید کاکە باسی دەکا؟

- سەید کاکە لە شەڕەکە رایکرد. ئەو گردەی کە ناوی گردەچێوە موسەیتەر بوو لەسەر بەرەی شەڕ، ئەو گردە بەسەید کاکە سپێردرابوو، سەید کاکە ئەو گردەی بەرداو مقاوەمەی نەکرد، شەهید سەعدی لە گرتنەوەی گردەکە شەهید بوو، ئەو گردە گیرایەوەش، یەکێ لەوانەی کە ئێستا ماوەو لەگەڵ شەهید سەعدی بوو، بەکر حەمەیە، کە ئێستا لای پارتی ئامر لیوایە، گوتی گردەکەشمان گرتەوە، بەڵام یەك لەسەربازە بریندارەکان سەلیەکی تەقاندو شەهید سەعدی شەهید کرد، ئەوکاتە سەعات 5.3ی عەسر بوو تەبعەن شەڕەکە 1978/3/8 بوو، دەبوایە ئێمە سێ

سەعاتی دیکە شەڕ بکەین، ئەو گردەش کە موسەیتەر بوو دوای شەهیدکردنی سەعدی حکومەت گرتییەوە، بریندارمان زۆر بوون، ئەو بریندارانەی سەید کاکە باسی کردووە بەلای ئێمە دانەهاتووە، بەپێچەوانەوە بیستمان دەستیان رادەوەشاند تەسلیم ببن، دیاربوو فیشەکیان پێ نەمابوو، ئێمە لەلایەکی جەبهەکە بووین، قۆڵی ئێمە 4 کەس بووین، من، رەشید گەزنەیی، شەهید ئەحمەد ئامۆزای جەمال کوردە کە دوایی شەهید بوو، لەگەڵ سەید حوسێن گۆمەشینی ئەویش برنۆی پێبوو. من و ئەو چەند پێشمەرگەیە بووین. کە سەعدی شەهید بوو و گردەکە گیرا، مەترسی زۆر بوو، سەید کاکە یەکسەر دەو ئاوو دەوئاو لێیدا لەگەڵ یەك پێشمەرگەش بەناوی کەریمە سوور.

* ئەو دەڵێ من بەناو قوەتەکەدا رۆیشتم؟ بەڵام قادر عەزیز خۆی دزییەوەو رۆیشت.

- جا ئەو چ دەڵێ، من ئاوات پێ دەڵێم، تۆ رای من وەردەگری. بەرەی شەڕەکەی بەجێهشتبوو، شەڕەکەی بۆ ئێمە مایەوە، پاش ئەوە ئەحمەد شەهید بوو، ئاخیری سەید حوسێنیش لە ئێمە دابڕا، ئەوەی کە مایەوە سەعات 8 ی شەو بە یەکەوە دەربازبووین، من و رەشید گەزنەیی و جەمال کوردە بووین، کە ئێستا هەردووکیان لەهەولێر ماون. رەشید ئێستا فەرماندەیەکی پارتیەو جەمال کوردەش بێلایەنە، کە لەشەڕەکەش بریندار بوو، تۆ دەتوانی بۆ زانینی حەقیقەتی شەڕەکەی لە 3 کەس بپرسی، جەمال کوردە، بەکر حەمە، رەشید گەزنەیی کە هەر سێکیان لەشەڕەکەدا دەوری قارەمانانەیان هەبوو، زۆر ئازابوون ئەوکات چەواشەکارییەکانی سەید کاکە دەردەکەوێ.

* واتا بەپێی قسەکانی تۆ بێ، سەعدی گچکە لەنێوچەوانی سەید کاکە شەهید بوو؟

- نیوچەوان نەبوو، ئەوە شەڕبوو.

* بەڵام ئەگەر گردەکەی بەجێنەهێشتبا، ئەو شەهید نەدەبوو.
- بەڵێ ئەوە رای هەمووانە، تۆ دەتوانی بۆ ئەو شەڕە لەکاك نەوشیروان و مەلا بەختیار و مام جەلال بپرسی، کاك حاجی حاجی برایم باشترین سەرچاوەیە، دەتوانی لێی بپرسی، بزانی هەقیقەتی ئەو شەڕە چۆن بووەو ئەمەش بزانە یەکێ لە هۆیەکانی شەهید بوونی سەعدی گچکە ئەوەبوو کە سەید کاکە گردەکەی چۆل کردبوو. من پێت دەڵێم سەید کاکە لە شەڕەکە رایکرد. تۆش وەکو رۆژنامەنووسێك دەتوانی بچی پرسیار بکەی لەو کەسانەی ماون، بەڵام سەید کاکە بۆ شاردنەوەی ئەو کردەیەی خۆی پەنا بۆ ئەو قسانە دەبات.
* چ لە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی سەید کاکەداو چ لەو دیمانەیەی کە لەگەڵماندا کردووە هەستدەکەین پەیوەندییەکی ناتەبیعی لەنێوانتاندا هەیە، دروستبوونی ئەو پەیوەندییە لە ئینشقاقەکەوە دەستی پێکرد، یان پێشتر؟
- پێشتر. سەید کاکە خۆی یەکێك بوو زۆر نزیك بوو لە ئێمە، بە ئیعتبار خەڵکی مەنتیقەین و ناسیاوین، بەڵام لەسەر ئسلوبی ئیشکردن، من هەمیشە دژی سەید کاکە بووم. راستە سەید کاکە کابرایەکی ماندوو بوو، پێشمەرگەو تێکۆشەر بوو، بەڵام کابرایەکی عەشایەر بوو. بەشێوازێکی زۆر عەشایەری کاری دەکرد، ئەو کەسانەی کە لەناوچەکاندا کاری خراپیان دەکرد، بەتایبەتی فەرماندە عەسکەرییەکان ئێمە موحاسەبەمان دەکردن، سەید کاکە ژێر بەژێری پارەی لێوەردەگرتن و چاوی لێدەپۆشین هەمیشە شەڕی من لەگەڵ سەید کاکە ئەوەبوو کە کابرایەکی عەشایەری بوو.
* ئەو دەڵێ سەرکردایەتی حیزبی سوسیالیست یارمەتی ئێمەی نەداوە، بۆیە هێزەکان لەهەر شوێنێك بوونایە ناچاربوون بچن دەواجنانە کۆبکەنەوە؟
- دەواجنانە کۆکردنەوە بەشێوەیەکی رێك و پێك ئاسایی بوو، بەڵام ئەی راوە رووتەکە چی بوو، بەشێکی زۆریان راوە رووتیان دەکرد، کە سەید کاکەش پێی

ئاگاداربوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانەی راورووتیان دەکرد هەر یەکەیان مانگانە 100 دیناریان بۆ سەید کاکە دەنارد چاوی لێدەپۆشین.

* ئەی بۆ سەرکردایەتی حیزب ئەو وەزعەی رانەدەگرت؟

- ئەوان چاویان لەسەید کاکە دەپۆشی، من لەگەڵی توند بووم.

* بەڵام سەید کاکە دەڵێ بۆیە نەیاندەتوانی من موحاسەبە بکەن، چونکە سۆسیالیست هەمووی من بووم، دەڵێ من لەناو سۆسیالیسیت دەرچووبام کەسیان نەدەما.

- نەخێر. ئەوە کاکە حەمەش وا باس دەکا. ئاخر حزبێکی وابوو بۆیە هیچ نەبوو

* بەڵام رەنگە راستییەکی تێدابێ، چونکە ئێوە وەکو ئەفەندی بوون لە سەرکردایەتی.

- کێ ئەفەندی بوو!؟ ئەو هەموو شەڕو کێشانەی لە دەشتی هەولێر هەبوون سەید کاکە نەدەوێرا بێت، من دەهاتم. خۆ شۆڕشی ئەو جارە هەمووی ئەفەندییەکانی شاخ کردییان.

* سالح یوسفی کەسێکی ئیشتراکی نەبوو، واتا بڕوای بە مارکسییەت نەبوو، کەچی ئێوە ئەوتان کردە سکرتێری حیزبی سۆسیالیست، ئێوە لە گۆڤارەکەتان دا باستان لە سۆسیالیستی زانستی و لینین و مارکسیەت دەکرد، کەچی سالح یوسفی نەك هەر بڕوای بەوانە نەبوو، بەڵکو بڕوای بە گۆڕینی رژێمی سەدامیش نەبوو، بەڵکو دەیویست چاکسازی لە رژێمی بەعسدا بکرێ.

- خۆی ئەوکات مارکسییەت و سۆسیالیزم لەدنیادا برەوی هەبوو ئەوەی کە سۆسیالیستیش نەبوو، دژیشی نەبوو. سالح یوسفی کەسێکی دیموکراتخوازبوو، ئاشتیخواز بوو، بێگومان راستدەکەی کابرایەکی سۆسیالیست نەبوو، بەڵام کە دەیدیت خەڵکەکەی زیاتر بڕوایان بە سۆسیالیستەو یان رێکخراوەکە رێکخراوێکی سۆسیالیستە دژی ئەوە نەبوو. لەبەر ئەوەی بەهەموو پێوەرێك وەکو کەسایەتی، وەکو تەمەن و رۆشنبیری، ئەو لە هەموان شایستەتر بوو بۆ سکرتێری ئەو رێکخراوە، واتە هیچ کەسێك موونافیسی نەبوو لەناو بزووتنەوە.

* بەڵام دوای سالح یوسفیش کەسێکتان دانا وەکو سەرۆك عەشیرەتێ وابوو-...
- نا، سەرۆك عەشیرەت نەبوو، کاك رەسول ئەسالیبی عەشایەری هەبوو، بەڵام پیاوێکی تێکۆشەر بوو، خوێندەواربوو، باوەڕیشی بە سۆسیالیزم و ئیشتراکییەت هەبوو، وەك تۆ دەڵێی عەشایەر نەبوو، بەڵام پەیوەندی عەشایەری هەبوو.
* رەسول مامەندیش مونافیسی نەبوو؟
- نا، کەس مونافیسی نەبوو، لەبەر ئەوەی بەهەموو پێوەرێك لەهەمووان شایستەتر بوو.
* بزووتنەوەو یەکێتی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە سێ رێکخراوی ناو یەکێتی بوون. تۆ ئەوکات پەیوەندیت لەگەڵ یەکێتی چۆن بوو.
- با بۆت روون بکەمەوە وەکو باسمکرد بزووتنەوە لەناوخۆدا دوای شۆڕشی ئەیلول دروست ببوو، یەکێتی نیشتمانی لە دەرەوەی وڵات دروست ببوو، هەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو رێکخراوە هەبوو کە بە یەکەوە سەرکردایەتی خەباتی چەکداری بکەین، کە هاتینە شاخ یەکێتی نیشتمانی بەرنامەیەکی هەبوو بەناوی نیمچە بەرە، بەپێی ئەو بەرنامەیە لەهاوکاری نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە، خەتی گشتیش لەناو یەکێتی نیشتمانی بەو ئاراستە بوو کە لە داهاتوویەکی نزیك ئەو چوارچێوە نیمچە بەرەییە ببێ بە بەرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو حزبانە وەکو بەرە هاوکاری یەکتر بکەن، بەڵام کاتێ بینیمان یەکێتی نیشتمانی بەپێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی کە خۆی خستییە روو، ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە، وا ئیش دەکا بۆ ئەوەی ببێ بە حزب، ئەو رێکخراوانەش کە لەو نیمچە بەرەیەدان زوو یا درەنگ ناچار دەبن خۆیان لەو حزبەدا بتوێننەوە، بزووتنەوەش ئەو تەرحەی قبووڵ نەبوو، گوتمان ئەگەر یەکێتی دەبێ بەبەرە لەبەر رەچاوکردنی بارودۆخەکە هاوکار دەبین، بەڵام ناکرێ بزووتنەوە خۆی لەناو یەکێتیدا بتوێنێتەوە، چونکە بزووتنەوە رێکخراوێکی سیاسی

جیاوازەو بیرکردنەوەشی لە یەکێتی جیاوازە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتی جیابووەوە.

* دوایی لە نەورۆزی 1979 ڕەسول مامەند جیا بووەو بارەگای سەرکردایەتی لە گۆڕەشێر دانا.

- کاك ڕەسول جیانەبووەوە، بزووتنەوە جیابووەوە بۆ ئاگاداریت!

* ئایا پێشتر راوێژی لەگەڵ ئێوە کردبوو کە لە یەکێتی جیا دەبێتەوە؟

بەڵێ ئەو جیابوونەوەیە دوای مشتومڕێکی زیاتر لە دوو ساڵ هات، کە ئەگەر یەکێتی بەو ئاراستەیە بڕوات بزووتنەوە چیتر ناتوانێ لەناو ئەو نیمچە بەرەیەدا بمێنێتەوە، ئەوەبوو دواجار گەیشتینە ئەوەی کە بزووتنەوە خۆی لە یەکێتی جیابکاتەوە، کە لە 1979/3/21 بزووتنەوە بڕیاری جیابوونەوەی خۆی لەو نیمچە بەرەیەی یەکێتی نیشتمانی راگەیاند. بۆ ئەمەش تووشی کێشەو شەڕ نەبین، چونکە بارەگاکەی ئێمە لە زەڵێ بوو، ئەوان لە توژەڵەو نۆکان بوون و تێکەڵاوبووین، بۆ ئەوەی تۆزێك لەبەریەك بچینەدەرەوەو دوور بکەینەوەو حەساسییەت دروست نەبێ، ئێمە پێمان باشبوو لەرووبارەکە بپەڕینەوەو بچین بۆ گۆڕەشێر، بارەگاکانمان بردە ئەوێ، دوای ئەمەش کە ئەو هەڵوێستەمان وەرگرت، جارێکی دیکە داوامان لە یەکێتی نیشتمانی کردەوە، گوتمان ئێمە لەبەر ئەوەی پێشمەرگەمان بە یەکەوەو تێکەڵاوین، چار ناچارە دەبێ هاوکاری یەکتربین، ئەگەر ئێمە نەمانتوانی لەچوارچێوەی ئەو نیمچەبەرەییەی یەکێتی نیشتمانی ئەو هاوکاریە بکەین، بەڵام دەکرێ ئێمە جۆرێ لە هەماهەنگی یان بەرەیەکی نیشتمانی لەنێوانماندا دروست بێ، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی (ئەمەی ڕەتکردەوە)و گوتیان یان دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی نیشتمانی، یان شەرتان دەکەین. ئەوەبوو شەڕو کێشەیەکی زۆر لەنێوانماندا دروستبوو.

*دەڵێن لەساڵی 1979 نوێنەرێکتان هەبوو لە بزووتنەوە بۆ ناو کۆبوونەوەکانی یەکێتی؟

ـ نوێنەر نەبوو. تۆ ئەو زانیاریانەت زۆر دوور بە دوور وەرگرتووە. تەجروبەی نیمچەبەرەی یەکێتی نیشتمانی، تەرجروبەیەکی تازەبوو، سیغەی وا لەناوچەکە نەبوو، سەرکردایەتی ئەو بەرەیە پێکهاتبوو لە دوو نوێنەری بزووتنەوە، دوو نوێنەری کۆمەڵە، لەگەڵ مام جەلال وەکو سکرتێر. سەرەتا نوێنەری بزووتنەوە شەهید عەلی عەسکەری و شەهید رەسول مامەند بوو، دوای ئەوەی عەلی عەسکەری شەهید بوو، کاك رەسول کێشەی زۆری لەگەڵ مام جەلال هەبوو. بۆ ئەوەی ئەو کێشانە کەم ببنەوە، بزووتنەوە لەکۆبوونەوەیەك منی دەستنیشانکرد کە نوێنەری بزووتنەوە بم لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەوەبوو تا جیا بووینەوە من نوێنەری بزووتنەوە بووم.

* دەڵێن نوێنەرایەتییەکەت کێشەی تێدابوو، هەمیشە لەو کۆبوونەوانە گرفتت دروست دەکرد بۆ بزووتنەوە.

- بۆ بزووتنەوە!؟

* بەڵێ؟ چونکە نەدەگونجای؟!

ـ نا، لەگەڵ یەکێتی کێشەمان هەبوو، ئەوکات خۆت دەزانی گەنج بووین و زۆرشتمان بە توندی وەردەگرت، توندڕەوییەکی زۆر هەبوو لە مەسەلەکان، زمانی دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن لەنێوانماندا لاواز بوو، زۆر جار مام جەلال باسی ئەوە دەکا دەڵێ ئەگەر عەقلی ئێستامان هەبا، ئەو کێشانە نەدەبوو. بەراستی بیرکردنەوەکانی ئەوسا وابوو، کێشە زۆر بوو، بەتایبەتی زۆر جار لەنێوان من و مام جەلال وەکو سکرتێر کێشە روویدەدا، چونکە بەراستی غەدریان لێدەکردین و زۆرجار مام جەلال فەرق و جیاوازی دەکرد لەنێوان ئێمەو کۆمەڵە، منیش بەوە رازی نەدەبووم. ئەوە کێشەکان بوو، ئەگینا من قەت کێشەم دروست نەکردووە، پەیوەندییەکە خۆی پەیوەندییەکی ئاڵۆز بوو لەنێوان بزووتنەوەو یەکێتی، زۆرجار ئەو پەیوەندییە گرژی زۆری تێدەکەوت.

* ئێوە کە یەکەمجار تووشی شەڕبوون لەگەڵ یەکێتی، کێ لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی دژی شەڕەکە بوو؟

ـ لەهەردوو لا خەڵك هەبوو دژی شەڕبوو، بەڵام سیاسەتە ڕەسمییەکە ئەوەبوو کە شەڕ بوو لەنێوان ئێمەو ئەوان. بەراستیش ئەوان شەڕیان بە ئێمە دەفرۆشت، پێیانوابوو ئێمە ئینشقاقمان کردووەو زەرەرمان لێداون، ئێ خۆ ئێمە یەکێتی نەبووین تا ئینشقاقمان کردبێ، ئێمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووین، پێمانوابوو ئەو نیمچە بەرەیە بە ئاراستەیەکی دیکەدا ڕۆیشت ئێمەش لێی جیابووینەوە، ئەوە هیچ تاوانی ئێمەی تێدانەبوو، بەڵام ئەوان وایان وەرنەگرت، بەتایبەتی مام جەلال پێیوابوو ئێمە زەرەرمان لە یەکێتیداوەو دەبێ شەڕ لە دژمان بکا، بەراستی شەڕەکان لەوێوە دروست بوون.

* لەسەرکردایەتی ئێوەش خەڵکی واتان نەبوو، ئەوان ئیستفزاز بکات؟

ـ بێگومان لەهەردوولا هەبوو، بەڵام بە گشتی سەرکردایەتی و کادیرەکانی بزووتنەوەو دوای ئەوە سۆسیالیستیش هیچ بڕوایان بە شەڕی براکوژی نەبوو، هەربۆیەش زۆرجار لە شەڕەکان ئێمە زەرەرمان دەکرد.

* راستە لەنێوان دکتۆر مەحمود و ڕەسول مامەند هەمیشە گرفت هەبوو و وەکو دوو پارتی جیاوازکاریان دەکرد!

ـ نا. لەبەرئەوەی خۆی د. مەحمود لەڕێکخراوێکی دیکە بوو، کە ئەو کاك قادر جەباری و کاك عەدنان موفتی و کاك شەمسەدین موفتی و ئەو چەند کەسە لەدوای شۆڕشی ئەیلول لە دیمەشق ڕێکخراوێکیان دروستکردبوو بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئامادەکاری. ئێمە لەساڵی 1979 لەگەڵ ئەو کۆمیتەی ئامادەکردنە یەکمانگرت و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانمان دروستکرد، یەکگرتنەکە زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بۆچوونی جیاواز هەبوو، بەڵام (98%) ی حزبەکە بزووتنەوە بوو، بێگومان کاك ڕەسول بۆ سکرتێری هەڵدەبژێردرێ.

* واتە ململانێیەکە لەنێوانیاندا هەبوو؟

ـ من ناڵێم ململانێ، بۆچوونی سیاسی جیاوازیان هەبوو. بۆ نموونە د. مەحمود لەهەموو کەس توندترو پەرۆشتر بوو بۆ ئەوەی ئێمە لەیەکێتی جیاببینەوە، بەڵام کە جیابووینەوەو هەڵوێستە کە وەرگیرا، ئەوکات رایەکی پێچەوانەی هەبوو، بەراستی ئەوە لەناو بزووتنەوەدا زۆر بەخراپ لەسەری شکایەوە، کە دیارە تەنها مەبەستت جیابوونەوەکە بوو، بەڵام ئەو لەژێر کاریگەری بەعسییەکانی سوریا بوو، کە ئەوکات پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان یەکێتی و بەعسیەکانی عێراقی لەسوریا هەبوو قیادەی قوتریان پێدەگوتن، لەژێر کاریگەری ئەوان هەڵوێستی گۆڕابوو، ئەمەش لەلایەن سەرکردایەتی و کادیرەکانی بزووتنەوە زۆر کاردانەوەی لەبەرامبەردا دروستبوو، واتە شتەکە لای د. مەحمود خۆی بوو، لای خەڵکانی دیکە نەبوو.

* تۆ زیاتر دۆستی کامیان بووی؟

ـ بێگومان من وەکو رێکخراو زیاتر لایەنگری کاك رەسوڵم دەکرد، د. مەحمود کەسێك بوو رێزم لێدەگرت، بەڵام ئەوکاتە عەقڵییەتی کارکردن، یان دەمارگیری وەکو ئێستا نەبوو، بێگومان من زیاتر لایەنگری رێکخراوەکەی خۆم بووم.

* لەساڵانی هەشتاکان حزبی سۆسیالیست بنکەیەکی زۆر فراوانی هەبوو، لە هەندێك ناوچە، تەحەدای پارتی و یەکێتی دەکرد. خەڵکێکی یەکجار زۆری هەبوو، بەڵام هەستت دەکرد مونەزەم نییە، سەرباری ئەوەش هەر ئامر هەرێمێك، یان هەر فەرماندەیەك بەمیزاجی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد، ئێوە لەسەرکردایەتی بۆچی نەتانتوانی تەنزیمی ئەو حاڵەتە بکەن؟

ـ خۆی لەناو بزوتنەوە کێشەیەك هەبوو، ئەویش ئەوەبوو مەرکەزییەت لاوازبوو، لە شۆڕشی چەکداریش دەبێ دیسپلینی زۆری تێدابێ، ئەوە لەناو ئێمە نەبوو، بەتایبەتی لەلایەك کاك رەسول و مەکتەبی سیاسیەکە، ئەوە خاڵێکیان بوو، خاڵی ئەساسی ئەوەبوو ئێمە ئامادەنەبووین ئەوەی یەکێتی و پارتی دەیکا، ئێمە بیکەین، ئەوان لەگەڵ ئێران و سوریاو ئەملاو ئەولا هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئەوە بە نیسبەت ئێمە محرمات بوو.

* بەڵام سۆسیالیست لەگەڵ ئێران هاوکاری دەکرد.

- نا نا. بەس کاکە حەمە (مەبەستی محەمەدی حاجی مەحموودە) هاوکاری لەگەڵ ئێران دەکرد.

* ئەی خاڵە حاجی؟

- خاڵە حاجی نوێنەربوو لە ئێران، بەڵام هیچ کەسێك رازی نەبوو بە نوێنەرایەتی ئەو.

* بەڵام ئەو دووانە هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتی بوون کە لەگەڵ ئێران بوون؟

- نا، لەگەڵ ئێران نەبوون، حەزدەکەم بزانی ئێمە زیاتر بیروباوەڕو پاکی زەرەری لەئێمەدا، چونکە ئەوانی دی سیاسەتیان دەکرد. من ئێستا پێت دەڵێم ئەوەی پارتی و یەکێتی کردیان، بزووتنەوەی سۆسیالیست بیکردبا، ئێستا لە کوردستان دەسەڵاتی دەبوو.

* ئێران یارمەتی نەدەدان؟

- نا، ئەرزاقی دەدایני، بەڵام ئێران لە ئەساسەوە دژی ناوەکە بوو، دەیگوت دەبێ بچن لەگەڵ پاسدار شەڕ بکەن، ئێمەش دژی ئەوەبووین، یەکێتی و پارتی چیان نەکرد لەگەڵ پاسدار؟ تاکە شتێك کاکە حەمەی حاجی مەحمود بەبێ رازیبوونی سەرکردایەتی کردی ئەوەبوو کە چوو لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بەشداری شەڕی هەڵەبجەی کرد کە سەرەنجام بەو کارەساتە گەیشت کە بوو.

* بۆ ئیجرائاتتان وەرنەگرت؟

- نەدەتوانرا. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە شەڕی ناوخۆ هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ یەکێتی، بۆ نموونە کاکە حەمە بۆ لەناو بزوتنەوە جێگای بووەوە، بەهۆی ئەو بەلایانەی کە تۆ دەتویست لەگەڵ یەکێتی دروستی بکەیت، چونکە ئەو لەناو یەکێتی سازیدابوو، بەڵام تۆ بۆ ئەوەی خۆت بەهێز بکەی، پێشوازیت لێ دەکردو مەوقیعت دەدایێ، تا شەڕی یەکێتی بکا..

* بەڵام ئەوە سیاسەتێکی چەوتە..
- چەوتبوو، بەڵام هەموو لایەنەکان پەیڕەویان دەکرد، ئێستاش پەیڕەوی دەکەن، ئێستاش لێرە ناوێرن یەکێك سزابدەن، لەبەر ئەوەی دەبێتە پارتی و لای پارتیش بەهەمان شێوە.
* بەڵام ئەو کات سەرکردایەتی حزبی شیوعی دەیگوت جۆرێك لە ئیتیفاق لە نێوانماندا هەبووە هەتا شتێکی وام بیستوو کە کاسێتی تۆمارکراویش هەیە کە وتووتە ئەگەر بە ساغڵمی دەربچین ڕەنگە لە ئاینده بێینە ناو ئێوە؟!
-نا هیچ شتی وەها نەبووە، ئێمە وەکو حیزبێکی شۆڕشگێڕ لەرووی فیکرییەوە زۆر لە حیزبی شیوعی نزیك بووین، هیچ کاتێك سۆسیالیست لەگەڵ شیوعی نزیك نەبوو، بەڵام شیوعی لەبەر ئەوەی ئیشی بە سۆسیالیست بوو، رەحمەتی خالد حاجی، بەرگەی ئێرانی بۆ دەکردن، هەندێ ئیش و کاریان لە رێی ئێرانەوە بۆ دەڕۆیی، بۆیە مەجبور بوون موراعاتی حیزبی سۆسیالیست بکەن، ئەگینا سۆسیالیست لەهەموو رووێکەوە لە حزبی شیوعی دووربوو، ئەوەی کە وەکو رێکخراوێکی چەپ و مارکسی لە شیوعی نزیك بوو ئێمە بووین، بەڵام ئێمە رۆژێ لە رۆژان نە شتێکی ژێر بەژێر لە نێوانماندا هەبووە، نەنیازی ئەوەمان هەبووە کە ببینە حیزبی شیوعی، لەوانەیە ئێستاش و کاتی خۆشی ئەگەر رێکخراوێکی حیزبی شیوعی کوردستان سەربەخۆ هەبووایە، ئەوان ئامادەبان ئەوەیان کردبا، بۆ نموونە لە 1988 مشتومڕێکی زۆر هەبوو کە ئێمە رامان وابوو چەپەکان بە ئێمەش و ئالای شۆڕش و رێکخراوە کوردستانییەکەی حیزب شیوعیش ئامادە بووین حیزبێکی شیوعی کوردستان دروست بکەین. بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئێمە ئەوسا و ئێستاش لەگەڵ ئەوەنەبووینە بەشێك بین لە حیزبێکی سەرتاسەری وەك حیزبی شیوعی عێراق، ئێمە دژی ئەو عێراقچێیتە بووین، پێمانوابوو کوردستان لەبەر ئەوەی نیشتمانە، حیزب لەسەر بناغەی نیشتمان دروست دەکرێ، عێراق دەوڵەتی ئێمەیە، نیشتمانی ئێمە نییە، ئەزموونی ناوەندو لابالی ئەو ئەزموونە لە یەکێتی

سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی فەشەلی هێنا، حیزبی شیوعی فەلەستین و حیزبی شیوعی ئوردن و ئەوانە فەشەلیان هێنا، ئەوکات و ئێستاش پێموایە پەیوەندییەکی خەباتگێڕانەو هەتا جۆرێك لەپەیوەندی ئومەمیانە لەنێوان حیزبی شیوعی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقدا هەبێ، بەڵام ناکرێ حیزبی شیوعی کوردستان بەشێك بێ لە حزبی شیوعی عێراق، چونکە دوو وڵاتی جیاوازن، لەدوو قۆناغی جیاوازیشن، ئەوەی بۆ عێراق دەشێ، بۆ کوردستان ناشێ، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستاش وابیر دەکەینەوە، زۆر جاریش وایان بەئێمە گوت، جارێکیان کاك عزیز محەمەد هاتە لای من باسیکرد، ئەوکاتەی کە کۆنگرەی دروستکردنی حیزبی شیوعی کوردستانیان دەکرد، شتێکی وای خستەڕوو، گوتمان ئێمە پێمانباشە بەهەردووکمان حیزبێکی شیوعی کوردستان دروستبکەین، بەڵام جیا لە حیزبی شیوعی عێراق. ئەوان بەوە رازینەبوون.

* پێتوایە حیزبی شیوعی کوردستان ئێستاش بەشێك بێ لە حزبی شیوعی عێراق!

-بەڵێ.

-تۆ زۆر بە گەشبینیەوە باسی جودابوونەوەی خۆت لەناو سۆسیالیست دەکەی و دەڵێی ئێمە کۆمەڵێ گەنج بووین و شۆڕشگێڕ بووین، بەڵام تێبینی دەکرێ، ئەو گەنجانە کۆمەڵە گەنجێکی دەشتی هەولێر بوون، نەك گەنجێکی یەکجار زۆر، ئێوە کە خەبات بۆ کوردستان دەکەن، بەو کۆمەڵە گەنجەی ناوچەیەك چۆن وەها گەشبین بوون!

-ئەساسی رێکخراوەکانی ئێمە کادیرەکانی هەولێر بوون، بەڵام لەبادینانیش خەڵکمان هەبوو، لەسلێمانی و کەرکوکیش هەمانبوو، لە ئەوروپاش هەمانبوو، بەڵام ئەساسی خەڵکی ئێمە بەشی زۆری کادیرەکانی هەولێرو خەڵکی دەوروبەری هەولێرن. زۆر حزبیش وانە، ئێستا یەکێتی و پارتیش وانە.

* بەڵام ئەوان لەناوچەکانی دیش خەڵکی زۆریان هەیە.

-ئێ قەیناکە، هەرکەس بە قەوارەی خۆی.

* ئێستا بۆ نموونه حزبی شیوعی لەهەموو شوێنێك هەیە، پارتی لەهەموو شوێنێك هەیە.

-ئەوجا سروشتی ڕێکخراوەکەی ئێمه ئاوابوو. سروشتییه.

* تۆ وەك چەپێکی کوردستانی لەدوای ڕاپەڕین که گروپی زۆر لەحزبی شیوعی جیابوونەوە، وەکو شیوعیه کوردستانیەکان و ئەوانی دی. بۆچی، نەتتوانی ئەوانه لەژێر چەتری خۆت کۆبکەیتەوەو وەك دەڵێن هێزی سێیەمتان دروستکردبا، ئەگەر سێیەمیش نەبا، چوارەم با. بۆچی؟

-دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتی دوای ئەوەی که دەستەڵات کەوته دەست یەکێتی و پارتی، ئەو شکستەی که چەپ لەسەر ئاستی دنیا، چ وەکو فکر، چ وەکو نیزامی ئیشتراکی دووچاری ببوو، واته ئەو پاشەکشەی چەپ لەسەر ئاستی دنیاو نێوخۆدا کردبووی، ئەوکارەی تۆ باسیدەکەی ئاسان نەبوو، ئەمە یەکیان، دوو، ئێمه ئەزموونێکمان کرد لەگەڵ هەردوو باڵەکەی ئاڵای شۆڕش سەرکەوتوو نەبووین، واته زۆربەی ئەو خەڵکەش که خۆی به چەپ و مارکسی دەزانی، دەچووە لای دوو حیزبەکەی دی، نەدەهاته لای من.

* واته مەسەلەکه فکر نەبوو.

-وایه. ئەو شکستەی فکری چەپ و نیزامی ئیشتراکی دووچاری ببوو لەدونیا ئەو هەیمەنەو کاریگەرییەی جارانی نەما، بێگومان خەڵکێك هەر زوو له کونی خۆی هەڵگەڕایەوە، پاکانەی بەوە دەکرد که ئەو ماوەیەش که چەپ و مارکسی بووە. بێگومان زۆر کەس خۆی به چەپ و مارکسی دەزانی لەبەر ئەوەی کاریگەری چەپ و مارکسی لەدنیادا وابوو، نه لەبەر ئەوەی خۆی قەناعەتی پێبوو.

* هەستناکەی بێ خاوەنیش هۆیەکی دیکه بوو که خەڵك بڕوای پێ نەبێ، ئەگینا له 91-92 خەڵکێك هەبوو هێشتا بڕوای به مارکسیەت مابوو شۆڕشگێڕو گەرموگوڕیش بوون، بەڵام ساحێبیشی نەبوو.

- نا، بۆ نموونه زۆربەی کادیرەکانی حیزبی شیوعی که ڕۆیشتن بوونه پارتی

* بەڵام یەکەمجار نەبوونە پارتی.

- ئەی بوون بەچی؟

* بەناوی شیوعیە کوردستانییەکان مانەوە دواتر بوونە پارتی.

- ئەوە بەشێکیان بوون، بەشێکیان بوونە یەکێتی، ئاڵای شۆڕشیش لەگەڵ ئێمە بوون گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی. واتا ئەو بارودۆخەی من باسی دەکەم، چەپ لەو پێگەیە بەهێزەنەبوو، ئەو کاریگەرییە بەهێزەی نەمابوو لەسەر ئاستی دنیاو ناوەخۆ کە بتوانێ شتێك بکا لە کوردستان.

* ئێوە لەگەڵ شیوعیە کوردستانییەکان یەکتان نەگرت، لەگەڵ ئاڵای شۆڕش یەکتانگرت، بەڵام ئاڵای شۆڕش بانگەشەی عێراقچێتی دەکرد.

- نا عێراقچێتی نەبوو، ئەوەی ئێمە لەگەڵیان رێککەوتبووین عێراقچییەتی تێدانەبوو. ئێمە لە یەکەم کۆنگرەی یەکگرتن کە بەسترا کە هەردوو باڵەکەی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ زەحمەتکێشان یەکیانگرت، دروشمی سەرەکی ئێمە سەربەخۆیی کوردستان بوو، کە ئەو دروشمەش دژ بە عێراقچیەتییە.

* باپشوویەك بدەین لە سیاسەت و بێینە سەر مەسائیلی کۆمەڵایەتی تۆ بەو پێیەی ئینسانێکی چەپی و باوەڕت بە سۆسیالیستی هەبوو، لەو مەجالەشەوە دەبێ ئازادی ئافرەت و یەکسانی جێگایەکی دیاری هەبێت، بەڵام کە ژنت هێنا، جیاوازییەکی زۆر لە تەمەنی هەردووکتاندا هەیبوو، دەشڵێن جۆرێك لە ژن بە ژنی تێدا بوو.

- نا ژن بە ژنی نەبوو، من ژنم هێناو ئەو ئافرەتەی کە ئێستا هاوسەری منە کە خزمی خۆمە، تاکە ئافرەت بوو ئامادەبوو بێت بۆ شاخ بۆ لای من، بۆ ئاگاداریت ئەو کاتە هیچ ئافرەتێك ئامادە نەبوو بێت بۆ شاخ. هەموو هاوسەرێکیش جیاوازی تەمەن لەنێوانیاندا هەیە.

* رەنگە هی تۆ زۆرتر بێ؟

- نا من نزیکەی 15 ساڵ لە خێزانەکەم گەورەترم

* ئێ زۆرە.

- نازانم. زۆر، کەم، ئەوە واقیعەکە بوو.

* کە کێشەو شەڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی دروستبوو، ئێوە چەند حزبێکی دیکە، نەتانتوانی بێ لایەنی خۆتان بپارێزن، دەگوترێ هەر لەساڵی 1994ەوە کە شەڕەکەی تێدا دروستبوو، تۆ ئەگەر بەنهێنیش بێ، لە دژی پارتی کارت دەکرد، واتا زیاتر لایەنگیری یەکێتیت دەکرد، بۆ وەك هەندێك حیزبی دیکە نەتتوانی هاوسەنگییەك رابگری؟

- حەز دەکەم بزانی ئێمە هیچ کاتێك تەرەف نەبووینە لە شەڕەکان، شەڕی ناوخۆمان بەشەڕێکی زیانبەخش و خۆکوژی زانیوە، شەڕێکە لەهەموو رووێکەوە زەرەرو زیانی زۆری بۆ ئایندەی کوردستان و ئەزموونەکەی هەبووە، لەبەر ئەوەی هیچ مەنتیقی تێدانییە تۆ شتێك بەخراپ دابنێی و بەشداریشی تێدا بکەی. ئەو شەڕە شەڕبوو لەسەر دەستەڵات، کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك تەرەف نەبووین، بەڵام کێشەکە ئەوەبوو تۆ هەر هەڵوێستێکت دەنواند، ئەگەر بە دڵی لایەنێك نەبووایە، وای دادەنا ئەوە لایەنگیرییە بۆ لایەکەی دیکەیە، ئێستاش هەروایە، تۆ ئێستا هەڵوێستێك بنوێنە، لایەکەی دیکە پێیوایە ئەوە بۆ لایەکەی دیکەیە، لەکاتێکدا ئەوە زۆر کاڵ بووەتەوە. ئێمە تا (13)ی ئاب لە شەرەکە نەبووین، بە پێچەوانەوە زەحمەتکێشان لەگەڵ سەرجەم هەوڵەکانی ناوبژیکردن و چالاکییەکانی حزبەکان بوو بۆ راگرتنی شەڕەکە، دەورێکی موتەمەیزی هەبوو. وابزانم توانیمان شتی باش بکەین، هەندێکجار شەڕەکە رابگرین، دیلەکان بگۆڕینەوە، هێزەکان لەبەر یەك بیبەینە دەر، بۆ نموونە ئەو کاتەی هەولێر لەلایەن یەکێتییەوە کۆنترۆڵکرا، هەموو پارتی بە سەرکردایەتییەوە، ئێمەو شیوعی دەربازمان کردن.

* رەنگە ئەوە پەیوەندی شەخسی و برادەرایەتی بێت.

- نا هیچ ئەو پەیوەندییانە نەبوو. تۆ بۆ خواری دەکەیەوە!؟

* بۆ نموونە بارزانی مەلا خالید خەڵکی ناوچەکەبوو.

- بۆ هەموو لقی دوو تەنها بارزانی مەلا خالید بوو!؟

* بەڵام زۆربەیان برادەرت بوون.

- نا، تۆ کۆنە شیوعی، دەبێ خواری نەکەیەوە. بەڵام کە 31ی ئاب هات رژێم بوو بە تەرەفێك لەشەڕەکە بۆ ئێمە وەکو زەحمەتکێشان چ وەکو فکر چ وەکو بەرنامەو مەسەلە نەتەوەییەکە، لەتواناماندانەبوو بەبێلایەنی بمێنینەوە. خەڵکی دیکە هەڵوێستێکی دیکەی هەبوو خۆی ئازادبوو، ئەوکاتیش خەڵکێك پێی وابوو ئێمە لەبەر یەکێتی ئەو هەڵوێستەمان وەرگرتووە، من لە دەنگی گەلی کوردستان رادیۆی یەکێتی، گوتم ئەوەی لە 31ی ئاب کرا، ئەگەر یەکێتی و پارتیش بە یەکەوە کردبایان هەمان هەڵوێستمان دەبوو.

* ئەوکاتی چیت دەکرد؟

- نازانم چیمان دەکرد، لەوانەیە بۆخۆمان دەچووین بۆ قەندیل، بەڵام حەز دەکەم بزانی دژی دەوەستاین.

* ئەگەر بەردەوام بای و لەگەڵ وەزعەکە بمابایەوە، وەکو حیزبی شیوعی و ئەوانی تر، باشترنەبوو لەوەی هەڵوێستێکی ناحەزانە وەربگری دەرفەتی گفتوگۆو حیوار نەمێنێ!

- هەڵوێستەکە هیچ شەخسی و ناحەزانە نەبوو، سیاسی بوو، دووحیزب بە یەکەوە لەسەر دەستەڵات و پاوانخوازی شەڕ دەکەن، کە رژێم بوو بە تەرەفی شەڕەکە، تۆ ناتوانی بێ هەڵوێست بمێنیەوە، واتا هەر یەك لەو حیزبانە هەرچی کرد، تۆ ناتوانی بێدەنگ بی و پشتیوانی لێبکەی. خودی کاك مەسعود وای بە ئێمە گوت کە ئاشتبووینەوە، گوتی ئێمە شتێکمان کرد، مەبەستی 31ی ئاب بوو، دەشمانزانی ئێوە هەمووتان پێی رازی نابن، شتێکی ئاسایش بوو کە پێی رازی نەبووین، بەڵام ئاسایی نییە ئێمە هەتا هەتایە ناکۆك بین، وابزانم ئەو قسەیە مەفهومە.

* بەم دواییە هەندێك کەسی تێکۆشەرو پەرۆش بۆ حزبی زەحمەتکێشان لەئێوە جیابوونەوە، دەکرێ بزانین جەوهەری جیابوونەوەکەیان چی بوو؟

- ئەوان لە کۆنگرە، جۆرێك لە دەستەبەندی و تەکەتولیان دروستکردبوو ئەوەیان بەلای خۆیانەوە بە قورس زانی بۆخۆیان، واتە ئامادەی خۆراستکردنەوە نەبوون، لەجیاتی ئەوە تووشی غەلەتێکی دیکەبوون.

* نەتدەزانی ئەگەر زۆر پێیان لێبنێی، ئەنجامەکەی وادەبێ؟

- پێمان لێنەنان، حەز دەکەم بزانی ئێمە موحاسەبەشمان نەکردن، بەڵام پێمانگوتن تەکەتولتان کرد.

* بەڵام ئەوان دەیانگوت سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان تاکڕەوانە بڕیار دەداو بۆ رای سەرکردایەتی ناگەڕێتەوە؟

- ئێ ئەوەی جیا دەبێتەوە، دەبێ بیانوویەك بدۆزێتەوە، لەوانەیە تاکڕەویش هەبێ، حەز دەکەم بزانی ئەوەی مەسئولی یەکەم بێ ئەگەر خۆشم بم، زۆرجار دیموکراتییانە هەڵسوکەوت ناکات. بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە تۆ هەڵوێستێکی وا وەربگری.

* لە نەوەدەکان، لەسەردەمی شەڕی ناوخۆو پێشتریش کە سەردانی مام جەلال یان کۆسرەتت دەکرد، زۆر جار بە تەنها دەچووی، واتا ئەندامانی سەرکردایەتیت لەگەڵ نەبوو، بۆچی؟

- ئەو کۆبوونەوانە هەریەکەو ئوسولی خۆی هەیە. ئەگەر کۆبوونەوەی حیزبەکان بێ، ئەگەر کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بێت، ئەوە بێگومان تۆ بە تەنها ناچیت، بەڵام ئەگەر کۆبوونەوەیەك لەگەڵ شەخسی مام جەلال یا کاك مەسعود بێت، بێگومان دەکرێ منیش بەتەنها بچم، ئەوە هیچ کاتێك کێشەی ئێمە نەبووە لە حزبی زەحمەتکێشان.

* لەکاتی هێنانەوەی تەرمی بارزانیە ئەنفالکراوەکان وتارێکت خوێندەوە کە گۆڕانێکی زۆر بەسەر تێڕوانینەکانتدا هاتبوو لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، کە زۆر بە بەرزییەوە باسی بارزانی نەمرو کاك ئدریسی هەمیشە زیندووت کرد.

- نا هیچ گۆڕانکاری نەبوو، پێشتریش وابووم، ئێستاش بڕوام وایە، بارزانی سەرکردەیەکی مەزن بوو، بە ئیجابیات و سلبیاتەوە، من زۆر جار گوتووم ئەگەر پارتی بارزانی بکاتە موڵکی خۆی بچووکی دەکاتەوە. بارزانی هی هەموومانە، بەتایبەتی شەهید بووە لەژیاندا نەماوە کاك ئیدریس لەژیاندا نەماوە، واتە مەعقول نییە لەرێورەسمێك کە ئەو هەموو خەڵکە لەو عەشیرەتە ئەنفالکراوە، ئەو هەموو خانەوادەیە لەوێ وەستاون، تۆ سڵاو بنێری بۆ گیانی پاکی شەهیدان، سڵاو نەنێری بۆ گیانی بارزانی و کاك ئیدریس. شتی وەها هەیە!؟ هیچ گۆڕان لەمن نەبووە، بەپێچەوانەوە، ئەوکاتەی کە لەگەڵ پارتی ناکۆکیش بووینە، لە حزبی سۆسیالیستیش و ئێستاش بڕواناکەم هەڵوێستێکی سلبیمان لەبەرامبەر بارزانی هەبووبێت. هەڵسەنگاندنی خۆمان بەرامبەر بارزانی وەکو سەرکردەیەکی مێژوویی کورد بووە.

* وەختێك باسکرا کە ئێوە لەگەڵ حزبی سۆسیالیست یەکدەگرن محەمەدی حاجی مەحمود لە دیمانەیەك لەگەڵ هەرێم دەڵێ من ئامادەبووم واز لە سکرتێری بێنم و کاك قادر ببێتە سکرتێر بۆ ماوەی 3 ساڵ، بەڵام کاك قادر پێیداگرت بۆ 6 ساڵ!

ـ ئەوە راست نییە، ئێمە لەسەر سکرتێری تێکمان نەداوە، جارێ ئەگەر ئێمەو حیزبی سۆسیالیست یەکبگرین، هەر من دەبمە سکرتێر، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی من لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و سۆسیالیست بووم، کاکە حەمە ئامر هەرێم بووە، یان ئیحتیاتی سەرکردایەتی بووە، زۆر بەراورد هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوێکی تێکۆشەرە.

* رەنگە ئەو جەماوەری زۆرتر هەبێ؟

ـ بڕواناکەم..

* بەپێی دەنگدانەکان..

ـ نا، دەنگدانەکانی دواییت بینی، ئەگەر کەمیش بێ، بەڵام دەنگەکانی زەحمەتکێش و سۆسیالیست و شیوعیت بینی چۆن بوو. تۆ کۆنە شیوعیی خوارمەکەوە. دەنگەکانت بینی چۆن بوو. چونکە پێشتر پروپاگەندەی زۆر هەبوو، دوای ئەوەی کە زەحمەتکێش دوچاری وەزعێك بوو لەناوخۆی کە پێشتر باسمانکرد.

* سۆسیالیستیش دوچاری ئەوەبوو لە کەرکوك هەرێمێك جیابۆوە؟

ـ نەخێر، ئەوە دوای دەنگدانەکەبوو، ئێمە پێش هەڵبژاردن تووشبووین، خەونی زۆر خراپ بە زەحمەتکێشانەوە دەبینرا، ئێمە ئەگەر موزایەقە نەکرابایین و بەتایبەتی لە ناوچەکانی پارتی، کە دواتر برایانی پارتی خۆیان دانیان بەوە نا کە فشاریان خستۆتە سەر ئێمە، کە لە ناوچەکانی ئەوان و لەزۆر شوێن دەنگمان سووتا، ئەگینا ئێمە بەبێ کێشە (2 ـ 3) کورسیمان هێنابوو.

* واتە تەسەور دەکەن کە بەقەد حزبی شیوعی جەماوەرتان هەبێ؟

ـ نازانم بۆ ئەو بەراوردە بکرێ، من حەزدەکەم حزبی شیوعی و خەڵکی دیکەش لەئێمە زیاتر جەماوەریان هەبێ، بەڵام وابزانم ئەو هەڵبژاردنە تێستێك بوو بۆ ئەو چەند حزبە..

* بۆچی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیست نەگەیشتنەیەك؟

ـ حەزدەکەم بزانی کە ئێمە هیچ کاتێك داوای یەکگرتنمان لەگەڵ حزبی سۆسیالیست نەکردووە، هەمیشە ئەوان داوایان کردووە، دیارە ئەوە شتێکی باشە، ئەگەر ئێمەش داوای بکەین، هیچ کاتێك ئێمە هۆکاری سەرنەکەوتنی هەوڵەکان نەبووین، هەمیشە ئەوان هەوڵەکانیان تێکداوە..

* باشە بۆچی ئەوان داوای یەکگرتن دەکەن و هەوڵەکانیش تێکدەدەن؟

ـ ئەوان کاریان بەو یەکگرتنە هەبوو، ئەوان زۆربەی کاتەکان خەڵکی ناوخۆیان بەوە رادەگرت کە لەگەڵ زەحمەتکێشان یەکدەگرن، واتە زۆرجار بەداخەوە ئێمەیان وەك ریکلام بەکاردەهێنا. لە مەسەلەی ئەو یەکگرتنە زۆر راستگۆ نەبوون، بە تایبەتی دەوروبەرەکەی کاکە حەمە، هیچ پەیوەندیی بە مەسەلەی سکرتێرەوە نەبووە،

هەمیشە ئەوان شتەکانیان چەواشەدەکرد، ئێمە پێمانوایە پەیوەندییەکی دۆستانەو برایانە لەنێوانماندا هەبێ، زۆرجار پرۆسەی یەکگرتن لە کوردستان سەرکەوتوونەبووە، زۆرجار لەباتی شتی باش دروست بکەی، تێکیدەدەی. لەبەر ئەوەی زۆر جیاوازی لەنێوان ئێمە و ئەوان هەیە. لەوانەیە لە یەکگرتنەکە سەرکەوتوو نەبین، دەکرێ دۆستی یەکدی بین.

* واتا ئەگەر حزبێك هەبێ لەگەڵی یەکبگرن، ئامادەی واز لە سکرتێری بێنی؟

ـ بەڵێ. ئەگەر حزبێکم بۆ ببینیەوە، بەڵام یەکگرتنێکی راستەقینەو فیعلی بێت، دەتوانم ئەو قسەیەی ئێستا دەیکەم، پێم خورد کەیتەوە. ئێمە کاتی خۆی لەگەڵ پارتی گەل، یان لەگەڵ حزبی شیوعیی کوردستان ئەگەر یەکمان بگرتایە، من سکرتێر نەدەبووم. لە خواکورك لەگەڵ پارتی گەل زنجیرەیەك کۆبوونەوەکرا، ئەوە خۆشبەختانە هاورێ عەزیز لە ژیاندا ماوە، گوتی: باشە لەسەر (مشکلە المشاکل) چ دەکەن، گوتم (مشکلە المشاکل) چییە، گوتی لەسەر سکرتێری. گوتم وەڵڵا کاك عەزیز ئێمە کێشەی سکرتێرمان نییە، چونکە ئێستاش سکرتێری لای ئێمە غائیبە. ئێستاش کاك عەزیز بەو قسەیە پێدەکەنێ، گوتی چۆن شاغرە؟ گوتم بەسەری تۆ ئێستاش ئێمە خۆمان بە سکرتێر نازانین، ئەگەر لەگەڵ پارتی گەل یەکبگرین، هیچ موناقەشەی تێدانییە کاك سامی سکرتێرە. هەروەها لەگەڵ حزبی شیوعیش یەکمانگرتبا، ئەوکات کاك کەریم سکرتێربوو، کەسمان مونافیسی نەبووین، رۆژێك لەرۆژانیش ئاواتەخوازم ئەو قسەیەی خۆم خورد بکەمەوە، بەڵام رێکناکەوێت. بۆ وا دەزانی سکرتێری لای ئێمە ئیمتیازاتە، لە حزبی زەحمەتکێشان سکرتێری هیچ جۆرە ئیمتیازاتێکی تێدا نییە، حەزدەکەم بزانی ئەو زەوابتانەی ناو حزبی زەحمەتکێشان هەیە، لەناو هیچ حزبی دیکە نییە، مومکینە لە حزبی شیوعیش هەیە. من خانەنشینی وەزیرییەکەم، کارگێری دارایی حزب وەریدەگرێ، (کەمێك پێکەنیم و کاك قادر وتی) باوەڕناکەی؟! ئێستا من لە حزبی زەحمەتکێشان مووچەم نییە، دوو داهاتم لەو حزبە هەیە: یەکیان (76)ەکەیە. دووەم خانەنشینیم هەیە هی وەزیری. من لە حزبی زەحمەتکێشان نە مووچەم هەیە، نە نەسریەو نە

هیچ شتێکم هەیە، بە پێچەوانەوە من (650) هەزار دینار ئابوونەی مانگانە دەدەمە حزب، بۆ خۆت دەتوانی بپرسی، ئەو سکرتێرییە چ ئیمتیازێکی تێدایە بۆ من؟

* بەڵام دەڵێن قادر عەزیز لەشاخ هیچی نەبوو، ئەی ئێستا ئەو وەزعە باشە لە چییەوە هات؟

ـ بەراستی لە دوای رووخانی سەدامەوە، وەزعمان باش بوو، زۆر قسە لەملاولەولا دەکرێ، بێگومان ئەوانەی لەئێمە جیابوونەوە جۆرەها پروپاگەندەیان بۆ هەڵبەستین، بەڵام دەکرێ رۆژێك بە بەڵگە شتێك لەسەر ئێمە بگوترێ، باشە ئەگەر بگوترێ خۆ ئەو پروپاگەندانە لەبەرژەوەندیی منە، وەك مەسەلە قانونییەکەی کە گومان لەبەرژەوەندیی تۆمەتبارە، من لەو سلێمانییە وەکو پێشمەرگەیەکی (76)، شەش سەد مەتر زەویم وەرگرتووە، خانووم تێدا دروست کردووە، کە هێشتا تەواو نەبووە، من لە مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشان گوتوومە برادەران من خانووەکە ئاوا دروست دەکەم، گوتیان چۆن، گوتم 88 ملیۆنم لە فەرقی بوودجەی وەزیری وەرگرتووە لەدوای رووخانی سەدام، ئەوکاتەی مووچەی وەزیری بەرابەری بەغدا کرا، حکومەت ئێستا گوێی لێمە (30) ملیۆن د. بەرهەم بۆی سەرف کردم، داوای سولفەم کرد، گوتی نابێ، مەعقولە ئێمە سلفە بدەینە تۆ، 25 هەزار دۆلاری دامێ، گوتی وەکو حکومەت هاوکاریت دەکەین، من هەموو مانگێکیش 5 ملیۆن دینار پاشەکەوتم هەیە، ئێستا 3 جۆرە داهاتم هەیە یەکیان تەقاعودی وەزیرییە کە 5 ملیۆن و نیوە، ملیۆن و نیوێك ئیکرامیەی پێشمەرگەی (1976)م هەیە، 2 ملیۆن و 100 هەزارم لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی هەیە، بۆ 6 حیمایەی خۆم. من ئێستا داهاتی مانگانەم 9 ملیۆن دینارە، هەموو مانگێك 2 ملیۆن دینار خەرج دەکەم، چونکە خانووەکەم بەکرێ نییە، من مانگانە 7 ملیۆن دینار پاشەکەوتم هەیە، ئەوە چوار ساڵە وایە، ئەگەر لەتاکە خانووێکیش زیاتر پێت شك دێ، دەتوانی بینووسی. بەڵام لەوانەیە بڵێن ئەو هەموو مەسئولە ملیۆنێرن، ئەی چۆن قادر عەزیز ملیۆنێر نییە، با شتێکت بۆ باس بکەم، لە وەزارەت بووم،

دیعایەکیان لە دوومن کرد گوتیان زەویی بەناوی خۆی کردووە. یاریگایەکیش لەهەولێر هەیە داویەتییە برایەکەی خۆی. گوتم وەڵڵا من نەمزانیوە. زەوییەکە بڵێی چۆن بێ باشە؟ کۆمەڵێك کۆنە کادیری شۆڕشی ئەیلول هاتنە لای من، یەك لەوانە حەسەن عەلی بوو، قادر عەزیزێك هەیە لە هەولێر پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو ماندووە، خاڵی هاورێیەکی ئێمەیە بەناوی هەردی مام عەلی کوتك خۆت کۆنە شیوعی دەیناسی، کۆمەڵێکی دیکە بوون هاتنە لای من، گوتیان زەویمان بدەیە، گوتم وەڵڵا ئێوە هەمووتان دەوڵەمەندن، من زەوی تەنها دەدەمە یەك کەس، ئەوەش قادر عەزیزە، ئێ چبکەم ناوی قادر عەزیزە، ئەو دیعایەیان بۆ هەڵبەستام، گوتم کاکە وەڵڵایی من لە گوندەکەی خۆم کە سێبیرانە، بەسەری ئێوە، بەگۆڕی شەهیدان، زەوییە کۆنەکەی خۆمانم وەرنەگرتەوە، لەبەر ئەوەی وەزیری کشتوکاڵ بووم. ئێستەش وەرمنەگرتۆتەوە، دەتوانی بچی پرسیار بکەی، گرێبەستێکی دیکە هاتە پێشم یەکێك خەڵکی باداوا بوو ئێستاش لەبیرمە حەسەن باداوەیی بوو، لەگەڵ کوڕی سابیر شێخ جامی کەناوی کۆسرەتە، گرێبەستەکەم ئیمزا کرد، وابزانم یاریگایەکە لە هەولێر، گوتیان ئەوە یاریگایەکی داوەتە برایەکی خۆی، لەبەر ئەوەی برایەکەم ناوی کۆسرەتە، خۆت دەزانی باوکی من ناوی سابیرە، ئەویش کۆسرەت سابیرە. ئەوجا برادەرانی ئێمە گرەویان کردبوو گوتبوویان شەرت بێ ئەگەر ئەو کۆسرەتە برای ئەو بێ، ئێمە وەکو سکرتێری حزب موحاسەبەی دەکەین. زۆر بەتوڕەییش مەکتەبی سیاسی هاتنە لای من، گوتیان تۆ لە وەزارەتی خەڵك قسەی خراپ دەکا، گوتم کاکە جارێ هێواش بن، بزانم مەسەلە چییە. من هیچم بە خۆم شك نابێ، دواتر ئێمە لە وەزارەتین هەزار چاومان لەسەرە، یەکێتی و پارتی لەخوایان دەوێ شتێکی وا لەسەر من بدۆزنەوە، من ئەو هەموو قسە گەورانە دەکەم و ئەو هەموو رەخنەیان لێدەگرم. گوتم برادەران هیچ توڕە مەبن، ئەوە کاك بەهمەن و کاك بەڵێن ماون، پێمگوتن قادر عەزیزەکە کێیەو کۆسرەت سابیریش برای من نییە، کوڕی سابیر شێخ جامیە. جا ئەگەر بەو قسانەدابچی جیایە، بەڵام من هیچ داهاتێکی دیکەم نەبووە. من لەزۆر قۆناغی مێژووییدا پەیوەندیم لەگەڵ مام جەلال

باشبووە، ئێستاش پەیوەندیمان باشە، خەڵکێك پێیوابوو دەستەڕاستی مام جەلالم، ئەوە خۆشبەختانە مام جەلال لەژیاندامـاوە، هیوادارم تەمەنی 200 ساڵ بێ، لە غەیری یارمەتی بۆ زەحمەتکێشان، بارۆژێك داوای 10 دینارم لەمام جەلال کردبێ، لەهەر کەسێکی دیکە لەو کوردستانە من ئەو شتانەم نەبووە.

* تۆ کە لە (1974)ەوە پێشمەرگە بووی و ئێستا لەناوەندی بڕیارەوە بەشدارنی و پەراوێزکراوی، بیرت لە ئایندەی خۆتان نەکردۆتەوە بەتەمای هەر بەو حزبە بچووکەوە بچییە هەڵبژاردن، هیچ بیرت نەکردۆتەوە لەگەڵ حزبێکی گەورە یەکگرن، چونکە ئەو کاتە زیاتر دەتوانی خزمەت بکەی، چونکە لە حزبی بچووك ئەو ئیمکانییەتەت نییە بتوانی خزمەت بکەی؟

ـ لەپێشدا دەبێ بزانی حزب لە بچووکییەوە گەورە دەبێ، هەمووومان بە ئومێدەوە خەبات دەکەین، هەمووشمان بڕوامان بەخۆمانە، گەورەیی و بچووکیش پەیوەندیی بە تەمەن و مێژووی ئەو حزبانەیە و دوای راپەڕینیش بەشێکی زۆر پەیوەندی بە پارەو ئیمکانییاتەوە هەیە کە ئێمە نییمانە. ئێمە تا ئێستاش گەمارۆیەکی ئابووریمان لەسەرەو وەك کوردەواری دەڵێ بخۆو بڕۆیە، واتا بودجەی ئێمە، بودجەی گەشەکردن نییە، تەنها بودجەی نان خواردنە، بەڵام دیسان دەیان حیزب لەمێژوودا هەبووە کە بچووك بووەو دواتر گەورە بووە، جگە لەوەش ئێمە قەناعەتێکی جیاوازمان هەیەو، لەرێکخراوێکین کە لەگەڵ قەناعەتی خۆمان بگونجێ راستە ئەگەر لەگەڵ دوو حیزبەکەی دیکە ئیش بکەین، بێگومان لەرووی ئیمتیازاتەوە زیاترمان دەستدەکەوێ. زۆربەی ئەو کەسانەش کە دەبنە پارتی یان یەکێتی و سەنگەر دەگوازنەوە هەر بۆ ئەوەیە.

* هەر ئیمتیازاتەکە نییە، بەڵکو زیاتر خزمەتی خەڵکیش دەکەی..

ـ ئەوەیان نازانم، بەڵام ئێمە حزبێکین، بەشبەحاڵی خۆمان خەڵکی بۆ سەربەخۆیی بۆ کوردایەتی و بەپاکی پەروەردە دەکەین، ئەوەندەی توانامان هەبێ، کردوومانە. ئێستا زەحمەتکێشان هەزاران ئەندام و کادیرو لایەنگری هەیە، خۆ هەر هیچ نەبێ توانیومانە ئەوانە پەروەردە بکەین بەو بیرو باوەڕو قەناعەتەی کە هەمانە. من

پێموایە ئەوەش یەکێکە لە خزمەتی کوردایەتی. خزمەتی خەڵکیش هەر ئەوە نییە تۆ لەگەڵ دوو حیزبەکە بیت. دوو حزبەکەش بەشی خۆیان خەڵکیان هەیە، با لە کوردستان فرە حزبی هەبێ. ئەو کاتەی دەتوانی خزمەت بکەی کە جێ پەنجەت لە دروستکردن بڕیارەکانی هەبێ شتێکی باشە، بەڵام ئەو فرەحزبییەی ئێستانا. مەسەلەی بەشدارنەبوون لە بڕیاردان، ئەوە پەیوەندیی بەو دوو حزبەوەیە، ئەوان نایەڵن حزبەکانی دی لەبڕیاری سیاسی بەشداربن.

* بەڵام ئەگەر هێزێکی کاریگەر بێ، بەشدارییان پێدەکرێ.

ـ نا. هیچ پەیوەندیی بەهێزی کاریگەر نییە، ئەگەر دیموکراسی لەو وڵاتە هەبێ، ئەگەر بچووکترین حزب بێ، تۆ لە قەراری سیاسی بەشداری دەکەی، ئێستا خۆ یەکگرتووی ئیسلامی حزبێکی کەم نییە، 9 کورسیی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، کەچی لە هیچ شتێك بەشداریی پێناکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو دوو حیزبە باوەڕیان بە فرە حزبییەتی راستەقینە بەبەشداریکردنی حزبە سیاسییەکان لە بڕیارداندا نییە، بەتەنیا بڕیاری سیاسی دەردەکەن. مەسەلەکە گەورەیی و بچووکی نییە، کاتێ دیموکراسی و یاسا لەو وڵاتە هەبوو، تاکێکیش لەبڕیاری سیاسی بەشداریی پێدەکرێ، بەڵام ئەگەر ئەو دوو حزبە، بەو شێوەیە کاربکەن حزبی زەحمەتکێشان 20 کورسیشی لەپەرلەمان هەبێ، هەر پەراوێز دەکرێ. زۆر جار پروپاگەندەمان لەدژ دەکرێ، کە یەکێکە لەشەڕی سایکۆلۆژی و ململانێ، بەڵام ئێمە ئەو کۆمەڵە خەڵکەین کە قەناعەتێکی تایبەت بەخۆمان هەیە، کە مێژووەکەمان خەڵکێکی پاك و خاوێن هەڵوێستین لە کوردستان، هیچ رۆژێ لە رۆژان بیرمان لەوە نەکردۆتەوە لەگەڵ ئەو دوو حیزبە یەکبگرین، ئێمە بەدۆستی خۆمانیان دەزانین، سەردەمی ململانێ و دژایەتیکردن بەسەرچوو، ئێستا سەردەمی هاوکاری و برایەتییەو پێمانوایە ئەو دوو حیزبە کێشەی ژمارەیان هەبێ، ئێمەش زیادین و خەڵکی دیکەش بچنە ناویان، ئەو کێشانەی ئەوان هەر کۆتایی نایەت، کێشەی ئەوان لەسەر شێوەی ئیدارەکردنی وڵاتە، کە ئێستا بە بنبەست گەیشتووە.

* قەت گوشارت نەخراوەتەسەر لەلایەن ئەو دوو حزبەوە کە بچنە ناویان؟

ـ نەخێر. لەوانەیە حەزیانکردبێ، یان لابەلا قسەکرابێ، بەڵام بە رەسمی داوام لێنەکراوە.

* بەنیازنیت مەکتەبی سیاسیت بێنیتەوە هەولێر؟

ـ بەپێی قانونی حزبەکانیش هەولێر مەرکەزی سەرەکی حزبەکانە، ئێمە بەهۆی وەزعێکی تایبەت مەکتەبی سیاسیمان هاتە سلێمانی. زوو یان درەنگ بێگومان دەبێ مەکتەبی سیاسی بگەڕێتەوە هەولێر، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەو بنکەو بارەگایانەی کە هەمانبووە لە هەولێر، تا ئێستا وەرمان نەگرتۆتەوە بەتایبەتی بارەگای مەکتەبی سیاسی کە لەسەر خۆشیان تاپۆکردووە.

* مەسرەفێکی زۆریان لێکرد؟

ـ مەسرەفەکە لە خەزێنەی میللەتی کوردە، خۆ پارەی خۆیان نییە، لە کاتێکدا ئێمە عەقدی (25) ساڵمان هەبووە ، هی ئەو بینایەیە، کە ئەوان بەبێ گوێدانە ئەو عەقدە، تاپۆی کردووە، کە ئەمە شتێکی نا یاساییە، ئێمە زوو یا درەنگ داوای ئەو بارەگایە دەکەینەوە، دەتوانین بەپێی قانون لەپارتی وەریبگرینەوە، ئەگەر ئێستا لەکوردستان قانون نایخوا، ئەوە شتێکی ترە.

* رات بەرامبەر پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان چییە؟

ـ ئەو پەرلەمانەی ئێستا هەیە، پەرلەمانێکی حزبییە، خاوەن ئیرادەی خۆی نییە، بەپێی بڕیاری حزب ئیش دەکات، بۆیە پێموایە تا ئەوهابێ، ناتوانێ لە کوردستان هیچ بکات.

* بە تێڕوانینی تۆ، پێکهاتەی حکومەتی یەکگرتوو چۆن دەبێ؟

ـ بەهەمان شێوە دەبێ. حکومەتێکی زیاتر (فیفتی ـ فیفتییە) لە کوردستان، بەشدارییەکی شکلی حزبەکان پێدەکرێ، کە ئێمە هەموو حزبەکان نارازین لەسەر ئەو شێوازە.

* بۆچی شکلییه، کە وەزیر هەبێ؟

ـ وەزیر جیایە. تۆ بەشداری لە دەسەڵات، یان بەشداری لە کابینە. پاشان تۆ وەزارەتێکت دەدرێتێ، دەتوانی بە ئازادی هەڵسوکەوت لەو وەزارەتە بکەیت؟!، یان وەزارەتێکت دەدرێتێ، وەزیر بەس کارمەندێکەو باقی خەڵکەکەی هی دوو حزبەکەن، تۆ ناتوانی لە پێستی خۆت بجوڵێیتەوەو هیچ کاریگەرییەکی نابێ. بۆیە ئێمە خۆمان وەزارەت بە ئیمتیاز نازانین، وەزارەت بە مەسئولیەت دەزانین، تەجروبەی (فیفتی ـ فیفتی) لەکوردستان خۆی فەشەلی هێنا، ئەوان لەجیاتی بێن دیراسەی ئەو تەجروبەیە بکەن و بەخۆیاندا بچنەوەو جارێکی دیکە پێکهاتەیەکی حکومەت دابمەزرێنن کە بتوانن کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکا، کەچی پێیانوایە ئەوە ئیمتیازە دەدەنە حزبەکان و زۆرجار ئیستفزازیشمان دەکەن لەو ئیمتیازە. ئێمە پێمانوایە ئەمە شێوازێکی سەرکەوتوو نییە، بەڵام خۆیان مەسئولن لەو سیاسەتە. هەروەها ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەشدارییەکی کاریگەرمان لەو حکومەتەدا هەبێ، رامان هەبێ و تەحەمولی سەرخستنی ئەرکی ئەو حکومەتە بکەین لە چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە یەکێتی و پارتی چ بە حکومەتی هاوبەش، چ بە حکومەتی جیا، ئەوە بۆ (15) ساڵ دەچێ نەیانتوانی کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکەن. ئێمە ئەگەر تێشیدا نەبین، ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆمان دەزانین و هاوکاریی دەکەین، بەڵام با پێکهاتەی ئەو حکومەتە، نەك حزبەکان، خەڵکی دەرەوەی حزبەکانیشی تێدابێ. ئەو حزبایەتییە تەسکە زەرەری لەخۆشیان و میللەتەکەش داوە.

* بەنیازن هیچ پۆستێك وەربگرن؟

ـ ئەوجارە پرس بە کەس نەکراوە، بەڵام کاتی خۆی گوتیان وەزیرێکی هەرێمیان بۆ ئێمە داناوە، ئێمەش بەوە رازی نەبووین، چونکە پێمانوابوو ئێمە شایستەی ئەوە نین وەزیری هەرێممان پێبدرێ، چونکە تا ئێستا ئێمە لە هەر سێ کابینە بەشداربووینە، وەزارەتی ئەساسیمان وەرگرتووە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەو رۆشنبیریمان وەرگرتووە، ئێستا لەجیاتی زیاتر بایەخ بە حزبەکان و رۆڵیان بدرێت، خێرە

وەزارەتێکی هامشیمان دەدەنێ، لەگەڵ ئەوەش ئێمە رامان وابوو هەر بەشداری بکەین، بەو پێیەی ئەگەر رایەك، بۆچوونێك دەربڕین، هەر باشە. هەروەها حزبەکانیش رایان وایە و هیچیان بەو پۆستە رازی نین کە پێیان دراوە.

* بەڵام هەڵوێستیشیان نییە؟

ـ نازانم. بەڵام لێی رازی نین. دەزانی دەبێ چۆن سەیری مەسەلەکە بکرێ، تۆ حکومەت بۆکێ دروست دەکەی، بۆ ئەو میللەتە، بۆ ئەو حزبانەیە کە ئەوانیش نوێنەرایەتی بەشێك لەو میللەتە دەکەن. تۆ دەبێ هەوڵ بدەی ئەو خەڵکە یەکەم متمانەی بەو حکومەتە هەبێ کە ئەوە زۆر گرنگە، دووەم کە متمانەی هەبوو پشتگیری لە حکومەتەکە بکات. پشتگیری لە بڕیارەکانی حکومەتەکە بکات. ئەگەر ئەوە نەبوو خۆت زەرەر دەکەی، جا ئەگەر حزبێك بەنابەدڵی بەشداری کردو پێیوابێ بەشداریکردنەکەی زۆر هامشیەو ئەگەر متمانەی بە حکومەتەکە نەبوو و پشتگیری نەکرد، ئەوکاتە ئەوانیش ناتوانن لەکارەکەیان سەرکەوتوو بن.

دەبێ یەکێتی و پارتی شتێك بکەن، بەراستی خەڵکی کوردستان ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆیان بزانن. ئەوە کاتێك دەبێ کە خەڵکێك بەشدارییەکی کارایی لەو حکومەتەدا هەبێ، چ نوێنەری ئەحزاب، چ خەڵکی بێلایەن. بۆ خەڵکی بێلایەن کەمە؟ خەڵکی بێلایەن لە قەواعیدی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەش زۆرترە، بۆ بەشداریی پێنەکرێ. لەبەر ئەوە ئێمە ئەزموونێکی دوورو درێژمان هەیە، لەو ئەزموونەش سەرکەوتوونەبووین وەکو پێویست. کاتی ئەوە هاتووە چاوێك بەخۆماندا بخشێنینەوە، دیارە ئەو چاوخشاندنەوەیەش دەبێ یەکێتی و پارتی بیکەن. شێوازی حوکمڕانیی ئەوان بە تەواوی بە بنبەست گەیشتووە. ئەگەر ئەو شێوازی حوکمڕانییە نەگۆڕن میللەت زیاتر ناڕازی دەبێت. نابێ لە کوردستان دوو میللەت هەبێ، ئەوەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی نەبێ هاووڵاتیی پلە دوو بێ و هەموو مافێکی بخورێ.

* راستە خەڵك ناڕازییە، بەڵام دەبینی لە بچوکترین بۆنەدا دەیان هەزار کەس ئاڵای زەردو سەوز هەڵدەشەکێنن؟

ـ ئەوە جیایە، دەتوانن خەڵکێکیش بۆ ئەو کارانە ئامادەبکەن. یان خەڵکێك لەبەرامبەر بەغدا پشتگیرییان دەکا، ئەوە بۆ ئەوان نییە، با پارتی و یەکێتی هەر یەکە بەجیا بەشداریی هەڵبژاردنی بکردایە، بزانە چەند دەنگیان دەهێنا، راستە دوو حزبی گەورەن، بەڵام ئەوەی بەغدا دەنگی کوردە لەبەرامبەر بەغدا، دەنگی حزبێك و دوو حزب نییە بە تەنها، خۆشیان ئەوە دەزانن، هەمووشمان ئەوە دەزانین لەبەر ئەوە دەبێ ئەوان نوێنەری خەڵکی کوردستان بن، نەك نوێنەری حزبەکان، یان ئیمتیاز لە کوردستان بەس بۆ حزبەکانی خۆیان بێ، یا خەڵکی بێلایەنیش پێیان بدرێ. لەعێراق دوای رووخانی سەدام (50 ـ 60) سەفارەت ئاوەدانکراونەتەوە، لەهەر سەفارەتێك وەك ئێمە بیستوومانە (8) پشکی بۆ کورد هەیە، تا ئێستا یەك کورد پۆستێکی وەرنەگرتووە، لە غەیری پارتی و یەکێتی. بۆ؟ ئەو پۆستە بەناوی کورد دەدرێ، با دووکەسی بێلایەنیشی تێدابێ.

# فاتح رەسوڵ

فاتح رەسول جگە لەوەی خەڵکی کۆیەیە، کەسایەتییەکی دیاری ناو بزاڤی حزبی شیوعی عێراق بووەو، ماوەیەکیش سکرتێری ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان (کە لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق)بووە، بەتایبەت لەساڵانی تێکچوونیان لەگەڵ حزبی بەعس لە ساڵی 1979، واتە کاتێك پەیوەندی نێوان حزبە کوردستانیەکان ئاڵۆزی تێدەکەوت، بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حزبی سۆشیالیست و پارتی و..هتد

هاورێ فاتح ئاگاداری نیازپاکی هەر لایەکە کە هەیبووە، بەڵام هەست دەکەی لەم دیمانەیەدا، نایەوێ هەموو شتێك بڵێ، بەڵکو دەیەوێ هەندێ شت لەسەر زاری ئەوەوە نەوترێ، تەنانەت لە نووسینی بیرەوەرییەکانیشی هەر وای کردووە، بۆیە کاتێك بە هەندێك پرسیار تورە دەبوو، حەزی دەکرد هەندێ زانیاری بدات، بەڵام یەکسەر خۆی لێدەکێشایەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەستم کرد ئەوکاتەی کە سکرتێری هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعیش بووە، ڕۆڵێکی زۆر تەوافوقیانەی هەبووەو، بڕیاری یەکلاکەرەوەی نەبووە، تا وای لێهات ئەو حزبەش ڕووبەڕووی شەڕی ناوەخۆبووەو تێوەگلا، بەڕادەیەك گەورەترین زیانی لەخۆیدا، شەڕی پشت ئاشان نیشانەیەکی زەقی ئەو شەڕە کاولکارەی ناوخۆیە.

فاتح رەسول رووی لەهەندەران کردو، لەکاری حزبایەتی دوورکەوتەوە، بەڕادەیەك کە دەهاتەوە کوردستانیش ڕۆڵێکی کاراو بەرچاوی نەبوو، بەڵکو هەوڵی دەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بپارێزێ و ئەویش لەدەست نەدات، لەم دیمانەیە نزیکەی یەك ساڵ و نیو (18)مانگ بەر لە ئیمڕۆ کراوە، کە هێشتا حەزی دەکرد دیمانەکەی خۆی ببینێ، زۆر بەداخەوە هێشتا لەرووی تەندروستییەوە، هاتووچۆو سەفەری دەکردو باش بوو، بەڵام مردن تەنگی پێهەڵچنی و تا گیانی لێ سەند، بەڵام فاتح لە هەموو بارێکدا تێکۆشەر بوو، نیشمانپەروەر بوو بەسەر بەرزی ژیا، خزمەتی زۆری میللەت و نیشتمانەکەی خۆی کرد، هەر بە پاکیش گیانی بە خاك سپارد.

* باشە مامۆستا دەکرێ بزانین ڕێك ئینتمای سیاسیت بۆ ساڵی چەند دەگەڕێتەوە؟

- ئینتمای سیاسیم بەبێ کەم و زیاد دەگەڕێتەوە بۆ شوباتی 1946، لە شوباتی 1946 منیان بۆ ئەندامییەتی لە حیزبی شیوعی عێراقی پاشی چەند مانگێك ڕێك ئەتوانم بڵێم لە ناوەڕاستی دەورووبەری حوزەیران وەرەقەی ئەندامییەتیم بۆ هات کاغەزێکی بچووك بوو بە خەتی ورد نووسرابوو بە ئیمزای فەهد، یەکەم ناوی نهێنیم لە حیزبی شیوعی عێراقی گەندوش بوو پرسیم لەو برادەرانەی ئەو ناوەیان بۆ من هەڵبژارد بوو دووکەس بوون هەردووکیشیان ئێستا لە ژیان ماون وتم گەندوش یەعنی چی گووتیان یەعنی دەرزی بێگومان لەوکاتەوە من بەردەوام بووم لە حیزبی شیوعی.

* بۆچی ئیمزای فەهد بوو؟

- یەکەم جار ئێمە کە یەکەم شانەی حیزبی شیوعی لە کۆیە دانرا پەیوەندی ڕاستەوخۆمان بە بەغداوە هەبوو، چونکە حیزبی شیوعی ڕێکخستنی شەبەکەی رایەڵی ڕێکخستنەکەی لە لیوای هەولێر تازە دەستپێکرد بوو زۆری نەخایاند هەر لە کۆتایی 1946 یەکەم لیژنەی مەحەلی لە هەولێر پێکهات پەیوەندی کۆیە یەکسەر بە هەولێر گرێدرا.

* باشە لە ساڵی 1946 کە بوویە شیوعی ئەی لە ساڵی 1947 بۆچی بە تۆمەتی بارزانییەکان گیرای، شتێکی لەم بابەتە هەبوو؟!

- تەبعەن پاش ئەوەی کە زۆر بەداخەوە کۆمەڵەی کۆماری مهاباد لەلایەن ئەرتەش و سوپای داگیرکەری ئێرانی بە سەرۆکایەتی جەنەڕال رازمارا هان، مهاباد گیراو قازی محەمەد و دەورووبەری شەهیدکران، بارزانی مەلا مستەفای نەمر لەگەڵ پێنج سەد کەسێك شێرانە بەخۆڕاگری بەربەرەکانێی سێ حکومەتیان کرد عێراق و ئێران و تورکیا، تا توانیان لە ئاوی ئاراس بپەڕنەوە ئەو بارزانیانەو ئەو خێزان و شتانەی کە مابوون لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی نەمر لە دیانا کەمپێکیان بۆ کراوە ناوی لێندرا کەمپی دیانا عەلی حیجازی کە ئەوکات بەڕێوەبەری

پێویستی گشتی بوو سەرپەرشتی ئەو کەمپەی دەکرد، ئێمە یەکەم رێکخراوبووین زۆر چالاکانە کەوتینە ئیشکردن، هەر رۆژە برووسکەیەکمان لێئەدا بۆ رۆژنامەکانی بەغدا"اگلق سراح البارزانین المحجوزین فی کمب دیانا، اگلق سراح شێخ أحمد البارزانی" من ئەو وەختە پۆلی دووی ناوەندی بووم نەختێك ئەتوانم بڵێم بزێو بووم، رۆژێك چەند جار لە بازاڕی قوتابیان وەڵلا لە هەموو شوێنێك زۆری نەخایاند لە کۆتایی نیسانی 1947 عارف تاڵەبانی قایمقامی کۆیە بوو رۆژێك منیان گرت لەگەڵ چەند کەسێکی دی، یەکسەر ئێمەیان نارد بۆ هەولیر، لە هەولێریش ئێمەیان نارد بۆ سجنی موسڵ.

* باشە لە ساڵی 1946 بووی بە ئەندام لە حیزبی شیوعی، ئەی ساڵی چەند بووی بە ئەندامی سەرکردایەتی واتە کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبی شیوعی؟

- ئەو پرسیارە چەند قۆناغێك دێنێتە پێش، من وەك بۆ جەنابتم باسکرد لە 1947گیرام پاش هەوڵوتەقەلایەکی زۆر بەر بووم، کە بەربووم چوومەوە دەوامم کرد لە قوتابخانەو ناوەندیم تەواوکرد هاتمە ئامادەیی لە ئامادەیی ئەو وەخت شەهید جەمال حەیدەری بەرپرسی هەولێر بوو یەك لەو کەسانە بووم کە لە ئیشکردن و لە پەیوەندی حیزبی نزیك بووم لەو، نێزیك بووم لە ئەو.

* تۆ ساڵەکەم پێ بڵێ، بڵی ساڵی ئەوەندە بووم بە سەرکردایەتی؟

- ئاخر دەزانم ئێستا دێم، دوایی دیسان لە 1949 لە سانەوی هەولێر دەرکرام.

* لەسەر سیاسەت؟

- لەسەر حیزبی شیوعی، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لە مەحکەمەی عورفیی عەسکەریی یەکەم کە سەرۆکەکەی (عقید عبدالله نحسانی) بوو، زۆر بە قەرەقووشی ئێمەیان حوکم دا، کۆمەڵێك لە کەسایەتی ناوداری هەولێریشمان لەگەڵ بوو، هی سلێمانییشمان لەگەڵ بوو، وەکو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کاك کەریم ئەحمەد، رەئوف مەعروف، خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لە هەولێر، فایق نادر براکەی عەونی یوسف، ئاری جەلیل وشیار بوو، ئێمە هەموو حوکمدراین و کۆمەڵێکی زۆر حوکم دران، کە بەربووم دیسان لە سنوورو شتی وا بوومە ئەوکاتە

بێگومان وەفدی حیزب ئەوەبوو ئیشوکاری مەنتیقەی کۆیە بە من ڕاسپاردرا، لە 1956 بوومە ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی دوورخراوەکان لە بەدرە کە 130 شیوعی بوون ئاستێکی قیادی هەبوو، من بووم بە ئەندامێکی ئەو هەیئەتە، لە دوای 14ی تەمموز.

* بە هەڵبژاردن بویی یان بە...؟

- نا هەموو بە تەعین.

* لە 1956 کۆنفرانسەك بەسترا کە کۆنفرانسی دووەم بوو؟!

- نەء، نەء، ئێمە لە سجن بووین، هەڵبەت لە پاش ئەوە ئەمن زۆر لە زیندان مامەوە، 7 مانگ پێشی 14ی تەمموز بەربووم، لە 14ی تەمموز ئۆتۆماتیکیەن شەهید نافع یونس سکرتێری لیژنەی مەحەلی لیوای هەولێر بوو، لە 27ی تەممووزی 1958 هاتە کۆیە، من ئەوکاتە سەڵت بووم، ژنم نەبوو، گوتی تۆ بویە کادری موحتەریف و لەم ڕۆژەوە نابێ هیچ ئیشێ بکەی، من دوکانم هەبوو لەگەڵ برام و بابم و ئەوانە، گوتی دەبێ واز لە هەموو شتێك بێنی بێگومان ئێمە ئەوەندە دڵسۆز بووین بۆ ئایدیۆلۆژیاو بۆ بیرو بڕوا وامزانی جائیزەیەکی زۆر گەورەم وەرگرتووە، شەقەکم لە هەموو ئیش و شتەکان داو ملم لێنا بووم بە سەربازێکی حیزب و ئەندامی لیوای هەولێر.

* مەحەلی بوو لیوا نەبوو؟

- لیژنەی مەحەلی بوو، پاش چەند مانگێك لە بەغداوە بڕیاریان دا منیان حەپس کرد، هاتمە ئێرە(هەولێر) ڕێك لە سەرەتای 1959 بوومە جێگری سکرتێری لیژنەی مەحەلی لیوا و بەرپرسی بزووتنەوەی جووتیارانی لیوای هەولێر. ئەوکات حیزبی شیوعی تاڕادەیەك زاڵبوو بەسەر هەموو بزووتنەوەی فەلاحی لیوای هەولێر. هەڵبەت سکرتێری حیزب لە هەولێر ئەوکات شەهید ئەحمەد مەحمود حەلاق بوو، من ئەندامی مەکتەب بووم و لەگەڵ نەمر عادل سەلیم، بەڵام ئیشوکاری بزووتنەوەی جوتیارانی لیواکە و ئەوانە هەمووی لە ئەستۆی من بوو، وەکو دەڵێ

خۆشبەختانە زۆر لەو تێکۆشەرە فەلاحە ئازایانە ئێستا ماون، پێویست بەوە ناکا هەندە زۆرن کە ناویان بدەم.

* بەڵێ ناویانم ناوێ، مەبەستم تەنها ئەوەندە بوو رێك ساڵی چەند بووی بە سەرکردایەتی؟

- با پێت بڵێم لە کۆتایی 1960 ئاگاداریان کردمەوە کە بۆ هەرێمی کوردستان پاڵێوراوم.

* مەکتەبی ئیقلیم؟

- نەء، پاڵێورام بۆ ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان، ئەو وەختە ناوی (لجنە اقلیم کردستان لحزب الشیوعی العراقی) بوو، گواسترامەوە بۆ کەرکووك، بەرپرسیارەتی حزبیی فرقەی دووی جەیشی عێراقیان پێ سپاردم و ماوەی 1961، 1962 تا 8ی شوباتی 1963، 40 شەویش دوای 8 شوبات لە کەرکووك بەنهێنی مامەوە کە حوکم درام و حوکمی غیابی درام بە ئیعدام و رەسم و شتم بڵاوکراوە، ئەو وەختە لەلایەن هاورێیەك کە ئێستا خۆشبەختانە ماوە، زۆریش برادەرێکی نێزیکمە هەرچەندە بە تەمەنەو پیرە ئەو هات پێی گوتم کورە خۆت نەجات دە، ئەوە لێتدەگەرێن بتگرن لەت و پەتت دەکەن، چونکە چەند ئەفسەرەك و چەند کەسەك دانیان پێداناوەو گەیشتمە شاخ، لە شاخ وەکو کادرێك، ئێمە چەند کەسێك بووین مابووینەوە قیادەی حیزب هەمووی ئیعدام کران، سکرتێرمان ماوەیەك کاك عەزیز بوو، دوایی کاك کەریم بووە سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستان.

* لە شاخ مەبەستت 1963یە یان 1979؟

- نا نا مەبەستم 1963یە، لە 1963من مامەوە لە شاخ تا 1968 بۆ ماوەی ساڵ و نیوەك تا دوو ساڵ، ئیشوکاری رێکخراوەکان و سەرپەرشتی رێکخراوەکانی حیزبی ناو پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراقی بووم لە ناوچەی گەڵاڵەو رەواندوز، بنکەکەم لە دەرگەڵە بوو، دوای ئەوە چوومە دەرەوە لە پەیمانگای (مارکسی-لینینی) خوێندم، وانەکانی ئابووری سیاسی و بزووتنەوەی کرێکاری و ئەوانەم خوێند، ئاگاداریان کردم لە ساڵی 1972 پاڵێوراوم بۆ لیژنەی مەرکەزی حیزبی

شیوعی عێراقی، لە کۆنگرەی 1976، لە کۆنگرەی "3" بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرام و مامەوە لە لیژنەی مەرکەزی تا کۆتایی 1985. لە کۆنگرەی"4" ئێمە کۆمەڵێك لە کادرە کۆنەکانی حیزب دەنگمان نەهێنا، بەڵام وەکو کادری (متقدم) ماینەوە من ئەوکاتە چوومە سوریا، لە سوریا بوومە ئەندام لە نووسینگەی پەیوەندی هێزەکانی نیشتمانیی سەربە مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقی و "3" ساڵ لەوێ پەیوەندیم بە ئەحزابە کوردییەکان دەکرد.

* واتە بەڕێزت لە ساڵی 1972 هەڵبژێردرای بۆ سەرکردایەتی؟

- بەڵێ.

* هەڵوێستی بەڕێزت لە وتووێژی حکوومەتی بەغدا بۆ چوونەناو (بەرە) یان نەچوونە ناو جەبهە چۆن بوو، لەو دەنگدانانە لەگەڵ بەشداریکردن بووی لەگەڵ حکوومەت لە یەك بەرەدا یا دژبووی، بەڵام تۆزێك بە کورتی چونکە بەم شێوەیە بێ زۆر درێژ دەبێ؟

- هەقیقەت ئەمن، لە هەموو نووسینەکانم نووسیتم لە هەموو کارەکانی حیزبی شیوعی لە چاکەو خراپە بەشداربوویمە، من لەو بڕیارە لەگەڵ هاوکاری و تەعاون بووم لەگەڵ بەعس.

* لەگەڵ بەعس؟!

- بەڵێ چونکە ئێمە ئومێدمان ئەوەبوو پارتیش بێتە ناو جەبهەکە، بەو ئومێدە بووین.

* باشە لە 1979، کە چوونە شاخ دەڵێن ئێوە یەکێکتان گرتووە بە تۆمەتی بەکرێگیراوی کە ناوی حوسێن ڕەسول میران بووەو دەڵێن سێ حیزبی کوردستانی بەرگریان لەو حوسێن ناوە کردو داوای ئازادکردنیان دەکرد، دەکرێ بزانین ئەو سێ حیزبە کێ بوون؟

- من ئەوکاتە لە ناوزەنگ بووم سەرپەرشتی ئیشوکارەکانم دەکرد، کە لە (بەرید)ی ڕێکخستنەکانی قەڵادزە ناوەکمان بۆ هات، وتیان کوڕێك هەیە ناوی حوسێنە، ئەو کوڕە هات ئیلتیحاقی کرد، کە ئیلتیحاقی کرد گوتیان ئەوە جاسوسێکی خەتەرە،

سۆشیالیست گوتی ئەمە هی ئێمەیە و یەکێتی نیشتیمانی گوتی هی ئێمەیە، دوایی پارتیش گوتی هی ئێمەیە، پاشان خۆی بە هیچ رانەوەستا هەڵات و فیسکەکی لە چاوی هەمووان دا و چۆوە ناو رژێم.

* ئێوە بەرتاندا، یان...؟

- نەء، ئێمە بەرمان نەدا، دوایی ئێمە تەسمیلی سۆشیالیستمان کردەوە، ئیسراریان کرد و پێیان داگرت وتیان ئێمە کەفالەتی دەکەین.

* حیزبی شیوعی ئی هەموو عێراق بوو..

- بەڵێ.

* سەبارەت بە ئەوکاتە، کوردستانچییەتی و کوردستانییەت و ئەوە نەبوو حیزبی شیوعی عێراق بوو و هەر تاکێکی دیکە کە لە ریزی حیزبی شیوعی عێراق بوو کەچی کە لە 1979 حیزب لێدرا چووە شاخ لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی تەنها چوار هاوڕێ لە شاخ مانەوە ئەوانیش کورد بوون کە ئەوانە سەرکردایەتی بن بەڕێزت یەکێك بووی لەوانە، لەگەڵ ئەحمەد بانی خێلانی و هاوڕێ کەریم ئەحمەد و چەند کەسێك بوون، کەچی عەرەبەکان هەموو چوونە ئەوروپا، ئێوە ئەوکاتە هیچ تێبینییەکتان نەبوو باشە بۆ دوو عارەب لە سەرکردایەتی حزب لەگەڵتان لەو شاخە نەمانەوە، کار بکەن؟

- خۆی ئەو بۆچوونەی جەنابت زۆر راستە، حەقیقەت لە سەرەتای راکردنمان بۆ شاخ، لە سەرەتای 1979 کۆتایی 1978، بەڵام دوابەدوای ئەوە لە ساڵی 1980-1981 ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە کاکی خۆم بڵێم، یەکە یەکە هاتن...

* ئەوانیش سەردانیان دەکرد؟!

- نا نا زۆریان مانەوە، بە حەقیقەت مانەوە، مەهدی عەبدولکەریم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو لە کوردستان شەهید بوو، بە سەکتەی قەلبی مرد، عەبدولوەهاب تاهیر ماوە، واتە مەسەلەکە دووبەش بوو. لە سەرەتا راستە، بەڵام دوای ئەوە لە 1981 ئەوانیش هەبوون و پەیدا بوون.

* دوای ئەوەی کە حیزب بارەگای کردەوەو فراوان بوو هاتنەسەر حازرەکی؟
- بەڵێ، بەڵێ.
* ئەوکاتە یەعنی لە 1979 ئێوە داواتان نەکرد باشە بۆ ئەوانیش نایەن؟
- ئەوە ئەگەر کتێبی "صفحات من تاریخ نچال الشعب الکردی" بەشی یەکەم بخوێنیتەوە، ئیشارەم پێدایە. من لە 1979 دەقی کاغەزی من لەو کتێبە نەشرکرایە کە پێشنیارم کردیە، پێویستە عەرەبەکانیش بێن.
* کەس تەبەنی ئەو بۆچوونەی نەکردی؟
- ئەوکات وەڵامیان نەدامەوە!
* تۆش بەدوای دانەچووی؟
- وەڵڵا هەر بە دوای دادەچووم، بەڵام ئەوە بە رەسمی ئێستا بڵاوکرایتەوە دەقی کاغەزەکە، تۆ جەنابت ئەو کتێبەت نەدیوە.
* دیومە بەس رەنگە لە بیرم نەمابێ؟
- تازە دەرچووە.
* نەء، ئەوەی ئەخیرم نەدیتییە.
روخسەت هەیە بیهێنم، دەقی نامەکەی کە من ناردیتم لە 1979 لەو کتێبەدا هەیە.
* نا پێویست ناکات! باشە لە ساڵانی 1979 کە بەدرێژایی 1979-1980 کە لە شاخ بووی ئێوە هەمیشە لەناو ئەو کێشەو گرفتە قووڵانەی حیزبە کوردستانییەکان هاتووچۆتان کردووە، تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئاگاتان لە حیزبی شیوعی نەمابوو، بە قەد ئەوەی جیاوازی و ململانێیەکانی حیزبەکان ئاڵوگۆڕ بکەن و کامە باشەو خەتایی ئێوەیەو خەتایی ئەوی ترەو، ئەبێ چاك ببنەوەو...هتد. پرسیار ئەوەیە، ئێوە بیرتان لە خۆتان نەدەکردەوە، نەخشەیەك بۆ حیزبەکەی خۆتان دابنێن، حیزبی شیوعی لێیدراوەو هاتۆتە شاخ جێ پێگەی خۆی بکاتەوەو ئێوە بوونەتە حەکەمی نێوان یاری ئەو حزبانە؟ رەنگبێ جەنابت لە هەمووان زیاتر ئەو رۆڵەی ناوبژیوانیشت دیبێ؟

- ئەو تێبینییەی کە جەنابت باسی دەکەی راستە، بەڵام ئێمە هەموومان لە دوو کەناڵ ئەجوولاینەوە، یەك قەناعەتمان بەوە هەبوو کە چەند بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد یەك بگرێ، ڕێکوپێکبێ، بەتایبەتی کێشەی توندو دژواری نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی چارەی بۆ بدۆزرێتەوە، ئایندەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی عێراقی گەشە دەکاو بەرەوپێش دەچێ.

* بەڵام ئێوە هەستتان نەدەکرد تازە چوونەتە شاخ؟

- ئێمە، ئێمە قەناعەتی تەواومان ئەوەبوو، من یەك لەوانە لەو قەنەعاتە دابووم کە چەندە زەمینەی برایەتی و تەبایی بۆ ئەو رێبازە رێکبخرێ ئەوەندە تەنزیماتی ئێمەش، تەنزیماتی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و تەنزیماتی دیموکراتی لە عێراق گەشە دەکات.

* بەڵێ، بەس ئێوە بیرتان لە خۆتان نەدەکردەوە، ئێوە لە حاڵەتێکدا هاتوونەتە دەرێ ئینقاز کراون کە یەکێتیش و پارتیش و سۆشیالیستیش هەموویان بە چاوێکی خراپەوە سەیرتان دەکەن لەبەر ئەوەی ئێوە لەناو بەرەیەکدا بوون، ئەو بەرەیە دژ بە میللەت بوو، ئێوە چۆن دەتوانن ببنە حەکەمی ئەو حیزبانە؟

- ئینجا، بابە با پێت بڵێم، من بەشەخسی زۆر لەناو لە کۆڕی ئیشەکەدا بووم، من هەستی ئەوەم نەدەکرد کە ئەوانە بە چاوێکی خراپ تەماشامان دەکەن، جارێ هەتا برادەرانی سۆسیالیست جیا نەبووبوونەوە، هاوکاریمان لەگەڵ هەموویان ڕێکوپێك و تەبابوو، یەکێتی نیشتمانی لەسەرەتادا لە ناوزەنگ و لەو ناوچانە زۆر باش و دڵسۆزانە دەستی یارمەتیان بۆ ئێمە درێژکرد، برادەرانی پارتی لە دەڤەری بادینان دەستی یارمەتیان بۆ ئێمە درێژکرد، کە ئێمە لەگەڵیان دادەنیشتین گوێیان لە ئێمە دەگرت و ئامۆژگاری ئێمەیان بە هەند وەردەگرت، هەروەها تەقەلای ئێمە لە بەینی هێزەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەتی لەوکاتەی کە شەهید قاسملو ئەوەی دەکرد تەجاوب هەبوو لە بەیندا، تەجاوب هەبوو.

* ئا، بەڵام هی ئەوە نەبوو ببنە حەکەم؟

- بەڵام لێرەدا ئێمە نەهاتین یەعنی بڵێین کە لەو بوارە جهودمان سەرف دەکرد، تەنزیمات واز لێ بێنین ئاگامان لە تەنزیمات بوو، کادیری تایبەتیمان هەبوو.

* بەس تێبینیت نەدەکرد کاك فاتح لەو کۆبوونەوانە هەر ئێوە دەچوونە بارەگای حیزبەکان، یەعنی بارەگای بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی، یەعنی ئەوان ئەوەندە نەدەهاتنە لای ئێوە، هەر ئێوە؟

- بەپێچەوانەوە.

* ئەگەر بەپێی تێبینییەکانی خۆشت، ڕێگەی پێ بدەی کە باش دیقەتم داوەتە ئەو شتە، هەموو جارێ ئێوە بە سەردانێك چوونە لەگەڵ فلان و فیساری چوونەتە بارەگای یەکێتی لەگەڵ فلان و ئیستقبال کراون؟

- با پێت بڵێم ئێمە لەبەر ئەوەی وەکو سەر سپی، وەکو تەرەفی سێیەم وا بووین.

* بەڵام ئێوە بە خۆتان، خۆتان کردبووە سەر سپی؟

- نەخێر ئێمە وەکو سەر سپی وەکو ناوبژیوان ڕەفتارمان دەکرد، دوای ئەوە یەکێتی خۆیان زۆربەی مەشاکیلەکانیان دەهێنایە لای ئێمە کە کێشەیان لەگەڵ سۆشیالیست وا دژوارە، وەرن چارەسەری بکەن، پارتی لە هەندێ شوێن، هەندێ تێبینی هەبوو، مەفارزی پارتی دەگیرا.

* بەڵام هیچیشتان بە هیچ نەکرد؟

- نەء، بەپێی قەناعەتی من زۆر شتمان کرد.

* ساڵی 1980 جەبهەیەکتان کرد؟

- ئەوەی یاداشتەکانی من و ئەو سێ بەرگە بخوێنێتەوە"صفحات من تاریخ کفاحە شعب کردی"، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد کە سەدان دیکۆمێنت، سەدان نامە، سەدان کاغەزی سەرکردایەتی حیزبە کوردستانییەکانی تێدایە، هەمووی شایەدن بۆ ئەوەی کە ئێمە بە دڵسۆزانە تێکۆشاوین لەپێناو چارەکردنی مەشاکیلەکان، بەڵام زۆر شت هەبوو لە ئیرادەی ئێمەدا نەبوو، یان

فشاری دەرەوە چ لە ئێران بوو چ لە عێراق بەتایبەتی ئێران و عێراق دەوری زۆر زۆر ناشیرین و نارەوایان دەدیت.

* عێراق بەرامبەر بە کام حیزب دەیدیت؟

- عێراق دەوری ئەوە بوو و هەوڵی دەدا، لەگەڵ هەر سێ حیزبە کوردییەکان هەوڵی دەدا.

* بۆ ئەوەی گرفت دروست بکا؟

- لەگەڵ هەر سێ حیزبەکان، لەگەڵ یەکێتی.

* باشە ئەوان بەخۆیان نەیاندەزانی؟

- زۆرباش دەیانزانی، لەگەڵ یەکێتی هەیبوو، لەگەڵ سۆشیالیست هەیبوو، لەگەڵ پارتی هەیبوو و ئەوەی کە دەڵێ نەیبووە راست ناکا و تەئریخ هەرچی لەژێر....

* بەڵگەت بەدەستەوە هەیە کە بەعس خەڵکەکی دروست کردبێ لەناو ئەو حیزبانە لە سەرکردایەتی؟

- ئەمن هیچ بەڵگەیەکی وەهام بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەو وەسایق و شتانەی کەوا لەلای حیزبەکانە ئیحتیماله بە سەدەها مەلەف و شتی وای تێدابێ، ئەمن هیچ شتەکم بەدەستەوە نییە لەو بابەتە.

* باشە بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی جەنابت دەتکرد لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبە کوردستانییەکان وەك قاسملو بوو، مام جەلال بوو، هەتا ئەوانی تریش؟

- ئێمە دەچووینە راژان لای کاك مەسعودی، لای خوا عافوی کاك ئیدریس بارزانی، لای کاك عەلی عەبدوڵڵا، فازڵ مەتنی، برادەری خۆشەویستم کاك فەلەك ئێمە بەبەردەوام دەچووین، یەعنی...

* باشە ئێوە بارەگایەکتان لە سوریا هەبوو تەقریبەن سەرکردایەتی بڵێین لەوێ بوو؟

- بارەگای سەرەکیی مەکتەبی سیاسی لە سوریا بوو.

* لە سوریا بوو، ئێوەش وەکو سەرکردایەتییەك لە کوردستان بوون؟

- بەڵێ.

* تەوجیهاتتان لە هی سوریا وەردەگرت لە کاتێکدا ئەوان لە دنیایەکی دیکەدا دەژیان؟

- با ئەو حەقیقەتەت پێ بڵێم، ئێمە کە لە کوردستان بووین ئەو هەیئەتەی لە کوردستان بوو خەتی عامەکەی بزووتنەوەکە لە کوردستان ئێمە خۆمان نەخشەکەمان دەکێشا، بەڵام خەتی گشتیی و پەیوەندی و مەسەلەی دارایی و پێوەندیی ئومەمی و ئەو شتانە لە سوریا چارەسەر دەکرا.

* زۆرجار لە سوریاوە بڕیارتان لەسەر فەرز نەدەکرا دەبێ وابکەن وانەکەن لە کاتێکدا ئەوانە لەناو واقیعەکەش نەبوون؟

- وەڵڵاهی ئەوەی من بێتە یادم، بە زەمیرم ئێمە خۆمان بەتایبەتی فەترەك کە زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەوتنە کوردستان ڕیارەکان لە کوردستان دەدران.

* باشە پارتی لە 1971/11/4 کۆنگرەی 9ی بەست لەوێندەر حیزبە کوردستانییەکانی داوەت نەکرد، تەنها حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا چوون، ئەوانی تر حسك و ینك نەچوون، سەبەبەکە چ بوو خۆ ئەوکاتە هێشتا خلاف دروست نەببوو؟

- با من پێت بڵێم تەبعەن ئەگەر ئەو راپۆرتەی کە کەوتە دەستی من دەربارەی ئەو کۆنگرەیەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن برادەرو هاوڕێی خۆشەویستم مەحمودی فەقێ خدر کە یاوەری یوسف حەنا بوون هەردووکیان ئەو دووە مەندووبی حیزبی شیوعی بوون و من لە بەرگی یەك بڵاوم کردیتەوە ئەگەر ئەوەی بخوێنیتەوە تێدەگەی کە ئەوان پەیوەندیان زۆر خراپ بوو لەگەڵ یەکێتی، ناحەزیان زۆر بوو لەگەڵ د. قاسملو و هەروەها لەگەڵ سۆشیالیستیش تەبا نەبوون، لەبەر ئەوە تەنها نوێنەری حیزبی شیوعی و وابزانم حیزبەك یان دوو حیزبی کوردستانی باکووریش داوەتکرا بوون.

* باشە بەپێی ئەوەی جەنابت خەڵکی کۆیەی زۆرجار کە یاداشتەکان دەخوێنیتەوە هی وا هەیە ئینتباعەکی لا دروست دەبی کە زیاتر پشتگیرییەکت بۆ مام جەلال کردووە لەو ململانێیەی هەبووە، زیاتر ئۆبالی گوناهەکانت لە ملی حسك ئالاندووە، ئایا مەسەلەی عاتیفەی ناوچەگەری لە نووسینەوەی دەوری نەبووە؟

- ئەوە من پێت بڵێم ئەوەلەن من حەزدەکەم ئەوەش بەڕاشکاوی بنووسم من مام جەلال برادەرمە، برادەری منداڵیمە و سەرەتای خەباتی سیاسی پێکڕا ئیشمانکردیە ماوەی ساڵ و نیوەك، ئەوە مام جەلال، ئەوەش ئینکار ناکرێ بەڵام بەس بە قەناعەتی ویژدانیی من و بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی کە من بڵاوم کردیتەوە موتڵەقەن من ئینحیازم نەکردییە نە بۆ یەکێتی نە بۆ حیزبی شیوعی نە بۆ پارتی و دەربارەی هەموو تاوانەکان، دەربارەی مەسەلەی جەمالی عەلی باپیر کە چوو لەگەڵ شێرکۆی شێخ عەلی بەناوی دەعوەت و دۆستایەتی و دوایە 26 پێشمەرگە کوژران، من بە ئەمانەت هەمووم بڵاوکردوونەوە، گوتم تاوانیش لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی بووە.

* بەڵام شەخصی مام جەلال لەوێ ئەوەت نەکردیە خۆ یەکێتی کێ قیادەی دەکرد؟

- مساعدە بکە پێت بڵێم وەکو پێم گۆتی من تەبعەن زۆر حەتا لەناو حیزبی شیوعی بە(نا ئینسافانە) هەستم دەکرد وا تەسەوریان دەکرد کە من نەختەك دایئەشکێنم بۆ لای مام جەلال، تەبعەن حەقیقەتی تەئریخی وانەبووە، من علاقاتم....

* باشە ئەو ئینتباعە بۆ دروست بووە منیش یەکێکم لەوانە بووم کە ئەو ملاحەزەم دا؟

- زۆر سەرسەرم، تەبعەن لە قیادەی یەکێتی کە گەیشتمە ناوزەنگ تەماشام کرد مام جەلالی تێدایە برادەری منداڵیمە، فوئاد مەعسومی تێدایە برادەری منداڵیمە، خدر مەعسوم برادەری منداڵیمە، کەمال خۆشناو برادەری منداڵیمە، نازم کوڕی خاڵی خێزانمە، بە حوکمی ئەو عەلی حەویز ئەوانە هەموو، من عیلاقەی دۆستایەتیم هەبووە بەڵام ئایا رۆژێك لە رۆژان من تەحەدای هەموو قیادەی حیزبی

شیوعی عێراقیش دەكەم با یەكەكیان بێت بڵێ باوكی ئاسۆس ئینحیازی كردیە لە فلان هەڵوێست دژی بەرژەوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی.

* باشە ئەی ئەو ئینتیباعە بۆ دروست دەبێ یەعنی دەڵێن دووكەڵ بەبێ ئاگر نابێ؟

- پێت دەڵێم ئەو دووكەڵە من پێت دەڵێم، لەناو حیزبی شیوعی عەناسری وا هەبوون بە راستی رارابوون...

* لە سەركردایەتی؟

- لە سەركردایەتی حیزبی شیوعی رۆژەك كە دەچوونە راژان مەوقفەكیان هەبوو دەهاتنەوە كن مام جەلالی مەوقفەكیان هەبوو، من دژی ئەوانە بووم ئێستاش لەگەڵ ئەوەی كە ئێستا من كابرایەكی خۆم بە سیاسییەكی سەربەخۆ دائەنێم، لە رووی ئینتمای حیزبی بەڵام لە رووی ئایدۆلۆجی من خۆم بە ئینسانەكی ماركسی دادەنێم و ماركسییشم، چونكە لە هەموو حەیاتم لام نەداوە لە حیزبەك نەپەڕیمەوە بۆ حیزبەكی دی لە ماوەی"60" ساڵ، بەڵام ئەمن دائمە ئەڵێم حیزبایەتی سیاسەتە وەكو لینینیش دەڵێ وەكو چەرچلیش دەڵێ مۆركەكە لە تیجارەت چ حیزبەك...

* نەء لینین دەڵێ فەنی مومكنە، ناتوانی؟

- نەء، ئەوە ماركس دەڵێ سیاسەت (فن ممكنات) ئەوە مەوزوعەكی دیە، بەڵام برادەر هەبووە كە لە راژان بووە مەوقفەكی بووە هاتیتەوە ناوزەنگ مەوقفەكی دی هەبووە، تەبعەن من لەگەڵ ئەوە نەبوومە، ئەمن بچم...

* باشە ئەو برادەرە دەكرێ ناوی بڵێی؟

- نەخێر ئەمن ناوی ناهێنم، بەڵام مەسەلەن كابرایەك كتێبەكی دەنووسی و دەڵێ (كنا نسمی باللجنه المركزیه الرفیق ابو اسوس، الرفیق الجلالی باللجنه المركزیه) من ئەوەم بیستیتەوە، من چوومە سلێمانی، من ویستم سەر لەو هاوڕێیە بدەم لەگەڵ ئەندامانی سەركردایەتیی یەكێتی دەعوەتیان كردم،گوتم وەڵڵا حەزدەكەم بیبینم، پێی بڵێم ئەمن جەلالیمە یا ئەو كە مانگێ 24 هەزار دینار وەردەگری،

هەموویان سوندیان خوارد ئەوەی بڵاوکەوە وتیان ئێمە مانگێ"150" هەزار دیناری دەدەینێ.

* بەڵام من مقابەلەم لەگەڵ کرد دەرێ پارەی وەرناگرم؟

- گوێ بدێ، دەڵێن 150 هەزار دیناری دەدەینێ مانگێ بۆ تەنزیمەکەی و 5000 هەزار دۆلاریش مانگانە بۆ خۆی بەس ئەوە بڵاوکەوە بە ناوی من.

* بەس ئەمن بڵاومکردەوە مقابەلەکم لەگەڵی کرد؟

- ئەتو بەناوی من ئەوە بڵاوکەوە من دەڵێم مێوانیان بووم من گوتم لێی دەگەڕێم، پێی بڵێم بە موجامەلە پێی بڵێم ئەرێ کاکە من جەلالیم یان تۆ من هەتا ئێستا حەفت دنیا دەزانی بەڵام جەنابت مانگێ 24 هەزار دینار وەردەگری، خۆیان لە من توڕەکرد.

* باشە ئێستا باسی بەهائەدینت کرد من؟

- نا من ناوی بەهائەدین ناینم ئەمن، دەڵێم یەکەك بەڵام ناو مەینە ئەتوو.

* بەڵام باشە لەسەر ئەوەی لە 1979/11/24 مام جەلال بە جەنابتی وت گوتی بەهائەدین لەلای بەرەی دیموکراتی فەڵەستین و...؟

- ئەوە بڵاومکردەوە ئەوەتا ئێستا بڵاومکردۆتەوە.

* باشە پرسیارەکە ئەوەیە لۆ بە توی دەگۆ لۆ بە کەریم ئەحمەدی نەدەگۆ؟

- بە کەریم ئەحمەدیشی وت، ئا کەریم ئەحمەد لە سوریا بوو ئەو وەختە.

* بە عەزیز محەمەدی نەدەگوت؟

- دوایێ شکاتی کرد بەرەسمی بەڵام نە عەزیز محەمەد نە کەریم ئەحمەد نە عومەر عەلی شێخ ئەوان موزەکەراتیان نەدەنووسی، من دەمنووسی.

* بەس ئەتو دەتوانی محاسەبەی؟

- ئەمن بە عەزیز محەمەدم گوت، شەکواکەی مام جەلال-م بە مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاندو کردمە کاغەزەك و بۆم نووسین، ئەمن هیچ شتەك کە عیلاقەی سیاسی هەبووە نەم شاردیتەوە.

* ئا بەس نازانم ئەو ئینتیباعە دروست بووە یەعنی وەکی دەڵێ دووکەڵیش بەبێ ئاگر نابی، یەعنی دۆستایەتی تو چونکە لە سیاسەت جار وایە دوو برانە هەریەکە لە حیزبەکە، بەڵام کە جیاوازبوون هەریەکە لە حیزبەك بوون ئەو هامووشۆیە نامێنێ؟

- ئەتو، پێت بڵێم، تەبعەن ئەوەی وەسائقەکانی من بخوێنێتەوە ئەبینی.

* بەس مراعاتی مام جەلالت کردووە؟

- مساعەدە بکە مراعاتی مام جەلالم کردیە، لەبەر ئەوەی مام جەلال و یەکێتی تائریخیەن دەیلێم و نایشارمەوە کە زۆر زۆر یارمەتی حیزبی شیوعیان دا لە میحنەو سیلاحیان داینێ، من و تۆمە تۆماس یارمەتی و پارەمان لێ وەرگرت و یارمەتیان دەداین لەسەرەتا ها.

* سەرەتای ساڵی؟

- 1979 -1980 هەتا 83 پارچە سیلاحیان بڵاوکردیتەوە محسین یاسین وەریگرێ با ئەمن ناوەکانت پێ بڵێم؟

* باشە کەریم ئەحمەد دەڵێ کە ئێمە چووینە شاخ پارتی دەعمی کردین؟

- کەریم ئەحمەد کەیفی خۆیەتی، ئەوەش بنووسە کەریم ئەحمەد کەیفی خۆیەتی ئەوەی دەعمی ماددی مەلموس من و تۆمە تۆماس و ئەحمەد بانی خێڵانی یەکەم کەس بووین، من و تۆمە تۆماس یارمەتیمان وەرگرت، من و تۆمە تۆماس خێمەمان وەرگرت، من و تۆمە تۆماس بە شەخسی 83 پارچە سیلاحم وەرگرت، ئەوەم بڵاوکردیتەوە وەکو دیکۆمێنت تکایە ئیشارەت بدە دیکۆمێنتەکان،چونکە ئەوە ناشاردرێتەوە وەکو دیکۆمێنت، بەڵام تەبعەن کەریم ئەحمەد لۆ خۆی شتەك دەڵێ کەیفی خۆیەتی ئەمن ناڵێم پارتی یارمەتی مەیان نەکردیە، پارتیش یارمەتی مەیان دەدا، نەخۆشمان دەچووە ئێران بە هەویەی پارتی مێوانیان دەبووین لە رەزائیە لە راژان، ئەوانیش دوای ئەوەی پاش کارەساتی پشت ئاشان ئێمە بە تەواوی پچڕاین و بووینە دوژمن لەگەڵ یەکێتی، لە ماوەی دوژمنایەتی ژمارەیەکی زۆرمان لێ کوژرا شەهیدمان دا، پارتی ئەو وەختە بەپێی توانای خۆی یارمەتی مەی دەدا

مێواندارى دەكردين. لە سێلوێ لەژێر باڵى ئەوان بەناوى ئەفراد بارزانى ماينەوە دواى ئەوەى چووينە مەنتيقەى بادينان تەبعەن ئەوكاتە وەكو دۆستى نزيك، ئەمە...

* باشە ئەوكاتەى لە بەرەى جود دا بوون جەنابت دۆستايەتيت لەگەڵ مام جەلال تا چەند ما؟

- ئەوكاتە لە پاش پشت ئاشان...

* نەء پێش پشت ئاشان لە ساڵى 1980 بەرەى جود دامەزرا؟

- مساعەدە بكە، تەبعەن ئەگەر جەنابت ئاگادارى بەرەى جود بى، نوێنەرى حيزبى شيوعى عێراقى من و بانى خێلانى بووين و ئيمزامان كرد، من و بانى خێلانى و كاك مەسعود و كاك عەلى عەبدوڵلا، تاهير عەلى والى و رەسول مامەند ئێمە لە گوندى (كەوپەر) كۆبووينەوەو ئێمە ئيمزامان كرد. ئەو ئيمزاكردنە رەد فعلێكى لێ كەوتەوە. كە جودمان ئيمزاكردو هاتينەوە، من و ئەحمەد بانى خێلانى هاتينەوە يەكسەر چووينە لاى نەوشيروان گوتمان نەوشيروان ئەو جەبهەيەى ئێمە مۆرمان كرديە بۆ دژايەتى ئێوە نييە، دەمانەوێ ئێمە جسربين لە بەينى ئەنگۆ و پارتى، بۆ ئەوەى ئەو كێشەى كە لە 1964و لەگەڵ جەماعەتى مەكتەبى سياسى كۆن و ئێستا لەگەڵ يەكێتى بەردەوامە و لە 1977 لە مەسيرەكەى توركيا نوێ بۆوە ئێمە دەمانەوێ ئەوەبين، يەعنى جسربين، برا بين. تەبعەن هەڵوێستى كاك نەوشيروان هەڵوێستێكى سلبى بوو، هەڵوێستێكى باش نەبوو، نە من نە ئەحمەد بانى خێلانى مورتاح نەبووين لە هەڵوێستەكەى.

* باشە سەبەبى دەرنەچوونت لە كۆنگرەى 1985، كۆنگرەى چوار يەعنى بۆ دەرنەچووى كە ئەو تەئريخەت هێنابوو هەتا ئەو وەختە؟ لە شاخ دەورت هەبوو؟

- وەڵلاهى براى عەزيزم مساعەدە بكە، پێت بڵێم تەبعەن ئەو وەختەى كە من دەرنەچووم سكرتێرى ليژنەى هەرێمى كوردستان بووم، تەبعەن ئێمە ئەگەر بڵێى بەناوى ئەوەى كە حيزب نوێ دەكرێتەوە جموجۆڵ كرا.

* دژی تۆ؟
- نەء، لە دژی من نا لە دژی بیست کادر.
* یەعنی بووە گروپ گروپانێ؟
- گروپ گروپانێ و نەتیجەکەش گەورەترین زەربەی لە حیزبی شیوعی عێراقی دا و ئەو حیزبە شیوعییەی پوکاندەوە.
* باشە ئەو گروپانە زۆرن لەلایەك بەهائەدین نوری کە لەگەڵ جەنابت قەت رێك نەبووە؟
- قەت رێك نەبووینە.
* کەچی ئەویش دەرنەچووە نەیانهێشت بەشداربێ؟
- نەء، نەء، بەهائەدین نوری دەر کرابوو لە حیزب.
* ئا لەلایەك ئەو، لەلایەك ئێوە واتان بەسەرهات، یەعنی بەس گروپی هاورێ عەزیز مانەوە؟
- نەخێر، نەخێر گروپی هاورێ عەزیز نا، چونکە هاورێ عەزیز خۆی نا، گروپ یان کۆمەڵەکی موتەئامر لەناو حیزبی شیوعی هەبوو کە فەخری کەریم و ئاراخاچادۆرو سەلیم ئیسماعیل بوون بەناوی شۆڕشگێڕییەتی ئەوانەو باری حیزبی شیوعیان تێکدا و بەداخەوە هەندێ کادری کوردی زەعیف لەگەڵ ئەوانەدا بوون.
* باشە مەوقیفی کەریم ئەحمەد و هاورێ عەزیز و ئەوان لەو مەوزوعە چۆن بوو؟ بەتایبەتی حیزب کە لە شاخ بوو، خەبات دەکا؟
- عەلاکولین ئەمن نامەوێ لێرەدا...
* بۆ تەئریخە؟
- بۆ تەئریخ دەڵێم مەوقفی هاورێ عەزیز مەوقفێکی شۆڕشگێڕی نەبوو، مەوقفەکی پتەونەبوو، مەوقفەکی (ترچیە) بوو، ئەو لەسەر تەوازنی قیوا تەعامولی دەکرد.

* کەواتە ئێوە پێگەتان بە قوەت نەبوو بۆیە لەسەر تەوازنی قیوا...؟

- ها ببوورە ئەوکاتەی تەبعەن جەنابیشتان دەزانن لە موئتەمەرات بەعزەجار موزایەدات دەکرێ/ زۆر شت دەبینی شیعاراتی شۆڕشگێڕی شۆڕش دەکەین و سەردەکەوین و واو وا، ئەم گروپانەی فەخری کەریم و بە کاکی خۆم بڵێم ئاراخاچادۆرو سەلیم ئیسماعیل و کۆمەڵێك لەو سەورەتیانە، هەرواش بنووسە سەورەتی کۆمەڵێك لەو سەورەتیانە وایان دەزانی چیای هندرێن دەڕوخێنن و سەردەکەون و کاك عەزیزیش چەپڵەی بۆ ئەوانە لێدا.

* ئەی هاوڕێ کەریم و ئەوانی تر کوردەکان خۆ بەس هاوڕێ عەزیز نەبوو؟

- ئێ من پێت دەڵێم یەعنی ئەکرێ کاك عەزیزیش ئەگەر لایەنگری نەبا نەیدەتوانی دیارە هەشبووە لە ژێر باڵی کاك عەزیزی.

* باشە تۆ خیلافت لەگەڵ هاوڕێ عەزیز هەبووە؟

- ئەبەدەن لە حەیاتم ئەمن خیلافم لەگەڵ هاوڕێ عەزیز نەبووە، هاوڕێ عەزیز لە ساڵی 1946 هاتیتە ماڵی مە، لە 1958 کە سکرتێری ئقلیم بووە پەیوەندی لەگەڵ من بووە، کە من بویمە ئەندامی ئقلیم ئەو لەوێ بووە لە 1963، کە لە شاخ بووین ماوەك زۆر منسەجم بووین، بەڵام بۆچوونی فکری، هەڵسەنگاندنی سیاسی دائمە مانای ئەوە نییە....

* مەبەستم خیلافی فکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی بوو کە دەرێم خیلاف خۆ خیلافی ئیجتماعی هیچ ئەوە نییە؟ مەبەستم سیاسی.

- نەء خیلافی فکری و، خیلافی بچووك بچووك دەبوو مەسەلەن کادر هەبوو لەناو حیزبی شیوعی نە ئەو منی خۆش دەویست...

* نە ئەتوش ئەوت خۆش دەویست؟

- بەڵێ، نە ئەمنیش ئەوم خۆش دەویست و عەزیز محەمەدیش دەیزانی و حەیات ئیسپاتی کرد ئەو کادرە چۆن ئینهیاری کرد و چۆن تەفەسوخی کرد، بەڵام پشتی دەگرت.

* باشە ئێستا دەتوانین بڵێین کۆنگرەی چواری حیزبی شیوعی کۆنگرەیەك بوو وەکو نسکۆیەك بوو بۆ حیزبی شیوعی؟

- بەبێ شك ژیان ئیسپاتیکرد، واقع ئسپاتی کرد. کۆنگرە کە گەورەترین شکستی هێناسەر حیزبی شیوعی لە هەمووی غەڵەت تر بوو کە من یەك لەوانە هەتا دەمرم ئەوە قەت لە بیرناکەم ئێمە لە لوجنەی مەرکەزی بڕیارەکمان وەرگرت کە هەقی ڤیتۆ بدرێتە عەزیز محەمەد 10 کەس بینیتە لجنەی مەرکەزی بەبێ هەڵبژاردن بۆ واتکرد.

* 10 کەس بێتە لیژنەی مەرکەزی؟

- بەڵێ ئەوە کەسێ، کەریم ئەحمەد باسی ئەوەی نەکرد لۆت.

* نەخێر

- هەی هەی.

* ئەوە پێشی موئتەمەر؟

- نەخێر لەکاتی، بەڵێ بەڵێ پێشی موئتەمەر 10 کەس بینیتە ناو سەرکردایەتی بەناوی سیفەتی ئیش، بەڵام ئیستشارەی لەگەڵ بکا من ئەتوم خۆش دەوێ ئەو ئەوی خۆش دەوێ ئەوە، دەکەسی هینا.

* باشە ئەتو بۆ هەڵوێستت وەرنەگرت؟

- ئەمن پێت دەڵێم ئەمن یەکێك بووم وەکو وان، منیش یەك بووم من هەر هەندەم پێ دەکرێ لە منیان پرسی کێ تەرشیح دەکەی گوتم زەید تەرشیح دەکەم کوڕێکی باشە.

* نەتگوت پێویست ناکا کەس تەرشیح بکرێ؟

- نەمان، ئاخر کاکە گیان زروفی سڕی لە حەرەکاتی شۆڕشگێڕ، زروفی سڕی ماڵوێرانییە، کارەساتە، زروفی سڕی لە حەرەکاتی شۆڕشگێڕی هەزاران هەزاران تاوان، ئینحرافات، لادان، خەڵك کوشتن، خەڵك دوورخستنەوە، کارەساتی وا روویدەدا کە هەتاوەکو پاش ماوەکی لە تاریخ دەردەکەوێ ئاە لەژێر پەردەی حەرەکەی سڕی و شۆڕشگێڕی چ دەکرا.

* ئەتو لە دوای موئتەمەر چت بەسەرهات؟
- ئەمن لە دوای موئتەمەر زۆر بە ئیحترامەوە چوومە سوریا، لە سوریا بووم بە ئەندامی لوجنەی عیلاقاتی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی، کاك عەزیز محەمەد سکرتێرمان بوو ماوەك و سێ ساڵ لە سوریا مامەوە پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و تەجروبەکی باشم وەرگرت لێیان ...
* بەڵام بە عاجزی ئیشت دەکرد؟
- نەء تەبیعی واجبی خۆم بوو، ئەوەلی زۆرم پێ ناخۆش بوو.
* لە سکرتێری ئقلیمەوە لە کۆنگرە دەرنەچی؟
- پێت بڵێم ئەوەلی زۆرم پێ ناخۆش بوو بەڵام دوایێ کە مەسەلەی پرۆسترۆیکای گۆرباشۆف و گۆڕان و شت هات زۆرجار دەم گوت (عسى ان تكرهوا شيئا فهو خير لكم)، مورتاح بووم زۆر و ئەگەر ئەوە نەبا نەدەبوومە ئەو فاتیحەی کە ئێستا لەگەڵ توو دانیشتیمە کە توانیم خزمەتەك بە نەتەوەی کورد بگەیەنم و ساڵ بە ساڵ رۆڵەی کورد دیکۆمێنتەکان ببینێ دەزانی چ ئەهمیەتەکی هەیە.
* باشە هاورێ ئێوە هەر ناوبژیوانی ئەو حیزبە کوردستانییەتان دەکرد ئێ باشە ئەو شاڵاوەی تودە دەیبردەسەر حەدکا لە ساڵی 1979-1980 و لەو حیزبی شیوعی لە 1979 وەزعی خۆی خراپ بوو ئێوە هەر لە 1979 لەناو مفاوەزاتی حیزبەکانیشدا هاتووچۆتان دەکردە بۆ نەتانتوانی ئەو شاڵاوەی تودە بۆ سەر حەدکا راگرن، حەدکا حیزبی دیموکراتی ئێران؟
- ئا من و کاك عەزیز وابزانم 1982 بوو ئەگەر زاکرە رێگەم بدا، لەگەڵ کیانوری ئیسحان تەبەری و رەزا شەلتوك کۆبووینەوە ئەوا لەیەك لە کتابەکانم ئیشارەم پێکردیەو لە کاروانێکی دووروودرێژیش ئیشارەم پێکردیە، کاك عەزیز زۆر بە دڵسۆزی پیشانیداو بە کیانوری گۆ گوتی حەق وایە چارەی ئەم مشکیلەیە بکەی، کیانوری ئینفعالی کرد قیژاندی گوتی قاسملۆ عەمیلە، قاسملۆ پارەی وەرگرتییە، حەتا کاك عەزیز ئەوەشم بڵاوکردیتەوە بە دزی بە منی گوت، ئەمە لە تەنیشت یەك دانیشتبووین، کوڕە گۆتی خۆ ئەمە زەنگە سۆرەمان لەخۆمان وەر دا.

* یەعنی بیزانیایە مەوقفی ئاوایە هەر باسی نەدەکرد؟
- وەکو شێت کیانوری هەڵسا ڕەزا شەلتوك و ئیحسان تەبەری دانیشتبون من و کاك عەزیزیش دانیشتبووین برادەرەکی موتەرجمیشمان لەگەڵ بوو، هەستا هاتووچۆی کرد دەستی لە مێزەکە دا تووڕەبوو قاسملۆ، قاسملۆ دەستیپێکرد بە قیژان گوتی قاسملۆ عەمیلە، قاسملۆ پارەی وەرگرتییە.
* ئێوەش لێی بێ دەنگ بوون؟ مەجال نەما؟
- چی بکەین، نا، نا لە عیلاقاتی وەتەنی کابرایەك بێ ئێستا ئەمن ئێستا قسەك بکەم لۆ خۆم ئەگەر هەر غەڵەتەکی بیکەم ئەمن مەسول نیمە ئەتو چی گوناحت هەیە.
* باشە کاك فاتح زۆر بەکورتی لە کۆنگرەی چاری حیزبی دیموکراتی ئێرانی ساڵی 1980 ئەو کەسەی 110 نوێنەریان هەبوو هی مامە هێمنی شاعیرو مەجموعەیەك جیابوونەوە سەبەبی جیابوونەوەکەیان بە کورتی یەعنی هێمن و ئەوانە مەوقفیان لە حەدکا چ بوو چونکە وەختەکەی زۆر خراپ بوو بۆ ئەوان؟
- بنۆڕە ئەمن لەم کۆبوونەوەیە دیسان لە بەرگی دوو تەفسیلم نووسیوە، لە بەرگی دوو تەفسیلی ئەو کۆبوونەوەم نوسیە. ئەمن داوام لە برادەرەکم کرد کە ناوی مەلا محەمەدی جوانڕۆییە کە ئێستا پێی دەڵێن ئەبو تارا ئەندامی مەکتەبی سیاسییە گوتم تەقریرەکم لۆ بنووسە وەکو لە تەقریرەکەی بۆ من باس دەکا ئەسڵی کێشەکە ئەوەبوو جەماعەتی قاسملو دەیانویست زۆربەی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ عێراق پتەوتر بکەن، جەماعەتی غەنی بلوریان و بڵێین غەنی بلوریان بە دەرەجەی ڕەئیسی نەوعە قەناعەتەکی هەبوو، چیان پێ دەگۆ بەخەتەکەی خومەینی پەیڕەوی ئیمام، پەیڕەوی ئیمام کە لە ئەساسدا حیزبی تودە دەورێکی خراپی هەبوو تەئسیری هەبوو لەسەر غەنی بلوریان، حیزبی تودەش سەری تیاچوو، غەنی بلوریان و غیری ویش سەری تیاچوو.

* باشە هاوڕێ فاتح زۆرجار کە باسی سکرتێری هەرێمی حیزبی شیوعی دەکەی هەر حەرفەکت دەهێنا لە کتابەکان هەر دەرێی هاوڕێ"ع" بۆ ناوت نەهێنایە ئەو هاوڕێ "ع"ینە کێیە؟

- هاوڕێ "ع" ئاخر مەسەلەن أ، ب، أ، ع مەبەستم ابو عاملە.

* ئەوە بەس "ع".

- ئاخر دەبی مناسەبەبی، دەبی مناسەبەبی.

* یەعنی ناوی نایینی گۆتم نەوەکو مەبەستت، تەعن بی یا؟

- نا، نا ئەبەدەن ئەمن تەبعەن بۆ کاك عەزیزی هەر گۆتیتم هاوڕێ عەزیز، بۆ عومەر ئەبو شێخ هەر دەڵێم ئەبو فاروق کە ئێستاش هاوڕێ عومەر یەك لە برادەرەکانی هەرە نێزیکمە یەعنی وەکو دوو هاوڕێی کۆن بە کاکی خۆم بڵێم بەڵام نازانم.

* باشە هەر لەو مزەکەراتانە باسی ئەوە دەکەی ئێوە وەکو حیزبی شیوعی یارمەتی حیزبە کوردستانییەکانتان دەدا لە رووی مادییەوە ئایا ئێوە یارمەتیتان دەدان؟ بە راستی...

- ئەرێ وەڵڵا، لە دەستی منیان وەرگرتووە.

* یەعنی وەکو یەکێتی و پارتیش؟

- نەء، بەتایبەتی سۆشیالیست.

* ئێوە دیارە ئیمکانیەتی مادیتان دیارە باش بووە؟

- وەڵڵاهی ئیمکانیاتی مادیمان باشتر بوو لەوان کەمۆکەك مەبەستم 1979و 1980، 1981تا 1982یش لەوان باشتربووین، بەڵام پاشی پشت ئاشان کارەسات لە ئێمە روویدا.

* باشە کە حسك پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی باش نەبوو کەچی لەگەڵ وان پێکەوە چوونە ناو جود قەد هۆی ئەمە چی بوو، تەئسیراتی شەخصی لەسەر بوو؟

- نەخێر، تەئسیراتی مساعەداتی سوری و لیبی بوو، هیچ تەئسیراتی تر نەبوو، هەمووی تەئسیراتی سوری بە دەرەجەی رەئیسی و دۆلاراتی لیبی بوو.

* باشە ئێوە چوونە ناو جوقەد هەر لە ناو جوقەد 15 ڕۆژی پێچوو کشانەوە، چوونە ناو جود، ئایا ئەوە سیاسەت بوو خەتێکی ستراتیجی هەیە لەوە؟

- وەکو پێم گوتی ئێمە نەکشاینەوە لەناو جوقەد.

* بەڵام جوقەد تێکچوو، جوقەد نەما؟

- نەخێر ئەتو پێت بڵێم ئێمە کە چووینە ناو جود من ئاماژەم پێکرد کە ئیمزامان کرد من و ئەحمەد بانی خێلانی هاتینەوە چووینە لای نەوشیروان مستەفا هەموو شتمان پێ وت.

* ئا بەڵام دەبوایە پێشتر پێی بڵێن؟

- دەیانزانی و هەموو شتیشیان دەزانی کە ئێمە محاوەلە دەکەین جسر دروست کەین.

* لەگەڵیان خۆ دروستیان نەکرد ئاخری، جود نەبووە جسر؟

- گوێ بدێ بەڵام نەوشیروان ڕۆڵێکی سلبی بینی، بەرقیاتی توندی بۆ مام جەلال لێدا، مام جەلالی تووڕەکرد و مام جەلال لە سوریا پەیوەندی لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕاگرت.

* ئێ بەڵام ئێوە کە چوونە ناو جود بۆ ئەوەی جود ببتە جسرێك بۆ ئەوەی ئەو دوو حیزبە بەیەکەوە ببەستنەوە، خۆتان بوونە تەرەفێك لە جەبهەو شەڕەکە؟

- فەرزکرا لەسەرمان ئەمە بەو نیازە نەبووین.

* کەواتە ئەگەر لە جودیش بکشابانەوە باشتر نەبوو؟

- ئەمە گوێ بگرە پێت بڵێم نەخێر ئەمە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەی چوو بەنسبەت منەوە پانزە ساڵە من ممارەسەی ژیانی خەلیەی حزبی ناکەم، بەڵام بۆ تەئریخ دەڵێم بۆ تەئریخ و دەڵێم ئومێدەوارم هەموو خاوەن ویجدانێکی سیاسی ئێمە لەو ڕۆژەی کە هاتینە شاخ دەتوانم بڵێم لەسەرەتای 1979 تا ئەو ڕۆژەی پاش منیش کە جەبهەی کوردستانی ئیمزاکرا ئێمە نە دژایەتی یەکێتی نە دژایەتی سۆشیالیست.

* بەس ئەمە لەرووی عەمەلییەوە خزمەتی لایەکی دەکرد دژی لایەکی بوو؟
- نە دژایەتی پارتیمان کردییە بەڵام برادەرەك خۆی بڵێین تەسەروفی شازی کردبێ ئەوە شتەکی دییە من مەبدەئی قەراراتی حیزبی دەڵێم قەراراتی حیزبی ئەبەدەن هەمووی...
* بەس ئەو قەراراتانە غەڵەت نەبوون، چوونە ناو جوقەد پارتی پێی ناخۆشبوو، هاتنەناو جود ئەو جارە یەکێتی پێی ناخۆش بوو؟
- ئەبەدەن بلعەکس ئەمە لەبەر خاتری پارتی نەچووینە هەرچی وا تەسەوەر بکا زۆر یاغنیشە.
* بەڵام گوشاری پارتییتان لەسەر نەبوو لە جود؟
- ئەبەدەن بەپێچەوانەوە پارتی وەزعەکی زەعیفی هەبوو، پارتی ئیمکانیاتی زۆر مەحدود بوو، پارتی بە هەموو شتەك رازی بوو، ئەوە بنووسە مەترسە، بە هەموو شتەکی رازی بوو، پارتی ئەو ئیمکاناتی کە هەیبوو ئیمکانیاتەکی مەحدودیان هەبوو، وەزعەکی ناسکیان هەبوو، توانایان زۆرکەم بوو، ئێمە بە زۆر بە دڵسۆزی دەمانەویست سەرکردایەتی و برادەرانی پارتی لە کاك مەسعود و کاك....
* بەڵام چۆن زەعیف بوو خۆ مەنتیقەکیان کۆنترۆڵ کردبوو ناوچەی بادینانیان لەژێر دەسەڵاتدا بوو؟
- ئەو مەنتیقە مەنتیقەیەکی لە ئەساسیشدا هەتا حدودی رەواندوز مەوزوعەکی دیە، بست بە بست، ئەوە ناکرێ بەڵام قواتی ئەساسی و ئەو شتانە ئیلا خۆ هەر ئەوە نییە حیزبەك چەند پێشمەرگەی هەبێ، وەزعیان، حاڵەتیان، حاڵەتی جەماهیریان وەزعەکی دی بوو.
* باشە راستە کە وشەی جود، جود یەعنی جەبهە وەتەنییەت دیموکراتییەت، بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لەلایەن عەلی عەبدوڵڵاوە پێشنیارکراو پەسندکرا؟
- ئەشەدەمبیلا ئەوە راستترین شتە ئێمە لێ بووینەوە.

* لەچی؟

- لە کۆبوونەوەکە لەبن خێمە دانیشتین هەموو شت تەوقیعکرا کاك عەلی گوتی دەبێ ناوەکی بۆ بدۆزینەوە گوێت لێ بێ، کاك عەلی ئەمە کە چووین من و ئەحمەد بانی خێلانی بۆ تەئریخ دەڵێم خۆ ئەوی غەڵەت بکا بڵێ کفر نییەو ئعدامی لەسەر نییە وەنییە ئێمە کە چووین عەلائەساس ناوی لێنێین رێکەوتنامە رێکەوتنامەیەکی برایانە لە بەینی ئەو سێ، هیچ ناوی تر نەبوو، کاك عەلی گوتی چۆن دەبێ رێکەوتنامە ناوی نەبێ، خۆ کاك عەلی ئێستاش وەکو مام وەکو برا گەورەی منە، ئەوپەڕی رێزم بۆی هەیە،گوتی دەبێ ناوێکی بۆ بدۆزینەوە یەکسەر تومەز بیری لێ کردبووەوە بەرەی نیشتمانی دیموکراتی، سۆشیالیست ئیمزای کرد، پارتی ئیمزای کرد، وەڵڵاهی دەتوانم بڵێم من و هاوڕێ مەلا ئەحمەدیش ئەو شتەمان ئیمزا کرد.

* ناچاربوون؟

- تێپەڕی بەڵام لە پێشان موتڵەقەن.

* باشە بۆ تێبینییەکتان نەدا بەرەی نیشتمانی کوردستانی بۆ ناوی لێبنێن بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ئێوە لە شاخ بوون دیموکراتییەتی چی، یان بەرەی کوردستانی دیموکراتی؟

- نا نا عەلاکولین وەکو پێم گوتی ئەوەتا ئەوەی برای بەڕێزم ئەوەی ئەمن پێم گۆتی ئەوهایە ئەوە هەقیقەتە کاك عەلی ئیقتراحی کرد و پەسندکرا.

* ئێوە هیچ ئەوەتان نەکرد؟

- معارەزەمان نەکرد، تێدەگەی بەعزە غەڵەت هەیە لە سیاسەت پاشی بیست ساڵ وەکو کۆنە نەخۆشی بە بیری دێتەوە.

* باشە كاك فاتح دەعمى سۆڤيەت، هاوكارى سۆڤيەت بۆ حيزبى شيوعى عێراق چۆن بوو؟

- وەڵڵا حەقيقەت ئەو دەعمە تەنها ئەگەر ئەندامەك يەعنى كاك عەزيز محەمەد و لەوانەيە بەس زانييەتى ئەوانى دى ئەمە هيچمان نەدەزانى رۆژەك لە رۆژان لە لوجنەى مەركەزى باس نەكرايە بۆ تەئريخ دەڵێم ئەبەدەن نە باسى پارەكرايە...

* ئەى كە يارمەتيتان بۆ دەهات نەتان دەگوت ئەو پارە لە كوێوەهات؟

- نەماندەزانى، ئەبەدەن هەرچى برێ درۆ دەكا، برێ زانيتم درۆ دەكات بەس عەزيز محەمەدو يەك دووكەس نەبێ.

* ئەى دوو كەسەكەى تر كێ بوون؟

- نازانم پێويست ناكات ناوەكانيان بڵێم.

* باشە ئێوە بۆ قسەتان نەدەكرد بڵێن ئەو يارمەتييە لە كوێ دێ چەند بوو؟

- كاكە ئێمە لە محنەت دابووين لە شتەك دابووين تێدەگەى دواى ئەوەى تۆ وا تەسەوڕ مەكە حەيات وەكو پێم گۆتى حەياتى سياسى و حەياتى حيزبى...

* ئا دەشكرا خۆ يەكجار ئەوها نەبوو؟

- ناكرێ لە تەنزيماتى سڕى ناكرێ برام.

* ئێوە لە شاخ بوون خۆ لە ناوشار نەبوون؟

- ئێ لە شاخ بووين بەڵام حيزبى شيوعى خۆ حيزبى شەڕ نەبوو، حيزبى شيوعى حيزبى سڕى بوو نەدەكرا، بە دووبكەوى.

* نا مەبەستم لە هەشتاكانە؟

- نەدەكرا بە دووبكەوى چۆن دەتوانى بە دووبكەوى ئەرێ پارە لە كێ دێ ئەرێ ئەوە لە كێ دێ.

* ئێ لە دەعمى ئەوروپى دەهات، لە دەعمى ئەوروپاى شەرقى دەهات؟

- ئێ ناكرێ، ناكرێ يەك كەس باسى ناكا، ئەمن پێت بڵێم ئەو پازدە شازدە، ئەو ماوەى كە لە لوجنەى مەركەزى بووين موتڵەقەن رۆژەك لە رۆژان تائێستا كە من ئەوا لە ژيان ماوم نەمبيستييە باس نەكرايە ئەو پارە لە كێ دێ.

* خۆ کەسی تریش نەیدەپرسی؟
- کەسیش نەیدەپرسی، دەیانگۆت هەندەك دەیانگۆ فەڵەستین یارمەتیمان دەدا هەندەك دەیانگۆ سوری یارمەتیمان دەدا هەندەك دەیانگۆ فەخری کەریم پارەی زۆر وەردەگرێ ئەو شتانەیان دەگۆ.
* بەڵام چەندی وەرگرتووە؟
- بەڵام چەندی وەرگرتووەو کو سەرف دەکرێ، دوای لەو ئەخیرەی رۆژ بەرۆژ هەتا ئێستاش ئەسرار ئاشکرا نەبووە خەمت نەبێ هەتا ئێستاش تائریخ جورئەتی نییە، ئەوە لازم بوو کاك عەزیز محەمەد ئەو شتانە روون کاتەوە جورئەت نییە هەتا ئێستا. ئەمن بە سەراحەت دەڵێم دوای ئەوەی هەر کەسەك دانیشی پاشی ئەو هەموو شتەی خۆی بکاتە فس فس پاڵەوان ئەوە سیاسەت نییە.
* باشە پێتوایە ئێستا حیزبی شیوعی ئیمکانییەتی ماددی خراپە؟
- بە تەسەورم ئیمکانیاتی ماددی زۆر خراپە، چونکە نە ئومەمیەت ماوە نە سۆڤیەت ماوە.
* ئێ برام ئەدی ئەو هەموو دەعمەی جاران هەیبوو نەیتوانی بیکاتە پێگەیەك بۆ خۆی؟
- ئەوە بەوانە بڵێ کەوا قوەتی قەراری پارەکەیان بەدەست بوو لۆیە.
* یەعنی ئێوە لە شاخ قیادەی موستەفید نەبوون لەو دەعمانە؟
- ئەمە، وەڵڵاهی وەکو پێشمەرگە وەختەك"5" دینارمان وەردەگرت دوای بوو بە "10" دینار.
* یەعنی لەو هاوکارییانە هیچ نەدەدرا ئەولا ئەولا؟
- ئەبەدەن هەر کەسەك بڵێ ئەمن وەکو یەکەك کە لە شاخ بووین وەکو یەکەك کادرەکی.
* سکرتێری ئقلیم بوویی؟
- سکرتێری ئقلیم بووبم، وەڵڵاهی کاکە گیان لە غەیری ئەوەی کەوا مخەسەساتەکەمان وەردەگرت هیچی دیمان نەدەدرایێ، ئەگەر مەواریدەکیش بهاتایە

لەولا لەولا ئشتراکاتەك، تەبەروعاتەك دەمانکردە قائیمەو ئیجتماعی ئیقلیمان دەکرد، ئەمما مەسائیلی پارەی پێشمەرگەو سیلاحی پێشمەرگەو شتی وا باس نەدەکرا، چونکە خاسەتەن تۆ لە حەرەکاتی سڕی و لە حیزبی سڕی چونکە سیقە کۆنترۆڵی لەسەر بوو جولانەوە کۆنترۆڵی لەسەرە تۆ بە دووی هەموو شتەکی بکەوی گومانت دەکەوێتە سەرێ، پارە لەکێ دێ، سیلاح لە کێ دێ، کێ دەیهێنێ، کو دەڕوا، کو سەرف دەکرێ، لۆ فڵانکەس لە سوریا وا دەژی، لۆ مارسیدیسی هەیە، لۆ ئەوەی نییە کاکە نەتدەتوانی.

* کەواتە ئەو گرفتانەی دروستبووینەو هەندێ کێشە هەبووە لەناو حیزبی شیوعی کە جەنابت سکرتێری ئقلیمی کوردستان بووی یەعنی بەرپرسی یەکەم بووی لە کوردستان، یەعنی زەریبەی گەورەترین زەریبە ئەتو دەیدەی کە لەو گرفتانەی کە هەبووە چونکە لەوکاتەی تۆش هەڵوێستت نەبووە لەبەر ئەوەی نەوەك دەرت بکەن یا لات بدەن یا تەجمیدت بکەن؟

- وەڵڵاهی تەبعەن وەکو پێم گۆتی ئەو تەفکیرەی ئێستا دەیکەمەوە ئەو تەفکیرەم نەبوو، ئەو تەفکیرە بەشێك بوو لە بلۆکەك کە ئەو بلۆکە پێی دەگۆ ڕێگای قیادی و ئەو هەیئە قیادییە حیزبەك قیادەی حەرەکەیەکی چەکداری تەنزیمەکی سڕی دەکرد، و منیش وەکو پێم گۆتی و خۆش بەختانە لە هەموو نووسینەکان لە هەندێ شت، شتی ناو بەناو لە کۆبوونەوەکان بازە رەئی شت دەدرا بەڵام شتی ئەساسیی نا.

* باشە ئێستا مەسەلەن لەو وەزعەی کە ئەتو مەوقیفت بەو شکلە بووە ئنجا بابڵێین لەگەڵ جەبهەی لەگەڵ بەعس مەوقفت بە هەمان شێوە هەبووە ئێستا هەست ناکەی ئەتو فعلەن لە خەباتەکەی شۆڕشگێڕانەوە بەڵام کۆمەڵێك سلبیاتیش لە ئەستۆیە؟

- ئەمن وەکو پێم گۆتی.

* یەعنی بە قەد ئەوەی تێکۆشانەکی سەربەرزانەت کردیە بەڵام غەڵەتی گەورەشت کردیە لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانە؟

- من زۆر بە دڵسۆزی ئەندامەك بوومە لە ریزی حیزبی شیوعی و بە هەموو تواناوە خۆشبەختانە دەڵێم بەپێی توانای خۆم خۆڕاگربوویمەو هەڵوێستی لاوازیم نەنواندییە بەرامبەر یان شتەك لەو بابەتانە من بەبۆچوونی من، لە زۆربەی خەتی رەئیسی.

* ئەتو لەگەڵ رادیکاڵەکە نەبووی لەگەڵ خەتی رادیکاڵ توو هەمیشە لەگەڵ خەتی قیادەکەدا بووی؟

- کاکە خەتی رادیکاڵەکە، خەتەکە فەوزا بوو، تێکدەربوون، ئەوان، ئەوا عەزیز الحاج ئەوانە بەناو شۆڕشگێڕبوون بەڵام درۆیان دەکرد تێکدەربوون.

* لە هەشتاکان؟

- ئەوانەش ئەوانی هەشتاکانیش ئەوانەبوون کە لە موئتەمەری چوار ئێمە بیست کەسیان بەلاوەنا، دەکەسیان هێنا لوجنەی مەرکەزی پشتی کاك عەزیزیان گرت چیان کرد لە عیلاقاتی عەرەبی، لە عیلاقاتی کوردستانی، لە عیلاقاتی عێراقی. ئەوەیە مەسەلە ئەمن قەتعیەن نەمگۆتییە، ئەمنیش یەکەك بوویمە لە ریزی ئەو حیزبە بەڵام مەعنای ئەوە نییە ئالەتەکی میکانیك بوویم. رەئیم هەبووە، رەئی تایبەتیم هەبووە، شتم هەبووە بەڵام ئایا ئەمن وەکو بەعزە کەس شۆڕشگێڕییەتی بفرۆشم وام نەکردییە، ئەمن مزایەداتم نەکردییە، نەکو نەدرۆم لەگەڵ خۆم کردییە، نە درۆم لەگەڵ ئایدۆلۆژییەتم کردییە، نە درۆم لەگەڵ حیزب و جەماوەریش کردییە.

* باشە کاك فاتح بەڕاستی پەیوەندی حزبی شیوعی لەگەڵ یەکێتییدا لەسەر فڕاندن و کوشتنی عەولا ماویلی بوو یان ئەسبابی دیکە هەبوو؟

- نەء لەسەر ئەوە نەبوو عەولا ماویلی تەبعەن.

* پیاوی رژێم بوو؟

- پێت بڵێم تەبعەن یەکێتی وەکو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی سێ گروپە، خەتی پان، کۆمەڵە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی، تێدەگەی لەناو ئەو خەتانەش تائێستاش کێشە هەیە و زۆر کەس بەتایبەتی ئەوانەی کە لیبراڵ و بە ناوی شۆڕشگێڕی و بەناوی مارکسی یەعنی خەتی کۆمەڵە ئەوانە زۆر زۆر توندڕەوبوون ناو بەناو لە کۆبوونەوەکان بازە رەئی شت دەدرا بەڵام شتی ئەساسیی نا.

* لە هەشتاکان؟

توندڕەوبوون بە عەکسی هەندێك لە قیادەکانیان هێمن و لەسەرخۆبوون و حەتا ئەمن یەك لەوانە جارەکیان ئەندامەکی سەرکردایەتی یەکێتی بە منی گۆ گوتی ئێوە ئەوەندە هەوڵ دەدەن یەعنی دۆستایەتی ئێمەو پارتی چارەسەر بکەن دابەزی رەئی چەوتی نیشاندا گوتی ئێوە زەرەر دەکەن.

* یەعنی بابڵێین عولا ماویلی نەبووە ئەوەی کە شقاتەکە داگیرسێنێ لە بەینی ئێوەو یەکێتی؟.

- دوایی چارەسەرکرا، مشکیلەکە لە وەرتێ چشتەك روویدا دوای ئێمە گەڕاینەوە مام جەلال گەڕاوە ئەو مشکیلە نەما چارەسەرکرا..

* یەعنی ئەو سەبەب نەبوو؟

- ئەبەدەن..

* نەوشیروان دەڵێ ئەو دەوری هەبوو شەڕەکە لەوێ دەستیپێکرد؟

- نەخێر، نا، نا.

* باشە ئەو کابرایە عەولاماویلی پیاوی رژێم بووە پیاوێکی خراپ بووە دەڵێن موجرمیش بووە پێشمەرگەی کوشتووە؟

- بەڵێ.

* باشە ئێوە بۆ دالْدەتاندا؟

- خۆی لەوکاتەی تەبعەن عولاماویلی کە لە سەرەتای ژیانی کۆنە شیوعی بوو، گوێ بدێ بۆیە واهات چەند کەسێکی لەگەڵ خۆی هێناو ئیلتحاقی کرد، تەبعەن حیزبەکانی کوردستانی هەموو پێیان ناخۆش بوو کە لە سەرەتای هاتنەدەرمان جاش ئیلتحاق بە حیزبی شیوعی بکا، بە تەنزیماتی ئێمە بکا، تەبعەن ئەساسەکەی ئەوەبوو.

* ئەو بەس جاش بوو یان پێشمەرگەی کوشتبوو؟

- وەڵڵا ئەوەی ئەمن دوایێ بیستم کەمێك خەڵکی کوشبوو، هەموو جاشێك زۆرجاش خەڵکیان نەکوشتبوو، لۆ ئێستا...

* ئەوەی پێشمەرگەی کوشتبێ نابێ وەربگیرێ؟

- بۆ ئێستا لەناو هەولێرو لە سلێمانی دەیەها کەس نییە ئێستا ئیشیشیان بە دەستە، بەڵام بینووسییەوە هائیشیشیان بەدەستە پێشمەرگەشیان کوشتییە،ماڵی پێشمەرگەشیان وێران کردیە، ئێستاکە....

* باشە بۆ چاو لەشتی خراپە دەکەی، بۆ چاو لەوە ناکەی کە ئێوە حیزبێکی شۆڕشگێڕن دەبێ شۆڕشگێڕێتی خۆتان بەردەوام بکەن؟

- راست دەکەی، راست دەکەی.

* مەسەلەن وەك ئەوەی دەڵێی کاتی خۆی بەعس وایدەکرد، بۆ خۆت بەراوردبکەی لەگەڵ بەعس؟ مقارەنەی لەگەڵ شتی باش بکە؟

- ئەتو راست دەکەی لەو ناحیەیە، لەو ناحیەیە قسەکەی تۆیە، بەڵام من مقارەنەکەی تۆ لەگەڵ شتی باش دەکەم، هات عەلائەساس پەشیمان بوویتەوە دوای ئێمە نەماندەزانی کە ئەوە خەڵکی کوشتییە یان خەڵکی نەکوشتییە...

* یەعنی حیزبی شیوعی هەرچی دەهاتە لای وەریدەگرت؟

- کەس نەهاتیتە ناومان، خەڵکەکی زۆرکەم هاتینە ناومان بلعکس ئەوەی کەوا رووی تێدەکرد بە دەرەجەی ئەساسی یەك یەکێتی، دوو سۆشیالیست.

* باشە ئەتو بەخۆت لە موزەکەراتەکەت دەڵێی ئەوانەی لە شەڕی ناوخۆ کوژران شەهید نینە بەخۆشت بەرپرسی مەیدانیی ئەو شەڕە بووی کەواتە ئێستا خۆت بە تاوانبار نازانی ئەو خەڵکەت بە کوشتن داوە؟

- نەخێر مساعەدە بکە ئەوە لە بەرگی سێ پێشمەرگەکی یەکێتی....

* دەبوایە ئەوکاتە بتگۆتابایە ئێوە شەهید نین کە دەکوژرێن؟

- دەڕاوەستە پێشمەرگەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناوی. کاغەزەکی بۆ ناردم ئەڵێ کاك فاتح ئەگەر پێشمەرگەی ئێوە لە شەڕەکان شەهید ببن چیان ناو لێ دەنێی لە وەڵامدا گوتم ناویان لێدەنێم شەهید، ئەدی هی ئێمە ئەڵێم تۆ راست دەکەی من غەڵەت بووم من لە هەشتاوە دانم بەو غەڵەتە داهێنایە کە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان پارتی، یەکێتی، سۆشیالیست، شیوعی لە شەڕی ناوخۆ کوژران، هەموویان شەهیدن.

* کەواتە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە داوای لێبوردن لە کەسوکاری ئەو خەڵکە بکەی کە کوڕیان شەهید بوو برایان شەهید بوو؟

- من لە هەشتاوە داوای لێبوردنم کردیە، ئەتو پێم مەڵێ ئەمن بڵاوم کردیتەوە، ئەمن لە هەشتاوە داوام لێکردینە 26 ساڵ پێش ئێستا.

* ئا بەڵام دوای 1980 شەڕ گەرم بوو؟

- دوای هەشتا مەوزوعەکی دیە، ئەمن هەمووم بە شەهید داناوە، دوای ئەوەی ئەمن 200 پەڕەم لە بەرگی سێ لەسەر کارەساتی پشت ئاشان نووسی، ناوی هەموو شەهیدەکان، هی حیزبی شیوعی، هی یەکێتی، هی پارتی، هی سۆشیالیست، نازانم جەنابت دیوتەو ناوی هەموو شەهیدەکانیشم بڵاوکردیتەوە بە هەمووشیان دەڵێم شەهید.

* باشە باسی پشت ئاشانت کرد، گرتنی هاوڕێ کەریم و با بڵێین ئەو وەزعەی بە سەری هات هەستت بە هەڵوێستی لاوازی ئەوکرد یان هەڵوێستەکەی لاواز نەبوو حیزب خۆی سەرکۆنەی کرد؟

- نەخێر تەبعەن هاوڕێ کەریم محاسەبە کرا کە هاتە سێلوێ.

* له حیزب محاسبه‌کرا له جێی خۆی بوو یان غه‌در بوو؟

- نا، نا، زۆر له جێی خۆیدا بوو، نه‌خێر لازم بوو هاوڕێ که‌ریم بڵێ مام جه‌لال ڕێگام بده من ده‌چمه‌وه له‌گه‌ڵ براده‌رانم دائه‌نیشم گفتوگۆ ده‌که‌م ڕێك ده‌که‌وم ده‌گه‌ڕێمه‌وه ئینجا ئیتفاق ده‌که‌ین ئه‌وه ڕاست بوو.

* باشه تۆ پێتوایه هاوڕێ که‌ریم له ترسان بوو؟

- ئه‌وه ناتوانم ئه‌وه بڵێم، ناتوانم ئیحتماله ئیستعجالی کردبێ، په‌له‌ی کردبێ.

* به‌خۆت به ئعتباری ئه‌ویش کۆییه‌و جه‌نابت کۆیی و زیاتر یه‌کتری ده‌خوێننه‌وه، پێتوایه هاوڕێ که‌ریم که‌سێك بێ له مه‌وقفی تێکۆشانیدا ترسێك بیگرێ؟

- وه‌ڵڵا ئه‌وه مه‌سائیلی وا ....

* ئه‌وه ده‌بێ ئینتباعی خۆت بێ؟

- نا نا پێت بڵێم ئینتباعی من ئینتباعی شه‌خسیی،ه ئه‌وه من ناتوانم له‌و ره‌ئییه، من ته‌بعه‌ن کاك که‌ریم له 1946وه مامۆستام بووه و له‌گه‌ڵ سه‌دان هه‌زار تێکۆشه‌رانی شیوعی و کوردو عێراقی ژیاوه، ته‌قدیرات بۆ وان، هه‌ر که‌سه‌ك که بیه‌وێ باش خۆی بناسێ ده‌بێ باش خۆی بخاته به‌ر مینایه‌کی، ئاوێنه‌یه‌کی زۆر گه‌وره که ئاوێنه ڕای گشتی ڕای جه‌ماهیری، ڕای سیاسییه.

* په‌یوه‌ندی دۆستایه‌تیت دوور له سیاسه‌ت له‌گه‌ڵ هاوڕێ که‌ریم چۆنه؟

- وه‌ڵڵا په‌یوه‌ندی و سیاسی من، له‌گه‌ڵ هه‌موو هاوڕێکان غه‌یر سیاسی....

* هاوڕێ که‌ریم؟

- له‌گه‌ڵ هاوڕێ که‌ریم مامۆستام بووه ڕێزی ده‌گرم و ئه‌وپه‌ڕی ڕێزی ده‌گرم من هیچ کێشه‌کم له‌گه‌ڵی نییه، کێشه‌کی شه‌خسیم له‌گه‌ڵ هیچ که‌سه‌ك نییه، به‌ڵام ره‌ئی جیاوازم هه‌بێ یا بۆچوونی تایبه‌تیم هه‌بێ شته‌کی دیه.

* باشە دوای ئەوەی راپەڕین کرا حیزبی شیوعی هاتە ناو جەماوەر، خەباتی ئاشکرای دەستپێکرد داوایان لە جەنابت نەکرد کە بێیەوە پێویستیمان بە تۆیە بێی خەبات بکەی لێرە؟

- تەبعەن من هەتا 95 ممارەساتی ژیانی حزبیم دەکرد، بەڵام من ئیستقالەم نەدا من خۆم تەجمید کرد، کۆمەڵەك شت روویدا بە دڵم نەبوو کەموکورتی....

* یەعنی داوایان لێکردی یان نەیان کرد؟

- چۆن.

* لە دوای راپەڕین داوایان لێکردبی بێیەوە؟

- داوا، نەء، من داوام لیێ نەکرا، چونکە ئەوەلەن من دوو ئەرکم هەبوو ئەرکەکم ئەوە بوو من کەوتبوومە ناونووسین، ئەرکی دووەشم وەزعی تەندروستی بوو ئەمن چاوم خراپ بوو عەمەلیاتم کردو و شتی وا، بەڵام رەئی تایبەتم هەبوو، بۆچوونم هەبوو دەربارەی هەڵبژاردن، دەربارەی ئەو پەڕۆ سۆرو زەردو شین و کەسك بە منداڵ بازاڕیم دەزانی، ئەو قائیمەی کە حیزبی شیوعی دەریهێنا 132 کەس ئەسڵەن بێزم بۆوە بۆ پەرلەمان، هی وای تێدابوو لە حەیاتی ناوی خۆشی نەدیتییە، لە ماڵی خۆی ژنەکەشی بانگی نەکردیە، تەرشیحی کەم بۆ پەرلەمان فشەم پێهات .

* هەتا ئێستاش؟

- هەتا ئێستاش تەبعەن، رەئیم دەربڕی ناڕەزابووم و من زدی ئەوەبووم، رەئیشم دەربڕی، هاوارم کرد.

* چۆن یەعنی زدی بووی؟

- من رەئیم ئەوەبوو حیزبی شیوعی لە هەڵبژاردنی یەکەمی ساڵی 1992 بەرنامەکی تایبەتی هەبێ، تکایە ئەوە بە ئیهتام بڵاوبکەوە، بەرنامەکی تایبەتی هەبێ بیداتە سەرکردایەتی پارتی کاك مەسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی، بیداتە مام جەلالی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی، بلێ ئەوە بەرنامە "10" نوقتەیە، یەکێتی نیشتمانی گوتی ئەمن لەو"10" نوقتە"6" نوقتە لەگەڵم، "5" نائیبت دەدەمێ، پارتی گوتی"8" نوقتەت لەگەڵم "7" نائیبت دەدەمێ

* یەعنی بەڕەئی توو لەگەڵ یەکەکیان بووایە؟
- لەگەڵ یەکەکیان بابە لەسەر ئەساسی مەسلەحەتی حیزبی شیوعی کوردستان.
* ئەوان پێیان وابوو 10% زیاتر دەهێنن؟
- ئەوان پێیان وابوو 14%ی دەینن.
* تۆ پێت وابوو ئەوکاتە حیزب ئەوەندە نایێنێ؟
- ئەبەدەن، من لەبەر ئەوەی منداڵەکی کورد بووم، گەنجەکی کوردم لە کوردستان قەناعەتم وابوو 5%یش نایێنێ چونکە شارەزایی سایکۆلۆجیەتی کوردم، ئێستاش لەو وەزعەی...
* ئەو رەئییەی خۆت ئەوکاتی دا حیزب؟
- شەڕم کرد، چەندەها کەسی وەکو یوسف حەنەو ئەبو تارا ماون، شایەدن ئەگەر لە بیریان بێ، ویژدانیان هەبێ، کورە ئەمن گوتم، گوتم جەلال تاڵەبانی"7" نائیبتان دەداتێ"8" نوقتەتان ئیتفاق دەکەم، ئەچم سیاسەت یەعنی مەسلەحەت کاك مەسعود گوتی نەء ئەمن"8" نائیبت دەدەمێ لەگەڵ "8" نوقتەت لۆ جێبەجێ دەکەم لەگەڵ کاك مەسعود رێك دەکەوم."8" نائیبی خۆم دەدەمە پەرلەمان و دیفاع لە قەزییەی کوردی دەکەم.
* باشە کە دێیەسەر شەڕی ناوخۆ باس دەکەی دەڵێی هەموو حیزبەکان دژی شەڕی ناوخۆبوون کە لەگەڵیان دادەنیشی باشە ئەدی ئەو شەڕە کێ دەیکرد یەعنی ئەگەر هەموو حیزبی شیوعی دژ بوو پارتی دژ بوو یەکێتی و سۆشیالیست دژبوون ئەی ئەو ئاگرە بۆ نەدەکوژاوە؟
- ئەو ئاگرە بۆ نەدەکوژاوە، تەبعەن ئەساسی سایکۆلۆجییەکەی ئەوەبوو عەقڵییەتی حیزبایەتی تەسك بوو ناوچەگەرایەتی، گێت لە برات بێ، ناوچەگەرییەتی، پاوانکردن ئەو سنوورەی ئەو مەنتیقەی هی منە، ئەوە هی تووە، هی منە، خەڵکی بەڕەڵڵاش کرابوو بڕۆ خۆت بژێنەو پارە کۆکەوەو ئەتوش لە شاخ بووی ئەو وەختە لە نەتیجە خۆت دەزانی کاری تێکدەری زۆر ئاسانە بە دوو کەسان دەکرێ بە دووکەس بەیەك کەس کاری تێکدەری دەکرێ.

* یەعنی غەڵەتەکە لە سەرکردایەتی بوو لە راستیدا یان لە خوارەوە لە کۆنترۆڵەکە؟

- غەڵەتەکە لە هەردوولا بوو، ستراتیجییەتی.....

* کەواتە حیزبەکان دژی شەڕی ناوخۆ نەبوون؟

- ستراتیجییەتی حیزبەکان لە ئەساسدا، مزایەدات و کڕین و فرۆشتنی تێدابوو، تێدەگەی هەڵوێستی تێدابوو و ئەگەر نووسینەکانی من بە ئینساف بخوێنییەوە نووسینەکانی من بەتایبەتی ئەو سێ بەرگە بخوێنیەوە زۆرباش دەزانی کە زۆر شت هەیە لەکاتی سەرکردایەتی رێکدەکەوت بەڵام کە دەکەوتە تەنفیز تێکدەدرا.

* مەبەستم ئەوەیە یەعنی قیادەی حیزبەکان کەواتە لەگەڵ دژی شەڕی ناوخۆ نەبوون لەبەر ئەوەی؟

- نا نا پاوانکردن هەبوو، مەسەلەن، پاوان کردن چۆن نەبوو، پاوانکردن هەبوو.

* دەتوانی ئێستا بڵێی شەڕی ناوخۆ بە دەرەجەی ئەساسی خەتای فڵانە لایەن بوو؟

- بە تەسەوری من شەڕ بە لایەك ناکرێ، غەڵەت و چەوتی لە هەموو لایەکان.....

* بەڵام هەیە زیاتر هۆکاری هەڵگیرسانەکەیە؟

- تۆ رام مەکێشە بۆ ئەوەی بڵێی زەیدو فڵان، من پێت دەڵێم غەڵەت بۆ هەموو لایەك بوو و دوژمن دەوری هەبوو، مخابەراتی عێراقی و سەدام و هەموو دەوریان هەبوو، بەڵام ئەو دەورە تێدەگەی هەتا ئێستاش ئەو هەموو دیکۆمێنتانەش ئاشکرابووە بەڵام حەقائق لە میللەت بزرە.

* باشە کاك فاتح تۆ لە بەرگی سێی مزەکەراتەکانت یاداشتەکانت باسی خۆپیشاندانەکانی کوردستان دەکەی ساڵی 1982، خۆپیشاندانی ساڵی 1982 لە هەموو شوێنێك خۆپیشاندان کرا زۆر زۆر بە لاوازی باسی هەولێر دەکەی بۆ؟

- وەڵڵاهی ئەو تەقریرەی کە لە هەولێر گەیشتە دەستم تەبعەن ئەمن ئیعتیمادم دەکردەسەر راپۆرتەکە، ئیعتیمادم دەکردەسەر ئەو راپۆرتەی ئەو برادەرە قوتابییە کە

ناوی سەلاح بوو سەلاح جەوهەر تێدەگەی ئەو راپۆرتەی گەیشتە دەستم راپۆرتەکی داوە ئەمن ئیعتیمادم دەکردەسەر راپۆرتەکەی چونکە من تەقریرم....

* بەڵام دەزانرا کە خۆپیشاندان لە هەموو شوێنەکانی هەولێرێ بەردەوام بوو؟

- تێدەگەم، ئەمن راپۆرتم لە مەنەزاماتەوە بۆ دەهات.

* باشە بۆ ئەوکاتە مەنەزەمات لاواز بوو؟

- تەبعەن لاواز بوو.

* ئێ حیزبی شیوعی خەباتی نهێنی بەخۆی یەعنی لە...؟

- بەڵام بە هەزاران ئەنداممان لێدرابوو خرابوونە زیندان.

* ئا بەڵام لە 1982؟

- نەخێر تەنزیمات وا بەو تەسەورە نەبوو تەنزیمات لاوازبوو، هەرچی برێ تەنزیمات بە قوەت بوو ئەوا پاڵەوانییەتی دەکات.

* باشە کاك فاتح ئێوە بارەگاتان لە نۆکان و زەڵێ و سونێ و ئەو سێ چوار گوندە بوو، یەعنی بۆچی بارەگاتان گواستەوە پشت ئاشان گووشارتان لەسەر بوو یان چەند هاورێیەك کە سوور بوون لەسەر ئەوەی، سەبەبەکە چی بوو؟

- ناوەڵڵا تەبعەن من ئەوە بۆ تاریخ دەڵێم ئەوە پەلەکردنەکی منداڵانەی تێدابوو سوپای پاسدارانی ئێران هات میراوەی گرت ئەلوەتانی گرت، میراوەی گرت هات نێزیك بۆوە لە سنوور بەبێ ئەوە کە دراسەتەکی قووڵ بکرێ بڕیاردرا کە بنکە بگوازرێتەوە، گوێ بدێ....

* ئێ بۆ ئەوێندەرێ؟ بۆ پشت ئاشان؟

- تاکە کەسی کە دژی ئەوەی بوو کە ئێمە بچینە پشت ئاشان من و عەبدوڵڵای مەلا فەرەج بووین کە ئامر بەتالیۆنی هێزی مەقەڕی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بوو کە ناوی مەلا عەلییە، ئێمە....

* لەبەرچی دژی بووی؟

- ئەمن لەبەر ئەوەی کە کوردەك بووم شارەزابووم کە پشت ئاشان و دۆڵی پشت ئاشان وەکو تەپکەکە لە زستان کۆنتان بگیرێ قەندیل بەفری لێبباری دوژمن بە

ئاسانی تۆ دەتوانی تەحتیمت کا وەکو روویدا، مەلا عەلیش عەبدوڵڵای مەلا فەرەجی بەهۆی خیبرەی عەسکەری من و مەلا عەلی تاکە رێکبووین بەڵام مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری قسەکەی ئێمەیان بە فلسەك وەرنەگرت.

* تۆ ئەوکاتە سکرتێری ئقلیم بووی ئەی چۆن قسەی تۆیان وەرنەگرت؟

- ئێ مەکتەبی عەسکەرییە قراری عەسکەرییە.

* باشە لە مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسی کێ مسرِبوو کە بچنە وێ؟

- خۆیان هەموویان، بەس ئەمن لە لوجنەی مەرکەزی بووم وە عەبدوڵڵای مەلا فەرەجیش ئێستا ئەلحەمدولیلا ناوت بیستییە مەلا عەلی، ئێستا عەبدوڵڵای مەلا فەرەجیش ماوە، پەلەکرا جا نوکتە ئەوەیە ئێمە لە پشت نۆکان هەزاران تومەنمان سەرف کرد کە ئیزاعەی لێ دانێین بینایە خەریك بوو تەواوبێ بە پەلە پەل بینا بەجێهێشترا کەلوپەل بەجێما هاتە هاتەمان تووش هات، هات، هات، هات، هات، هات.

* باشە کاك فاتح بەپێی ئەو ئەزموونەی لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو حیزبە کوردستانیانە هەتە کێ زۆر هەمیشە لەگەڵ پێکهاتن و عاملەکی زۆر ئیجابی بوو، عاملەکی نیشتمانیانە بوو کێش زۆر هەمیشە دەورێکی سلبی دەبینی لە کۆبوونەوەکان و هەمیشەو هەڵچوون و بەگژداچوونەوەی پێوە دیاربوو؟

- وەڵڵاهی ئەمن تەبعەن بۆ مێژوو ناو نایینم، بەڵام نا ناو ناینم زۆرکەس هەبوو بەتایبەتی لەناو سۆشیالیست زۆر هەڵوێستی ناشیرین، هەڵوێستی تێکدەری، هەڵوێستی تەخریب ب کە من دادەنیشتم لە هەموو کۆبوونەوەکان کە ئەوها تەماشام دەکرد عەقڵییەتی منداڵی کوردی کە دەڵێ دوو نینۆکان دەخورێنم دوو کەسان بەشەڕ دێنم ئێشیان ئەوەبوو هانی حیزبی شیوعی بدەن ببتە شەڕ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لەناو سۆشیالیست.

* باشە کە ئەوەت دەزانی لۆ واتان دەکرد؟

- من یەك کەس بووم برای بەڕێزم.

* ئەی بۆ قیادەت باس نەدەکرد؟
- ئەمن لەگەڵ قیادە دادەنیشتین دەچووینە مفاوەزات خۆ هەر ئەمن نەبووم، کاك کەریم دەهات عەبدولرەزاق سافی دەهات ئەحمەد بانی خێلانی دەهات.
* ئەو ئینتباعە لای ئەوانیش دروست ببوو؟
- نازانم..
* پێت نەدەگوتن ئەوانە مەوقیفیان وایە مەسەلەن؟
- لە بەینی خۆمان رەئیمان دەدا ها قسەکانی من زۆرجار بەمنیان دەگوت ئەوە نەختەك متەعاتفە لەگەڵ مام جەلال ئەمن قسەی وام دەکرد ئەدی لە پێشا نەتگوت."لا دخان بدون نار." تێدەگەی، چۆن مەسەلەن خەڵکیان دەکوشت بابە بۆ دەیکوژی مەکوژە نەء ئەوە تۆڵەیە کاکە ئەمن پێت بڵێم ئەوەندە جەرائیمی راستە حەرەکەی شۆڕشگێڕی کوردی تەزحیەی داو هەزاران قوربانی و هەمووومان لازمە کڕنووشی بۆ ببەین، بەڵام زۆر تاوان و زۆر غەڵەتی گەورەش کرا زۆر بەداخەوە لەژێر پەردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد وە زۆر بەداخەوە دەڵێم تا ئێستا قەڵەم نووسانی پاکی مێژوونووسی راستگۆی میللەتی کورد حەقی تەواویان نەدایتە ئەو؟؟؟.
* باشە باسی نووسین و قەڵەم و ئەو شتانەت کرد رات لەسەر یاداشتەکانی ئەحمەدی بانی خێلانی چۆنە؟
- وەڵڵا برام تۆ سوئالی وا مەکە.
* ئاخر ئەو لەوێ زیاتر لایەنگری پارتی گرتووە پێچەوانەی مزەکەراتی تۆ یەعنی دوو مزەکەراتە لە یەك واقعی سیاسیدا بەڵام زۆر لێك جیاوازە؟
- وەڵڵا ئەوە پێت بڵێم، ئەمن ئومێدەوارم و زۆریش بڕوام بە هۆشیاری رۆڵەی کورد هەیە، نەوەی تازەی کورد کە ئێستاکە مێشکیان کراوەتەوە زۆرباش دەزانن کە بەراوردی بکەن لە بەینی هەڵوێست و نووسین و کردەوەی هەموو لایەك، ئەو وەرامەی من ئەیخەمە بەردەمی مێژوو، بەردەمی رۆڵەی کوردو نووسەران و گەنجانی دڵسۆزی کورد.

* باشه ئێوه له 6/1 مانگی شوباتی 1983، "19" گروپ بوون له لیبیا بەیاننامەیەکتان دەرکرد دوایی حیزبی شیوعی زوو کشاوه باشه لۆ چووه ناوێ، لۆ کشاوه یەعنی زۆرجاران حیزبی شیوعی له...؟

- ئەوەش پەیوەندی هەیه بەو کێشه ناڕەوایەی که لەناو سەرکردایەتی حیزبی شیوعی هەبوو و بەعزه کەس، بەعزه عناصر نامەوێ ناویان بێنم که وەکو ئاگری بەنزین دەورەکیان دیت دوای کپبوونەوه.

* لەناو حیزبی شیوعی؟

- لەناو حیزبی شیوعی ئەوانه دەوری تێکدەریان هەبوو، بەس دەزانم کێنه بەڵام ناویان..

* ئەوانه له سونعی قەراربوون؟

- تەبعەن له سونعی قەراربوون، ئەمه له شاخ بووین کاکه کێ قسەی مەی دەخوندەوه.

* یەعنی قسەی ئێوه له شاخ نەدەخوێندراوه؟

- نەدەخوندراوه نه شتی وا نەدەخوندراوه برام ئەوان قارەمان بوون.

* ئەی ئێوه رەئیتان نەدەدا؟

- چۆن رەئیمان نەدەدا، بەڵام ئەمن پێت دەڵێم میسالم بۆ هێنای ئەڵێم من هاوارم کاکه عەلەمی ئاڵای سۆرو شین و زەرد تێکدەن حیزبی شیوعی بەیەك قائمه دامەبەزه کەس گوێی نەدا قسەی من، نامەوێ ناوت بۆبینم عناصر هەبوو ده ئەگەر بەدەستیان با قوڕگیان دەگرتم چۆن دەبێ ئەو قسانه بکەم وه ئسپاتیشیان کرد چەند....

* باشه بۆچی ناوەکان ناهێنی؟

- لەبەر ئەوەی چونکه ئەوه....

* بۆ تاریخ نییه بۆ هەر به دەمامك دراوی بمێنێتەوه؟

- نەء نەء ئەوه بنۆڕه ناوهێنان له سیاسەت مسداقیەت بزر دەکا.

* نەء بلعكس؟

- نەخێر ناوهێنان لە سیاسەت مسداقیەت بزر دەكا ئەبێتە موهاتەرات ئەبێتە شتی شەخصی، بەڵام مەواقع، مەواقف....

* مەسەلەن تۆ دەڵێی قیادە20 كەس بووە چوزانی كامەیان موتەتەرف بووە كامەیان معتەدل بووە؟

- ئەمن پێت دەڵێم مەسەلەن ئەوە حەیات ئەوە ئسپات دەكا دوای تۆ بەمن دەڵێی فلان بۆ لە نووسینەكانی وادەنووسی بەڵكو ئێستاش هەر عەینی تاس و حەمام بێ ئێستاش عەینی شت بێ.

* باشە بەس ئێوە بە كشانەوەتان لەگەڵ لەو رێكەوتنامەیەكتان دەركرد لە لیبیا پەیوەندی ئێوە لەگەڵ یەكێتی بەرەو خراپی چوو؟

- لەبەر ئەوەی ئەوە نەء بلعكس پەیوەندی ئێمە وەكو ئەمن ئاگام لێیە پاشی زۆری نەخایاند یەعنی پاشی لە سەرەتای1984 یەكێتی سێ جار محاوەلەی كرد لەگەڵ ئێمە چاك ببتەوە....

* ئا بەڵام وردە وردە خراپ بوو؟

- نا نا یەكێتی سێ جار محاوەلەی كرد، جارەكیان جەبار فەرمانیان نارد، جارەكیان حەمەی حەمە باقی ناردرا بۆ مەنتیقەی بارزان ئەوە دوو، جارەكیان من تەكلیف كرام.

* باشە نوێنەری حیزبی شیوعی كێ بووە لەو كۆبوونەوەی ئەوەی تەرابلس نوێنەرەكە؟

- ئای بلعكس ئەوە هەر دەیەوێ ناوان بڵێم.

* نا نوێنەرەكە خۆ تەبیعییە نوێنەر بووە لەوێندەر؟

- وابزانم ئەگەر زاكرە تووشی غەڵەتم نەكا فەخری كەریم و نەزیهە دلێمی بوو....

* نەء تەواوە وایە، هەر ئەوانەن؟

- یەعنی نووسیتت.

* باشە ئێوە کە بارەگاتان لە ناوزەنگ گواستەوە بۆ پشت ئاشان، ناوزەنگ یەکێتی زۆر تیابوو، ئەوکاتی کە لەوێ ڕۆیشتن یەکێتی پێی ناخۆش نەبوو؟
- پێیان خۆش نەبوو.
* پێیان خۆش نەبوو حەزیان دەکرد هەر لەوێ بن؟
- حەزیان دەکرد، ئاخر پێت دەڵێم یەعنی بەڕاستی چ لەناو حیزبی شیوعی چ لەناو یەکێتی چ لەناو سۆشیالیست هەموو بۆچوون و را وەکو یەك نەبوو تێدەگەی تەبعەن رەئی موتەشەنج هەبوو رەئی توندڕەو هەبوو بەڵام رەئی دروستکەریش هەبوو بەتایبەتی مەجموعەکی دیاریکراو لەناو برادەران و سەرکردایەتی یەکێتی عیلاقەیان بەقوەت بوو لەگەڵ کاك عەزیز لەگەڵ من لەگەڵ کاك کەریم.
* یەعنی ئەوان داوایان لێ کردن نەچنە پشت ئاشان؟
- داوای چی، ئەوان گوتیان پەلەیە منیش زانیم پەلەیە ئاخر ئەوە جەیشی ئێرانی هات جەیشی ئێرانی هاتە ئەڵواتانت دیوە هاتە ئەڵواتان هاتە بە نوخەجێ ئێ ئەمن بۆ هەڵێم بۆ هەڵێم زۆریش گران لەسەرمان وەستا لەرووی ماددی لە رووی نەتائیجی لەو ئەوەی لەو بنکە تێکچوونە بە پەلە گواستنەوە بۆ پشت ئاشان گەورەترین زەربە بە حورمەت و بە ئیحترام و بەڕێزو بەکیان بە شەخصیەت.
* باشە ئەگەر لە نۆکان یان هەر هەمان شت دووبارە نەدەبۆوە؟
- لە سیاسەت ناتوانی بڵێی نەء ئیحتمالاتە جەیشی ئێران لێیدابانایە ئیحتمالاتی هەموو شت هەبوو، تۆ شەڕی پارتیزانی دەکەی کە دەچییە شەڕ بە ئومێدی ئەوەی دەچی خەسارە نەدەی بەڵام کە...
* نەء بە تێڕوانینی خۆت یەعنی ئەگەر هەر لە نۆکان بمابانایەوە؟
- نەء ئەمن تەوەقعی یەعنی ئەمن نەم دەگۆ هەموو شت مسۆگەرەو دنیا بەخێر، بەڵام شت هەیە، دیارە پەلە پەلەکردن دوای ئەمە سێ حیزب لێرە بین سۆشیالیست لە دوڵە توێ بی، یەکێتی نیشتمانی لە توژەڵەو لە ناوزەنگ ئەوە بی ئێمە لەوێ

بین، حیزبی دیموکراتی کوردستان چوار پێنج حیزب لەو دۆڵە بی ئێ ئەمن بۆ پێش هەمووان هەڵێم.

* باشە کاك فاتح دەکرێ بڵێین دەستپێکی شەڕی ناوخۆی جدی کە ئەوەبوو لەنێوان حیزبی شیوعی و هەتا سۆشیالستیش بوو بەس بابڵێین حیزبی شیوعی لەگەڵ یەکێتی لە شەڕی نێرەگینەوە، شەڕی نێرەگین کە یەکێتی هێرشی هێنایەسەر حیزبی شیوعی و سۆشیالست لەوێندەر کۆمەڵێك خەڵکی تێداگرت و هەندێکی لێ کوشتن و ئەو شەڕە پێشتر پێشینەیەکی هەبوو کە حیزبی شیوعی غەدرێکی گەورەی لێکردبن لە یەکێتی بۆ تۆڵەکردنەوە هاتبووە ئەوێ. یان ئەوان هاتن پەرە بەو شەڕە بدەن؟

- نەء ئەمن بۆ تەئریخ دەڵێم وە ئامادەمە لە سمیناراتیش، یەکێتی دائیمە لە هەموو کۆبوونەوەکان بە ئێمەیان دەگوت ئێوە بە ناوی جوود دفاع لە کردەوەکانی سۆشیالیست مەکەن. لە هەمانکات پاوان، سیاسەتی پاوان بەرامبەر بە پارتی چونکە دەیانگۆ پارتی رێنادا ئەمە بچینە بادینان ئەمەش رێنادەین ئەوان بێن، ئەو دوو شتە دائمە نوقتەی خیلاف بوو لە بەینی مەو یەکێتی، تێدەگەی تەبعەن یەکێتی خۆی بە خاوەنی شۆڕشی تازە دەزانی خۆی بە خاوەنی قوە دەزانی، سۆشیالیستیش خۆی دەیەویست ببتە بەدیلی سێیەم و یەعنی ئەوە بکا لەو کێشە ئەساسەکەی لەوەوە هات شەڕی نێرەگین.

* لەوێ تەقییەوە؟

- لەوێ دەستپێکرد، نا لەوێ دەستپێکرد بەڵام وەکو من لە بەرگی سێ بڵاومکردیتەوە تا حەدەك ئاگرەکە دامرکاوە بەڵام دوایێ لە دۆڵی خەلەکان شەماڵ و سەرباز لەلایەن چەند کادرێك کوژران هەرچەندە کادیرانی حیزبی شیوعی پێی ئیتهام کران، بەڵام لە واقیع کادیرانی حیزب، پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی دەستیان تێدا نەبوو، بەڵام بە قارەمانییان زانی گوتیان ئێمەش دەستمان تێدایە، دوایی گران لەسەریان وەستا، نامەوێ ناوبێنم.

* باشە زۆرجار وا بووە زۆرجار؟

- مساعدە بکە دوای تەبعەن ئەوە زیاتر تەوەترەکەی پەیاکرد یەعنی ئەوەبوو لە هەمووی نوکتەتر ئەوەیە 28 یا 26 نیسان ئێمە لە پشت ئاشان بووین مەفرەزەکی، قوەتەکی زۆری یەکێتی نیشتمانی تێپەڕی بەکنەمە داوای یارمەتیان لەمە کرد معەلەبات لەگەڵ نانی زۆرمان بۆناردن چونە ناوزەنگ و ئەو ناوە. پاشی ماوەکی لەگەڵ نەوشیروان هاتن هەر ئەوانە بوون دەورەی ئێمەیان داو زەرەرەکی زۆر بە ئێمە، کەوت ئێمە یەعنی تا ئەو لەحزە بە بۆچوونی من تەسەوڕ نەدەکرا کە یەکێتی ئەو هێرشە بێنێ.

* باشە ئێوە هێرشتان بردو لە بالیسان دەرتان کردبوون بۆ تەسەوڕتان نەدەکرد ئەو هێرشە بێنێ؟

- ئا تەبعەن ئەو هێرشەی کە کرا لە بالیسان دیسان ئەگەر بەرگی سێ بخوێنییەوە من باسی دەکەم بە سەراحەت یوسف حەننا بەرقییەکی کرد.

* ئەبو حکمەت؟

- بەڵێ بەڵێ، یوسف حەننا بەرقییەکی کرد دەڵێ قوەتی سۆشیالیست و یەکێتی لە گوندی پارتی لە گوندی بالوکاوە، بالوکاوە دەزانی لە کێیە لە گوندی بالوکاوە تەسادمیان بوو ئێمە چ بکەین من چوومە مەکتەبی سیاسی گوتم مەچوونە ئەو شەڕەوە بڵاویشم کردیتەوە چوومە مەکتەبی سیاسی کەریم ئەحمەد دانیشتبوو عەبدولڕەزاق سافی دانیشتبوو باقر ئیبراهیم دانیشتبوو سلێمان یوسف کە پێی دەڵێن ئەبو عامل دانیشتبوو پێم گۆتن گۆتم مەچوونە ئەو شەڕەی با نەچین حەتا ئەمن گۆتم ئەو شەڕە، گوتم هێزی دۆستی مە هەیە، هەیە سێیەکی لەگەڵ ئێمەیە کاك کەریم خۆی لێ توڕەکردم گوتی مەڵێ سێ یەك بڵێ پێنج یەك پاشە من قەرارەکیان وەرگرت(؟؟؟) علاقەی جود ئەوەبوو شەڕی بالوکاوەی یوسف حەننا قەراریدا گوتی بڕۆن عەزیزی کوڕی ساڵحی شەقلاوەی و دوو سێ پێشمەرگەی کوژراو.....

* شەهید ئازاد؟

- شەهید ئازاد، زار خۆش، ئازاد سەرسۆر کوژراو ئەوە نەتیجەکەی، مام جەلالیش گۆتی تۆڵە بەزەبرە ئەمما بەسەبرە، ناڵێم تاریخ زاڵمە بەڵام هەر ڕێگای خۆی دەکاتەوە هەقائق هەر ئاشکرا دەبیٚ.

* باشە پێتوایە ئەبو حکمەت ئەوکاتە پەیوەندییەکی لەگەڵ پارتی هەبووبیٚ؟

- ناتوانم ئەمن ئەوەی بڵێم بەڵام لە تەئریخی دوورو....

* باشە خۆش نەویستنەکەی نێوانتان لەسەر مەواقفە سیاسییەکان بوو یان؟ یان شەخصی؟

- وەڵڵا ئیحتمالە لەسەر هەڵسان و، وەڵڵاهی بەعزە جار ئینتباعە، بەعزە جار شەخصیە، بەعزەجار لە علمی نەفس شتەك هەیە دەبینی ئەتو ناشناسم ئەتوم خۆش دەویٚ تێدەگەی بەس ئەمن تەبعەن ئەو تەئریخ حەیاتی منی باش دەزانی، منیش تەئریخ حەیاتی وی لە 1946ەوە دەزانم کو گیرا لە 1949 چی کرد چی نەکرد لە سجن مەوقفی، هەموو شتی دەزانم هەردووکمان باش یەکتر دەناسین.

* ئیٚ باشە خۆ هەر ئەتو نازانی قیادەش دەزانی مەوقفی چۆن بووە؟

- ئیٚ قیادە دەزانی بڕۆ بە عەزیز محەمەدی بڵیٚ.

* ئەو چاوپێکەوتن ناکا؟

- بڵیٚ بە عەزیز محەمەدی بڵیٚ پێی بڵیٚ، بڵیٚ کاك عەزیز بۆ لە 1944ەوە یوسف حەننا دەزانی بۆ گەیشتە ئەو نەتیجەیە ئەو سوئالەی لیٚ بکە، بینووسە ئەو سوئالەی، بۆ گەیشتە ئەو نەتیجە بڵیٚ لە 1944ەوە دەیناسی."10" ساڵ بڵیٚ لە سجن لەگەڵت بووە لە نوگرە سەلمان و کوت لەگەڵت بووە باش دەزانی بۆ گەیشتە ئەو نەتیجە ئەوەندەی لیٚ بپرسە خێرت دەگا.

* جواب ناداتەوە؟

- خێرت دەگا ئەتو واجبی خۆت دەکەی قەڵەمت بەدەستەوەیە کوڕی بابم.

* باشە دەڵێی حکومەت لە پشت ئەو شەڕانە بوو شەڕی ناوخۆ و با بڵێین ئەوانە بەنسبەت ئەوەی پشت ئاشان ئی پشت ئاشانیش هەر دەوری حکومەتی تێدابوو یان ئەو شەڕەی بالیسانێ سەبەبەك بوو؟

- وەڵڵاهی پێت بڵێم برا ئەمن ناتوانم لە غەیب هیچ بڵێم، بەڵام ئەزانم هەر کارەکی تێکدەری لە کوردستان روویدایە دوژمن ئینجا چ ئێراق چ ئێران چ تورکیا دەستیان هەبووە تا ئێستاش دەستیان هەیە.

* باشە دەڵێن لەو شەڕەی پشت ئاشان نەوشیروان موسەببی ئەو شەڕە بوو ئەو شەڕەکەی هەڵگیرساند ئەو قیادەی شەڕەکەی کرد ئەویش تاوانباری یەکە ئەساسی ئەو شەڕەیە ئی پشت ئاشان، بەڕەئی تۆش وایە؟

- وەڵڵا بەڕەئی من تەبعەن بڕیاری سەرکردایەتییە، بەڵام نەوشیروان زیاد لە پێویست هەنگاوی خراپی نا یەك لەوانە ژنی من دایکی ئاسۆسی لەگەڵ خوشکی دڵزاری کە خەجیج خانە ناوی فریشتەیە لەوێ بوون کە نەوشیروان بڕیاری دایە ئەسیر بکوژرێن وەکو شاهێد مەوجودن ئێستاش...

* ئەی باشە ئەوان ئەسیر بوون بۆ نەکوژران؟

- کێ.

* فریشتە؟

- 14 ژن ئەسیربوون بابەگیان، 14 ژن ئەسیربوون.

* ئەوجا ئەو چواردەیە چەندی لێ کوژرا؟

- لە ژنەکان نەکوژرا.

* بەس پیاوەکانیان کوشت؟

- بەتایبەتی عەرەبەکان، عەرەبەکان و نەختێك کورد.

* عەرەبەکانیان هەموو کوشت؟

- نازانم هەموویان نا، بەڵام دایکی ئاسۆس و فریشتە لەوێ بوون کە خۆیان دیبوویان وابزانم شەش کەسیان دیبوو لەسەر کانی پشت ئاشانێ بە(؟؟).

* نەوشیروان گوتبووی لێیان دەن؟

- ئا بە شاهید ئەوانن.

* باشە ئێستا جەنابت دوای ئەو هەموو گێرمەو کێشەیەو ئەو هەموو وەزعەی لەناو ئەو خەباتە دووردرێژەی هێناو بردت ئێستا چۆن سەیری تەجرەبەی خۆت دەکەی، تەجرەبەیەکت هەیە ترش و سوێری تفت و تاڵی خۆشی و شیرینی هەمووی تێدایە یەعنی ئێستا ئەگەر ببیەوە گەنجەك لە تەمەنی بیست ساڵییەوە بی بە هەمان ئەو عەقڵییەتی ئێستا هەیتت بەڵام تەمەنەکەت بگەڕێتەوە دواوە دەچییەوە ناو ئەو خەباتە ئاڵۆزکاوەی کە نە سەری دیارە نەبن، دنیایەك گوناهی تێداکرایە دنیایەك خەڵکی تێکۆشەری تێدا کوژرا بەبێ هیچ تاوانەك هەر لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ و لە ئەنجامی بەرژەوەندی چەند پیادەیەك با بڵێین ئێستا ئەگەر؟

- وەڵڵا دەمەوێ ئاماژەت بەوە بۆ بکەم کە من لە سەرەتایی لە تەمەنی 15 ساڵی فەقیرم خۆش دەویست هەژارم خۆش دەویست وام لێهات لەناو خەڵك دەمگۆ لایەنگری رووسانم فەقیرم خۆش دەوێ ئەوەبوو وای لێکردم کە ببم بە ئینسانەکی...

* ئەوکاتی هیچ، ئەوە زروفەکە چاك بوو ئێستا، ئێستا؟

- ئەو ماوەی کە ئیشمکردییە من وەکو کابرایەکی بەبێ فرتوفێڵ ئەوەی لە توانام بووە چاك و خراپ، قازانج و زەرەر درێخم تێدا نەکردییە وە قەناعەتم وابووە کە باشترین ئازادبوون لە پێناو رزگاربوونی میللەت لە رێگای حەرەکەی شیوعی پەیادەبێ، بەدەست دێ، تەحقیق دەبێ، بەڵام بڕوا بکە پاش ئەوەی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان پرۆسترۆیکا پەیابوو ملم لە خوێندنەوە نا، سەدەها لاپەڕەی رەشم ئەخوندەوە یەك لەوانە کتێبەکم خوندەوە لە سوریا ئەندامەکی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی؟؟؟ ساڵی 1938 نووسیبوی بەناوی ستالنیزم.

* هەمە کتابەکەم هەیە، هی ستالینییە؟

- هەر بەناوی ستالنیزم، بە کاکی خۆم بڵێم ئەوە منیش تەبیعەتەکم حەزدەکەم شت بخونمەوە سەبر سەبر گۆڕان، ئێستا بگەڕێمەوە عەینی تەمەن وەڵڵا بە عەقڵییەتەکی سۆسیال دیموکراتەکی دیموکراتخواز، مافی مرۆڤ، یەکسانی...

* پێتوایە یەکسانی شتێکی واقعییە؟

- مەبەستم لە یەکسانی سەروەری یاسایە، چونکە من لە سوید دەژیم ئەزانم لە سوید ملیاردێر هەیە وە کابراش هەیە لەناو ژوورێکی(؟؟؟) دەنوێ تێدەگەی بەڵام قانون کە دەڵێم سەروەری یاسا ئەساسە تێدەگەی مەبەستم یەکسانی ئەوە نییە بە عەقڵییەتە کۆنەکەی کە ئێمە خەڵکمان پێ پەروەردەکردو خۆشمان پێ پەروەردەکرا تەوزیعات و...

* باشە تۆ باسی سۆشیال دیموکراتت کرد بە عەقڵییەتێکی سۆشیال دیموکراتانە؟

- لەسەر ئەساسی مانیفیستۆی کارل مارکس.

* ئێستا یەکێتی بانگەشە بۆ ئەو سۆشیال دیموکراتە دەکات تۆ ئنتباعت چۆنە لەسەری؟

- ئەوە ئیشی خۆیانە بڕۆ بەوان بڵێ.

* باشە کاك فاتح ڕەئی چەند کەسێکت لێ وەردەگرم، ئنتباعت بەرامبەر ئەو شەخصانە کە لەگەڵیان کارت کردووەو زۆر یەکتریتان هینایەو بردیە لە سیاسەتداو ئەوانە بەکورتی مەسەلەن قاسملو، ڕەئیت لەسەر قاسملو؟

- قاسملو من لە نێزیکەوە دەیناسم بە بۆچوونی من زیرەکترین سیاسییە، زیرەکترین سیاسیی، وشیارترین سیاسی، زبانزان د. قاسملوە، بەڵام بەداخەوە کە لە نەمسا تووشی شتەك بوو وادەرنەچوو کە سەری تیاچوو.

* جەلال تاڵەبانی؟

- مام جەلال برادەری نێزیکمە لە عومری حەفت ساڵییەوە تا ئێستا برادەرین زۆر زۆر زیرەکە زۆر خۆڕاگرە، بەڵام مام جەلالیش وەکو هەر سیاسییەك نییە لە دونیا بێ بیست و چوار(؟؟؟) هیچ کەموکورتییەکی نەبێ.

* عەزیز محەمەد؟

- له 1946وه مامۆستام بووه بەشی وەڵلا هەموو حەیاتی سیاسی لەوی نێزیك بووم زۆرباش ئەیناسم، بەس حەق وابوو پاشەخۆی شتەکی زۆباش بەجێ بێڵێ بەداخەوه بەجێی نەهێشت.

* کەریم ئەحمەد؟

- کەریم ئەحمەد مامۆستام بووەو مامۆستامه ئەویش رەئی و بۆچوونی ئەیخەمه بەردەمی کادیرانی کۆن و تازەی حیزبی شیوعی و جەماوەرەکەی.

* رەئی خۆت لەسەر نادەی؟

- ئەیخەمەبەر مەحەك.

* مەلا بەختیار؟

- مەلا بەختیار زیرەکه وه بەڕاستی من لەیەك شت، بەسەری تۆ له یەك شت ئەمن تەقدیری دەکەم مەلا بەختیار که ئالآی شۆڕش تەفروتونا بوو، مەلا بەختیار دوو ساڵ وابزانم له سجن بوو، بەڵام مەلا بەختیار هەڵساوه ئازایانه هەڵسا (؟؟؟) ئەڵمانی دەڵێ له ژیان کەوتن مهم نییه راست بوونەوه مهم تره له کەوتن، مەلا بەختیار هەڵسایەوه.

* کەمال شاکر؟

- وەڵلا کابرایەکی حەبابەو مجامەلەو رووی خۆشه.

* ئاخرکەس جەلال دەباغ؟

- وەڵلا برادەرەکی نێزیکمه.

* له سیاسەت؟

- سیاسییەن و حیزبییەن و نووسین زۆر رێکوپێکه ئەویش یەعنی عالەمەکی خۆی هەیه.

* هەست ناکەی جەلال دەباغ له سیاسەتدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو؟

- برۆ بەخۆی بلێ.

* ئەی بەرەی جەنابت؟
- برۆ بەخۆی بڵێ بۆ بەمن دەڵێی.

# مەلا سدیق عەبدولعەزیز

مەلا سدیق عەبدولعەزیز، برای مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو مەلا عەلی عەبدولعەزیزە، کە مەلا عوسمان رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بووەو دواتریش مەلا عەلی لەشوێنی مەلا عوسمان لەناو بزووتنەوە دانرا.

مەلا سدیق هەر کە رووی کردۆتە شاخ و هەڵەبجەی جێهێشتووە، چووەتە ناو ئیخوان، دیارە لەوێش لەودیو(ئێرانەوە) لە هەندێك رووەوە جیاوازی لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین هەبووە کە ئێستا ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامییە.

دوای ئەوەی مەلا سدیق لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین تێکدەچێ و راپەڕین لەکوردستان سەرهەڵدەدا، مەلا سدیق ئەم باوردخە دەقۆزێتەوەو ئەویش بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی دادەمەزرێنێ و تاڕادەیەك خەڵکێکی لەدەور کۆدەبێتەوە، بەڵام دواتر دروستکردنی یەکگرتووی ئیسلامی و ناکۆکییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی و ئەو دۆخە سیاسیە دژوارەی لەکوردستان هاتە ئاراوە، رەنگدانەوەو کاریگەیی زۆری بەسەر راپەڕینی ئیسلامییەوە هەبوو، تا وای لێهات لەگەڵ بزووتنەوە یەکیان گرت، لەکاتێکدا بارودۆخی بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر زۆر لە بارودۆخی حزبی سۆشیالیستی دوای نیوەی دووەمی هەشتاکان ئاڵۆزتربوو، لەراستیدا مەلا سدیق بەر لەوەی سیاسیانە بڕیار بدات کەوتبووە ژێر کاریگەری سۆزو عاتیفەو ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەی کە لە رۆژهەڵاتدا باوە، بەتایبەت کە رابەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی برا گەورەی بوون و نەیدەتوانی لەژێرکاریگەری ئەو برایەتییە راپەڕێ، ئیتر راپەڕینی ئیسلامی چووە ناو بزووتنەوەی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامیش تووشی پەتای کەرت و بوون و جوادبوونەوە هات، بەم شێوەیە هەم بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر بچوك بووەوەو هیچ کاریگەری نەما، هەم راپەڕینی ئیسلامیش توایەوە.

* دەکرێ بە کورتی باسی یەکەم ئینتیمات بۆ هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی بکەیت، ئایا یەکەمجار چوویتە ناو ئیخوان موسلمینی عێراق یان پێش ئەوە لە ناو گرووپی تردا کارت کردووە؟

- بە کورتی لە 1952 دا رێکخستنی ئیخوان لە رێگەی شێخ (ئەمجەد الزهاوی و مەحمود سواف)ەوە، هاتە ناوچەی هەڵەبجە، کاکە مەلا عوسمانم باوەشی بۆ ئەو فیکرەیە کردەوە و ئینتیمای ئەو زیاتر رۆحی و ئەدەبی بوو نەك تەنزیمی و ئیداری، لە 1958 دا کە عەبدولکەریم قاسم ئینقلابی کرد و لە پاشاندا باوەشی بۆ شیوعییەکان کردەوە و وەزارەتی پێدان، شیوعییەکان کەوتنە دروستکردنی (مقاومە شعبی) و ئەو هێزەشیان بەردایە گیانی خەڵکی موتەدەین و ئەمەش وایکرد کە هەستی دینی بەهێزتر بێت، لە 1963 دا عەبدولسەلام عارف لەگەڵ بەعسییەکاندا ئینقلابیان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و ئەوەبوو ئەحمەد حەسەن بەکر کرایە سەرۆك وەزیران و عەبدولسەلام خۆی بوو بە سەرۆك کۆمار و دەستی بەعسییەکان کرایەوە ئەمانیش وەك شیوعییەکانی سەردەمی عەبدولکەریم کەوتنە دروستکردنی (حەرەس قەومی) و بەریان دایە گیانی خەڵکی غەیرە عەرەب بەتایبەتی.

شۆڕشی کورد ئەوکاتە لەگەڵ بەعسییەکاندا رێکەوت و ئەوەبوو عەبدولسەلام وادەکانی خۆی نەبردە سەر. شۆڕشی کورد لەوساڵانەدا تووشی ئینشیقاقات بوو، شۆڕشی ئەیلوول دەستپێکرد و هێزێکی گەورەی ئەو شۆڕشە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی ئەوکاتەدا رێککەوتنی کرد و شۆڕشی گەلی کورد ناچاری ئەوەبوو دانووستان لەگەڵ حکومەت بکات، حەلکردنی ئەو هێزەی رێککەوتنیان لەگەڵ حکومەت کرد و لەو لاشەوە ئەو هێزانەی عەشایەر کە بەناوی(فرسان سەلاح الدین) دروست کرابوون، ئەوەبوو ئەو دانووستانانە سەری گرت و بەیاننامەی ئازاری 1970 دەرکرا و بەو حوکمەش هێزە چەکدارەکانی لای حکومەتی مەرکەزی حەلکران. لە 1963 داو پاش هەشت نۆ مانگ عەبدولسەلام لەگەڵ بەعسییەکاندا ناکۆکی بۆ دروست بوو ئەوەبوو(حەرەس قەومی)یەکانی حەلکرد و خۆی بوو بە حاکمی موتڵەق لە عێراقدا، ئەمەی وایکرد کە بەعسییەکان خۆیان و یەك لایەنە

کودەتای 1968 بکەن بەسەر عەبدولڕەحمان برای عەبدولسەلام عارفدا و بە دەستێکی پۆڵایین بدەن لە نەیارەکانیان، کاتی خۆی دوو ڕەوت کاری دەکرد ڕەوتە ناسیۆنالیزمیەکان بریتی بوو لە بەعسییەکان لەناو عەرەبەکاندا و شۆڕشی ئەیلوول لەناو کورددا کە هەر زوو ناکۆکی و دوو بەرەیی کەوتە ناو شۆڕشەکە لەسەر تەفسیرکردنی مەسەلەکان و داڕێژانی سیاسەتەکان، ڕەوتە ئەنتەرناسیۆنالیزمەکەش لەناو عەرەبەکاندا بریتی بوو لە شیوعییەکان و لەناو کوردیشدا بریتی بوو لە ڕەوتی ئیسلامی کە تەنزیمی ئیخوان لە پەنجاکانەوە تا شەستەکان و تا(1962) کاری تەنزیمی نەبوو لەو ساڵەدا یەکەمین شانەی ڕێکخستن دروست کرا و پاش ئەوە ئیتر راسپاردە و تەعلیمات دەهات و من ئەوکاتە بۆ هێنان و بردنی راسپاردە نهێنییەکانی تەنزیم دانرابووم لەنێوان کەرکوك و ناوچەی هەڵەبجەدا کە ئەوکاتە مامۆستا عابدین ڕەشید سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کوردستان بوو، بۆیە ئەگەر ورد وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەینەوە ئەوەیە من بە حوکمی ئەوەی مامۆستا مەلا ساڵح و مامۆستا مەلا عوسمانی کاکم باوەشی بۆ ئەو ڕێکخستنە کردەوە و بنەماڵەکەمان داخلی ئەو ڕێکخستنە بوون منیش ئاوێتە بووم، بەڵام تا ساڵی(1962) هەر ئینتیمایەکی رۆحی و ئەدەبیات بوو، بەڵام پاش ئەو ساڵە بوو بە پەیوەندییەکی تەنزیمی و ئیداری و لەوەودوا کارەکان شکلی حیزبایەتیان وەرگرت و منیش وەك کەسێکی موسڵمان ئەو ڕێکخستنەم بەڕاست دەزانی و دڵنیابووم کە هەوڵ دەدەن بۆ سەروەری ئیسلام کە یەقینم هەبوو تەواوی چارەسەرییەکانی ئەم مرۆڤە لەو دینەدایە و ئەمەش بە شایەتی مێژووی دوور و نزیك کە لەم چاوپێکەوتنە بچووکەدا بوار نییە بۆ سەلماندنی ئەم قەناعەتە.

* بۆچی ئیخوانت هەڵبژارد لە کاتێکدا بزووتنەوەی دیکەی نەتەوەیی لە کوردستان هەبوون، بزووتنەوەی ئیخوانیش هەڵقوڵاوی واقیعی ناو میسر بوو؟

- پرسیارەکە دوو لقە، یەکەمیان بۆچی ئیخوانم هەڵبژارد دووەمیان بۆچی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییم هەڵنەبژارد، بە کورتی وەڵامی هەردوو لقەکە بدەمەوە.

هەڵبژاردنی من بۆ ڕێکخستنی ئیخوان زۆر هۆی هەبوو، یەکێکیان وا بەستەبوونی کاکە مەلا عوسمانم و بنەماڵەکەمان بەو ڕێکخستنەوە، یەکێکی تر قەناعەتم هەبوو بەوەی ئەو ڕێکخستنە، ڕێکخستنێکی قەومی یان ئیقلیمی نەبوو بەڵکو ڕێکخستنێکی ئیسلامی بوو دوور بوو لە دەمارگیری قەومی و ئیقلیمی و ئێمەش لەوە دڵنیابووین کە ئیخوان نەك، هەر ڕێگرنین لەوەدا تەریب لەگەڵ بەرژەوەندی گەل و میللەتی خۆماندا ڕێ بکەین بەڵکو هاوکار و هاریکاریش دەبن، با من نموونەیەك بهێنمەوە، کە شایەتحاڵەکانی ئەو قۆناغە زۆر هەیە کە ئەم نموونەیە پشت ڕاست بکاتەوە و لەوانە برای بەڕێز مامۆستا مەلا جەلالی کاکە ساڵحم کوڕە گەورەی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە لە دوای(1963) ەوە کە هەندێك ئیجتیهادی وابوو کە عەشایەر چەکدار بکرێت و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، هەڵوێست هەماهەنگ بکات و لەو لاشەوە شۆڕشی کورد بە بەرامبەر ئەم رایە وەستابوو ئیخوان ئەوکاتە رای لەو چەکدارکردنەی عەشایەر نەبوو و دەشیان گوت کورد ناهەقی ناکات کە دەستی داوەتە شۆڕشکردن، تەنانەت دەیانگوت: چی تێدایە کە کوردیش خاوەنی حکومەتی خۆیان بن، ئەگەر ناهەقیش بکەن ئەوانیش وەك ئەم حکومەتانەی تر کە هەن و ماف بەخۆیان دەدەن!! بۆیە لە ڕاستیدا ئەوکاتە کارکردنمان لەو ڕێکخستنەدا بەو دیدە نەدەبینی کە جەنابت بۆی دەچی، ئەو ڕێکخستنە هەڵقوڵاوی میسر بێت و وابەستەبێت بە هەرێمێك و بیرێکی قەومییەوە.

* ئایا ڕاستە بۆ یەکەمجار لە عێراقدا ئیخوان لە موسڵ هاتە سەرهەڵدان؟

- بەڵێ ڕاستە ئیخوان یەکەمجار لەسەر دەستی شێخ مەحمود سوافدا هاتە ناو عێراق کە ئەویش مامۆستایەکی بە توانای خەڵکی موسڵ بوو، بەڵام مەحمود سواف بە هاوئاهەنگ و پشتیوانی شێخ ئەمجەد ئەلزەهاوی دەستی بەو کارەکرد کە زەهاویش زانایەکی بەرز و بلیمەتی کورد بوو، نەك هەر ئەوە بەڵکو سەرۆکی هەموو زانایانی عێراق و پلەی (مفتی) هەبوو شێخ ئەمجەد (بە رەحمەت بێت) تا بڵێی زانا و دانا بوو بوونی ئەو لەو کارەدا هەر خۆی بەڵگە بوو بۆ دروستی و خۆشەویستیکردنی کارەکە بۆیە هەر زوو جێگەی خۆی کردەوە لە کوردستاندا.

* دەکرێ بە ناوهێنان باسی ئەو کەسانە بکەیت کە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا ئیخوانیان هێنا؟

- ئەوەی لە بیرم بێت کاری رێکخستنی ئیخوانی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا کەوتە رەگداکوتان لەبەر زۆری هۆی زاتی و مەوزووعی.

هۆیە زاتییەکان بریتی بوون، لەوەی بانگەوازەکە بانگەوازێکی دینی بوو لە زۆرترین کەسی زانا و دانای جیهانی ئیسلامی پێکهاتبوون و خەڵکی کوردیش هەمیشە چاوی لە ئاماژە و تەوجیهی زانایانەوە بوو، هۆیە مەوزووعیەکانیش بە کورتی بریتی بوون، لەو هەموو فشارەی کە بیری چەپ و کۆمۆنیستەکان هێنابوویان بۆ خەڵکی و جاری وا هەبوو لە خۆپیشاندانەکانیاندا دەیانگوت (بعد شهر، ماکو مهر) یان دەیانگوت (مژدە بێت خوشك و برا دەرگای مزگەوت داخرا) ئێمە کەمتر هەواڵی شارەکانی تری کوردستانمان دەزانی بەڵام لەوە دڵنیابووین کە لە کەرکووك و هەولێر و دهۆکدا کاری باش کراوە و، تەنانەت لەسەردانێکی تەنزیمی برایەکی هەولێر بەناوی مامۆستا سوبحی داودی و مامۆستا عابدین رەشید لە کەرکووك یەکەمین شانەی رێکخستنی ئیخوانیان لە من و مامۆستا مەلا جەلالی کاکە مەلا ساڵحم دروستکرد و لەسەردەستی ئەواندا بوو، کە کارەکە گەورەبوو ئەوەبوو پاشان بەڕێز مامۆستا عومەری ریشاوی و مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی و کەسانی تریش هاتنە ناو تەنزیمەکە و بەڕێز مامۆستا عومەر ریشاویان کردە بەرپرسی ئیداری رێکخستنەکە. پاشان مامۆستا شێخ محەمەدی خەتیب کە ئەوکات وتارخوێنی مزگەوتی پاشا بوو و مامۆستا شێخ نورەدین فقی کە ئیمام و واعزی مزگەوتی دارولسەلام بوو گوڕوتینێکی زۆر باشیان دایە رێکخستنەکە و بەڕاستی درێغیان نەکرد لە بڵاوکردنەوەو پشتیوانیکردن لەو تەنزیمە ئیسلامییە.

* ئایا چوونی بەڕێزتان بۆ ناو ئیخوان بەهۆی مەلا عوسمانی براتەوە بوو یان شتێکی تر هەبوو بۆ ئەو ئینتیمایەت؟

- لە پرسیارەکانی پێشوودا وەڵامێکی(شێوە)ی ئەم پرسیارەم دایەوە بۆیە پێویست بە دووبارەکردنەوە نییە و نکۆڵی لەوەش ناکەم، کە هاندان و پشتیوانی کاکە مەلا

عوسمانم بۆ برایان کاریگەری باشی هەبوو لەسەر من و جگە لە منیش کە بەو ڕێکخستنەوە پابەند ببین و کاری لە ناودا بکەین و هەر زۆر زووش زانایانی ئیسلامی فەرموویانە(من قلد عالما لقی الله سالما).

* ئەوکاتەی ئیخوان لە هەموو چالاکییەك خۆی سر(تجمید) کرد، ئایا بەڕێزت پەیوەندیت لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی هەبوو یان تۆش وەکو ئیخوان خۆت بۆ خۆت هەموو چالاکییەکی خۆت ڕاگرت؟

- کە بەعسییەکان کودەتایان کرد دوو داخی گەورەیان پێ بوو بۆ ئیخوان یەکەمیان ئەوەبوو کە کادر و ئەندامێکی دەرەجەداری زۆریان هەبوو لەناو سوپادا و خولیا و خەیاڵی ئینقلاب کردنیشیان لەسەر دابوو، دووهەمیان ئیخوان بیرێکی ئایینی هەبوو ئەوەش وەك دینەمۆ بەردەوام دەیجولاندن و گەشەی زیاتری دەکرد چونکە ئیخوان بە ئاشکرا لە پاش کودەتا سەرنەکەوتووەکەی (شواف) ەوە، لەساڵی (1959)دا کە بەسەر حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا کردی بوونە دووباڵ باڵێك زیاتر لایەنگری لە کودەتاو هێزی سەربازی دەکردەوە و باڵێکیش کە ئەو بیروپڕکردنەوەی بە هەڵە و ترسناك دەزانی بۆیە لە ساڵی(1968)داو بە ماوەیەکی کەم پێش کودەتای بەعسییەکان بەسەر عەبدولڕەحمان عارفدا، ئەفسەر و دەرەجەدارەکانی ناو سوپای عێراقی پێشنیاری کودەتاکردن دەکەن بۆ ئیخوان و هەواڵی ئەوەشیان دەدەنێ کە ئەگەر ئێوە کودەتا نەکەن ئەوە بەعسییەکان بەرنامەی کودەتاکردنیان هەیە، بەڵام سەرکردایەتی ئیخوانی ئەوکاتە ئەم بیرە دەداتە دواوە و زۆری پێ ناچێ بەعسییەکان کودەتای(1968) دەکەن و سەرەتا ()ی ئیخوان دەکەن و پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بێن و وەزارەت وەربگرن، بەڵام لە پاشاندا ئەوەبوو بەعس کەوتە مولاحەقە و تەنگ پێ هەڵچنینیان و چەندانیشی لێ شەهیدکردن وەك محەمەد فەرەج و قاسم قەیسی و کێ و کێ.......

پاش ئەمانە کاری ئیخوان لە نێوان سێ تاقمدا قەتیس بوو(تربیە)(تنقیم) (ترکی ما سوی ژلك) وتجمیدکردنی کار هاتە ناو کارەکە بەڵام، من ئەوکاتەش بەو جۆرە بیرکردنەوانە ڕازی نەبووم لەبەر زۆر شت: یەکێك لە ئیسلامدا نابێ کارکردن بۆ دین

پەیوەند بکرێ بە کەسێك یان جەمعێکەوە کە ئەگەر ئەو کەسە یان ئەو جەمعە تووشی (صدمە)یەك بوو کارەکەش تووشی سدمە ببێت.

دووهەم: هەر کەسەو زرووفی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەیە برا عەرەبەکان زرووفیان ڕێگەیان نەدات کاری تەنزیمی بکەن لەبەر بەهێزی دەسەڵاتی بەعسی بەسەر ناوچەکەیاندا بەڵام خۆ ئێمە وانەبووین بۆ ئەوەش کە دەڵێن ئایا پەیوەندیم لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی هەبوو، لە ڕاستیدا کاری ئیسلامی منی سەرقاڵ کردبوو، سەیتەرەی بەسەر بیروهۆشمدا کردبوو، خەیاڵم لای ئەوە نەبوو کە بیری نەتەوەیی بە بەدیلی ئەم بزانم یان ئەم بە بەدیلی ئەو بزانم، بۆیە لە ساڵی (1970) کاتێك کە بەیانی 11/ ئازار خوێنرایەوە، کاکە عوسمانم چووە لای بارزانی لە گەڵاڵە لەوێ پێشنیاری دروستکردنی یەکێتی زانایانی بۆ ئەوکات، بارزانیش زۆر بە پێشنیارەکە دڵخۆش دەبێت و تەنانەت چەند وتەی بە نرخی لەو مەجلیسەدا لێ دەگێڕنەوە کەوتوویەتی، ئێوە حاکم بن و منیش داری دەستی ئێوە، یان وتوویەتی: من ئاواتم ئەوەیە شەریعەتی خوا جێبەجێ بکەم، لە ڕاستیدا براینە ئەو بیروبیرکردنەوەی ئێستا هەیە بۆ دین و کاری دینی ئەوکات نەبوو، هەرگیز مەبدەئی (من دائەمەزرێم تۆ هەڵێ) نەبوو وەك ئێستا هەیە.

* ئیخوان بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبوو مامۆستا مەلا عوسمانی براشت بڕوای بە تێکۆشانی سەربازی هەبوو ئایا ڕاستە لەبەر ئەم هۆیە مامۆستا عوسمان لەناو ئیخوان دەرکرا؟ یان خۆی ئیخوانی بەجێهێشت؟ کە ئەو بەڕێزە لەناو ئیخوان نەما تەکلیفی بە جەنابیشت نەکرد کە ئیخوان جێبهێڵیت و لەگەڵ ئەو بڕوێتە ناو بزووتنەوە؟

- یەکەم بڕوانەبوونی ئیخوان بە چەك پێویستی بە دراسەو توێژینەوەی ورد هەیە ئیخوان یەکێك لە دروشمە بەردەوامەکانی بریتی بوو لە (الجهاد سبیلنا) (الموت فی سبیل الله اسمی أمانینا) هەرواش بوو شێخ حەسەن البنا لە پاڵ ڕێکخستنەکەدا هێزی چەکداریشی دروستکرد بوو بەتایبەت ئەوکاتەی کە میسر لەلایەن ئیمپریالیزمی ئینگلیزییەوە داگیرکرابوو، بەڵام لە پاشاندا ئیخوان کە

لەسەربوونی ئەو هێزانەدا تووشی گلان و شکسی زۆر بوو (اعادە نڤر) یان کرد لەبوونی ئەو هێزانەو گەیشتنە ئەوەی کە هێز دروستکردن زیانی زیاترە لە دروست نەکردنی، کە تۆمەتیش هاتەسەر کوردستان ئیخوان هەمان قەناعەتی هەبوو کە دورستکردنی هێزی چەکداری لەناو کوردستاندا بەناوی ئیخوانەوە مایەی زیانی گەورەیە بۆیە نووسیان بۆ مامۆستا مەلا عوسمان کە ئەو خۆی لە هێزی چەکداری نەئالێنێ و کاکە مەلا عەلیم بۆ ئەوکارە تەرخان بکات و ئەو هێزە سەربازییە بەو بسپێرێت و لەپشتی پەردەوە دەعمی بکات، بەڵام ئەوکاتە هەڵومەرجی کوردستان بەجۆرێك بوو کە تەفسیرکردن و تەحلیلکردنی ئاسان نەبوو بەو شێوەیەش ئاسان نەبوو ئیخوان قەناعەت پێ بکەی کە هەڵومەرجی کوردستان جیاوازی هەیە لەگەڵ شوێنەکانی تردا، بۆیە لەسەر ئەو قەناعەتەی خۆیان بەردەوام بوون و مامۆستا مەلا عوسمانیش لێیان عادز بوو، زۆر رەق وەڵامی دانەوە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مامۆستا بە عەکسی ئیرادەو ئیدارەی ئەوانەوە ئیعلانی بزووتنەوەی ئیسلامی بکات لە (1987) داو ئەوانیش لەناو خەڵکدا ئیعلانی ئەوە بکەن کە مامۆستا مەلا عوسمان پەیوەندی بە ئیخوانەوە نەماوە مامۆستا لای گرنگ نەبوو کە ئیخوان نەبێت، ئەوەی لای گرنگ بوو لەکاتی لێقەومانێکی گەورەی وادا کە میللەتی کوردی تێکەوتووە ئەو لەگەڵ ئازارەکانی میللەتەکەیدا بێت و خواو پاشان میللەت و گەلەکەی رازی بکات، ئیتر خەڵکێکی تر کە لەو ئازارە ناگات و لۆمەی دەکات و گرنگ نییە لەم ناڕازی بن و مەدحی نەکەن، ئەوە بوو ئیجتیهادەکەی مامۆستا مەلا عوسمانیش راست دەرچوو، بزووتنەوەی ئیسلامیش پارسەنگێکی باشیدا بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و پیاوە ئاگادارو بە ویژدانەکانی ناو شۆڕشی کوردیش ئەو شایەتییە دەدەن بەنسبەت ئەوەشەوە کە ئەو تەکلیفی کردبێت ئیخوان بەجێبهێڵم و لەگەڵ ئەودا بچمە ناو بزووتنەوەوە، ئەوە حیکایەتێکی دوورودرێژە و هەروا بە سادەیی ناوترێ بەڵام بەکورتی من ئەوکات وام بە مەسڵەحەت دەزانی کە تا دەتوانرێ ئەو هێزە چەکدارییە بەهێزو بەپێز بکرێ و بۆ ئەوەش من هیچ درێغییەکم نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەست لەو کەسانە بەرنەدرێت کە

قەناعەتیان بەهێزی چەکداری نییە بۆ ئەوەی هێزی چەکدارو هێزی تەنزیم یان هێزی بیرو هێزی بازوو لەیەك جیانەبنەوە و ئەو خۆی بە بەدیلی ئەو بزانێت، بەڵکو زەرووره یەك خۆی بەتەواوکەری ئەوی تر بزانێ، بەڵام بەداخەوە هەڵومەرجەکان دژ بەم بیرەی من بوون و وەك شاعیر دەڵێ (تجری الریاح بما لاتشتهی السفن).

* ئەوکاتەی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی لەساڵی 1978 دامەزرا، بەڕێزت تا چەند ئاگادار بووی؟ بۆچی نەچوویتە ناوی، لەکاتێکدا ئیخوان ئەوکاتە خۆی تەجمید کردبوو؟

- ئێمە ئەوکاتە سەرگەرمی کاری خۆمان بووین قۆناغی دامەزران و مەشوەرت کردن بوو بۆ نوێکردنەوەی ڕێکخستنی ئیخوان، ئەوە بوو کۆمەڵێکی باش لە لاوانی خوێن گەرم ئامادەیی خۆیان دەربڕی، بۆ کارەکەو ئەو ڕێکخستنەش کاریگەری و ناوی وای نەبوو لە ناوەندی ئیسلامییەکانداو خۆسڕکردنی ئیخوانیش کارێك بوو نە ئێمە قەناعەتمان پێ هەبوو نە کاری لە مەعنەویاتی ئێمەش کرد.

* ئەوکاتەی مەلا عوسمانی برات بزووتنەوەی ئیسلامی دروستکرد لە ساڵی1987 تۆ ڕات لەسەر دروستکرنی چی بوو؟ ئایا راوێژت لەگەڵ کرابوو؟

- پێشتر عەرزم کردن کە کاتێك کاکە عوسمانم کۆچی کرد بۆ ئێران من پێشتر لەبەر ئەوەی ئەمری گرتن و لەسێدارەدانم لەلایەن بەعسییەکانەوە بۆ دەرچووبوو لە ئێران بووم، کە کۆچی زانایانی هەڵەبجەش لە(1987)دا دەستیپێکرد من و کاك (سەلاح)یش چووین بەدەمیانەوەو ئەوان لەوێدا پێشنیاری دروستکردنی هێزێکی چەکداریان کرد ئێمەش (مەبدەئییەن) پشتوانیمان لێکردن و بەڵام ئەوە بوو کە ئیخوان لە دەرەوە بەمەیان زانی وایان بەباشزانی کە کاکە عوسمانم ئەو هێزە چەکدارییە بسپێرێت بەمامۆستا مەلا عەلی و خۆی تەنزیمی ئیخوانی نەپێچێت بەو هێزە عەسکەرییەوە لەپشتی پەردەوە هاوکارییان بێت، بەڵام کاکە عوسمانم رای وانەبوو، ئەوەبوو ئەوە روویدا کە روویدا.

* کە بزووتنەوە دامەزرا، تۆ قاچێکت لەگەڵ بزووتنەوە بوو قاچێکیشت لەگەڵ ئیخوان بوو، دواتر لەساڵی 1989 گەڕایتەوە ناو ئیخوان تا ساڵی 1991 لەگەڵ

ئیخوان مایتەوە، بەڵام لە 1991 جارێکی تر لێیان دابڕایتەوە، دەکرێ هۆکارەکانی ئەو دابڕانەت لە ئیخوان بزانین، بەتایبەت لەگەڵ (سەلاحەدین باهەدین)؟

- پرسیارەکەتان هەندێکی وایە و هەندێکی وا نییە، جارێ من لە(1989) دا قاچێکم لەناو بزووتنەوە قاچێکم لەناو ئیخواندا نەبوو، بەڵکو هەردوو قاچم هەر لەناو ئیخواندا بوو، نەك تا (1991) بەڵکو تا(1992/11/22) بەردەوام هەر ئیخوان بووین و لەو رۆژەداو بەبڕیاری سەرکردایەتی ئەوکاتە هاتینە سەر ئەو قەناعەتەی کە ناوی (برا) (بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی) رابگەیەنین و بەو ناوەوە کاربکەین هۆکاری دابڕینی ئێمە لە ئیخوان بۆ چەند شتێك دەگەڕێتەوە:

1- ئێمە هەر لەپاش (1971) کە کاری ئیخوانی سڕکرا، ناڕازێتی خۆمان لەو کارە دەربڕی و ئەوەمان بەڕاست نەزانی، کە پابەندبین بەو بڕیارەوە و ئەمەش بەجۆرێك لەیاخی بوون سەیر دەکرا.

2- ئێمە بەبێ گوێدانە ئەو بڕیارە کاری تەنزیماتمان نوێ کردەوە و بەیعەتیشمان لەخەڵکی وەردەگرت بۆکاری ئیسلامی و ئەمەش بووە هۆی موناقەشەو دەمەقاڵە و جارجارەش دەبووە هۆی دابڕان لەم کەسایەتی یان لەو کەسایەتی و دیاریش بوو ئێمە تەنیا مەبەستمان ئەوە بوو کوردستان تایبەتییەکی خۆی هەیە و ناکرێ رەچاوی ئەو تایبەتییە نەکرێت، ئەمەش بووە رەسیدێکی لە ئەرسیدەی موخالەفاتمان بەنەزەری ئەوان.

3- ئێمە رامان لە دروستکردنی هێزێکی چەکداری هەبوو لەبەر زۆر هۆی شەرعی و سیاسی کاری باشیشمان کرد بۆ دامەزراندن و رێکخستنی ئەو کارە بە ئەفکارو بە ئەفرادیش ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی ئیخوان و ئەوانەی کە موخالەفاتیان نەبوو بۆ ئیخوان ئەم کارەشمان دیسانەوە چووە سەر رەسیدە نامەقبولەکەمان.

4- که له ئێرانیش ڕێککەوتنمان کرد لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی تری برایان که هاوڕا نەبوون لەگەڵ ئەو رایانەی سەرەوەی ئێمەداو ئەو راوبۆچوونەیان بەجۆرێك لە یاخیبوون دەدایە قەڵەم لەگەڵ ئەو برایانەدا وامان بڕیاردا تا ئێمەو رێکخستنی ئێمە لە ئێراندابین پابەند دەبین بە راسپاردەو تەوجیهاتی ئەوانەوە بەو مەرجەی کە گەڕاینەوە بۆ عێراق ئەوان پابەندبن بە راسپاردەو تەوجیهاتی ئێمەوە، ئەمەش وەك بەڵگەنامەیەك لامانەو هەموو ئیمزامان کردووە بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو، ئێمە بەڕاستمان بوو کەچی ئەوان وەك (تەکتیك) بۆ ئەو رێککەوتننامەیان روانیبوو. ئەو چوار خاڵە وایکرد که ئیخوان و ئەوانەی کتومت وەك ئەوان بیریان دەکردەوە بەچاوی گومانەوە بۆ ئێمەو تەنزیمی ئێمە بڕوانن و کەمە کەمە هەستی بێ ئومێدی و دابڕان لەوان و لە ئێمەشدا دروست بوو، کە دەرئەنجام گەیشتە ئەوەی لە 1992/11/22دا راگەیاندنی تەنزیمی سەربەخۆی خۆمان بکەین و ناوی بنێین(راپەڕینی ئیسلامی).

* بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی لە ساڵی 1993 لەلایەن بەڕێزتانەوە دامەزرا، بەڵام ئێوە زۆرترین گرفتتان لەگەڵ باڵێکی ئیخوان کە سەلاحەدین باهەدین رابەرایەتی دەکرد دروستبوو، ئایا هۆکاری ئەم ناکۆکیانە لەبەر ئەوە نەبوو چونکە ئەوان لە ساڵی 1991-1992 رازی نەبوون جەنابت ببی بە ئەمیندار، بەڵکو لە دژی بەڕێزتان(خەلیل عەبدوڵلا) دواتر(عومەر ریشاوی)یان کرد بە ئەمیندار تا دواتر بەهۆی دروستکردنی یەکگرتووی ئیسلامییەوە سەلاحەدین باهەدین خۆی بوو بە ئەمیندار و ئەوە 14 ساڵە هەر خۆی ئەمیندارە؟

- هەندێ هەڵە لە پرسیارەکەتاندا هەیە، ئێمە لە(1992)دا راپەڕینمان راگەیاند نەك(1993). بە نسبەت کاك خەلیل عەبدوڵلاوە ئەگەر مەبەستتان کاك خەلیلی بادینان بێ ئەوە یەکێ بوو لە ئەندامە چالاك و دڵسۆزەکانی رێکخستنمان لە بادینان هیچ کات نەمبیستووە پاڵێوراو بێت بۆ ئەمینداری و مامۆستا عومەری ریشاویش(غەریقی رەحمەت بێت) ئەمیندار نەبووە، چ ئەوکاتەی کە لە ئێران

هەردوو باڵەکە ڕێککەوتننامەمان ئیمزاکرد لە (1988)ەوە چ ئەوکاتەش کە لە(1992)دا بە تەواوی لە یەکتر دابڕاین. لە(1988)دا بەشێوەیەکی کاتی و بۆ ئیدارەدانی ڕێکخستنەکە لە ئێراندا ئەنجوومەنێکی سەرۆکایەتی دروست بوو لە من و کاك سەلاح و مامۆستا ریشاوی- بە ڕەحمەت بێت- من بەرپرسی مەسەلە سیاسییەکان کاك سەلاح بەرپرسی تەنزیم و مامۆستا ریشاویش بەرپرسی پەروەردە ئەوە بوو وەك لە پێشەوە گوتم بڕیار بوو ئێمە بە هەموو شێوەیەك پابەندبین بە بڕیارو تەوجیهاتی ئەوانەوە لە ئێراندا کە هاتینەوە ئەمدیو ئەوانیش پابەندبن بە ئێمەوە، بەڵام وا دەرنەچوو(لسبب أو لاخر) کە لە یەکتریش دابڕاین لە (1992)دا مامۆستا ریشاوی هەر ئەمیندار نەبووەو کاك سەلاح خۆی یەکەم بوو نە کاك سەلاح و نە منیش لەبەر شتی شەخسی نەبووە موناقەشە بکەین بەڵکو هەرکەسەو باری سەرنجی بەشێوەیەك بوو، من ڕێزم بۆ بۆچوونەکانی ئەو هەبوو ئەویش خوا هەڵناگرێ هەمیشە ڕێزم لێ بینیووەو ئیتر ئەمەش حیزبایەتیکردنە کەس ناتوانێ بە زۆر لەگەڵ ئەوی تردا حیزبایەتی بکات وەك لە لایەنە قەومییەکانیشدا هەیە، ئەو هەموو لایەنە دروست بووە کە سەرەتا هەموو هەریەك حیزب بوون و یەك سیاسەت بوون، بەڵام باری سەرنج و هەڵسەنگاندنی مەسەلەو هەڵویستەکان بوونە هۆی دروستبوونی فرە لایەنی و ئەگەر کۆنتڕۆڵیش بکرێت، بە خێری خۆشیان و میللەتەکەشمان تەواو دەبێت و یەکێکیان گلانی نابێتە هۆی گوشانەوەو گلانی کێشەکەمان.

* سەلاحەدین بەهائەدین لە دیمانەیەکدا دەڵێ لە ساڵی(1989) لە ئێران منیان گرت، دەکرێ بۆمان باس بکەیت هۆکاری گرتنەکەی چی بوو؟

- ئەو پرسیارە ڕاست وایە کە لە کاك سەلاح خۆی بکرێت تەنیا ئەوەندە هەیە کە بەربوو، سەرم لێداو دڵخۆشی خۆمم بۆ دەربڕی بەبۆنەی بەربوونییەوە.

* که ئێوه راپەڕینتان دامەزراند، لەلایەك هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن بوو، لەلایەکی تریشەوه هەڵوێستی ئیخوانی عێراق گلەیی و رەخنەیان نەبوو، له بەرامبەر دروستکردنی راپەڕینی ئیسلامی؟

- که ئێمه راپەڕینی ئیسلامیمان راگەیاند مایەی دڵخۆشی بوو بۆ ئیخوان یان راستتر بڵێم بۆ ئەو برایانەی که زۆر پابەندیان بۆ ئیخوان دەردەبڕی، چونکه ئەگەر خوانەیکات به گوناهـ لەسەرم وایان دەزانی سەرکەوتوو نابین لەو کارەداو، مومکین نییه کارێك که هێزێکی وەك ئیخوانی له پشتەوه نەبێ سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام الحمدلله و له خوا به زیاد بێت دەرکەوت که سەرکەوتنی کاری ئیسلامی پەیوەنده به سێ شتی گەورەوه یەکەم نیازی پاك، دووهەم بیر پاك، سێیەم بەرنامەی پاك بەڵام، راستی بزووتنەوەی ئیسلامی کارەکەیان پێ باش نەبوو تەنانەت ئەوکاته نامەیەکیان نووسی تێیدا داوا دەکەن یان هەر با ئیخوان بین یان با(بزووتنەوە)بین، بەڵام ئێمه ئەوکاته وەك چۆن تێبینی زۆرمان لەسەر ئیخوان هەبوو هەرواش تێبینی زۆرمان لەسەر بزووتنەوه هەبوو، بۆیه به راستی ئەو دوو پێشنیارەی ئەوانمان به شتێکی ورد نەئەزانی دواییش دەرکەوت روانینەکەی ئێمه وردترو واقیعی تر بوو، به هەرحاڵ له هەموو لایەکەوه ئێمه پاڵەپەستۆمان لەسەر بوو بەڵام بڕوامان بەکاری خۆمان ئەوەنده پتەو بوو. هیچ فشارێك کاری تێ نەدەکردین و بەردەوام بووین له بەرنامه داڕێژانی خۆمانداو سوپاس بۆ خوا توانیمان لەو ماوه کەمەدا کۆمەڵێکی رۆشنبیرو دڵسۆز بۆ دین دروست بکەین.

* دەکرێ بزانین گرنگترین ئەو هۆکارانە چی بوون کە وای لە بزووتنەوەی ئیسلامی کرد، چەندین گرووپی توندڕەو لە ناو منداڵدانی خۆیدا دروست بکات، کە سەر ئەنجام بووە زۆر بێهێزکردنی خۆیشی؟
- هۆی دروستبوونی گرووپی توندڕەو لە بزووتنەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆر شت:

1- بزووتنەوەی ئیسلامی لە پڕێکدا ئەوەندە گەورە بوو، کە کۆنترۆڵکردنی ناوچەو مەڵبەندەکانی زۆر زەحمەت بوو بەو شێوەیەش چەندین کەس و مجامیعی هاتە ناو کە پێویستیان بە پەروەردەو نەقاڕیکردن هەبوو تا بگونجێنرێ لەگەڵ ئامانج و سیاسەتەکانی بزووتنەوەدا.
2- لە ئەسڵی سەرکردایەتییەکەی بزووتنەوەدا دوو باڵی بەهێز هەبوو کە بەڕاستی هۆکاری گەورە بوون بۆ ئەوەی لە پەنای ئەم یان ئەو باڵەدا ئەو گرووپانە جێگەی خۆیان بکەنەوەو کاتێکیش ئیجرائات بڕیار دەدرا دەرهەق فلانەکەس یان فلانە هێزو گرووپ بکرێ ئەویتریان هەوڵی پەکخستنی دەدا بەوشێوەیە کێشەکان هەر دەمانەوە.
3- دەستی ئەملاو ئەولاش زۆر لە کاردا بوو بۆ ئەوەی بزووتنەوە شەکەت و ماندوو بکات و نەیپەڕژێتە سەر گەشەی دەرەکی و هەر بە ناوخۆیەوە سەرقاڵ بێت و، هەرچی هێزی هەیە لەو ململانێی ناوخۆییانەدا سەرفی بکات، بە هەرحاڵ بوونی خەت و باڵ لە هەموو حیزبێکدا هەیەو ئەو خەت و باڵانەش دەبنە سەرەخۆرەی حیزب و دەوڵەتان لە جیهانداو بزووتنەوەش لەو هاوکێشەیە تەریك نەبوو((انا لله وانا الیه راجعون)).

* نووسینەکانی سەید قوتب و عەبدولسەلام فەرەج و حەسەن بەنات بەلاوە باشترە یا نووسینەکانی محەمەد عەبدەو جەمالەدینی ئەفغانی و عەبدولڕەحمان کواکبی؟وە لەبەرچی؟

- جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نووسینەکانی ئەو دوو بەرەیەدا هەن بەرەی ئیصلاحی کۆمەڵایەتی جەمالەدین و محەمەد عەبدەو کواکبی، بەرەی ئیصلاحی سیاسی حەسەن ئەلبەناو سەید قوتب و محەمەد فەرەج.

بەرەی یەکەم جیلی هەشت سەدەکانن ئەوکاتەی کە دەوڵەتی عوسمانی هەبووەو جڵەوی سیاسەت لە دەست موسڵماناندا بووەو ئەمان زیاتر پرۆژەی ئیصلاحی فیکری و کۆمەڵایەتییان هەبووەو جار جارەش پرۆژەی سیاسی و راگەیاندنیان هەبووە بۆ ئەو مەیدانەش وەك(کواکبی) و بەتایبەت لە کتێبی(طبائع الاستبدادو مصارع الاستعباد)دا بەڵام حەسەن ئەلبەناو سەید قوتب تاڕادەیەکیش محەمەد فەرەج خاوەنی پرۆژەیەکی شمولی بوون زیاتر هەوڵیان بۆ ئیصلاحی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووەو کاریان بۆ ئەوە کردووە، کە جڵەوی سیاسەت سەر لە نوێ بگەڕێتەوە دەست موسڵمانی مولتەزیم. محەمەد فەرەج کەمتر خاوەنی پرۆژەی سیاسی بووە، ئەو پیاوە بە حوکمی ئەوەی پیاوێکی عەسکەری بووە زیاتر بڕوای بە کودەتا و گۆڕینی لە(رأس)ەوە بۆ(قاعدە) هەبووە بەڵام، هەریەك لە حەسەن ئەلبەناو سەید قوتب بڕوایان بە گۆڕینی لە قاعدەوە بۆ رأس بووەو لە کتێبەکانیشیاندا ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێ. من خۆم سوودم لە نووسینی هەردوو بەرە وەگرتووە بە گوێرەی پێویستی کار.

* عەلی باپیر دەڵێت ئێمە بۆیە لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیش چووینە دەرەوە، چونکە مامۆستا مەلا عەلی رابەری بزووتنەوەمان بۆ پابەند نەدەکرا بە شوراو بە بەرنامە، بەڕای بەڕێزتان ئایا هۆکاری راستەقینە ئەمە بوو یان هۆکاری دیکە هەبوون؟

- شتەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو، ئەسبابی زاتی و مەوزووعی زۆر هەبوو بۆ ئەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەڵبوەشێتەوە.

* دەڵێن لە ناو ئیخواندا هەمیشە بەڕێزت لەگەڵ سەلاحەدین باهەدین ناکۆك بوویت؟ دەکرێ هۆکاری سەرەکی ئەو ناکۆکیانە بزانین؟

- چ من و چ کاك(سەلاح)یش موناقەشەمان لەسەر شتی شەخسی نەبووە، ململانێمان بۆ ئەوە نەبووە یەکترمان خۆش ناوێ یان خوانە خواستە رقمان لە یەکترییە، ئێمە خەڵکی ناوچەیەکین و لە زۆر ڕێگەوە پێکەوە پێچراوین و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئێمە موسڵمانین و الحمدلله بە چاوی ڕێزەوە بۆ یەکتری دەڕوانین جیاوازی بیروڕاش لەسەر چۆنێتی کاری ئیسلامی بووە، ئەو بەشێوەیەك بیری دەرکردەوەو منیش بەشێوەیەکی تر، هەردووکیشمان دوو کەسی-ئیخوانی- بووین و تەعبیرمان لە مەدرەسەی ئیخوان دەکرد، بەڵام ئەوە بوو لە کۆتاییدا ئیخوان زیاتر لە بیرکردنەوەی کاك سەلاح مورتاح بوون و خۆشیان لە بیرکردنەوەی ئێمە نە ئەهات و ئەویان بە رەسمی ناساندو ئێمەش نەمانتوانی دەستبەرداری بیرو بیرکردنەوەی خۆمان ببین و ئەو رەسمییەتی ئیخوانی پێدراو، ئێمەش لەژێر ئەو لافیتەدا هاتینە دەرەوەو راپەڕینمان راگەیاند ئێستاش الحمدالله ئەوپەڕی ڕێزمان بۆ یەکتری هەیەو براو دڵسۆزی یەکترین و بە تەنگی یەکەوەین.

* بۆچی بەڕێزت کە لە بەرپرسە گەورەکانی ئیخوان بوویت نەتتوانی ئیخوان بەلای خۆتدا رابکێشی، کەچی سەلاحەدین بەهادین بەهۆی دروستکردنی یەکگرتووەوە توانی پەرە بە ئیخوان بدات، لەکاتێکدا راپەڕینی ئیسلامی پێش یەکگرتووش دروست بوو؟

- وەڵڵاهی مەسەلەی ئەوەی ئێمە بۆچی نەمانتوانی ئیخوان بەلای خۆماندا رابکێشین هۆی زۆری هەیە، هەندێکیان پێشتر باسم لێوەکردن لە وەڵامەکانی پێشوودا، بۆ ئەوەی مێژوو چەواشەکاریشی تێدا نەکرێ پێویستە بڵێم: کاك سەلاح دۆستایەتی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد راشد هەبوو، ئەویش کاریگەری زۆری لەسەر بڕیاری ئیخوان هەبوو، بەو پێیە راشد ڕۆڵی گەورەی لەو وەرچەرخانەدا هەبوو(سامحەالله) ئامادەی ئەوە نەبوو ورد لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوەو (تأنی) بکات، ئەگینا مامۆستا مستەفا مەشهور کە ڕێبەری گشتی ئیخوان بوو، ئەو لە

مەسەلەکان زوو حاڵی بوو، تەکلیفیشی کرد کە ئێمەش هەر بە سەربەخۆیی کار بکەین و تەعبیر لە مەدرەسەی ئیخوان بکەینەوە بەڵام ئەو(تجاژبات)انە بە ئێمە نەدەکراو حەزمان بەوە بوو یان یەکرابین و کاری جدی بکەین یان با هەرکەسەو ئیتیجاهاتی خۆی مومارەسە بکات ئەوەبوو، ئێمە خۆجێیەتیمان بە سەرکەوتووتر زانی و دەستبەرداری ناو و رەسمییەتی ئیخوانی بووین چونکە بەڕاستی هەرچەندمان دەکرد نەماندەتوانی ئەو(سمع وگاعە)یەی کە ئیخوان داوای دەکات پێڕەوی بکەین و ئەوانیش رەسمییەت بە کەسێك دەدەن کە(سامع و مطیع) بێت بۆیان لە هەموو شتێکدا.

* ئایا راستە لە ئایاری 2000 کە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی یەکتان گرت، لەژێرەوە جۆرە تەحالوفێك لەگەڵ عەلی باپیردا هەبوو بۆ کۆنگرە لە دژی مەلا عەلی برات، ئەو تەکەتولەش بوو کە بووە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی یەکبوونی ئیسلامی؟ دەکرێ بزانین ئەمە چۆن بوو؟

- پرسیارەکە چەند هەڵەیەکی تێدایە، یەکەمیان دروستکردنی یەکبوون ساڵی 1999 بوو نەك ساڵی(2000) دووهەمیان من لەژێرەوە تەحالوفم نەکردووە دژ بە مامۆستا مەلا عەلی، کاك مەلا عەلی باپیریش شتی وای نەکردووە، بەڵکو مامۆستا مەلا عەلی بەڕای گشتی پێش کۆنگرەو لەناو کۆنگرەشداو پاش کۆنگرە هەموو قبوڵیان بووە کە رابەری گشتی بێت و کەس کێشەی نەبووە لەگەڵیدا وەك کەسی یەکەم و رابەری ئەو حیزبە، بەڵکو کێشە لەسەر غەیری ئەو بوو جۆرێك لەبێ ویژدانی هەبوو لەلایەن خەڵکانێکەوە بەرامبەر کەسانێکی ماندوو لەناو بزووتنەوەی کۆندا، ئەوە وایکرد کە رەوتێکی توند دروست ببێت بەرامبەر ئەوانەو هەر ئەوەش بووە گۆڕهەڵکەنی یەکبوون. هەرچەندە بۆ مێژوو بیڵێم پاش کۆنگرە هەوڵی چاك درا بۆ پەیوەستکردنەوەی یەکبوون و پرۆژەیەکی(تەوافوقی) ئیمزاکرا، کەچی بەڕاستی هۆی تری لە ئیرادەبەدەر نەیهێڵا ئەو هەوڵە سەربگرێ و ئەوەی لێکەوتەوە کە گشتی دەیزانێت.

* راسته جیابوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە یەکبوونی ئیسلامی دەستی حکومەتی عێراق (بەعس)ی تێدابوو؟ ئەی هەڵوێستی ئێران چی بوو؟

- من وەڵڵاهی ئەم پرسیارەم لا نییەو داهاتووش زامنی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە تا راستی و ناڕاستی ئەو مەسەلەیە دەربکەوێت.

* لە سەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسیدا تا چەند بڕوات بە دروستکردنی ئیمپراتۆریایەکی وەکو هی عەباسییەکان یا عوسمانییەکان هەیە؟

- ئەمە پرسیارێکی سەیرە، هیچ (موشریك) نییە بۆ ئەوەی پرسیاری وا بکرێت، جارێ دەوڵەتە ئیسلامییەکان سەد پارچەن، هەر دەوڵەتەش جۆرێك بیرکردنەوەی هەیە، یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەوی تریاندا، ئەوەتە تەنانەت دانیشتنی لوتکەی عەرەبیش لە نوخبەی دەوڵەتە ئیسلامییەکانە کەسیان شان بە شانی ئەویتریان ناهێنێ، ئیتر دەبێ کێ ئەم ئیمپراتۆرییەتە ئیسلامییە دروست بکات. ئێ خۆ میللەتەکانی ئیسلامیش کاندیدنین بۆ کارێکی لەو شێوەیەو جەماوەرو میللەت ئەگەر دەوڵەتێك یان بزاڤێکی ئیسلامی هەڵیان نەسووڕێنێ چیان پێ دەکرێت، لەولاشەوە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دونیای ئیسلامی هەمان دەردو بەڵای دەوڵەتە ئیسلامییەکانیان گرتووەو کەسیان مل بۆ ئەوی تریان نادات و تەنانەت ئامادەش نین هەماهەنگی لە هەڵوێستەکانیشیاندا بکەن سوحبەتیان بە پرۆژەی یەکبوون و یەك حیزبی دێت. دەی ئیتر دەوڵەتە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی ئیسلامییەکان و میللەتانی ئیسلامیش کاندیدو مورەشح نەبن بۆ ئەو کارە ئیتر ئەم پرسیارە لە پای چی خۆ ئەگەر هەندێکیش وا بزانن ئێران لە خولیای پرۆژەیەکی لەو شێوەدایە ئەوە من بزانم ئێران وەها بیرناکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە ناو دونیای سوننەدا ئەوان ئەکسەرییەت نین و لە ناو دونیای سیاسەتی دەوڵەتیشدا هەزارو یەك دوژمنیان هەیەو نایەڵن بیر لە شتی وابکەنەوە و ئێران ئێستا سەدان هەڕەشەی لەسەرەو ئەوەتا یەکێکی وەکو ئیسرائیل هەڕەشەی سووتاندن و تواندنەوەی ئێران دەکات زیاد لەمانەش چەرخی ئیمپراتۆرییەت و بلۆك دروستکردن بەسەرچووەو ئەمڕۆ مۆدێلی

بچووککردنەوەی قەوارە گەورەکانە نەك یەکخستنی قەوارە بچووکەکان یان گەورەکان.

* پێتوانییە هەڵەبجە ئەگەر بەعس کیمیابارانی کرد، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامیش لە دوای راپەڕین دەستی بەسەرداگرت و بەرەو ماڵوێرانی برد؟

- مێژوو بێ لایەنە، ئەوەی من لە نزیکەوە ئاگادارم کاتی خۆی کاکە عوسمانم، زۆر راشکاوانە دژایەتی گرتنی هەڵەبجەی کرد و نووسراوی تایبەتیشی نووسی و بە رەسمی ئێرانی ئاگادارکرد کە هەوڵی گرتنی هەڵەبجە نەدات چونکە عێراق و حیزبی بەعس ئەوە قبوڵ ناکات و دڕندانە تۆڵە دەکاتەوە لەو خەڵکە هەژارە، بەڵام ئێران هەر سووربوو لەسەر گرتنی هەڵەبجە ئەوەبوو ئەوە روویدا کە روویدا، پاشان دەبێ تاوانی ئاوەدان نەکردنەوەی هەڵەبجە پاش راپەڕین بخرێتە ئەستۆی ئیسلامییەکان یان بزووتنەوەی ئیسلامی...

جارێ یەکەم : ئیسلامییەکان هێزێکی بەشداری ناو راپەڕین بوو دووهەم: هێزێکی بەشداریش بوو لە دروستکردنی قەوارەی کوردی و پەرلەمانی کوردستاندا، پاشان بەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش رازی بوو هەرچەندە بە ئاشکرا بێ ئینصافی کرا بەرامبەری و هێزێکی گەورەی وا پەراوێز خرا، سێیەم:لە حکومەتەکاندا بەشداربووەو وەزارەتی هەبووەو کاری باشیشیان نەکردبێ خۆ کاری گەندەڵی و خراپیان نەکردووە لەو کابینانەدا لە شەڕەکانی ناوخۆشدا کە ئەگەر تاوان بووبێت قاچی هەمووی پێوەبووەو بزووتنەوە تاکە حیزبێك نییە ئەو لێقەومانەی بەسەردا هاتبێت لە درێژایی دەسەڵاتی بزووتنەوەشدا بەسەر هەڵەبجەدا بزووتنەوە یان لە کابینەی حکومەتی هەولێردا بووە یان لە کابینەی حکومەتی سلێمانیدا بووەو ئەو حکومەتانە خاوەنی ئیدارات و بڕیار بوون سەبارەت بەو ناوچەیە، ئیتر چۆن بزووتنەوەی شەریکی حکومەت بێت لەولاشەوە تاوانی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بخرێتە سەر ئەو؟! ئەمە جۆرێك بێویژدانی تێدایە. لەسەرووی ئەمانەشەوە ئەگەر بزووتنەوە(وارداتی کوردستان و وارداتی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك) لەبندەستدا نەبووبێت و لە دوورو نزیك مەشوەرەتی پێ نەکرابێت و تەنانەت بۆ(تەوریتکردنیش) بێت جارێك،

پرۆژەیەکی ئاوەدانی پێ نەسپێردرا بێت لە ناوچەکەدا تا بزانرێ ئەوانیش سەرکەوتوو دەبن یان گومرگی ئەو پرۆژەیە دەکەن، ئەی ئیتر دەبێ بزووتنەوەی هەژار بەچی ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوەو ئەو شارە هەڵسێنێتەوە سەر پێی خۆی!! خۆزگە وای لێدەهات ئینصاف بوایە لە سەنتەرەکانی بڕیار دووردەخرایەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا لەکاتی بزووتنەوەو دەسەڵاتی بزووتنەوەدا خەڵك لە ماڵ و منداڵ و ناموسی خۆی ئەمین بوو. هەر پرۆژەیەکی ئاوەدانیش لەو ماوەیەدا بە ئەنجام گەیشتبێت بێ کێشە تەواو بووە، وەك دروستکردنەوەی گەڕەکی کانی عاشقان و دروستکردنەوەی گەڕەکی مامۆستایان و کەسیش شك نابەم دەستی وەردابێتە ئەو کارانەو خزمە خزمێنەی کردبێت، یان حیزب حیزبێنەی کردبێت. پاشان ئەوە چەند ساڵە بزووتنەوە دەسەڵاتی عەمەلی نەماوە لە هەڵەبجەدا کەچی هەر مەحرومییەتی زیاد دەکات و کاریش گەیشتە ئەوەی لە تاو بێ وەزعی خەڵك مینۆمێنتەکەشیان سوتاندو فشاری نارەزاییان هێنا بۆ حکومەت و کاربەدەستان. ئێستاش من حەز دەکەم لێرەوە ئەوە رابگەیەنم کە با حکومەتی هەرێم تەفعیلی بڕیاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجە بکات وەك لە بڕیارەکانی پەرلەماندا هەیە، چونکە خۆ ئەوە بڕیارەو نە خەڵك خەڵەتاندنە و نە خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی هەڵەبجەیەو نە گاڵتەکردنە بە پەرلەمان و بڕیارەکانی پەرلەمان. با ئەگەر ئەو بڕیارەش جێبەجێ ناکرێ با هەنگاو بۆ هێنانەدی مەرج و بنەماکانی بڕیارەکە هەڵبگیرێت. چونکە بەڕاستی هەڵەبجە شایشتەی ئەوەیە کە ئەوەی بۆ بکرێت چونکە قوربانیدانی ئەو شارەو خزمەتی بە دۆزی لەو ئاستەدایە هەمووە شتێکی بۆ بکرێ. با بۆ نموونە زانکۆیەکی تێدا بکرێتەوە، چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی ببرێتە ئەوێ و ناوبنرێن بەڕێوەبەرێتی گشتی هەڵەبجە نەك(شارەزوور)، هەروەها جادەو بانەکانی وا لێ بکرێت رووی ئەوەی ببێ دوو میوانی بۆ بەرێت نەك میوان لە دەرەوە بێت و لە سلێمانی یان لە هەولێر ئاهەنگیان بۆ بکرێت و بە رەسم هەڵەبجە ببینن و قسەی لەسەر بکەن، با چەند کارگەیەکی گەورەی تێدا بکرێتەوە وەك کارگەی رستن و چنین یان کارگەی بەردوکاشی و چانسی ئیشکردن بۆ رۆڵەکانی ئەو شارە دروست ببێ، ئیتر

بەسە ئەوەندە لۆمەکردنی هەڵەبجەو خەڵکی هەڵەبجەو پەردەپۆشکردنی کەمتەرخەمی بەرامبەر ئەو شارە قارەمان و شەهیدە بەبوونی بزووتنەوە یان گابقی دینی ئەو ناوچەیە هەر لێرەشەوە داوام لە دەستەڵاتدارانی هەرێم ئەوەیە ئەوانەی تائێستاو بەردەوام گیرۆدەی بەرکەوتنی کیمیاوین ببرێنە دەرەوەی وڵات و چارەسەریان بکرێت چونکە رۆژانە کەسی تازەیان لێ دەمرێت.

* پێتوایە پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و بزووتنەوە دەگاتە ئەو قۆناغەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببن بەیەك یان یەکگرتنی حیزبە ئیسلامییەکان زۆر زۆر سەختترو ئاستەمترە لە یەکگرتنی حیزبە نەتەوەییەکان؟

- بەپێی ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی کە رابردووە، من وای بۆ دەچم کە یەکگرتنی هێزە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا ئەگەر ئەستەم نەبێت ئەوە دوورەو شتی وا نزیك نییە، جارێ ئەوانەی کە ئێستا لە کاردان لەناو ئەو دوو حیزبەدا ئەوە ئەو کارانەیان پێ ناکرێ لەبەر زۆر سەبەب، ئەوانەش لە کەناردان و لەبەر هۆیەك یان زیاتر دووریان لێگرتووە، ئەو کارەیان پێ ناکرێ لەبەر زۆر هۆ بەڵام مومکینە جۆرێك لە هاو هەڵوێستی دروست ببێت کە بەڕای من هەر ئەوەش راستە و یەکگرتن و توانەوە لە ناو یەکتریدا ئەمڕۆ زەمینەکەی ساز نییەو رووداوی زۆر چاوەڕوانی ئەم ناوچەیە دەکات، فرە حیزبی لە کاری ئیسلامیدا مایەی زیندوێتییەو مایەی نەمردنی کێشەکەشە کاتێك، کە حیزبێکی ئیسلامی تووشی گلان و محنە دەبێت. حیزبە ئیسلامییەکانیش دەتوانن وەك حیزبە ناسیۆنالیزمەکان لەسەر هەڵوێستی موشتەرەك رێکبکەون و نە شبن بە یەك ئەگەر لەو هەمووە ئەدەبیاتە ئیسلامییە وەری ناگرن کە داوای یەك هەڵوێستی و یەك رایی دەکەن ئەوا با لە هێزە نەتەوایەتییەکان وەری بگرن و چاویان لێ بکەن.

* ئایندەی یەکگرتوو لە کوردستان کە بەرنامەیەکی ئیخوانییە باشتر دەبێ یان بزووتنەوەو کۆمەڵ ئایندەیان باشتر دەبێ چونکە خۆیان بە مۆرکی کوردایەتی دادەنێن؟

- وەڵامی ئایندە با ئایندە بیداتەوە.

# عوسمان ئۆجەلان

عوسمان ئۆجەلان جگە لەوەی برای عەبدوڵلا ئۆجەلانە، هاوکات لە دوای گرتنی براکەی بووە کەسی یەکەمی ناو PKKو، هوتافی بەرخودان و شۆڕشگێری بە گوێی دونیادا دەدا، بەڵام دواتر رووبەڕووی سزای لەسێدارەدان بووەوە ئیتر ئەو حیزبەیشی بە جێهێشت و، ژیانێکی زۆر سادەی هەڵبژارد کە لە ژیانی هیچ سەرکردەیەکی ئەو سەردەمەی رۆژهەڵاتیی ناچێت.

عوسمان ئۆجەلان تێڕوانینەکانی بۆ سیاسەت و بۆ ژیان سەدا سەد پێچەوانەی سیاسەتی PKKیە، ئەو زۆر واقیعبینە و ژیان و دەوروبەرو گۆڕان و پێشهاتەکان وەکو خۆی دەبینێت کە هەیە، بەڵام گرفت بۆ PKKش دروست ناکات و تەنانەت بۆ ئەمڕۆ حەز بە لاوازبوونیشیان ناکات، چونکە لەبەرامبەر رژێمی تورکیا رق ئەستوورە و رێگەچارەکانیشی بۆ ئایندەی خەبات لە کوردستانی باکوور هاوسەردەمانەن، حەزدەکات ببێتە خودان حزبێکی سیاسی، بەڵام زەمینەی ئەوجۆرە حیزبە بۆ ئەو هێشتا لەبار نییە، حەزیشی لەوەیە راگەیاندنی کوردی گرنگی پێ بدات، هەمیشە ئامادەیە بۆ هەڤپەیڤین و دیمانە، لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی گونجاندووەو گرفت دروست ناکات. پێم وایە ئایندەی کوردستانی باکوور بۆ ئەو جۆرە سەرکردانە دەبێت کە دەتوانن واقیع بخوێننەوە، دوور لە دروشم و دروشمکاری رووت و قووت.

* کاك عوسمان ئۆجەلان بەرلەوەی ببیت بە PKKئینتیمات بۆ هیچ هەبوو؟
- من لە تەمەنی گەنجییەوە لە ناوە PKKبووم. ساڵی حەفتاکان بەدواوە رەوشێکی سیاسی بەمجۆرە هەبوو، ئەوکات بزاڤی شۆڕشگێڕی هەبوو. لاوانی خوێندکار بەشێکی زۆریان لەنێو ئەم رێکخستنە بەشداربوون.
بزاڤی شۆڕشگێڕی لە تورکیا تۆزێك کاریگەری لەسەر ئێمە هەبوو. لە تەنیشت ئەمە یاخود هاوکات لە کوردستانی ئێراق بزاڤی شۆڕشگێڕی بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر بەردەوام بوو. شەڕ لە ئاستێکی زۆر گەرم و لە پێشدابوو. هەموو کەس گوێی لە شۆڕشی بارزانی نەمر بوو. ئەوکات بزاڤی نەتەوەیی کوردستانی ئێراق کاریگەری لەسەر هەموو کوردان هەبوو. منیش یەکێك بووم لەم گەنجانەی کە کاریگەری بزاڤی شۆڕشی بارزانی نەمرمان لەسەر بوو. کوردایەتی ئەو کات بە مەلامستەفای رەحمەتی دەناسرا.
* باشە، ئاپۆ پێش ئەوەیPKKدروست بکات، بیروبۆچوونی سیاسی یاخود ئینتیمای سیاسی هەبوو؟
- ئاپۆ تا ساڵی 1968هێڵێکی ئیسلامی هەبوو خۆشەویستی بۆ سەعید نورسی بوو، لە تورکیا بەشێوەیەکی گشتی تا ساڵی1970 ئیسلامییەکان ئۆپۆزسیۆن بوون، لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا سێ هێز هەبوو، هێزی کەمالیستەکان، هێزی ئیسلامی، هێزی نەتەوەیی کورد بوون. وەکو دەزانرێت هێزی نەتەوەیی تورك کەمالیست بوون وبە هێزی دەسەڵات زوڵمیان لە ئیسلامی و کورد دەکرد. ئیسلامی و کوردەکانیش ئەو کاتەی دەرفەتیان هەبوایە دژایەتی رژێمیان دەکرد، بەڵام ئیسلامییەکان لە کوردەکان بەهێزتر بوون، ئەو کاتیش ئیسلامییەکان بەفیکری بەدیع زەمان، سەعیدی نورسی، کە ئێستا ئەردۆغانیش سەر بە هەمان رێبازە. سەعید نورسی خۆی خەڵکی بەدلیسە.
* واتا عەبدوڵلا ئۆجەلان بڕوای بە سەعید نورسی هەبوو؟
- تا ساڵی 1968 بڕوای بە سەعید نورسی هەبوو، ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامی بوو.

* کەی بڕوای عەبدوڵلا ئۆجەلان گۆڕانی بەسەرداهات؟

- لە ئەنقەرە، لە ئەستەمبۆڵ لە گەورە شارەکانی تورکیا، بەتایبەتی لە زانکۆ بزاڤی شۆڕشگێڕی چەپ پێشدەکەوت. لەگەڵ خوێندکارەکان گفتوگۆی دەکرد، لەنێو ئەم گفتوگۆیانە دەستی لە ئیسلامیەت بەردا، سەرەتا چەپ بوو بەڵام کورد نەبوو، واتە نەتەوەیی نەبوو. دوای ئەوەی لە ساڵی 1971 کەوتە زیندان بۆ ماوەی(7)مانگ لە زیندان مایەوە، لە زیندان لەگەڵ بیری چەپن بیری کوردایەتیشی پێشکەوت.

* باشە کە بڕوای بە چەپ هەبوو چۆن بوو نەدەچووە ریزی حزبی شیوعی تورکیا؟

- لە تورکیا کەسێك چەپ بێت و شۆڕشگێڕ بێت بە چاوێکی سووك سەیری کورد دەکەن، دانیشتویەکی شاری ئورفا بچێتە شارێکی گەورەی تورکیا بخوازێت و نەخوازێت خۆ بەکەم دەبینێت، خۆی بەمەغدوور دەبینێت، بەڵام چەپی تورکیا و حزبی شیوعی و گروپی شۆڕشگێڕی دیکە بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەدەبوونە وەڵام. ئاڵای نەتەوەی کورد مەلامستەفای نەمر بەرزی دەکردەوە ئەمەش هەر وەکو چۆن کاریگەری لەسەر من هەبووە لەسەر بەڕێز ئۆجەلانیش کاریگەری هەبووە.

* باشە بۆچی عەبدوڵلا ئۆجەلان ئەوکاتەی لە زانکۆبوو دەیخواست لەگەڵ گەنجە تورکەکان حزب دروست بکات، کەچی لەگەڵ گەنجە کوردەکان ئەم هەوڵەی نەدەدا؟

- وەکو من گوتم ئاپۆ لە ساڵی1968بیری شۆڕشگێڕی وەرگرت و قبوڵیکرد، ئەوکاتەیش کە ئەو بووە چەپ، بەشێکی زۆری هەڤاڵەکانی تورك بوون هەروەها چەپیش بوون. لەبەر ئەمەش زیاتر لەگەڵ تورکەکان دانوستاندنی هەبووە.

* ئەو دۆستی شۆڕشگێڕی کوردی نەبوون؟

- لەگەڵ ئەوانیش دانوستاندنی هەبوو، بەڵام هەندێك فکری جیاوازی هەبوو. لە کوردستانی تورکیا ئەوانەی کورد بوون (مەبەستی لە خوێندکارەکانە)- شەڕی چەکدارییان نەدەخواست، بەڵام ئەو هەڤاڵە تورکانەی کە بەشێکیان شەهید بوون

شەڕی چەکدارییان قبوڵ دەکرد، ئاپۆ لە سەرەتادا دەیزانی بەبێ شەڕی چەکداری شۆڕش لە کوردستان پێش ناکەوێت. کورد چەندین گروپی وەکو(DDKD) ناوەندی رۆشنبیری و کەلتووری (شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات) هەبوو دواتر بوونە چەندین پارچە، شەڕی چەکدارییان نەدەخواست. ساڵی1975ئەوکاتەی گروپی خەباتی نەتەوەیی دەرکەوت وPKK و کاوە شەڕی چەکدارییان قبوڵ دەکرد، ئەوانی دیکە لە دژی شەڕی چەکداری بوون.

* ئەوکاتەی PKK دروست بوو هەروەها پێش ئەوەی دروستیش ببێت میتۆدەکەی خەباتی نەتەوەیی (کوردایەتی) بوو، پرسیار ئەوەیە تورك بۆچی دەهات بەشداری لەو خەباتە بکات؟

- ئەوان تورك نین، ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵ ئاپۆ بەشداریان دەکرد ئەگەر سەیری رەچەڵەکیان بکەین، دەبینین ئەوان تورك نین، بۆ نموونە حەقی قەرار دەتوانم بڵێم جێگری ئاپۆ بوو شۆڕشگێڕێکی زۆر ئازا بوو، لە ئەنجامی پەلاماری سیخوڕێکی تورکیا لە 17 -5- 1978شەهید کرا،، خۆی خەڵکی شاری ئوردیە. ئوردیە خەڵکی لازی تێدایە، ئەوانی دیکە شۆڕشگێڕی بەناوودەنگ کەمال پیر هەیە. کەمال پیر خەڵکی گونووش خانەیە، خەڵکی گونووش خانە گورجین. ئەوانەی لەناوPKKدا پێیان دەگوترێت تورك یەکێکیان تورك نین. یان لازە یاخود گورجیە یا چەرکەزن.

* ئەی دووران کالکان تورك نییە؟

- دووران کالکان تورکە خەڵکی ئەدەنەیە، بەڵام وەکو حەقی قەرار و کەمال پیر نییە، زۆر جار ئەمانە وەکو دووران کالکان حیساب دەکرێن، با نموونەیەك بهێنم، حەقی قەرار و کەمال پیر رێزێکی شایستەیان لەبەرامبەر گەلی کورد هەبوو. سنووری خۆیان تێنەدەپەڕاند، بۆ نموونە حقی قەرار بەردەوام خزمەتی دەکرد. ئێمە لە ماڵێك لەگەڵ حەقی قەرار بەیەکەوە بووین وێڕای ئەوەی کاری دەکرد کە دەگەڕایەوە ماڵەوە پێش هەمووان خواردنی دروستدەکرد، ماڵی پاك دەکردەوە، کەمال پیر یەك شتی دەگوت: دەیگوت قسەکردن بۆ ئاپۆیە، ئێمە تەنیا جێبەجێی دەکەین، کەمال پیر کەسێك بوو رێزی لە گەلی کورد دەگرت، بەڵام دووران کالکان وەکو

ئەشقیا (یاخیبوو-چەتە- ڕێگر) بیەوێت ئەو ماڵە زەوت بکات، بڵێ ئەو ماڵە هی منە و خاوەن ماڵ لە ماڵ دەربکەیت، من دەتوانم بڵێم ئەو تەبیعەتەی کە (دووران کالکان) لەنێو شۆڕش کاری پێوەدەکات لە 100%تورکانەیە. هەموو کەس دەزانێت کە تورك لە ئاسیای ناوین هاتوون.

* دووران کالکان لەنێوPKKلایەنگری جەماوەری هەیە؟

- کەمە زۆ کەمە، دەتوانم بڵێم لە 5%زیاتر نابێت. ئەوانە وەکو تورك لە ئاسیای ناوین هاتوون ئەنادۆلیان داگیرکرد و خەڵکی ئێرەیان دەرکرد، دووان کالکانیش لەنێو PKKدا بەمشێوەیە هاتووە لەنێو کوردان شوێنی وەرگرتووە و کوردان دەردەکات. دووران کالکان ناخوازێت لەگەڵ کوردان بژیت.

* ئەو دامەزرێنەری PKKیە؟

- دامەزرێنەری PKKە یە، ئەگەر دووران کالکان هێزی خۆی هەبێت دڵنیابە ئاپۆ لەنێو PKKدەرکات، بەڵام ئەو هێزو توانایەی نییە.

* باشە کاك عوسمان پێش ئەوەی PKKدروست بێت ئێوە جموجۆڵی سیاسیتان هەبوو، ئاپۆو، جەنابت و ئەندامانی دیکەی ماڵەوەتان، هەڵبەت تۆ تاڕادەیەك ئاگادار بوویت کە عەبدوڵلا ئۆجەلان دەخوازێت حزبێك دروست بکات؟ئایا ئەو کاتە هیچ شتێکی لای تۆ باس دەکرد؟

- بنەماڵەی ئێمە بنەماڵەیەکی سیاسی نین، پێش من و ئاپۆ لە بنەماڵەی ئێمە کەس کاری سیاسی نەکردووە. بەڵام یەك شت هەبووە بنەماڵەی ئێمە پەیوەندیان لەگەڵ تورکان خۆش نەبووە. زیاتر پەیوەندیان لەگەڵ ئەرمەنیان خۆشبووە. لە ناوچەکەی ئێمەدا پێشتر ئەرمەنی تێدا ژیاون، گوندەکەی ئێمە لە سێ لاوە بە گوندی ئەرمەنییەکان دراوسێیە، یەکێك لەم گوندانە ئەرەح- ی پێدەڵێن. ئەوەی دیکە(چین) ئەوەی تریان(عەینێ) ئەم گوندانە لە بنەڕەتدا ئەرمەنی بوون، بەڵام لەساڵی1880 بەدواوە تورکەکان ئەرمەنیەکانیان دەرکردووەو تورکەکانی بالقان لەوێدا نیشتەجێ کراون لەبەر ئەمەش باوك و باپیرانی ئێمە لەگەڵ ئەرمەنیەکان دۆست بوون، ئەو کاتەی ئەرمەنیەکان دەرکراون زۆریان پێناخۆش بووە لەبەر ئەمەش لە دڵی

ئەواندا دژایەتی تورکان دروستبووە. جگە لەوەی ئەوکاتەی تورك لەوێدا نیشتەجێ کراون لەگەڵ باپیری ئێمە دژایەتی یەکتریان کردووە. باپیری ئێمە کە پێیان وتووە عەبدێ ئاغا نزیکەی 200ساڵ بەر لە ئێستا کوژراوە، دواتر باپیری ئێمە ویستوویانە تۆڵەی خۆیان بسێننەوە، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان باپیری ئێمە و بەگی تورکان خۆش نەبوەو بە واتایەکی دیکە کێشەیەکی کۆمەلایەتی هەبووە، سیاسی نەبووە، باوکم زۆر جار ئەم چیرۆکەی بۆ دەگێڕاینەوە. دەتوانم بڵێم منداڵەکانی بە دژایەتی تورکان پەروەردە دەکرد، بەڵام لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەی خێزانیدا.

* پێش ئەوەی PKKدروست بێت ئۆجەلانی برات باسی ئەوەی دەکرد حزبێك دروست دەکەین شتێك لەمجۆرە؟

- نەخێر ئاپۆ لە زانکۆ بوو، جیاوازی تەمەنمان(9)ساڵ بوو، من بچووك بووم، لەبەر ئەمەش موخاتەبەی منیان نەدەکرد. چونکە (9)ساڵ لەمن گەورەتر بوو، بەڵام ئەوکاتەی دەگەڕایەوە گوند لەگەڵ باوکم گفتوگۆی دەکرد. لەگەڵ گەنجانی گوند گفتوگۆی دەکرد منیش گوێم لێدەگرتن.

* کاك عوسمان بەڕێزت لە ساڵی 2004وازت لە PKKهێنا لەم کاتەدا پەیوەندی PKKلەگەڵ پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکە بەرەو ئاسایی دەچوو. بۆچی ئەو کاتەیPKK لەگەڵ پارتی و یەکێتی شەڕی بوو هەڵوێستت وەرنەگرت، کەچی ئەوان ئاشتبوونەوە ئینجا تۆ هەڵوێستت وەرگرت؟

- ناکۆکی من و PKKلە ساڵی 1993وە دەستی پێکردووە ساڵی 1993من هاتمە قۆناغی جیابوونەوە لەم کاتەدا فکری من لەگەڵ PKKجیاوازبوو من دەمخواست سیاسەتی دەرەوەی PKKبگۆڕێت، لەگەڵ ئێران و سوریا پەیوەندییەکانی لاواز بکات و لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپاش پەیوەندی بەهێز بکات. خاڵی دووەم من دەمخواست PKKسیاسەتی خۆی لەگەڵ هێزە نەتەوەییەکانی کورد جیاواز بێت ئەوەی تریان دوژمنایەتی لە نێوان PKKو هێزە نەتەوەییەکان نەمێنێت، دروشمی نەهێشتنی دوژمنایەتی لە نێو هێزە نەتەوەییەکان هەڵگرێ، بەڵام نەیانکرد.

* لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلان باست دەکرد؟
عوسمان ئۆجەلان: لەم شوێنانەی کە خەباتم دەکرد باسم دەکرد، من و ئاپۆ یەکترمان نەدەدیت من لە کوردستان بووم ئەو لە سوریا بوو.
* دەوێرای لەگەڵیا باسی جیاوازی فیکر بکەیت؟
- رووبەڕوو تۆزێك زەحمەت بوو لەبەر ئەوەی ئاپۆ ڕێگای نەدەدا گفتوگۆی لەگەڵ بکەین. ئەو کاتەی کۆبوونەوە سازدەدران دواتر دیالۆگ نەبوو مۆنۆلۆگ هەبوو هەندێکجار پرسیاری دەکرد دەبوایە لەماوەی کەمتر لە(5)دەقیقە وەڵام بدەیتەوە، ئاپۆ خۆی چەندین کاتژمێر قسەی دەکرد بەڵام لە پەیوەندی سەرۆك و کادیران دیالۆگ نەبوو، لە 99%مۆنۆلۆگ بوو، یەك لایەنە قسەی دەکرد، لەنێو کادیرانی PKKتەنیا یەك شتیان لێداوا دەکرد ئاپۆ قسە بکات و کادیرانیش پێکبهێنێت.
نەك هەر تەنیا من بەڵکو کەس لەگەڵ ئاپۆ گفتوگۆی نەدەکرد، تەنیا ئەگەر پرسیارێك هەبوایە ئەویش وەڵامی دەدایەوە. وەڵامێکی کورت هەروەها پێویست بوو سەرجەم کادیران گوێڕایەڵی بەڕێز ئاپۆ بن، پەیوەندیەکە بەمجۆرە بوو.
* تۆ لەم کاتەوە کە جیاوازی بیروڕات هەبوو بۆچی هەڵوێستت وەرنەگرت بەتایبەتی کە PKKلە ساڵی 1995 لەگەڵ پارتی و یەکێتی و. شەڕی دەکرد؟
- ساڵی 1993من هەڵوێستم وەرگرت بەڵام بڕوا بکە چ لە نێو حزب و چ لە دەرەوەی حزب پشتگیری زۆرم نەبوو.
* پشتگیری بۆ بەڕێزت نەبوو؟
- بەڵێ لەنێو حزب ئامادەیی من نەبوو لەبەر ئەوەی لەناو حزب لە ساڵی1991-1992-1993شەڕ لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوو بە هیچ شێوەیەك ئۆپۆزسیۆن لەناو PKKەدا نەبوو بەکورتی PKKش لە هەموو بوارێکەوە بەهێز بوو لەبەر ئەمە زەمینەی ئۆپۆزسیۆن نەبوو. بەڵام من دەمزانی کەموکوڕی هەیە، ئەو بڵندبوونەی ئاستی شۆڕش دەرفەتی چارەسەری دروست دەکرد. بەڵام سیاسەتی PKKنابێتە

وەڵام. ئۆپۆزسیۆنی من ئۆپۆزسیۆنێکی شەخسی بوو لەڕێی گروپێك یاخود کوتلەیەك نەبوو لە دەرەوەی حزبیش کەسێك پشتگیرییەکی جددی لەمن نەکرد.

* تۆ هەوڵت نەدابوو زەمینەی ئەو پشتگیرییە بۆ خۆت مسۆگەر بکەی؟

- وەڵڵاهی منیش داخوازیم نەکردبوو کەسیش پشتگیری لێ نەدەکردم. لەبەر ئەمەش منیان خستە زیندان.

* تۆ بە فەرمانی عەبدوڵلا ئۆجەلان گیرای؟

- بە ئەمری حزب بوو، هەروەها ئاپۆش ئاگاداربوو. سێ مانگ و دوو رۆژ من لە ژووی تاکەکەسی دابووم، سێ ساڵ من دانیشتم.

* ئەوکاتەی تۆ گیرای عەبدوڵلا ئۆجەلان پەیوەندی پێوەکردی؟

- نەخێر.

* ئەی ئەوکاتەی ئازادبووی؟

- دوای ئەوەی ئازاد کرام لە کۆتایی ساڵی1996 قسەم لەگەڵ کرد.

ئەوکات سزای لە سێدارەدانیان بۆ من بڕیبووەوە. لەسێدارەدانێکی بە مەرج لەسەر من هەبوو ئەگەر لە فیکری خۆم بەردەوام بم سزایەکە ئەنجام بدرێت. لەبەر ئەمەش من ماوەیەك بێدەنگ مام، ساڵی 1997 تا گرتنی بەڕێز ئۆجەلان من بێدەنگ بووم من فکری خۆم بڵاونەدەکردەوە.

* عەبدوڵلا ئۆجەلان دەیزانی بیروڕای تۆ چییە؟

- بەڵێ هەموویان دەیانزانی بیروڕای من جیاوازە منیش خۆم بەخۆمم دەگوت رۆژێك دادێت ئەو بیروڕای خۆمە دەخەمە واری پراکتیکەوە لەبەرامبەر منیش هەموو کاتێك بەتەدبیر بوون. من دەتوانم بڵێم سزای ئیعدام منی راگرت، من دەمگوت جارێکی دیکە کاتی خۆی بێت بیروڕای خۆم دەخەمە واری عەمەلییەوە، لەبەر ئەوەی من بڕوام بە بیروڕای خۆم هەبوو. لەبەر ئەمەش لە ساڵی1999 کە بەڕێز ئۆجەلان گیرا دوژمنان پێیان وابوو ئیتر PKKلاوازو لاوازتر دەبێت و چیدی بڵاو نابێتەوە، شۆرش بڵاونابێتەوە، بۆیە من و هەڤاڵان بە گەرمی خەباتمان کرد، هەر لەبەر ئەمەش من گوتم ئێستا کاتی ریفۆرمی دیموکراتی نەهاتووە، بەڵام

ساڵی 2002 من گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە کاتی هاتووە، ئێمە هەنگاوێکی بچووکمان لە ژێر چەتری (KADEK کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان) هاویشت، من گوتم: لە کۆنگرەی دووەم ئێمە گۆڕانکاری زیاتر دەکەین بەڵام ساڵی2003 دوای شەڕی ئێراق بۆ کوردان بەگشتی رەوشێکی تازەبوو مداخەلەی ئێراق وایکرد ئێمە لە ساڵی 2004هەنگاو بهاوێژین، لەبەر ئەوەی موداخەلەی ئەمەریکا بۆسەر ئێراق کاریگەری لەسەر هەمووکوردان کرد هەروەها کاریگەری لەسەر ئێمەش کرد.

* پێش ئەوەی لەنێو PKKدابنیشی لە 2004ئاپۆت ئاگادار کردەوە کەواز دێنی؟

- حزب ئاگاداری ئاپۆی دەکردەوەو دەیگوت عوسمان ئۆجەلان دەخوازێت حزب خراپ بکات، بەمشێوەیە ئاگاداریان دەکردەوە.

* تۆ هەواڵت بۆ رەوانە نەدەکرد؟

- بەڵێ منیش هەواڵم بۆ رەوانە دەکرد. ئەوانیش (واتە حزب)یش هەواڵیان دەنارد منیش دەمناردەوە، لەسەرەتادا ئاپۆ بێلایەن بوو، دەیگوت ئاساییە لە نێو حزبێك دوو هێڵ هەبێت. یەك چەپ یەك راست ئاپۆ حزبێکی بەمشێوەیەی قبوڵ دەکرد.

* ئایا لە ساڵانی 1980هەشتاکان ئەوەی قبوڵ بوو؟

عوسمان ئۆجەلان: نەخێر لە هەشتاکان ئەمەی قبوڵ نەبوو، بەڵام لە 2004 ئەوەی قبوڵ دەکرد ئەوکاتەی کێشەکان زەق بوونەوە بەڵام چەپەکان ئەوەیان قبوڵ نەکرد. بە پشتگیری ئێرانیش ویستیان ئێمە پاکتاو بکەن.

* بەڵام ئەوەی زانرا کە تۆ وازت لە PKKهێنا ئاپۆ لەتۆ تووڕە بوو؟

- زۆر

* لەبەر ئەوە بوو کە وازت لێیانهێنا، یاخود لەبەر شتی دیکە بوو؟

- لەبەر ئەوەی من وازم هێنا، چونکە تێڕوانینی من جیاواز بوو، لەبەر ئەمەش زۆر زۆر پێی ناخۆش بوو، عاجز بوو،بە خائین لەقەڵەمی دام،زۆر قسەی گران لەسەر من کران، ئەوکات لەبەر ئەوەی مافی هاورێتی(30)ساڵ لەنێو ئێمەدا هەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی برا گەورەی منە، وەڵامم نەدایەوە پێی دەگوتم خائین بەڵام

لەبەر ئەوەی لە زیندان دابوو من وەڵامم نەدایەوە، تا ئێستاش من بە هیچ شێوەیەك وەڵامم نەداوەتەوە تەنیا وتوومە ئەم قسانە لایقی ئەو نابینم.

* لە دیمانەیەكتدا دەڵێیت شەڕی PKKلەگەڵ توركیا یارمەتیدەر بووە بۆ سەربەخۆیی كوردستانی ئێرە دەكرێت ئەمە باشتر روون بكەینەوە؟

- وەكو دەزانرێت باكووری كوردستان گەورەترین پارچەی كوردستانە هەروەها سیاسەتێكی ناوەندیی بەرامبەر بە كورد لە توركیاوە سەرچاوە دەگرێت، ئێران، سوریا، ئێراق هەموویان چاویان بڕیوەتە توركیا. توركیا چ سیاسەتێك لەسەر كورد بەڕێوە ببات ئەویش بەگوێرەی بارودۆخی خۆی كەم تا زۆر هەمان سیاسەت بەڕێوە دەبات.

توركیا نكۆڵی لە مافەكانی گەلی كورد دەكرد لە وڵاتانی داگیركەری كوردستان كەم تا زۆر هەمان سیاسەتیان پەیڕەو دەكرد. تورك كوردیان بێ ماف هێشت داگیركەران هەموویان كوردیان بێ ماف هێشت.

* توركیا ئێستاش نكۆڵی لە مافی كوردان دەكات بەڵام لێرەدا پارچەیەك هەیە رزگار كراوە، مەبەستم ئەوەیە دۆخی كورد لە كوردستانی باشور زۆر پێش رەوشی كوردستانی باكوور كەوتووە.

- توركیا ئێستاش نكۆڵی لە مافی گەلی كورد دەكات. راستە پێشتر توركیا سیاسەتی كوردی بەڕیوە دەبرد، ئێستاش لە دوای ئەوەی رژێمی سەدام رووخا كوردستان ئازاد بووە توركیا جارێكی دیكە ئیعتراف بە كورد ناكات. لەبەر ئەوەی بەڕێز تاڵەبانی دیداری لەگەڵ ئەنجام نادەن تا ئێستا سەرۆك كۆمار وەڵامێكی باشی بەڕێز تاڵەبانی نەداوەتەوە دیسان سەرۆكی هەرێمی كوردستان كاك مسعود بارزانی قبوڵ ناكات، هەروەها لە رێگەی راگەیاندنەوە بێ مافی (بێ رێزی) لەبەرامبەر سەرۆكەكانی كورد دەكەن.

* ئەمە راستە بەڵام دەسەڵاتیشی نەماوە بۆ ئێراق.

- راستە دەسەڵاتی نەماوە، بەڵام توركیا هێشتا پێداگیری لە سیاسەتی كۆنی دەكات لەبەر ئەمەش دەتوانم بڵێم توركیا رێبەرایەتی بۆ هەموو داگیركەران دەكات.

داگیرکەرانی کوردستان داگیرکاری لەگەڵ تورکیا پیادە دەکەن، ئەگەر تورکیا هەنگاوی چارەسەری بهاویشتبوایە، ئەوا لە هەموو پارچەکانی دیکە هەنگاوی چارەسەری کێشەی کورد دەستی پێدەکرد.

* کاك عوسمان تۆ کە وازت لە PKKهێنا(18)ئەندامی سەرکردایەتی لەگەڵ ئێوە دوورکەوتنەوە یاخود جیابوونەوە، پێتوانییە بەشێکی زۆری ئەو 18ئەندامەی سەرکردایەتی PKKپەیوەندیان لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگری تورکیا یاخود وڵاتانی دیکە هەبوو؟

- من دەتوانم بڵێم زروفی PKKزروفێکی زۆر توندبوو. لە بەرژەوەندی هیچ کەسێکدا نەبوو پەیوەندی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتاندا هەبێت.

ئەو برادەرانەی کە جیابوونەوە تەنیا گومان لەیەك کەس دەکرا کە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا هەبێت ئەویش رەحمەتی کانی یلماز بوو.

* ئەوە تەنیا گومان بوو یاخود پشت راستکرابۆوە؟

- من دەتوانم بڵێم نزیك بوو لە راستی، برادەرێکی کوردمان هەبوو لە ئەڵمانیا دەیگوت من کارم بۆ ئەوە کرد تا کانی یلماز لە زیندانی ئەڵمانیا دەربکەوێت، بێگومان بە رێنمایی ئاپۆ، کانی یلماز ئەو کاتەی ئازاد کرا لەگەڵ هەواڵگری ئەڵمانیا قسە دەکات، دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ من ببەستن من دەتوانم لەم برادەرە زیاتر هاوکاریتان بکەم هەروەها ویستی پەیوەندی من لەگەڵ ئەڵمانییەکان تێك بچێت هەندێك زانیاری بەمشێوەیە هەبوو. هەروەها ئەو کاتەی بەرێز ئۆجەلان دەستگیرکرا لە رووسیا ماهیر وڵات و لە ئەڵمانیا کانی یلماز لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا و روسیا کارەیان کرد بۆ ئەوەی ئاپۆ لە ئیتاڵیا دەربکەوێت نەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا ببەستێت لەبەر ئەمەش من دەڵێم ئەو هەردوو کەسە بوونە هۆی دەرکەوتنی ئاپۆ لە ئەوروپا، برادەرانی دیکە بڕوا ناکەم پەیوەندیان لەگەڵ مخابەراتی تورکیا هەبێت برادەرانی سەربەخۆ بوون، بەڵام دەتوانم بڵێم سیاسی نەبوون بەشێکی زۆریان کادیری سەربازیی بوون. نەیان دەزانی سیاسەت بکەن، بە تێڕوانینی سەربازییانە سەیری کێشەکانیان دەکرد.

* باشە بە نسبەت کانی یلماز پێشتر هیچ زانیاریەکتان هەبوو کە ئەو کەسە پەیوەندی بە موخابەراتی ئەڵمانیاوە هەیە؟

- بەڕێز ئاپۆ دەیگوت کانی یلماز پیاوی بەریتانیایە.

* پێش دەستگیرکردنی ئاپۆ؟

- بەڵێ

* ئەی بۆچی ئیجرائاتیان بەرامبەری وەرنەگرت؟

- PKKدەیخواست لەم ڕێگایەوە خەباتی ئەوروپای فراوان بکات، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا فشارێکی زۆر لەسەر PKKهەبوو. لەم چوارچێوەیە کانی یلمازی بەکار دەهێنا.

* کانی یلماز خۆی لە کوێ دادەنیشێت؟

- کانی یلماز لە ئەوروپا بوو.

* دەزانم لە ئەوروپا بوو، بەڵام لەکام وڵات؟

- لە ئەڵمانیا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لێپرسراوی خەبات شوێنێکی دیاریکراوی نەبوو، هاموشۆی دەکرد.

* ساڵی رابردوو PKKبانگهێشتی کردبووی؟

- بەڵێ لە ساڵی 2006 بوو

* ئەم بانگهێشتە بۆچی بوو؟ داوایان لێ کردی بگەڕێیتەوە نێو PKK؟

- PKKبانگهێشتی منی کرد. لە ڕێگەی هەندێك برادەرەوە، بە منیان دەگوت پێویستە هەموو رەفتارەکانی PKKقبوڵ بکەیت. PKKچۆن بخوازێت بەمشێوەیە رەفتار بکەیت. وەکو لێپرسینەوە و، دادگا و....

* ئێستاش وایە؟

- ئێستاش بەردەوامە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە PKKزوو زوو گۆڕانی تێدا ناکرێت من سوپاسم کردن بۆ بانگکردنەکەیان، بەڵام هۆکاری جیابوونەوەی من بەردەوامە لەبەر ئەمەش من ناتوانم بگەڕێمەوە ناو PKKبەڵام من ئامادەم بۆ

دیالۆگ و خەباتی هاوبەش هەرچەندە بیروڕای من جیاواز بێت بەڵام بۆ خەباتی هاوبەش گرفت دروست ناکات.

* ئێستا لەگەڵ موراد قەرەیلان پەیوەندیت چۆنە؟

- ئەو کاتەی لەنێو PKKبووم، پەیوەندی من لەگەڵ موراد قەرەیلان تۆزێك باشبوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە موراد بیروڕای نەتەوەیی هەیە. هەرچەندە ئێستا بڵێ من چەپم، راست نییە. ئەگەر مرۆڤ بە تێڕوانینی راست و چەپ سەیری موراد قەرەیلان بکات، لە خانەی راستدا دەبینرێت و کەسایەتیەکەی بە هێڵی راستدا دەڕوات.

* باشە کاك عوسمان تۆ بڕوات بە خەباتی سیاسی هەیەDTP ش خەباتی سیاسی دەکات، باشە تۆ بۆچی لەگەڵ ئەوان خەباتی سیاسی ناکەیت؟

- DTP هەمان پارتی PKKبەڵام رووە سیاسییەکەی.

* باڵە میانڕەوەکە، باڵە سیاسییەکە.

- زۆر لە برادەرانیDTP دەخوازن لەگەڵ من کار بکەن، منیش لەگەڵ ئەو رایەدام، پێش ئەوەی لە PKKجیاببمەوە لە ساڵی 2003 گفوگۆی فراوانم لەگەڵ موراد بوزلاق سەرۆکی پێشوویDTP و ئەحمەد تورك سەرۆکی ئێستایDTP کردووە، دەتوانم بڵێم بیروڕامان زۆر لەیەك نزیکە. ئەگەر وەکو یەك نەبێت لە یەکتری نزیکە. ئێمە دەخوازین لەگەڵ یەکتری کار بکەین، بەڵام PKKرێگا نادات لەبەر ئەوەی PKKلەسەرDTP باڵادەستەو موداخەلەی خەباتیDTP دەکات. PKKدەترسێت ئەگەر من لەگەڵDTP خەبات بکەم دەزانێ کاریگەری من زۆرتر دەبێت لەهی ئەوان، لەبەر ئەمەش قەدەغەی داناوە. قەدەغە لەسەر من وDTP هەیە تا بەیەکەوە کار نەکەین، بەڵام من جارێکی دیکە پشتگیری لەDTPدەکەم و دەخوازم لەگەڵ هەندێك برادەران لەگەڵ هەموویان دانووستاندنم بەردەوام بێت.

* یەعنی ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ ئەحمەد تورك هەیە، وەك دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە؟

- من بیروڕای ئەحمەد تورك بە ڕاست دەزانم و پشتگیری لێدەکەم ئەو برادەرە دەزانێت من ئامادەم لەهەر شوێنێك لەگەڵی دانیشم و گفتوگۆی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو برادەرە رەوشێکی تایبەتی هەیە. ئەگەر تورکیا وPKK بزانن پەیوەندیم لەگەڵ ئەحمەد تورك هەیە تەنگاوی دروست دەبێت لەبەر ئەمەش پەیوەندیەکی بەمشێوەیە لە بەرژەوەندی ئەحمەد تورك نییە، بەڵام ئێمە لە یەکتری حاڵی دەبین لە یەکتری تێدەگەین من خەباتی ئەوان لە چەندین لایەوە پشتگیری دەکەم.

* ساڵێك بەر لە ئێستا دیمانەیەکمان لەگەڵ سازکردی گوتت رەنگە لەیەك دوو ساڵی ئاینده لە کوردستان حزبێکی سیاسی دروست بکەم، بەڵام تا ئێستا هیچ دیار نییە ئایا زەمینەی دروستکردنی ئەو حزبەت خۆشکردووە؟

- تۆزێك خەباتمان بۆ کردووە، خەبات بەردەوامە لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی ئێمە لەPKK جیابووینەوە دژایەتیەکی زۆرمان لەگەڵدا کرا لەلایەن PKKەوە ئەمەش وایکرد ئێمە تەنگاو بین، ئێستا دەتوانم بڵێم لەنێو خەڵکدا دژایەتیم کەم بۆتەوە خەڵکێکی زیاتریش قبوڵم دەکەن. دەتوانم بڵێم هەندێك زەمینە دروستبووە بۆ ئەوەی ئێمە هێزێکی تازە پێشبخەین خەڵکی کورد و کوردستانی تورکیا رێزێکی زۆریان بۆ ئێمە هەیە و فکری ئێمەش باشتر قبوڵ دەکرێت، من دەتوانم بڵێم ئێستا لەنێو بزاڤی نەتەوەی کورد و کوردستانی تورکیا فکری ئێمە لە 80% قبوڵ دەکرێت و لەسەر فکری منن، فکری PKKلە 20%خەڵکی بڕوایان پێی هەیە. بەڵام لە بواری رەسمیدا ئەو لە 20%باڵادەستن لە 80% کەی تر باڵادەست نین.

* زەمینەی ئەوە هەیە حزبێکی سیاسی لە کوردستانی باشوور دروست بکەیت؟

- لەلایەن خەڵکەوە زەمینە باشە،بەڵام دەخوازرێت تورکیا لێبوردنێکی گشتی دەربکات.

* ئەگەر لێبوردنێکی گشتی دەربکات دەگەڕێیتەوە؟
- بەڵێ دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم و خەباتی سیاسی دەکەم بیر لە دروستکردنی حزبێك دەکەمەوە، بڕیاردان گرنگ نییە بیرکردنەوە گرنگە ئەگەر لێبوردنێك بدرێت ئێمە دەتوانین خەباتی خۆمان بگەیینە قۆناغێکی دیکە. سەرەڕای ئەمانە من گۆڕانکاری لە PKKبە گرنگتر دەزانم PKKپێویستە دەست لە هێڵی چەپ بەردات. بەتایبەتی لە ساحەی سیاسی لەسەر ئەم دەستکەوتانە خەباتێك بەرەوپێش ببات قازانجێکی زۆر دەکات. ئەگەر ئەمە نەبێت ئەوکات دروستکردنی حزب ڕەوایە.
* باشە کاك عوسمان ئێستا لەنێو PKKلە ڕووی فکری، لە ڕووی سیاسی و عەمەلیەوە ناکۆکی هەیە؟
- ئەو خەباتەی پێشتر ئێمە کردمان کاریگەریی هەیە. ئێستاش لەنێوPKK ناکۆکی لە نێوان باڵی نەتەوەیی و باڵی چەپ بەردەوامە، بەڵام چەپەکان باڵادەستن، هەر چەندە بەڕێز قەرەیلان سەرۆکی کۆمیتەیPKK یە، بەڵام دیسان چەپ دەسەڵاتدارن لەبەر ئەوەی PKKلە دامەزراندنی خۆی چەپ بووە ئیتر هێزی خۆی لە دامەزراندنەکەی وەردەگرێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکۆکی بەردەوامە لە نێوان بەشی ئەمەریکا و بەشی ئەوروپا ناکۆکی هەیە، ڕەزا ئاڵتونیان نارد بە گوێرەی زانیاری من ئەوروپا ڕەزا ئاڵتوونی ناردە لای PKKبۆ ئەوەی PKKنەچێتە سەر هێڵی ئەمەریکا، بەڵکو لە هێڵی ئەورپادا بمێنێت، ڕەزا ئاڵتوون ئەویش پێشووتر لەگەڵ ئێمە لەگەڵ گروپی ریفۆرم دابوو ئەوانەی گۆڕانکاریان دەخواست دەتوانم بڵێم ئەوە ئێمەی زۆر زۆر هاندەدا ئەو کاتەی گوتمان دۆستایەتی ئەمەریکا بکەین ئەو پیاوی ئەوروپا بوو وەکو زوبێر ئایدار و ڕەمزی تارتال و ڕەزا ئاڵتوون لە دژی گرووپی ریفۆرم لەگەڵ گرووپی چەپی محافەزەکار یەکیانگرت.
* باشە پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئەمەریکیەکان چۆنە هاتووچۆتان گەرمە؟
- ئەو کاتەی ئێمە لەنێو PKKەدابووین دیالۆگێکی لاواز هەبوو.

* لەسەر ئاستی خۆت؟

- دانوستاندنی من لەگەڵ سیاسییان نەبوو بەڵکو لەگەڵ برادەران هەبوو.

* برادەرانی سیاسی؟

- برادەری سیاسی نین کۆمەڵایەتین، لەگەڵ یەکتری گفتوگۆمان کردووە.

* مەبەستم ئەوەیە ئەمریکییەکان پەیوەندیت لەگەڵ ناکەن بۆ ئەوەی هاوکاریت بکەن بۆ دروستبوونی حزبێك تا PKKلاواز بکەیت و زیاتریش سەربە ئەمەریکا بیت؟

- ئەو کاتەی ئێمە لەناو PKKبووین هەروەها دوای ئەوەی لە PKKجیابووینەوە هیچ کەسێك داخوازی بەمشێوەیەی نەبووە نە ئەمەریکا و نە هێزی دیکە.

ئێستا PKKگۆمان دەکات کە پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی پشتگیری ئەو کەسانەیان کردووە کە لە PKKجیا بوونەتەوە.

* من بۆ جەنابت پرسیار دەکەم؟

- بۆ من و بۆ برادەرانی دیکەش تا ئێستا ئەمەریکا داخوازی بەمشێوەیەی نەبووە.

* باشە لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی کە دانیشتوویت تورك پەیوەندیان پێوە نەکردیت بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە ژێر باڵی وان؟

- سەرەتا تورك لە ڕێگای هەندێك ڕۆژنامەنووسان وەکو حسنی محلی و برادەری دیکەی رۆژنامەنووس پەیامیان هەبوو، پەیامی وان بانگکردنی ئێمە نەبووە بچینەوە ژێر باڵیان، بەڵکو تورك دەیانخواست بزانن فکری من چییە و لە نزیکەوە من بناسن،، هیچ کات بانگکردنیان نەبووە بۆ ئەوەی خەباتێکی سیاسی بکەم.

* باشە کاك عوسمان تۆ دەڵێی ئەتاتورك و ئەجەوید و سلێمان دەمیرال منداڵیان نەبووە بۆیە لە سیاسەتدا زاڵمانەش بیریان دەکردەوە، ئەی تۆ کە ئەوەندە ساڵە لەنێو PKKدەژیت و لەناو ئێوەش ژن هێنان (زواج) قەدەغە بوو، ئەی بۆچی هەڵوێستی توندت نەنواند؟

- من زۆر بروام بە تەحەمولی مرۆڤ هەیە، پێشوتریش من باسمکردووە ژیان بەمنداڵانەوە بەردەوام دەبێت.

* بەڵام لە ناوPKK ژن هێنان قەدەغە بوو؟

- ئەو کاتەی ئێمە لە ناو PKKبووین یەك بریارمان هەبوو ئەویش پێویست بوو ئێمە فیدائی بین، فیدائیش دەست لە هەموو شتێك دەکێشێتەوە، ئێمە پابەندی ئەو بەڵێنەی خۆمان بووین، نەبوونی ژن و خێزان بۆ ئێمە نۆرماڵ بوو یەعنی ئێمە ئەوەمان لە فکرو هەستی خۆمان دوورخستبووەوەو ئێمە تەحەمولمان دەکرد. بەڵام کات گەیشتە ئەو رادەیەی تەحەمولکردن شتێکی بێ مەعنا بوو. لە بەر ئەمەش بروام بەمە نەما کە هەر دەبێت لە رێگەی فیدائییەوە شۆرش دروست ببێت، بە پێچەوانە ئەو بیرورایەم لەلا گەڵاڵە بوو کە لەنێو کۆمەڵگا جێ بگری، ئینجا سیاسەت بکەی ژیان و سیاسەت لەگەڵ یەکترا بێت باشتر دەبێت، بەڵام ئەگەر زۆر لە کۆمەڵگا دوربکەویت و فیدائی بیت. ناتوانی سیاسەتیش بە باشی بەرێوەببەی، من لە دوای ئەو 1993بیرورایەم بۆ دروست بوو.

* باشە ئێستا پەیوەندی موراد قەرەیلان لەگەڵ مستەفا قەرەسوی، دووران کالکان، جەمیل بایق، عەلی حەیدەر قەیتان چۆنە، باشە یاخود خراپە؟

- بە شێوە فەرمییەکەی کێشە دیار نییە، ئەوان لەوە دەترسن کێشەکانی خۆیان (یەکتری) زۆر گەورە بکەن، فشارێکی زۆریان لەسەرە، لەبەر ئەوەی تورکیا لەنێو هێرشدایە ئەوانیش تەنگاوییان هەیە لەم بوارەدا بە پێویست دەزانن پشتگیری لە یەکتری بکەن و کێشەکانی خۆیان دەرناخەن. بەڵام جارێکی دیکە کێشە هەیە. قەرەیلان دەخوازێت نزیکی ئەمریکا بێت، قەرەیلان دەخوازێت دژایەتی هێزە

نەتەوەییەکانی کورد نەکرێت، بەڵام چەپەکان دەڵێن ئەمەریکا تەماحکارە. ڕەزا ئاڵتوون لەگەڵ ئەورووپا پەیوەندی خۆشە، دووران کالکان لە دژی ئەمەریکایە.

* ئەی مستەفا قەرەسوو چۆنە؟

- مستەفا قەرەسوو بۆ شۆڕشی جیهانی خەبات دەکات لە دژی ئیمپریالیزمی گلۆبال، شۆڕشێکی گلۆبالی دەکات، یەعنی دەخوازێت کوردی هەژار شەڕی جیهان بکات؟

* ئەمانە چۆن دەتوانن لەگەڵ یەکتری بژین؟ هەریەکەو بیروڕای تەواو جیاوازی لە بەرامبەر ئەوی تر هەیە؟عەبدوللا ئۆجەلان کاریگەری هەیە؟

- بەڵێ کاریگەری یەکەم هی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە، دووەمیش لە ناچاری دێت، لەبەرئەوەی تورك زۆر توندن لە بەرامبەریان، ئەوانیش خۆیان ناچار دەبینن لەگەڵ یەکتری بن.

* باشە دووران کالکان و مستەفا قەرەسوو پێش گرتنی ئۆجەلان لە نێو PKKڕۆڵیان زۆر بوو؟

- وەلامی هەموو کات دووران کالکان تۆزێك ڕۆڵی هەبووە ئاپۆش زۆرجار دەیگوت ئەمە چ شتێکە، منیش تێگەیشتم کە ئاپۆ بڕوای تەواوی پێ نییە. لە ساڵی 1986 ئاپۆ قسەیەکی هەیە دەڵێ، تەنها یەك ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی ئێمە تۆ بناسین و بزانین تۆ چی و چ نی، پێویستە تۆ بخەینە ئەشکەوتێکی تاریك لەوێدا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین، ئەمە دەرهەق بە قەرەسوو، هەروەها دەیگوت پێویستە کاری عەمەلی نەدرێتێ.

قەرەسوو مرۆڤێکی بێ چارەیە، بەڵام دووران کالکان خۆی دەخستە نێو هەر کارێك.

* باشە ئەوانە مستەفا قەرەسوو باسی شۆڕشی جیهانی دەکات ئەوە هزرێکی ترۆتسکیە، بەڵام ئەوانە زیاتر ستالینین، ستالینیش عەوداڵی شۆڕشی جیهانی نەبوو، دەکرێ ئەمە باشتر روون بکەیتەوە؟

- قەرەسوو کەسایەتیەکی ستالینی بوو، بەڵام من دەتوانم بڵێم قەرەسوو لەوەش زیاتر شیعەیەکی عەرەبیەو بڕوای بە حەزرەتی عەلی هەیە. لە ساڵی 2003 لە ئێراق

چووبووه کەربەلا بۆ ئەوەی پارچە قوماشێك بێنێ دواتر ئەو پارچە قوماشانەی لەسەر برادەرە عەلەوییەکانی دابەشدەکرد، دەیخواست وەکو شێخێك هەڵسوکەوت بکات لەلایەکی دیکە باسی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانیش دەکات.

* چۆن بڕوای بە ئیمام عەلی هەیە و باسی شۆڕشی جیهانی دەکات؟

- بەرای من ئەمەش لێپرسینەوە هەڵدەگرێت، کەسێك لە تورکیا کە تورك نەبوو ناویان دەنووسی (تورك ئۆغلو) واتە کوری تورك لەناو PKKەش ئەوەی زۆر لە سۆسیالیست دووره وەکو سۆسیالیستی گەورە خۆیان نیشاندەدەن قەرەسووش بەمشێوەیە دەخوازێت لە ژێر ئەم بیرورا راستییە مەزهەبیە خۆی بشارێتەوە، کەسایەتیەکی مەزهەبیە زۆر دواکەوتووە دەرەبەگیشە مرۆڤێکی مۆدێرن نییە، بەلام دەڵێ من چەپم لە ژێر ئەو پەردەیە سەرجەم تایبەتمەندیە ناشیرنەکانی دەشارێتەوە.

* عەبدوڵلا ئۆجەلان و قەرەیلان ئەم راستیە دەزانن؟

- هەموویان دەزانن هەندێکجار ئاپۆ بۆ ئەوەی خەڵکی عەلەوی لە شۆڕش نزیك بکاتەوە، دەیگوت قەرەسوو تۆ شێخی عەلەوییانی.

* باشە کاك عوسمان کە جەنابت گیرای، کێ سوور بوو لەسەر ئەوەی کەتۆ بگیرێی مەبەستم لەنێو سەرکردایەتی PKKیە؟

- ساڵی 1993من هاتمە هەولێر سێ سەعات لەگەڵ کاك مەسعود دانیشتم گفتوگۆمان لەسەر پەیمانی نەتەوەیی کرد. کە گەڕامەوە هەر لە هەولێر بووم، رۆژی دواتر تەلەفونێکم لەلایەن عەبدوللا ئاگرین بۆ هات، تەنها یەك پرسیاری لێکردم گوتی: دوای دیدارەکەت لە حەفتانین (لە پشت زاخۆیە) لە بارەگای پارتی دراوە. منیش گوتم ئاگاداری ئەوە نیم ئەگەر شتێکی وا هەبێت من هەڵوێستی خۆم رادەگەیەنم، من گەڕامەوە بۆ زەڵێ ئەوکات بارەگای من لە زەڵێ بوو من لێپرسینەوەم کرد، شتەکە راستبوو گوتم کاکە من لەگەڵ بەرێز کاك مەسعود بارزانی دانیشتووم، گفتوگۆمان کردووە، ئێوە لە حەفتانین لە بارەگایەکی پارتیتان داوە، برادەرانیش بۆ ئەوەی کێشەکە گەورەتر نەبێت قسەیان نەکرد، منیش ئەو کات لە لاپەرەکەیدا دەست لەکار کێشانەوەی خۆم راگەیاند و گوتم: بەمشێوەیە ئەو کارە

ناکەم. لەبەر ئەوەی من بەمشێوەیە دەست لە کارکێشانەوەم پێشکەش کردبوو، وەکو تاوانێك لەبەرانبەر من بەکاریان هێناو گوتیان تۆ لە ژێر کاریگەری پارتی دیموکرات کاردەکەیت.

* کێ وایگوت؟

- بەرێز ئۆجەلان و هەموو ئەندامانی PKKوایان دەگوت، پێشووتریش من دووجاری دیکە لەگەڵ تاڵەبانی دانیشتبووم، لەبەر ئەمە دەیانگوت تۆ پیاوی ئیمپریالیزمی، پیاوی مسعود بارزانی پیاوی جەلال تاڵەبانی، بەم تۆمەتە تاوانباریان دەکردم.

* کەسێك لە سەرکردایەتی دژی گرتنی تۆ نەبوو؟

- رەنگە کەسانێك هەبووبن پێیان خۆش نەبوو. بەڵام ئەو کات شۆڕش تۆزێك بەرەو پیش دەچوو، لەبەر ئەمەش هەموو لایەك قسەیان وەکو یەکتری بوو هەندێکیش دەیانگوت عوسمان ئۆجەلان چۆن ئەوەندە ناو بانگی پەیداکردووە؟ بەشێك لە ئەندامانی سەرکرایەتی PKKلە گەورە بوونی من بچوکبوونی خۆیان دەدیت؟

* ئێستا وەزعی PKKچۆن دەبینی پێتوایە ئایندەی PKKباشتر دەبێت یان خراپتر؟

- ماوەی چەند ساڵێك دەبێت من بیروورای خۆم باسکردووە بەرای من کورد ئێستا دەتوانێ لە رێگای خەباتی سیاسییەوە بە ئەنجام بکات، نەوەکو لە رێگەی خەباتی چەکداری ئەو کاتە جیابوونەوەش بیروڕای خۆم باسکرد. بەرای من لە کاتێکدا هیچ رێگای دیکە نەمێنێ ئەو کات رێگای شەڕی چەکداری پێویستە، ئەگەر تۆ هەموو رێگاکان بەکاربهێنی هیچ سوودێکیان نەبوو ئینجا رێگای چەکداری بەکاربێنی. بە شەڕی چەکداری کێشە دروست دەکات، دەتوانی کێشەی کورد بکەیتە رۆژەڤ ئێستاش ئەم کارە کراوە لە رێگەی شەڕی سیاسی خەباتی سیاسی، کورد دەتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، بۆ نموونە ئێستا لە تورکیا زیاتر لە 20 ملیۆن کورد هەیە. ئەگەر تۆ بتوانیت لە نێو ئەم 20 ملیۆنە 10 ملیۆن کورد رێکبخەین لە ناوەخۆ و لە دەرەوە چالاکی سیاسی ئەنجامبدەیت کێشەی کورد چارەسەر دەبێت.

بیروڕای من بە کورتی بەمشێوەیە، لەبەر ئەمەش دووبارە بەکارهێنانی شەڕی چەکداری کارێکی باش نییە بەڵام ئێستا کورد و تورك شەڕ دەکەن من وەکو هەندێك کەس چەپڵە لێنادەم بۆ لێدانی PKKلەبەر ئەوەی کورد و تورك لە نێو شەڕدان من لایەنی کوردان دەگرم. بۆ ئەوەی گەریلا کەم بکوژرێت و بە شێوەیەکی باشتر بتوانێت لە دوژمنی خۆی بدات پشگیری گەریلا دەکەم، پشتگیری لە PKKناکەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی گەریلا کوڕی خەڵکن، بەراستی 90% خەباتی گەریلا بۆ نەتەوەی کوردە، لەبەر ئەمەش ناخوازم گەریلا بکوژرێت دەخوازم سەربکەوێت لەبەر ئەمەش من لە یەکێك لە وتارەکانم نووسیومە بژی گەریلای کورد.

* بەمەزندەی تۆ ژمارەی گەریلا چەندە؟

-ژمارەی گەریلا نزیکەی (6) هەزارە نیوەی ئەو ژمارەیە لە چیاکانی باکوورەو نیوەکەی تری لە چیاکانی باشوور و ئێرانە. بەڵام ئێستا شەڕ PKKتەنگاو دەکات ئەم تەنگاوییە لە هەڵبژاردنەکان بە دیار کەوت، PKKبەم سیاسەتەی ئێستای قازانج ناکات. پارتی عەدالەت و پەرەپێدان لەPKK سەرکەوتووتر بوو ئێستا مەترسی ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی 2008شارێکی وەکو دیاربەکر لە دەستPKK دەربێنێت و بکەوێتە دەستی AKP لەبەر ئەمەش من وتارێکم نووسی لە ژێر ناوی زەنگ (جرس) بۆ کێ لێدەدات. بەڵام من لەم بڕوایەدام جەرەسی مەترسی بۆ PKKلێدەدرێت ئەگەرPKK تەگبیری بە پەلە نەکات، لە بڕوایەدام لە هەڵبژاردنی بەهاری ساڵی داهاتوو شاری دیاربەکرو هەندێك لە شارەکانی تر لە دەست PKKدەردەچێت. لەدەستدانی ئەم شارانە وەکو قەڵای نەتەوەییە کە ئیتر PKKناتوانێت لەم شکانەدا پشتی راستبکاتەوە ئەمەش تەنها نابێتە شکستی PKKبەڵکو دەبێتە شکستی بزاوی نەتەوەیی کورد لەبەر ئەمەش کورد مەترسیەکی بەمشێوەیان لەبەردەمدایە، ئەو کاتەی شکستێکی گەورە رووبدات حیساب لە PKKدەخوازێت ئەو PKKەی ئێستا زەحمەتە ئەو حیسابەی پێبدرێت.

* PKKئێستا خۆی هەست بەم مەترسیە ناکات؟
- وەڵلا هەموو کەس دەزانێت، رەوشەکە لە پێش چاوانە، بەڵام ئەوەش دیارە کە PKKبەم سیاسەتەی خۆی ناتوانێت تەدبیر وەربگرێت PKKتەنها یەك چارەی لە بەردەمدایە ئەویش گۆرانکاری بکات. ریفۆرمی دیموکراتی کە لە ساڵی 1993 پێویست بوو ئەنجامی نەدا. ساڵی 2003 پێویست بوو ئەنجامی نەدا ئێستا پێویستە زۆر بەپەلە ئەو ریفۆرمە بکات. پێویستە PKKیەکەمجار ریفۆرم بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزە جیهانییەکان دۆستایەتی پەیدا بکات و خەباتێکی زیاتر بکات 2- لەگەڵ هێزە نەتەوەییە کوردەکان خەباتێکی گرنگ پێویستە و دژایەتی نەکات 3- پێویستە بۆ ژیانی شەخسی رێگا بکاتەوە ئەگەر ئەم شتانە نەبێت دیموکراسی نابێت، ئەساسی دیموکراسی لە مافی مرۆڤەوە دادێت چونکە تۆ ناتوانی ژیانی هاوسەری پێکبهێنی، تۆ ناتوانی لە حزب جیا ببیتەوە، مرۆڤ ناتوانێت ئیش و کاری تایبەتی بکات.
ئەگەر ئەمانە نەبن- مافی مرۆڤیش نییە ئەگەر مافی مرۆڤیش نەبێت دیموکراسی نییە. هەلومەرجی سەرەکی دیموکراسی لە مافەکانی مرۆڤ دەستپێدەکات ئەگەر PKKمافی مرۆڤ قبوڵ بکات لەگەڵ بزاڤی نەتەوەیی کورد پەیوەندی باشبکات لە کوردستانی تورکیا و پارچەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ جیهانیش رێك بکەوێت دەتوانم بڵێم PKKبەردەمی دەکرێتەوەPKK دەتوانێت لەم تەنگانەیە دەربکەوێت و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی تورکیاو پارچەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ جیهانیش رێکبکەوێت و بکەوێتە قۆناغێکی نوێ ئەو کات تورکیا ناچار دەبێت دیالۆگی لەگەڵ بکات و کێشەی کورد چارەسەر دەبێت.
* باشە ئێستا ئاپۆ وەزعی چۆنە لە زیندان؟
- وەڵلا رەوشی تەندروستی باش نییە تەنگە نەفەسی و نەخۆشی سینۆزیتی هەیە دەڵێن شتی کاریگەری خراپیان لەسەر کردووە.

* ژەهراوی کردنەکە راستە؟

- شتی کیمیاوی دەدەنێ کە بۆ ژیانی مرۆڤ باش نییە بۆ نموونە ژوورەکەیان بۆیاغ کردووە بە ماددەی ژەهراوی.

* دکتۆری تایبەت نەچوونەتە لای؟

- نەخێر هەمووی لە ژێر داخوازی دەوڵەتدایە.

* مەبەستم پزیشکی نێودەوڵەتییە؟

- سەردانیان کردووە بەڵام هێشتا ئەنجامەکانیان رانەگەیاندووە، (3)مانگ لەمەبەر هەیئەتێکی پزیشکی نێو دەوڵەتی سەردانیان کرد لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردووە بەڵام ئەنجامەکەیان رانەگەیاندووە.

# نەوشێروان مستەفا

نەوشێروان مستەفا کەسایەتییەکی ناسراوی ناو بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانە، بەڵام رەنگە لە هەموو سەرکردەیەکی سیاسی کوردستانی زیاتر بۆچوونی جودا جودای لەسەر بونیاد بنرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەی کە بزووتنەوەی کوردی پێیدا تێپەڕ دەبوو، نەوشێروانیش لە نێو ئەم بزووتنەوەیەدا هەمیشە ناوێك، هێزێك، بیروباوەڕێك بووە، بۆیە لە هەموو کاتەکانی شەڕو ئاشتیدا، تۆپەکە لە لای نەوشێروان دوور نەکەوتۆتەوە،ئەم دوورنەکەوتنەوەیەی تۆپەکە بەشێك بووە لە ستراتیژییەتی نەوشێروان، باشترین نموونەش دابڕانی ئێستای نەوشێروانە لە یەکێتی نیشتمانی، بەڵام دابڕانێك دوور لەو ئەندام مەکتەب سیاسیانەی تری ناو حزبە کوردستانییەکانە کە لە حزب دووردەکەونەوە، بۆ خۆیان خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیان دەبن، نەوشێروان دەیەوێ بڵێت راستە من لە سیاسەتی ئێستای یەکێتی دوورکەوتوومەتەوە، بەڵام نە لە سیاسەت دابڕاوم، نە پیاوێکی دەستکورت و هەژاریشم لە سیاسەت تا بۆخۆم رێگای ژیانی تایبەتی بۆخۆم هەڵبژێرم،دەیەوێ بڵێت من هەمیشە لە ناو خەڵکم، بۆیە تا ئێستاش کەس نازانێ ئایندەی نەوشێروان چۆن دەبێت، چونکە نایەوێ تۆپەکە لەو دوورکەوێتەوە،بەمەش کۆمەڵێك پرسیاری ئاڵۆز لای هەر خوێنەر و سیاسییەکی ئەم وڵاتە دروستدەبێت، ئەوەیە لوغزەکە، نەوشێروان لە ساڵانی خەباتی حەفتاکان و بەتایبەت هەشتاکانیشیدا، جار جار دەیەویست موفاجەئە دروست بکات، هەر چەندە موفاجەئەی ئەمجارەی ئەگەر بتوانێ دوا مەفاجەئەو سەرکەوتووترینیان دەبێت، کە دەتوانێت تا رادەیەك ئەو لاپەڕە خوێناوییانەشی پێ رەشبکاتەوە، کە زۆرجار لێرەو لەوێ باسیدەکەن، بە تایبەت سەردەمە دژوارەکانی شەڕی ناوخۆ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا نەوشێروان بەم تەمەنەی ئێستای دەتوانێ ئەم موفاجەئەیە بکات، بەر لەوەی گوێبیستی خۆی بین بە بەڵێ یا نەخێر، لە ئایندەدا مێژوو وەڵامەمان دەداتەوە، تەنها کەمێك چاوەڕوانی دەوێت.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەوە یەکەمجارە بە راشکاوی و رووبەڕوو لەگەڵ کاك نەوشێروان گفتوگۆ بکەم، پێشتر زۆر تێبینی و رەخنەم لەسەری هەبوو، چونکە

رابردوویەك كە بۆتە بەشێك لە ژیانی ئێمەو بەشێك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیشە، زۆر شتمان پێدەڵێت، كە وەك كاك نەوشێروان وتی با گۆڕ هەڵنەدەینەوە، چونكە بۆگەن و ئێسك و پرووسك دێنە دەر.

یەك لەو خاڵەگرنگانەی كە ئەمڕۆ بۆ خەڵك گرنگە ئەوەیە نەوشێروان مستەفا ژیانێكی زۆر سادەی هەیە، وەك دەڵێن لە ساڵانی هەشتاكانیش وابووە،هیچ كاتێك نەیویستووە ژیانی خۆی لە خەڵكی ئاسایی جیا بكاتەوە، وەك كەسێكی خانەدان خۆی دەرگا لە میوان دەكاتەوەو هەر خۆیشی تا بەردەرگای ماڵەكەی بۆ بەڕێكردن لەگەڵی دەچێت و زۆر بەخێرهاتنیشی دەكات، لە خانوویەكی زۆر ئاسایی دەژێت،كە دەچیتە ژوورەوە هەست ناكەی ماڵە بەرپرسەكانی ئەو سەردەمەیە، پێشتر وێنەی كاك نەوشێروان لە زهنی مندا، ئەوەبوو راستییەكان تەنها لەلای خۆیەتی و ئەوەندە بڕوای بە دیالۆگ نییە، پێم وابوو دەمارگرژەو رەفزەوییە، واقیع ناخوێنێتەوەو شت بەسەر خەڵكیدا فەرز دەكات، پێم وابوو زوو لەو قسانە توڕە دەبێت كە بە دڵی ئەو نین و هەڵدەچێ، پێم وابوو بۆ كەمكردنەوە یا نەهێشتنی جیاوازییەكان گەر بتوانی تەسفیەی جەسەدیت دەكات،پێم وابوو نەوشێروان.....، بەڵام لەگەڵ یەكەم دواندنیدا، هەستم كرد نەوشێروان ئێستا زۆر جەخت لەسەر دیالۆگ و گۆڕینەوەی راو رای بەرامبەر دەكاتەوە، حەز دەكات كێشەكان دوور لە توندوتیژی بەرەو چارەسەركردن بچن،نایەوێ بە هیچ جۆرێك جارێكی تر كورد لەنێو خۆیدا خوێن بڕێژێ، نایەوێ ئەو ئەزموونەی بە خوێن هاتۆتە دی بە هۆی گەندەڵییەوە لە دەستی بدەین، نایەوێ تایبەتمەندی هەر شارێكی كوردستان لەبەرچاو نەگیرێت و لە ناو حوكمڕانی گشتیدا بتوێتەوە، نایەوێ خەڵك بە دروشمی بریقەدار فریو بدرێ، نایەوێ...

بەڵام نەوشێروان چەند دەتوانێ ئەو بۆچوونانەی خۆی بهێنێتە دی، ئەمەیان با خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی ئەم دیمانەیەی رای خۆی لەسەر بدات.

* بابەتێك هەیە كە جێگەی پرسیارە، لە ساڵی 1972 كاتێك كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان دامەزرا، ئەو كاتە پارتی لە هەرەتی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندن دا بوو. ڕۆڵی كاك نەوشیروان لە دامەزراندنی ئەو كۆمەڵەیە دیار نییە، بە تایبەتی كە ئەوكات پێی دەوترا كۆمەڵەی ماركسی لینینی، ڕۆڵی تۆ چی بوو لەو دامەزراندنەدا، بە تایبەت كە ئەوكاتانە تۆ لە ڤیەنا بوویت؟

- كۆمەڵە ساڵی 1970 دامەزراوە. ڕۆڵی من لە پێشترا ئەوەبوو كە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕزگاری بووم. گۆڤاری ڕزگاری زەمینەی فكریی دروستكردنی كۆمەڵەی خۆشكرد. ئەو زەمانە پارتی دوو كەرت بوو، كەرتێكیان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا سەركردایەتی دەكرد و كەرتەكەی تریش خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەد سەركردایەتی دەكرد. حزبی شیوعیش ببوون بە دوو كەرتەوە، كەرتێكیان لایەنگیری لە یەكێتی سۆڤیەت دەكرد و كەرتەكەی تریش لایەنگری لە چین دەكرد. لە ناو كورددا بە تایبەتی ئەو چوار باڵە یان چوار حیزبە هەبوون. ئەو كاتە ناكۆكییەكی زۆر قووڵی فكری لە نێوان خەتی یەكێتی سۆڤیەت و خەتی چین هەبوو. چین یەكێك بوو لەو وڵاتانەی كە بیری جۆرێك لە ماركسیزم - لینینیزم و بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ ی بڵاو دەكردەوە، بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ لەسەر بنچینەی ئەوەی كە نەخشەی ڕێگای ڕزگاربوونی گەلانی بەو جۆرە دانابوو كە پێویستە میللەتێك كاتێك خەبات دەكات بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بهێنێت دەبێت حزبێكی پێشڕەوی هەبێت بە شێوەیەكی نوێ، دەبێت بەرەیەكی یەكگرتووی گەلیی هەبێت، دەبێت لەشكرێكی ڕزگاری گەلیی هەبێت، ئێمە پێمان وابوو هیچ لەو (3) سێ مەرجانە لە هیچ كام لەو حیزبانە نەبوون. لەبەرئەوە ئێمە هەوڵماندا لەسەر ئەو مۆدیلە نوێیە ڕێكخستنێك دروست بكەین. بەیاننامەی (11)ی ئادار پەلەی كرد لە پێكهێنانی كۆمەڵە. چونكە بەیاننامەی (11)ی ئادار بووە هۆی ئەوەی دوو باڵەكەی پارتی سەرلەنوێ یەكبگرنەوە و ئەمیان لەناو ئەوی تردا توایەوە. ئەمە بووە سەبەبی ئەوەش ئەو باڵەی شیوعی كە سەر بە یەكێتی سۆڤیەت

بوو ورده ورده زاڵ بێت و له حکومەت نزیك بێتەوە و ئەوەندەی تر تەسفیە بکات. لەو کاتە ئەو بۆشاییە فکری و سیاسیەی هەبوو کۆمەڵە توانی پڕی بکاتەوە. من ئەو کاتە لە ساڵی 1970 حوکمی ئیعدام درابووم له لایەن مەحکەمەی سەورەوە لەسەر کێشەیەك کە بە راستی دەستی منی تێدا نەبوو، بەڵام وەکو تۆڵە کردنەوە ئەو سزایە لەسەر من داندرابوو، لەبەرئەوە نەمدەتوانی بە ئازادی هاتووچۆ بکەم و بێم و بچم و لەگەڵ خەڵکدا دانیشم و سیمینار و کۆبوونەوە بکەم. بە پێچەوانەوە وەختێك کە برایم ئەحمەد و گروپەکەی هاتن بۆ قەسرو ماکۆسان، من لەگەڵیان هاتم و ماوەیەك لەگەڵیشیان مامەوە هەتاوەکو رێگایەکم دۆزیەوە کە لە رێیەوە سەفەری دەرەوە بکەم. دوای ئەوە ساڵی 1971 سەفەری دەرەوەم کرد. براکانی تر درێژەیان بە ئیشەکە دا و من یەکێك بووم لەو کەسانەی هاوکاریم کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵە ولە پێکهێنانی گروپەکانی سەرەتاکە. بەڵام ئەو ماوەیە بە حوکمی ئەوەی کە من دوور کەوتمەوە و چووم بۆ ڤیەننا، بەڵام ئاگاشم لێهەبووە کە برادەرانی تر ئیش و کاریان کردووە، هەرچەندە بەهۆی سەفەرکردنەکەم من وەك خۆم نەمدەتوانی بە چالاکی بەشداری تێدا بکەم، ئەو کاتەش کورد لەناو ئەوروپا ئەوەندە زۆر نەبوو تا بڵێین لە ناو کوردەکانی ئەوروپا ئیشم کردووە.

* دەکرێ لە رێگای تۆوە بزانین بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بۆ یەکەم جار هی کێ بوو؟

- بیرۆکەکە لە راستیدا وەك گوتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیی چینی سۆڤیەتی. ئەو زەمانە گروپێك هاتبوون بۆ سلێمانی کە جیاببوونەوە لە حیزبی تودەی ئێرانی، ئەو گروپە بە ناوی شادومانی ئینقیلابی ئەو کارەیان دەکرد. ئەوانە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر ژمارەیەك لە کادیرە گەنجەکانی ئەو کاتەی کە لە باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد.

* واتا تۆ لەو کەسانە نەبووی کە تەئسیرت لێ کرابێ؟

- نەخێر من یەکێك بووم لەو کەسانە.

* له ساڵی 1975 کاتێك ئەو نسکۆیە بەسەر کورد دا هات، تۆ ئەو کاتە پەیوەندی سیاسیت لەگەڵ پارتی بوو یان لەگەڵ کۆمەڵە؟ یان لەگەڵ هەردووکیان بووی؟ چۆن؟

- من دوای یەکگرتنەوەی پارتی، نەبوومەوە ئەندام لە پارتی، هەر وەك دۆستی پارتی مامەوە. هەتا ئەو کاتەی من سەفەری ڤیەننام دەکرد هاتم سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتیم کرد، ئەو کاتە دکتۆر مەحمود لەوێبوو و زۆریان پێ خۆشبوو کە من وەك نیشانەیەك لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکە لەوێ ببم بە ئەندامی لقی ئەوروپا. وابزانم کاغەزیشیان نووسی، بەڵام من لەدەرەوەی ڕێکخستن بووم. بەڵام لەگەڵ برادەرانی کۆمەڵە ئاگاییمان لەیەکتر هەبوو.

* کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دوای ساڵی 1975 توانی بە هێزو تین و گوڕێکی ترەوە بکەوێتە شاخ و هەروەها لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانیش تا ناوەڕاستی هەشتاکان توانی لە شاریش هاوسەنگیەکی گەورە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردی درووست بکات. چ پێویستی بەوە بوو بچێتە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان؟ لە کاتێکدا کۆمەڵە خۆی حزبێکی زۆر فراوان و گەورە بوو بە تایبەتی لەریزی گەنجەکان.

- پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ساڵی 1975-76 کۆمەڵە ڕێکخراوێکی وەها گەورە نەبووە، هەرچەندە پتەوترین ڕێکخراو بوو لەچاو هەموو ڕێکخراوەکانی تر و لەرووی ڕێکخستنەوە لە هەموویان کارامەتر بوو، کادیری باشی هەبوو بەڵام بە ژمارە کەم بوون. ئەمە یەکەم. دووەم، بۆ زانیاریت ئەو کاتە مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە بوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە تا ئەو فەترەیەش.

* واتە یەکەم سکرتێری کۆمەڵە مام جەلال بوو؟

- بەڵێ. درووستکردنی یەکێتی لەراستیدا جۆرێك بوو لە جێبەجێکردنی ئەو بیرەی کە هەم پارتی پێشڕەو هەبێت هەم بەرەی یەکگرتوویی گەل هەبێت و لەشکری ڕزگاریی دروست بکات. ئێمە هەوڵماندا ئەو مۆدیلە لە کوردستان دروست بکەین. واتە بەشداریکردنی کۆمەڵە ئێمە ئەو زەمانە وامان حیساب دەکرد وەك چۆن تۆ

بەردێك دەخەیتە ناو ئاوەوە چەند هەڵقەیەك دروست دەكات، هەڵقەی یەكەم زۆر ڕۆشن و دیارە، هەڵقەی دووەم كەمتر ڕۆشنە، هەڵقەی سێیەم لەو كەمتر، وامان دانابوو كۆمەڵە ببێت بە نەوات بۆ كۆكردنەوەی ئەو هەڵقە جیاجیایانەی توێژە كۆمەڵاتیەكانی ناو كۆمەڵی كوردەواری.

* مام جەلال چۆن وازی لە سكرتێری كۆمەڵە هێنا، با بزانین كاك نەوشیروانیش چەندەمین سكرتێرە؟

- لەراستیدا ڕەنگە بە فەرمی من دووەم سكرتێری كۆمەڵە بووبم. ئەو كاتەی كە مام جەلال لە ساڵی 1972 چووە دەرەوە، ئەوەی كە بە عەمەلی سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی كردووە شەهابی شێخ نوری بووە. دوای ئەوەی كە كاك شەهاب گیرا و ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە تووشی گرتن و ڕاوەدوونان بوون كۆمیتەی هەرێمەكان دروست بوون. كاك ئارام مەسئولی كۆمیتەی هەرێمەكان بووە بەڵام ئەو كاتەش هەر مام جەلال سكرتێری كۆمەڵە بووە. پاش ئەوەی كە یەكێتی نیشتمانی دامەزرا و بێجگە لە كۆمەڵە بزوتنەوەی سۆشیالیستی هاتە ناو یەكێتییەوە و خەتی گشتی دروست بوو، ئیتر ئەوساكە گفتوگۆمان لەگەڵ مام جەلال كرد كە ئایا وەكو سكرتێری كۆمەڵە ئەمینێتەوە یانیش دەبێت بە قاسمی مشتەرەكی ئەو (3) سێ باڵەی كە یەكێتیان دروست كردووە. ئەو (مام جەلال) قاسمە مشتەرەكەكەی هەڵبژارد و ئێمەش هەموومان قەبوڵمان بوو كە ببێ بە قاسمی موشتەرەكی هەر سێ باڵەكەی ناو یەكێتی، بەڵام تا ئارام مابوو هەر مام جەلال بە فەرمی سكرتێری كۆمەڵە بوو، كاك ئارامیش كارەكانی بەڕێوەدەبرد، واتا بەرپرسی كۆمەڵە بوو بەڵام سكرتێر نەبوو، بەڵكو هەر مام جەلال سكرتێر بوو.

* بەڕێزت لە ڕێگای كۆنگرە و كۆنفرانس یا پلینیۆمەوە بووی بە سكرتێر یان مام جەلال دەستنیشانی كردی بۆ سكرتێری؟

- نەخێر من دوای ئەوەی كە كاك ئارام شەهید بوو لە بەری قەرەداغ، كۆبوونەوەیەكی فراوانی كادیرەكانی كۆمەڵەمان لە شێنێ كرد، لەو كۆبوونەوەدا من هەڵبژێردرام كە سەرپەرشتی كاروبارەكانی كۆمەڵە بكەم. دوای ئەوە كۆبوونەوەیەكی

فراوانی ترمان بەست، پاشان کۆنفرانسی یەکەممان بەست و لەم کۆنفرانسەدا من بە سکرتێرری کۆمەڵە هەڵبژێردرام. ئێمە لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا (3) سێ جار کۆنفرانسی کۆمەڵەمان بەستووە.

* بەڵام لە هەشتاکان دوایی نەبەسترا؟

- لە هەشتاکانیش بەستمان بەڵام دوای ئەوەی لە 1986 شەڕی سەخت لەنێوان کورد و حزبی بەعس درووست بوو، لەراستیدا لە ترسی بۆردوومانکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەمانتوانی کۆنگرەیەکی وەها ببەستین، ئەترساین کە زۆربەی کادیرەکانمان بکوژرێن.

* رەنگە ئەو کاتە حەماسێکیش نەبووبێت بۆ بەستنی کۆنگرە؟

- شەڕەکە ئەوەندە سەخت بوو، بوو بووە ئەولەویات. ئەوەی من باسی دەکەم دوای 1986 ە.هۆکارەکەشی ئەو شەڕە سەختە بوو کە ئەو کاتە جێگایەك نەبوو تۆ بتوانی بە دڵنیایی کۆنفرانسی تێدا ببەستی.

* لە 21-11-1976 کە شەهابی شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید لە سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەنوەر زۆراب لە رێکخستنی بەغداد لە سێدارە دران. ئایا لەسەر کۆمەڵە لە سێدارە دران یان بەهۆی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی بوو؟

- یەکێك لەو شتانەی کە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە ئێمە گرنگیمان پێ دەدا ئەوە بوو کە کۆمەڵە خۆی بپارێزێ لە لێدان. ساڵی 1970 تا 1975 ئێمە هینی ئەوەمان هەبوو کە ئەگەر کەسێك بگیرایە رەنگ بوو پارتی بیگرێ بە تۆمەتی ئەوەی کە جاسوسی بەعسیە، حکومەت بیگرێ بە تۆمەتی ئەوەی کە جاسوسی دەزگای پاراستنە. لەبەرئەوە ئەوەندەی بۆمان کرا هەوڵماندا هەڵقەی رێکخستنەکانی نا کۆمەڵە زۆر زۆر تەسك بێت و ئێمە کادیری رێکخستن دروست بکەین نەك رێکخستنی جەماوەری. لەبەرئەوە ئەدەبیاتیشمان نەبوو، یەك دوو بڵاوکراوە وەختی خۆی بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دوایی کۆکراوەتەوە. کۆمەڵە تا ساڵی 1976 هیچ شتێکی بە رەسمی بڵاونەکراوەتەوە بۆ خەڵك. بە شێوەیەکی زۆر نهێنی کاری دەکرد لە ناو نوخبەیەکی هەڵبژێردراودا، بۆ نموونە لە ناو زانکۆی

سلێمانیدا وەختێ کە ڕێکخستن دروست دەکەیت تەنها ئەو کەسانەت ڕێکدەخست کە لەکاتی قەیران و تەنگژەکاندا دەتوانێ سەرکردایەتی رای گشتیبکات، ئەتوانێت لە ناو خوێندکاراندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لەناو کرێکاراندا ئەو کەسانە ڕێکبخەیت کە لە کاتی ئەزەماتدا ئەتوانێت لە ناو چینی کرێکاراندا کار بکات، لەناو ڕۆشنبیراندا هەر بەم شێوەیە. واتە هەڵبژاردەی ئەمانە هەوڵدەدرا کۆبکرێتەوە و بە چەندین قۆناغدا تێدەپەرین و بە هەڵقەی ڕۆشنبیری و ئەمانە تا ئەبن بە ئەندام. ساڵی 1975 کاتێ کۆمەڵە هاتە ناو یەکێتییەوە ئیتر ئەو قۆناغە دەستی پێکرد. کاك شەهاب و ئەو برادەرانەی کە حوکمی ئیعدام دران بە تۆمەتی ئەوەبوو کە ئەمانە تەیارێکی مارکسیان درووست کردووە و سەفەری دەرەوەیان کردووە و پەیوەندیان کردووە بە جیهاتی بێگانەوە، چونکە کاك شەهاب چەند جارێك چووبوو بۆ بەیروت فەڵەستینیەکانی بینیبوو. واتا بەشێکی ئەو برادەرانەی ئیعدام کران لەسەر ئەوە ئیعدام کران.

* ئێستا یان جارانیش باس لەوە دەکرا کە جیاوازیەك هەبووە لەنێوان شەهید ئارام و شەهید شەهاب. هەریەکە و سەر بە باڵێکی سەربەخۆ بوون و کۆمەڵێك گرووپی دیکەیان لە خوار خۆیان هەبوو. یەعنی کۆمەڵێك پەیرەوی شەهید شەهابی کردووە و کۆمەڵێکیش پەیڕەوی شەهید ئارامی کردووە. ئایا کاك نەوشیروان مستەفا پەیڕەوی کام باڵی دەکرد تا ئەو دوانە مابوون؟

- ئەوە ڕاست نییە، ئەوە ڕاست نییە،یەك کەڕەت ناکۆکی لەناو کۆمەڵە دروست بوو، ئەویش ناکۆکیەکی فکری بووە، دوایی حەسم بوو. ناکۆکیەکە دوای ساڵی 1975 و تێکشکانی شۆڕشی کوردبوو، لە ناو سەرکردایەتی کۆمەڵە جۆرێك لە بۆچوون دروست بوو بوو کە ئایا ناکۆکی سەرەکی ئێمە لەگەڵ حکومەتی بەعسە یان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکایە. بەڵام لە دوای فەترەیەکی زۆر کەم ئەو موشکیلەیەش حەل کرا ئەوەی کە پێشبینی شۆڕشی کرد و کاك شەهابیش پێشبینی شۆڕشی کرد.

* ئەی بۆ لە سەرکردایەتی کۆمەڵە و سەرکردایەتی ئێستاش هەندێ جاران ئەو شتانە باس دەکرێن. لە سەرکردایەتی یەکێتی ئەوانەی کە پێشان لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کۆمەڵە بوونە باسی ئەو جیاوازیە دەکەن لە نێوان شەهید ئارام و شەهید شەهابدا؟

- من پێموایە ئەوە راست نییە. رەنگە ئەو برادەرانە لە بێئاگاییەوە قسە دەکەن. تا ئەو زەمانەی کە کاك شەهاب و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بوون کاك ئارام کادیرێکی ئاسایی بووە لە کۆمەڵە، لە سەرکردایەتی نەبووە. دوای ئەوەی کاك شەهاب و هاوڕێکانی کەوتنە بەر گرتن و راونان و کۆمیتەی هەرێمەکان دروست بوو، لەوەیا کاك ئارام هاتە پێشەوە و بووە کەسی یەکەمی ناو کۆمەڵە.

* باشە کاك نەوشیروان کە باسی شەڕی ناوخۆی هەشتاکان دەکرێت، لەبەرچی هەموو حزبەکانی بەرەی جود ئەوانەی کە ئێستاش ماون و جگە لەمانەش زۆر خەڵکی تەنانەت ناو یەکێتیش ئێستا نەوشیروان بە سەرکردەیەکی کاریگەری ئەو شەڕەی ناوخۆیە دادەنێن. وەك رۆژانە ئەوانەی ناو مەکتەبی سیاسیش ئەوە دەڵێنەوە کە نەوشیروان خەڵکی بە کوشتن داوە. باشە بۆ هەر کاك نەوشیروان سەرکردایەتی یەکێتی دەکرد،یان فیعلەن تۆ رۆڵێکی زۆرت هەبوو، بەکورتی بۆچی ناوی تۆ زیاتر لە هەر ناوێکی دیکە زەق دەکرێتەوە؟یان مەبەستێکی تر هەیە کە ئێمە نایزانین؟

- رەنگە ئەوە دوو فاکتەری هەبێت. یەکێکیان فاکتەری ناوخۆی یەکێتییە کە ئەوە بەشێکە لەو ململانێیە ناوخۆییەی لە نێوان باڵە جیاجیاکانی ناو یەکێتیدا هەیە. بەشێکی تریشیان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا میدیاییەی کە کاتی خۆی حزبی شیوعی عێراق هەیبوو، لە راستیدا حزبی شیوعی رۆڵی زۆر گەورەیان هەبوو لەوەی کە ناوی من بە شەڕی ناخۆوە بنووسێنن بە تایبەتی دوای شەڕی (پشتئاشان) و ئەوانە. خۆت ئەزانی کادری راگەیاندن لە حزبی شیوعیدا زیاتر بوو، ئەو زەمانە یەکێتی سۆڤیەت مابوو، حزبی شیوعی لەگەڵ حزبی شیوعی تری دونیا پەیوەندیان هەبوو ئیتر هەڵمەتێکی جیهانییان دژ بە من دەست پێکرد.

* باشە لەبەرچی ناوی تۆیان دیار خست؟ئایا لەبەرئەوە نەبوو فیعلەن رۆڵێکی باشت نەبینی؟

- لەبەرئەوەی من سەرکردایەتی هەندێك لە شەڕەکانم کردووە.

* واتا حەقیقەتێکی تێدا هەبووە بەرامبەر بە تۆ؟

- من حەز ناکەم بگەڕێینەوە بۆ رابردوو گۆڕ هەڵبدەینەوە چونکە کەگۆڕ هەڵدەدەیتەوە عادەتەن بۆگەن و ئێسك و پرووسك دێتە دەرەوە. شەڕی یەکێتی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ترا، لەراستیدا بە پلەی یەك لەگەڵ پارتیدا بوو، چونکە پارتی وەکو تاکە حزب مەبدەئی تەعەدودیەتی قەبوڵ نەدەکرد. ئەو شەڕانە بەشێك بوو لە چەسپاندنی فکرەی تەعەدودیەت کە بۆ جاری یەکەم بوو یەکێتی هێنایە کوردستانەوە. فرەیی حزبی، فرەیی سیاسی و فرەیی رۆژنامەوانی تا ئەو زەمانە پارتی خۆی بە تاکە حزب دەزانی کە شیعاری ئەوەی هەبووپێشڕەوی کورد پارتیە و هیچ حزبێکی تر نییە. ئەمە وەختێك یەکێتی دروست بوو هەڵگەڕانەوە بوو لەو سەرەتایە.

* بەس هەست ناکەی لە واقیعی عەمەلیدا یەکێتی نەیتوانی ئیستیعابی ئەو هەموو حزبە کوردستانیانە بکات، کە خەباتی رزگاری نیشتمانیان دەستپێکردبوو؟ چونکە یەکێتی بەتەنیا لەبەرەیەك بوو و حزبەکانی تریش هەموویان لە بەرەیەکی تر. خۆی تەعەدودیەت ئەوەیە حزبەکانی تر قەبوڵ بکەی لە کاتێکدا پارتی لەناو زۆرترین حزبەکانی کوردستانیدا بوو، بەرەی جودیان پێکهێنابوو، بەڵام یەکێتی بە تەنیا بوو و شەڕی دەکرد بۆ ئەوەی هەموو حزبەکانی تری وەکو سۆشیالیست وشیوعی و پاسۆك و....هتد پاکتاو بکات؟

- من وەك گوتم نامەوێ باسی ئەوە بکەین. بە جێیدەهێلین بۆ مێژوونووسان، با ئەوان هەڵیسەنگێنن.

* با بێینە سەر هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە. خەڵکێکی زۆر چ ئەوانەی ئێستاش هەر خۆیان بە کۆمەڵە دەزانن یان لە ڕێگای کۆمەڵەوە توانیان ببن بە کادیرێکی کوردستانی و نیشتمانی،قسە ئەوەیە خەڵکی دەرەوەی کۆمەڵەش دەڵێن گورزێکی گورچکبڕ بوو کە درا لەکۆمەڵەو تەنانەت لەبزاڤی نیشتمانیش،باشە کاك نەوشیروان چۆن توانی ئەو بڕیارە بدات کە کۆمەڵە لە ساڵی 1988 هەڵبوەشێنێتەوە؟

- من بە تەنیا ئەو بریارەم نەدا، ئەوە ژمارەیەکی زۆر پێش من لە کادیرەکانی کۆمەڵە ئەو گفتوگۆیانەیان دەست پێکردبوو لەگەڵ یەکێتی شۆرشگێراندا، لە قاسمە ڕەشەوە ئەو گفتوگۆیانەیان دەستپێکردبوو. کە بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەشمان دا لە کۆبوونەوەیەکی زۆر فراواندا چەند سەد کەسێك تێیدا بەشدار بوون کە ئەو بڕیارەمان دا. بەڵام لە بیرت نەچێت وەختێك کە کۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە تەسلیمی دەست سەرکردایەتیەکم کرد کە جگە لە دوو کەسیان ئەوانی تر هەموویان کۆمەڵە بوون.

* واتا خۆت قەناعەتت بە هەڵوەشاندنەوەکە هەبوو؟

- بەڵێ ئەو زەمانە قەناعەتم پێ هەبوو. بەڵام ئەزموون دەری خست کە شتێکی هەڵەمان کردووە.

* هەستت کرد کە غەدرێکت کردووە؟

- ئێستا واتا ئەو دوو سێ ساڵە هەست دەکەم کە کارێکی هەڵەمان کردووە. لەوەوپێش پێم وابوو وەك بۆم باس کردی کە کۆمەڵەمان هەڵوەشاندەوە و تەسلیمی سەرکردایەتی یەکێتیمان کرد، ئەو کاتە لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا تەنها د.فواد مەعسوم و د.کەمال فواد کۆمەڵە نەبوون ئەوانی تر هەموویان کۆمەڵە بوون و دەیانتوانی همو یەکێتی بکەن بە کۆمەڵە.

* بەڵام نەیانکرد؟

- بەڵێ نەیانکرد..

* دەکرێت بزانین کاك نەوشیروان لەبەرئەوەی زۆر جاران هەست دەکرێت لە حزب دادەبڕێت واتا تووڕە دەبێت، وەك ماوەیەك لە زەڵێ دانیشتبووی خەریکی نووسینی یاداشتەکانت بووی و هەندێ جاریش سەفەری دەرەوەت کردووە، هەندێ جاری دیکەش هەست دەکەیت کاك نەوشیروان عادزە، دڵگیرە، تووڕەیە. دەکرێ بزانین ئەو هەموو جارانە کاك نەوشیروان ئیستیقالەی دەدا یان هەر بۆ خۆی تووڕە دەبوو و خۆی دوور دەخستەوە و دەچووە کەنار و لە ناوەند دووردەکەوتەوە؟

- پێموایە ئێوەو مانان حەقە بە تەقدیرەوە سەیری ئەو هەڵوێستانەی من بکەن. چونکە ئەو کاتانەی من دوور دەکەوتمەوە لە راستیدا لەکاتی شەڕی ناخۆدا بووەو من بۆم بەجێهێشتوون. بۆ نموونە بۆت باس بکەم لە دوای هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانەوە من لەگەڵ برادەرەکانی خۆمانا ناکۆك بووین لەسەر ئەوەی کە ئایا کادیرەکانی یەکێتی بێنین کاروباری حکومەتی پێ بسپێرین یاخود کادیرەکانی یەکێتی چاودێر(مراقب) بن بەسەر حکومەت و، تەکنۆکرات بهێنین. ئەوە یەکێك لەو خاڵانە بووە بووە کە ئەو زەمانە من لایەنگری ئەوە بووم خەڵکی تەکنۆکرات بهێنین با ئەوەشت پێ بڵێم منیان تەرشیح کرد بۆ یەکەم سەرۆکی حکومەت، بەڵام نەمکرد چونکە باوەڕم پێ نەبوو. برادەرانی تر پێیان وابوو ئەگەر لە دەسەڵاتدا نەبین خەڵکمان لەگەڵ نابێت، لەبەرئەوە دەیانوت ئێمە خۆمان لە شۆڕشدا ماندوو بووین بۆچی تەسلیمی خەڵکی تری بکەین. لە مەوزوعی یەکێتی و پارتیشدا من رەئیم وابوو، بێگومان پێش هەڵبژاردن من لەگەڵ کاك مەسعود قسەم کرد لەسەر ئەساسی ئەوەی لیستێکی هاوبەش دروست بکەین. من باوەرم وابوو لەبەرئەوەی میللەتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر سەختدا تێپەڕیوە و تووشی کارەساتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری بووە. ئەم قۆناخە میلەتەکەمان پێویستی بە ئیستیقرار هەیە، بۆ ئەوەش چاکترین شت ئەوەیە دوو حزبە سەرەکیەکە لیستی سەرەکیان هەبێت. ئەو زەمانە (1992) پەرلەمان سەد ئەندامی هەبوو، وتم با پارتی 35 کورسی هەبێت و یەکێتی 35 کورسی هەبێت. 30 یەکەی تر بۆ خەڵکی سەربەخۆ و تەکنۆکرات و حزبەکانی تر دابنێین بۆ ئەوەی ئەگەر لە نێوان یەکێتی و پارتیدا جۆرێك لە

ناکۆکی دروستبوو، ئەو کاتە ئەو سی کەسە بتوانێت باڵانسەکە راست بکاتەوە. بەڵام فکرەکەی من قەبوڵ نەکرا. من پێشنیارم کرد بۆ برادەرەکانی خۆمان کە ئەگەر لایەك حکومەت وەربگرن و لاکەی تر ببن بە ئۆپۆزیسیۆن. لەگەڵ پارتی قسە بکەین ئەگەر ئەوان حکومەت وەرگرن ئێمە دەبین بە ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر ئێمەش حکومەتمان وەرگرت با ئەوان ببن بە ئۆپۆزیسیۆن. ئەو فکرەیەش لە لای برادەرەکانی ئێمە قەبوڵ نەبوو و پێیان وابوو پێکەوە حکومەتێکی ئیئتیلافی دروست بکەن. لەبەر ئەوە من عەقڵم نەیبڕی و وازم لێ هێنا. وە ئەگەر وازم لێ نەهێنابایە ئیحتیمالی هەبوو ئەو ناکۆکیانە، ئەو زەمانە ممارەسەی کاری دیموکراسی زۆر کەم بوو، رەنگ بوو ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئەو باڵانەی ناو یەکێتیدا. پێموابوو ئەولەویەت بۆ ئەوەیە کە یەکێتی بە ساغ و سەلامەتی بمێنێتەوە لەبەرئەوە من بۆم بەجێهێشتن. هەموو جارەکانیش وابووە کە ناکۆك بوو بووم لەگەڵ رەفیقەکانم لەجیاتی ئەوەی شەڕیان لەگەڵدا بکەم بۆم جێهێشتوون.

* هەست ناکەی لە سیاسەتدا ئەوە مەرفوزە؟ ئەو وازهێنان و خۆ دوورخستنەوەیە. سیاسەت وایە تۆ دەبێت ململانێش بکەیت و هەوڵیش بدەیت کەمینەی خۆت بکەیت بە زۆرینە.

- ئەوە لە وڵاتێکدا کە حزبەکان چەکدار نەبن راستە، بەڵام لە وڵاتێکدا کە حزبەکان چەکدار بن و سەرکردایەتی حزبەکە و سەرکردایەتی سیاسی ئامادە بن بە چەك دیفاع لە مانەوەی خۆی لەو پۆست و پایانەدا بکات پێم وایە ئینسان بکشێتەوە باشترە وەك لەوەی شەڕیان لەگەڵدا بکات. ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت رەنگە لە وڵاتێکدا بێت کە تەقالیدی دیموکراسی رەگداکوتاوی تێدابێت. لە ئەورووپارەنگە وابێت بەڵام لە کوردستانێکدا کە هەموو چەکدارن پێم وایە ئەوە سەر ناگرێ.

* لینین کە شۆرشی ئۆکتۆبەری داگیرساند سەرەتا کەمینە بوو دوایی بە گفتوگۆی چڕو بەردەوام بوو بە زۆرینە. عەزیز محەمەدیش جەبهەی وەتەنی لەگەڵ بەعس کرد خۆ لە سەرەتا کەمینە بوو، بەڵام بە کۆبوونەوەی بەردەوامی ناو کۆمیتەی ناوەندی بوو بە زۆرینە. واتا لە سیاسەتدا وایە ململانێکە رەنگە هەندێك

جار درێژخایەن دەبێت، ناشبێ سارد ببیتەوە. بەڵام کە دوور کەوتیەوە رەنگە ئەوانی تر ئیستیغلالی بکەن و زیاتر ئەو نەهجەی کە دەیانەوێت جێگیری دەکەن. فکرەکەی تۆش لەو کاتە زیاتر بچووك دەبێتەوە چونکە تۆ مەیدانەکەت بۆ جێهێشتوون. پێم وایە ئەوە لە سیاسەتدا زیاتر زیانت پێدەگەیەنێت، بۆیە ئەگەر بەردەوام بیت باشترە و هەوڵیش بدەیت نەگاتە پێکدادانی چەکداری. چونکە هەندێك جاران دەبێتە کۆڵدان، رەنگە تۆ بە نیشتمانپەروەری بزانی بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەی هەیە با کەسی تێدا نەسووتێ بەجێیدەهێڵی؟

- من نموونەیەکت بۆ باسکەم. کاتێك کە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد من زیاتر لە ساڵێك بوو لە لەندەن دانیشتبووم. هیچ دەستێکم لە هەڵگیرسانی شەڕی یەکێتی و پارتی و، یەکێتی و بزوتنەوەدا نەبوو، من بەسەر شەڕەکەدا هاتمەوە. کە هاتیشمەوە لایەنی گفتوگۆکە من دەمکرد. لە گفتوگۆکەشدا یەك خاڵی بنەڕەتی هەبوو بە نسبەت منەوە کە ئەمویست جێبەجێی بکەم ئەویش گێڕانەوەی برایم خەلیل و داهاتی برایم خەلیل بوو. یەعنی هەموو ململانێکەی من کە پێیان دەوتم مەوقیفی موتەشەدیدە لەبەر ئەو هۆکارە بووە. وەختێك کە بینیم هیچ رێگە لە ئاسۆی نزیکدا و هیچ هیوایەکی ئەوە نییە کە لە نێوانی یەکێتی و پارتی دا رێککەوتن ببێت، ئاخر مەرحەلە من خۆم بە شەخسی کاغەزم بۆ کاك مەسعود بارزانی نووسی و کاك مەسعود یش جوابی بۆ نووسیمەوە و گەیشتینە داڕشتنێك (سیغەیەك)کە بگەینە رێککەوتن، بەڵام کە سەیرم کرد لە ناو پارتی و یەکێتیشدا چەندین گرووپ هەن دژی ئەو رێککەوتنەن و نایانەوێت سەربگرێت. لەبەرئەوە جارێکی دیکەش بەجێمهێشت.

* قسەیەکی بەربڵاو هەیە دەڵێت کاك نەوشیروان تەنها سلێمانی پێ شارە. واتە بیرێکی ناوچەگەری بەسەریدا زاڵە. دەکرێ ئەمە لەسەر زاری خۆتەوە راستی ئەمە بزانین؟

- ئەسڵەن من خۆم بە کوردستانی دەزانم نەك خۆم بە خەڵکی کوردستانی عێراق بزانم. یەك نیشانەم پێ بڵێ دەلیلی ئەوە بێت کە من ناوچەگەریێتی دەکەم.

* دەڵێن گوتووتە هەولێر کوێی پیرۆزە تا شەڕی تیا نەکرێ کاتێ ساڵی 1994، 1995 و 96 و واتە ئەو ساڵانەی کە شەری ناوخۆ هەبوو. ئایا فیعلەن تۆ وات گوتووە؟

- وەکو مەبدەء من هەموو کوردستانم پێ پیرۆزە نەك هەر شاری هەولێر. لە زاخۆوە تا خانەقین بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە بە شتێکی پیرۆزی دەزانم، وەختی خۆیشی کە ئێمە خەباتمان کردووە لە پێناوی نیشتمانەکەمان خەباتمان کردووە. نیشتمانەکەی ئێمەش بەتەنیا بریتی نییە لە شاری سلێمانی. ئەوە قسەیەکی ناراستە و من وام نەوتووە، بەڵام ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەوقسەڵۆکانەی کە باڵە ناکۆکەکانی ناو یەکێتی بۆ یەکتری دروستی دەکەن. ئەگینا ئەوەی کە من پێم دەڵێن موهەندسی شەڕی براکوژی بووە، من هەموو شەڕەکانی پێش راپەڕینیش هەر لەسەر هەولێر کردوومە.

* کاك نەوشیروان هەندێك جار هەڵوێستی زۆر جدیت هەیە وتێبینی و رەئی خۆت هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە تۆ بە نانیشتمانی دەزانی و یان ئەو شتانەی کە تۆپێت وایە زیانی هەیە بۆ ئاییندەی کوردستان. دوای رووخانی بەعس کە رژێمی بەعس نەما لەسەر حوکم، کۆمەڵێك فایل هاتە گۆڕێ گوایە لە سەرکردایەتی یەکێتی و حزبەکانی تریشدا فایلدار هەیە. ئەگەر ئەمە حەقیقەتێکی تێدایە بۆچی ئەو کاتە مەوقیفت وەرنەگرت؟خۆ ئەوەش بابەتێکی زۆر جددی بوو؟

- مەبەستت لە فایلدار چییە؟

* ئەوانەی کە یارمەتیدەر بوونە لەگەڵ بەعس جا بە هەر شێوەیەك بێت، سیخور بووبن یان هەر شتێکی تر، گرنگ ئەوەیە هاوکاری بەعس بووبن.

- من زۆربەی فایلەکانی سەرکردایەتی یەکێتیم بینیوە، لە راستیدا بە مەعنای سیخور کەسیان سیخور نەبوونە تاوەکو ئینسان ناونووسی بکات.

* کاك نەوشیروان دوای رووخانی بەعس بەشداری لە بنیادنانەوەی عێراقی نوێ کرد. ئایا فیعلەن کاك نەوشیروان بڕوای بە عێراقی نوێ هەبوو کە بەم شێوەیە سەردانی بەغدای کرد و بەشداری ئەنجوومەنی حوکمی کرد بۆ ئەوەی عێراقێکی نوێ دروست بکات؟بۆچی خەریکی کوردستان نەبوو و دوای رووخانی سەدام کوردستان بکاتە کوردستانێکی نوێ؟

- پێموایە بۆ هەردووکیان کارمان کردووە. بە نسبەت کوردستانەوە پێم وایە ئێمە ئیشێکی زۆر گەورەمان کردووە ئێستا لە کوردستان دەتوانیت بڵێیت بە مەعنای وشە بناغەی دەوڵەتی کوردی هەیە. هیچ لایەنێکی عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش بەگونجاوی نازانن کە کورد دەوڵەت دروست بکات. بۆ تۆ باشترین ڕێگا ئەوەیە لە عێراقێکی تازە لە دەزگای بڕیاردانی سیاسیا تۆ بتوانیت دەسەڵاتت هەبێت. تا ئەو کاتەی کە ناتوانیت جیاببیتەوە خۆت حەز بکەیت و حەز نەکەیت بەشێکی لە عێراق. مادام بەشێکیشی لە عێراق، لە عێراقدا دەوڵەتێکت هەبێت کە دەسەڵاتت هەبێت لە دەزگای بڕیاردانی سیاسیدا. دەوڵەتێك بێت دیموکراسی بێت، دەوڵەتێك بێت لە خزمەتی خەڵکەکەدا بێت و دەوڵەتێکی تازە بێت ئەمە لە قازانجی کوردە. ئەوەی تریش من پێم وایە ئێمە بناغەی دەوڵەتی کوردیمان دامەزراندووە.

* چوار ساڵی ڕێك بەر لە ئەمڕۆ بەڕێزت لەگەڵ کۆمەڵێك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یاداشتنامەیەکیان بەرز کردەوە کە دەنگی ناڕەزایی لەسەر چەند شتێك تێدا بوو، یەك لەو پرسانە تەمەنی مام جەلال بوو. ئایا مەبەست لەوەبوو کە ئەو تەمەنی گەورەیە و جەنابت ببی بە سکرتێر؟ واتا تۆ واجیهەیەکی تر بووی لە ناو یەکێتی دوای مام جەلال یان مەبەستێکی ترت هەبوو؟بۆچی تەمەنتان خستە ناو ئەو پرسەوە؟تۆ باسی بەرنامەی سیاسیت دەکرد تەمەن ڕەنگە هەندێك جار ڕۆڵی نەبێت؟

- ڕاستە تەمەن ڕەنگە هەندێك جار ڕۆڵی نەبێت، بەڵام لە مەسەلەی سەرکردایەتی یەکێتیدا نوێبوونەوە و تازەگەری شتێکیی زۆر لەسەرەخۆییە. بەشێکیی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لە تەمەنێکدان کە ئەبێت

جێگە بۆ گەنج چۆڵ بکرێت. دوای ئەمە، هەموو کەسێك کە گەیشتە تەمەنێك ئەبێت بیر لەوەی دوای خۆی بکاتەوە. من لە تۆ دەپرسم ئایا دەزانیت دوای مام جەلال چی بەسەر یەکێتی دادێت؟ئایا ئەزانیت دوای مام جەلال چی بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی دادێت؟ئایا ئەزانیت دوای مام جەلال چی بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان کوردی عێراق و حکومەتی عێراق دێت؟پێویستە هەموو کەسێك پێشبینی ئەوە بکات کە دوای خۆی ئەگەر بە مردنیش نەبێت، بە وازهێنان، نەخشە بۆ ئەوە دابنێت کە دوای خۆی کەسانێك هەبن درێژە بە ئیشەکە بدەن.

* باشە بۆ ئەوەی شتەکە شەرعیەتێکی جوانتری وەربگرتایە باشتر نەبوو داوای بەستنی کۆنگرەتان بکردایە؟چونکە لە کۆنگرە بڕیاری ئەو شتانە دەدرێت.

- ئەوە راستە، بەڵام تۆ ئەزانی کۆنگرەی یەکێتی کەی ئەبەسترێ؟

* من نەوەڵلا، خۆ من لە سەرکردایەتی یەکێتی نیم..

- منیش هەرنازانم، منیش ئێستاو ئەو کاتیش نەمدەزانی، چونکە سکرتێری گشتی ئەو بڕیارە دەدات کەی کۆنگرە ببەسترێ و نەبەسترێ. عادەتەن حزبە باشەکانی دونیا پێش کۆنگرە ناکۆکیەکانی ناو خۆیان چارەسەر دەکەن. گەڵاڵەی بەرنامەی تازە ئامادە دەکەن و ئیش دەکەن کە سەرکردایەتی داهاتوو کێ بێت و کێ نەبێت کاتێکیش دەچنە ناو کۆنگرەوە ناکۆکیەکانی ناو خۆیانیان چارەسەر کردووە، بۆ ئەوەی بەڕیزێکی یەکگرتووەوە بچنە ناو کۆنگرە و بەڕیزێکی یەکگرتووەوەش بێنە دەرەوە. نەك بچن لەناو کۆنگرەکە شەڕەکان هەڵبگیرسێنن.

* با ببێینە سەر کاك نەوشیروان خۆی. ئایا کاك نەوشیروان تەنها لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی خۆی کێشاوەتەوە، یان لە سەرکردایەتی و یەکێتیش؟

- ئەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە خۆت بیدەیتەوە. من ئەگەر بڵێم یەکێتی نیم بڕوام پێ دەکەیت؟

* نەوەلا
- دوای ئەوەش، کاکە ئینسان کە تەمەنێکی دوور و درێژی لەناو حزبێکدا بەسەر دەبات، هەموو تەمەنی گەنجێتی خۆی بەسەردەبات و ئەوەی کە پێیدەڵێن(حەنین) نوستاڵجیا تۆ ناتوانیت ئینسان ڕووت بکەیتەوە لە هەموو نوستاڵجیای خۆی مەبەستم ئەوەیە من بەدرێژایی سی ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵك پێکەوە چەندین قۆناغی خۆش و ناخۆشمان بڕیوە چەندین یادگاریمان هەیە ناتوانیت تۆ خۆت یەکجار ڕووت کەیتەوە لەم هەموو شتانە.
* بەڵام ئێستا هەست ناکەیت لە دووڕیانێکدای؟ نازانیت لە لای یەکێتی بمێنیتەوە یان ئەوەتا ئەو بیر و تەوەجوهاتەی خۆت وردە وردە چڕ دەکەیتەوەو یەکێتیت لەسەر ئاگرێکی نەرم داناوە وەك چۆن بڵێی چایەکەت دێم بدات، تا ئەو کاتەی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تەئکید هەر دەبێت بگۆڕێت جا بە هەر شێوەیەك بێت ئیمساڵ نا ساڵێك دوانی تر بەتایبەت بەهۆی تەمەنەکەیەوە، ئەو کاتە تۆ بێیت و بڵێیت بەڵێ من ئێستا سکرتێری یەکێتیم. ئەمە لە کاتێکدا ماوەی ئەم یەك دووساڵەی ڕابردوو و ئێستاو داهاتووش زەمینەیەکی لەبارتری بۆ دەڕەخسێنی؟
- حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من لەسەر تەمەن کێشە بنیادنانێم چونکە لەوانەیە من خۆم پێش هەندێك کەس بمرم، یەعنی کەس نازانێ کەی دەمریت و هەموومان لە تەمەنێکداین کە موعەرەزین بۆ ئەوەی بمرین. ئەوە یەکێکیان. دووەمیان من لە وتارێکدا کە بڵاوم کردۆتەوە بە ناونیشانی «دوای ئەو هەموو ڕەخنەیە ئینجا چی» لەوێدا چەندین سیناریۆم هێناوەتە پێشەوە. گۆڕین لە ڕێگەی گۆڕینەوە لەناو حزب، گۆڕین لە ڕێگەی گۆڕینەوە لەناو دەسەڵاتدا و گۆڕین لەدەرەوەی دەسەڵات و لە دەرەوەی حزب. من خۆم لە ڕاستیدا هیچ وەڵامێکی دیاریکراوم لەسەر ئەوە نەداوەتەوە، جێمهێشتووە بۆ موناقەشەکردنێکی گشتی. دوای ئەوە کە تێرکرا بە نووسینی گفتوگۆ، بە نووسینی وتار و بە گفتوگۆ ئەو کاتە خۆی ساغ دەکاتەوە لەسەر چی دەبێت.

* کاك نەوشێروان لە ساڵانی 1980 تا 1985 و 86 تەقریبەن کاریگەرترین کاراکتەر بووی لە ناو هەناوی یەکێتی. ئایا پێیت وایە دەتوانی بەو تەوەجوهاتەی ئێستا هەتە هەمان ئەو کاراکتەرە ببینیتەوە کە لەو ساڵانەدا دەتبینی؟

- ئێستا دوو قۆناغی جیاوازە، ئەو زەمانەی تۆ باسی دەکەی قۆناغی شەڕی پێشمەرگایەتی بووە ئێستا قۆناغی هەڵبژاردن و دروستکردنی دامەزراوەیی دەوڵەت و ئەوانەیە. من تەمەنا دەکەم کە پارتیش و حزبەکانی تریش هەموو لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بگونجێن و خۆیان تازە بکەنەوە. تۆ وەختێك کە باسی فرەیی (تعددیە) دەکەیت بەبێ ئەو حزبە مێژوویيانە ناتوانیت پلورالیزم لەم وڵاتەدا دامەزرێنیت. لەبەر ئەوە ئەوەی کە من بۆ یەکێتی تەمەنا دەکەم چاکبوونەوە و ئیسلاحاتە کە بۆ پارتیش تەمەنناى دەکەم.

* بۆچوونێك هەیە دەڵێت کاك نەوشیروان مستەفا رێك واتا مام جەلال تاڵەبانی. بە مانایەکی تر کاك نەوشیروان ئێستا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر خزمەت بە یەکێتی دەکات بەو تەوەجوهاتانەی کە ئێستا هەیەتی و لە بنەڕەتدا لەگەڵ مام جەلال هیچ جیاوازییەکی نییە،بەڵام بۆ ئەوەیەتی ئەوانەی کە لە یەکێتی دادەبڕێن کاك نەوشێروان کۆیان بکاتەوە؟

- ئەوە بیروڕای خۆیانە. بەڵام لە ژیاندا من هەمیشە عەبدی بیروباوەڕی خۆم بووم.عەبدی هیچ کەسێك نەبوویمە.

* یەکێتی بەوە بەناوبانگە لەکاتی هەڵمەت و شەڕدا جیاوازیەکانی بچووك دەبێتەوە، بەڵام ئەو کاتانەی شەڕ نییە و دۆخەکە ئارام دەبێت ئیتر جیاوازیەکانیش زەق دەبنەوە. بۆ نموونە ئێستا کە ئاشتیەوسەقامگیری هەیە، کەچی خەریکە کۆنە برینەکان هەڵدەدرێنەوە. ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە؟ چونکە تۆ ئەزموونێکی درێژت لەناو یەکێتی هەیە ئایا بەراستی وایە؟

- پێم وایە لە ئاشتیدا جیاوازیەکانی یەکێتی باشتر دەردەکەوێت لەگەڵ حزبەکانی تردا. بەڵام کام یەکێتی؟ئەم یەکێتیەی ئێستا پێم وایە زۆر جیاوازی نەماوە لەگەڵ پارتی.

* ئیمڕۆ کاك نەوشێروان بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆنە کە بە بارودۆخەکە ڕازی نییە، حزبی تریش هەن کە لەناو حکومەتیش بەشداریانکردووە یان نەیانکردووە، بەڵام ئەوان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕەپانەکە نییە. بەڵکو کاك نەوشیروان کاریگەرترین ئەو ئۆپۆزیسیۆنەیە کە ئەمڕۆ خەڵك چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات کاریگەرتریش بێت لە ئێستا. ئایا مانای ئەوە نییە کە ئەو خەڵکەی تووڕە بووە لە ناو یەکێتی کە بە هەمان شێوەی ئێوە بیر دەکەنەوە و ناڕازین بە بارودۆخەکە و هەروەها ئەوانەیش کە سەربەخۆن یا لە نێوحزبەکانی تردان، کە ناڕازین، نەوشێروان بتوانیت سەرکردایەتیان بکات و وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی پلە یەك و سنوورێك بۆ حکومەت و ئەو دەسەڵاتە دابنێیت کە هەیە، یان هەر مەبەستت ئەوەیە یەکێتی ئیسلاح بکەیت؟

- من ناتوانم بە خۆم بڵێم ئۆپۆزیسیۆن. من لەگەڵ هاوڕێکانمان کە جۆرێك لە تەیاری سیاسین کۆمەڵێك چەمکی سیاسیمان خستۆتە روو، ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ هیچ کەسێك نییە. ناحەزیمان لەگەڵ هیچ کەسێك نییە.

* مەبەستم شتی شەخسی نییە، بەڵکو لە جیاوازی بیروڕا؟

- جیاوازی بیروڕای ئێمە لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەیە. کە ئێمە پێمان وایە ئەم ئیدارەی کە ئێستا لە سلێمانی هەیە و ئەو ئیدارەی لە هەولێر و دهۆك هەیە لاساییکردنەوەی ئەوروپای شەرقیە کە پاشەڕۆژی نییە. بۆیە ئێمە کۆمەڵێك چەمکی سیاسیمان هێناوەتە ناو گۆڕەپانەکەوە و خستمانەتە روو. بۆ نموونە جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت، کە وەختێك ئێمە باسی جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە کە حزب لە حکومەتدا نەبێت یان لە پەرلەمان نەبێت، بێگومان کە هەڵبژاردن دەکرێت حزبەکان بەشداری تێدا دەکەن و ئەوان نوێنەر دەنێرنە ناو پەرلەمان و کابینە و وەزارەت پێکدەهێنن. بە مانای ئەوەی وەختێك کە دەڵێی حزب و حکومەت لەیەك جیابکرێتەوە پاش هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینە ئیتر رۆڵی مەڵبەند و لق و ناوچە و کۆمیتە و مەکتەبی سیاسی لە دەستتێوەردان(تدخل) لە کاروباری ڕۆژانەی حکومەتدا نەمێنێت. وەختێك تۆ نوێنەرەکانی خۆت ئەنێریتە ناو وەزارەت ئەبێت لەڕێگەی ئەوانەوە کارەکانت بکەیت.

وەختێك تۆ فراكسیۆنێكت هەیە لە ناو پەرلەماندا ئەتوانیت لەڕێگەی فراكسیۆنەكەی خۆتەوە كار بكەیت، نەك ئەوەی بەرپرسی مەڵبەند و بەرپرسی لق و ئەمانە ڕۆژانە تەداخول بكەن لە كاروباری حكومەتدا. بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئەوان دای بنێن، سەرۆكی شارەوانی ئەوان دایبنێن، بەرپرسی ئاسیش ئەوان دایبنێن، ئەمە یەكێكە لە خاڵەكان. خاڵێكی دیكە كە ئەوەی ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگە مەسەلەی شەفافیەتە، شەفافیەت لە كاروباری دارایی، لە كاروباری سیاسی، شەفافیەت لە هەموو لایەنەكانی ژیاندا چونكە تۆ ئیتر لە قۆناخی مەترسی و ساوایی دەرچوویتە دەرەوە. ئەزموونی ئێمە ئیتر ئەزموونێكی ساوا نییە. چ ڕێگرێك هەیە لەبەردەم ئەوەی كە هەردوو وەزارەتی مالیە بودجەی حكومەتی هەرێم بەرێتە بەردەمی پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەبارەیەوە بكرێت، چ ڕێگرێك هەیە لەبەردەمی ئەوەی كە پەرلەمانی كوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت وەزیر بانگ بكات و محاكەمەی بكات و ئەگەر زانی كە وەزیرێكی لێوەشاوە نییە متمانەی لێ بسەنێتەوە و بیگۆڕێت. ئەو مەسەلەی عەداڵەتی كۆمەڵایەتییە كە لە زەمانی یۆنان و ڕۆمانەوە شەڕی لەسەر دەكرێ، ئێمە ئەو مەسەلانەمان تەرح كردووە نەهاتووین باسی ئەوە بكەین فڵان حزب خراپە و ئەمەیان وایە و ئەمەیان وایە. ئێمە پێمان وایە كە گۆڕین لە چەمكە سیاسیەكاندا بكرێت. ئێستا ئیدارەی سلێمانی ئیدارەی تاك حزبیە ئیدارەی فرەیی نیە كە باوەڕمان بە فرەیی هەیە.

* پێت وانیە ئەو قۆناغەی ئێستا قۆناغێكی ئینتیقالیە هەموو قۆناغێكی ئینتیقالیش كاتی پێویستە، بە بڕیارێك هەموو شتێك ناكرێ،لە ڕوسیاش هەر وابوو بە ئاسانی یەكسەر نەكەوتە سەر ئەو سكەیەی كە جەنابت باسی دەكەیت، ماوەیەكی دەوێت جا لەونەیە ماوەكە كورت بێت هەندێ جاریش ماوەكە درێژ دەبێت. ئەگەر پۆتین نەبوایە ڕەنگە ئەو قۆناغە دووبارە لە ڕوسیا درێژ دەبۆوە. مەبەست قۆناغە ئینتیقالیەكە. بەڵام پۆتین هات توانی ئەو قۆناغە زوو ببڕی، بەڵام لە

کوردستان بەپێی ئەزموونمان و ئەوەی کە قەد دەوڵەت نەبووینە ڕەنگە ئەو قۆناغە درێژتر بێتەوە.

- ئەوە ڕەنگە، بۆچوونێك وایە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر ئیرادەی سیاسی لەلای سەرکردەی هەردوو حزبەکە بێت، کوردستان هێشتا نەبووە بە دەوڵەتی موئەسەسات لەبەرئەوە بڕیاری سیاسی سەرکردایەتی حزبەکان زۆر گرنگە لە گۆڕینی ڕەوتی ئەو گۆڕانە.

* ئەو سەرکردایەتیەش هێندە ئەزموونی نەبووە، ئەوە ئەو چەند ساڵەیە سەیری دنیا دەکات. پێشتر ئێمە هەموومان لە شاخ بووین و کەی بیرمان لەوە دەکردەوە دەبین بە دەوڵەت و بزانین حوکمڕانی چۆن دەبێت. بۆیە ناکرێ ئێستا خۆمان لەگەڵ وڵاتێکی ئەوڕووپی بەراورد بکەین، چونکە هەر ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتیشمان لەچاو ئەوان زۆری ماوە، وانییە؟

- ئەتوانیت ئیستیفادە لە تەجروبەی خەڵك بکەیت. واتا تۆ بۆ ئەوەی کۆمپیوتەر دروست بکەیت ئەچیت لە بازاڕ کۆمپیوتەری حازر دەکڕیت یان خۆشت بە هەمان قۆناغدا ئەڕۆیت کە کۆمپیوتەریان درووست کردووە. بێ گومان ئەچیت کۆمپیوتەری حازر دەکرێت.

* کاك نەوشیروان تۆ ئێستا لە ناو یەکێتی تۆزێك بە بەرهەڵستکار یان بەهەر شێوەو ناوێك ناودەبرێیت. ئایا ئەوە لادانێك نییە لە پەیڕەوی ناخۆی یەکێتی؟ تۆ قاڵبووی ناو ئەو دۆخەی، بۆیە لە خۆت دەپرسم ئەوەی تۆ ئێستا دەیکەیت لادانە لە پەیڕەوی ناوخۆ، یان جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە؟

- ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی خۆی، ئەوان خۆیان ئەتوانن بڕیاری لێبدەن.

* بۆچوونێك هەیە دەڵێت لەوەتەی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چۆتە بەغدا و بووەتە سەرۆك کۆمار، بەهۆی سەرقاڵی لە بەغدا ئەوەندە ناپەرژێتە سەر یەکێتی وەکو جاران، چونکە سەرقاڵی کیشەی سوننە و شیعە و سیاسەتی نێودەوڵەتی و...هتدیە، بۆیە هەندێ جاران کۆنترۆڵەکەی لەدەست دەردەچێت. ئایا

فیعلەن ئەوە کاریگەری هەبووە کە ئەو ناکۆکیانەی خەریکە وردە وردە پەرەدەسەنن لە ناو یەکێتی بەهۆی دووری مام جەلالەوە بێت؟

- ڕەنگە ئەوە تەئسیرێکی گەورەی هەبێت، چونکە دوو ئەرکی زۆر گەورەیە، لەلایەك تۆ سەرکۆماری دەوڵەتێکی پڕ لە کێشەی وەك عێراق بیت و لە لایەکی ترەوە تۆ سکرتێری حزبێك بیت کە لە هەلو مەرجێکی وا ئاڵۆزاوی وەك کوردستانی عێراق دا بیت. بێگومان ڕێکخستن لە نێوان ئەو دوو ئەرکە کارێکی وا ئاسان نییە.

* کاك نەوشیروان زۆر باسی ئەوە دەکات کە گۆڕانێك بکرێت، گۆڕانێك وەك ئەوەی لە نسوسی خالسدا هاتووە. باشە عەلی وەردی کە ئەو کۆمەڵناسە بەناوبانگەیە دەڵێت هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا دەکرێن و ئەوانەی کە ئیدیعای گۆڕانکاری دەکەن، جگە لە دووبارە کردنەوەی مێژوو شتێکی نوێ نادەن بە دەستەوە. ڕات لەسەر ئەمە چیە؟ئایا فیعلەن ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەکرێن دوایی ئەنجامەکەی هەر ئەوەیە کە لە پێشتردا هەبووە یان فیعلەن گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتیشدا دەکرێ و زۆر جددیشە و جیاوازیشە لەوانی ڕابردوو؟

- بۆچی بچینە سەر ئەو نموونانەی کە عەلی وەردی هێناویەتەوە، من ئێستا حاڵی حازر لە کوردستانی عێراقدا لەو قۆناغەدا دەژیم. پرسیار لە خۆت دەکەم ئایا ئیمکانی چاکسازی لەم وڵاتەدا هەیە یان نییە؟ئیمکانی ئەوە هەیە کە عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێت یان نا؟ ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئازادی ڕا دەربڕین و کاری سیاسی زۆرتر بێت یان نا؟ هەموو ئیمکانەکانی هەیە، من بۆچی خۆم ببەستمەوە بە قسەیەکی عەلی وەردی دەربارەی کۆمەڵگایەکی پێش چل ساڵ لەمەوبەر.

* بەڵام خۆ عەلی وەردیش هەر وا ئەو قسەیەی نەکردووە، هەموو شۆڕشەکانی هێناوەتە پێش چاوی خۆی ئینجا وای گوتووە، چونکە عەلی وەردی ڕەنگە جەنابت باش شارەزای بیت کە لە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی عەرەب زۆر قاڵ بۆتەوە.

- بەڵێ وایە.

* بەر لەوەی بێینە سەر باڵی ریفۆرم کە جەنابت سەرکردایەتی دەکەیت. ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك کاك بەرهەم ساڵحیش، وای گوت دەبێت بزانین ئایا حزبی ڕابردووە یان ئایندەیە بە ڕای جەنابت؟ ئێمە ئەوە دەزانین لە ڕابردوودا شەرعیەتێکی شۆڕشگێرانەی بەهێزی هەبوو، بەڵام ئایا دەبێت هەر لەسەر ئەو شەرعیەتە شۆڕشگێرانەیە بڕوات بەڕێوە، یان ئێستا تەماشا دەکەین یەکێتی حزبی ئایندەشە؟

- من ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم، وەك بڕیای مەحکەمە وایە و من ئەو بڕیاری مەحکەمەیە نادەم، بەڵام ئەتوانم نموونەت لەسەر ئەوە بۆ بهێنمەوە. ئەگەر یەکێك سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ بەجێ بمێنێت، کۆمەڵێك منداڵ لەو خێزانەدا هەبن و هەموو ڕۆژێك لە سەروەت و سامانە کۆنەکە بخۆن بەبێ ئەوەی شتێکی تازەی بخەنە سەر، ڕۆژێك دێت تەواو ببێت. سەروەریەکانی یەکێتیش بەس نین بۆ ئەوەی کە تۆ گەنج و نەوەی تازە پێگەیشتووی کوردی پێ قانع بکەیت. من هەتا ئێوارە بۆ یەکێکی باس بکەم چەند مانگ و چەند ڕۆژ لە ئەشکەوتێکدا ژیاوم، چەند مانگ و چەند ڕۆژ چووین کەمینمان داناوە و چەند مانگ و چەند ڕۆژ لە شاخ و داخ نووستووین و وامان کردووە، ئەوە هیچ فێری گەنجی ئەوسەردەمە ناکات. ئێمە ئێستا لە شۆڕشدا نەماوین ئێستا لە دەورانی حوکمڕانیاین. لە حوکمڕانیدا خەڵك چاوەڕێ دەکات ژیانی خۆشتر بێت، پاشەڕۆژی مسۆگەر بێت، زانکۆکانی باشتر بێت، ئەدائی حکومەتەکەی باشتر بێت، ئەمن و ئاسایش بەرقەراتر بێت، بازاڕ ببووژێتەوە، کوشتوکاڵ و پیشەسازی ببووژێتەوە. ئەوان ئەوەیان لە ئێمە ئەوێت. حیکایەتی ڕابردوو بە کەڵکی ئەو زەمانە نایێت.

* وەك خۆت باست کرد چەند جارێکیش لە یەکێتی ناڕازی بووی لە ساڵانی ڕابردوو و سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئێستا چەند جارێك ئاوا بوویت، بەڵام ئایا هەست ناکەیت ئەو جارە لە هەموو جارەکانی تر ناڕازیبوونەکەت بە دەنگێکی بەرزترە؟ دەتەوێ فیعلەن یەکێتی وەك ئەوەی جەنابت پێت وایە لە خەت لای داوە تۆ بیهێنیتەوە سەر خەت و وەکو جارانی لێکەیتەوە و کونجی گۆشەگیری

نەگری؟چونکە ئەو جارە خەڵکێکی زۆر پشتگیریت دەکات و دەڵێن ئێمەش هەمان بۆچوونمان یان هەر بە سەراحەت دەنووسن ئێمە لەگەڵ خەتی کاك نەوشیروان داین.

- ئێستا لەگەڵ جاران فەرقەکەی ئەوەیە کە جاران ئێمە لە خەتەر دابووین. پێش ڕووخانی سەدام حسێن مەترسی دەرەکی هەڕەشەی لێ دەکردین. ترسی ئەوەمان هەبوو ئیسلامی سیاسی کە لە هەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەدا بوون و لە دواییدا بوون بە نەواتی درووست بوونی ئەلقاعیدە لە هەموو عێراقدا. هەردەم مەترسی ئەوە هەبوو کە بێن شاری سلێمانی و کوردستان داگیر بکەن. خەتەری بەعسیمان لەسەر بوو، خەتەری دەرەوەمان لەسەر بوو، ئێستا ئەو خەتەرەمان لەسەر نەماوە. بە ڕای من ئێستا خەتەر لەناو خۆمانەوەیە. ئێمە لەماوەی ئەو شازدە ساڵەی ڕابردوودا توانیومانە وەکو پێشتر باسم کرد بناغەی دەوڵەت یکوردی دابمەزرێنین. کۆشکێکی گەورەمان درووست کردووە کە پێی دەڵێن حکومەتی کوردی. لەناو ئەم کۆشکە گەورەیە خەڵکی وای تێدایە کە شایستەی ئەو شوێنە نییە. ئیشی ئێمە ئەوە نییە ئەم تەلارە بڕووخێنین یا ئەم کۆشکە بڕووخێنین. ئیشی ئێمە بریتیە لە گۆڕینی سیستەمەکە و لە جۆری بەڕێوەبردنی ناو ماڵەکە. ئێستا قەوارە دەستووریەکەی کوردستانی عێراق چەسپاوە، خەتەری غەزوی خاریجیمان لەسەر نەماوە. ئەوپەڕی ئێران یا تورکیا دێت سنوورەکانمان بۆردومان دەکات. دانیشتوانی هەموو سنوورەکان بەقەدەر دانیشتوانی گەڕەکێکی شاری هەولێر نابێت. لەبەرئەوە خەتەرەکە دێت لە جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆمانەوەیە. ئەو زەمانە من نەمئەویست قسە بکەم لەبەرئەوەی لە لایەکەوە ترسمان هەبوو ئیسلامی سیاسی بێت مەنتیقەکەمان لەدەست دەربێنێت، لە لایەکەوە ئێمە سەد کیلۆمەتر لە مەقەڕی فەیلەقەوە دوور بووین لە کەرکوك بە یەك شەو ئەیانتوانی بێنە کوردستانەوە شوێنەکانمان هەموو لێ تێکبدەن و بگەڕێنەوە. لە لایەکەوە خەتەری تورکی هەبوو، لە لایەکی ترەوە خەتەری پارتی هەبوو لە زەمانی ناکۆکی بەینی یەکێتی و پارتیدا. تۆ مەجبووربوویت و ئەولەویەت بۆ ئەوەیە کە ئەگەر دام و دەزگایەك بە دڵیشیت نەبێت هەر ئەوەت پێ باشترە لەوەی دام و دەزگایەکی غەریب بێت سەیتەرە بکات بەسەرتەوە. ئێستا ئەوە نەماوە

یەکێتی و پارتی ئیتیفاقی ستراتیژیان هەیە، خەتەری ئێرانمان بەسەر نەماوە، خەتەری تورکیامان بەسەر نەماوە و خەتەری بەغداشمان بەسەر نەماوە. وەختی ئەوەیە ناو ماڵەکەی خۆمان ڕێکبخەین.

* باشە کاک نەوشیروان ئەو ڕاستە کە دەڵێیت نامانەوێت ئەو کۆشکە بڕووخێت، بەڵام هەست ناکەیت لە ڕۆژنامە کە جەنابت کۆمپانیای وشە بەڕێوە دەبەیت. بۆ نموونە چاوپێکەوتن لەگەڵ جاشێك دەکرێت کە تا سەر ئێسقانی خیانەتی لێ دەباری، تا بن هەنگڵی بە خوێنی ئەو خەڵکە داماوە سوور بووە کەچی ئەوان دێن و قسە بە حکومەتی هەرێم دەڵێن و قسە بە دەسەڵات دەڵێن. ئایا ئەوە برینی خەڵك چارەسەر دەکات یان زیاتر دەیکولێنێتەوە؟

- تۆ خۆت سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەبێت باوەڕت بە ئازادی ڕادەربڕین هەبێت.

* ئازادی لەگەڵ خەڵکی نیشتمانپەروەر.

- نەخێر لەگەڵ هەموو کەسێکدا. تۆ دەبێت هەمیشە پەراوێزێك بهێڵیتەوە بۆ ڕای بەرامبەر، بۆ ڕای ناحەز، بۆ ڕای دوژمن. تۆ وەختێك کە ڕای کابرایەك بڵاودەکەیتەوە مانای ئەوە نییە تۆ پشتیوانی لێ ئەکەیت.

* بەڵام خۆ دەزانین پێش وەخت قسەی خێر لە زمانی ئەو کابرایە نایەتە دەر کە تا سەر ئێسقانی خیانەتە.

- بەڵێ ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوە بەشێك بووە لە کۆمەڵگای کوردی. کۆمەڵگای کوردی جاشیشی تێدا بووە، لەشفرۆشی تێدا بووە، سیخوڕی تێدا بووە، بەڵام بەگشتی هەمووی کۆمەڵگای کوردیە تۆ مەسئولیەتێکت هەیە بەرامبەری، ناتوانیت و زەمانی ئەوە نەماوە خەڵك تەسفیە بکەیت و توێژێکی کۆمەڵگا پاکتاو (تەسفیە)ە بکەیت. ئێمە دوای ڕاپەڕین کارێکی زۆر باشمان کرد کە جۆرێك لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیمان لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ حکومەت هاوکاربوون کرد. بوو بە سەبەبی ئەوەی کە ئارامی و ئاسایش تا رادەیەك لە کوردستاندا هەبێت.

* زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کاك نەوشیروان خۆی پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئامادەسازی بکرێت بۆ کۆنگرە و هەڵبژاردن لە کۆمیتە و مەڵبەندەکان و هەر جەنابیشت سەرپەرشتیاری ئەو هەڵبژاردنانە بووی. هیچ کێشەیەك نەبوو تەنانەت دوو سێ ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکان کە هەندێك پێکدادان و تووڕەیی دروست بوو لە کوردستانی نوێ، لە شوێنێکیش دیمانەیەکت لەگەڵ کرابوو گوتبووت ئەوە شتێکی ئەوتۆ نییە کە شایەنی باس بێت، کەچی دەڵێن دوایی ئێوە دەنگتان کەم هێنا بۆیە هەڵوێستت وەرگرت. ئایا دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟

نەوشێروان:ڕاستە وایە ئێمە دەنگمان نەهێنا بۆیە هەڵوێستمان وەرگرت و هاتمە دەرەوە. هیچ عەیبی تێدا نییە.

* واتا بڕوات بەوە نەبوو کە تۆ کەمینەی خۆت بکەیت بە زۆرینە؟

- خۆم چۆن بکەم بە زۆرینە. وەختێك تۆ ئەکەویتە ناکۆکیەوە لەگەڵ باڵێك..

* لە پرۆسەی دیموکراسیدا خۆی هەر وایە

- نەخێر لە پرۆسەی دیموکراسیدا ئاسایش بێ لایەنە، هێزی چەکدار بێ لایەنە، دەزگای ڕاگەیاندن بێ لایەنە و پارەوپوول بێ لایەنە. لەم هەڵبژاردنەی ئێمە ئەوانە بێ لایەن نەبوون.

* یەکێتی هەمیشە و هەر لەگەڵ درووست بوونیەوە باڵی جیاوازی هەبووە. وەك باسمان کرد کۆمەڵەی ڕنجدەران و شۆرشگێران و هێڵی پان. بەڵام هەست ناکەیت ئەو یەك دوو ساڵەی ئێستا جیاوازیەکان وردە وردە بەرتەسکدەبنەوە، بە مانایەکی تر ئەو فەزایە کەم بۆتەوە کە بتوانی لەناو یەکێتیدا جیاوازی نیشان بدرێت؟بە تایبەتی ئەو تەنگپێهەڵچنینەی باڵی ریفۆرم کە ئێستا هەر ڕۆژەی چاوەڕوانی بڕیارێك دەکەن کە چیان بەسەر دێت. مەبەستم ئەوەیە پێکەوەژیانی جیاوازی ئاوا ناکرێت، جیاوازی ئەوەیە کابرا دەنگی خۆی بە ئازادانە هەڵبڕێ. ئێستا هەست دەکەیت ئەو جیاوازیە بەرفراوان نییە؟.

- وایە ئێستا سوڵتە و دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە.

* بەشێك لەو باڵەی ریفۆرم ئێستا پێیان وایە دەبێت سکرتێر و بەشێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەست لەکار بکێشێتەوە. ئایا هەست ناکەیت ئەوە بڕیارێکی زۆر قورسە؟

- مەسەلەی دەست لەکارکێشانەوە، ئەوە ڕەنگە بەس لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتیدا ئەو داوایە بە کفر حیساب بێت، ئەگینا لە هەموو جێگایەك دەبێت بلێیی برۆوە و دەست لەکار هەڵگرە.

* ئاخر ئێمەش لە کۆمەڵگایەکی رۆژهەلاتی کە ئەو قسەیە بکەین هەست ناکەیت قورسە؟

- بەڵێ قورسە وایە. خۆ باڵی ریفۆرم ئەو داوایەیان نەکردووە ڕەگ ئەو داوایەی کردووە. بەلام خۆ کفریان نەکردووە. یەکێکیان نموونەیەکی باشی هێناوە کە وتی ئەگەر راهێنەر (مدرب)ی تیپێکی فوتبۆڵ سێ جار تیپەکەی دۆڕاندی ئەبێت خۆی بڕوات و وازبێنێت. خۆت شارەزای یەکێك لە ناکۆکیە سەرەکیەکانی نێوان لینین و هەموو حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیای وەختی خۆی لەسەر ئەوەبووە کە لینین باوەڕی بەوە بووە شۆڕشی پڕۆلیتاری بکات، دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دروست بکات، لەڕێگەی توندوتیژییەوە دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرێت. لینین پێی وابووە ململانێی چینایەتی بزوێنەری مێژووە. سۆشیال دیموکراتەکان لایەنگری ئەوەبوون کە ئەبێت فیلمی چینایەتی بلاوبکرێتەوە، جیاوازی چینایەتی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندا کەم بکرێتەوە و لەڕێگەی ئاشتییەوە کارەکانیان بکەن. ئێستا یەکێك لەو شتانەی کە پێموایە ئەو برادەرانەی لەناو یەکێتی و لەناو کورددا شت دەنووسن لەسەر سۆشیال دیموکرات، باوەڕم وایە لە جەوهەری سۆشیال دیموکرات تێنەگەیشتوون. چونکە بەو کارەی ئێستا کە ئەوان دەیکەن جیاوازە و دەلاقەکەی چینایەتی گەورەتر دەکەن لەجیاتی ئەوەی چینەکان لەیەکتری نزیك ببنەوە.جەوهەری فکری سۆشیال دیموکرات ئەوەیە کە تۆ هەوڵبدەیت لەرێگەی دیموکراتی و لەڕێگەی هێمنی و پەرلەمان و ئەمانە جیاوازی نێوان چینەکان کەم بکەیتەوە. چینە هەژارەکە ئاستی ژیانیان بەرزبێتەوە و چینە دەوڵەمەندەکەش

لەڕێگەی باج و ئەو شتانەوە سامانەکانیان بێتە خوارەوە و بیکەن بە موڵکی دەوڵەت. ئێمە لەو قۆناغەداین. بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باسی سۆشیال دیموکرات دەکەن وەك شتێك تێیدەگەن، تەنانەت فەهد لە زەمانی خۆیدا کە حزبی شیوعی دروستکردووە وتویەتی باوەڕی بە سۆشیال دیموکرات نییە.

* فەهد ستالینی بوو. هەر لە سەردەمی ستالینیشدا دروست بوو..

- بەڵێ ستالینی بوو. ئەوەی ئێمەش ئێستا تەقریبەن هەر ستالینیەتە.

* ڕاستە کە دەڵێن باڵی ریفۆرم لەبەرئەوەی لە ئیمتیازەکان دوور خرابوونەوە بۆیە ئەو دەنگەیان هەڵبڕی و باڵێکیان دروست کرد بە ناوی ریفۆرم بۆ ئەوەی ئەو ئیمتیازاتانە بێتەوە دەست خۆیان؟ئەگینا هیچ مەسەلەیەکی فکری بەو مانای سیاسی نییە کە یەکێتی بەرەو لێکهەڵوەشانەوە یان دابڕین لە میللەت ببات؟ بەڵام ئیمتیازەکانیان لەبەردەست نییە بۆیە وا دەکەن؟

- هەموو شتێکیان لەبەر دەست بووە تا ئێستاش لەبەر دەستیاندایە.

* ئەی ئێستا ئەو چوار ئەندامی مەکتەب سیاسیە باسی ئەوە دەکەن کە ئەو پارە و پوولە سەرف دەکرێت کەس نازانێت چۆن سەرف دەکرێت؟.

- ئەمە مافی سروشتی هەر ئەندام مەکتەبێکی سیاسیە، پەیوەندی بەوە نییە، پەیوەندی بەوەوە هەیە دەبێت بزانیت ئەو حزبەی لەناویدا کاری تێدا دەکەی سەرمایەکەی لە کوێیە بە دەستی کێیە و چی لێ دەکرێت و چەندیشە؟.

* واتا ئەو پارەو پوولە بەدەست باڵی ریفۆرمەوە نییە؟

- بەدەست کەسەوە نییە، کەس نازانێت بەدەست کێیەوەیە. ئەگینا ئەوانە هیچ کەسێکیان ئیمتیازاتیان لێ نەسەنراوەتەوە. هەندێکیان وەزیرن و هەندێکیان پلەی زۆر بەرزیان هەیە.

* ئەوەی وەزیریش بوو ئەو ڕۆژە وتیان تا ئێستا وەزیرە و لاشمان نەداوە، واتا ئەگەر بیرۆکەی لادانی گەڵاڵە کرابێت؟

- دوور نییە، بەڵام من مەبەستم وەڵامی پرسیارەکەی تۆیە، واتا هیچ کەسێك لەو کەسانەی کە ئەو بیرۆکانەیان هێناوەتە پێش لە ئەنجامی ئەوەوە نەبووە کە ئیمتیازاتیان لێ سەنراوەتەوە، نەخێر وا نییە.

* ئەو هەڵوێستانەی کاك نەوشیروان لە لایەك و هەڵوێستی هەندێك لە سەرکردایەتی یەکێتی لە لایەکی تر کە خەریکە پێکهەڵدەشاخێن، ئەمە وا دەکات بواری ئەوە زۆر کەم بێتەوە کە کاك نەوشیروان بەردەوام بێت لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا؟ئەگەر وای لێبێت تۆ ئەڵتەرناتیڤت هەیە؟چونکە بە تەئکید تۆ ناتوانیت وەك هاووڵاتیەکی ئاسایی بژیت، قسەی تۆ جۆرێکە هەموو کوردستان دەبێ موتابەعەی بکات و بزانێت بەرەو کام ئاقار هەنگاو هەڵدەگری، لەبەرئەوە ئەگەر وای لێهات تۆ لەناو یەکێتی نیشتمانی نەتوانیت بەردەوام بیت و درێژە بەو هەڵوێستانەی خۆت بدەیت؟ ئەڵتەرناتیڤت چییە؟

- هەروەکو ئێستا چی ئەکەم هەر وەها ئەکەم.

* بەڵام ئێستا لەناو یەکێتیت.

- ئێستا لەناو یەکێتی نیم. لە درەوەی یەکێتی قسە ئەکەم، من نە لە مەکتەبی سیاسیم نە لە سەرکردایەتیم نە لە مەڵبەندم. دوایی ئەوەی کە تۆ باست کرد، ڕەنگە تۆ پرسیارەکەت زۆر بە دیبلۆماسیانە کرد. من خۆم نە حزبم هەیە، نە دەزگای دیکەم هەیە و نە ڕێکخراوی سیاسیم هەیە. واتا ئەگەر شەڕیش ببێ من لایەنگری شەڕ نیم، ئێمە تازە خەریکین بیر هەڵدەکەنین و خانوو دروست دەکەین، ئێمە بە تەمای پرۆسەیەکی زۆر هێمن و دیموکراتین.

* هەندێك لەوانەی کە ئێستا لە سەرکردایەتی یەکێتین دەڵێن کاك نەوشیروان هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی؟واتە تۆ دەتەوێ یەکێتی لەبەریەك هەڵوەشێنیتەوە و فەوزایەك لە ناو یەکێتی دروست بێ و ئەو ئارامی و هێمنییەی لە ناو یەکێتی هەیە نەمینێت.ئەمە تا چەند راستە یان بە پێچەوانەوە تۆ هێزی مانەوەی یەکێتی. کامەیانی؟

- ئەوە ئەتوانیت لە خۆیان بپرسیت.

* کاك نەوشیروان دوای چل ساڵ خەبات کە لەگەڵ ئەودۆخە تاڵ و شیرینەی یەکێتی دەڕۆیت و قوربانیت داوە و ماندوو بوویت و هەموو ڕێگایەکی سەختت گرتۆتە بەر بۆ سەرکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئێستا ڕێگا دەدەیت یەکێتی نیشتمانی تووشی کەرت بوون بێت؟

- من لەوەتی خۆم هاتوومەتە دەرەوە بە یەك کەسم نەوتووە وازبێنێت، هەرچیش پرسی بە من کردبێت وتوومە ئەوە ئارەزووی خۆتە.

* بەڵام تۆ کاریگەری زۆرت هەیە چونکە تۆ سی چل ساڵ خەباتت لەم حزبە هەیە...

- تۆ بیستووتە کەسێك لەناو یەکێتی بووبێت و من پێم وتبێت لەناو یەکێتی وەرە دەرەوە و ئیستیقالە بکە؟

* نەمبیستووە بەڵام کە تۆ دابڕای خەڵکێك بە تۆ موتەئەسیرە، خەڵکێکی زۆریش.

- ئینجا ئەوە دەکەوێتە سەر خۆیان، من کەسم هان نەداوە واز لە یەکێتی بێنێت. بە پێچەوانەوە هەر کەسێك لە منی پرسیبێ وتوومە لە شوێنی خۆتدا بمێنەرەوە و ئیشی باش بکە. ئێمە بەدیلێکی ترمان نییە تا ئێستا پێی بڵێم لەوە واز بێنە و وەرە خەریکی ئەمە بە.

* کاك نەشیروان وابزانم لەو دواییە مام جەلال بڕیارێکی دا کە تەوافوقێك دروست بێت لەنێوان ئەوانەی کە لە کۆنفرانسدا بۆهەڵبژاردنەکان دەرنەچوون، ئەوانیش بێن بۆ کۆنگرە. ئایا ئەو کێشەیە بەوە چارەسەر دەبێت؟ ئەگەر ئەوانەی کە دەریشنەچوون بە دەنگدان کە حەقی خۆیان بوو دەنگ بهێنن بەهەر هۆکارێك بووبێت دەنگیان نەهێنا، ئەگەر ئەوانە بێنە کۆنگرە دڵی کاك نەوشیروان چاك دەکاتەوە؟

- ئێمە موشکیلەکەمان ئەشخاس نییە، واتا ئەوە نییە چەند کەسێك لاببرێت و چەند کەسێك بچێتە شوێنی. ئێمە موشکیلەکەمان ئەوەیە گۆڕین چۆن لە شێوەی بەڕێوەبردنی ئیشەکاندا ئەکرێت، گۆڕین چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەکرێت، گۆڕین چۆن لە بەرنامەی حزبەکەدا ئەکرێت ئەگینا ئەگەر هەموو سەرکردایەتی بگۆڕدرێت ئەگەر بە هەمان ئەو سیستەمەی ئێستا ئیش بکەن هەمان بابەت و

گرفته. سیستەمی ئیشی یەکێتی سیستەمێکی سەرۆکایەتییە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەبەردەمی شەخسی سکرتێری گشتیدا بەرپرسن، واتا لەبەردەمی یەکتریدا بەرپرس نین، مەبەستم ئەوەیە دانانیشن لە کۆبوونەوەکاندا پرس و ڕا بە یەکتری بکەن. مەسەلەی تەوافوقیش تۆ بێیت پێنج کەس لەبەر خاتری من و پێنج کەس لەبەر خاتری سەرکردایەتی و لەبەر خاتری مەکتەبی سیاسی بهێنی بۆ کۆنگرە، پێم وایە ئەوە چارەسەری گرفت و کێشەکان ناکات. چونکە موشکیلەکانی یەکێتی لەوە قووڵترن.

* ئەوە تەوافوقێکە وەك ئەوەی لە بەغدا دەکرێت. ئەوەش ڕەنگە چارەسەرێکی کاتی بێت بۆ ئەوەی هەردوو لا بتوانن بە یەکەوە هەڵبکەن.

- وەك ئێستا عەرزم کردی گرفتی ئەشخاس نییە، گرفت ئەوەیە دەلاقەیەکی گەورە لە نێوان یەکێتی و خەڵکدا درووست بووە. دەلاقە دروستبووە لەنێوان قاعیدەی یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی.

* ئەگەر تۆ ببیتە جێگری سکرتێری گشتی کە پێشتریش جێگر بووی، ئەو هەموو کادیر و تەنانەت هەندێك لە ئەوانەیش کە لە مەکتەبی سیاسین و پەیڕەوی تۆ دەکەن، ئایا بەم هێزەوە ناتوانیت ئەو دەلاقەیە بچووك بکەیتەوە و ئەو فەزا گەورەیەی لە نێوان خەڵك و یەکێتی نیشتمانی هەیە بە لای کەمی سەدا پەنجای کەم بکەیەوە؟

- بۆم نەکرا بۆیە هاتمە دەرەوە، نەمتوانی.

* باشە ئەی ئەگەر بڕیاریان دا بۆ نموونە بۆ ئەوەی لەبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان تووشی وەزعێکی خراپ نەبێت سەرلەنوێ کۆنفرانسەکان دەست پێبکەنەوە، واتە ئەوەی کە کرا قبوڵ نەبێت دووبارە وەك پێشتر سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانیش هەر خۆت بیکەیت. ئایا ئامادەی ئەوە بکەیت؟

- ئەوە گریمانەیەکە لە وەختی خۆیدا باسی دەکەین.

* کاك نەوشیروان تۆ جگە لەوەی وەك سیاسیش وەك نووسەرێك و وەك ڕۆشنبیرێکیش تا ڕادەیەك جێ دەستت لە بواری رۆشنبیری و نووسینیشدا

بەرچاوە. خەڵك چاوەڕوانی دەكرد كە كۆمپانیای وشە دادەمەزرێت بەڕاستی چاوەڕوانی شتی گەورەی دەكرد، بەڵام ئێستا هەست دەكەیت كۆمپانیای وشەش ئەوە نەبوو كە كاك نەوشیروان بەڕێوەی دەبات.چونكە تەسەور دەكرا كاك نەوشیروان دوای ئەو شارەزاییەی لە بواری سیاسەت و نووسین دا هەیەتی رەنگە شتێك بكات كە زۆر جیاواز بێت لەو دۆخەی كە رۆژنامەگەری كوردی هەیەتی، ناڵێم هیچ جیاوازی نییە، تا رادەیەك هەیە بەو ئاراستەیەی كە ئێوە خۆتان دەتانەوێ. بەڵام ئەوەش نییە كە خەڵك پێی وابوو كۆمپانیای وشە شتێكی نەوعی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر دروستكردنی هەواڵی لێ دەركەی، كە من ئەمەیانم پێ باشە، ئەوانی تری تۆزێك لە رۆژنامە ئەهلییەكانی تر باشترە، پرسیار ئەوەیە ئێستا خۆت لەبەڕێوەبردنی ئەو كۆمپانیایە بەو وەزعەی ئێستای ڕازیت؟

- بەو توانا كەمەوە كە هەمانە بەڵێ ڕازیم.

* بەڵام، رەنگە ئەوە پاساو نەبێت.

- نا ئەوە پاساو نییە، ئێمە داماننابوو ناوەند (مركز)ێك دروست بكەین بۆ لێكۆڵینەوەی ئابووری، سیاسی، عەسكەری و بواری جیاجیا بە شارەزاییەوە. كە وەختێك حیسابمان كرد بۆ سێ مانگ پارەو پوولێكی زۆری تێدەچێت. دامانابوو بۆ نموونە بڵێین تەلەڤزیۆنەكەمان زووتر بخەینە ئیش، خۆت دەزانیت بودجەی تەلەڤزیۆن چەندی ئەوێت، ڕۆژنامەی ڕۆژانە بودجەی چەندی ئەوێت، كە وەختێك تۆ ڕاپرسیەك ئەكەیت خۆت ئەزانیت بودجەی چەندی ئەوێت. ئێمە تا ئێستا بێجگە لەو پارەیەی كە ئەوەڵجار لە مام جەلال مان وەرگرتووە هیچ پارەیەكمان لە هیچ لایەن و جیهەتێكەوە وەرنەگرتووە، بەو ئیمكانیەتەی كە ئێستا ئێمە هەمانە ئەوەندەمان پێ ئەكرێت. ئومێدم وایە لە پاشەڕۆژدا بتوانین زیاتر بكەین. دوای ئەوەش، خەڵك هەمیشە چاوەڕوانیەكانی زۆرە، واتا چاوەڕوانییەكانی زۆرترە لەوەی كە تۆ بتوانیت پێشكەشی بكەیت. خەڵك پێی وابووە كە ئەگەر حكومەتی كوردی هەبێت خەڵك هەمووی لە بەهەشتدا ئەژیت.

* کاک نەوشیروان ئەگەر تووشی قەیرانێکی دارایی هاتی، ئەوەش واریدە، لەگەڵ یەکێتیش وەزعت بەو شێوەیە بێت کە ئەوان هاوکاریت نەکەن. هەست ناکەی تووشی قەیرانێك دەبیت و ڕەنگە بە زەحمەت بتوانیت لێی دەرچیت؟

- لەوانەیە

* واتا بەرچاوڕوونیەکت بۆ کۆمپانیای وشە لەبەر چاو نییە؟

- بەڵێ لەبەر چاومە، ڕەنگە ماوەیەکی تر پرۆژەیەك بە پەرلەمان بدەین بۆ جۆری یارمەتیدانی میدیای ئەهلی میدیای کەرتی تایبەتی.

* ئەگەر پەرلەمان پەسندی نەکرد، چونکە ڕەنگە ئەوەش زەحمەت بێت؟ لەبەرئەوەی رەنگە تا رادەیەك فەوزایەك لەنێو بواری راگەیاندن بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێن میدیای ئەهلی هەبێت و، ڕەنگە حکومەت و پەرلەمانیش تا ڕادەیەك دڵیان پێی خۆش نەبێت.

- وایە، بەڵام ئەوە ئەرکی حکومەتە، وەك چۆن لە سلێمانی ئەو هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە هەیە بە پارەی گشتی ئیش دەکەن، لە هەولێریش ئەو هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە هەیە بە پارەی گشتی ئیش دەکەن، مافێکی سروشتی دەزگا ئەهلیەکانیشە کە شەریك بن. یان هی ئەوان ببڕن، یا ئەوانیش بژیێنن.

* بەڵام ئەگەر نەیانکرد تۆ چی دەکەیت؟ هەر زۆر زۆر ناچار دەبیت جار جار شتێك بنووسیت، لەوە زیاتر چیت پێدەکرێت؟

- با لە ئێستاوە بڕیار نەدەین، با چاوەڕێ بکەین باشترە.

* کاک نەوشیروان زۆر خۆی لە دیمانە دەپارێزێت، ئایا بەڕاستی گوشاری لەسەرە یان ترسی ئەوەی هەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان خەڵکێك تووڕە بکات یان خۆی بە مەرجەعیەتێك دەزانێ بۆ نموونە وەك سیستانی، موقتەدا،...هتد حەقیقەتی خۆیان نیشان نادەن و بڕیاریش هەموو لە ژوورەکەی ئەوەوە دەڕوات؟

- نەخێر، ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەوەی کە خۆم لە دیمانە دەپارێزم بەڕاستی وەك خۆت دەزانی ڕۆژنامەنووس عادەتەن فزوڵین ڕاتدەکێشن بۆ قسە کردن، حەز ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو قسانەی کە ئەیکەم، خۆت ئەزانی من بە سەراحەت و

راشکاوی قسه ئەکەم و خۆم لا نادەم، واتا نامەوێ قسەکانم لە توێکلێکدا بپێچمەوە. جاری وا هەبووە کە من قسەیەکم کردووە حزبێك، سەرکردەیەك، گرووپێك یا لایەنێك بە شێوەیەکی تر سەیریان کردووە و بە خراپ لێکیان داوەتەوە. هۆکارەکە ئەوەیە ئەگینا نە خۆم بە مەرجەع ئەزانم و نە ئەو شتانە. هەرچیشی وتوومە من بە وتار نووسیومە.

* خۆ خەڵکی تریش هەیە ڕۆژانە دیمانە دەکات و بە خراپیش لێك دەدرێتەوە و گوێشی پێنادات.

- من گوێی پێ ئەدەم، لە لامەوە گرنگە کە بە خۆڕایی هیچ لایەك زویر نەکەم.

* کاك نەوشیروان دوای ئەوەی ئەو وەزعە گەرم بوو عومەر شێخ مووس گوتی من بۆ ئەوە هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی وەزعەکە هێور بکەمەوە. کاك کۆسرەتیش ڕەنگە ڕۆڵێك ببینێت. ئایا پێت وایە بە ناوبژیوان ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکرێت؟واتا کێشەی ئێوە کێشەی ئەوەیە خەڵك ببێتە ناوبژیوان و ئێوە تۆزێك سارد بکەنەوە و ئەولاش سارد بکەنەوە بۆ ماوەیەکی کاتی؟یان کێشەی ئێوە کێشەیەکی سیاسیە و دەبێت گۆڕانکاری سیاسی لە ئیدارە و لە سیستەمەکە بکرێت؟

- وایە، گۆڕانی سیاسیش بەشێکە لە گفتوگۆ، واتا گۆڕانی سیاسی بە گفتوگۆ ئەکرێت. ناوبژیوانی و قسەکانی ئەوانیش بەشێکە لەو گفتوگۆیانە و شتێکی باشە کە بکرێت. باشترین ڕێگاش ڕێگای گفتوگۆیە و من خۆم بڕوام بە دانوستان هەیە.

* واتا گەشبینی بەوەی کە ئەگەر ئەوان هاتنە ناو ئەو کێشەوە وەزعەکە تۆزێك باشتر بکەن؟

-پێم وانییە بگەنە ئەنجامێکی گەورە، بەڵام هەر لە هیچ باشترە. هەمیشە کردن باشترە لە نەکردن.

* ڕاستە باڵی ریفۆرم دەنگێکی جیاوازە لەناو یەکێتی چ بۆ حکومەت چ لەناو حزبەکانی تریش. بەڵام هەست ناکەیت ئێوە تا ئێستا پرۆژەیەکی جددیتان نییە بۆ بەڕێوەبردنی حوکم، بۆ سیاسەتی حوکم، بۆ رۆشنبیری حوکم،..هتد، ڕاستە لە

وتارەكانت شتێك دەڵێیت، بەڵام وتارەكانت لەسەر بابەتێكە، بۆ نموونە ئەوەی ڕابردوو لەسەر ئەوە بوو كە مامەڵەمان لەگەڵ توركمانەكانی كەركوك چۆن بێت. ئەوانە پرۆژە نین بەو مانایەی پرۆژە بن بۆ هەموو كاروبارەكانی جكومەت. هەست ناكەیت كەموكورتیتان هەیە بەوەی تەرحەكانتان هێشتا بە پێی پێویست پێنەگەیشتووە؟

- من قسەكەر نیم بە ناوی ریفۆرمەوە. ریفۆرمیش بە مانای باڵ وەك زەمانی كۆن نییە سەركردایەتیەكی هەبێت و دانیشێت و كۆبوونەوە بكات و بەرنامە دابنێت، ریفۆرم تا ئێستا ئیتیجاهێكی سیاسیە، تەوەجوهە، تا ئێستا تەیارێكە. یەعنی ئەوە نییە تۆ بڵێیت كۆمەڵێك خەڵكن پێكەوە گروپێكیان درووست كردووە و ئەو گروپە لەڕووی فكرییەوە لەسەر هەموو شتێك مولتەزیمن و دانیشتوون بەرنامەیەك دائەنێن وەك بەدیل. لەبەرئەوە من قسەكەر نیم بەناوی ئەوانەوە ئەو شتانەی كە بڵاوی دەكەمەوە زیاتر هی خۆمن.

* بە رای تۆ یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەو وەزعەوە بۆ كوێ دەڕوات؟واتا بەرەو بەهێزبوون یان لێكهەڵوەشانەوە كە هەندێ جار لەناو سەركردایەتی یەكێتیش قسەی وا دەكرێت كە ئەگەر یەكێتی بەم وەزعە هەر بەردەوام بێت ڕەنگە دەیانەوێت واتە ئێوە دەتانەوێت یەكێتی بچووك بێتەوە و ببێتە حزبێكی ژمارە پێنج یان ژمارە چوار.

- من خۆم باوەڕم بەوە نییە كە یەكێتی هەڵدەوەشێتەوە یان لەناو دەچێت. ڕەنگە لاواز ببێتەوە بەڵام نە هەڵدەوەشێتەوە نە لەناودەچێت.

* دوای ئەو هەموو مشتو مڕەی كە كرا و دوای ئەو هەمووە ڕەخنە و ڕەخنەكاریەی كە كاك نەوشیروان بەسەریدا هات و ئیتر چەند جارێك مام جەلالی بینیوە لە سەردانەكانی ئێرە (سلێمانی)، ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ مام جەلال چۆنە؟بەڕاستی درزێكی زۆر بچووكیش بێت لێی نەكەوتووە دوای ئەوەی كە تۆ ڕای جیاوازت زەق كردۆتەوە؟ یان هەر ئەو مام جەلال و كاك نەوشیروانەن كە جاران پێكەوە لە شاخ بوون و یەك دڵ و یەك گیان بوون؟

- لەسەر ئاستی شەخسی پەیوەندیم لەگەڵ هەموویان باشە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی ئێمە ناکۆکین.

* ئەو ئاستە سیاسییە کە بۆچوونەکانی خۆتی تێدا دەخەیتە روو بۆچوونی مام جەلال لێت نزیك نابێتەوە؟

- خۆم وا هەستم نەکردووە.

* بەپێی ئەو دیمانەیەی ئێستا لەگەڵ جەنابتم کرد هەست ناکەم تۆ وەکو ئەردۆگان کە لە حزبی رەفاه هاتە دەرەوە و حزبی داد و گەشەپێدانی دروست کرد و لە هەڵبژاردنەکانیشا سەرکەوت، یان وەکو شارۆن کە لە حزبی لیکۆد هاتە دەرەوەو حزبی کادیمای دروست کرد و ئەویش لە هەڵبژاردنەکانا سەرکەوت، نموونەی تریش زۆرن، پرسیار ئەوەیە من لەم دیمانەیەدا هەستم نەکرد تۆ چاوەڕوانی ئەوە بکەیت بەیانی چ یەکێتی بگرێتە دەست خۆت بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە ئێستا، یان حزبێکی نوێ دروستبکەیت کە بنکەیەکی جەماوەری لە ئێستای یەکێتی زیاتری هەبێت. وا هەست دەکەم تەنها هەندێك بۆچوون هەیە دەیخەیتە ڕوو کە لە بۆچوونەکانی یەکێتی جیاوازە و ئیتر لەوە زیاتر شتێکی تر نییە.وایە؟

- وایە، ئەو زەمینە دیموکراسیەی کە لە تورکیا هەیە بۆ دروستکردنی حزب، کوا لە کوردستان هەیە...

* ئەو زەمینە سیاسییە هەبوایە ئێستا هەنگاوی ترت دەنا؟

- ئەوە ڕەنگەیە، لەبەرئەوە ئینسان ناتونێت لەسەر ڕەنگە شت ئیمزا بکات.

* دوا پرسیار، جیاوازیەکانی کاك نەوشیروان ئایا بەشێکە لە سیاسەتی گشتی یەکێتی یان ئێستا کاك نەوشیروان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابڕاوە؟جاران زۆر سرووشتی بوو کە ڕای جیاوازیشت هەبوو هەر سەرکردەی یەکێتی نیشتمانیش بووی. ئایا ئێستا لە یەکێتی دابڕاوی چونکە ئەو ڕەئی جیاوازیە قبوڵ ناکرێت، یان هەر لەناو یەکێتی؟

- مەبەستت لەناو یەکێتی چییە؟ من ڕۆژانە بە دەیان کادیری یەکێتی دەبینم، سەرکردەی یەکێتی ئەبینم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەبینم، خەڵك ئەبینم. بۆ

دابڕان من بە هیچ جۆرێك دانەبڕاوم، بەڵام ئێستا من بەشێك نیم لە سیاسەتی یەکێتی.

* باشە تۆ ئەو گلەییانە دەکەی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، پێت وایە ئەگەر تۆ سەرۆکی وەفدی کوردی و نوێنەری کورد بوایت لەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ بەغدا دەکرێن گۆڕانکاریەك دروست دەبوو؟ واتا وەزعی کورد باشتر دەبوو یان ئەگەر جەنابیشت بوایت هەر ئەوە دەبوو کە ئێستا هەیە؟

- ئەو زەمانەی کە هێشتا ئەنجوومەنی حوکم مابوو وتارێکم نووسی باسی ئەوەم کرد زەمانی گوڵبارانکردنی ئەمریکییەکان تێپەڕیوە و دۆستی هەمیشەیی و دوژمنی هەیشەیی نییە، هاوپەیمانێتی لە حاڵەتی گۆڕاندایە و پێویستە ئێمە دانیشین و گفتوگۆیەکی جددی لەگەڵ ئەمریکییەکان بکەین لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی خۆمان. ئەوە لە زەمانێکدا بووە کە هێشتا لە ئەنجوومەنی حوکم بووین، ئەوە پێش ئەو زەمانە وابوو کە هێشتا ئەنجوومەنی حوکم مابوو سەبارەت بە ڕۆڵی من، بڕیار وابوو بەڵام کە بە قسەیان نەکردم خۆ ناچم شەڕ بکەم.

* جارێك نووسیبووت کەرکوکمان نەدۆڕاندووە.

- ئێستاش باوەڕم وایە نەماندۆڕاندووە.

* بەڵام کەرکوکیش نایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

- بۆ نایەتەوە؟

* لەبەرئەوەی نە کورد ئەو توانایەی هەیە و ئێمەش لەناو چەند وڵاتێکداین کە خنکێنراوین هەر ئەوەندەیە هەناسە دەدەین. ئەو وڵاتانەش تەحەکوم بەسەر هەموو حوکمڕانیەکانی عێراق دەکەن.

- من بۆچوونم وا نییە، ئەگەر کورد بیەوێت نەخشەیەکی هەمەلایەنەی هەبێت، پشوو درێژبێت من باوەڕم وایە دەتوانین کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بهێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان. مەرجیش نییە ئەمساڵ.

* * *

# عومەر ئاغا سورچی

بەپێی ئەو دیمانەیەی لەگەڵمان کردووە، وادیارە لە باوك و باپیریانەوە ئەو خۆ بە خاوەن عەشیرەتکردنەیان بۆ ماوەتەوەو، هەمیشەش پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان زۆر باش بووە، واتە، هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتدا بوونە، عومەر ئاغا کە چووینە لای بۆ ئەو دیمانەیە، بەڕاستی لە قووڵایی عەشیرەتگەرییەوە دەدوا، واتە قسەکانی، بۆچوونەکانی بە عەقلیەتێك و لێکدانەوەیەکی گوندی بوو نەك شاری، زاڵبوونی ئەو عەقڵیەتە گوندییە وەك ئیبن خەلدون باسی لێوە دەکات، جۆرێك لە راستگۆیی و هەروەها جۆرێك لە دڵسافی خۆی نیشاندەداو هەمیشە خۆی بە خانەدان و چاوتێر وەسف دەکردو، ئەوان تادوای راپەڕینی 1991 تەنها ئەوەندەیان لە حکومەتی بەغدا ویستووە، لە ناوچەکەی خۆیان کە سورچیایەتی بووە، باڵادەست بن و ئیتر نەیانویستووە لە بەغدا پشکیان هەبێت، بەڵام لە دوای 1991، خزانە ناو سیاسەت و نەشیانزانی لەگەڵ واقیعی سیاسی کوردستان خۆیان بگونجێنن، بۆیە هەم عەشیرەتەکەشیان لە دەستچوو، هەم لەناو ماڵی خۆشیاندا ناکۆکی گەورەیان لێکەوتەوەو کەس نەبوو بە باوك و برای کەس، بابزانین عومەر ئاغا خۆی چۆن باسی لێوە دەکات.

* ئێوە هەر بە بنەماڵە سەرۆك عەشیرەت بوون، واتە تۆ ئەو پێگەیەت لە باوکتەوە بۆت بەجێ ماوە یان دوای مردنی باوکتان توانیتان لە ناوچەی سورچیایەتی جێ پێگەی خۆتان بەهێز بکەن؟

- نەخێر، ئێمە نەك هەر لە باوکمان، لە ئەژدادمانەوە بۆمان ماوەتەوە، حەز دەکەی 7-8 کەس لە ئەژدادمان بۆت دەژمێرم لە ناوچەکەدا هەر رەئیس بووینە، تائێستاش ماوین، نەشگەیشتووینە بابی خۆمان، بابی ئێمە لە ناوچەکە حوکمی کردووەو ماوەیەکیش ئینگلیزی دەرکرد لە ئاکرێ تا شەقلاوە، تا رواندوز لەو ناوچانە

ئینگلیز لەبەری هەڵاتن، چوونە رانیە، ئەوە هەموو خەڵك دەزانی، لە ناوچەكە بۆ خۆی سەركردە بوو.

*كە ئینگلیزی دەركرد بە یارمەتی توركیا بوو؟

- نەخێر، خاڵەكانم و عەشیرەتی سورچی لەگەڵدا بوو، ئەو لە شەقڵاوەو حەریرو رواندوزو ئاكرێ حوكمی دەكرد، ئەوجا ئینگلیز لە ناوچەی موسڵەوە هات، سورچیش هەندێك غەلەت بوون، لەوێ چوون پێش ئینگلیز تا لەوێ لێیبدەن و لێنەگەڕێن بگەنە سورچیان، بەڵام لەوێ سورچی شكستیان خوارد. بۆیە ئینگلیز هات جارێكی دیكە هەتا رواندزی گرتەوە. باوكم كۆچی كرد چووە ناوچەی ماردین لە توركیا، لەوێ گوندێك هەیە پێی دەڵێن سورچی، گوندەكەیان بۆ سورچیان دروستكردووە، باوكم چووە ئەوێ، ئێستا قەزایە، ئەو كەسانەی لەوێنە هەموو خزم و كەسی مەنە.

*واتە هەماهەنگیەك هەبووە لەگەڵ رژێمی توركیا، ئەگەرنا چۆن توانی بچێتە ئەوێ؟

- بەڵێ بابم لەگەڵ توركیا شەڕی ئینگلیزی زۆر كرد، بە تەنیاش خدر حەمەدەشین لەگەڵ توركیا ماوەو چووە توركیا، كەس لەگەڵی نەماوە. پێش ئەوەی پەیوەندی بە حكومەتی بەغداوە بكەی، پەیوەندیت بەهێزی پێشمەرگەوە كردبوو؟ - ئەمن لە سالانی 1961-1966 قائید بووم لە كوردستانێ، لە پاش 1966 گەڕامەوە ناو حكومەت، دەنا ئەمن هەر قائید بوومەو لەگەڵ مەلا مستەفا دابووم.

*بۆچی گەڕایەوە؟

- من دەوری زۆرم هەبووە، ئەو هەموو چەكەم تەسلیمی پێشمەرگە كردووە، هەتا ئێستا لە هیچ كتاب و جەریدەیەك بەشەرەك ئەوەی حیساب نەكردووە، ئیسپاتیشەو بۆ خۆت پرسیار بكە بزانە وایە یان نا، ناحیەی هەریرم بۆ خۆم گرتووە، مەخفەری خەلانم گرتووە، 80 پۆلیسی تێدابوو هەموویم ئەسیر كردووە. مەخفەری خەلیفانم برد، كە 100-150 پۆلیسی تێدابوو، مەخفەری گەلی عەلی بەگم گرت، مەخفەری بلێم گرت، مەخفەری كەلەكینم گرت، ئەو هەموو سەیارە نوێیانەم گرت

که ئەوکات تازە هاتبوون، هەمووی ئیسعاف بوون و بۆ حکومەتی عێراقی هاتبوون، بە ئەجهیزە تەسلیمی پێشمەرگەم کردن، یەك دنیا ئیشم کرد.

* ئەی بۆچی هاتیەوە؟

- لە حەریر شەڕبوو، من بۆ خۆم سەرکردایەتی ئەو ناوچەیەم دەکرد، کە حکومەت هات ئەمن لە هەریر شەڕم دەکرد، قوەتەکی سورچی لەلای بادینان هات، حکومەتی لەگەڵدابوو، شێخ فەخرەدین و شێخ فەخری و ئەوانە بوون، هاتن پەڕینەوە بۆ ئەم بەرە، قوەتی ئێمە لەوێ شکا، لە مەلا مستەفاوە فەرمانمان بۆ هات کە بچین هاوکاری هێزەکەمان بکەین، لەوێڕا چوومە ناوچەکە، چەند ڕۆژەك شەڕمان کرد، هێزی حکومەت زیادبوو هەتا سپیلکی هاتن، ئێمە لەوێ شەڕمان کردو هاتینەوە سەرچیای حەریرێ، ئەوان وەسەرکەوتن بۆ سەر سپیلك، گوندی مەیان سوتاند، سورچی لەگەڵدا بوون، هەرکی و زێباری لەگەڵدابوون، گوندەکەی ئێمەیان سوتاند.

* سورچی زۆر لەگەڵ ئێوە نەبوون؟

- سورچی لەوبەر بوون، هاتن هەتا خەلیفانێ، من لە چیای حەریر مامەوە تەسلیم نەبووم، حکومەت زۆر هێرشی کردە سەر چیای حەریر، بەڵام من بەرم نەدا، ئەو قوەتە نەجاحەتی نەهێنا، ئەمن لە جەبهەی خۆم شەڕم کرد نەمهێشت وەسەر چیا بکەون، ئاخیری ئەوان هاتن لە خەلیفانێ تێپەڕین و بۆ گەلی عەلی بەگ چوون، فەرمان بۆمە هات کە ئەو چیایە بەربدەین و بچینە کۆڕەك، چووینە کۆڕەك و چەند ڕۆژشەڕمان کرد، شەڕێکی زۆرمان کرد، دیسان حکومەت قوەتی زیادکردو لەلای سرێشمە پێشمەرگە شەڕی نەکرد، ئەوان لای باڵەکێیان گرت و ئەمن لە کۆڕەك مامەوە، دواتر پشتی مەشیان گرت، هاتنە فەقیانەو شیوعی لە فەقیانە بوون، حکومەت بۆ ئالانەش هات، واتە چواردەوری کۆڕەکیان گرت. لەو ئاخیرەیدا حکومەت جەبریان لە حوسێنی برای من کرد بێتە سەر کۆڕەکی، هاتە سەر کۆڕەکی، راستیش پێشمەرگەش شەڕەکی زۆریان نەکرد، تا حوسێنی برام هاتە سەر کۆڕەك، هەرچی هات شکاندمان، بەڵام پێشمەرگە کەس شەڕی حوسێنی نەکرد،

چونکە گیرابوو ماڵ و گوندی سوتابوو، بەزۆریش نێردرابوو، ئێ منیش گوتم شەڕ لەگەڵ حوسێن ناکەم، دەڕۆم بۆ فەقیان و ئەوانیش گوتیان ئێمەش شەڕی لەگەڵ ناکەین، ئەوەبوو حوسێن هات بەسەر کۆڕەك کەوت، ئێمەش هەموو چووینە فەقیان و لەوێ ماینەوە، جەبهەی شیوعی لەوێ بوو، مەلا حەسەن و ئەوانە لەوێ بوون، کوردۆی کوڕی خاڵم جوابی نارد کە دەیەوێ بمبینێ، منیش گوتم موشکیلە نییە، گوتم بەڵام بەتەنیا دانانیشم، شیوعیم لەگەڵ خۆبردن و پارتیم لەگەڵ خۆبردن و لەگەڵی دانیشتم، کوردۆ گوتی ئەنگۆ هیچتان نەما، گوندتان نەما، براتان لەوانەیە ئیعدام بکرێ، ئەمنیش گوتم سواری کەرێ عەیبەك، دابەزین دوو عەیب، ئەمن وازناهێنم. کوردۆ چووەوە رواندزێ و قائیدی فرقەی دیت و پێیگوتبوو عومەر دێتەوە، ئەویش برووسکەی لێدابوو کە عومەر دێتەوە، بروسکەکەش پێشمەرگە وەریگرتبوو، ئەمن بۆ خۆشم وەرمگرت، پێشمەرگە شکیان لێم پەیداکرد، بروسکە بۆ من هات گوتیان وەرە زێوەی، منیش چوومە زێوە، بەرەحمەتبێ عەلی شەعبان لەوێندەربوو، پیاوەکی عاقل بوو، کاك لوقمانیش زۆر گرنگی بەو مەسەلەیەدابوو، مەلا مستەفاش ئەمنی زۆر خۆشدەویست، زۆر هاوکاری دەکردم، لە شەوکەوتم بیست کە زەخت لەسەرم هەیە تالاوازم بکەن، چونکە لە هەموو شەڕەکان نەجاحەتم دەهێنا، کە هاتمە زێوێش 400-500 سورچیم لەگەڵدا بوو، زۆربەی مەسرەفەکەش لەسەر حیسابی خۆم بوو، هاوکاری دەکرام بەس بەو شێوەیە نەبوو، ئەمن هەندم مەخفەر گرتبوو، هەندم جێگا گرتبوو، هەموو شتم هەبوو، ئەمن سیلاحم دەدایە خەڵك، زۆر چاکم چاو لە خەڵکی خۆ بوون، وەڵڵا وەختەك گوتیانە من لە زێوێ وەرە گوندی ئەنوەر بەگی بێتواتە، ئەنوەریش برادەرم بوو، پیاوێکی چاك بوو، چوومە ئەوێ، لەوێش مەلا مەعسومی بابی فۆاد مەعسوم لەوێ بوو، ماڵ و خێزانی هاشم عەقراویش لەوێندەر بوو، یەك دوو رۆژی پێچوو، هاتنە لای من گوتیان ئەتۆ لێرە دانیشتی ئاگات لە هیچ نییە، گوتم نەوەڵڵا چی بووە؟ گوتیان وەڵڵا لەشکریان هەموو تەقسیم کردو ئەوەی فیراری کردو ئەوەی گرتیان و.. گوتم کوڕە بەڕاستیتانە، گوتیان وەڵڵا ئاوایە. منیش هەستام بۆ لای عەلی

شەعبان بچم، بەڵام ئەو هاتە گوندەکەی ئەنوەر بەگ، گوتی ئەو شتانە لە بەرژەوەندی تۆ دایەو بە ئەمری مەلا مستەفایە، گوتی سبەینێ ولاغ و شتت بۆ ئامادە دەکەین، دەبێ بچیە لای مەلا مستەفا، گوتم موشکیلە نییە، ئەوەبوو 6 ولاغیان حازر کردن و گوتیان لەگەڵ بەیانیان شەکیب لەگەڵ تۆ دێ، گوتم باشە، ئەمە هەڵساین هاتینەوە بێتواتەو لە کونەفلسە بەسەرکەوتین، ئەمە هاتینە ناو باخچان، دیتم برادەرەك بانگی منی کرد گوتی وەرە خوارێ خۆ باوێ ناو باخچەو وەرە لای من، ئەمنیش ئەو برادەرەم زۆر لاعەزیز بوو، ئێستاش ماوە قەت لە بیری ناکەم، پیاوەکی زۆر چاك بوو، گوتی ئێمە بڕیارمانداوە تۆ بکوژین، ئێستا لەسەر رێی تۆ (بۆسە) دانراوەتەوە کە لێت بدەن، بەس تۆش دەکوژن، ئەوجا ئەگەر خۆت پێ قورتار دەکرێ، خۆت قورتار کە، ئەمنیش هەموو شتم لەوێ بڕوا دەکرد، گوتم لەکێ بۆسەیان داناوەتەوە، گوتی لەسەر ئەو کەپکە شاخەیە، گوتی لەسەر سەرەوەش هەنە، کە شۆریش دەبنەوە بۆ گوڵان لەوێش بۆسەیەك هەیە، لە دوانیش قوتار بی، لە سێیەم هەر دەتکوژن. گوتم مسۆگەر مسۆگەر، گوتی مسۆگەرە. ئێ باشە بۆ دەمکوژن خۆ من هیچم نەکردووە؟ گوتیان ئەتۆ بەتەمای تەسلیم ببیەوە، ئێ گوتم باشە حەپسم کەن بۆ دەمکوژن. وەڵڵا لەرێیێ کابرایەکم بانگکرد گوتم وەرە سواری وڵاغی بە، بۆ خۆم سواری وڵاغ نەبووم، گوتم دووان لە ئێوە لە پێشدا بڕۆن بەتەنها، بەسەرکەون بەخێرایی، گوتم ئەمن بەرێگایەکی دی دێم بەتەنها، کەس ئەمن نەناسی، ئەو دوو رۆیشتن، 3ش لەگەڵ وڵاغان مانەوە، منیش بەپێیان وەسەرکەوتم، هێدی هێدی هەتا چوومە سەرێ کەس نەیدیت بەکوێدا بەسەردەکەوم بۆ سەرێ، هەموویان سەریان سورما کە گەیشتمە سەرێ، گەیشتینە بن دارەك و لەوێ دانیشتین، دەمزانی موئامەرەیان لەمن کردووە، منیش تەماشای تفەنگی یەکێکیانم کرد، ئێستا من دەتوانم تفەنگی بڕنۆ وا لێبکەم کە هیچ نەتەقێ، منیش تفەنگەکەم لەیەکیان وەرگرت و گوتم وەڵڵایی تفەنگەکی زۆر جوانەو ئیتر خەریکی بووم و دەسکاریم کرد وام لێکرد نەتەقێ، هی ئەوەی دیکەشم وا لێکرد کە هاتینە خوارێ زانیم لەوێ بۆسەیە هەیە، پیاوەکانی من چوونەوێ، دیتیان بۆسەکە لەوێ

بوو، کوڕە ئەوە چ دەکەن لێرە، گوتیان وەڵڵا ئێمە کەوکوژین، پێیان نەکرا لەمن بدەن، ئێمەش شۆڕبووینەوە چووینە گورانێ و لەوێ ئەمن چوومە ماڵی موختاری، شەکیب گوتی ئەمە دەڕۆین گوتم من ناڕۆم ماندیمەو تاقەتم نییە، 5-6 کەسیش بووین، ئەوانیش بڕیاریان پێیە بەس من بکوژن، کەسی دیکە نا، لەوێش هیچیان پێ نەدەکرا، ئێمەش لە مەسەلەکەمان دەزانی و ئاگاداری خۆمان بووین، گوتم 8-9-10 مریشك بۆمە بکوژنەوەو هەریەکەو دوو مریشك لەگەڵ هەندێك پیازو تەماتە لەناو نان بنێن، ئەوە بوو حازریان کرد، کەمێك پێش رۆژئاوابوون ئێمە حەرەکەمان کرد، بەنەوعێك حەرەکەمان کرد، هەریەك لە راستەك دەرۆیشتین، چونکە لەخۆ دەترساین، ئێمە بەسەر گەروەکە کەتین، حوسێن شکاك هەبوو، لەلای مەلا مستەفای رەحمەتی دەهاتەوە، گوتی وەرن هێندێك دانیشن قسەی خۆشتان بۆ دەکەم، ئەوان گوتیان دانانیشین، منیش گوتم وەڵڵا حەزم لە قسەی کاك حوسێنە دانیشتم، ئێمە خۆمان دەخافلاند ئەوانیش دەیانویست زوو لێمان بدەن، کەمێك دانیشتین، دوایی سواری وڵاخ بووینەوە، گەیشتینە سەر گەرویێ هەندێك لەوان شۆڕببوونەوە، من هەر لەسەر وراخی تفەنگم لەسەر سینگی یەکێکیان دانا، پیاوەکانیشم هەریەکە تفەنگی لەسەر سینگی یەکێك دانا، سەیتەرەمان لەسەرکردن و سیلاحەکانمان لێستاندن، هەردووکمان گرتن و تفەنگەکانمان هەموو تۆپل لێکردنەوەو فیشەکمان لێدەرینان، ئەوانی دی هەروا لە گەروێ دەچنە خوارێ ئاگایان لێنیە، پێم گوتن هەرچی هاوار بکا دەیکوژم، کەمێك رۆیشتین دوویان دەرپەڕین و هاواریان کرد، گوتیان ئەوەرۆیی و فیراری کرد، وەڵڵا ئەوانی ئەوبەر ئێمەیاندا بەر تفەنگان و بووە تەقە. ئێمە لەوان موسەیتەر بووین و دەرچووین و لەسەر رێگامان هەندەك شوانی لێبوون کە هەندێك شیرمان لێستاندن و خواردمان، کە رۆژهەڵات نەمانتوانی چ بکەین.

*یانی تۆ نەچوویە لای بارزانی؟

- نەخێر، بارزانیش هیچ عیلمی بەو مەسەلەیەوە نەبوو، دەیانگوت لوقمان شتی وای دروستکردبوو، من دڵنیا نیمە.

*که گەڕایەوە ناو حکومەت، حکومەت چۆن پێشوازی کردی؟

- یەکسەر هاتمە شەرکان، حکومەت هیچ ئاگای لێنەبوو، لە شەرکان خەڵکەکەی ئێمە ئەوەی لە زێوەی هاتبووە شەرکان لەوێ ئینتزاری ئێمەیان دەکرد، کوڕە ئەوە چ دەکەن لێرە، گوتیان وەڵڵا وایان لێکردین و وایان لێکردین، ئێمە پێش تۆ هاتووینەتەوە، زانیشمان تۆ دوو ڕۆژە لە چیای، گوتم زۆرباشە، پێمگوتن کاکە ئەوە کوردایەتیە دیارە من موشکیلەکم بۆ دروستکرایە ناتوانم بچمەوە ناو شۆڕش، بەس ئەنگۆ کێتان چاوتان لە کوردایەتی دایە، فەرموون کامە چەك باشە هەڵگرن و بیبەن، ئەو عومەر ڕەشاشە کە ئێستا لە خەلیفانە گوتی ئەو ڕەشاشەم بدێ ئەمن دەچمەوە ناو شۆڕش، نزیکەی 35 کەس گوتیان دەگەڕێینەوە ناو شۆڕش. کامە چەك باشە پێم دان، هەمووی ڕەختم بۆ دامەزراندن و پێڵاوی چاکم دانێ، پارەم دانێ و گوتم بڕۆنەوە ناو پێشمەرگەی، ئەمن کە هاتمەوە ناو حکومەت50 کەسێکم لەگەڵ مایەوە.

*که هاتیەوە لە سەرکردایەتی حکومەتی عێراق کێت دیت؟

- کە گەیشتمە ناو خەلیفانێ،(ئیبراهیم فیصل انصاری)م دیت، هەر نەمابوو بشمکوژن لە خەلیفانێ، هەر دەیانگوت نەیەپێش، منیش دەمگوت کاکە ئێمە هاتووین تەسلیم ببینەوە، کەس ئاگایان لێنەبوو، بەو خوایە یەك ڕۆژ بەخەیاڵمدا نەهاتووە کە بگەڕێمەوە ناو حکومەت هەتا حوسێنی برام ڕەئی گەڕانەوەی نەبوو، کە ئیبراهیم ئەنساریم دیت، زۆر ڕێزی لێنام، ڕۆژی پاشتریش عبدالسلام عارفم دیت، تەلەبی کرد چوومە لای، زۆر ڕێزی لێگرتم بەتەنیا لەگەڵی دانیشتم، گوتی زۆرم پێخۆشبوو گەڕایەوە، ئەتو هەر دۆستی مەی و برادەری مەی گوتم وەڵڵا ئەوە شتێك بوو هات و تازەش کە گەڕامەوە ناو حکومەت ئەو شتە کۆتایی هات، ئەوە هاتوومە لەگەڵ ئەنگۆدامە، گوتی دەبێ ئیشمان لەگەڵ بکەی، گوتم ئەمرێ توە. گوتی ئێمە هەوڵ بدەین یەك شت بکەین، ئەویش مەلا مستەفا

بکوژین، ئەگەر ئەوی بکوژین هەموو شتمان لە کۆڵ دەبتەوە، گوتم ئەگەر بڕوا بکەی من یەکێك بووم لە قائیدەکان، بەڵام نەمدەزانی مەلا مستەفا چ کاتەك حەرەکە دەکا، قەتعیەن بەرۆژ حەرەکە ناکا، ئیللا مەغریب داهات ئەو بەشەو دەڕوا، نارێتە حەرەسەکانی خۆی دەچمە کێندەر، هەتا نێزیکی بەیانی لە جێگایەك دادەنیشێ کە جێگایەکی مەحکەم بێ و تەیارە تەئسیری لێ نەکا، کەسیش نەزانێ، جەماعەتەکەشی لە دەوروبەری ئەو لە دوورەوە دادەنیشن گوتم کوشتنی مەلا مستەفای زۆر زەحمەتە، گوتی ئەدی عیلاج چییە، خوا شاهێدە گوتم عیلاج لەلای جەنابتە، لەگەڵ مەلا مستەفا دانیشین و ببینە، گوتی بەدانیشتن لەگەڵ مەلا مستەفا هیچمان لێی دەستناکەوێ، گوتم وەڵڵاهی واباشترە، ئەوجا من بەو نەوعە گەڕایمەوە.

*تۆی کردە چی؟

- هەرچیم بیویستبا دەیدامێ، چەندی رجایان کرد روتبەی عەسکەری هەڵگرم، هەڵم نەگرت.

* کە هاتیەوە ململانێ لە نێوان تۆو حوسێن دروست نەبوو؟

- مونافەسە قەتعیەن لە بەینی من و حوسێنی دروست نەبوو، هەتا منداڵی ئێمە گەورە نەبوون، منداڵی هەردووکمان تەئسیریان هەبوو، جەوهەریش و زەیدیش، بەتایبەتی جەوهەر. ئەگینا من و حوسێن قەت رەئی جیاوازمان نەبوو، من رێزم لە برای خۆم دەگرت، بە گەورەم دادەنا، بەڵام منداڵەکانمان هاتن ئەو وەزعەیان گۆڕی.

*کاریگەرییان لەسەر تۆ هەبوو، یان لە سەرحوسێن؟

- لە حوسێنی، کەس تەئسیر لە من ناکا، ئێستاش نازانم داخوا ئەوانە وجودیان هەیە، یان نا.

*لەگەڵ حوسێن باست نەدەکرد کە ئێمە نابێ گوێ بدەینە ئەو منداڵانە؟

- با، بەڵام جەوهەر زۆر تەئسیری لە حوسێن دەکرد، جەوهەر هەرچی گوتبا، حوسێن لە قسەی دەرنەدەچوو.

* کەی ململانێی نێوان تۆو حوسێن زەق بووەوە؟

- ئێمە لە پێش راپەڕین چووینە لەندەن، ئەو وەختی جەوهەرو زەیدو نەجم و نەجات و سابیر لە کولیەی هەندەسە لە لەندەن دەیانخوێند، کە ئێمەش چووین، لەوێندەر برادەرێکمان هەبوو بەدایم دەچووینە کنی، ناوی شماء بوو، کوڕێکی دیکەی هەیە زۆر موئەدەبە ناوی سابیرەو ئێستا وا لە سلێمانیە ئەو کوڕە لە ماستەر دەیخوێند، حوسێن نەینارده دوای، ئەویش عاجز بوو نەهات، جەوهەرو سابیر دایکیان جودابوو، حوسێن چ کەسی نەدەهاتە پێش چاو ئیلا جەوهەر نەبا، من چووم بۆ لای سابیر. من لە تابقی خوارەوە بووم بەخۆو بە نەجمی کوڕم، کوڕەکانی من زەیدو نەجات و هونەریش لەسەرێ بوون، من کوڕەکانی خۆم هەموو بانگکرد، لە شوقەکەی من سبەینان نان دەکرا، نیوڕانان لە دەرێ نانمان دەخوارد، شەویش لە گازینۆو لەو شوێنانە نانمان دەخوارد. بەیانیەك نان حازربوو، چوومە خوارێ، حوسێن ئاغا لەسەر تەختەی دانیشتبوو، گوتم بابچین نانی بخۆین، گوتم کا جەوهەر؟، ئەویش بانگی جەوهەری کردو جەوهەریش بەشێوەیەك هاتە دەرەوە ئەقلم نەیگرت، جەوهەر قەدری باب و مام و شتی وای نەدەزانی، چونکە بەتڕان ببوو لەلای بابی، لەبەر ئەوە لێکدی عێدز بووین، ئەو عێدزبوونەش بەرەبەرە تەتەوری کرد هەتا جەوهەرو خورشیدی برام لە کولیە بوون و هاتنەوە، ئەو گرژیە زیاتر تەتەوری کرد. من زۆر رێزم لە برای خۆم دەنا، چونکە ئەگەر لە عائیلە ئیحترام نەما، ئەو عائیلە تەواو، ئێستا ئیحتیرام لە نێوانمان نەما. لە سلێمانی منداڵەکانم هیچ لەگەڵ مندا نەبوون، هەموو بەگەر جەماعەتی یەکێتی کەتن، برایەکانم و برازایەکانم هەموو بە گەرەوان کەتن، واتا زۆرینەمان بە گەرەوان کەتن.

* یەك لەو ڕووداوانەی كە لەگەڵ حوسێن ئاغا بەزەقی لێك عادز بوون كامە ڕووداوبوو؟

- وەڵڵاهی من خۆم خزمەتی عەشیرەتی سورچیم دەكردو خزمەتی خەڵكیشم دەكرد. هەر میوان و كەسێك هاتبا وەم نەدەكرد قەت گلەیی بكات، ئێستقبالەكی زۆر زۆر چاكم دەكرد، هەرچی پێویستباو لە ئیمكانیەتم با دەمدا خەڵكی، حوسێن زۆر لەگەڵ ئەو شتانە تێكەڵ نەدەبوو، من قەت ڕۆژێك قسەیەكی وام نەكردووە، یان ئیشێكم نەكرد ئەو پێی ناخۆش بێ، ئیحتیرام لە بەینی مە هەبوو، قەت لێك عێذز نەبووینە لەسەر قسەی ناخۆش.

* حكومەت هیچ هەوڵی نەدا بۆ ئەوەی نێوانتان تێك بدا؟

- خۆی دائیمەن حكومەت لەگەڵ ئەوە نەبوو كە ئێمە یەك بین، چونكە ئێمە یەك بووین و زۆر بە قوەت بووین، لەگەڵ حكومەتیش باش بووین، خاسەتەن عەبدولسەلام و عەبدولرەحمان عارف ئەحمەد حەسەن بەكریش ڕوح بە ڕوح بوون لەگەڵ من. من هەرچیم گوتبا ئەحمەد حەسەن بەكر نەیدەگوت نا، ئەو كاتەی عەبدولسەلام ڕەئیس جمهوری بوو كە ئەحمەد حەسەن بەكریان لە ڕەئیس وزەرای لادا، نان نەبوو بخوا، من هەموو شتێكم بۆ كرد، ئەو كابرایە زۆر بووە برادەرم.

* ئەو كاتەی ئەحمەد حەسەن بەكر بووە سەرۆك كۆمار چی بۆ كردی؟

- ئەمنی دەعوەت كرد هەرچیم بویستبا دەیكرد، هەتا گوتیان ئوتێلەكت بۆ دروست دەكەین، ئەمن ڕەفزم كردەوە، ئەمن هەندم ماڵ هەبوو، نەمدەزانی چی لێ بكەم.

*واتە بە پارە یارمەتی نەدایت؟

- ئەوان دەیاندا، بەڵام ئەمن وەرم نەدەگرت.

* ئەدی چی بۆ كردی؟

- سەفەر هیچ ڕۆژێك بۆ من قەدەغە نەبوو، لەگەڵ وەفدی سەرۆكایەتی عێراق دەچوومە سەفەرێ، هەر جارەك چووبامە سەفەرێ، هەرچی مەساریفە لەسەر ئەوان بوو.

*ئەوکاتەی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر پەیوەندیت هەبوو، لەگەڵ سەدامیش ئەو پەیوەندییەت هەبوو کە ئەو جێگری سەرۆك کۆمار بوو؟

- بەخوا قەت سەدامم خۆش نەدەویست، چەند جاریش لەگەڵی دایشتیمە، بەڵام لە دڵی خۆم خۆشم نەویستووە، چونکە زاڵم بوو، ئەمە کە لەگەڵ پێشمەرگە لە شەڕدا بووین، سبەینان بەرقیە لە ئەحمەد حەسەن بکر دەهات، دەیگۆ ئەسیرو بریندارى مەکوژن، خانی نەسوتێنن، سەدام دەیگوت داروبەردیش بسوتێنن.

*کە سەدام دوای ئەحمەد حەسەن بەکر بووە سەرۆك کۆمار، کە دەتزانی سەدام ئاوایە، چۆن توانیت بە درێژایی ئەوەندە ساڵە لەگەڵی بژی؟

- من عەماد شەهاب برادەرم بوو، سەعدون غێدان، برادەرم بوو، نازم گزالی زۆر برادەرم بوو، عەلی حەسەن مەجید یەکەمین برادەرم بوو، هەرچیم گوتبا لۆیان دەکردم.

* چۆن عەلی حەسەن مەجید بووە برادەرت؟

- عەماد شەهاب ئامرلیوای عاشر بوو، عەلی حەسەن مەجید لەکنەوی سایەق بوو، عەماد دەهاتە ماڵی من، ئەمن دەچوومە لای وی، وەختێ عەماد دەچووە بەغدایێ بە سەیارەی من دەچووە بەغدا، سەیارەیەکی جوانم هەبوو، ئەمە لەگەڵ عەمادی زۆر رێکبووین، لە وەختی بابم ئەوها دۆست بووین. ئێ عەلی حەسەن مەجید سایەقی ئەو بوو. من زۆرجار تەعاونم لەگەڵ دەکرد، کە دەستەڵاتی وەرگرت هاتە کەرکوکێ، فەترەیەك نەچوومە کەرکوکێ، تاهیر عەبوشی ئەوکات سکرتێری ئەو بوو، وەختەك لە هەولێر من و تاهیر پێکەوە بووین، زۆر برادەرم بوو، هەموو جار تەلەفۆنم بۆ تاهیر دەکرد، دەمگوت تاهیر مامت مەوجودە، ئەویش دەیگۆ وەڵلایی ئەتو دەزانی مەوجود نییە بۆیە تەلەفۆن دەکەی، بۆ نایێی سەری لێدەی، بەخوا منیش شەرمم دەکرد لەبەر ئەوەی پێشتر زۆر موساعەدەی عەنتیکەم کردبوو، دەمگوت ئێستا ئەو مەنسەبەی وەرگرتییە، رەنگە شەرم لە خۆی بکا. رۆژێك لەگەڵ سوبحی خەلەف بەشەڕ هاتم، لەسەر ئەوەی بە کیمیایی لە کوردستانیاندا، رۆژێك هەرچی موستەشارو رەئیس فورسانیان گازکردە ناو فەیلەقی

پێنج، ئەو سوبحی خەلەفەو چەند قائید فرقەو قائید فەیلەق هەموو دانیشتبوون، گوتیان برادەرینە سەید رەئیس و مەجلس قیادە سەورە بڕیاریاندایە بە کیمیاوی لە کوردستان بدەین، هەر جێگایەك تابعی ئێمە نەبێ، کیمیاوی لێدەدەین بەبێ قەیدو شەرت، ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە کیمیاوی لێبدەین، بادەستێ خۆ بڵندکات، ئێمە (315) کەس بووین، 5 کەس دەستیان بڵند کرد، یەك لەوانە قاسم ئاغا بوو، میرزا کۆیی بوو، یەکیان سەعیدی ئەسعەد شێتنە بوو، بەڵام سەعید حەقیقەتەن دەستی بڵند کرد بەس نیوی کردەوە، یەکیش برایەکی لەتیف زێباری بوو، یەکێکیش هی بەردەرەش بوو، ئەوانەی لەناوەمە بردە دەرێ و دەرگایان لەسەرەمە پێوەدا چوون لەگەڵیان دانیشتن، دوایی هاتنەوە لای ئێمەو گوتیان ئەنگۆ هەر موسڕن لەسەر رەئی خۆتان، خەڵکەکە خڕ جوابی داوە گوتیان ئەمە لەگەڵ ئەوەدا نینە. یەك دەیگۆ ئەمن خزمم لە حاجی ئۆمەرانە، یەك دەیگۆ ئەنگۆ لە بالیسان بدەن، ئەمن خزمم لە بالیسانە، کەسمان لەگەڵدا نەبووین. ئەمن دەستێ خۆم بڵند کرد، گوتم هەندەك قسەم هەیە، گوتیان فەرموو، گوتم باشە خۆ حیزبی دەعوە دژی بەعسە، ئەنگۆ ئەو کیمیاوییەی لە جنوبی دەدەن، خۆ پێشمەرگە دژی نیزامی ئێوە نییە، پێشمەرگە حقوقێکی هەیە ئەنگۆ حقوقی بدەنێ، دژی ئێوە نابن. گوتی نەء، ئەوە ئەمری سەید رەئیسیە هەر گوندەك 72 ماڵی تێدابێ، ئەگەر لەو 72 ماڵە، 2ماڵ تەعاون لەگەڵ موتەمەرید بکات، ئەمە ئەو 72 ماڵە هەموویان دەکوژین و گوندەکە تەخت دەکەین. گوتم ئەگەر وابێ گوندی ئێمەش بەردەکەوێ، چونکە خەڵکەك هەبوو پێشمەرگە بوو. گوتم من لەو دەقیقەی لەگەڵ ئێوەدانیم، ئەوە فەرقەکی زۆرە لە بەینی کوردو عەرەب، گوتیان ئەتو دانیشە.

*حوسێن ئاغات لەگەڵ بوو؟

- بەڵێ.

* هیچ قسەی کرد؟

- نەخێر.

*كه ئەو قسانەت كرد، بیرت لەوە نەكردەوە رووبكەیتەوە شاخ؟

- ئەوان دیسان ئەمەیان بەجێهێشت و ئیتسالیان بە بەغدا كرد كە چم لێ بكەن، بمكوژن، بمگرن، ئێمەش لەناوە خۆمان قسەمان كردەیەك كە دەبێ یەك بین و لەمەودوا ئەو شتانە قبوڵ نەكەین.

* ئەدی پێنج كەسەكەی دەستیان بەرزكردەوە؟

- ئەوانیان جاری یەكەم بردە دەرەوەو لەكنەمەیان نەهێشتن. دەوری سەعات 5ی ئێوارە ئەمەیان ئیزندا، كە هاتینە دەرەوە هەر لە دەركەی گوتمانە یەكتری هەرچی جارەكیدی بێتە ناو حوكمەت، كیری حكومەت بە قونی، بۆیەش ئەو راپەڕینە بوو، فورسان تەعاونی لەگەڵ حكومەت نەكردو پشتی خەڵكی گرت، ئەگەر نا 6 پێشمەرگە هاتە رانیەی ئەو هەمووە جێیەی پێ دەگیرا؟ یەك ناوی ئەسكەندەرۆكە بوو مەفرەزەی هەبوو، لە مەسیفی هاتە كنە من، گوتی چ بكەم، گوتم لەگەڵ بەیانی لە هەموو راستان لێدەن، بۆ بەیانی هاتەوە كنە من، گوتی مەسیفم سافكرد.

*باشە كە كیمیاوی لە هەڵەبجەو بالیسانی دا ئێوە هەڵوێستان چی بوو؟

- كە كیمیاویان لێدا، لە خەڵك بپرسە، هەندەی نەمابوو لەگەڵ حكومەت یەكدی كۆركەینەوە، لە هەموو بالیسان و شێخ وەسانێ بپرسن، ئەوەی ئەمە كردمان ناكرێ، بەڵام كەس باسی ناكات.

*دەگێڕنەوە جارێك حوسێن ئاغا زەلامێكی لە دار بەستۆتەوە كوشتوویەتی بە لێدان؟

- ئەوە ئەسلی نییە. یەك شت هەیە كە بۆ ئێمەیان هەڵبەست، كوڕەكی جەمیلی برام لێرە حەزی لە كچەكی دەكرد، چوو بووە سەر جێگای كچەكەو مامی كچەكەش گوللەكی لێدابوو كوشتبووی، ئەوەش خەتایەكی زۆر گەورەبوو كە برای من ئەوی كوشتەوە، حوسێن پێی ناخۆش بوو، منیش هەر لێرەنەبووم لە ئەمریكا بووم، كە هاتمەوەش زۆر پێی موتەئەسیر بووم، هەوڵیشمدا بچمەوە كن ئەو عائیلەی، چونكە غەدریان لێكرابوو ئێمە خەتابار بووین.

* پێشمەرگەشتان تەسلیم نەکردووەتەوە؟

- ئەبەد، هەرچی پێشمەرگەشم گرتبێ، هەمووم بەردایە.

* ئەی باشە حکومەت نەیدەگوت بۆ ئێوە هیچ ناکەن؟

- چۆن؟ شەڕم دەکرد لەگەڵ پێشمەرگە، بەڵام گوندم نەدەسوٚتاند، حکومەت گۆتیەمە دەبێ سەربەنێ بگرن، خەبەرم دایە پێشمەرگە گوتم ئەنگۆ بڕۆن بکشێنەوە، ئەمە تائێوارە لەوێ دەبین، سبەینێ بۆنگۆ بەردەین. بەریان نەدا، پێم گوتن کاکە حکومەت هاتیەو دەبابە هاتیە، ئەمە دەبی لەگەڵ بین، چار نییە بەردەن و دوایی وەرنەوە، کەچی ئەمەیان دا بەرتۆپان، کوڕە مامێکی من بەرکەوت و قاچێکی بڕایەوەو چەند کەسی دیکەمان کوژرا، وەڵڵا ئیتر قەومەکە غاریاندا پێشمەرگەکانیان هەموو گرتن و هێنایانە کنە من، پێخواسیان کردبوون، توڕەبووم گوتم کێ پێڵاوی بردوون بۆیان بێننەوە، وەڵڵاهی نیوڕانێ لەگەڵ من نانیان خوارد، تەها شەکرچی بەتەیارە هات بۆ ئەو پێشمەرگانە، یەکسەر بڕیاریدابوو کە ئەو پێشمەرگانە رەمی بکرێن، کوڕەك خەبەری داینێ گوتی ئەوە پێشمەرگەکان وا رەمی دەکەن، هەر لێی بڵند بووم گوتم وەڵلاهی رەمی ناکەی، گوتی بۆ، گوتم ئەوانە بۆ خۆیان تەسلیم بوونەتەوە، ئەنگۆ ناتانەوێ خەڵك بگەڕێتەوە، بۆ خۆتان خەڵك دەبەنە دەرێ، گوتم پێشمەرگە کو دەگیرێ ئەگەر بەخۆی تەسلیم نەبێ، بەو ناوەم لە قەڵەمدان کە تەسلیم بوونەو چوومە بەغدایێ و بەرم دان.

*کە راپەڕین بوو، چۆن بوو سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان لە ماڵی خۆتان داوەت کرد؟

- ئاخر ئێمە شتی گەورەمان بۆ پارتی و یەکێتی و کورد دەکرد، ئێمە عەبدولرەحمان عارفمان هێناو بردمانە کن مەلا مستەفا، بۆ مەلا مستەفا زۆر گەورەبوو، عەبدولرەحمان وەکی مامێ مەبوو، پێمانگوت ئەتو رەئیس جمهوری عێراقی ئەگەر بچیە کن مەلا مستەفای خۆ پێ کم نابی، مەلا مستەفاش پیاوەکی گەورەیە، ئاوەکی بەو ئاگرەش داکەی، نیعمەتەکی گەورەیە، بەتوش نەبی، بەکەس ناکرێ، لەسەر قسەی مە ئیقناع بوو، هات مەلا مستەفای دیت، ئێمە هەڵساین لەو

سەدامەی چەکمان وەرگرت بۆ عەبدولرەحمان قاسلمو، هەموومان بە وڵاغان بۆ نارد.

*ئەوە سروشتی بوو، چونکە قاسلمو پەیوەندی بە حکومەت هەبوو لە دژی ئێران؟

- ئاخر چەکەکە ئێمە وەرمانگرت، ئەو وەرینەگرت. دوایی ئەگەر ئێمە ئینتیفازەمان نەکردبا، کێ دەیکرد، کێ دەیتوانی بێتە وێندەرێ. بەڵام ئێوە چۆن دەتانتوانی بەرگری بکەن، چونکە کە خەڵکەبەگشتی راپەڕیبوو؟ - ئێستا شتەکە بوو، کورد هەمووی موشتەرەك بوو، چەند پێشمەرگە هەبوون لەگەڵ حکومەتیش بوون، دەشیانناسم. ئەنگۆ باسی ئەوان ناکەن، زۆر کەسیش هەبوو رەئیس فورسان بوو لەگەڵ پێشمەرگەدا بوو، زۆر کەسیش هەبوو لەناو پێشمەرگە بوو پەیوەندی بە حکومەت هەبوو، رۆژێك دەچووم کن مودیر ئیستخباراتی کەرکوك، گوتیە من فلان کەسی دەناسی، گوتم نەوەڵڵا نایناسم، گوتی چۆن نایناسی ئەوە زۆر موهیمە لەناو پێشمەرگەو زۆریش هاوکاری ئێمە دەکا. ئەو کەسە ئێستا وەزیرە. رۆژەك لە یەکێکم پرسی گوتم ئەو ناوەم بۆ وەرگرە، گوتی ئەوە مەسئولەکی گەورەیە لەناو پێشمەرگەی، گوتم کوڕە وەڵڵا ئەوە لەناو حکومەتە. وەڵڵاهی من بە حەیاتی دوو رۆژ دژی کوردستان نەبوویم، نەشدەهاتمەوە ناو حکومەت ئەگەر خەتای پێشمەرگە نەبا.

*چۆن بوو لە دوای راپەڕین بیرتان لەوە کردەوە حیزب دروست بکەن؟

- وەڵڵا لەگەڵ مام جەلالی وەفد بووین، 5-6 کەس بووین، مام جەلال رەئیس وەفد بوو، چووینە تورکیای تارەئیس تورکیا ببینین، دوایی بچینە لەندەن جۆن مێجەری ببینین وا تێبگەم لە باتمان بوو، یان دیاربەکر بوو لە تەیارە هاتینە خوارێ و مەحافز هات ئیستقبالی کردین، پاشان بە تەیارەی چووینە ئیستەمبۆڵی، کە سبیانێ تۆرکۆت ئۆزالی ببینین، سودفە شەوێ خەبەریاندا گوتیان تۆرکۆت ئۆزال کەوتۆتە خەستەخانەو زۆر نەخۆشە، مام جەلال و هەندێك نازانم کێ و کێ بوون، گوتیان وەرن با سەرێکی لێ بدەین، چووین سەرمان لێدا لە خەستەخانەی، شەوی پاشتر مام جەلالیش نەخۆش کەوت، ئەویش کەوتە ئەو خەستەخانەی، وەختەکی مام

جەلال چابۆوە، لەگەڵ تۆرکۆت ئۆزالی یەکتریان دیت و پێکەوە دانیشتن. دوایی لە تورکیا چووینە لەندەن، لەوێ خەڵکەکی زۆری کورد هاتبووە پێشوازیمان، یەك دوو کەس هاتنە لای من و دەستیان گرتم گوتیان ئەتو عومەر سورچی، گوتم ئا، گوتیان وەرە کنەمە، ئەوانە بەریتانی بوون، ئەمنیش نەمدەزانی مەوزوع چییە، گوتمە برادەرەکی موتەرجیم گوتم ئەوانە چ دەڵێن، گوتی دەڵێن ئەتو وەرە لای ئێمە دەتبەینە جێیەکی، بەڵام خۆت کرێبکە، نازانم مەسەلە چییە، وەڵڵا چوومە وێندەرێ، گوتیان جەوازەکەی خۆت بینە، ئەمە دەتبەینە هۆڵەندەی، لەگەڵ مام جەلال مەچوو، وەڵڵا منیش ئیقناع بووم، لەگەڵیان چوومە هۆڵەندەی، بەمنیان گوت، گوتیان حیزبێك دابمەزرێنە، هەموو حیزبێك هەیە، کرێکار، جوتیار، نەتەوەیی، هەموو لایەك هەیە، ئەتوش حیزبێك دروست بکە لە ئاغاوات و رەئیس عەشیرەت و خانەنشین و پیاوی موسەقەف و ئەوانەی وەختی خۆی دزیان نەکردبێ و رێکوپێك بن و حیزبەك دروست بکە بەناوی حیزبی موحافیزین، ئێ گوتم چۆن دەبێ، گوتیان بۆ ئەوە نییە ئەنگۆ بچن دژایەتی پارتی و یەکێتی بکەن، بەڵام ئەنگۆش دەبن و کاری خۆتان دەکەن و بەشداری هەڵبژاردن بکەن. گوتیان ساڵانە 10ملیۆن دۆلارتان دەدەینێ، پێنج ملیۆنی لە خۆتان سەرف بکەن، پێنجیش لە فەقیران، شەعبیەت بۆ خۆتان پەیدا بکەن: منیش لە لەندەن لە مام جەلال و ئەوانە جودابوومەوە سەفەرەکەم تەواو نەکردو لەگەڵیان نەچوومە ئوردون و هاتمەوە. دوایی قیادیەکانی ئەمریکاو ئینگلیزو تورکیاو هۆڵەندا هاتن لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوەکمان کرد.

* پارەیان لەگەڵ خۆ هێنابوو؟

- نەخێر، گوتیان ئەوە ژمارەی تەلەفۆن دەچن لەفلان شەخس لە سعودیە وەردەگرن. منیش تەلەفۆنم بۆ کردن، گوتیان هەر کاتێك هاتن وەرن وەریبگرن. لەسەر ئەوە جەوهەر حیلەی کرد بۆ ئەوەی ئەو پارەیە ئیستلام بکا. ئەوکات من لەگەڵ حوسێن تۆزێك نێوانمان تێکچوو لەسەر ئەوەی حوسێن دەیگوت ئەو پارەیەی بۆ لەو شتانە سەرف بکەین، ئەمنیش گوتم ئەمە هەموو میللەتی عێراقیینە، ئەو

شتەش دەكەین دەبێ بە جەماعی بیت، 63 رەئیس عەشیرەتم هێنا ماریێ قسەم لەگەڵ کردن، پێمگوتن کاکە ئەمە حیزبەك تەشكیل دەكەین، بەڵام دەبێ مادەیەك هەبێ بۆ ئەوەی سەرفی بكەین، هەریەك لە ئێوە هەرچی دەوڵەمەندە با 100هەزار بداو ئەوەی دەستی درێژ نیە با یەك و 50 هەزار بدات، ئەوەی فەقیریشە یەك و 25 هەزار دینار بدات! یەك كەس دەنگی نەكرد، منیش بە حوسێنم گوت ئەتو پێشی هەموویان تەبەروع بكا، با عالەمەكەش بدا، گوتی وەڵڵا نایدەم، گوتم كاكە ئەنگۆ بە هەمووتان نیوەی بدەن، ئەمنیش نیوەی دەدەم، كەس نەبوو، گوتم یەكەو 20 هەزار دینار بدەن، كەس نەبوو، گوتم هەمووی بەخۆم دەدەم. هەمووم لەسەر حیسابی خۆم كرد، ئەوە بوو وەفدمان دروستكرد 7 كەس بچین، ئەو 7 كەسە من و ئاكۆی عەباس ئاغاو برایمی حاجی مەلۆو ئەنوەر بەگی بێتواتەو چەند كەسەكی دیكە بووین، لەو كاتانە جەوهەر هاتە ژوریێ، گوتی جەماعەت ئەمنیش ببەن دەبمە تەرجومانتان، ئەو ئاكۆیە گوتی باشە، منیش گوتم تەرجومەی ناویێ، دوایی دایاننا، ئاخیر ناوبوو لە قائمەی، 3-4 رۆژ پێشتر گوتی جەوازەكانی خۆتانم بدەنێ دەچم ڤیزەتان بۆ دەینم لە توركیا، ئەمنیش گوتم جەماعەت كەس جەواز نادا، ئەمە بچینە هەر جێیەكی بە تەیارەی خاس دەچین، ئێمە دەچینە توركیاو لەویێ سواری تەیارەی دەبین، ئاكۆو ئەوانی دی جەوازی خۆیان دەریناو دایانێ، كوڕە نەدەن، كوڕە نەدەن، سودی نەبوو، جەوهەر جەوازەكانی بردو رۆیشتن، حوسێن جەوهەری تێگەیاندبوو بچێتە سعودیەی پارەكەی وەربگری، ئەو چوو، رۆژەك مام جەلال بەمنی گوت برادەرەكان نەگەڕانەوە، ئەو ئاگای لێبوو، گوتم ناوەڵڵا، گوتی ئاگات لە چ نییە، گوتم چ بووە، گوتی بۆ خۆت سوئال بكە، 3 مانگ و 18 رۆژ بوو، جەوهەر نەهاتەوە، هەموو رۆژێ حوسێن دەیگوت سبەی دێتەوە، نەشگەیشتەوە جێ، واتێبگەم شێخ موحسینی لەگەڵ خۆبردبوو، شێخ موحسین برازای ئەمیر عەبدوڵڵا، لەوێ چووبوون گوتبوویان باوەفدەكە بێ پارەتان بۆ سەرف كەین، جەوهەر بەدزی هاتەوە خەبەریشیان دابووە توركیە كە عومەر ئاغا بێخمەی برد، ئیعلانیان كرد لەناو كوردستان كە ئەمر قەبز لە بۆ عومەری دەرچووە، كوڕە بابە ئەمن چم

کردیە، گوتیان وەڵڵا ئەوهایە، جەوهەر، ئاکۆو عوسمان بەگ و مەحمودو حوسێن و چەند کەسەکی دیکەی لەگەڵ خۆ دانابوو بچێ پارەکە وەربگرێ، چوون بۆ سعودیە، وەڵڵا کە زانیم چوونە سعودیەی، ئەمن تەنگاوبووم و چوومە تەهرانێ، تەلەفۆنم لەگەڵ ئەمیرەکی تورکی کرد، گوتی والێرە دانیشتینە، واچی خراپە برایەکەت باست دەکات. ئەمنیش گوتم ئەوانە وەفدی حەقیقی نینە ئاگاداربە، بەهەر حاڵ هەندەك پارەیان بۆ سەرفکردبوون، 750 هەزار دۆلاریان دانێ، یانی پارەکە هەموویان نەدانێ کە 10 ملیۆن دۆلار بوو، ئەوانیش بە مەجبووری وەریانگرتبوو.

*باشە تۆ کە پارتی پارێزگارانت دامەزراند، ئەو پارەیەت ساڵانە لەوان وەردەگرت؟

- نەخێر.

*ئەدی هیچ لایەك پاڵپشتی مادی نەدەکردن؟

- دەعم نەبوو، بەڵام بەریتانیا وەعدی دامێ کە دەعمم بکا بە هەموو شتەکی.

*دەعمیشی کردی..

- بە پارە نەبوو، بەڵام بە هەندێك شت دەعمیان دەکردین، دەعوەتیان دەکردین، یان بە راگەیاندن، قەول بوو چاپخانەو ئیزاعەو تەلەفزیۆنمان بۆ بێنن، پارەشتان دەدەینێ، هێدی هێدی، دوایی وای لێهات ئیشەکە تێکچوو.

*دوایی پەیوەندیت بە بەریتانیاوە نەکرد کە ئێمە حیزبمان دروستکردووەو ئێوەش وەعدەکانتان بەجێ بگەنین؟

- نەمکرد. ئەمن مادەم هەند زۆر بوو، موحتاج نەبووم، مانگێ 500 هەزار دینارم دەدا حیزب، تەسلیمی موحاسیبم دەکرد، هەمووم لە حیزب سەرف دەکرد.

*کە رووداوی کەلەکین دروستبوو زۆر کاری لێنەکردی، چونکە ناوچەی خۆت بەجێهێشت و چوویە سلێمانی؟

- کە ئەو حادیسەیە بوو، ئەمن لە تارانێ بووم، دوو سێ رۆژ پێش ئەوەی بچمە تاران کاك مەسعود گوتی لەو دوو سێ رۆژە حەزدەکەم بێمە لاتان، گوتم هەر وەختەکی دێی لە خزمەت داینە، ماڵی خۆتە، بەس لەو دوو سێ رۆژەی دەعوەتم

لە ئێرانیَ، هەر کاتەك هاتمەوە، خەبەرت دەدەمیَ، ئەمن چوومە ئێران، ئاخیر رۆژ کە دەمویست بگەڕێمەوە، ئاغای محەمەدی لە دوو منی نارد گوتی ئەتو میوانی لەکنەمە، دوو هەفتە ناچیەوە، تومەز قەزیەکەی بیستبوو.

*تۆ نەتزانیبوو؟

- نەخێر. نیوەی شەویَ گوتیان نەجاتی کوڕت تەلەفۆنی کردووەو ئەتوی دەویَ، کۆسرەتیش تەلەفۆنی کرد، گوتیان نەیەوە لەرێی حاجی ئۆمەران، گوتم بۆ؟ گوتی رێیان لێگرتووی، ئیتر قەزیەکەیان بۆ گێڕامەوە، گوتم کوڕە ئەوە بۆ روویداوە، گوتیان وەڵڵا ئەوە روویداوە هجوم کراوەو ئەمنیش ئاگام لە هیچ نەبوو، سبیانیَ ئەمن گوتم ئاغاییَ محەمەدی دەچمەوە، گوتی نابیَ بچیەوە، گوتم دەچمەوە، تەیارە نەبوو، سەیارەیان بۆ من نارد، گوتیان وەرە بەلای قەسر شیریندا بڕۆ، بەشەو هاتم، هەتا هاتمە کەلار، لەویَ نووستم، سبەینیَ زوو چوومە کن مام جەلالی شەڕ بوو، ئەمەش هاتین بۆ بالیسانیَ، قوەتەکی زۆر 2-3 هەزار کەس دەبوو لەویَ خڕ دەبوونەوە، نان نەبوو، ئەرزاق نەبوو، ئەمەیان لەو گۆڕەی دانا، مام جەلال هەر تۆپ و دۆشکەی دەینان و رێزی دەکردن ئەو عومەر فەتاحەش لەوێندەر بوو، گوتم کاکە ئەگەر فیشەك نەهات ئەمە کو شەڕ لەگەڵ پارتی بکەین، وەڵڵا هەر فیشەك نەهات، وەختەك خەبەریان هێنا گوتیان کەرەکین گیراو حوسێن ئاغا کوژرا، بەرقیەکم بۆ مام جەلالی کرد، گوتم زۆر مەمنون لۆ ئەو تەعاونەی، کە هیچی نەداینیَ، نە فیشەکیشی داینیَ، هەر تۆپی دەینا دایدەنا، ئەویش هەر لۆ پێشاندانیَ بوو، دەیویست ئەمە لەگەڵ پارتی شەڕ بکەین، ئیَ سیلاحیشمان زەعیف بوو، هەموویان دەکوشتین، ئەمنیش گۆتم ئەو عالەمەی بە کوشت نادەم، با بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان، ئەوەی چوو، چوو. بەتاڵمان کرد چووینەوە، وەڵڵاهی لە هەموو سەروەتی من بەس ئەو ساعاتەی دەستم قورتاربوو، یەك شتیشم لە ماڵی مەلا مستەفای وەرنەگرتەوە.

*ئەی خانووەکانت وەرنەگرتەوە؟
- وەڵڵاهی ئەوە یەك دوو مانگە دووکانەکانم وەرگرتینەوە. بە نووسراو زۆرشتم وەرگرتووە، بەڵام تائێستا هیچ شتەکم نەهاتتەوە دەست. بە کاك مەسعودم گۆ ئەنگۆ بەکتاب سەد شتم دەدەنەوە، بەس تائێستا هیچم نەبینییە.
*وەکو بنەماڵە بۆچی خۆتان تووشی ئەو کێشەیە کرد؟
- نازانم بڵێم چی، لەناو بنەماڵەی ئێمەش پیاوی خراپ هەبوو، بەڵام نەدەبوو بگاتە ئەو رادەیەی.
* بۆچی زەید هەڵوێسێکی زۆر توندی بەرامبەر تۆ وەرگرت؟
- زۆرجار کاك مەسعود پێم دەڵێ لەبارەی مام جەلالەوە قسان مەکە، بەڵام راستیەکەی ئەگەر یەکێتی نەبووایە کوڕی من کو ئەوهای دەکرد. ئێوە داواتان لە سەرکردایەتی یەکێتی نەدەکرد کە گرفتتان بۆ دروست نەکەن؟ - من چوومە کۆنگرەی لەندەن، نە یەکێتی نە پارتی قبوڵیان نەدەکرد ئەمن بچمە کۆنگرەی، بەڵام لە ئەمریکای تەلەبیان کردم، کە چوومە وێندەرێ پارتی و یەکێتی زۆریان پێناخۆشبوو، وەڵڵاهی ئەمن قەت نامەوێ تێکەڵی ئەوشتانە بم، چونکە دەزانم ئەوڕۆ ئەوان حکومەتن، دنیا هەتا ئەوان هەبن، تەعامول لەگەڵە من ناکەن، ئەوڕۆ هەموو کەس لەگەڵ قوەت دایە، خۆ ئەمنیش هەولی ئەوەم نەداوە بچم قیادەی بکەم، بەڵام حەزیشم لێیە حیزبم هەبێ و خزمەتی کوردستان بکەین، لەوێ لە لەندەن رۆژەك تەلەفۆنیان لۆ کردم گوتیان وەرە مام جەلال دەیەوێ بتبینێ، ئەمنیش چووم، لەوکاتیش دکتۆر فوئاد مەعسوم دەهات، چاکوچۆنیم لەگەڵ مام جەلال کرد، گۆتی بگەڕێوە، من کە هاتمەوە هەموو شتەکانت بۆ جێبەجێ دەکەم. ئەو دەیزانی مەشاکل لە نێوانماندا پەیدابووبوو، ئەمنیش دوو موقابەلەم هەبوو، یەکم لەگەڵ ئینگلیزان هەبوو، یەکیش لەگەڵ ئەمریکییەکان، هی ئینگلیزییەکانم بەوان نەگوتبوو، بەڵام بە مام جەلالم گوت سبەی دەچینە سەفارەتی ئەمریکی لای خەلیل زادی لە دوایاندا ناردووم، مام جەلال بەوە زۆر تێکچوو. ئێ بەو خودایە مەدحم کردن، چی باشە لۆ کوردی ئەوهام بە ئەمریکییەکان گۆت، بەس مام

جەلال پێ تێکچوو. کە چوومە سەفارەتی ئەمریکی بە قادر عەزیزو کاکە حەمەم گوت، کە لەگەڵم بێن، بەس کاکە حەمە عیلاقەی زۆر لەگەڵ ئێران بوو بۆیە نەیویست بێتە سەفارەتخانەی ئەمریکا لە لەندەن، شێخ تاهیریشی لەگەڵدابوو کە پیاوێکی بەکرۆك بوو، دەیوست زوو بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مەعلومات زوو بڵاوکاتەوە، کاکە حەمەش هەندی ئەو چاوەم خۆش دەوێ، چونکە پیاوەکی زۆر راستە، ئەمن و قادرو جەوهەر پێکەوە چووینە سەفارەتخانەی ئەمەریکای، پێشوازییەکی باشیان کردین و بە رێکوپێکی هاتینەوە، مام جەلال بەمنی گوتبوو کە زوو بگەڕێوە هەتا ئیشەکانت لۆ جێبەجێ بکەم، ئەمنیش درم لە لەندەنە، بەڵام هەستام لەبەر مام جەلالی گەڕامەوە، گۆتم چ قەیدییە کە گەیشتەوەجێ و تەلەفۆنم لەبۆ مەکتەبەکەی کردو گۆتم دەمەوێ مام جەلالی ببینم، گۆتیان وەڵڵا مەشغولە، رۆژی پاشتر خەبەرم داوە، هەر گۆتیان مەشغولە، ئەمنیش تەنگاوببووم، چونکە نە دەمویست برازایێ خۆ بکوژم، نە دەمویست کوڕێ خۆ بکوژم، نە ئەوانیش ئەمن بکوژن، ئەمویست موشکیلەکە حەل ببێ، ئەوەش لەسەر ئەوەبوو رەئی من ئەوەبوو سولح بکەین لەگەڵ پارتی، ئەوانیش قبوولیان نەدەکرد. منیش تەلەفۆنم لەگەڵ کاك نەوشیروان کرد کە زۆر زۆر سوپاسی دەکەم، هەروەها ئێستاش لە هێرۆخانێ زۆر مەمنونم، چونکی هەوڵی چاکەی دەدا. هەروەها مەمنونی د. کەمال فوادیشم کە هەوڵی چاکەی دەدا، ئەوانە نەیاندەویست موشکیلە هەبێ، پەیوەندیشیان لەگەڵ من باش بوو، چەندجار هێرۆخان هاتەکنەمن، ئەوجا بابێینەوەسەر مەسەلەی خۆمان، ئەمن تەلەفۆنم لۆ نێوشیروانی کرد گۆتی وەرە کنم، ئەمنیش چوومەکنی وەزعی خۆمانم باسکرد، گۆتی هەستە ئەتۆ برۆ، ئەمنیش وادەچمە کن مام جەلالی و بەخۆم خەبەرت دەدەمەوە، وەڵڵا چووە کن مام جەلالی و تەلەفۆنی لۆ کردم گۆتی وەرە ئێرە، ئەمنیش چوومە وێندەرێ، گۆتی وەڵڵاهی ئەوجە ئەتو بە کەیفی خۆت بکەو دەبی تەسەروفاتەکە بەخۆت بکەی، ئەمنیش تێگەیشتم، واتە مانای ئەوەیە خۆت عیلاج بکە. گۆتیشی حەزم لێیە ئەتو نەڕۆیی، گۆتم باشە ئەگەر نەڕۆم عیلاجی چییە؟ گۆتی وەڵڵا ئەمن نازانم ئەوجا

بە کەیفی خۆت بکە، بەڵام ناتانی مام جەلال ببینی، منیش هەستام هەرچی ئەشیا هەبوو هەمووم مەزادکرد. وەڵلاهی بای 5-6 ملیۆنان بوو، هەمووی بەلاش چوو، منداڵەکانیشم دەچوون لە جەماعەتیان دەدان و ڕێیان لێدەگرتن، ئاخر مەکتەبی سیاسی هەموو لەگەڵ من دابوو، شەڕبوو لە بەینی من و منداریَ من، بەس خۆمن منداریَ خۆم ناکوژم، ڕۆژەك عائلەی مە هەموویان هاتنە کن من و کۆسرەتیان لەگەڵ هات، کاك کۆسرەت گۆتی ئەمە ئەو حیزبەمان تەشکیل کرد بەس لۆتومان تەشکیل نەکردیە، لۆ عائیلەمان تەشکیل کردیە، گۆتم کاك کۆسرەت ئەتو حیزبت لۆمە تەشکیل نەکردیە، ئەمن بەخۆم حیزبم تەشکیل کردیە، نە مندارەکی من، نەبرازایەکی من، نە ئەنگۆش ئاگات لە تەشکیلکردنی ئەو حیزبەی نەبووە، چ مەساریفەکیش و نەدایتەمن، هەتا هاتبنە ئێرە (سلێمانی) ئەوجا مەساریفتان داینیَ، گۆتی ئەمە لەمەودوا ئەوەندە پارەی نادەینە تو، چونکە حیزبیَ تو گچکەیە.

* مانگانە چەندیان دەدانیَ؟

- تەقریبەن 800-900 هەزار. ئێمە 700-800 هەزار پێشمەرگەمان هەبوو.. ئیَ کۆسرەت گۆتی ئەتو ئەو پارەیە نابی هەر لۆخۆت بی، دەبی بدەیە عائیلەش گۆتم کاکە لەوەندەی زیاتر بە بەرناکەوی، بابێن حیسابی بکەین، ئەوانەی لە بەغدان و خانووی خۆیان هەیە و شتیان هەیە، هەریەکە 2 هەزار دیناریان لۆ دەچی. ئەویدیکە لێرە هەیە 8 هەزاری وەردەگری و ئەویدی 7 هەزاری وەردەگری و هەریەکەو هەندەك، دوایيَ پێشمەرگەی مە چ خانیان نییە، ئەو مەعاشەی وەریدەگرن، 400-500 دینارە، بەشی چ ناکا، دەبی ئەمە لەو پارەیە هەندەکی بدەینە وانیش، یەك درهەمیش لەکنەمن نییە لەگەڵ سەرە مانگ ساف دەبی، وتی نا ، دەبی ئەو پارەیە بەش بکریَ، گۆتم ئەوجە شتەکە هی ئێوە نییە چی لێدەکەن لیَ بکەن، هەندەك گۆتیان دەبی تەنازول بکەی لە سکرتێری حیزب، گۆتم بیَ منەت بن ئینتخاب دەکەین حیزب کێی ویست با ئەوبیَ، گۆتیان ئەمە کۆنفرانس دەکەین، گۆتم باشە. بەڵام ئەمن قرارم دایەو قراری خۆم بەجێدێنم، دەیانزانی

دەمەوێ بێمەوە هەولێر، جەوهەر دەیگۆ ئەو قرارەی تۆ خەتیرەو ئەمە قبوڵ ناکەین، گۆتم وەڵڵا ئەوجە ئەتو هەرچیت پێدەکرێ، بیکە، وەڵڵا دوای ئەوە ماڵێ خۆم هەراجکرد، ئەوەی بە 10 دینار با، خەڵك 10فلسی پێدەدا، هیچ شتەك لە ناو ماڵی مە نەما، بە تەلەفۆن خەبەرم دایە ئێران و هەندەك برادەرو دۆست و هەتا خەبەرمدا موخابەراتی ئەمریکیش، گۆتم وەزعم ئاوایە، گۆتیان ئەمە عیلاجت دەکەین، عیلاجیشیان کردم و هاوکارییان کردم. هەستام مەکتوبەکیشم لۆ فازڵ میرانی نووسی، من لەناو پارتی بەس عیلاقەم لەگەڵ فازڵ میرانی هەبوو، چونکی کە دەهاتە کنەمە دیفاعی لە ماریێ مەلا مستەفای دەکردو دەیگۆت ئەوە کوێتە سولحی کردو ئەنگۆش سولح بکەن و بگەڕێنەوە باشترە، نامەکەم بە کابرایەك لۆ کاك فازلی نارد، بەڵام 4 رۆژ کابرا هەردەچووە وەزارەتی ناوخۆ فازلی نەدەدیت، کابرا گەڕاوە هاتەوە سلێمانی و گۆتی کاکە نەمتوانی بیبینم. ئەوجارە مەکتوبم بۆ زەعیم عەلی نارد، هەر مەکتوبی وەرگرتبوو عەین دەقە سواری سەیارەی ببوو، چووبوو مەکتوبی دابووە کاك مەسعودی، عەینی وەختیش مەکتوبەکی بۆ ناردبوومەوەو گۆتی بەخێرهاتنەوەت دەکەین. ئەوجا پێش ئەوە لە بیرم چوو باس بکەم، رۆژێك یەك لە مەسئولینی ئێرانێ تەلەفۆنی لەبۆمن کرد گۆتی لەسەرەتوو موئامەرە هەیە دەکوژرێی، گۆتم کێ، چەند ناوێکی دامێ یەك لەوان نەجاتی کوڕم بوو، گۆتی وا پێکەوە دانیشتینە موئامەرە دادەنێن دەیانەوێ بتکوژن، بۆیە پێت دەڵێم خۆت قوتارکە. ئێ گۆتم ئاخر ئەمن چم کردیە، رۆژەك لە پاش ئەو خەبەرە تەلەفۆنم بۆ هات، لەوکاتەی جەرەسەکە لێیدەدا، یەك هاتە ژۆرێ گۆتی سەرکەوتم مودیری ئاسایشی سلێمانی، ئەمنیش بەخێرهاتنم کرد، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت گۆتم فەرموو کێی جەنابت، گۆتی ئەمن مستەفای سەید قادرم وەزیری پێشمەرگە، گۆتم فەرموو، گۆتی کاك عومەر ئەوە رێیان گرتیە لە سەیارەکانی سکرتارییەت، گۆتی مام جەلالیشی لەگەڵدایە، گۆتم کو؟ کێ رێی لێگرتییە؟، گۆتی وەڵڵا سەرتیپی کوڕی تو، گوتم وەڵڵا سەرتیپ وا لە پێشەمن دانیشتیە، گۆتم ئەلعان شەڕە، گۆتی ئا، گۆتم وەڵڵاهی ئەوە سەرتیپ لێرەیەو ئەوە

مودیر ئاسایشی سلێمانیش وا لێرەیە، گۆتی کو وەیە، گوتم وەڵڵا ئەوە حەزدەکەی قسەیان لەگەڵ بکە، پێم گوت کو ئەمن شتی وادەکەم، گۆتی وەڵڵا وا شەڕەکی بەقوەتە، گۆتم دە ئیتیسال بکە بە قایمقام و ئاسایشی بەکرەجۆ، مادام دەڵێی لە بەکرەجۆیە، ئەگەر یەك تەقەی لێبوو، حەقت هەبێ، ئەوە لۆ ئەوەی بوو، ئەمە غاربدەینە دەرێ، مودیر ئاسایشیش بڵێ ئەوە بەفلان سەیارەی هات، هەتا لەرێگا بمانکوژن، تەلەفۆنی لەگەڵ من قەپات کردو تەلەفۆنی لۆ هەڵکەوتی کرد، گۆتیە هەڵکەوتی ئەوە لە کێندەرێی گۆتی وەڵڵا لەکن کاك عومەری مە، هەڵکەوت رەنگی وەك کاغەز سپی بوو. دیاربوو گۆتی وەرەوە. مستەفای سەید قادری ئاگای لە هیچ نەبوو، هەر ئەوەندە پێیان گۆتبوو ئەو تەلەفۆنە بکە، ئاگای لە هیچ نەبوو فەقیرەی، چونکە زۆر برادەری من بوو زۆر پیاوەکی باشە، بەس رەنگە سەرکەوت ئاگای لێ بێ، ئەوە قسەی ئێرانیەکەی سەلماند کە موئامەرە هەیە، دوای ئەوانە رۆژەك کۆسرەت تەلەفۆنی لۆ کردم گۆتی ئەمە دێینە کن توو، گۆتی منم، ئەرسەلان بایزە، شێخ جەعفەرە، حەمەی حاجی مەحمودە، هێرۆ خانە، گۆتم وەڵڵاهی چ جێم نینە بێنە کنەمن، ناشمەوێ بێنە کنەمن، گۆتی لۆ، گۆتم نەکورسی هەیە، نەهیچ شتەك هەیە لەسەری دانیشن، خۆ بە پێوەش راناوەستن، مێنە کنەمن، دوایش ئەمن قراری خۆم دایەو قراری خۆشم تێکنادەم، گۆتی دە ئەتو وەرە کنەمە، گۆتم مانعم نییە، هەڵسام قوەتم لەگەڵ خۆ بردو حەمەی حاجی مەحمودی هات لەگەڵ من سواری سەیارەی بوو، چووینە کن کۆسرەتی، پێمگوت کاك کۆسرەت ئەمن قەرارم دایە بگەڕێمەوە، گۆتی دەچیە کێندەرێ، گۆتم دەچمە کن کاك مەسعودی، گۆتی بەکێندەر دادەڕۆی، گۆتم بەو دێگەرەیەی، گۆتی ئەتکوژن، گۆتم بابمکوژن، بکوژرێم چێترە لەو حارەی، گۆتی وەڵڵاهی جەنابی مام جەلال تەلەفۆنی کردووەو پەشیمانەو حەزیش دەکا نەڕۆی و دەشهێتەوە کنت، هەرچی زەرەریشت لێکەتییە دەتداتەوە، گۆتم من تازە قەرارم داوە ناگەڕێمەوە، ئەگەر کاك مەسعودیش بمکوژی دەستی خۆش بی، هیچ موشکیلە نییە، گۆتیان باشە هەڕوە مارێ کاکە حەمەی، دوو شەوان، هەتا مام جەلال دێتەوە، گۆتم

موشکیله نییه دەچمە گورەخانێ ماڵی حەمەی لێیە، لە دڵی خۆم گۆتم دەڵێم دەچمە گورەخانێ لەوێش راست دەڕۆم لۆ ئێرانێ، چووم لۆ گورەخانێ بە قوەتەکی زۆر، هەمووی وەك ئاگر، تەلەفۆنم لۆ کاکە حەمەی کرد، گۆتم وەرە سەر رێێ بتبینم کاکە حەمە وا تێگەیشت کە ئەمن دەترسێم لەرێێ لێم بدەن، مومکینە 16 سەیارەی هێنابن، چما هەتا مردنێ لەبیر دەکەم ئەو چاکەیەی، کاکە حەمە هاتە سەر رێی راوەستا وەکی شێرێ، وەڵڵا هاتمە خوارێ ماچم کردو گۆتم بەس لۆ ئەوەم بوو ماچت کەم، ئەتوش برایەکی هەتامردنی.

* ئەو دەیزانی ئەتو دەچیە لای؟

- ئەو وایدەیزانی ئەمن دەترسێم؟ لەبەر ئەوە دەچمە ماڵی ئەو، نانی دروستکردبوو، بەس گۆتم نایێم دەڕۆم، گۆتی کوڕە کو دەڕۆی، گۆتم بەسەری تو دەڕۆم، گۆتم ئەو فورسەتە لۆمن زۆرباش بوو، ئێستا وادەزانن لەکنەتومە، گۆتی ئاخر شەوە لێناگەڕێن کەس داخلی ئێران بی، گۆتم دەرکەیان کردیتەوەو هاتینە ئیستقبالم.

*خەبەرت دابووە ئێران؟

- 2 سەیارەی ئێرانیشم لەگەڵ بوون، ئێران زۆر هاوکاری دەکردم، گۆتیان با هەموو بەچەکەوە بێنە ژۆرێ، چوومە ژۆرێ، دەعوەتی گەورەیان لۆ کردم، گۆتم قەومەکەش ئەنگۆ زەحمەتە هەموو بێنە ئێرانێ، بۆ خۆتان بگەڕێنەوەو بڕۆنەوە کەرەکین، ئێمەش لەناو خانیەکان ماینەوە، سبیانێ بە باشی پشوازییان کردین، چووم لە نەغەدەی دانیشتم و قەرارگەی رەمەزان و ئیتلاعات هەموو هاتنە سەردانم، لەوێش ئەمە تەلەفۆنمان لۆ کاك پیرۆتی دەکرد ئەویش تەلەفۆنی لەگەڵ کاك مەسعودی دەکرد، ئەوکات کەریم جومعەو مەسعود ساڵەیی هاتنە کنمان و لەگەڵمان دانیشتن، گۆتمان ئەمە چمان ناوێ، بەس برایەتیمان دەوێ و دەگەڕێمەوە جێی خۆم، بەس ئەمن دەمەوێ حیزبم هەبێ، مادی و مەعنەوی و سیاسیش حیزبەکەمان دەعمم بکات، لەوەی زیاتر چ داوام لە کاك مەسعود نییە، ئەوانیش ئەو داوایەیان بردەکن کاك مەسعودی، رۆژی دوایی هاتنەوە ئەوێ و سەیارەی هێنا وێندەرێ، لەگەڵ ئەوان هاتمەوەو سەیارەیەکی زۆری سورچیانیش بەگەرەمەکەتن،

لەوێ ماڵەکی زۆری سورچیانی لێیە، 360 ماڵی لێیە، هەمووی بەگەرمە کەتن، کەریم جومعە گۆتی ئەوانە چنە، گۆتم سورچینە، گۆتی ئەمن 19 ساڵان لێرە بووم، سورچیەکم نەدیت، سەری سوڕما. ئەوەبوو کە هاتینەوە ئیستقبالەکی زۆر جوانیان کردین، تا ئێستاش زۆر مورتاحم و هیچ پەشیمان نیم، یەك فلسیشم لە کاك مەسعودی وەرنەگرتییە، یەك شتیشم لۆ نەگەڕاوەتەوە، هیچ موشکیلەش نییە، کاك نێچیریش زۆر ڕێزی لێنام و هاتەکنەمن و بڕیاریدا کە هەموو ئەموالێکی ماڵی عومەر سورچی بگەڕێتەوە، ئێستا یەك دوومانگ دووکانەکانم وەرگرتینەوە هی زەیدی هیچ نەدراوە، هی ماڵی حوسێن ئاغای هەمووی دراوە، شتیشیان دانیێ، ئەوەی ئێستا لە درێ من گرانە نازانم داخۆ کاك نێچیرڤان عیلمی پێیە، یان، نا، خەڵکی بیانی و یەکێتی و خەڵك هەیە لە بەغدا هاتووە لە گوندێ مە خانووی دەدەنێ، ئەوەی لەگەرەمە گەڕاوەتەوە، ئەوەی خانووی بەسەردا رووخاوە، ئەوەی ئاوارەبووەو ماڵی تالانکراوە هیچیان نەدراییێ. ئەوەشتەکی زۆر گەورەیە لەگەرەمە کرایە، بەڵام کاك نێچیر ئەو فەترەیەی لێرەنەبووە ئەمن بیبینم، چونکە ئەوان تەعویزێ وانیان هەموودا، بەڵام هی ئێمەیان نەدا، کوڕی منیش گەڕاوە هەر کەس نەیدیت، بەس ئەوان هەیە 50 ملیۆنی وەرگرتییە، هەیە 100 ملیۆنی وەرگرتییە، خەڵکی وەهاشیان هێنایە سورچی نینە.

* ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ جەنابی سەرۆك و کاك نێچیرڤان چۆنە؟

- وەڵڵا زۆرباشە، جەنابی سەرۆك هەتا ئێستا هیچی لۆنەکردیمە، بەڵام ئیحترامی زۆرە لەکنەمن، ئەمن زۆر شانازی بە کاك مەسعودی دەکەم و هەر پشتی دەگرم.

*حیزبەکەی ئێوە بەس سورچی لەگەڵە، یان خەڵکی دیکەش؟

- وەڵڵا ئەوجە ئەتو ساحێبی جەریدەی و نەزانی ئەو هەموو عالەمە لەگەرمەیە چ جوابت دەمەوە، کاکە دنیاو عالەم لەگەرەمەیە، کاکە چەند جار هەوڵمدایە لەگەڵ پارتی بەشداری ئینتیخاب بکەین، چونکە خەڵکەکی زۆرمان هەیە. بەڵام مەکتەبی سیاسی پارتی بەهیچ شێوەیەك تەعاون لەگەرەمە ناکەو نایشەوێ ئەمە وجودمان هەبێ لێرە، بەڵام ئەمە لەگەڵ کاك مەسعود داین و لە هەموو کەسیش

زیاتر پشتی دەگرین، لەگەڵ کاك نێچیریش هیچ موشكیلەكمان نییە، بەس ئەو خانووانەی لە گوندی مە درایتە جەوهەری ئەگەر كاك نێچیر وەی كردبی، پێمان ناخۆشە، چونكە دەبی بار بكەین، هیچ چار نییە، ئەگەر كاك نێچیریش ئاگای لێنەبی، ئەوا سبەینێ یەك كەسیان لەوێ نایەڵین، كێ دەتوانێ بێتە سەر موركی مە، زۆر ماڵ هەیە یەكێتینە خانیان لۆكرایە، هەیە لە لەندەنە خانی لۆكرایە، لە خوام تەلەبە كاك نێچیر عیلمی بەوشتە نەبی.